# شەڕی شۆڕشگێڕی گەل

عەبدوڵڵا ئۆجەلان



(کۆکراوە لە مانیفێستۆی شارستانێتی دیموکراتی - پەرتوکی پێنجەم)

# شەڕی شۆڕشگێڕی گەل

عەبدوڵڵا ئۆجەلان

(کۆکراوە لە مانیفێستۆی شارستانیێتی دیموکراتی - پەرتوکی پێنجەم)

ناویناميلكه: شەڕی شۆڕشگێڕی گەل
نووسینی: عەبدوڵا ئۆجەلان
کۆکردنەوە و دیزاینی: ناوەندی ڕاگەیاندنی پەژاك
چاپخانە: چاپخانەی شەهید جگەرخوێن
ساڵی چاپ: زستانی ٢٠٢٥
چاپ: یەکەم
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

# ناوەڕۆک


- بەشی یەکەم: بزووتنەوەی PKK و شەڕی شۆڕشگێڕیی گەل ٦
- ا- PKK و ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت-نەتەوە ٨
  - ١- پێناسەکردنێکی ڕاست بۆ هەلومەرجەکانی دونیای ١٩٧٠کان ١١
  - ٢- قەیرانی سۆسیالیزمی بونیادنراو و هەنگاوی شۆڕشگێڕانە ١٥
  - ٣- PKK و ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت-نەتەوە ١٧
  - ٤- ڕاست ڕەنگدانەوەی ململانێی ڕۆحی و مەعریفی قۆناغێک ٢٤
- ب- ئەزموونی شەڕی گەلی شۆڕشگێڕیی PKK و ئەنجامەکانی ٤١
  - ١- شەڕی گەلی شۆڕشگێڕیی، تەسفیەکاریی و خیانەت ٤٤
  - ٢- شەڕی شۆڕشگێڕیی گەل و هاوپەیمانێتییەکان ٥٥
  - ٣- ئەزموونی شەڕی گەلی شۆڕشگێڕیی و نەتەوەی دیموکرات ٦٤
  - ٤- شەڕەکانی گلادیۆی ناتۆ بەرامبەر شەڕی شۆڕشگێڕیی گەل ٦٩
- ج- گۆڕکردنی شەڕی شۆڕشگێڕیی و پێگەیاندنی تێکۆشەر (ملیتان) لە ناو کورداندا ٨٦
- بەشی دووهەم: قەیرانی سۆسیالیزمی زانستی، پیلانگێڕییە گەورەکە و وەرچەرخانی PKK ١١٠
- تەنگژەی سۆسیالیزمی زانستی ١١١

- ب– پیلانگێڕییە گەورەکەی گلادیۆ ١٢١

١– دەرچوون لە سوریا ١٢١

٢– قۆناغی ئیمرالی ١٣٣

- ج– وەرچەرخانی ڕادیکاڵانە لە PKKدا ١٤٠

١– ئەزموونەکانی کادەک و کۆنگرەی گەل و وەرچەرخانی PKK ١٤٢

٢– واتای تەسفیەکاریی نێوان ساڵانی ٢٠٠٢–٢٠٠٤ و گرنگیی تێکۆشان لە بەرامبەریدا ١٤٧

- بەشی سێیەم: PKK، KCK و نەتەوەی دیموکرات ١٥٥

ا– PKK و ژیانی نەتەوەی دیموکرات ١٥٩

١– ناسنامەی PKK و واتاکەی لە سەردەمی نوێدا ١٦٤

٢– جێگەی PKK لە ژیانی نەتەوەی دیموکراتدا ١٧٠

- ب– KCK و ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکرات ١٧٧

١– خزانی دەسەڵاتی هەژموونگەرایی لە کۆماری تورکیادا ١٨٠

٢– یەهودییەت، پەیوەندییەکانی تورک–ئیسرائیل و پرسی کورد: ١٨٦

٣– پرسی دەسەڵات و دەوڵەت لە پەیوەندیی تورک–کورددا ١٩٧

٤– ئاشتی، ڕێگەچارەی دیموکراتییانە و ئاواکردنی نەتەوەی دیموکرات ٢٠٢

- ج– KCK و ڕەهەندەکانی نەتەوەبوونی دیموکراتی: ٢٠٩

١– تاک–هاونیشتیمانیی ئازاد و ژیانی کۆمۆنەی دیموکراتی لە نەتەوەی دیموکراتدا ٢١٨

٢– ژیانی سیاسی و خۆسەریی دیموکراتی لە نەتەوەی دیموکراتدا ٢٢١

٣– نەتەوەی دیموکرات و ژیانی کۆمەڵایەتی ٢٢٥

٤– هاوبەشێتی ژیانی ئازاد لە نەتەوەی دیموکراتدا ٢٢٨

# بەشی یەکەم

# بزووتنەوەی PKK و شەڕی شۆڕشگێڕیی گەل

ئەو لەرزین و بوورانەوەیەی بە هۆی دەستنیشانکردنی دەستەواژەی «کوردستان کۆلۆنییە» لە مێشک و دڵمدا ڕووی دا، یەکەمین و دوایین ڕووداوی لەو جۆرە بوو تووشی ببم. لە ڕاستیدا لام زۆر سەیر و سەرسووڕهێنەر بوو، بەڵام پەرەسەندن و پێشهاتەکانی دواتر دەیانسەلماند کە بۆچی دەستەواژەیەک کاریگەرییەکەی هێندە زۆرە. بەڵام تا ئێستاکەش لام زەحمەتە کاریگەریی سەرەتای ئەو دەستەواژەیە ڕوون بکەمەوە. لە سەردەمێکدا و لە شوێنێکی وەک ئەنقەرە کە فەرمانی مەرگی کورد و کوردستانی لێ دەدرا و بە دژوارترین شێوەش پەیڕەو دەکرا، بە تەنها بڕیاردان لەسەر زیندووکردنەوە یان ژیاندنەوەی دەستەواژە، پێویستی بە شیکردنەوەیەکی هێندە جدییە کە ببێتە بابەتی ڕۆمانێک.

چوومە ناو زەمینەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی لاوانی کورد و تورک. ئاشکرایە کە ئەو بزووتنەوانە کاریگەرییان لەسەرم هەبوو. لە ساڵانی سەردەمی ناوەندی شۆڕشگێڕیی کولتووری خۆرهەڵات (DDKO) و لاوانی شۆڕشگێڕ (Dev-Genc)دا، بوون بە لایەنگری ئەو ڕێکخستنانە ڕووداوێکی کەمبایەخ نەبوو. هەروەها گوێم لە ناوی ڕێکخستنەکانی THKPC–بەرەی پارتی ڕزگاریی گەلی تورکیاTHKO, سوپای میللی ڕزگاریی تورکیا، TKPMLپارتی کۆمۆنیستی تورکیا مارکسی- لینینی، سوپای کۆمۆنیستی کرێکارانی ڕزگاریی تورکیا TIKKO بوو، شاهێدی شەهیدبوونی ئازایانە و نەبەردانەی سەرکردەکانیان بووم. سەرەتا بەرخودانی ڕێبەری THKPC ماهیر چایان و حوسێن جەواهیری هاوڕێی لە ماڵتەپە، دواتریش ڕاکردنی لە بەندیخانە و شەهیدبوونی لەگەڵ نۆ لە هەڤاڵانیدا لە قزلدەرە تا بڵێی کاریگەریی هەبوو. کاریگەرییەکی ئەوتۆی کردبووە سەرم کە لە تەلاری کۆلیژی زانستە سیاسییەکان پێشەنگایەتیی یەکەمین گرووپی پرۆتستۆکردنی ئەو کۆمەڵکوژییە بکەم. هەروەها بوومە شاهێدی بردنی دەنیز گەزمیشی ڕێبەری THKO و دوو لە هاوڕێیانی بۆ لەسێدارەدان. لەگەڵ ئەمانەدا، شەهادەتی ڕێبەری TIKKO ئیبراهیم قایپاک قایاش زۆر کاریگەر بوو کە لە زیندان بەرخودانی کرد و لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو. هەرچەندە باجەکەی لەدەستدانی ژیانیشیان بوو، بەڵام هەرسێ ڕێبەریش ئاماژەیان بۆ ڕاستینەی گەل و نەتەوەی کورد کرد و بووم بە شاهێدی ئەو واقیعەش. بێگومان لە پاڵ چەندین فاکتەری دیکەدا کە لە پلەی دووەمدا دەهاتن، شەهیدبوونی ئەو سەرکردانە لەپێناو حەقیقەتدا کە لە هەناوی بزووتنەوەی لاواندا هەڵقوڵابوون، یەکێک بوو لەو هۆکارە سەرەکییانەی بوێری پێ بەخشیم و بەرەو ڕاستینەی ڕەسەنی خۆم ئاڕاستەی کردم.

پیشاندانی بوێریی هەنگاونان بەرەو واقیع و ڕاستینەی ڕەسەنی خود شتێکە، زانینی چۆنێتیی ڕۆیشتنیش شتێکی دیکەیە. هەر لە سەردەمی قوتابخانەی سەرەتاییدا پێکهێنانی گرووپی نوێژکردنم ئەزموون کردبوو. هەروەها ئەزموونەکانی گرووپەکانی یاریکردن و چۆڵەوانیشم لە لادێ هەبوو. بەڵام پیشاندانی بوێریی ڕۆیشتن لەسەر ڕێی حەقیقەتە کوشندەکە و یەکەمین هەنگاونانەکانی، هەڵمەتێکی تاقانە و بێ هاوتایە. دواتر گفتوگۆیەکی زۆر کراوە و ڕەخنەی لەم جۆرە گیراوە کە «بۆچی بەڕێوەبەرایەتی دەزگای ئاسایش تێبینی نەکردووە و لە کاتی خۆیدا

ڕێوشوێنی پێویستی نەگرتووەتە بەر؟». بەڵام ئەوکاتە دۆخێک لە ئارادا نەبوو کە ڕێوشوێنی ئاسایشی نائاسایی بکاتە پێویستیەک. بەڵکو ڕابوون و هەنگاونانێکی سەیری مەجنوونانە لە ئارادا بوو. هەنگاوێکی هێز و حەقیقەتە، بەڵام ئاگادار نەبیت، دەبێتە سەرچاوەی لاوازی و چەوتی. زەحمەتە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە چەندە بزاڤێکی ئاقڵانە بووە و چەندەش بەرهەمی هەست و سۆز بووە؟ ئەو پرسیارانە مانایەکی ئەوتۆیان نەبوو. چونکە لە تورکیای ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو زۆر گرنگ بوو کە لە میانەی پشتبەستن بە دوو وشە بتوانیت لە ڕێگەی دەستەواژەیەکەوە ڕێگە ببڕیت و بژیت. نەک ساڵان، بەڵکو ڕۆژانیش زۆر بە هێواشی تێ دەپەڕین. چونکە خودی ئەو ئامانجەی چاوەڕوانی بەدیهاتنی دەکرا، لە خەیاڵیش داخراوتر و نادیارتر بوو. بەڵام دڵنیابووم کە بوون بە گرووپ هەنگاوێکی زۆر مەزن دەبێت. بەڵام زەحمەت نەبوو شیمانەی ئەو واقیعە بکەین کە یارییەکەی گرووپەکەمان کە لە بەر چاوی متمانەبەخۆترین هەواڵگریی ئاسایش بە ڕێوە دەچێت، بە هێندی وەرنەگرن، سووکی ببینن و گاڵتەی پێ بکەن. هەر وەک ئەو لادێییەی کە باسی یەکەم ئەزموونی کۆمەڵایەتیی خۆمم بۆ کرد، ئاشکرا بوو کە باوەڕی پێ نەدەکرد و دەیگوت «تۆ قسە بۆ تەختەدارێک دەکەیت، چۆن ئەو پارچەتەختەیە زیندوو دەکەیتەوە؟»، لە ڕاستیدا چەندین گرووپی دیکەی هاوشێوەمان سەبارەت بە ئێمە دەیانگوت: «خوا لە ئاگری ئەو دەستەیە بمانپارێزێ». ئیتر گروپی «سوپای ڕزگاریخوازی نیشتیمانی» و «ئاپۆچی» بوون بە یەکەمین ناوی گرووپەکەمان. بێگومان ناولێنان جێگەی شانازی بوو، وەک چۆن ناو لە منداڵێک دەنرێت. بەڵام ئەو ناولێنانانە هەڵبژاردەی خودی خۆمان نەبوو. لە سەردەمی گرووپدا تەنها دەمانتوانی خۆمان بە «شۆڕشگێڕانی کوردستان» ناو ببەین. تەنها پێنج ساڵ دوای ئەوەی وەک گرووپ لە دایک بووین، بوێریی ئەوەمان کرد کە ناوی ڕاستەقینە لە خۆمان بنێین. ئەو کاروانەی لە نەورۆزی ساڵی ١٩٧٣دا لە کەناری بەنداوی چوبووکی ئەنقەرە دەستی پێکرد و بەجۆشوخرۆش و دێوانەییەوە بەردەوام بوو، کاتێک لە ١٩٧٨/١١/٢٧ لە گوندی فیسی سەر بە ناوچەی لیجەی شاری ئامەد بە ناوی (پارتیا کارکەرێن کوردستان) PKK ئەنجامگیر بوو، ئیتر خۆمانمان بە ڕزگارکەری نامووس دەزانی. ئایا ئامانجێکی لەوە مەزنتر دەبوو؟ هەرچییەک بێت ئیتر ڕێکخستنە مۆدێرنەکەی چینی مۆدێرن ئاوا کرابوو.

### ا- PKK و ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت-نەتەوە:

ئەگەر لە ڕۆژی ئەمڕۆمانەوە ئاوڕێک لە ڕابوردوو بدەینەوە، ئەوا دەکرێ بە شێوەیەکی واقیعیتر ئەو زەمینە و هەلومەرجانە ڕاڤە بکەین کە بەرەو ڕاگەیاندنی PKK چوون. بەڵام بەر لە هەنگاونان بەرەو ئەو ڕاڤەکارییە، خستنەڕووی شیکردنەوەی زیاتر لەبارەی شێوەی هزری پشتبەستوو بە جیاوازیی کردن لە نێوان سەبجەکت- ئۆبجەکت (زات و بابەت)، بابەتەکە ڕۆشنتر دەکاتەوە. پێشتر ئاماژەمان بۆ کردبوو کە ئەو شێوە هزرییە ڕۆڵێکی سەرەکیی لە هەڵکشانی

هەژموونگەرایـی سـەرمایەداریی ئەوروپـادا بینیـوە. چونکـە جیاوازیـی ڕیشـەیی نێـوان خوداوەنـد-بەنـدە کـە سیسـتەمی شارسـتانییەت پشـتی پـێ دەبەسـتێت و دەسـتەواژەیەکە دابەشـبوونی بنەڕەتیی کۆمەڵگـە ڕەوا دەکات و گوزارشـتی خـۆی لـە سـێیینەی شـار-چین-دەوڵەتدا دەدۆزێتـەوە، لەمیانـەی ڕاڤـەی فەلسـەفیی هـەرە پەتیـی جیاوازیـی نێـوان سـەبجەکت- ئۆبجەکـت شارسـتانیی خۆرئـاواوە بـە بەرزتریـن ئاسـتی خـۆی گەیشـت. بـە واتایەکـی تـر دەسـتەواژەی سـەبجەکت- ئۆبجەکـت دەسـتەواژەیەکی سـەرەکیی سیسـتەمی شارسـتانییەتە. وەک چـۆن ئـەو دەسـتەواژەیە مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی هێنایـە ئاراوە، هـەر لـەو ڕێگەشـەیەوە بـە پەرەپێدراوتریـن ڕاڤـەی خۆشـی گەیشـت.

وەک دەزانرێـت، فەلسـەفەی پشتبەسـتوو بـە دەسـتەواژەی سـەبجەکت- ئۆبجەکـت لـە بـواری حەقیقەتـدا ڕێگـەی لـە پێـش پێشـهات و لێکەوتـەی مـەزن کردووەتـەوە. چونکـە لەمیانـەی ئـەو مەودایـەی فەلسـەفە لـە پێکهاتنـی هۆشـیاریی حەقیقەتـدا بڕیویەتـی، سـەرمایەداریی خۆرئـاوا هەژموونگەرایـی خـۆی لـە سەرتاسـەری جیهانـدا سـەقامگیر کـرد. پێویسـتە لـە بیـری نەکەیـن کـە هـەر سیسـتەمێکی هاوچـەرخ لەمیانـەی تێگەیشـتن و هەسـتی حەقیقەتـی سـەردەمی خۆیـەوە هەوڵ دەدات خـۆی بـکات بـە یەکەمیـن و سـەرەکیترین سیسـتەم. چونکـە لـە دەرەوەی دەرکپێکردنـی حەقیقـەت، هیـچ شـێواز و ڕێبازێـک دەرفەتـی سـەرکەوتنی هەمیشـەیی نییـە. وەک چـۆن ئـەو سیسـتەمە شارسـتانییەی خـاوەن بەرزتریـن ئاسـتی دەرکپێکردنـی حەقیقەتـە خـۆی دەکات بـە هەژموونگـەرا، ئـەوا تەنهـا ئـەو سیسـتەمانە دەتوانـن تێـی بپەڕێنـن کـە خاوەنـی دەرکپێبردنێکـی بەرزتـری حەقیقەتـن. واتـە سـەرەکیترین فاکتـەر کـە سیسـتەمی شارسـتانییەتی هەڵکشـاوی ئەوروپـای خۆرئـاوای لـە ئاسـتی جیهانـدا کـردووە بـە هەژموونگـەرا، باڵابوونیەتـی لـە بـواری دەرکپێبردنـی حەقیقەتدا. لەوەشـدا قەرزبـاری پەرەپێدانـی جیاوازیـی نێـوان سـەبجەکت- ئۆبجەکـت و کردنیەتـی بـە فەلسـەفەی سـەرەکی (فەلسـەفەی دیکارتـی). ئـەو خاڵـەی پێویسـتە لێپرسـینەوە و لێپێچینـەوەی لەبـارەوە بکرێـت، ئەوەیـە ئایـا ئـەو دەسـتەواژەیە چەنـدە گوزارشـتی حەقیقەتـی ڕەهایـە؟ شـیکردنەوەکانی تیۆریـی فیزیـای کوانتـەم سـەلماندوویانە کـە جیاوازیـی نێـوان سـەبجەکت- ئۆبجەکـت ناکرێـت بـە ڕەهـا. چونکـە لـە دواشـیکاریدا جیاوازیـی چاودێر-چاودێریکـراو واتـای خـۆی لـە دەسـت دەدات، بەڵکـو کاریگـەری کردنـە سـەریەکتر دەبێتـە بنەمـا و مـەرج. هەربۆیـە ئـەو ئەنجامـەی دەرکەوتـووە، کارەکتـەری ڕێژەیـی حەقیقەتـە. وەک چـۆن سـەبجەکتیڤی ڕەهـا (ماتریالیـزم) بوونـی نییـە، ئۆبجەکتیڤـی ڕەهـا (ئایدیالیـزم)ش شـتێکی مەحاڵـە. چونکـە لـە هـەردوو چەمکـی زێـدەڕۆدا حەقیقـەت بەهـای خـۆی لـە دەسـت دەدات.

دەسـتەواژەی ڕێژەییبـوون کـە جیاوازیـی نێـوان سـەبجەکت- ئۆبجەکـت ڕەهـا نـاکات، ئـەو دەسـتەواژەیە کـە زیاتریـن توانـای بەرهەمهێنانـی حەقیقەتـی هەیـە. لـە بنەڕەتـدا ڕاڤەکـەی ئەلبێرت ئەنیشـتاین لەبـارەی حەقیقەتـەوە سەرچاوەی ئـەو شۆڕشـەیە کـە لـە بـواری فیزیـا لەمیانەی دەسـتەواژەی ڕێژەییبوونـەوە سـەلماندی و ڕێگـەی بـۆ خـۆش کـرد. لـەو سـۆنگەیەوە، ئاشـکرا بـوو کـە مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی پشتبەسـتوو بـە جیاوازیـی نێـوان سـەبجە-ئۆبجە، هەڵگری بەهـای ڕەهـا

نییە و پێویستە تێ بپەڕێنرێت. واتە زیاتر لە ڕاڤەکەی مارکس لەمەڕ سەرمایەداریی، ئەوە ڕاڤەکەی ئەلبێرت ئەنیشتاینە لەمەڕ حەقیقەت کە پێویستیی تێپەڕاندنی سەرمایەداریی نیشان داوە. هەروەها لەبەر ئەوەی فەلسەفەی ماتریالیستی مارکس و ئەنگلس لەبارەی مێژوو، کۆمەڵگە و سروشتەوە جیاوازیی نێوان سەبجەکت- ئۆبجەکتی تێ نەپەڕاندووە، مرۆڤی ئازادی نەئافراندووە. بە واتایەکی تر، هەوڵەکانیان لەو بارەیەوە کورتی هێناوە. وێرانبوونی ژینگە و داڕووخانی کۆمەڵگە گرێدراوی ئەو هێزەی واتا و جێبەجێکردنە کە دەستەواژەی جیاوازی نێوان سەبجەکت- ئۆبجەکت لە سایەی سەرمایەداریی بە دەستی هێناوە. بەگوێرەی ئەوەی ژیان بەبێ ژینگە و کۆمەڵگە ئەستەمە و لەسەر بەردەوامیدان بە ژیانی مرۆڤ سوورین، ئەوا تێپەڕاندن و بەلاوەنانی سەرمایەداریی زەرورەتێکە. فەلسەفەی ڕێژەییبوون ئەو دەرفەتەی تێپەڕاندن دەڕەخسێنێت کە جیاوازیی نێوان سەبجەکت- ئۆبجەکتی ڕەها نەکردووە.

کاتێک هەنگاومان بۆ دامەزراندنی PKK دەنا، گرنگییەکی زۆرمان بە دڵسۆزی لە ئاست ڕێبازی سۆسیالیزمی زانستیی مارکس پیشان دەدا. ئەگەر سۆسیالیزمی بونیادنراو نەبوایە، ڕەنگە ڕێکخستنێکی لە جۆری PKKش دروست نەبوایە. بەڵام ئەو واقیعەش ئەوە ناسەلمێنێت کە PKK لە قۆناغی لەدایکبوونیدا قەوارەیەکی پابەند بە سۆسیالیزمی بونیادنراو بووە. هەرچەندە تا ڕادەیەکی زۆر کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەوە، بەڵام ناشێت تەواوی حەقیقەتی پەکەکە بە تەنها لەمیانەی سۆسیالیزمی بونیادنراوەوە ڕوون بکرێتەوە. هەربۆیە بەو ئامانجەی بە ڕاڤەیەکی ڕاستتر بگەین، پێویستە لێرەدا پەنا ببرێتە بەر دەستەواژەکانی ڕێژەییبوون و جیاوازیی. ئێستاش لە یادمە بە هۆی جیاوازیی نێوان سەبجەکت- ئۆبجەکتی سۆسیالیزمی بونیادنراوەوە، لەپێناو بونیادنان و دامەزراندنی پەکەکە دا بەدوای زەمینەی ماددیی و ڕاڤەی ماتریالیستیدا دەگەڕام. ئەو گەڕانەشم وەک پرەنسیپێکی گرنگ و بنەڕەتی وا بوو. چونکە دیاردەی هاوشێوەی چینی کارکەر (کرێکار) لە ناو کورد و کوردستاندا لە ئارادا بوو و هەست بە بۆرژوازیبوون دەکرا. ئەو دیاردانەش بۆ ئەو دۆخە بەس بوون کە لەسەر ئەرزی واقیع دەبینران. بەڵام ڕاست نییە ئەگەر بڵێم تەواو لەوە دڵنیا بووین. بەڵکو وەک زەرورەت و پێویستیەکی پرەنسیپ، پەسندمان کردبوو. کاتێک دۆخەکە بەم جۆرە بوو، هێندە دۆگماتیک نەبووین کە خۆم یان خۆمان بەرامبەر بە شەپۆلی سروشتیی ژیان داخەین. تا دەهات ئەو لایەنەمان کرانەوەی زیاتری بە دەست هێناوە و جیاوازیەکەمانی دروست دەکرد.

هەموو کاتێک مەترسیی ئەوە لە ئارادایە کە پرەنسیپ بەرەو دۆگماتیزمت ببات. بۆ ماوەیەکی درێژ دۆگماتیزم کاریگەریی لەسەر ئێمەش هەبوو. تەنانەت ئێستاش ناکرێ ئاستی کاریگەرییەکەی بچووک بکرێتەوە. بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی سنوورداریش بێت کراوەییمان بۆ دەستەواژەی ڕێژەییبوون دەبوو بە گرنگترین چەکی خۆپاراستنمان لە بەرامبەر هەڕەشە و مەترسیەکانی دۆگماتیزم. ئەگەر فەلسەفەی ڕێژەییبوون بە جۆرێك بەکار بهێنین کە بە تەواوەتی لە پشکی حەقیقەت لە جیاوازیی نێوان سەبجەکت- ئۆبجەکتدا بێبەشی نەکەین و دەرفەت

بـەوە نەدەیـن لەسـەر بنەمـای ڕکابەرێتـی بـۆ ڕەهابـوون وەرچەرخێـت، ئـەوا دەکـرێ بـە بەرزتریـن ئاسـتی ڕاڤـەی حەقیقـەت بگەیـن: لـە هـەر هەلومەرجێکـی هەسـتیاردا لەمیانـەی گەڕانـەوە بـۆی دەکرێـت دەرفەتـی پێهەڵگرتنـی سـەرکەوتوانە و بـوون بـە مرۆڤـی ئـازاد بڕەخسێنین. ئەگـەر ئەمڕۆ ئاوڕێـک لـە ڕابـوردوو دەدەینـەوە و هـەوڵ دەدەیـن سـەرلەنوێ پەکەکـە ڕاڤـە بکەیـن، ئـەوا لـەو پرۆسـەیەدا قەرزبـاری ئـەو وەرچەرخانـە فەلسـەفییەین کـە جیاوازیـی نێـوان سـەبجەکت- ئۆبجەکتـی ڕەهـا نەکـردووە و گرنگیـی بـەوەش داوە خۆیشـی نـەکات بـە موتڵـەق. هەربۆیـە پێویسـتە ئـەو وەرچەرخانـە فەلسـەفییە بچـووک نەکەینـەوە کـە جیاوازیـی نێـوان سـەبجەکت- ئۆبجەکـت تـێ دەپەڕێنێـت. ئەگـەر بەبـێ خـزان بـۆ نـاو شـپرزەییەکانی پۆسـت مۆدێرنیـزم سـەرجەم ڤێرژنەکانـی ڕاڤـە فەلسـەفییەکان (لـە ناویشـیاندا ڕاڤـەی مارکـس) تـێ بپەڕێنیـن کـە بناغـەی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەدارین، ئـەوا مانـای دەسـتەبەرکردنی گەورەتریـن شـۆڕشـی فیکرییـە. بێگومـان هێشـتا لـە سـەرەتای ئـەو شـۆڕشـە هزرییەدایـن، بـەڵام دیسـان ناشـێت ئەنجامـە پراکتیکیەکانـی ئـەو شـۆڕشـە بچـووک بکرێتـەوە. ڕاڤەکردنـەوەی PKK لـەو چوارچێوەیـەدا، کـە لـە سـەرەتای ١٩٧٠کانـدا پشـتی بـە کام هەلومەرجـی جیهـان و فاکتـەری کولتـووری ماددیـی دەبەسـت، هەروەهـا کام پێوانـەی سـەرەکیی هۆشـیاریی، ڕێکخسـتن و کـردار و کولتـووری مەعنەویـی بـە بنەمـا دەگـرت، بـە ڕادەی پێناسـەکردنێکی ڕاسـتی PKK، ئـەوا ڕۆڵەکـەی ڕۆژی ئەمڕۆشـی ڕۆشـنتر دەبێتـەوە.

## ١- پێناسەکردنێکی ڕاست بۆ هەلومەرجەکانی دونیای ١٩٧٠کان:

هیـچ بزووتنەوەیەکـی فیکـری بـە شـێوەیەکی سـەربەخۆ و دابـڕاو لـەو فۆرمـە ماددییانـە گەشـە نـاکات کـە مـرۆڤ تێیانـدا دەژی. ئـەوەی گرنگـە، ئەوەیـە هـزر (فیکـر) کام فۆرمـی مـاددی دەخاتـە ڕوو؟ کاتێـک واقیعـی کۆمەڵایەتـی بابەتـی بـاس بێـت، ئـەوا خـودی فۆرمـە ماددییەکانیـش دۆخـی بونیادنـراوی و دامەزراوەبـووی فۆرمـە هزرییەکانـن. پێویسـتە فۆرمـە کۆمەڵایەتییـەکان –لـە ناویشـیاندا زمـان– وەک سروشـتگەلێکی نـەرم هەڵبسـەنگێنرێن کـە ڕێـژەی فیکریـان تێـدا بـەرزە. سروشـتە نەرمەکانیـش لەمیانـەی وەرچەرخانـی بەردەوامـی وزەی هـزری و بەدەسـتهێنانی فۆرمـەوە پەیـدا دەبـن.

مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی سیسـتەمی هەژموونگەرایـی دونیـای سـاڵانی ١٩٧٠کانـە. ئـەو سیسـتەمەیە کـە لـە تـەوەرەی ئەوروپـای خۆرئـاوادا هەڵکشـا و بـۆ مـاوەی پێنـج سـەدە کارەکتـەری هەژموونگەرایـی بـە دەسـت هێنـا. لـە سـەدەی شـازدەیەمەوە تـا کۆتاییەکانـی سـەدەی هەژدەیـەم لەمیانـەی هەژموونگەرایـی سـەرمایەداریی بازرگانـی، لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی هەژدەیەمـەوە تـا سـاڵانی١٩٧٠کانی سـەدەی ڕابـردوو لـە ڕێگـەی سـەرمایەداریی پیشەسـازییەوە، لـە سـاڵانی ١٩٧٠کانیـش بـەدواوە لەمیانـەی هەژموونگەرایـی سـەرمایەی فینانسـەوە خـۆی کـرد بـە جیهانـی و بـەردەوام دەبێـت. جیاوازیـی نێـوان سـەردەمەکان پەیوەندیـی بـە گۆڕانکاریـی چۆنایەتیـی سـەرمایەدارییەوە هەیـە؛ بـە واتایەکـی دیکـە، گرێـدراوی بـڕی ئـەو قازانجەیـە کـە بەدەسـت

دەهێنرێــت. چونکــە ســەرمایەداریی بازرگانــی لەمیانــەی وەرچەرخانــی پیشەســازیی مانیفاکتــۆرا و پەرەپێدانــی سیســتەمەکانی فینانســەوە خەســڵەتی خــۆی دەنوێنێــت. بازرگانیــی درێژمــەوداش قازانــج دەگەیەنێتــە بەرزتریــن ئاســت. هــەر بۆیــەش پــەرە بــە بازرگانیــی ڕێگــەی دەریایــی و نێــوان کیشــوەرەکان دەدرێــت. ســەرمایەداریی پیشەســازییش لــە ڕێگــەی بەکارگەکردنــی بەرهەمهێنانــەوە زۆرتریــن قازانــج بــە دەســت دێنێــت. لــە ســەرمایەداریی بازرگانــی و پیشەسازیشــدا ئامرازەکانــی فینانــس (دراو، ســەنەد، هتــد...) بــە شــێوەیەکی ســەرەکی ڕۆڵ لــە خێراکردنــی گۆڕینــەوە و بەرهەمهێنانــدا دەبینــن. بــەڵام هێشــتا بــەو دۆخــە نەگەیشــتوون بــە تەنهــا زۆرتریــن ڕادەی قازانــج بــە دەســت بێنــن. دەرفەتێکــی لــەم جــۆرەش لــە دونیــای ساڵانی ١٩٧٠کانــدا لەگــەڵ گــۆڕانی سیســتەمی دراودا دێتــە ئــاراوە، واتــە لەمیانــەی دەســتبەردان لــە چاپکردنــی دۆلار بەرامبــەر بــە زێــڕ هاتووەتــە ئــاراوە. لــەو ڕوانگەیــەوە، دونیــای ١٩٧٠کان گوزارشــت لــە بەرزتریــن ڕێــژەی قازانجکردنــی پــارە بــە پــارە دەکات. ئــەوەش یەکەمیــن جــارە لــە مێــژووی مرۆڤایەتیــدا ڕوودەدات. لــە هــەردوو ســەردەمی یەکــەم و دووەمــدا لــە بەرهەمهێنانــی فیکــری و کاڵاشــدا داهێنانێــک لــە ئارادایــە. بــە بــەراورد لەگــەڵ سیســتەمەکانی دیکــەی قۆســتنەوەدا، باڵابوونێکــی بەرچــاوی ســەرمایەداریی لــە بــواری قــەوارە فیکرییــەکان و بەرهەمهێنانــی کاڵا لــە ئارادایــە. هەروەهــا لــە هەمــان ئاســتدا باڵابوونــی دەســەڵات و زاڵبوونــی خــۆی بەســەر کۆمەڵگەشــدا چەنــد قــات کــردووە. دەســەڵاتی دەوڵەت-نەتــەوە و ئیندوســتریالیزمیش مانــای ســەرکەوتنی هەژموونگەرایــی ســەرمایەدارییە. چونکــە تەنهــا ئــەو کاتــە زۆرتریــن قازانــج فەراهــەم دەبێــت کــە ئیندوســتریالیزم و دەوڵەت-نەتــەوە بەســەر کۆمەڵگــەدا زاڵ بــن.

لــە ســەردەمی ســەرمایەی فینانســدا چیــتر پێویســتییان بــە داهێنانــی فیکــری و ئەخلاقیــی بەرهەمهێنــان نەمــاوە. چونکــە باڵادەســتیی و ســەروەریی پــارە (دۆلار) یاخــود بەخوداوەندکردنــی تایبەتــە بــە ســەرمایەداریی فینانــس (دەوڵەت-نەتــەوە خوداوەنــدی ســەرمایەداریی پیشەســازییە، پــارەش خوداوەنــدی ســەرمایەداریی فینانســە). واتــە لــە ســەردەمی ســەرمایەی فینانســدا پــارە تەنهــا ئامــرازی خێراکردنــی ئاڵوگــۆڕ، پاشــەکەوتکردن و بەرهەمهێنــان نییــە، بەڵکــو ئــەو ئامــرازە یاخــود ســەبجەکت (زاتــە کارا) یــە کــە حوکــم بەســەر هەمــوو شــتێکی پەیوەســت بــە کۆمەڵگــە دەکات (لــە ناویشــیدا دەوڵەت-نەتــەوە). بــەڵام ئاشــکراکردنی چۆنێتیــی بەدەســتهێنانی ئــەو تایبەتمەندییــە پێویســتی بــە شــیکردنەوەیەکی بەرفراوانــی مێــژووی شارســتانییەت هەیــە. بــەڵام ئەگــەر خوازیاریــن بــە کورتــی لێــی تــێ بگەیــن، ئــەوا دەکــرێ وەک زۆرتریــن چڕبوونــەوەی دیــاردەی بــازاڕ و دەســەڵات پێناســە بکرێــت. وەک پێویســتیەکی پێناســەکەش، گوزارشــت لــە باڵابوونێــک دەکات کــە بتوانێــت بــازاڕی ئابووریــی دەســەڵاتی دەوڵەت-نەتــەوەش بــە خۆیــەوە گــرێ بــدات. ئــەوەی دەمێنێتــەوەش، تەنهــا یاریکردنــە بــە ئامرازەکانــی پــارە. هەروەهــا دیاردەکانــی بۆرســە، پارەگۆڕینــەوە و وەرگرتنــی ســووش دەرفەتــی پێویســت پێشــکەش دەکــەن. بەمجــۆرە خــاوەن پــارەکان (ســەرمایەداران) بەبــێ ئــەوەی پەنــا ببەنــە بــەر فیکــری نوێــی داهێنەرانــە و شــێوازەکانی بەرهەمهێنــان، لــە ڕێگــەی ئــەو

ئامرازانـەوە قازانجەکانیـان ئەوەنـدە گـەورە دەکـەن کـە ناشـێت لەگـەڵ قازانجەکانـی هـەردوو سـەردەمی یەکـەم و دووەمـدا بـەراورد بکرێـت.

ئـەو واقیعـەی بەدەسـتهێنانی زۆرتریـن قازانـج هاوواتـای هەرەسـهێنانی کۆمەڵگەیـە کە بـە درێژایی مێـژوو، لەمیانـەی پێوەریـی سیاسـی و ئەخلاقیـی زۆر تونـدەوە پـەرەی بـە بوونـی خـۆی داوە و بـەردەوام بـووە. لـە بنەڕەتـدا بـەر لـە مێـژووی شارسـتانییەت، مرۆڤایەتـی ئاشـنای مەسـەلەی قازانـج نەبـوو. چونکـە بەرهەمهێنـان و فیکـر دەرفـەت بـە دیـاردەی قازانـج نـادەن؛ کاتێـک زیادەبەرهـەم پەیـدا ببێـت، لـە ڕێگـەی «ئابووریی بەخشین»ـەوە دابـەش دەکرێت. چونکـە قازانـج و کەڵەکەکردنی سـەرمایە بـە گەورەتریـن تـاوان دادەنرێـت. بـەڵام کاتێـک سـەرمایە لـە نـاو بونیـادە مارژیناڵەکانـی کۆمەڵگـە و ڕێـڕەوە نهێنیەکانـدا دەرفەتـی زۆربـوون دەدۆزێتـەوە، ئـەوا دەرفەتێکـی زۆر سـنووورداری ژیانـی پـێ دەدرێـت، بـەردەوام دەسـتی بەسـەردا دەگیرێـت. بـە تایبەتـی ئایینـەکان سیسـتەمی سـووخۆرییان بـە گەورەتریـن گوناهــ لـە قەڵـەم داوە، تەنانـەت لـە ئاسـت شـەریک دۆزینـەوە بـۆ خودایـان لـە قەڵـەم داوە و قەدەغەیـان کـردووە؛ بێگومـان چونکـە لـە کەڵەکەکردنـی سـەرمایە دەچێـت. سـەرەکیترین هـۆکاری پشـت ئـەو تێڕوانیـن و هەڵوێسـتە، دەستنیشـانکردنی پێشـوەختی پەیوەندیـی کەڵەکەکردنـی سـەرمایەیە لەگـەڵ دژەکۆمەڵگەیـی و داڕووخانـی کۆمەڵگـە. ئـەو هەڵوێستانەی خاوەنەکانـی دەسـەڵاتی کۆمەڵگـەی شارسـتانییەت و ئاڕاسـتەکارانی ئابووری سـەبارەت بـە قازانـج پیشـانی دەدەن، لەپێنـاو بەردەوامبـوون و دانەڕووخانـی ئـەو بوونـە کۆمەڵایەتییەدایـە کـە لەژێـر قۆسـتنەوە و چەپۆکیانـدان. ئـەو هێزانـە دەرک بـەو مەترسـییە دەکـەن کـە قازانـج و سـەرمایە ڕێگـەی لـە پێـش دەکەنـەوە.

دەرنەکەوتنـی سیسـتەمی فینانـس و نەبینینـی ڕۆڵـی سـەرەکی و نەبوونـی خولیایەکـی لـەم جـۆرە لـە هـەردوو سـەردەمی یەکـەم و دووەمـی سـەرمایەداریدا، وابەسـتەی بەهێزیـی کاریگەریـی تێڕوانیـن و هەڵوێسـتە نەریتییـەکان بـوو لـەو سـەردەمەدا. سـەرمایەداریی کـە لـە ناوەڕۆکـدا سیسـتمێکی ئافراندنـی قەیرانـە، هـەزاران سـاڵ وەک جانەوەرێـک زنجیـر کرابـوو، بـەڵام سـوودی لـە تەنگـژە قورسـەکەی دەسـەڵات و کڵێسـای ئەورووپـای خۆرئـاوا وەرگـرت، قەفەسـەکەی خـۆی شـکاند و وەک خوداوەندێکـی نـوێ حوکمڕانیـی کۆمەڵگـە دەکات. پێویسـتە زۆر بـە باشـی بزانرێـت کـە سـەرمایەداریی سیسـتەمێکی کۆمەڵایەتیـی ئاسـایی نییـە و نابێـت. هەربۆیـە بانگـەوازی بـۆ سـەرجەم ڕەوتـە فەلسـەفی و زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان (بـە ڕێژەیـەک، سۆسـیالیزمی زانسـتییش لـە ناویانـدا) کـردووە بـۆ ئـەوەی کۆمەڵگـە ئیقنـاع و ڕازی بکـەن کـە سیسـتەمێکی ڕەوایـە و بـەم جـۆرە پشـتگیریی لـێ بکـەن. بـە تایبەتیـش ئابووریـی سیاسـی پەرتووکـە پیرۆزەکـەی ڕەواکردنـی سـەرمایەدارییە. پێویسـتە بـەم جـۆرە ڕاڤـە بکرێـت. سیسـتەمێکی زۆرداریـی و قۆسـتنەوە کـە لـە مێـژووی مرۆڤایەتـی و واقیعـی کۆمەڵایەتیـدا بـەم جـۆرە دەرکـی پـێ کـراوە، بـەڵام لەگـەڵ دەسـتپێکردنی سـەردەمی فینانسـدا بـە تـەواوی لـە کۆنـترۆڵ دەردەچێـت، هەموو شـتێکی پەیوەسـت بـە کۆمەڵگـە و ژینگەکەی دەخاتـە ژێـر کۆنترۆڵـی خۆیـەوە. بـەم جـۆرە، پێناسـەکردنی دژەشۆڕشـە گەورەکـەی سـاڵانی ١٩٧٠کان

گرنگـی و بایەخێکـی چارەنوسسـازی هەیـە.

لـە یادەوەرییـە تازەکەمانـەوە ئاگاداریـن کـە دژەشۆڕشـی سـاڵانی ١٩٧٠کان دژی شۆڕشـی کولتووری دژەمۆدێرنیسـت بەرپـا کـراوە کـە لـە سـاڵی ١٩٦٨دا گەیشـتە لوتکـە. ناشـێت لـە ١٩٧٠کانـدا هەنگاوونانـی سـەرمایەی فینانـس بـۆ سـەردەمی باڵادەسـتی تەنهـا بـە دەمامکـی وەرچەرخانـی ئابووریـی بێگـەرد ڕوون بکرێتـەوە. چونکـە باڵادەسـتیی سـەرمایەی فینانـس بەسـەر دوو جەنگـی جیهانیـدا، شـەڕەکانی سـەدەی بیسـتەم کـە خوێناویتریـن سـەدەی مێـژووە، لـە هەمووشـی گرنگـتر لەسـەر دەسـەڵاتی دەوڵەت-نەتـەوە بـەرز بووەتـەوە کـە میراتـی شـەڕەکانی کۆلۆنیالیـزم و باڵادەستیی پێنجسـەد ساڵە و ئـەو شـەڕە سەرتاسـەرییەیە کـە بەرامبـەر کۆمەڵگـە بـە ڕێـوە دەچێـت. پشـت بـە سیسـتەمێکی کائـۆس یاخـود ڕژێمێـک دەبەسـتێت کـە تەنهـا گرنگـی بـە بەدەسـتهێنانی زۆرتریـن قازانـج دەدات، ئابووریـی لـە نـاوەڕۆک و دۆخـی ئابـووری دوور خسـتووەتەوە، لـە لایـەک چڵێسـی و چاوبرسـێتیی بەکاربـردن قـووڵ دەکاتـەوە، لـە لایەکـی دیکەشـەوە هەرەسئاسـا سـوپاکانی بێکاریـی و برسـێتی گـەورە دەکات. هەروەهـا لـە ڕێگـەی شـەڕێکەوە کـە لەمیانـەی هەژموونگەرایـی ڕاگەیاندنـەوە بیسـتوچوار کاتژمێـر زەیـن و ئەخـلاق بۆردوومـان دەکات و بـێ ئەخلاقـی دەسـەپێنێ، هەروەهـا هـەر چ میراتێکـی ئـەو پێنجسـەد ساڵەی مرۆڤایەتـی و دەسکەوتی شۆڕشـەکان (بـە تایبەتیـش شۆڕشـە مەزنەکانـی فەڕەنسـا و ڕووسـیا) هەیـە، شـەڕیان لەگەڵـدا دەکات. وەک ئاگاداریـن، ڕەوتـی نیوکۆنفۆرمیـزم (الاتباعیـة)ی ڕۆناڵـد ڕێـگان، مارگرێـت تاتچـەر و میخائیـل گۆرباچـۆف گوزارشـت لـە تەسـفییەکردنی میراتـی شۆڕشـە دووسـەد ساڵییە مەزنەکـەی فەڕەنسـا و ڕووسـیا دەکـەن. ڕێکـەوت نییـە کـە بوونـی سـەرمایەی فینانـس بـە هێـزی هەژموونگەرایـی، هاوکاتـی ڕەوتـی نیوکۆنفۆرمیزمـە.

تورکیـای سـاڵانی ١٩٧٠کان تورکیایەکـە هێـدی هێـدی دەکەوێتـە ژێـر کاریگەریـی ئـەو شـۆڕش و دژەشۆڕشـانەی لـە ئاسـتی دونیـادا ڕوو دەدەن. هـەر بۆیـەش لـە ئاکامـی شۆڕشـی لاوانـی ١٩٦٨ و دژەشۆڕشـە ئابووریـی و سـەربازییەکانی ١٩٨٠ (بڕیـارە ئابوورییەکانـی ١/٢٤ و ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی ١٢ی ئەیلـوول)، لـە تەقلیبـوون بـۆ ئـەو دونیایـە ڕزگاری نەبـوو کـە لـە ڕێگـەی شـوورا و دیـوارە ئەسـتوورەکانەوە هەوڵـی پاراسـتنی خۆیـی دەدا. قەیرانـی سیسـتەمی سـەرمایەداریی جیهانـی لـە تورکیـا بـە شـێوەی قەیرانـی فاشـیزمی تورکی سـپی ڕەنگـی دایـەوە. تەنگـژەی مۆدێرنیتەی سـەرمایەداریی مانـای قەیـران و تەنگـژەی دەوڵەت-نەتـەوەی تـورک بـوو.

کودەتـا سـەربازییەکانی ١٢ی ئـاداری ١٩٧١ و ١٢ی ئەیلوولـی ١٩٨٠ پیشـانی دەدەن کـە ئـەو بزووتنـەوە شۆڕشـگێڕییانەی فاشیسـتە سـڤیلەکان نەیانتوانیـوە سـەرکوتی بکـەن، تەنهـا لـە ڕێگـەی کودەتـای سـەربازییەوە هەوڵـی بەربەسـتکردنیان دراوە. واتـە ئـەو قـەڵا پتـەوەی سیسـتەم تەنهـا لـە ڕێگـەی کودەتـا سـەربازیەکانەوە دەپارێزرێـت کـە ئەوانیـش بـەردەوام لـە ڕێگـەی بزاوتـە فاشیسـتە مەدەنییەکانـی دژەشۆڕشـەوە بەهێـز دەکرێـن. سیسـتەمی پیلانگێڕیـی فاشـیزمی تورکـی سـپییش کـە لـە سـاڵی ١٩٢٥ـەوە لـە بەرامبـەر قـەوارە کولتـووری و بزاڤـە دیموکراتییەکانـی دژ بـە

مۆدێرنیتـەی فاشیسـت، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە بەرامبـەر بـە ناسـنامەی کـورد لـە شـەڕدا بـوو، چەنـدە ئاشـکرا و ڕیسـواتر دەبـوو، هارتریـش دەبـوو. خاوەنـی بەتواناتریـن هێزەکانـی ئۆپەراسـیۆنی تـۆڕی گلادیـۆی ناتـۆ بـوو. سـەرجەم بونیـادە سیاسـییەکانی خسـتبووە ژێـر ڕکێفـی خۆیـەوە. هـەر هەوڵێکـی زۆر بچـووک و سـنوورداریش لـە ڕێگـەی ناوەندەکانـی فاشـیزمی سـڤیلەوە سـەرکوت دەکرێـت، ئـەو هێزانـەش کـورت بێنـن، ئـەوا تـەواوی سـوپا دەخرێتـە جووڵـەوە. لەبـەر ئـەوەی وەک سیسـتەمێکی بەرایـی زایۆنیسـت ڕۆڵ دەبینـی، لـە لایـەن هێزەکانـی هەژموونگەرایـی جیهانییـەوە پشـتگیری دەکـران. نموونەیەکـی دیکـە نابینرێـت کـە بـەم جـۆرە گەلـی خـۆی کۆنـترۆڵ کردبێـت. لـەو سـۆنگەیەوە، تەنگـژەی مۆدێرنیتـەی تورکـی سـپی لـە نزیکـەوە سیسـتەمی جیهانیـی پەیوەندیـدار دەکـرد. هـەر بۆیـە سیسـتەم لـە ڕێگـەی کودەتـای فاشـیزمی ١٢ی ئەیلوولـەوە هەوڵـی داوە لـەو تەنگژەیـە ڕزگاری بـکات. بەمجـۆرە لـە بـواری ئابووریـدا کرانـەوە بـە ڕووی دەرەوەدا و یەکبـوون لەگـەڵ سیسـتەمی فینانسـی جیهانـی، لـە بـواری ئایدیۆلۆژیشـدا لـە پـاڵ میللیگەرایـی عەلمانـی، ڕووکـردن لـە میللیگەرایـی ئیسـلامی تورکـی و بەهێزکردنـی دەوڵەت-نەتـەوەی عەلمانـی لـە ڕێگـەی دەوڵەت-نەتـەوەی تورک-ئیسـلام بـوو بـە سـەرەکیترین سیاسـەتەکانی ڕزگاربـوون و هەنگاونانیـان. کودەتـای ١٢ی ئەیلـوول یەکێـک لـە بەرفراوانتریـن و قوڵتریـن ئۆپەراسـیۆنەکانی تـۆڕی گلادیـۆی ناتۆیـە. چونکـە ئەرکەکـەی سـەرکوتکردنی چالاکییـە شۆڕشـگێڕی-دیموکراسـیخوازەکانی تـەواوی گەلانـی خۆرهەڵاتـی ناویـن بـوو. بەیەکـەوە لەگـەڵ سـەرجەم ناوەنـدە فاشیسـتە سـڤیلەکان و فاکتـەرە نیمچەملیتارەکانـی سیسـتەم، تـا ڕۆژی ئەمڕۆشـمان هەوڵـی جێبەجـێ کردنـی ئـەو ڕۆڵەیـان دەدەن. سـەرجەم پارتـە سیاسـییەکان بـە دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆنەوە هەریەکەیـان وەک ددانێکـی هەمـان چـەرخ گرنگتریـن ڕۆڵ دەبینـن.

### ٢- قەیرانی سۆسیالیزمی بونیادنراو و هەنگاوی شۆڕشگێڕانە:

ئـەو تەنگژەیـەی سیسـتەم لـە بـواری کولتوورییـەوە تووشـی هاتبـوو، نەدەبـوو لـە بـواری ئایدیۆلۆژیشـدا ڕەنـگ نەداتـەوە. شۆڕشـی سـاڵی ١٩٦٨ لـە بنەڕەتـدا وەک شۆڕشـێکی ئایدیۆلـۆژی لـە بـواری کولتـووری مەعنەویـدا تەقییـەوە. بەرامبـەر بـە کولتـووری مۆدێـرن و سـەرجەم دەرهاویشـتە لیـبراڵ، ڕاسـتڕەو و چەپڕەوەکانـی سـەری هەڵدابـوو. لـەو لایەنـەوە شۆڕشـێکی گرنـگ بوو. شۆڕشـێکی ئایدیۆلـۆژی بـوو کـە بـە لانـی کەمـەوە هێنـدەی هـەردوو شۆڕشـە سیاسـیەکانی فەڕەنسـا و ڕووسـیا ڕۆڵـی بینـی. لـەو کاتـەوە کـە هەژموونگەرایـی ئایدیۆلۆژیـی مۆدێرنیتـە جێگیـر کـراوە، یەکـەم جـار بـوو دووچـاری شکسـت بێـت. بەمجـۆرە چەندیـن پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی، کولتووریـی، جێندەریـی، ئەتنیکـی، ئایینـی و خۆجێیـی کـە سـەدان سـاڵ بـوو لەژێـر نـاوی کۆمەڵگـەی هۆمۆژینـدا بەنـد کرابـوون و دووچـاری توانـەوە و کۆمەڵکوژی هاتبـوون، ئیـتر دەسـتی بـە شـەڕ و تێکۆشـانی ناسـنامە کـرد. هەروەهـا پێشـەنگایەتیکردنی لاوان بـۆ ئـەو تێکۆشـانە مانـای تایبەتـی خـۆی هەبـوو. چونکـە لاوان ئـەو توێـژە بـوون کـە کەمتریـن کاریگەریـی مۆدێرنیتەیـان لەسـەر بـوو. شۆڕشـی ئایدیۆلـۆژی

تەنها دژی لیبراڵیزمی سەرمایەداری بەرپا نەبوو، بەڵکو هێندەی دەوڵەت-نەتەوەی لیبراڵ، پەردەکان لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوەی سۆسیالیستی بونیادنراویشدا بە لاوە نرابوون. بۆ یەکەمین جار بوو ڕووبەڕووبوونەوەی ئایدیۆلۆژییانەی ئیندوستریالیزم لەمیانەی باسی تیۆریی بەهێزەوە دەخرایەڕوو. فێمێنیزمیش بە لانی کەمەوە هێندەی تیۆرییە چینایەتییەکان بە بەڵگەی تیۆریی گرنگ گەیشتبوو. ناسنامە کولتوورییە خۆجێییەکانیش سەلماندبوویان کە هێندەی ناسنامە مۆدێرنەکان بەهادار و بنەڕەتین. بەمجۆرە ئیتر ئاشکرا ببوو کە تیۆریی نەتەوەپەرستیی مۆدێرن جگە لە ئامراز و پاساوێک بۆ ڕەواکردنی ئەتنیکی زاڵ و دەسەڵاتدار، هیچی تر نییە. ئیتر ئەوەش ئاشکرا دەبوو کە هزر و پراکتیکی ڕزگاریی نەتەوەیی مۆدێرن کە بەرچاوترین ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕیی ئەو قۆناغە بوو، وەک مەزەندە دەکرێ، دژەسەرمایەدار و ئازادیخواز نییە. هەروەها گفتوگۆیەکی گەرمیش لەو بارەیەوە لە ئارادا بوو کە سۆسیالیزمی بونیادنراو مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی تێ نەپەڕاندووە، بەڵکو بووە بە سیستەمێک کە بەهێزی دەکات. دیموکراسیخوازیی سۆسیال دیموکراتەکانیش لە مێژ بوو ببوو بەو گەلایەی عەیبە و نەنگییەکانی سەرمایەداریی دەشاردەوە.

تەنگژەی ئایدیۆلۆژیی سیستەم لە تورکیاش ڕەنگدانەوەیەکی زۆر بەهێزی هەبوو. تەنگژەی بونیادیی فاشیزمی تورکی سپی لە بواری ئایدیۆلۆژیدا ڕەنگی دابوویەوە و لەژێر گورزەکانی ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕیدا کەوتبووە قۆناغی ڕیسوابوون و گۆشەگیرییەوە. واتە جیلوەی مۆدێرنیستیی میللیگەرایی عەلمانیش چیتر بە کەڵک نەدەهات. هێندەی ئایدیۆلۆژییە ئایینییە باوەکان، ئایدیۆلۆژیا شۆڕشگێڕییە مۆدێرنەکانیش سەدایەکی مەزنیان هەبوو. بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکانی ساڵانی ١٩٧٠کان لە بنەڕەتدا بزووتنەوەی ئایدیۆلۆژی بوون، هێشتا تایبەتمەندییە سیاسییەکانی پەرەیان پێ نەدرابوو. گرنگییەکەیان لەوەدا بوو کە سیستەمیان ڕیسوا دەکرد. یەکەمین جار بوو ئاماژە بۆ حەقیقەتە کۆمەڵایەتییەکان دەکرا. ئەو ڕاستییانەی مەزەندەی لەگۆڕنانیان کرابوو، لە ڕێگەی تێکۆشانی ئایدیۆلۆژییەوە یەک بە یەک زیندوو دەبوونەوە. ئایدیۆلۆژیا سۆسیالیستییەکان بەدوای ئایدیۆلۆژیا ئیسلامگەراکاندا هاتن. دوای هەردووکیشیان هێدی هێدی فۆرمگەلێکی ئایدیۆلۆژی دەرکەوتن کە ئاماژە بۆ دیاردەی کورد دەکەن. میللیگەرایی نەژادپەرست وەک پەرچەکردارێك بەرامبەری بەرز کرایەوە. تورکیای ساڵانی ١٩٧٠کان شاهیدی گەورەترین ململانێی ئایدیۆلۆژیی مێژووی خۆی بوو. لە کاتێکدا میللیگەرا نەژادپەرستەکان زیاتر هەڵپەی دەوڵەت-نەتەوەیەکی زۆر بەهێزی لە جۆری ئەڵمانیای هیتلەریان دەکرد، ئایدیۆلۆژیا ئیسلامگەراکانیش خوازیار بوون سەرلەنوێ ئەو ڕۆڵەی جاران بیننەوە کە لە بەرژەوەندیی دەوڵەت-نەتەوەی عەلمانیدا لە دەستیان دابوو و بەو جۆرەش جێگەی خۆیان لە ناو دەوڵەتدا بکەنەوە. ئایدیۆلۆژیا چەپڕەوەکانیش لە ناو تەنگژە قووڵەکانی دەستەواژەوە خەریکی کۆمەڵگەگەرایی ئەبستراکت (دەرهەست) بوون. چونکە کۆمەڵگەبوون و دەوڵەت-نەتەوەگەراییان تێکەڵ بەیەکتر کردبوو و ئەزموونە دیموکراسیەکەیان زۆر سنووردار بوو

کـە دەبوایـە ڕیشـەدارترین ئامانـج و بانگەشـەیان هەبێـت. لەجیاتیـی چالاکیـی دیموکراسـیخوازیی گـەل، لـە چالاکییەکانـی گرووپـی بەرتەسـکدا بنبەسـت بـوون. بـەڵام هەموویـان بـە گشـتی ڕۆڵـی ڕوونکردنـەوەی حەقیقەتـە کۆمەڵایەتییەکانیـان دەبینـی.

لـە تورکیـا و دونیـای سـاڵانی ١٩٧٠کانـدا، قەیرانـی بونیـادە مۆدێرنـەکان (سـەرمایەداری، دەوڵـەت-نەتـەوە و ئیندوسـتریالیزم) و ئـەو حەقیقەتانـەی تێکۆشـانی ئایدیۆلـۆژی هێنانیـە ئـاراوە، ڕۆڵێکـی گرنگیـان لـە پێکهاتـن و دەرکەوتنـی PKKدا هەیـە. هەرچەنـدە هەڵگـری چەندیـن هەڵـە و کەموکـوڕی بـن، بـەڵام ڕۆڵێکـی دیاریکەریـان لـە پێکهاتنـی تێکۆشـانی شـەهیداندا هەبـووە.

### ٣- PKK و ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت-نەتەوە:

گرفتـی سـەرەکی لـە مەسـەلەی پێکهاتنـی PKKدا داخـراوی و نادیارییەکەیەتـی سـەبارەت بـە ئایدیۆلۆژیـای دەوڵەت-نەتـەوەوە. بـە تایبەتیـش تێزەکانـی سـتالین سـەبارەت بـە بابەتـی پرسـی نەتەوەیـی لـەو بارەیـەوە کاریگـەر بـوون. سـتالین پرسـی نەتەوەیـی وەک پرسـی دامەزرانـدن و ئاواکردنـی دەوڵـەت تاوتـوێ دەکات. ئـەو هەڵوێستەشـی کاریگەریـی کردووەتـە سـەر تـەواوی سیسـتەمی سۆسیالیسـتی و بزووتنەوەکانـی ڕزگاریـی نیشـتیمانی. هەروەهـا پەسـندکردنی ئـەم مافـە لای لینینیـش و کورتکردنـەوە و قەتیسـکردنی مافـی چارەنـووس لـە دامەزرانـدن و ئاواکردنـی دەوڵـەت دا بـوو بـە هـۆکاری سـەرەکیی خزانـی سـەرجەم پارتـە کۆمۆنیسـتی و سۆسیالیسـتییەکان بـۆ نـاو لێڵبـوون و ئاڵۆزیـی ئایدیۆلـۆژی. ئـەو مۆدێلـەی PKK لـە سـەردەمی دەرکەوتنیـدا بانگەشـەی بـۆ دەکـرد و لـە چارەسـەرکردنی پرسـی کـورددا بـە بنەمـای دەگـرت، مۆدێلـی دامەزرانـدن و ئاواکردنـی دەوڵـەت بـوو کـە سـتالین خسـتبوویە ڕوو و لینینیـش پەسـندی کردبـوو. ئەنجامگیربوونـی زۆربـەی زۆری بزووتنەوەکانـی ڕزگاریـی نیشـتیمانی بـە دەوڵەتـی سـەربەخۆ کـە لـەو قۆناغـەدا (١٩٥٠-١٩٧٠) بـە لوتکـە گەیشـتبوو، ئـەو مۆدێلـەی دەکـرد بـە تاقانـە. واتـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی جیـاواز بـوو بـە پرەنسـیپێکی پیـرۆزی باوەڕهێنـان بـە سۆسـیالیزم. بـە مانایەکـی تـر سۆسیالیسـتبوون هاوتـای لایەنگریکردنـی مافـی دامەزراندنـی دەوڵـەت بـوو بـۆ گـەلان و نەتـەوە کۆڵۆنـی و چەوسـاوەکان. بیرکردنەوەیەکـی پێچەوانـەی ئەمـە دوورکەوتنـەوە بـوو لـە سۆسـیالیزم و سۆسیالیسـتی. لـە ڕاسـتیدا مافـی چارەی خۆنووسـینی گـەلان پرەنسـیپێک بـوو بـۆ یەکـەم جـار دوای یەکەمیـن جەنگـی جیهانـی لـە لایـەن سـەرۆکی ئەوکاتـەی ئەمریـکا ویلسـنەوە خرایـە ڕوو و لـە نزیکـەوە گرێـدراوی هەنـگاوی هەژموونگەرایـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریکایـە. لینینیـش بـۆ ئـەوەی لـە دواوەی ویلسـن نەمێنێتـەوە و نەتـەوە چەوسـاوە و گەلـە ژێردەسـتەکان بـە لای یەکێتیـی سـۆڤێتدا ڕابکێشـێت، هەمان پرەنسـیپی ڕادیکاڵـتر کـردووە و بـۆ ئاسـتی دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆ بچووکـی کـردەوە. پێشـبڕکێیەکی لـەم جـۆرە لـە نێـوان هـەردوو سیسـتەم دەسـتی پێکـرد. بەرچاوتریـن نموونـەی ئـەوەش هەوڵـی هـەردوو هێـز بـوو بـۆ پشـتگیریکردنی ئـەو بەرخودانـە نیشـتیمانییە نوێیـەی لـە ئەنـادۆڵ دەسـتی پێکردبـوو و دواتـر ئـەو هەڵوێسـتە لـە لایـەن هـەردوو سیسـتەمەوە بـە لوتکـە گەیشـت.

دامەزرێنەرانــی سۆســیالیزمی زانســتیش، کارل مارکــس و فریدریــک ئەنگلــس، لــەو بــارەوە هەڵوێســتێکی ڕوون و ئاشــکرایان نییــە. بــەڵام هیــچ ناڕەزایــی و ڕەخنەیەکیشــیان ســەبارەت بــە دەوڵەت-نەتــەوە نەبــوو کــە لــە فەلســەفەی هیگڵــدا وەک مۆدێلــی ســەرەکیی دەوڵــەت تیۆریــزە کــراوە. ئەوانیــش ناچــار بــوون مۆدێلــی دەوڵەت-نەتــەوە وەک شــێوەیەکی دەوڵەتــی نوێــی ئاســایی مۆدێرنیتــە و ســەردەم ئــەرێ بکــەن. بــۆ نموونــە، لــە یەکێک لــە کێشــە نەتەوەییەکانــی قۆناغــی خۆیدا، واتــە لــە کێشــەی یەکێتیــی ئەڵمانیــادا، لــە بەرامبــەر یەکێتییــە فیدڕالییــەکان لایەنگــری دەوڵــەت-نەتەوەیەکــی ناوەندیــی بەهێــز بــوون. بــە تایبەتیــش لــە بەرامبــەر ئەنارشیســتەکاندا بەرگرییــان لــەو ڕێگەچارەیــە دەکــرد. بــەڵام لــەو بارەیــەوە مێــژوو ســەلماندوویەتی کــە ئەنارشیســتەکان ڕاســت و مافدار بــوون. بــە تایبەتیــش بیــر و بۆچوونەکانــی باکۆنیــن و کرۆپۆتکیــن ڕاســت و مافــدارن. چونکــە مۆدێلــی دەوڵەت-نەتــەوەی بەهێــز کــە پشــت بــە بیرۆکراســیی ناوەندیــی زێــدەڕۆ دەبەســتێت، کۆتایــی بــە سۆســیالیزمی زانســتی و جێبەجێکردنــی سۆســیالیزمی بونیادنــراو هێنــا. بــە مانایەکــی تــر، یەکێکــە لــەو هــۆکارە ســەرەکییانەی کــە بــوو بــە هــۆی لاوازبــوون و هەڵوەشــانەوەی لــە ناوخــۆدا. بــە گشــتی دەوڵــەت بــە ســیفەتی دیکتاتۆریەتــی پرۆلیتاریــا و بــە تایبەتیــش شــێوەی دەوڵــەت-نەتــەوە کــە ناوەندیتریــن جــۆرە و تــا نــاو دەمــارە ڕیشــاڵەییەکانی کۆمەڵگــە دزەی کــردووە، هــۆکاری ســەرەکیی هەرەســهێنان و هەڵوەشــانەوەیە لــە نــاوەوە. هۆکارەکانــی دیکــە ڕۆڵێکــی لاوەکــی دەبینــن. بــە مانایەکــی تــر ئــەوەی دەســکەوت و بەهاکانــی مێــژووی ســەد و پەنجــا ســاڵەی سۆســیالیزمی بونیادنــراوی تووشــی پووکانــەوە کــردووە -کــە باجەکــەی قوربانــی و فیداکارییەکــی مــەزن بــووە- بێبەشــبوونی سۆســیالیزمی زانســتی بــوو لــە تیۆرییەکــی تایبەتــی خــۆی ســەبارەت بــە بابەتەکانــی دەوڵــەت و دیموکراســی.

مارکــس و ئەنگلــس کاتێــک دەوڵەت-نەتــەوەی ئەڵمانیایــان شــکۆدار کــرد کــە لــە ســەرەتاکانی ســاڵانی ١٨٧٠ بونیــاد نــرا و وەک نموونەیــەک نیشــانیان دا، ســەرەکیترین هەڵەیــان بەرامبــەر بــە سۆســیالیزمی زانســتی کــردووە کــە بــە دەســت و هــزری خۆیــان کردیــان بــە نموونەییتریــن یۆتۆپیــای مرۆڤایەتــی. ئەگــەر ڕەخنەکانــی ئەنارشیســتەکانیان ڕەچــاو کردبایــە، بــە تایبەتیــش ڕەخنەکانــی باکۆنیــن و کرۆپۆتکیــن، مســۆگەر چارەنووســی سۆســیالیزمی زانســتی جیاوازتــر و ســەرکەوتوو دەبــوو؛ بەهاکانــی ئازادیخــوازی، یەکســانیخوازی و دیموکراســیخوازیی سۆســیالیزم لــە بەرامبــەر مۆدێرنیتــەی ســەرمایەداریدا دەبــوون بــە سیســتەمێکی ئەڵتەرناتیڤــی ســەرکەوتوو و هەمیشــەیی. ئەوکاتــە بــە شــێوەیەکی گشــتی و سەرتاســەری، فاکتەرەکانــی بونیادنانــی مۆدێرنیتــەی دیموکراتــی (ئابووریــی بــازاڕی سۆســیال، پیشەســازیی ژینگەدۆســت و نەتــەوەی دیموکــرات) بەرامبــەر فاکتەرەکانــی مۆدێرنیتــەی ســەرمایەداریی (مەیلــی زۆرتریــن قازانجــی ســەرمایە، دەوڵەت-نەتــەوە و ئیندوســتریالیزم) پەرەســەندنێکی گــەورەی بــە خۆیــەوە دەبینــی. وەک ئاگاداریــن، مارکــس و ئەنگلــس لــە دواییــن قۆناغەکانــی ژیانیانــدا دەرکیــان بــەو کەموکوڕییــە بنەڕەتییــە کــردووە، بــە تایبەتیــش زۆر شــت لــە کۆمەڵگــەی کۆمۆنــەی ســەرەتایی فێــر بــوون و هەســتیان بــەوە کــردووە کــە ســەردەمی

سەرمایەداری حەتمی نییە و بایەخیان بە تاقیکردنەوەی شێوەکانی سۆسیالیزمی پشتبەستوو بە کۆمەڵگەی کۆن داوە. مارکس خواستوویەتی شاکاری «سەرمایە» لەمیانەی شیکاریی دەوڵەتەوە تەواو بکات. وەک دەزانرێت، تەمەنی بەشی ئەوەی نەکردووە. ئەنگلسیش لە ڕێگەی بەرهەمە بەناوبانگەکەیەوە «بنەچەی خێزان، دەوڵەت و موڵکایەتی تایبەت» قووڵایی و ڕەهەندی دیرۆکیی بە سۆسیالیزمی زانستی بەخشیبوو. بێبەختییە گەورەکەی تیۆریی سۆسیالیزمی زانستی ئەوە بوو کە لەجیاتیی هەردووکیان، برنشتاین ڕیڤیژیۆن (هەموارکردن)ی کرد. ئەوەی دواتریش قووڵ کرایەوە، ڕاستییەکان نەبوو، هەڵە و چەوتییەکان بوو. بە تایبەتیش هەڵوێستە لیبراڵە بۆرژوازییەکانی برنشتاین سەبارەت بە دیموکراسی، لینین و ستالینیش سەبارەت بە پرسەکانی دەوڵەت و نەتەوە بووە بە گەورەترین هەڵە و لادانەکانی مێژووی سۆسیالیزمی زانستی. مەسەلەکە تەنها لادان و چەوتی نەبوو، بەڵکو بە شێوەی سۆسیالیزمی بونیادنراو لە شوێنی حەقیقەتە سەرەکییەکان بونیاد نراوە.

ڕەخنەکانی فلادیمیر لینین دەرهەق بە برنشتاین لایەنی ڕاستی هەبوو. ڕەخنەکانی لەو بارەیەوە ڕاست بوون کە برنشتاین دیموکراسیی کۆمەڵایەتی کردووە بە کلک و پاشکۆی لیبراڵیزمی بۆرژوازی (لەو قۆناغەدا پارتە سۆسیالیستییەکان بەم جۆرە ناو دەبران). هەڵبەتە پێشهاتەکانی دواتر ئەو بۆچوونەی لینینی سەلماند. واتە ڕیفۆرمی برنشتاین لادانێکی ڕاستڕەوانە بوو و یەکەمین گورزی بەهێز بوو کە بەر سۆسیالیزمی زانستی کەوت. بەڵام دوو هەڵە و کەموکوڕیی زۆر گرنگی زەمینەی سۆسیالیزمی زانستی لەژێر کاریگەربوونی ئەو گورزەدا شاراوە بوو. ئەویش نەبوونی دیموکراسیی کۆمەڵایەتی و جێگیرکردنی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە بوو لە شوێنیدا. ئەمە ئەو کەموکوڕی و هەڵە سەرەکییە بوون کە برنشتاینی کاریگەر کرد. برنشتاین خوازیار بوو لە ڕێگەی دوورخستنەوەی دیموکراسیی کۆمەڵایەتی لە تیۆریی دەوڵەت و دیکتاتۆرییەت و نەرمکردنی دەوڵەت-نەتەوەی ئەڵمان بە ئاراستەی دەوڵەتی سۆسیال، چەوتییەکەی سەبارەت بە بابەتی دیکتاتۆرییەت بە لاوە بنێت و کەموکوڕیی دیموکراسیش نەهێڵێت. بەڵام هەردوو هەڵوێستەکەیشی هەلپەرستانە بوو. هەرچی ڕەخنە ڕاستەکانی لینین بوون لە پێشکەشکردنی حەقیقەتی ئەڵتەرناتیڤ بێبەش بوون. ئەو شتەی لینین لە جێگەی دیموکراسیی سۆسیالی برنشتاینی پاشکۆی چەپڕەوی دیموکراسیی بۆرژوا پێشنیازی کرد، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و دەوڵەتی سۆسیالیستی بوو. لەو بارەیەوە لینین لە بنبەستبوونێکی گەورەدایە و بە درێژایی ژیانیشی ئەو بنبەستبوونەی تێ نەپەڕاندووە. وەک دیار دەبێ بابەتەکانی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا و دەوڵەتی سۆسیالیستی لینینیان زۆر سەرقاڵ کردووە. لەو بارەیەوە هەوڵ و کۆششێکی زۆری داوە، بەڵام نەیتوانیوە بە ڕێگەچارەی ڕاست بگات. دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا کە کارل مارکس بە هۆی کۆمۆنەی پاریسەوە (١٨٧١) چەند جارێک تەنها وەک دەستەواژە ئاماژەی بۆ کردووە، بابەتێک نییە لە ڕووی تیۆرییەوە لێی کۆڵرابێتەوە. بەڵکو ئیلهامی لە بۆرژوازی وەرگرتووە و گوتوویەتی «ئەگەر ئەوان دیکتاتۆرییەتیان هەبێت،

بۆچـی پرۆلیتاریـا دیکتاتۆرییەتـی نەبێـت؟» بـەم جـۆرەش، بـەراورد و ئەنالۆژییەکـی وشـکی کـردووە.
دوای سـەرکەوتنی ئەزموونـی سـۆڤێت لـە سـەرەتای سـاڵانی ١٩٢٠ـەکاندا، لینیـن سـەرقاڵی تیۆریـی دەوڵەتـی سۆسیالیسـتی بـووە. وەک ئاگاداریـن بـەڵام تەمەنـی بەشـی ئـەوەی نەکـردووە. هەروەهـا وەک دەزانرێـت لـەو قۆناغـەدا کرۆپۆتکیـن بـە تایبەتـی پێشـنیازی بـۆ خـودی لینیـن کـردووە کـە سـۆڤێتەکان وەک مۆدێلیکـی دیموکراتـی بـە دامەزراوەیـی و هەمیشـەیی بکرێـت. بـەڵام لینیـن گوێـی بـۆ ئـەو پێشـنیازە شـل نەکـردووە، بـە تایبەتیـش بـە هـۆی کەسـایەتیی ئەنارشیسـتی کرۆپۆتکینـەوە گومانـی لـێ کـردووە و پشـتگوێی خسـتووە. قۆناغـی دواتریـش دەزانرێـت کـە چـی ڕوویـداوە. ئـەو سـەمەرەیەی کـە بـە دیکتاتۆرییەتـی پرۆلیتاریـا نـاو دەبرێـت و سـتالین دەسـتی بەسـەردا گرتبـوو، سـەرجەم مەیلـە شۆڕشـگێڕی، دیموکراسـیخواز و سۆسیالیسـتییەکانی قـووت داوە و لـە کۆتاییـدا خـودی سـتالینیش لەسـەر بنەمـای پیلانگێڕیـی خـودی ئـەو دەزگایـە قـووت دراوە. لینیـن لـە یەکێـک لـە گوتەکانیـدا دەڵێـت ڕێگـەی سۆسـیالیزم بـە بەرفراوانتریـن دیموکراسـیدا تـێ دەپەڕێت. بـەڵام بەسـەر ئـەو گوتەیـەدا بـازدراوە، تیۆرییەکـەی دانەنـراوە و پراکتیـک نەکـراوە. بـە شـێوەیەک باوەڕیـان بـەوە هێنـاوە کـە پرۆلیتاریـا بەبـێ دیکتاتۆرییـەت و دەوڵـەت نـاژی، تەنانـەت دوودڵیـان لـە پێناسـەکردنی دەسـتەواژەی دیموکراسـیی پرۆلیتاریـا وەک شـێوەیەکی دەوڵـەت و دیکتاتۆرییـەت نەکـردووە. واتـە دیموکراسـییان بـە شـێوەیەکی دەوڵـەت و دیکتاتۆرییـەت لـە قەڵـەم داوە. هەڵـە ڕوون و ئاشـکراکەی پۆلێنبەنـدی و پێوەریـی لێرەدایـە. لـە دیرۆکـەوە ئاگاداریـن کـە دیموکراسـی نـە دیکتاتۆرییـەت و نـە شـێوەیەکی دەوڵـەت، هیـچ یەکێکیـان نییـە. بـە پێچەوانـەوە، شـێوەیەکی خۆبەڕێوەبردنـی کۆمەڵگەیـە کـە دژ یاخـود ئەڵتەرناتیڤـی دیکتاتۆرییـەت و دەوڵەتـە. کۆمەڵگـەی دیموکراتیـش نـاوی سیسـتەمێکی خۆبەڕێوەبەرێتییـە کـە دیکتاتۆرییـەت یاخـود دەوڵـەت یـان لـە ئارادا نییـە، یـان بـە لانـی کەمـەوە لەگـەڵ کۆمەڵگـەدا ڕێککەوتـووە. ئـەو شـتگەلەی سۆسیالیسـتە زانسـتییەکان، لـە کارل مارکسـەوە تـا دەگاتـە لینیـن، پەرەیـان پێنـەدا و دیکتاتۆریەتـی پرۆلیتاریـا و دەوڵەتـی سۆسیالیسـتییان لـە جێگـەی دانـا، کۆمەڵگـەی دیموکراتیکـە یاخـود سیسـتەمی دیموکراسـیی کۆمەڵایەتییـە کـە هەمـان واتـا دەبەخشـێت. ئـەو هەڵـە گەورەیـەی (سـەبارەت بـە دیکتاتۆریەتـی پرۆلیتاریـا و دەوڵەتـی سۆسیالیسـتی) دەرفەتـی بـۆ ڕیڤیژیۆنیزمـی برنشـتاین ڕەخسـاند، نەبوونـی کۆمەڵگـەی دیموکراتـی یاخـود کێماسـیی سیسـتەمی دیموکراسـی کۆمەڵایەتییـە.
ئـەو بیـر و بۆچوونانـەی لـە بەرگەکانـی دیکـەی بەرگرینامەکەمـدا سـەبارەت بـەو بابەتـە هەوڵـی شـیکردنەوەیانم دا، لێـرەدا تەنهـا بـە پوختـی دەیانخەمـەڕوو. کۆمەڵگـەی دیموکراتـی شـێوەیەکی کارگێڕیـی کۆمەڵگەیـە کـە دەوڵـەت و دیکتاتۆریـەت نییـە، یـان پێویسـتە وەهـا نەبێـت. سـەرجەم نموونـە مێژووییـەکان (لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە دیموکراسـیی ئەسـینا) سـەلماندوویانە ئەگـەر باسـی دیموکراسـی بکرێـت، ئـەوا یـان بـە سـیفەتی شـێوەیەکی بەڕێوەبەرایەتیـی و کارگێڕیـی بـێ دەوڵـەت هاتووەتـە ئـاراوە، ئەگـەر لـە بـواری دیرۆکیشـەوە هەلومەرجەکانـی نەڕەخسـابێت، لەسـەر بنەمـای ڕێککەوتنێکـی بەپرەنسـیپانە لەگـەڵ دەوڵـەت پشـکداریی بەڕێوەبەرایەتیـی کـردووە و بـەم

جـۆرە هاتووەتـە ئـاراوە. هەروەهـا «دیکتاتۆریەتـی پرۆلیتاریـا» و «دەوڵەتـی سۆسیالیسـتی» وەک دەسـتەواژەش هەڵـەن. بـە شـێوەیەکی ئۆنتۆلـۆژی، دیکتاتۆریـەت تەنهـا دیاردەیەکـی تایبـەت بـەو چینـە نوخبانەیـە کـە قۆرغکاریـی هێـز و قۆسـتنەوەیان بەدەسـتەوەیە. دیاردەیەکـە بـە خوێـن و ئـازار و قۆستنەوە شـێلراوە و کـراوە بـە دەسـتەواژە. هەربۆیـە مەحاڵـە ڕەنجـدەران، زەحمەتکێشـان و چەوسـاوەکان لـە بـواری هزریـدا بـە شـێوەیەکی تیـۆری، لـە بـواری کرداریيشـدا وەک ئامرازێـک پەیوەندییـان بـە ئامرازێکـی بـەم جـۆرەوە هەبێـت. ئەگـەر بڵێـن دەبێـت، ئـەوا ئەمـڕۆ لـە قۆناغـی پێشـوو (لـە سۆسـیالیزمی بونیادنـراو) ئاسـانتر و بەرچاوتـرە کـە ئەنجامەکانـی ئەزموونـی سـۆڤێت و هاوشـێوەکانی وەک بەڵگـە پیشـان بدرێـن و چەوتییـەکان بخرێنـە ڕوو.

دەکـرێ هەمـان شـت سـەبارەت بـە دەوڵەتـی سۆسیالیسـتیش بگوترێـت. ئەگـەر ڕەنجـدەران، زەحمەتکێشـان و چەوسـاوەکان سـەرکەوتنی سیاسـیش بـە دەسـت بێنـن، ئـەوا دوای ئـەو سـەرکەوتنە نابنـە خـاوەن دەوڵەتێکـی کۆمەڵایەتـی (سۆسـیال)؛ بـە پێچەوانـەوە، دەبنـە خاوەنـی دیموکراسـیی کۆمەڵایەتـی یاخـود کۆمەڵگـەی دیموکراتـی کـە خۆیان ئاوای دەکـەن. ناو و ناوەڕۆکەکـەی هەرچییەک بێـت، ئەگـەر بـە تـەواوی بێ کەڵـک نەبێـت و ڕۆڵی گرنگـی لـە بـواری بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵگەشـدا هەبێـت، بـەڵام لـە دواشـیکاریدا دەوڵـەت سیسـتەمێکی قۆرغـکاری قۆسـتنەوە و چەوسـاندنەوەیە کـە لـە کۆنـەوە لەسـەر پشـتی کۆمەڵگـە ئاواکـراوە. لـە بـواری ئۆنتۆلۆژییـەوە بـۆ بوونەکـەی قەرزبـاری ئـەو واقیعـە و نـاوە کۆنەکەیەتـی. هـەر بۆیـەش مەحاڵـە «دەوڵەتـی سۆسیالیسـتی» لـێ بکەوێتـەوە. بـە مانایەکـی تـر وەک چـۆن مانـگا هێلکـە نـاکات، بەڵکـو گوێرەکـەی دەبێـت، ئـەوا دەوڵەتیـش بێچووەدەوڵەتـی شـێوەجیاواز دەخاتـەوە. واتـە هەمـان دەوڵـەت ناتوانێـت هێلکـە بـکات و بێچـووی سۆسیالیسـتیی ببێـت. چونکـە باڵنـدەکان هێلکـە دەکـەن، لەسـەر هێلکەکانیـان کـڕ دەکـەون و لـە ڕێگـەی گەرمییـەوە جووجەڵـە هەڵدێنـن. لەوانەیـە شـوبهاندنەکە وشـک بێـت، بـەڵام پێویسـتە هەرگیـز گومـان لـە واقیعیبـوون و ڕاسـتییەکەی نەکرێـت.

بەبـێ ئاماژەکـردن بـە خاڵێـک سـەبارەت بـە ئەنارشیسـتەکان تـێ ناپـەڕم. ڕەخنـەی ئەنارشیسـتەکان سـەبارەت بـە جێبەجێکردنـی زێدەڕۆییانـەی ناوەندگەرایـی دەوڵەت-نەتـەوە و دیکتاتۆرییـەت ڕاسـتە. لـەو لایەنـەوە مێـژوو ڕەخنەکانیانـی مافـدار بینیـوە. بـەڵام ئەوانیـش کاتێـک ئازادیـی تاکەکەسـی و گەڕانەوەیـان بـۆ کۆمەڵگەکانـی جڤاتـە سـەرەتاییەکان وەک ئەڵتەرناتیـڤ پێشـکەش کـردووە، هـەر وەک لـە سۆسـیالیزمی بونیادنـراودا ڕووی داوە، لـە دواشـیکاریدا ئەوانیـش جگـە لـە پاشـکۆ چەپڕەوەکانـی لیبراڵیزمـی بـۆرژوازی بـەولاوە، ڕۆڵێکـی دیکەیـان نەبینیـوە. بـەڵام کاتێـک ڕەخنـەی بەجێیـان لەگـەڵ پراکتیکی ڕاسـت یاخـود لەگـەڵ تیۆریـی و پراکتیکێکـی ڕاسـتی کۆمەڵگـەی دیموکراتـی تـەواو نەکـرد، ئـەوا لـە مایەپووچبـوون و بـوون بـە مەزهـەب یاخـود ڤێرژنێکـی جیـاوازی لیبراڵیـزم ڕزگاریـان نابێـت. لێـرەدا ئـەوەی سـەبارەت بـە سـەرجەمی ئـەو بابەتانـە دیاریکـەرە، داخوازییـە نیازپاکـەکان بـۆ یەکسـانی و ئـازادی نییـە، بەڵکـو هەڵوێسـتی تیۆریـی و جێبەجێکردنـی کردارییانـەی ڕاسـتە دەرهـەق بـە ڕاسـتینەی کۆمەڵگـەی مێژوویـی.

ئـەو نادیارییـەی PKK لـە قۆناغـی پێکهاتنـی ئایدیۆلۆژیـدا بـە خۆیـەوە بینـی، لـەو کەموکـوڕی و هەڵانـەوە سـەرچاوە دەگـرن کـە بـە گشـتی سۆسـیالیزمی زانسـتی بـە دەسـتیانەوە دەیناڵانـد و هەوڵـمان دا ئاماژەیـان بـۆ بکەیـن. ئایدیۆلۆژیـای دەوڵەت-نەتـەوە و ئایدیۆلۆژیـای کۆمەڵگـەی دیموکراتـی بـە شـێوەیەکی تێکـەڵ و ئاوێتەگەرایـی لـە ئـارادا بـوون. بەمجـۆرە سـەرجەم ئـەو پارتـە کۆمۆنیسـتی و کرێکاریانـەی بـە نموونـە وەرگیرابـوون، پشـکی خۆیـان لـەو هەڵـە و کەموکورتییانـە وەرگرتبـوو کـە سۆسـیالیزمی بونیادنـراو دووچاریـان هاتبـوو. هەروەهـا لـەو قۆناغـەی دامەزراندنـدا ئـەو توانـاو لێهاتووییەمـان نەبـوو جیـاوازی لـە نێـوان ئایدیۆلۆژیـای دەوڵەتـی و ئایدیۆلۆژیـای کۆمەڵگـەی دیموکراتیکـدا بکەیـن. وەک چـۆن نموونەیەکـی ڕاسـت و تەندروسـت لـە ئـارادا نەبـوو کـە وەک مۆدێـل بـە بنەمـای بگریـن، ئێمـەش خاوەنـی توانسـتێکی مەعریفـی و ئاسـۆیەکی تیۆریـی ئەوتـۆ نەبوویـن کـە بـە شـێوەیەکی ڕاسـت ئەزموونـی مێژوویـی ڕاڤـە بکەیـن. هەروەهـا پێویسـتییە کرداریيەکانـی تیـۆری ئاوێتەگەرایـی ڕزگاریـی نیشـتیمانیی پشتبەسـتوو بـە دەسـتەواژەی «کوردسـتان کۆڵۆنییـە» دیـار بـوون. ئامانـج دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی بـوو لـە ڕێگـەی شـەڕی گەلـی درێژخایەنـەوە. بـە واتایەکـی تـر شـەڕەکانی ڕزگاریـی نیشـتیمانی کـە بـە شـێوەیەکی ڕۆژانـە لـە ئەفریقـا دووبـارە دەبوونـەوە و دواتریـش دەوڵەتـە سـەربەخۆکان ڕادەگەیەنـران، بەبـێ ئـەوەی پێویسـتی بـە هیـچ تیۆریـی و پراکتیکێکـی تـر هەبێـت، ئـەو ڕێگەیـەی دیـاری دەکـرد کـە لـە چارەسـەرکردنی پرسـی نەتەوەیـی کـورددا بگیرێتـە بـەر. بەبـێ ئـەوەی هێنـدە بـە ناخـی تیۆریـی ڕزگاریـدا شـۆڕ ببینـەوە، لێتوێژینـەوە سـەبارەت بـە پراکتیکەکانـی ڕزگاریـی نیشـتیمانی بـەس بـوو. هەروەهـا ئـەو مۆڵەتـەی لـە تێڕوانینـی مامۆسـتا مەزنـەکان (لینیـن، سـتالین) وەرمـان گرتبـوو، تـەواوی ئـەو خۆراکـە تیۆریـی و قاڵبـە پراکتیکیانـەی پێشـکەش دەکردیـن کـە پێویسـت بـوون. ئـەوەی دەمایـەوە، بـە خێرایـی تەواوکردنـی گرووپـی ئـەو چوارچێـوە ئایدیۆلۆژییـە و کردنـی بـوو بـە موڵکـی جەمـاوەر. هـەر ئـەوەش ڕوویـدا.

ئەگـەر مـاوەی نێـوان سـاڵانی ١٩٧٣-١٩٧٦ وەک قۆناغـی گرووپـی بەرتەسـک تاوتـوێ بکەیـن، ئـەوا مـاوەی نێـوان سـاڵانی ١٩٧٦-١٩٧٨ قۆناغـی بەجەماوەریبـوون بـوو. هـەردوو قۆناغیـش بـە سـەرکەوتوویی تێپەڕیبـوون. ئیـتر پرسـەکە ئـەوە بـوو کـە دواتـر چـی دەکەیـن و چـۆن دەبێـت؟ هەنـگاوی دوای گرووپـی لاوان و پەلهاویشـتنی لـە نـاو گەلـدا، گرێـدراوی وەڵامدانـەوەی پرسـیاری ئایا بـەرەو پارتیبـوون دەچیـن یاخـود ڕێکخـراوی چالاکیـی سـەربازی؟ لـە ڕێگـەی پارتیبوونـەوە هەوڵـمان دا وەڵامـی ئـەو پرسـیارە تەکنیکییـە بدەینـەوە. هەرچۆنێـک بێـت، شۆڕشـی ڤێتنـام لـەو لایەنـەوە نموونەیەکـی سـەرکەوتوو و پڕشـنگداری پێشـکەش دەکردیـن. ئیـتر چالاکـی سـەربازیش دەکـران. چونکـە ڕێکخـراوی لـە جـۆری سـوپا و بـەرەی چەپەکانـی تورکیـاش وەک ئەزموونێـک لـە ئـارادا بـوون. بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان، دەرفـەت هەبـوو لەمیانـەی یەکێتیـی ڕزگاریـی نیشـتیمانییەوە چالاکییـەکان بەرفـراوان بکرێـن. ئەوانـە پێشـهاتگەلێکی گونجـاو بـوون لەگـەڵ ڕۆحـی سـەردەم. بەمجـۆرە ئەزموونێکـی سـەرکەوتوومان بەگوێـرەی دۆخـی بەرجەسـتەی کوردسـتان پـەرە پـێ دا. ئیـتر

گوێمان لە تەپەی پێی کودەتای سەربازیی ١٢ی ئەیلوولی دژەشۆڕش دەبوو. کۆمەڵکوژییەکانی مەرعەش، چۆرم و باخچەلی ئەڤلەر و تیرۆرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە لاوان و شۆڕشگێڕان پیشانی دەدایـن ئەگەر بەرەو دەرەوەی وڵات نەڕۆین، دەرفەتی ڕزگاربوونمان نییە و لەناو دەچین. چونکە ئەزموونی ١٢ی ئاداری ١٩٧١ بەپێی پێویست وانەبەخش بوو. ئەوەی نیشان دابووین لە حاڵەتێکدا کادیرە پێشەنگەکان لەناو ببرێن، ڕێکخستنەکان بە ئاسانی ناتوانن پشتی خۆیان ڕاست بکەنەوە. بەمجۆرە لە ٢ی تەمموزی ١٩٧٩دا، لە ڕێگەی سروجەوە هەنگاونمان بەرەو خۆرهەڵاتی ناوین بەگوێرەی ڕۆحی تێکۆشانی درێژخایەن بوو. لەپێناو شەڕی گەلی درێژخایەن و بە دەستهێنانی پشتگیریی دیبلۆماسیدا، هەنگاوێک بوو لە کات و شوێنی گونجاوی خۆیدا نرابوو. لە کاتێکدا لە ئاکامی کودەتای ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠دا گرووپە چەپڕەوەکان گورزی ستراتیژییان بەرکەوت، PKKش هەنگاوی بۆ قۆناغێکی نوێ و هیوابەخش دەنا. ئاشکرایە کە ئەوانە هەنگاوگەلێکی تەکتیکیی سەرکەوتوو بوون.

ئەگەر سەرلەنوێ ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٨٠ هەڵسەنگێنین، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەبینین کە بۆ یەکەمین جارە پرسی کورد لە بابەتی گۆڤار، ڕۆژنامە و کۆمەڵە دەردەچێت و دەبێتە خاوەنی پارتێکی هاوچەرخ و پێشەنگی خاوەن کارەکتەری چینایەتی و بونیادێکی کردەیی کە بەیەکەوە پەرە دەسەنن. ئەوەی لێرەدا گرنگ بوو، توانای بەهێزی ڕێکخستن و کرداری پارت نەبوو، چونکە پارتی دیکەی کوردی خاوەن هەمان ماهییەت هەبوون. لە مێژ بوو پارتەکانی لە جۆری پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیا PDK-T و پارتی سۆسیالیستی کوردستان- تورکیا PSK-T لە ئارادا بوون. نوێژەنبوون لەوەدا بوو کە بۆ یەکەمین جار بوو ڕێکخستن و چالاکی بە شێوەیەکی تێکهەڵکێش دەکران. سەبارەت بە واقیعی جوگرافیای کوردستان و کۆمەڵگەی کوردەواریش، ئەوە مانای یاخیبونێکی نوێ بوو، بە تایبەتیش مانای سەرهەڵدان و تێکۆشانێک بوو کە خاوەنی ڕێکخستن و پارتێکی پێشەنگ بوو. بە لانی کەمەوە لە بواری تیۆریدا کارەکتەری درێژخایەنی و قۆناغە ستراتیژییەکانی شەڕ و تێکۆشان پەسند کرابوو. هەنگاوی ستراتیژی و تەکتیکیی سەرکەوتوو بەگوێرەی واقیعی نێودەوڵەتی و نەتەوەیی ئەو قۆناغە هەبوو. بەڵام هەرچەندە ڕەنگدانەوەی واقیعەکە لە ڕوخساردا بەم جۆرە خۆی بنوێنێت، بەڵام لە قووڵاییدا هەست بە کەموکوڕی و ئەندێشەی قووڵ دەکرا.

کودەتای سەربازیی ١٢ی ئەیلوول ڕووی دابوو و ڕووی ملیتاریستانەی دەوڵەت بە تەواوی ئاشکرا ببوو. وەک بڵێی کۆمەڵگەش بە مێردە هیرارکییە ڕاستەقینەکەی خۆی گەیشتووە، خۆی ئاسوودە و دڵنیا دەبینی. ئەو ڕەفتارانەش دیار بوون کە لە ڕابوردووی نزیکدا لە کوردستان نواندنی. کردەوەکانی نکۆڵی و قڕکردن بە دژوارییەوە لە ئارادا بوو. هیچ چەشنێکی سەرکوتکردن، توندوتیژی، ئەشکەنجە و کۆمەڵکوژی نەمابوو کە فاشیزمی ملیتاریست -کە ناتۆ ئەریی کردووە- تاقیی نەکاتەوە. کاتێکیش بابەتەکە واقیعی کورد و کوردستان بێت، کۆمەڵکوژی و جینۆسایدێک لە ئارادا بوو کە بە ئاستی سڕینەوە دەگات لە مێژوو و جوگرافیادا. ئەوەی

بەسـەر بەرخودانـی ئەرمەنـی، ڕۆم، سریانـی و بەرخودانـی قۆناغـی نزیکـی کـورددا هاتبـوو، لـە یادەوەریمانـدا تـازە بـوو. ئەمانـە سـەرچاوەی ئەندێشـە و نیگەرانییـە قووڵەکانمـان بـوون. کەموکوڕیـی سـەرەکییش نەبوونـی ئـەو هێـزە پتـەو و سـاغڵەمانە بـوو کـە لـە نـاوەوە و دەرەوە بتوانیـن پشـتیان پـێ ببەسـتین.

جەمسـەرگیریی بـە شـێوەی سـەرمایەداریی - سۆسـیالیزم هیوایەکـی ئەوتۆیـان نەدەبەخشـی. بـۆن و دووکەڵـی ڕیڤیژیۆنیزمیـش بـە هەمـوو لایەکـدا بـڵاو ببوویـەوە. لەبـەر چەندیـن هـۆکاری ناوخۆیـی و دەرەکـی، چەپـی تـورک بنبەسـت ببـوو، گورزێکـی سـتراتیژیی بەرکەوتبـوو. هـەر بۆیـەش قۆناغـە نوێیەکـەی PKK پـڕ لـە نادیـاری بـوو.

### ٤- ڕاست ڕەنگدانەوەی ململانێی ڕۆحی و مەعریفی قۆناغێک:

بەرامبـەر بـە مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی بەرگـری دەکـەم. بـە لامەوە پەسـندە گوزراشـتی زانسـتیی بەرگرینامەکـەم لەگـەڵ ڕادەی تێکەڵبوونـم بـە قاڵبـە زانسـتییەکان بگونجێـت، تـا ئێسـتاش هـەر وام کـردووە. بـەڵام لـە ناخـەوە هەسـتم دەکـرد کـە شـتێک ناتـەواوە؛ هەسـتم دەکـرد کـە ڕوونکردنـەوەی زانسـتیی مۆدێرنێتـە، بەهـا و باجەکـەی قوربانیـدان بـوو بـە شـتگەلێک. دڵنیـا بـووم کـە ئـەو شـێوازە بـۆ ڕوونکردنـەوەی ژیـان پێویسـتە، بـەڵام بەشـی ئـەوە نـاکات. هەرچەنـدە سـەبارەت بـە بابەتەکـە دەهزریـم و قـاڵ دەبوومـەوە، ئـەو دۆخـە ڕەوشـی جادووگـەر و کاهینەکانـی سـۆمەر و میـسری دەهێنـاوە بیـری مـرۆڤ -کـە تەلیسـم و پیرۆزیـی خۆیـان لـە دەسـت دابـوو- کـە دەرهـەق بـە چارەنووسـی ژیانـی مـرۆڤ لـە پەرسـتگاکان نوشـتەیان دەنووسـی. هەرچـی زمانـی مۆدێرنیتەشـە کـە تـا دەهـات دەبـوو بـە ئاکادیمـی، پسـپۆڕیی و ڕەمزیـی، ئیـتر بـە زمانـی جادووگـەر و کاهینەکانـی سـەردەمی کـۆن دەچـوو کـە بـێ ئومێـدی و بـێ هیواییەکـی زیاتریـان بـڵاو دەکـردەوە. تەنانـەت ببـوو بـە دەرهاویشـتەیەک کـە تەلیسـمی خـۆی لـە دەسـت دابـوو، زۆر لـەوان بـێ هیواتـر، بـێ ڕۆح و بـێ حەقیقـەت بـوو. لـە دواشـیکاریدا، جگـە لـە خزمەتکردنـی سـووڕانەوەی چەرخـی سیسـتەم بـۆ دزیـن و بەدەسـتهێنانی قازانـج، هیـچ مانایەکـی دیکـەی نەبـوو. لـەو بارەیـەوە هەڵسـەنگاندنەکانی نیچـەی فەیلەسـوف سـەرنجڕاکێش بـوو کـە دەڵێـت: «هونـەر باشـتر گوزارشـت لـە ژیـان دەکات، لـە ڕێگـەی هونـەرەوە حەقیقـەت باشـتر ڕوون دەکرێتـەوە».

تـا ئێسـتاش زۆر بـە باشـی ئـەو ڕۆژانـەم لەیـادە کـە لەژێـر مەنگەنـەی قوتابخانەکانـی مۆدێرنیتـەی فاشیسـتی تورکـی سـپیدا بەسـەرم بـردن. هەروەهـا ئـەو ڕۆژانەشـم لـە بیـرە کاتێـک یەکـەم هەنـگاوم بـۆ قوتابخانـەی سـەرەتایی نـا، خەیاڵـی بینینـی چ جـۆرە جانـەوەر و دێوێکـم دەکـرد. بـەڵام چەنـدە سـەیرە کـە ببـووم بـە ڕۆڵـە خۆشەویسـتەکەی ئـەو جانـەوەرە، واتـە ببـووم بە ڕۆڵـە خۆشەویسـتەکەی ئـەو مامۆسـتایانەی ڕۆڵـی کاهینـی مۆدێرنیـان دەبینـی. ئیـتر منیـان لەسـەر دەسـتان ڕادەگـرت. منیـش هێلکـە و ماسـتم بـۆ دەبـردن. کاتێـک یەکەمیـن پیتەکانـی زمانـی تورکـی لـە لێوەکانـم دابارین، بڕوام بـە خـۆم هێنابـوو کـە یەکەمیـن هەنـگاوی سـەرکەوتوانەم بـۆ هۆشـیاریی و ڕۆحـی مۆدێـرن نـاوە.

بـەڵام ئـەو کاتـە لایەنێکـم هەبـوو کـە بـەردەوام دەمشـاردەوە. بـەردەوام ئـەو دۆخـە ڕۆحییـەی خـۆم دەشـاردەوە کـە لـە ترسـان دەڵـەرزی و هەوڵـم دەدا دیـار نەبێـت. بـە هەرحـاڵ لەوانەیـە کەسـایەتیی دووڕوو بـەم جـۆرە پێکبێـت. بـەڵام نەمدەزانـی و تـێ نەدەگەیشـتم کـە گونـد و خێـزان چییـان بـە کەسـایەتیم بەخشـیوە. لـەو ڕۆژەوە کـە چـاوم بـە ڕوناکـی کەوتبـوو، نەمتوانیبـوو ببـم بـە ڕۆڵەیەکـی سـاڵح بـۆ گونـد و ماڵباتەکـەم. هەرکـەس ژێـر بـە ژێـر بـڵاوی دەکـردەوە کـە کوڕەکـەی عومـەر یاخـود کوڕەکـەی عوەیـش (زیاتـر نـاوم بـە عەبدوڵڵای عوەیـش بـڵاو ببـووەوە) بوویەرێکـی بـێ هیواکـەرە. لـەو دۆخـە بێـزار دەبـووم و شـەرم دای دەگرتـم، بـەڵام دەسـتبەرداری شـێوازی کەسێتیی خـۆم نەدەبـووم، هەربۆیـەش هێـدی هێـدی تـا دەهـات بـە تەنهـا دەمامـەوە. هـەر کـەس هەوڵـی دەدا منداڵەکانـی لـە مـن دوور بخاتـەوە. تەنانـەت لـە ناخـەوە ڕەزامەندییـان لەسـەر گەشـتە سـادەکانی چۆڵەوانیـش پیشـان نـەدەدا. وەلـێ چەنـد ڕێچکەیەکـم هەبـوو تـا خـۆم بخەمـە دڵیانـەوە و پەسـندم بکـەن. چونکـە نمایشـەکانی ڕاوکردنـی چۆلەکـە، کوشـتنی مـار و مارمێلکەکان سـەرنجەکانی دەخسـتە سـەرم. هەرچـی لـە قۆناغـی قوتابخانـەی سـەرەتاییدا دەرخکردنـی چەنـد سـورەتێکی کـورت و جێگرتنـم لـە ڕیـزی پێشـەوەی نوێژکـردن و نزیـک بـە پێشـنوێژ، زیاتـر دەیکردمـە جێگـەی سـەرنجەکانیان. هـەر بۆیـەش یەکەمیـن پێشـبینیی مـەلا موسـلیم لەبـارەی منـەوە بـڵاو بوویـەوە کـە گوتبـووی: «بـەو خێراییـە بـەردەوام بیـت دەفڕیـت.» ئـەو داوەرییـە سەرسـامی کردبـووم و بـەرز هەڵـی دەفڕانـدم.

پێشـتر ئامـاژەم بـۆ ئـەوە کردبـوو کـە بـەو خێراییـە و لـە مـاوەی ئـەو کاتژمێـرەی بـە پـێ بـەرەو قوتابخانـەی سـەرەتایی دەڕۆیشـتین، پێشـنوێژیم بـۆ ئـەو گرووپـەی قوتابیـان دەکـرد کـە پێشـەنگایەتیم دەکـردن. بـەڵام پێشـنوێژیکردن گوزارشـت لـە قۆناغێکـی زۆر پێشـوەخت دەکات و بـەم جـۆرەش مایـەوە. چـاوم کەوتبـووە سـەر مۆدێرنیتـەی تـورک و تێگەیشـتبووم کـە بـە ئاسـانی لێـی دانابڕێـم. وەک پێشـتر ئامـاژەم بـۆ کـردووە، هەرچییـەک بـە نـاوی کوردبوونـەوە لـە منـدا مابوویـەوە، دەبـووە کۆسـپ لـە بـەردەم یەکانگیربوونـم لەگـەڵ مۆدێرنیتـەدا. کاتێـک هـەوڵ دەدەم قۆناغـی ئـەو ژیانـە ڕاڤـە بکـەم کـە لـە قوتابخانەکانـی مۆدێرنیتـەدا دەسـتی پێکـرد و هەتـا نـەورۆزی سـاڵی ١٩٧٣ بـەردەوام بـوو کـە بوێریـی دروسـتکردنی یەکەمیـن گرووپـمان بـە نـاوی کـورد و کوردسـتانەوە پیشـان دا، دەبـێ بڵێـم کـە ڕۆتینـی بـوو و هیـچ جیاوازییەکـی لەگـەڵ ژیانـی ڕۆبۆتیانـە نەبـوو، بۆشـاییەکی گـەورەی هیچێتییەکـی تـەواو بـوو. چونکـە بەرامبـەر بـە مۆدێرنیتـەی تـورک دەکـرام بـە هیـچ. ئـەو دۆخـەش تەنهـا بـە ڕێگەخۆشـکردن لـە پێـش کەسـایەتییەکی بەکۆمپلێکـس سـنووردار نەدەبـوو؛ بەڵکـو جگـە لـە کەسـایەتییەکی بـێ نـاوەڕۆک و دابـڕاو لـە ژیـان، بـە مانایەکـی تـر، جگـە لـە کەسـایەتییەکی ڕۆبۆتـی کـە تەنهـا قالبـە دەرخکـراوەکان دووبـارە دەکاتـەوە و بەمجـۆرە هەوڵـی سـەرکەوتن دەدات، دەرفەتێکـی دیکـەی پێشـکەش نەدەکـرد. بـە ڕاسـتیش ئـەوە کەسـایەتییەک بـوو کـە پێناسـەکردنی زەحمـەت بـوو. لـەو بڕوایـەدام بەرهەمهێنانـی فیلمەکەشـی زۆر زەحمەتـە. لەوانەیـە گرنگتریـن لایەنـی ئـەو سـاڵانە کـە شایسـتەی باسـکردن بـێ، سـەرکەوتنم بـوو لـە پێکهێنانـی

ئـەو کەسـایەتییە ڕۆبۆتییـە بـێ کەموکورتـی و سـەرکەوتووە. بـەڵام بـەو دۆخەشـەوە بەرچاوتریـن و خۆشەویسـترین خوێنـدکاری سـەرجەم ژنـان و پیـاوان و مامۆسـتا سـڤیل و سـەربازییەکان بـووم (لـە قوتابخانـەی سـەرەتاییەوە تـا دوایـن قۆناغـی کۆلێـژی زانسـتە سیاسـیەکان). لەوانەیـە بابەتێـک بێـت کـە شـیکردنەوەی زەحمەتـە.

بـە درێژایـی ئـەو قۆناغـە، هیـچ سازشـێکم لـەو کەشـەی پێشـەنگایەتیی سروشـتی خـۆم نەکـرد. کەواتـە ئەگـەر دووبـارە بپرسـم چ دۆخێکـی ڕۆحیـم هەبـوو؟ ئـەوە وەک پرسـیارێک دەمێنێتـەوە کـە وەڵامەکـەی زۆر نادیـارە. لـە ڕاسـتیدا پێویسـتە ئـەو پرسـیارە بورووژێنرێـت: ئایـا بـە ڕاسـتی دۆخێکـی ڕۆحـی ئاسـایی لـە منـدا مابوویـەوە؟ بـە مانایەکـی تـر، مۆدێرنیتەکـەی بەرامبـەرم دۆخێکـی ڕۆحـی تایبـەت بـە منـی هێشـتبوویەوە؟ لەوانەیـە گرنگتریـن ئەنجـام کـە لێـرەدا بـە دەسـت بهێنرێـت، ئەمـە بێـت: بـە جۆرێـک ڕەفتـارم دەکـرد وەک بڵێـی هـەر کاتژمێرێـک بەرامبـەر بـە مۆدێرنیتـە لـە تاقیکردنـەوەدا بـووم. بـە پلـەی زۆر باشـە سـەرجەم قۆناغەکانـی قوتابخانـەم تـەواو دەکـرد. بـەڵام هەرگیـز نەدەبـووم بـەو چەشـنەی ئـەو خوازیـار بـوو. ئـەی کەواتـە دەبـووم بـە چـی؟ ئـەوەش ئـەو پرسـە بـوو کـە بـە هەڵـواسراوی مابوویـەوە. باسـی هەڵـواسراوی دەکـەم، چونکـە زۆر بـاش دەزانرێـت چەنـدە زەحمەتـە لـە چاوەڕوانیـدا بیـت، وەک ئـەوە وایـە لـە ئاسـمان بـە هەڵـواسراوی مابیتـەوە. ئەگـەر بڵێـم ژیانێـک بـوو بـەم جـۆرە تێپـەڕی، لەوانەیـە بتوانـم هەندێـک لـە خەسـڵەتەکانی ڕوون بکەمـەوە. بێگومـان دەشـێت ئـەو ژیانـە وەک جۆرێکـی بـێ هاوتـای بەرخـودان دابنرێـت لـە بەرامبەر ئـەو مۆدێرنیتەیـەی لەسـەر بنەمـای سـەپاندنی قڕکـردن و نکۆڵیکردنـی ناسـنامەکەم دەسـەپێنرا. لـەو لایەنـەوە زۆر جـار دۆخـی خـۆم لەگـەڵ ئـەو ڕەوشـەی ناسـنامەی ژنـدا بـەراورد دەکـرد کـە بـە درێژایـی مێـژووی شارسـتانییەت بەسـەریدا سـەپێنراوە. لایەنـی هاوشـێوە و لێکچـووم لـە نێـوان ژیانـە کورتـە دژەمۆدێرنیسـتەکەی خـۆم و بەرخودانـی هـەزاران سـاڵەی دژەشارسـتانییەتی ژن دەدۆزییـەوە کـە لـە گەڵیـدا بـەراوردم دەکـرد. بـەم جـۆرەش، تـا دەهـات نەفرەتـم لـە هەڵوێسـتە نێرسـالاریەکانی بەرامبـەر بـە ژن دەکـرد، زۆر چەپـەڵ و قێزەونـم دەبینـی. هـەر زوو پەیـم بـەوە بردبـوو کـە هونـەری «بـە کۆیلەکـردن و ژنـی ملکـەچ» سـەبارەت بـە ژن زۆر ڕیسـواکەرە.

لێـرەدا خاڵێکـی دیکـەی گرنـگ کـە بەبـێ ئاماژەبۆکردنـی تـێ ناپـەڕم، پەیوەندییەکـەم بـوو بـە دەسـتەواژەی «ئەڵـڵا»وە. تـا کۆتایـی قۆناغـی دواناوەنـدی، زۆر پابەنـدی سروتەکانـی نوێـژ و ڕۆژووگرتـن بـووم و زۆر بـە چاکـی جێبەجێـم دەکـردن. بـەڵام سـەبارەت بـە بوونەکـەی، گومانێـک دای گرتبـووم کـە چەندیـن جـار بـەو ئاسـتەی دەگەیانـدم کـە بیـر لـە خۆکوشـتن بکەمـەوە. لـە گەردوونـی زەبەلاحـەوە تـا دەگاتـە گەردیلەیەکـی زۆر ورد، لـە هـەر شـوێنێک بەدوایـدا دەگـەڕام. بـەڵام ئـەو گەڕانـەش جگـە لـە قووڵکردنـەوەی گومانەکانـم، هیـچ ئەنجامێکـی دیکـەی نەبـوو. ڕێـك لـەو ماوەیـەدا ئاشـنای ئایینـی چـەپ و پێغەمبـەرە نوێیەکـەی (مارکـس) دەبـووم.

ئایـا بـەر لـە ئاشـنابوونم بـە چـەپ، ڕاسـتڕەو بـووم؟ ئاشـکرایە کـە دوالیزمـی ڕاسـتڕەو-چەپڕەو دوالیزمێـک نییـە گوزارشـتێکی ڕاسـت لـە واقیعەکەمـان بـکات. ڕاسـتییەکەی، دەبوایـە بـە شـێوەی

مۆدێرنیتە-نەریت، یان بە مانایەکی تر، دەبوایە بە شێوەی دوالیزمی واقیعی کۆمەڵایەتی- مۆدێرنیتە بوایە. ئەو شڵەژانەی بە هۆی گومانەکانم سەبارەت بە دەستەواژەی خوداوەند ڕێگەی لە پێش گردەوە، لە ناوەڕۆکدا ڕەنگدانەوەی ئەو شڵەژانە بوو لە کەسایەتیمدا کە کۆمەڵگەی نەریتی بەرامبەر بە کۆمەڵگەی مۆدێرن دووچاری هات. خوداوەند کە سیمبۆلی ناسنامەی زاڵی کۆمەڵگەی نەریتی بوو، بەرامبەر دەوڵەت-نەتەوە کە خوداوەندە عەلمانییەکەی کۆمەڵگەی مۆدێرنیتە بوو، خۆڕاگریی پێ نەدەکرا. زۆر دواتر ئەو دۆخەم شیکردەوە. کاتێک لەمیانەی ئاوڕدانەوە لە ساڵانی ١٩٧٠کان بەم جۆرە شڵەژانە ڕۆحییە گەورەکەم ڕوون دەکەمەوە، تەواو لەو کاتەدا لە قەوارە چەپڕەو و ڕاستڕەوەکاندا -کە لەگەڵ یەکتر لە شەڕ و پێکدادانەدا بوون- لە دەرەتانی ڕزگاربوون لەو شڵەژانە دەگەڕام. لە بیرمە یەکەم جار بە نیازێکی پاکەوە لە دەرگای ڕاستڕەوەکانم دا چونکە کەسێک بووم ڕۆژوو و نوێژم نەدەچوو. ئەو ڕۆژانەی لە مزگەوتی ماڵتەپەی ئەنقەرە نوێژم دەکرد -بۆ ساڵی ١٩٦٩ دەگەڕێتەوە- ئەو ڕۆژانە کەم نەبوون کە ئیرشادم دەکرد. ئەگەر بەبێ مۆڵەتیش بێت، ئەو دەرفەتەم بۆ ڕەخسا کە لە «ئۆجاخی تورک» گوێبیستی کۆنفراسەکەی خودی نەجیب فازل قسەکورەک بم کە بە «مامۆستای مەزن» ناودەبرا. زۆر خرۆشابووم. وەک خەیاڵێک گۆڤاری «خۆرهەڵاتی مەزن»م بە بیر دێتەوە. ئاشکرایە ئەو خوداوەندەی دووچاری شڵەژان هاتبوو، دەنگێک بوو کە هێزی بە خەیاڵم بەخشیبوو. هەروەها لە «کۆمەڵەی تێکۆشان دژی کۆمۆنیزم» سولێمان دیمرال و ڕەفیق کۆرکوتم بینی. دواتر، خۆشم نازانم چۆن بوو پەرتووکی «ئەلفبای سۆسیالیزم»م لەژێر سەرینەکەمدا دۆزییەوە. هەر لە خۆمەوە دەستم بە خوێندنەوەی کرد. تا ئێستاش لە بیرمە بەر لەوەی تەواوی بکەم، هەستەکانم بەم جۆرە بێدار بوونەوە: «محەمەد دەیدۆڕێنێت، مارکس دەیباتەوە.» ئەمە هەڵبژاردنێک نەبوو لە ڕێگەی زانین و بە بەرنامەوە کرابێ، بەڵکو لە ڕێگەی هەستەوە دەستنیشان دەکرا.

لە هەمان ئەو ماوەیەدا، تەرمی سەرۆکی ئەو کاتەی دادگای پێداچوونەوە، عیمران ئۆکتەم، بە بەردەم بەشی ناوخۆیی قوتابخانەکەماندا (دواناوەندی پیشەیی ڕووپێویی تاپۆ)دا تێ دەپەڕی. دیسان بەبێ هاندانی هیچ کەسێک، بە شێوەیەکی شەرمنانە چەند هەنگاوێکم نا و بەشداریم لە ڕێورەسمی بەڕێکردنی تەرمەکەی کرد. ئەوە بەشداریکردنێکی بەئاگا و باوەڕمەندانە نەبوو، بەڵکو لە هەلومەرجێکدا بوو کە هەوەس و مەراقم بۆ لایەنە ڕاستڕەوەکان و چەپڕەوەکان هەبوو. ئاشکرایە کە خاوەنی ئەو ئاگایی و مەعریفەیە نەبووم کە جیاوازی لە نێوان ڕاستڕەو و چەپڕەودا بکەم. لەو بارەیەوە توێژینەوە و بەدواداچوونێکی بەهێزم نەبوو. بەڵکو تەنگژەی ڕۆحی زۆر سەرقاڵی دەکردم. کاتێک بە دووڕیانی نێوان ئایین و فەلسەفە گەیشتم زۆر خراپ شۆک بووم. زۆر دواتر دەرکم بەوە کرد کە جیاوازیی نێوان کۆمەڵگەی نەریتی و کۆمەڵگەی مۆدێرن لە پشت ئەو شۆکەوە بوو. چونکە قوڵبوونەوە سەبارەت بە ئایین لە قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندییشدا هەر بەردەوام بوو. هەروەها ئاشنای پەرتووکەکانی سەید

قوتبیش ببووم، بەڵام کاریگەرییەکەی لەسەر من لەو ئاستەدا نەبوو تەنگژەکەم بڕەوێنێتەوە.

١٩٧٠ ئەو ساڵە بوو کە خوێندنگام تەواو کرد و لە ئامەد (دیاربەکر) وەک فەرمانبەری دەوڵەت دامەزرام. لێرەدا ئاشنای مووچەی مانگانە و بەرتیل بووم. بەو بەرتیلەی کە یەکەم جار پێیاندام دووچاری لەرز و شڵەژان هاتم. کاتێک قایەپنار (پەیاس) هێشتا گوند بوو، لە ئاکامی ئەو واژۆیەی لە بەرژەوەندیی لادێییەکان خستمە سەر کاغەز، هێندەی بیرم بێت، چوارهەزار لیرەی ئەو کاتەیان خستە گیرفانمەوە. ئەو شەوە شڵەژام. چونکە پرەنسیپە ئەخلاقییەکەم بەرتیلی پەسند نەدەکرد. بەڵام دەستبەجێ ڕێگەچارەیەکم بۆ دۆزییەوە. بیرۆکەی بەکارهێنانی ئەو پارەیە بۆ ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوو (پەیوەست بە کوردایەتییەوە) وەک چۆن شڵەژانە ئەخلاقییەکەی تێپەڕاند، بەمجۆرە لای من ئەخلاقیتر بوو. چونکە ئامانجی مەزن ئامانجە بەرتەسکەکەی تێپەڕاند. لەو سۆنگەیەوە، بە کاریگەریی کەش و هەلومەرجەکانی شارەوە مەیلم بەرامبەر بە کوردێتی زیادی دەکرد. ئەوەش چیرۆکی یەکەمین پاشەکەوتم بوو سەبارەت بە کوردایەتی. لە هەمان کاتدا ڕووداوێک بوو کە ماهیەتی کەسایەتیمی پیشان دەدا. هێندەی دێتەوە یادم هەر لە یەکەم ڕۆژانی منداڵیم لە ئاستی نەخۆشیدا عەشقێکم بۆ کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەبوون هەبوو. بۆ نموونە، لە کاتێکدا هیچ حەزم لەوە نەدەکرد دایکم و خزمەکانم لە باوەشم بگرن، بەڵام هەڤاڵێتی و دۆستایەتیکردنی خانەوادە ڕەقیبەکانمان لای من زۆر سەرنجڕاکێش بوو. حەسەن بینداڵ کە یەکێک لە شەهیدە مەزنەکانمانە، هەڤاڵێکی لەم جۆرەم بوو. ڕێساکە بۆ کچانیش بە هەمان شێوە بوو. بەڵام هەستم بەوە کردبوو کە لەو بوارەدا پەیوەندیبەستن لەگەڵ ژنان سنووردارە. وێڕای ئەمەش لە بیرمە کە بەردەوام قەدەغەکانم دەشکاند.

ساڵی ١٩٧٠ لە هەمانکاتدا ئەو ساڵە بوو کە ناوی خۆم لە کۆلێژی یاسای زانکۆی ئەستەنبوڵ تۆمار کرد. هەم فەرمانبەرێتی لە گەڕەکێکی وەک باقرکۆی کە شوێنێکی بەرچاوی ژیانی مۆدێرنیتە بوو، هەمیش ئاشنابوون بە ئەستەنبوڵ کاریگەریەکی زۆری هەبوو. ئەو کاتیش ڕۆژانی دەڤ گەنج و DDKO بوو. مەیلم بۆ هەردووکیشیان هەبوو. تەنانەت بووم بە ئەندامی فەرمیی DDKO. بیرەوەریم سەبارەت بە سیمینارێک لەوانەیە سەرەداوێک سەبارەت بە ناسنامەکەم بە دەستەوە بدات. بە ڕەفتارێکی زۆر سەیر لەو سمینارەدا گوتم دەڵێن گوایە حەزرەتی محەمەدیش گوتوویەتی: «ئەی خودایە، دەرفەتی دەوڵەتبوون بە کورد مەدە: کورد ببن بە خاوەنی دەوڵەت، تەنگ بە دونیا هەڵدەچنن.». ئەو هەڵوێستەم بووە جێی سەرنج و سەرسوڕمان. لاوان و ئەندامانی DDKO بە چاوێکی نیمچەگوماناوییەوە سەیریان دەکردم. ئەمە لە کۆمەڵەی کولتووریی خۆرهەڵات ڕوویدا. لە هەلومەرجێکی گوماناویدا گفتوگۆیەکی زۆر و درێژخایەنم کرد لەبارەی «دروستکردنی دەوڵەت لە لایەن کوردەوە مانای چییە؟»، «ئایا کاتی گوتنی ئەو جۆرە قسانە بوو؟»، «تۆ بڵێی گێرەشێوێن نەبێت؟»

یەکێکی تر لە بیرەوەریەکانی ئەو ڕۆژانە کە بە گرنگی دەبینم، سەبارەت بە دیالۆگێکە لە

نێوان من و سەرۆکی ئەو کاتەی DDKO محەمەد تویسز. ڕێکخستنێکی لە جۆری DDKO و ئەو بیر و بۆچوونانەی بەرگریی لێ دەکردن، هێندە تێرکەر و دڵنیاکەر نەبوو. هەر وەک لە مەسەلەی ئایین و دەوڵەتدا دەبینرا، بەردەوام ڕێگەم لە پێش گفتوگۆ دەکردەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی سەبارەت بە پرسی کورد لە دۆخی شاگرددا بووم، لە گفتوگۆکاندا هێزی پێشنیازکردنم پەرەی نەسەندبوو. دیار بوو سەرنجی سەرۆکە بەئەزموونترەکەم بە لای خۆمدا ڕاکێشابوو، هەر بۆیەش بەردەوام دەهاتە لام و دەیگوت: «ئاپۆ پێشنیاز بخەڕوو، پێشنیاز!» (پەیڤێکە هیچ کاتێک لە بیرم نەکردووە و هەوڵم داوە پێویستییەکانی بەجێ بێنم)، ئەوەش سەرنجڕاکێش بوو. ئەویش هەر وەک فائیق بوجاقی سەرۆکی ئەوکاتی PDK، لەژێر ناوی ناکۆکیی خانەوادەییدا لە لایەن کۆنترگەریلاوە کوژرا. هەروەها هێشتا لە یادمە: کاتێک کودەتای ١٢ی ئادار ڕووی دا، مووسا عەنتەر لە ڕێگەی گرووپێکی بچووکی لایەنگری خۆیەوە، بە ئێمەی گوت «ئەوان تووشی بەڵای خۆیان بوون، با ئێمەش خەریکی کار و یەکێتیی خۆمان بین.» لەوانەیە هەڵوێستەکەی ناسیۆنالیستانە بووبێت، بەڵام زۆر مانادار بوو. ئیتر گەردەلوولی ١٢ی ئادار دەستی پێکردبوو.

یەکێک لە دوایین بیرەوەریەکانم لە ئەستەنبۆڵ سەبارەت بە کۆبوونەوەیەکە لە هۆڵی ماچکای ITU (زانکۆی تەکنیکیی ئەستەنبۆل). هەرچۆنێک بێت، جێگەی خۆم لە هۆڵی کۆبوونەوەکەدا کردەوە. هۆڵەکە زۆر قەرەباڵغ بوو. یەکێک لە کۆبوونەوە هەرە گرنگ و هەستیارەکانی دەڤ گەنج بوو. لەناکاو ماهیر چایان، یوسف کوپەلی و مونیر ڕەمەزان ئاکتۆلگا (لەوانەیە ئاکتۆلگا هەڵە بێت، لەوانەیە ڕاستەکەی سینان کازم ئوزودۆغرو بێت) هاتنە ناو هۆڵەکەوە. ماهیر ڕێبەریان بوو. بە شێوازێکی شۆڕشگێڕانە مایکرۆفۆنەکەی گرت و گوتەیەکی درێژی پێشکەش کرد. لە گوتەکەیدا ئەوانەم لە یاد ماوە: «ڕیڤیژیۆنیزم مەترسییەکی جدییە و مارکسیزمی هەژاندووە؛ وەک سەرجەم پرسەکان سەبارەت بە پرسی کوردیش (یەکەم جار بوو گوێم لێ بێت ناو بۆ پرسەکە دادەنرێت) هەڵوێستیان هەلپەرستانەیە. پرسی کورد مەسەلەی دەستنیشانکردنی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکانە. ئەگەر کوردان بیانەوێت، دەتوانن مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ پەیڕەو بکەن. ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر شانی ئێمەی مارکسی، پشتگیریکردنی تێکۆشانی کوردانە لەپێناو بەدەستهێنانی ئەو مافەیاندا». هەڵبەتە ئەو تێڕوانینە تێبینی و هەڵوەستەیەکی جدیی لای من دروست کرد. نموونەیەکی ڕاستەقینەی شۆڕشگێڕی بوو. شۆڕشگێڕێک بوو بە واتای وشە گوتە و کرداری یەک بوون. ئاشکرایە ئەو کەسایەتییە بوو کە زۆرترین کاریگەریی لەسەرم هەبوو. لە قووڵاییەوە هاوسۆزیی لا دروست کردبووم. لەو ماوە کورتەدا بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا ڕوونی کردەوە کە پێویستە سەبارەت بە ناسنامە کۆمەڵایەتییەکەم چی بکەم و بە چ ناسنامەیەکەوە بجووڵێمەوە کە گرنگییەکی چارەنوسسازی بۆ من هەبوو. لە هەمان ساڵدا لەگەڵ هاوڕێکەی، حوسێن جەواهیر، لە ماڵتەپە بەرخودانێکی شکۆداریان بەرامبەر بە هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت کرد، بە بریندار دەسگیرکرا، دوای ڕفاندنی لە زیندان و لە ٣٠ی ئاداری ١٩٧٢ لە قزلدەرە لەگەڵ هاوڕێکانی

شـەهید بـوو؛ ئەمانـە بـوون بـە بـەردی بناغـەی هەنگاونانـم بـۆ ئـەو ژیانـەی بـە شۆڕشـگێڕی نـاو دەبرێـت. ئەگـەر بمەوێـت لـە بەرامبـەر خـۆم و کۆمەڵگەکەمـدا بـە ڕاسـتگۆیی و دڵسـۆزیی بمێنمـەوە، ئـەوە جگـە لـەوەی لەسـەر بنەمـای ئـەو بناغەیـە درێـژە بـە ڕێگـەی خـۆم بـدەم، هیـچ چارەیەکـی دیکـەم نییـە.

هەنگاوەکـەی ماهیـر چایـان و هەڤاڵانـی ڕۆڵێکـی گرنگیـان بینـی کـە کـۆی نمرەکانـم لـە نـاو بیسـت کەسـی یەکەمـدا بێـت و نـاوی خـۆم لـە کۆلێـژی زانسـتە سیاسـیەکانی ئەنقـەرە تۆمـار بکـەم. کاتێـک ماهیـر چایـان و نـۆ کـەس لـە هاوڕێکانـی لـە قزلـدەرە کـوژران، پێشـەنگایەتیی بایکۆتەکـەی کۆلێـژی زانسـتە سیاسـییەکانم کـرد. هـەر بۆیـەش قۆناغێکـی زیندانـم تێپەڕانـد کـە لـە ٧ی نیسـان دەسـتی پێکـرد و حـەوت مانـگ بـەردەوام بـوو. بـەڵام بـە هـۆی نەبوونـی بەڵگـەی پێویسـت، تەنهـا سـزایەکی کورتخایەنـی زیندانیـم لـە لایـەن ڕائیـد باقـی توغـەوە بـۆ بڕایـەوە کـە یەکێـک لـەو دادوەرانـە بـوو کـە سـزای لەسێدارەدانی بـۆ دەنیـز گێزمیـش و هاوڕێیانـی بڕیبوویـەوە (لـەو بڕوایـەدام کاتێـک لەگـەڵ دۆغـان فرتنـەی ئەندامـی THKP-C بەیەکـەوە دەسـتگیر کرایـن، دەبوایـە بـە هـۆی ئەندامێتیـی ڕێکخسـتنەوە سـزای ١٥ سـاڵ زیندانیـمان بەسـەردا بسـەپێنن. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی باوکـی ئـەو یەکێـک لـە دادوەرە (ئاڵبای)کانـی ئـەو قۆناغـە بـوو، ڕزگارمـان بـوو) هـەر بۆیـەش سـزایەکی چەنـد مانگـی بـۆ بڕیبووینـەوە. وەک بەرگوێـم کەوتـەوە، دواتـر باقـی تـوغ لەبـەر ئـەو کارەی خـۆی خەمگیـن بـووە و پەشـیمان بووەتـەوە. سـاڵی ١٩٧٢ بـووم بـە لایەنگـری (بـەرەی پارتـی ڕزگاریـی گەلـی تورکیـا) THKP-C. تەنانـەت لـە دەروازەکانـی ئەندامێتیـدا بـووم. بگـرە بـە شـێوەیەکی کرداریـی بـە ئەندامیـش دادەنـرام. بـەڵام بـە هـۆی ئـەو پەرتەوازەیـی و پاکتاوکارییـەی THKP-C دوای دەسـتگیرکردنەکان و کۆمەڵکوژیـی قزلـدەرە دووچـاری هـات، ئێمەی لـەو نێوەندەدا هێشـتبوویەوە.

لـە سـەرەتاکانی سـاڵی ١٩٧٣ لـە تـەوەرەی تێـزی «کوردسـتان کۆڵۆنییـە» ئامادەکاریـی دامەزراندنی گرووپێکـم دەسـت پێکـرد. ئیـتر دروسـتکردنی ڕێکخسـتنێکی جیـاوازم بـە زەرورەتێـک دەبینـی. بـەڵام لـە تـەوەرەی هەڵوێسـتێکی ناسیۆنالیسـتانەدا نەبوویـن. حەقـی قـەرار لـە ڕیـزی یەکەمـی ئەوانـەدا بـوو کـە لەگەڵـم بـوون. ئـەو هەڤاڵـە خەڵکـی ناوچـەی ئولوبەیلـی سـەر بـە ئـۆردووی دەڤـەری قەرەدەنیـز بـوو، لـە ڕاسـتیدا یەکێـک لـەو کەسـانە بـوو کـە لـە هەڵوێسـت نیشـاندانی منـدا ڕۆڵێکـی لەپێشـی هەبـوو. یەکەمیـن و دواتریـن بوویـەری لەهۆشـخۆچوونم کـە ئامـاژەم بـۆ کـرد، لای ئـەو هەڤاڵـە ڕووی دا. ئاشـکرایە کـە هەڤاڵێتیـی سـەردەمی لەدایکبوونـە فیکرییـە شـکۆدارەکان گرنگییەکی مێژوویـی هەیـە. تـا سـەرەتاکانی ١٩٧٥ بەبـێ ئـەوەی پەنـا بـۆ هیـچ ماتریاڵێکـی نـووسراو ببەیـن، وەک بڵێـی نهێنییـەک دەدرکێنـم، بـە شـێوەیەکی نهێنـی و شـێوازێکی زارەکـی پڕوپاگەنـدەی گرووپـم دەکـرد. هـەر وەک باسـم کـرد، لـە سـاڵی ١٩٧٥ یەکەمیـن ڕەشنووسـی نووسراومـان ئامادەکـرد: لـە ماڵێکـدا کـە تەنیـا مـن و هەڤـاڵ محەمـەد خەیـری دورمـوش بوویـن، مـن لەسـەر پێیـان بـە زارەکـی دەمگـوت و ئەویـش بـە خامەکـەی دەینووسـیەوە. ئـەو ئاخافتنـە ڕەشنووسـی گەڵاڵەیـەک

بـوو سـەبارەت بـە هەڵسـەنگاندنی حەقیقـەت و واقیعـی کوردسـتان. ڕەشنووسـێکی درێژمـان ئامـادە کردبـوو، بـەڵام ئەگـەر لێکۆڵینـەوەی لەبـارەوە بکرێـت، دەبینرێـت کـە کارێکـی تێروتەسـەلە. هـەوڵ درابـوو شـیکارییەکی ڕەوشـی جیهـان و هەلومەرجـە هەرێمـی و خۆجێییـەکان بکرێـت کـە گـرووپ پشـتی پـێ دەبەسـت. بەگوێـرەی قۆناغـی خـۆی، ئـەو ئاسـتەی پێـی گەیشـتبووین، بـۆ چوارچێوەیەکی تیـۆری بـەس بـوو. بـە پێچەوانـەی مەزەندەکانـەوە، گرووپەکەمـان خاوەنـی تێروتەسـەلترین مۆتیـڤ و ئامادەکاریـی ئایدیۆلـۆژی بـوو. بـە واتایەکـی تـر، ئـەو گرووپـەی بـە لایەنـی چالاکییـەوە ئەسـتێرەی درەوشـابوویەوە، ئیـتر لەمیانـەی تێـزە بەهێزەکانیشـیەوە جیاوازیـی خـۆی لەگـەڵ گرووپەکانـی دیکـە زیاتـر دەکـرد. زیاتـر وەک گرووپێکـی باوەڕمەنـدان وابوویـن.

نووسینەوەی فیکرێـک لـە لەدایکبوونـی منداڵێـک دەچێـت. سـەرەکیترین گرفتـی دواتـر، کـە هەزار هێنـدەی گەورەکردنـی منداڵێـک لـە بـواری بایۆلـۆژی و کۆمەڵایەتییـەوە زەحمەتـە، گەورەکردنـی هـزرە لـە بـواری سیاسـی و کردارییـەوە و پێگەیاندنیەتـی. لـە دیرۆکـی هـزر و چالاکیـی سیاسـیدا گەواهیـی هـەزاران نموونەیـن کـە بـە باشـی لـە دایـک بـوون، بـەڵام لـە تەمەنێکـی پێشـوەختدا مـردوون. زۆر کەمیـان توانیویانـە سـەرکەوتوانە پـێ بگـەن. قۆناغـی ساڵانی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ لـە بـواری چالاکـی یـان کرداریـدا بـە ئەزموونـی ADYOD (کۆمەڵـەی دیموکراتـی خوێندنـی بـاڵای ئەنقـەرە) تێپـەڕی. ئەرکێکـی هەسـتیاریی لـە جـۆری سـەرۆکایەتیی کۆمەڵەکـەم گرتبـووە ئەسـتۆ. یەکەمیـن ئەزموونـی جدیـی هـزرە تیۆرییەکـەم بـوو. ئەنجـام، دابڕانـی سـتراتیژی بـوو لـە چەپـی تـورک. لـە سـاڵی ١٩٧٦دا لەگـەڵ گرووپێـک لـە هەڤاڵـی بـە ڕەچەڵـەک تورکیایـی (حەقـی قـەرار- چەرکـەس، کەمـال پیـر- لاس و دوڕان کاڵـکان- تورکـمان) بەیەکـەوە لـە چەپـی تـورک دابڕایـن. تیۆریـی گرووپیـش بـۆ ئـەوە لەبـار و گونجـاو بـوو. ئـەوە بۆچوونمـان بـوو: چەپـی تـورک کـە لەژێـر چەپۆکـی شـۆڤێنیزمی کۆمەڵایەتیدایـە، تەنهـا لەمیانـەی پەرەپێدانـی بزووتنـەوەی ڕزگاریـی نیشـتیمانیی کوردسـتانەوە دێتـەوە هـۆش خـۆی. ئـەو گوتەیـەی هەڤاڵ کەمـال پیریـش زۆر بـاش دۆخەکـەی پوخـت دەکـردەوە کـە دەیگـوت: «ڕزگاری گەلـی تـورک بـە ڕزگاریـی گەلـی کـورددا تـێ دەپەڕێـت.»، مێـژووش ڕاسـتی و دروسـتی ئـەو بۆچوونـەی ئـەوی سـەلماندووە.

لـە سـاڵی ١٩٧٧ بـە گەشـتێکی پروپاگەندەیـی سـیمبۆلییەوە هەنـگاوم بـۆ کوردسـتان نـا. لـە هۆڵـە گەورەکـەی ژووری بیناسـازانی ئەنقـەرە، بـۆ یەکـەم جـار لـە مانگـی ئـاداردا تێزەکانـی خۆمـم بـۆ گرووپێکـی قەڵەباڵـغ بـاس کـرد. دواتـر لەگـەڵ نەجاتـی قایـای خەڵکـی ئاگـری (تاشـلی چـای) کـە گوایـە دەسـتبەرداری ئەفسـەریی فڕۆکەوانـی (مولازمـی یەکـەم) ببـوو و لـە کۆلێـژی زانسـتە سیاسـییەکان دەیخوێنـد- دەسـتم بـە گەشـتەکە کـرد. ئاگـری و دۆغوبایەزیـد وێسـتگەی یەکەمـم بـوون. خاڵێکـی گرنـگ کـە لێـرەدا پێویسـتی بـە ئاماژەکـردن هەیـە، سـەبارەت بـە ناسـنامەی نەجاتـی قایایـە. چونکـە دواتـر گفتوگۆیەکـی زۆر لەبـارەی ئەگـەری سـیخوڕێتیی ئـەوەوە کـرا. بەگوێـرەی ئـەو زانیاریانـەی لـە ئـارادان گوایـە کاتێـک لـە ئەنتاڵیـا سـەرقاڵی بەکارهێنانـی فڕۆکـەی دەرمانرشـێنی کشـتوکاڵی بـووە، بـە هـۆی کەوتنەخـوارەوەی فڕۆکەکەیـەوە مـردووە! پەیوەندییەکـەی لەگـەڵ منـدا

بێ کێماسی بوو و مرۆڤێکی زۆر بەدسپلین بوو. لە سەری ساڵی ۱۹۷۷دا یەکەمین کۆبوونەوەی جدیی خۆمان لەماڵی ئەودا کرد. لەو کۆبوونەوەوە گرنگەی شانبەشانی کادیرەکانمان لە ئەنقەرە بانگهێشتی نوێنەرەکانی کوردستانیشمان کردبوو، وەک ڕێوشوێنێك بەرامبەر هەر ئەگەرێک کە ڕوو بدات، دەرگای سۆپاکە کراوە بوو. لە دۆخی هێرشی پۆلیسدا کاغەزەکانی کۆنووسمان دەخستە ناو سۆپاکە و لەناومان دەبرد. وەکوتر، هیچ بەڵگەیەکی دیکەی نووسراویشمان نەبوو. دیسان هێندەی بە بیرم دێتەوە، لە هەمان کۆبوونەوەدا نەجاتی قایا لە کاتی نانخواردندا خوێدانەکەی بە دەستەوە گرتبوو و قسەیەکی کرد کە مانای «چۆلەکەکان ڕاو دەکرێن و دەبرژێنرێن، بەو خوێدانەش خوێیان پێدا دەکرێت و دەخورێن» دەبەخشی. ئەوکاتە هیچ مانایەکم پێ نەدابوو. دواتر لەگەڵ هەڤاڵ کەمال پیر بە سووربوونەوە پێشنیازی بڕینی بانک و ڕفاندنی سەبیحە گۆکچەنیان کرد (یەکەم فڕۆکەوانی ژن، کچی مەعنەویی مستەفا کەمال). لەبەر دوو هۆکار ڕێگام بەمجۆرە چالاکیانە نەدەدا: لەبەر ئەوەی ئەو ڕووداوەم لە بیر بوو کە چۆن نەقیب ئەلیاس ئایدن لە ڕێی چالاکییە گێرەشێوێنییەکانەوە ماهیر چایان و هاوڕێکانی ئاڕاستە کردبوو، هەروەها لەو بڕوایەدا بووم کە دۆخی گرووپەکەمان بۆ ئەوە لەبار نییە. ئەگەر ئەو چالاکییانە بکرانایە، لەوانە بوو ببوایە بە هۆکاری لەناوچوونمان؛ بە لانی کەمەوە قۆناغێک بە شێوەیەکی جیاوازتر کۆتایی پێدەهات. لێرەدا هەڵوێستی بەتەگبیرم لە جێگەی خۆیدا بوو.

هەروەها بەو پارەیەی گوایە بە هۆی تەزمیناتەوە بە دەستی هێناوە، نەجاتی قایا مەسرەفێکی باشی بۆ گرووپەکەمان دەکرد. خۆی تایبەت جارێکیان پێی گوتم: «تەنها تۆ فەرمان بکە، لەو نهۆمەی چوارەمەوە بە تەقلە خۆم هەڵدەدەمە خوارەوە.» یەکێک بوو گوتەی خۆی نەدەخواردەوە، لەوانەیە جێبەجێشی بکردایە. خۆشی بەشداری یەکەمین و فراوانترین کۆبوونەوەی گەشتەکەی کوردستانم بوو کە لە بناری چیای ئاگری کردمان. دوای ئەوە ڕۆیشت و لە یەکتر دابڕاین. ئەگەر بە هەڵەدا نەچم، وا بزانم یان هیچ نەمبینییەوە، یان زۆر دەگمەن چاوم پێی کەوت. لە قۆناغی چوونەدەرەوەمدا هەوڵێکی زۆری دابوو تا چاوی پێم بکەوێت. مسۆگەر دەیویست ببینێت. تەنانەت لەو پێناوەدا چووبووە گوند بۆ ماڵەکەمان. دوای دەرکەوتنمان لە وڵات و چوونەدەرەوە، کاتێک هەواڵی مردنیم بیست، خەمگین بووم. ئەوکاتە گفتوگۆیەکی زۆر لەبارەی سیخوڕبوونی یان نەبوونیەوە کرا، لە میدیاکانیشدا ڕەنگی دایەوە. منیش لەبەر ئەوەی ئەندێشە و گومانم هەبوو، لە بەرامبەریدا زۆر بەتەگبیر ڕەفتارم کرد. بە کورتی، ئەگەر سیخوڕ نەبووبێت و تەنانەت سیخوڕیش بووبێت، بەڵام بە ئەنقەست پێویستییەکانی جێبەجێ نەکردبێت، پێویستە وەک کادیرێکی بەهاداری قۆناغی گرووپ لە قەڵەم بدرێت. بەهایەکە پێویستە شایەن و ئیعتیباری بۆ بگەڕێنرێتەوە. ئەگەر ئەندامێکی کۆنترگەریلا بووبێت، بەڵام پیلاننامەکەی سەرکەوتوو نەبووە و نەیتوانیوە جێبەجێی بکات، ئەوا هەڵوێست و ڕەفتاری بەتەگبیرم ڕۆڵی لەوەدا بینیوە.

کاتێـک دوای کۆبوونەوەکـەی ئەنقـەرە لـە گەشـتەکەی کوردسـتان هێڵـی ئاگـری، بایەزیـدی خۆرهـەڵات، قـارس، دیگـۆر، دێرسـیم، بینگـۆل، ئـەلازخ، ئامـەد، مێردیـن، ڕوهـا و دیلۆکـم تـەواو کـرد، لـە بیرمـە هەسـتێکی وام لا دروسـت بـوو وەک بڵێـی هەڵمەتێکـی ڕاسـتەقینەی مەیدانـی شـەڕم ئەنجامـداوە. ئاخافتنەکانـی ئـەو گەشـتەم نووسرانـەوە. ئەگـەر لێـی بکۆڵرێتـەوە، دەبینرێـت کـە دۆخـی پەرەپێـدراوی ئـەو گەلاڵەیەیـە کـە بـە زارەکـی گوتبـووم و هەڤـاڵ خەیریـش نووسـیبوویەوە. بـە درێژایـی چەنـد سـاڵێک ئـەو ئاخافتنانـە بـوون بـە خۆراکـی ئایدیۆلۆژیـی گـرووپ. واتـە ئـەو کارەی گرووپەکانـی دیکـە لـە ڕێگـەی ڕۆژنامـە و گۆڤـار دەیانکـرد، مـن لەمیانـەی ئـەو ڕێبـازەوە وەک ڕۆژنامـە و گۆڤـاری گـەڕۆک دەمکـرد. قۆناغـی دواتـر قووڵکردنـەوەی ناوەڕۆکـی ئـەو ئاخافتنانـە بـوو. لـە سـاڵی ۱۹۷۸دا لـە ڕێگـەی ڕۆژنامـەی سـەرخۆبوونەوە (واتـە سـەربەخۆیی خـود، سـەربەخۆبوون لـە وشـەی خۆییبـوون ـەوە نزیکـە) هەنگاومـان بـۆ قۆناغـی نـووسراو نـا. لـە یەکـەم ژمارەیـدا وتـاری «ڕێگـەی شـۆڕشـی کوردسـتان» بـڵاو کرایـەوە کـە هاوینـی ۱۹۷۸ نووسـیبووم و بـە نـاوی «مانیفسـت» ناسرابـوو.

لـە ئەنقـەرە هێشـتا چەنـد ڕۆژێـک بەسـەر تەواوبوونـی گەشـتەکەمدا تـێ نەپەڕیبـوو کـە هەواڵـی شـەهیدبوونی هەڤـاڵ حەقـی قـەرارم لـە دیلـۆک (عەنتاب)ـەوە پـێ گەیشـت. دەتوانـم بڵێـم کـە بەرامبـەر بـەو هەواڵـە داڕووخـام. دڵنیـا بـووم کـە زەبرێکـی زۆر جدیـمان بەرکەوتـووە. بـەڵام ئـەوەی گرنـگ بـوو وەڵامێکـی ڕاسـت بوو بۆ یادەکـەی. خۆم نەمتوانی بەشـداریی مەراسـیمی بە خاکسـپاردنی بکـەم. بـەڵام دواتـر لـە شـارۆچکەی ئولوبـەی سـەر بـە پارێـزگای ئـۆردو سـەردانی گڵکۆکەیـم کـرد. ئـەو پەیمانـەی لەسـەر بنەمـای وابەسـتەبوون بـە یادەکەیـەوە دام، ئاڕاسـتەکردنی گـرووپ بـوو بـەرەو قۆناغـی پارتیبـوون. لـە پاییـزی هەمـان سـاڵدا خـۆم دەقـی ڕەشنووسـی بەرنامەکـەی پارتـم ئامـادە کـرد. ئـەو کارەی دەمکـرد، بەردەوامیـدان بـوو بـە شـوێنپەنجەی شـەهادەتێک کـە لـە گەڕەکێکـی کەنـاری دیلـۆک ڕووی دابـوو.

لـەو نێوانـەدا دوو ڕووداوی دیکـەی گرنـگ لـە ژیانمـدا ڕوویـان دا کـە وەک دوو بوویـەری پەیوەسـت بـە ژیانـی تایبـەت دەبینرێـن، بـەڵام لـە ناوەڕۆکـدا مانایەکـی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـییان هەیـە. یەکەمیـان، کۆچـی دوایـی باوکـم بـوو لـە سـاڵی ۱۹۷٦دا. کاتێـک لـە ئەنقـەرە هەواڵـی کۆچـی دوایـی باوکـم بیسـت، ئـارام بـووم، لـە یـادم نییـە کـە ئەوکاتـە گریابـم. بـەم جـۆرەش، پێشـبینیەکەی بـەدی هـات کـە گوتبـووی: «کـە مـردم فرمێسـکم بـۆ نارێـژن.» لـەو بڕوایـەدام کـە ڕۆحـی ئـەو زەمەنـەی خوێندبوویـەوە. ئامـاژەی بـۆ حەقیقەتـی مۆدێرنیتـە دەکـرد. هێنـدەی ناکۆکیـم لەگـەڵ دایکـم، ناکۆکیـم لەگـەڵ ئـەو نەبـوو. گرنگتریـن ناکۆکیـم لەگەڵیـدا ئـەو ڕۆژانـە بـوو کـە یەکەمیـن جـار بەرامبـەر گونـد و خێـزان یاخـی بـووم. بـە پێچەوانـەی دەوروبـەر، هیـوای بـە مـن هەبـوو، تەنانـەت مـژدەی سەرکەوتنیشـی پـێ دابـووم. زۆر دواتـر کاتێـک ڕەوشـیم ڕاڤـە کـرد، بـۆم دەرکـەوت کـە وەک ئەندامێکـی ڕاسـتگۆ و پاکـژی نەریـت بەرگریـی لـە خـۆی کـردووە. وەک کـەس، خاوەنـی ئەخلاقێکـی ئاینیـی بەهێـز بـوو. لـە دۆخـی تاکێکـی لاوازی نەریتـی خێزانـدا بـوو کـە لـە ڕابـوردوودا

بەهێـز بـوو. هێـزی سیسـتەمی نێرسـالاریی خـۆی لـە دەسـت دابـوو. هەربۆیـە لـە نـاو خێزانـدا نفـوز و کاریگەریـی دایـک لـە پێشـتر بـوو. لێـرەوە هاوسـەنگیی نێـوان هـەردوو هێـز (دایکـم و باوکـم) دەرفەتـی هەنگاونانـی منـی ڕەخسـاندبوو. چاوەڕوانیەکانـی هـەردوو لایەنیـان لەبـارەی منـەوە کۆتایـی پێهاتبـوو. هەربۆیـە لـەو بڕوایـەدام کـە تـا ڕادەیەکـی بـاش لـە نـاو ماڵباتـدا ئازادیـی خۆمـم بـە دەسـت هێنابـوو. بـە تـەواوی نازانـم کاتێـک منیـان بـە تەنهـا ڕووبـەڕووی دونیـای مۆدێـرن هێشـتەوە -کـە دەرکیـان پـێ نەکـرد، بـە مانایەکـی تـر، هەسـتیان پـێ کـرد، بـەڵام لـە بەرامبەریـدا بێچـارە بـوون- هەسـتیان بـە چـی کـردووە. بـەڵام متمانـە و باوەڕیـان پێـم هەبـوو. هەربۆیـە پێویسـتە ئەندامێتیـی ماڵباتێکـی ڕاسـتگۆ و لاواز، بـەڵام پابەنـد بـە کەرامـەت و سـەرفرازی خـۆی بچـووک نەبینرێـت.

ڕووداوی دووەم تامەزرۆییـم بـوو سـەبارەت بـە بابەتـی ژن کـە لـەو سـاڵانەدا سـەری هەڵدایـەوە. بـەر لـە پێکهاتنـی گـرووپ، لـە هەلومەرجـی مۆدێرنیتـەدا ئـەو هێـزەم نەبـوو نزیکـی ژنێـک ببمـەوە. یەکێـک لـەو دونیایانـەی ئاشـنای نەبـووم و خۆمـم لێـی بـە دوور دەگـرت، دونیـای ژنـان بـوو. تەنهـا لـە ناخمـدا هەسـت و سـۆزێکی پلاتۆنیـم بەرامبەریـان هەبـوو کـە هەرگیـز نەدەبـوو لـە بەرامبـەر یەکێکیانـدا ددان بـەو هەسـت و سـۆزانەمدا بنێـم. هـەر لـە سـەردەمی گونـدەوە نیـگای ژنـان لـە بەرامبـەرم سـەرنجڕاکێش بـوو. بـەڵام مـن لـە ماناکـەی تـێ نەدەگەیشـتم. وەلـێ دواتـر کاتێـک ڕاڤـەم کـرد، لـەو بڕوایـەدام کـە دەرکـم بـە جیـاوازی یـان هـۆکاری ئـەو سەرنجڕاکێشـییە کـرد. ئـەوان بـە بابەخـەوە هەسـتیان بـە جیاوازییەکانـم کردبـوو. لەوانەیـە تۆزقاڵێـک هیوایـان لـە منـدا بینیبێـت. وەک بڵێـی پێـم بڵێـن: «ئـەی کـوڕەلاو، تـۆ نازانیـت دووچـاری چـی هاتوویـن. دۆخـمان زۆر جیاوازتـرە لـەوەی دەبینرێـت. ئـای ئەگـەر بەسـەرهاتەکانمان دەزانیـت! هەرچەنـدە پیاویـش بیـت، بـەڵام دیسـان جێگـەی هیوامانـی». هەسـتم بـە جوانیـی ژن دەکـرد. لـە بیرمـە کاتێـک لـە ناخمـدا هەسـتێك بـۆ کچەکوردێکـی شـۆخ دەجـوولا، داوەرییەکـی لـەم جـۆرەم کردبـوو: «تـۆ، ڕەچەڵـەک و قەومەکەشـت شـایەنی ئـەوەن شـەڕی سـەربەخۆییتان لەپێنـاودا بەرپـا بکرێـت».

لـە قۆناغـی گرووپـدا کەسـێکمان بـە نـاوی کەسـیرە یڵـدرم ناسـی کـە ڕەنگـە بـە هـۆی ئـەوەوە بووبێـت کـە هاوشـاریی هەڤـاڵ مەزڵـووم دۆغان بـوو. بە هـۆی بایەخ پێـدان و مەیلەکەی، ئەویشـمان بـە ئەندامێکـی گـرووپ دانـا. هیـچ شـتێکم لەبـارەی ژیانـی ڕابوردوویـەوە نەدەزانـی. بـەڵام بـە هـۆی بیرکردنـەوەم لـەو ڕۆڵـە ئـاوەژوو و نائاسـاییەی (تێکدانـی دسـپلین و ڕێکوپێکیـی گـرووپ) لەوانەیـە بـە شـێوەیەکی بابەتـی ببینێـت، هـەر لـە سـەرەتاوە ئەندێشـە و نیگەرانیـم هەبـوو. ئـەو هێـزەم نەبـوو بتوانـم کۆنترۆڵـی بکـەم. هەربۆیـە لەپێنـاو سـەلامەتیی گرووپەکەمـان، بـە پێویسـتم بینـی پێشـنیاز بکـەم تـا پەیمانـی هاوسـەری لەگـەڵ یەکێـک لـە هەڤـاڵان ببەسـتێت (هەرچەنـدە ئەمـە شـوێنپەنجەی نەریتـی و محافەزەکاریـش لـە خـۆ بگرێـت) -دەیتوانـی لەگـەڵ مـن یـان هـەر یەکێـک لـە ئەندامانـی گـرووپ پەیـمان ببەسـتێت- لـە ڕاسـتیدا چـاوەڕوان بـووم مـن هەڵبژێرێـت. ئـەو ژنـە خـاوەن کەسـایەتییەکی فێڵبـازی ڕێـوی ئاسـا بـوو. لـە کرۆکـی بابەتەکـە تێگەیشـتبوو، واتـە دەیزانـی

لـەو ڕێگەیـەوە هەوڵـی کۆنترۆڵکردنـی دەدەم. بۆیـە یەکێکـی تـری هەڵبـژارد. غـروری نەریتیـی منـی شـکاند، بـەڵام بێدەنـگ بـووم و هیچـم نەگـووت. ناڕەزایـی دەربڕینـم شـایەنی کەسێتیی خـۆم نەبینـی. دیسـان بـە دوعایەکـمان گـوت ئامیـن کـە سـەری نەدەگـرت. پەیوەندییەکـەی بـەردەوام نەبـوو، ڕاسـتییەکەی، نەیتوانـی درێـژەی پـێ بـدات. کاتێـک دووبـارە بـۆ پەیوەنـدی بەسـتن لەگەڵیـدا چوومـە پێشـەوە، هـەم خـۆم زۆر شـپرزە ببـووم، هـەم ئەندامێکـی زۆر هێـژای گرووپەکەمـان لـە دەسـت دابـوو.

ئیـتر دۆخـە سـۆزدارییە خرۆشـاوەکەم دەبـوو بـە گرفتێکـی جدیـی. بـەڵام لـە ڕاسـتیدا بـە بایەخـەوە هەوڵـم دەدا کـە گرفتەکانـم لای گـرووپ، یـان پـارت و HRK (هێـزی ڕزگاریـی کوردسـتان) ڕەنـگ نەداتـەوە. ئـەو قەیرانـەی لـە کۆتاییەکانـی سـاڵانی ١٩٦٠ــەکاندا سـەبارەت بـە دەسـتەواژەی خوداوەنـد دووچـاری هاتـم، لـە ئاسـتی ئـەو ژنـەدا دووبـارە بوویـەوە؛ بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان، جێـی ئـەوی گرتـەوە. هۆکارەکانـی نزیکبوونـەوەی ئـەو ژنـەم لـە گرووپەکەمـان نەدەزانـی. لـەو بڕوایـەدا نیـم مەیلێکـی زایەندیـی هەبووبێـت. لـە بـواری مەیلـی زایەندیـی و سێکسـییەوە کەسێکی زاڵ بـوو. لـەو لایەنـەوە بـە هەڵـەدا چوبـووم. سـەرەڕای نەبوونـی ئـەو هێـزەی بـە دەسـتی بێنـم، بـەڵام دیسـان پێداگریـم کـرد. پەیوەندییەکـەم لەگەڵیـدا تـا ئاسـتی هاوسـەرگیرییەکی ڕووکەشـی و یەکلایەنـە بـرد. لـە سـەرەتای هاوینـی سـاڵی ١٩٧٨دا بـە کارتـی هاوسـەرگیرییەوە بـۆ یەکـەم جـار بـە فڕۆکـە لـە ئامـەد دابەزیـم. لەوانەیـە لـە مێـژووی پەیوەندیـی نێـوان مرۆڤـدا کەسێک بووبـم کـە سـەیرترین و خراپتریـن مانگـی هەنگوینـی بەسـەر ببـەم. کاتێـک ژنـە دەبـوو بـە قاڵبێـک سـەهۆڵ، هیـچ دەرفەتێکـی چارەسـەریی نەدەمـا. لـە دۆخێکـدا نەبـووم دەردی خـۆم بـۆ کـەس بەیـان بکـەم. چونکـە خـۆم تاکـە بەرپرسـیار بـووم. هەروەهـا لـەو پەیوەندییـەدا ژنـەش بەرپرسـیار نەبـوو. ئیـتر چیـم چاندبـوو ئـەوەم دەچنییـەوە. لـە ڕاسـتیدا هیـچ زانیـاری و مەزەنـدە و چاوەڕوانییەکـم نەبـوو کـە ناسـنامەیەکی لـەم جـۆرەی ژن هەبێـت. ژنـە بـە گشـت مەکربازیـی و خەسـڵەتە گورگانەکەیـەوە لـە بەرامبـەرم بـوو. لـەو بڕوایـەدام کـە سـەبر و ئارامییەکـی لـەم جـۆرە لـە نێـوان دوو مرۆڤـدا بوونـی نییـە کـە مـن بـە درێژایـی دە سـاڵ پیشـانم دا، تـا ئـەو کاتـەی لـە هاوینـی سـاڵی ١٩٨٧دا بـە ئیـرادەی خـودی خـۆی لـە بزووتنەوەکەمـان دابـڕا. ئەزموونێکـی زۆر سـەیر و سەرسـووڕهێنەر بـوو.

بـە سـاغی ڕزگاربـوون لـەو پەیوەندییـە، دەبێـت وەک موعجیزەیـەک ببینرێـت. زەحمەتییەکـە لـەوەوە سـەرچاوەی دەگـرت کـە توانیـم کەسـایەتیی خـۆم بەرامبـەر ئـەو گۆڕانکارییانـە لەسـەر پێیـان بهێڵمـەوە کـە لـە کولتووری خۆرهەڵاتـی ناویندا سـتاتۆی ژن سـەراوبن دەکات. چونکـە شـەڕ و تەڵاقـدان هەرگیـز نەدەبـوون بـە چارەسـەر. لەبـەر ئـەو هـۆکارە بـوو کـە دۆخـی خـۆم بەرامبـەر بـەو کەسـە بـەو تەنگژەیـە چوانـد کـە بـە هـۆی گومانەکانـم سـەبارەت بـە بـوون و نەبوونـی خوداوەنـد دووچـاری هاتـم. هەربۆیـە دەبوایـە لـە ڕووی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـییەوە ئـەو پەیوەندییـە شـیبکەمەوە. هەروەهـا ئەگـەر پـەرەم بـە شـیکردنەوەکان سـەبارەت بـە ژن نەدابوایـە، ئـەوا پەرەپێدانـی ڕێگەچارەیەکـی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـی ڕاسـتەقینەش مەحـاڵ بـوو. بـەڵام لـەو قۆناغـەدا

هێشتا هێزی شیکاریکردنم لەبارەی ژنەوە پەرەی نەسەندبوو. تەنها لە ساڵی ١٩٨٧ بەدواوە توانیم پەرەی پێ بدەم. بەڵام وەک چۆن لەمیانەی نووسینی ڕەشنووسی بەرنامەوە وەڵامی شەهیدبوونی هەڤاڵ حەقی قەرارم دایەوە، ئەوا وەڵامەکەم بەرامبەر ئەو شەڕە دەروونی و سایکۆلۆژییەش نووسینی نامیلکەی «ڕێگەی شۆڕشی کوردستان» بوو. لە هاوینی ساڵی ١٩٧٨ ئەو نامیلکەم وەک زەمینەیەکی تیۆریی بەرنامە ئامادە کرد. لە هەلومەرجێکی سایکۆلۆژیی لەو جۆرەدا نووسینی «مانیفستۆی شۆڕشی کوردستان» پێویستی بە توانا و لێهاتوورییەکی مەزن هەبوو. کاتێک باسی پەرجووم کرد، مەبەستم ئەو واقیعە بوو.

هەڤاڵان کەمال پیر، جەمیل بایک و محەمەد خەیری دورموش کە چاودێریی یەکەمین ساڵانی ئەو پرۆسەیان کردبوو و نەیاندەویست لەو بێ ئەدەبی و بێڕێزییە ببوورن کە ئەو ژنە لە بەرامبەرمدا پیشانی دەدا، هەر بۆیەش بەبێ ئاگاداریی من نیازی کوشتنیان هەبوو، بەڵام هەڤاڵ کەمال پیر بە هەڵوێستە هەڤاڵێتییە بێ هاوتاکەی لەمیانەی داوەریی: «با پەنجەی بۆ نەبەین، لەوانەیە شتێک هەبێت هەڤاڵ بیزانێت و ئێمە لێی بێ ئاگا بین»، تۆزێک دۆخەکە ڕوون دەکاتەوە. بە هۆی پەیوەندیی بەکرێگیراوی و سیخوڕیی باوکی لە سەرهەڵدانی ١٩٢٥ـەوە لەگەڵ خودی عیسمەت ئینۆنۆ، وەک لە نموونەی نەجاتی قاپاشدا بینرا، گفتوگۆیەکی زۆر لەبارەی ئەگەری سیخوڕێتیی ئەویشەوە کرا. لە ڕاستیدا نازانین، نازانم کە سیخوڕ بوو یان نا. لەو بڕوایەدا بووم کە پێویستە بە هۆی باوکیەوە حوکم بەسەر مرۆڤێکدا نەدرێت. هەڵوێستم بەرامبەر بەو ڕەخنانە بەو شێوەیە بوو «لە ناو گرووپدا ژیان لەگەڵ ژنێکی عەلەوی، چەپڕەو، بە بنەچە کورد کە بە باشی خۆی پێگەیاندووە، کۆمەکەکەی زۆر لەوە زیاترە کە لە دەرەوەی گرووپ بێت.». نەبوونی ژیانێکی سۆزداریی ئەرێنی و سەرکەوتوو لەگەڵیدا، دەبوایە ڕێگە لە پێش داوەرییەکی نەرێنی من دەرهەق بەو ژنە نەکاتەوە. بەڵکو ئەو بڕیارەی دەبوو لەبارەیەوە بدرێت، دەبوایە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکانی ڕێکخستندا بێت. تا خۆی لە ناو ڕێکخستن ڕای کرد ئەو هەڵوێستەی خۆم پاراست. بەڵام ڕوون و ئاشکرا بوو کە لە پشت منەوە تەسفییەکاریی زۆر کاریگەری کردووە و بە شێوەیەکی بابەتی ئەو ڕۆڵەی بینیوە. دەتوانین بڵێین کە خەسڵەتە باشەکانی خۆی نەختە خزمەتی ڕێکخستنەوە.

ئەگەر ویستبای یان لە بەرنامەیدا بوایە، دەیتوانی بمکوژێت. زۆر باش لە بیرمە ماوەیەکی کەم پێش ڕاکردنەکەی پێی گوتم «مەترسە، ژەهرخواردت ناکەم.» کەچی لە ڕاستیدا لە هەمان قۆناغدا چەندین سیخوڕ بە ئامانجی کوشتن بەدوامەوە بوون. بەڵام دیسان پێویستە بە تەگبیرەوە هەڵوەستە سەبارەت بە بابەتەکە بکەین. لە دوایین قۆناغی خۆیدا دوو لە شۆفێرەکانمی گەیاندە کەناری خۆکوشتن، یەکێک لەو هەڤاڵانە (فەرحان) گوتبووی «پێویستە پەلەکانی بە چوار ئەسپەوە ببەستینەوە و بە ڕاکێشان پارچەپارچەی بکەین.»، ئەوی تریش (سەبری) ڕای کرد، هەروەها تاکە هەڤاڵی ڕێگەی دەرچوونم بەرەو خۆرهەڵاتی ناوین ئەدهەم ئاکچان کە دەیگوت: «چ یارییەک لە پشت سەرۆکەوە دەکرێت.» بە هۆی ئەو ئێش

و ئازارەوە تووشی نەخۆشیی گەدە بوو و گیانی لە دەست دا. سەرجەم ئەو ڕووداوانە جێگەی تێڕامان و بیرکردنەوە بوون. لە زۆرێک لە تەسفییەکارییە هەستیارەکاندا ڕۆڵی ئەکتەری پشت پەردەی بینیوە، ئەوەش خاڵێکی گرنگە. هەروەها لەمیانەی بێکاریگەرکردنی چەندین هەڤاڵ لە ڕێگەی مەستکردن و لەهۆشبردنیانەوە ویستوویەتی بە تایبەتمەندییە بەهێزەکانی دەستەگەری و گرووپچێتییانەوە ببەستێتەوە. هەربۆیە پەیوەندی و کەسایەتییەکە تا ئێستاش پێویستی بە هەڵوەستەکردن و لێکۆڵینەوە هەیە.

کەسایەتییەکی دیکەی لەم جۆرە کە زۆر جێگەی تێبینی و سەرنج بوو، دلاوەر یلدرم بوو. هەڤاڵێکی بەرچاو و لە گەشەکردندا بوو. لە قۆناغی کودەتای ١٢ی ئەیلوولدا لە زیندان بوو. لە ناو گرووپە تێکەڵەکاندا خەباتی کردبوو. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە بە تەنها سەربەخۆ لە ڕێگەی بولگاریاوە چووبووە ئەوروپا، ماوەیەک لە ئەوروپا گەڕابوو، دواتر لە خۆرهەڵاتی ناوین هاتە لام، زۆر کەم دوو بوو، هێندەی بە بیرم دێت، جارێکیان پێی گوتم « بەم جۆرە گەڕانت مەترسیدارە.» لە کامپی بیقاعیش دوای ئەوەی دوو هەڤاڵی کچ پێی دەڵێن «تۆ چاوت بڕیوەتە شوێنەکەی سەرۆک»، دوای نووسینی نامەیەکی خوداحافیزی، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابوو. یەکێک لەو هەڤاڵانەیە کە پێویستە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت و ناسنامە ڕاستەقینەکەی ئاشکرا بکرێت.

لەسەر بنەمای بەرنامەی پارت کە بە یادی هەڤاڵ حەقی قەرار ئامادە کرابوو، لە ڕێککەوتی ٢٦ و ١٩٧٨/١١/٢٧ لە گوندی فیسی ناوچەی لیجەی شاری ئامەد کۆبوونەوەیەکی ٢٢ کەسیمان بەست کە سیفەتی کۆنگرەی دامەزراندنی وەرگرت؛ ئەوەش میلێکی دیکەی ئەو ڕێگەیە بوو کە ئیتر گەڕانەوەی نەبوو. ناولێنانی PKK و ڕاگەیاندنی، لە ڕاستیدا کۆتایی قۆناغێک بوو. چونکە ئەوەی لە هەلومەرجەکانی جیهان و تورکیا و تەنانەت لە پراکتیکی گرووپیشدا پێویستی بە جێبەجێکرن بوو، لە بنەڕەتدا جێبەجێ کرابوون. لێرەدا شێوازی شۆڕشگێڕی گرنگە. چونکە تەنها بە گوتە و تیۆری سنووردار نەبووین؛ بەڵکو ئاوێتەی چالاکی و کرداری چڕوپڕ بوو. ئەو شتەی پێویست بوو لە هەلومەرجی بابەتیی ئەو کاتەدا دەرکی پێ بکرێت، هەنگاونان بوو بە ناوی چینی کرێکار «کارکەر»ەوە لە هەناوی شار، چین و دەوڵەت-نەتەوەدا. ئاستی تیۆریی و پراکتیکی بۆ ئەو کارە گونجاو بوو. هەروەها چەندین گرووپی هاوشێوە لە ئارادا بوون. بەڵام هیچ یەکێک لەوانە هاوشێوەی ئێمە شۆڕشگێڕییەکی یەکانگیر و سەرتاسەریی لە خۆیدا بەرجەستە نەکردبوو. هەر بۆیەش هیچ ئامادەکارییەکیان لە بەرامبەر کودەتای سەربازیدا نەکردبوو و گورزی کوشندەیان بەرکەوت.

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٩دا لە دوو لایەنەوە هەوڵی گرتنەبەری ڕێوشوێنم دا. لە لایەکەوە ئامادەکاریم بۆ تێکۆشانێکی درێژخایەنی شاخ دەکرد، لە لایەکی دیکەشەوە بچمە دەرەوەی نیشتیمان و بۆرییەکی یەدەکی هەناسەدان بۆ بزووتنەوەکەمان بکەمەوە. ئەگەر لەوەدا سەرکەوتوو بین، ئەوا مانەوە و هەمیشەییبوونی بزووتنەوەکە مسۆگەر دەبێت. ئەنجامدانی

هەڵمەتـی تەکتیکیـی گونجـاو بەگوێـرەی هەلومەرجەکانـی قۆنـاغ، هێنـدەی پەرەپێدانـی سـتراتیژ گرنگـە. بـە قۆناغێکـی لـەو جـۆرەدا تێپـەڕ دەبوویـن. بانگـی هەڤـاڵ فەرهـاد قورتایـم کـرد تـا لـە مانگەکانـی سـەرەتای سـاڵدا لەگەڵـم بێـت کـە دواتـر لـە زیندانـی ئامـەد شـەهید بـوو. کاتێـک بـە ئۆتۆمبێلـە حکومیەکەیـەوە (فەرمیەکەیـەوە) بـەرەو قزلتەپـە ڕۆیشـتین، ئامێـری فۆتۆکۆپیشـمان لەگـەڵ خۆمانـدا گواسـتەوە. لـەو نێوانـەدا، نزیکـەی مانگێـک دوای کۆبوونـەوەی دامەزراندنـی PKK، کۆمەڵکوژیـی لـە شـاری مـەرەش ڕووی دا. مـەرەش دەڤەرێـک بـوو تێیـدا کاریگـەر بوویـن. لـەو ناوچەیـەی بـە ڕۆژئـاوای فـورات نـاو دەبرێـت و لـە سـاڵی ١٩٢٥ــەوە بڕیـاری تەسـفییەکردنی کـوردی لەبـارەوە دراوە و جێبەجـێ دەکرێـت، بزاوتێکـی بـە تورککـردن لـە ئـارادا بـوو. لـەوێ تـا ڕادەیـەک کوردێتیـمان زینـدوو کردبوویـەوە. بـە هەمـان شـێوە، لەمیانـەی کۆمەڵکوژییەکانـی مەڵاتیـا، ئادیامـان و ئـەلازخ وەڵامـی ئـەو هەوڵەمـان دەدرایـەوە. واتـە کۆمەڵکوژیـەکان هەوڵـی ئاسـایی و بچووکـی فاشیسـتە سـڤیلەکان نەبـوون، بەڵکـو بەردەوامیـی ئـەو جینۆسـایدە مێژووییـە بـوو کـە لـە لایـەن تـۆڕی گلادیـۆی ناتـۆوە پشـتیوانی دەکـران. لـە ڕێگـەی ڕاگەیاندنـی PKKوە لـە ئامـەد وەڵامـی ئـەو کۆمەڵکوژییانەمـان دەدایـەوە. لـەو سـاڵەی کـە کابینەکـەی بلێنـد ئەجەویـد گیانەڵـڵای بـوو، ئـەو هەنـگاوە مێژووییانـە نـران و لـە بەرامبەریشـدا کۆمەڵکوژییـەکان کـران. سـاڵێک بـوو کۆنترگەریـلا دەستپێشـخەریی گرتبـووە دەسـت. تەنانـەت هەوڵـی تیرۆرکردنـی خـودی ئەجەویدیشـیان دابـوو. کۆمەڵکوژیـی تەقسـیمیش کـە سـاڵی پێشـووتر ڕووی دابـوو، هەمـان هێـز کردبـووی.

کاتێـک گەیشـتینە ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٧٩، هەڤـاڵ ئەدهـەم ئاکچانـی خەڵکـی سروجـم ئـاگادار کـردەوە کـە ئامادەکاری بـۆ دەربازکردنـی سـنوور بـکات. چـل ڕۆژی تـەواو لـە ڕوهـا لـە چاوەڕوانیـدا بـووم. تـەواو لـە دۆخێکـی هاوشـێوەی حەزرەتـی ئیبراهیـم خەلیلـدا دەژیـام. چونکـە چەندیـن بتـی شارسـتانییەتم شـکاندبوو. لـەو ڕۆژانـەی کـە نەمـروودەکان بـە ڕق و قینـەوە وەسـتابوون، مانەوەمـان لـە شـاری نەمـرود ڕێکەوتێکـی زۆر سـەیر بـوو. لەسـەر هەمـان هەنگاوەکانـی ڕێچکـەی حەزرەتـی ئیبراهیـم هەنـگاوم دەنـا. لـە پەرتووکـی پیـرۆزدا نـاوی سروج بـە سـاروج هاتـووە. لـە هـەر هەنگاوێکـی دوای سـەرهەڵدانەکاندا ڕەوشـی هاوشـێوە لـە ئـارادا بـووە. لـەو نێوەنـدەدا چوومە سـەر قـەڵای ڕوهـا و سەرتاسـەر بـە تـەواوی قەڵاکـەدا گـەڕام. ماوەیەکـی درێـژ لای ئـەو دوو سـتوونە وەسـتام کـە بـە گوێـرەی گێڕانـەوەی ئەفسـانەکان بـە هۆیـەوە بـە مەنجەنیـق حەزرەتـی ئیبراهیمیـان فـڕێ داوەتـە نـاو ئاگـرەوە، لـە سـەیرکردنی دیمەنـی خـوارەوەی دوو سـتوونەکە بـە خەیاڵـدا چـووم. دوای چەنـد ڕۆژێـک هەڤـاڵ ئەدهـەم ئـاگاداری کردمـەوە کـە هەلومەرجـەکان بـۆ دەرچـوون لەبـار و ئامـادەن. ئـەو شـتەی بـە ئامادەکاری نـاوی دەبـرد، سـواربوونی پاسـی گوندێـک بـوو تـا بگەینـە سـنوور. سـواری پاسـەکە بـووم. لـە نێـوان لادێیەکانـدا لـە گوندێکـی سـنوور دابەزیـن. تـا ئێسـتاش بیـر دەکەمـەوە کـە سـواربوونی ئـەو ئامێـرە یـان ئامـرازەی مۆدێرنیتـە ڕاسـت بـوو یـان نـا. گرنگتریـن ئەنجـام کـە بـە دەسـتم هێنـا، ئـەوە بـوو کـە کارکـردن بـە ئامـرازە زەینـی و فیکرییەکانـی مۆدێرنیتـە، لـە سـپاردنی چارەنـووس بـە دەسـتی خوداوەندەکانـی چەرخـی کـۆن مەترسـیدارترە. لەگـەڵ دونیـا

تاریکبووندا دووەمین هەنگاوی ئامادەکاری دەستی پێکرد. ڕێزانێک بە ناوی جەنی گوتی «هایدێ!» و هەڵساین. کاتێک سەربازە زێرەڤانەکە تەلبەندەکەی هەڵگرت و گوتی: «دەی هاوشارییەکەم خێرا بە»، بە هەنگاوانێکی خێرا پێیەکانمان لە شوێنپێی هەڤاڵ ئەدهەم دادەنا و کێڵگە مینکراوەکەمان دەبڕی. ئەو ئەزموونەی بۆ ئەوانی تر کارێکی ڕۆژانە بوو، بۆ من هەم مێژوویی و هەمیش یەکەمین بوو. بگرە وەک دۆنکیشۆتیش چەکدار نەبووم. کاتێک هەوڵمدەدا وڵاتێک بهێنمەوە سەر بڕواو ئیمان کە هەزاران ساڵ بوو لە لایەن نەمرودەکانەوە داگیرو تالان دەکرا، هەڤاڵ ئەدهەم تاکە یاریدەدەرم بوو. مەسەلەکە پەیوەندی بە گەلێکەوە هەبوو کە بە کەناری قڕکردن، نکۆڵی و لەناوچوون گەیەنرابوو. ئەو گەلە دووچاری نکۆڵی و قڕکردنێکی هێندە دژوار هاتبوو، تەنانەت بتگەلێکیشی نەمابوو بیانپەرستێت. تەنانەت بتە شکێنراوەکانیش بتەکانی مۆدێرنیتە بوون کە زادەی دەرەوەن.

هاوشێوەی حەزرەتی ئیبراهیم، دوای ڕێبوارییەکی دوو مانگی خۆم لە ناو فەلەستینیەکاندا بینییەوە. ئیتر ڕۆژانی نەزانینی زمان و نەبوونی وەرگێڕ بۆ من دەستی پێکرد. ڕۆژانێک بوون جگە لە گرنگیی ئامانج، هیچ شتێکی دیکە نەیدەتوانی لەسەر پێیانمان بهێڵێتەوە. ئەگەر فیداکارییەکانی ئەدهەم نەبوایە، هەوڵەکانم بێهودە و هیچ نەبوون. هەربۆیە تەنها ئەو کەسانەی بەو جۆرە ئەزموونانەدا گوزەریان کردووە، تێدەگەن کە ڕێکخستن و پەیوەندی گرنگیەکی چەندە گەورەیان بۆ کۆمەڵایەتیبوون یان کۆمەڵگەبوونێکی نوێ هەیە. ئەو بەسەرهاتانەم حەقیقەتێکە کە لە ناو PKKدا زۆر کەم دەرک بە ماهیەت و گرنگییەکەی کراوە. وێڕای ئەوەی ئەو پەیوەندییەی لەو گۆڕەپانەدا دروستمان کرد، لە شەڕێکی مەیدانی گرنگترە، بەڵام گرنگی و بایەخی پێ نەدرا، بەهاکەی نەزانرا و زۆر بە بێ نرخی بەکار هێنرا. سەرجەم هەڤاڵە ڕاستگۆ و دڵسۆزەکانمان باجێکی قورس و تراژیدییان دا، هەندێک لە تەڵەکەبازەکانیش بە شێوەی قارەمانێتییەکی هەرزان بەکاریان هێنا و بێ باکانە بۆ خۆیان دەژیان. هۆزەکەی حەزرەتی ئیبراهیمیش لە ڕێگە تووشی کۆسپ و زەحمەتیی دژوار هاتبوو. هیی ئێمەش بە جۆرێک لە جۆرەکان هۆزێکی هاوچەرخ بوو. لە هەمان ڕێگە و بەڵکو لە هەمان شوێنیشدا دووچاری زەحمەتی هاتین. هەروەها لە لایەنێکەوە دەرچوونەکەمان لە دەرچوونەکەی حەزرەتی مووسا لە میسر دەچوو. لە ڕاستیدا وەک ئەوە وابوو کە سەر بە هەمان هۆز بین. وەک دیارە لە سەردەمی نەمروود و فیرعەونەکانی میسر و سۆمەرەوە هەمان بەسەرهات بە هەزاران جار لە هێڵی ڕوها-حەلەب-شام-قودس-میسر ڕووی داوە. بە بڕوای من، لەو سەردەمەوە کە یەکەمین جڤاتەکانی مرۆڤ لە ئەفریقاوە بەرەو ناوەوەی ئاسیا و ئەورووپا ڕۆیشتوون، مێژووی مرۆڤایەتی لە لایەن ئەو هێڵەوە دەستنیشان کراوە. دەرچوونەکەی یان کۆچەکەی من، ئێمە، ڕێکەوت نەبوو، بەڵکو یەکێک لەو کۆچە مێژووییانە بوو کە سەرجەم ساتە هەستیارەکان دەیکەن بە زەرورەت.

ئەگەر لە دەرەوەی هەڵسەنگاندنی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٨٠،

بـە زمانێکـی ئەدەبـی هەڵسـەنگێنین و پەیوەندییەکـەی بـە ژیانـی بەرجەسـتەوە دیـاری بکەیـن، ئـەوا ڕۆڵێکـی تەواوکـەر دەبینێـت. ئەگـەر پەیوەندیـی بزووتنـەوە ئایدیۆلـۆژی و سیاسـییەکان بـە هونـەرەوە نەبەسـترێت، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە لەگـەڵ ئەدەبیـات، بگـرە بـە وردەکاریـی هونەرییـەوە ئاراسـتە و مۆتیڤـە نەکرێـت، ئـەوا کەموکوڕییەکـی گـەورە لـە خـۆ دەگرێـت. تەنانـەت نەخـۆش و دەردەداریـش دەبێـت. چونکـە حەقیقـەت تەنهـا بـە ڕێبـازی ئایدیۆلـۆژی و زانسـتی ڕوون ناکرێتـەوە؛ ئەگـەر تەنهـا بـەم جـۆرە ڕوون بکرێتـەوە، بـە ناتـەواوی دەمێنێتـەوە. تەنانـەت پێویسـتە ڕوونکردنـەوەی بـەم چەشـنە وەک لادان و چەواشـەکاریی مۆدێرنیتـە ببینرێـت. وەک لـە بەشـەکانی داهاتـوودا زیاتـر ڕوونـی دەکەمـەوە، تـا ئـەو هەڵوێسـتەی مۆدێرنیتـە تـێ نەپەڕێنرێـت کـە کەسـایەتی بـۆ تاکەڕەهەندێـک بچـووک دەکاتـەوە (ئابووریـزان، سیاسـەتمەدار، ئایدیۆلـۆگ، ئەکادیمـی، سـەرباز، کرێـکار، زانـا، ڕووناکبیـر...) ئـەوا ناشـێت تێکۆشـانێکی بەپرەنسـیپ، سەرتاسـەری و سـەرکەوتوو بەرامبـەر مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی بکرێـت. هەروەهـا ئەگـەر خۆتەیارکردنـی ڕێکخسـتن، کەسـایەتی و ڕابوونـە شۆڕشـگێڕییەکان هەمەلایەنـە نەبـن، پەیوەندیـی بـە کولتـووری مێژوویی-کۆمەڵایەتـی و دۆخەکانـی ئێسـتایانەوە نەبەسـتێت کـە نوێنەرایەتیـی ئـەو کولتـوورە دەکـەن، لـەو چوارچێوەیەشـدا خۆیـان تەیـار نەکـەن، ئـەوا مسـۆگەر دەکەونـە نـاو تەڵەزگـەی ژیانـی لیبراڵـەوە. چونکـە مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی لەمیانـەی چەکـە ئایدیۆلـۆژی و تیۆرییەکانـی ژیانـی لیبراڵـەوە ڕکابەرەکانـی خـۆی دادەڕووخێنێـت. بەمجـۆرەش وەهـا مەزەنـدە دەکرێـت کـە تاکـی لیـبراڵ خـاوەن ژیانێکـی سروشـتی و ئـازادە، کەچـی لـە ڕاسـتیدا ئـەو چەشـنە ژیانـە ژیانێکـی یەکڕەهەندییـە و لـە وشـکترین ئایینەکانیـش دۆگماتیکـترە. ئەگـەر بزووتنـەوەی PKKش هاوشـێوەی نموونەکانـی سۆسـیالیزمی بونیادنـراو دووچـاری پەرتەوازەبـوون و تەسـفییەی تـەواو نەبووەتـەوە و لەنـاو نەچـووە، هـۆکارە سـەرەکیەکە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە بـە شـێوەیەکی هەمەگیـر وابەسـتەی حەقیقەتـی کۆمەڵگـە ماوەتـەوە و بـە هەمـان یەکانگیریـەوە هەنـگاوە تیۆریـی و کردارییەکانـی کـردووە بەیـەک کـە هەڵگـری نوێخوازیـن. لـە ئاکامـدا، ئـەو جـۆرە ڕابـوون و کاروانـە ڕێگـەی لـە پێـش پەرەسـەندنی کۆڵەکەکانـی مۆدێرنیتـەی دیموکراتـی کـردەوە کـە ئەڵتەرناتیڤـی کۆڵەکەکانـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەدارین. بـەڵام بچووککردنـەوەی ڕابوونـە شۆڕشـگێڕییەکان بـۆ هێـزی فیزیکـی یاخـود تاکەڕەهەندێـک، زوو یـان درەنـگ لـە ڕووی هەمەلایەنـی و هەمەگیریـی ژیانـەوە تـێ دەپەڕێنرێـت. ئیـتر لـە بەرامبـەر ناهاوسـەنگییە لەڕادەبەدەرەکـەی هێـزی فاکتەرەکانـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی و شارسـتانییەتی هاوچەرخـدا، تێکۆشـانی هۆشـیاری و ڕۆحـی ئـازاد ڕیشـەی خـۆی لـە نـاو تاشـە بەردەکانیشـدا جێگیـر کـردووە، خونچـەی کـردووە و بـەری داوە.

## ب- ئەزموونی شەڕی گەلی شۆڕشگێڕیی PKK و ئەنجامەکانی:

ڕەخسانی زەمینە و دانانی بناغەکانی PKK لە ئەنقەرە ڕەنگدانەوەیەکی نموونەیی سیاسەتی داگیرکاریی کلاسیکە. لە تەواوی جیهاندا و لە چوارچێوەی پەیوەندیی نێوان کۆلۆنی-مەترەپۆلدا چەندین نموونەی هاوشێوە دەبینرێت. هەوڵم دا ڕوونی بکەمەوە کە دەرچوون لە ئەنقەرە زۆر بە ئێش و ئازار بوو. وەک ئاشکرایە کە ئەوە یەکێک لە قۆناغە هەرە سەختەکان بوو. زەحمەتی و سەختییەکەی بۆ هێزی زبری نەدەگەڕایەوە، بەڵکو لە تایبەتبوونی فاشیزمی تورکی سپی و هەلومەرجە سایکۆلۆژی و کولتوورییە خنکێنەرەکەیەوە سەرچاوەی دەگرت. بەو ڕادەیە چوون بۆ ئەنقەرە زەحمەت بوو، دەرچوونیش لێی هێندە سەخت بوو. ئەوەی جێگەی گرنگی بوو، لەمیانەی کام دۆخی ڕۆحی و ماهیەتی کولتوورییەوە ئەو هەنگاوە دەنرێت. چونکە زیندووکردنەوەی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە هەلومەرج و زەمینەیەکدا کە جینۆسایدی کولتووری لە نەشوەی سەرکەوتندا بوو، وەک ئەوەبوو مردوو لە گۆڕدا زیندوو بکەیتەوە و بیهێنیتە دەرەوە. ئەو دۆخەش گوتەی «ئەو ڕۆحەی دەرنەچووبێت هیوای لێ نابڕێت»، دێنێتەوە بیری مرۆڤ. هەڵگرتنی نەخۆشەکەمان (کە هێماکانی زیندووبوونەوەی دەرکەوت) و گواستنەوەی بۆ زەمینە و هەلومەرجێکی دیکە تا تەندروستیی باشتر بێت، ئەرکی سەرەکی بوو. هەروەها دۆخەکەمان لە ڕوها لە حاڵەتی نەخۆشیی حەزرەتی ئەیوب دەچوو. ئیتر دەرکەوتن لە وڵات (ترك الديار) ئەو ئەلتەرناتیڤە بوو کە نەدەبوو دوابخرێ. هەرچی هەڵبژاردنی گەرمترین ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین بوو وەک مەیدانی کارو خەباتی ستراتیژی، لە پەیوەندیدا بە ئامانجەوە مەسەلەیەکی پرەنسیپانە بوو. چونکە چەندین هێزی دیکە بەرەو ئەوروپا ڕۆیشتبوون، بەڵام ئیتر لە مێژ بوو ئەوروپا ناوەندی کارو خەباتی شۆڕشگێڕی نەبوو. بەڵکو ئەورووپا باوکی مۆدێرنیتەی تورک بوو کە کردبووی بە بەڵایەک بە سەرمانەوە. بە مانایەکی تر، ئەو شۆڕشگێڕانەی لە تورکیا لە ڕێگای توندو تیژیەوە هەوڵی تەربیەکردنیان دەدرا، بە گوتەی خۆیان، لە ئەوروپا بە چارەسەری سایکۆلۆژی دەهێنرانەوە هۆشی خۆیان. بێگومان دەکرا لە ئەوروپا کارو خەبات بکرێ، بەڵام نەدەبوو بیکەین بە ناوەندێکی ستراتیژی.

ساڵی یەکەمان بە دابینکردنی پێداویستییە لۆجستیکییەکان و کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی گرووپەکەمان گوزەری کرد. بەسەرهاتەکەی بۆ دواتر جێ دەهێڵین، بەڵام هەڵسەنگاندنێکی ڕاست بۆ کات و شوێنە نوێیەکە گرنگییەکی زۆری هەبوو. PKKی کوردستان و تورکیای حەفتاکان ئایدیۆلۆژیک بوو. ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت-نەتەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراوی پەسند کردبوو. خەسڵەتە دیموکراسییەکان وەک پۆتانسێل و وزەیەکی شاراوە لە PKKدا هەبوون. بەڵام ئەو ئاسۆ و توانایەمان نەبوو تێکۆشان بەرامبەر مەیلە لادەر و ڕیڤیژیۆنیزمەکەی سۆسیالیزمی بونیادنراو بکەین. بە زەحمەتیەوە دەمانتوانی تێکۆشانێکی سەرکەوتوو بەرامبەر بە ئایدیۆلۆژیای نەتەوەپەرستی سەرەتایی و شۆڤینیزمی کۆمەڵایەتی بکەین. بەڵام وەک چۆن لەو کات و شوێنە

نوێیـەی خۆرهەڵاتـی ناویـندا پێویسـت بـەوە نەبـوو، لـە هەمـان کاتـدا هەلومەرجەکانیشـی لـە ئـارادا نەبـوون. هەلومەرجـەکان لـە ناوخـۆدا پەرەپێدانـی PKKی شـەڕی شۆڕشـگێڕییان دەکـرد بـە پێویسـتییەک، لـە دەرەوەش پێویسـتیی هاوپەیمانێتـی و ڕێککەوتنـی لەگـەڵ ڕێکخسـتنەکانی دیکـە و دەوڵەتـە سۆسیالیسـتە بونیادنراوەکانـدا دەسـەپاند. وێـڕای هەنـدێ لـە فاکتـەرە نادیارەکانـی ئایدیۆلۆژییەکـەی، وەلـێ PKKی ئایدیۆلۆژیـک بـە زیـادەوە هیـوای ژیانێکـی ئـازادی دەبەخشـی. بـەڵام بەڵێنـە ئایدیۆلۆژییـەکان هەرگیـز بـۆ بەدیهێنانـی ژیانـی ئـازاد بـەس نەبـوون. بەڵکـو لـەو پێناوەشـدا PKKی جەنـگ و تێکۆشـان قۆناغێکـی ناچـاری بـوو. چونکـە بەبـێ لەبەرچاوگرتنـی شـەڕ، هیـچ ئازادییـەک بـە دەسـت نەدەهێـنرا؛ ژیانـی ئازادیـش بـەلاوە بنێیـن، بگـرە نەماندەتوانـی ناسـنامەی خۆشـمان بـە دەسـت بێنیـن. بـەڵام ئـەو شـتەی لـە ئەنقـەرە لـە خەیاڵمانـدا بـوو، لـە ژیانـی ئـازاد دوور بـوو؛ ئـەو شـتەی خەیـاڵ دەکـرا، بـە دەسـتهێنانی ناوێـک بـوو سـەبارەت بـە ناسـنامەی خۆمـان. تەنانـەت ئـەوەش مەترسـی و ڕیسـکی گـەورەی هەبـوو. هەرچەنـدە جێگـەی ڕیسـک و مەترسـیداریش بێـت، لـە ئەنجامـدا ناوێـک بـۆ ناسـنامەی کـوردی بـە دەسـت هێنرابـوو. دووەمیـن هەنـگاوی گـەورە نەدەبـوو دووبارەکردنـەوەی هەمـان دەسـکەوت بێـت. هەربۆیـە ئیـتر دەبوایـە شـەڕ لەپێنـاو ئازادیـی ناسـنامەکەدا دەسـت پـێ بکەیـن.

دیسـان ئـەو کێشـە سـەرەکییەی ڕووبەڕوومـان دەبوویـەوە، تـا ڕادەیەکـی زۆر فەلسـەفییە. پرسـە فەلسـەفییە سـەرەکیەکە پەیوەسـتە بـە پەیوەندیـی نێـوان ناسـنامە و ئازادییـەوە. ئایـا دەکـرێ بەبـێ ئـازادی خـاوەن ناسـنامە بیـت و بیژییێنیـت؟ ئایـا بەبـێ بوونـی ناسـنامەی کۆمەڵگەیـی، دەکـرێ ئازادیـی بـە مانـای تاکەکەسـی هەبێـت؟ ئەگـەر وەڵامێکـی ئەرێنیـی ئـەو دوو پرسـیارە نەدرێتـەوە، ئـەو کاتـە پێویسـتە کـردار و چالاکـی، بـە گوتەیەکـی تـر، پێویسـتە پەیوەندیـی نێـوان ئیـرادە و ئـازادی مانـادار بکرێـت. بـۆ نموونـە، شـێوازی قۆسـتنەوە و سـەرکوتکردنی ناسـنامەی کـورد وەک قۆسـتنەوە و سـەرکوتکاریەکانی هیـچ یەکێـک لـە دەوڵەت-نەتەوەکانـی ئەوروپـا نییـە. چونکـە جینۆسـایدی کولتـووری درێژخایـەن بـە هەمـوو شـێواز و ڕێبازێـک و لـە سـەرجەم بوارەکانـی کۆمەڵگـەدا بـە ڕێـوە دەبرێـت. تـا ئـەو کاتـەی ئـەو شـێوازو ڕێبازانـە بـەردەوام بـن، بـوون یاخـود ناسـنامە دەرفەتـی ژیانیـان نابێـت. هەرچـی ئازادییـە، ئەوکاتـە تەنهـا بـۆ فاکتەرەکانـی مۆدێرنیتـەی دەوڵەت-نەتـەوەی دەسـەڵاتدار لـە ئـارادا دەبێـت. لەوێشـدا زۆربـەی زۆری هاووڵاتیـان لـە دۆخـی کۆیلایەتیـی مۆدێرنـدا دەژیـن. کوردیـش وەک ناسـنامە و بـوون پارچەپارچـە تەسـفییە دەکرێـت و لەنـاو دەبرێـت. لـەو پێناوەشـدا سـەرجەم ئامێـر و ئامرازەکانـی تواندنـەوە و جینۆسـاید دەسـتبەکارن. ئـەوەی لێـرەدا بابەتـی باسـە تەنهـا قۆسـتنەوەی ئابـووری و سـەرکوتکردنی سیاسـی نییـە، بەڵکـو خـودی بوونـی مێژوویـی - کۆمەڵایەتـی و ناسنامەکەشـی دووچـاری نکۆڵـی و قڕکـردن هاتـووە. لـەو سـۆنگەیەوە، مەحـاڵ بـوو بـە تێکۆشـانێکی سیاسـی و ئابووریـی هاوشـێوەی ئەوروپـا ئـازادی بـە دەسـت بهێنرێـت. هەروەهـا ئەوکاتـە لـە ئەوروپـا پێویسـت بـە شـەڕی مانـەوە نەبـوو. جگـە لـە حاڵەتـی زۆر دەگمـەن نەبێـت، ئەگـەر ناسنامەکان لەژێـر فشاریشـدا بووبـن، بـەڵام دووچـاری نکۆڵـی و قڕکـردن نەهاتبوون.

هەرچەندە بگوترێت کە بەبێ ئەوەی ئازاد بیت ژیاندنی ناسنامەکەت بەهایەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام دیسان بوون بە خاوەنی هەبوون و ناسنامە گرنگە.

لە دیاردەی کورددا دۆخەکە جیاوازترە. نکۆڵی لە خودی بوون و ناسنامەکەی دەکرێت و پرۆسەیەکی بێبەزەییانەی قڕکردن و لەناوبردن لە دژی پارچەکانی دیکەی بە ڕێوە دەبرێت. لە دۆخێکی وەهادا بوون و ئازادی دەبن بە دوو دەستەواژەی تێکهەڵکێش و یەکێکیان نەبێت ئەوی تریان بەدی نایەت. واتە ئەگەر ئازادیت دەوێ، پێویستە بوونی خۆت بە دەست بێنیت؛ گەر بوونی خۆشت دەوێت، پێویستە ئازادی بە دەست بێنیت. هەروەها سەرباری ئەوەی ئامرازە کولتووری و سایکۆلۆژییەکان (دەزگا ئایدیۆلۆژییەکان) بە شێوەیەکی بەرفراوان لە قۆناغی نکۆڵی و قڕکردندا دەستبەکارن، بەڵام شێوازە سەرەکیەکانی جێبەجێکردن پشت بە هێزی فیزیکی (جەستەیی) دەبەستن. چونکە سوپا، پۆلیس، کۆنترگەریلا، فاشیستە سڤیلەکان، جاش و میلیشیا بەکرێگیراوەکان هەموویان وەک تۆڕێک لە بەرامبەر سەرجەم جومگەکانی بوون لەسەر کارن. ناتۆ و هێزە هاوپەیمانەکانی دیکەش پشتیوانییان دەکەن. هێزەکانی قڕکردن و لەناوبردنی جەستەیی کە بە لانی کەمەوە پاشخانێکی مێژوویی سەدساڵییان هەیە، بەردەوام هەوڵ دەدەن هێزە دەسەڵاتگەرا و هیرارکییە نەریتییەکانیش بەکار بێنن. هەربۆیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی حەقیقەتەکانی ئەو هێزە جەستەییە، یان ئەنجامدانی چالاکی و تێکۆشان لە بەرامبەریان: مەحاڵە بوون و ناسنامە و ئازادی بە دەست بهێنرێت.

هەندێک هەنگاوی لاواز و ناکامی پاشکۆی چینی بۆرژوازی کە لە کوردە بەکرێگیراوەکانی سەردەمی مۆدێرن، ڕەوتەکانی نەتەوەپەرستی سەرەتایی و شۆڤینیزمی کۆمەڵایەتیی تورکی بەکرێگیراوی دەوڵەت-نەتەوەی دەسەڵاتداردا دەبینرێت، بەبێ ئەوەی سیستەمی نکۆڵی و قڕکردنی بوون و ناسنامەی کورد و شێواز و ئامرازەکانی جێبەجێکردنی جینۆساید لەبەرچاو بگرن، باس لە تێکۆشانێکی گشتی و پێوەری لەپێناوی ئازادیدا دەکەن. هەربۆیە تەنانەت ئەگەر ئەوانە ڕاستگۆش بن، بەڵام لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی بابەتی ستاتۆی جێبەجێکردنی جینۆساید پشتگوێ دەخەن، ئەوا ڕۆڵێکی زۆر خراپتر لە هێزەکانی نکۆڵی و قڕکردن دەبینن. بە زارێکی ناپەسند، ساختە و دیماگۆژییەتەوە باسی بەدەستهێنانی ناسنامە و ئازادی دەکەن. دەخوازن بە دوعایەک بگوترێت ئامین کە قبوڵ نییە و جێبەجێ نابێت. بوونێک لە کەناری نکۆڵی و قڕکردندایە، بەڵام ئەوان (بۆ نموونە) پێشنیاز دەکەن نەخۆشیی شێرپەنجە بە ئەسپرین چارەسەر بکەن، واتە لە ڕاستیدا هەوڵ دەدەن نەخۆشەکە بکوژن. سەرباری ئەوەی ساڵانێکی درێژ ئەو شێوازەیان تاقی کردووەتەوە، بەڵام ئەنجامەکانیان لەبەرچاوانە. بە مانایەکی تر، وێڕای ئەوەی مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی بوونیان نییە، بەڵام بە ساختەکارییەکی گەورەوە بە هەبووی دادەنێن و مەزەندە دەکەن کە لەمیانەی تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوە دەتوانن بە شێوەیەکی تەواو و ئازادانە ناسنامەی خۆیان بژێنن. لە مەزەندە زیاتریش، پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن و هەوڵی کوێرکردنی هۆشیاریی و ئیرادەی گەل دەدەن.

ئاشـكرایە كـە تێكۆشـان بـە شـێواز و ئامرازگەلێـک کـە شـێوازەكانی سیسـتەمی نكۆڵـی و قڕكـردن و كاریگەرییەكەیـان بشـكێنێت، ئەگـەر بـە چەشـنێكی دیكـەش بێـت، مەرجێكـی پێویسـتە بـۆ بەدەسـتهێنانی بـوون، ناسـنامە و ئـازادی. وێـڕای ئـەوەی ئامـرازە ئایدیۆلـۆژی و سیاسـییەكان زەرورەتێکـن، بـەڵام لـەو هەلومەرجانـەدا دیاریکـەر نابـن. تەنهـا ئەوكاتـەی لـە ڕێگـەی شـێواز و ئامـرازە شۆڕشـگێڕییەكانەوە سـنوورێک بـۆ ئامرازەكانـی نكۆڵـی و قڕكـردن دادەنرێـت، دەشـێت ئـەو ئامرازانـە كاریگـەری و ڕۆڵێكـی ماناداریـان هەبێـت. هەڵبەتـە هـۆكاری سـەرەكیی پشـتگیریی بەهێزی گـەل بـۆ دۆخـی چالاكـی سـەردەمی سـەرهەڵدانی PKK –ئەگـەر ناتەواویـش بێـت– بـۆ ئـەو خاڵـە دەگەڕێتـەوە؛ واتـە لـە ڕێگـەی ئامـراز و ڕێگـەی ڕاسـتەوە تێكۆشـانی ڕەچـاو كـرد. بـە مانایەكـی تـر، هەرچەنـدە هەنـدێ لایەنـی نادیاریـش لـە خـۆ بگرێـت، بـەڵام سـتراتیژییەتی شـەڕی ڕزگاریـی نیشـتیمانیی دژ بـە داگیرکەریـی لـە كاتـی سـەرهەڵدانیدا حەقیقەتـی گرنـگ لـە خـۆ دەگرێـت، هـەر بۆیـەش پشـتیوانی دەكـرا. دیسـان هەندێـک لـەو چالاكییـە سـنووردارانەی لـە چوارچێـوەی ئـەو سـتراتیژییەدا كـران، مەیـل و پشـتگیرییەكی نائاسـایی بـە خۆیـەوە بینـی. كاتێـک ڕوومـان كـردە مەیدانـی خۆرهەڵاتـی ناویـن، گفتوگـۆی لـەو جـۆرە سـەبارەت بـە پرسـی بـوون و ئـازادی دەكـرا. هەروەهـا لەمیانـەی گـەڕان بـەدوای سـتراتیژ و تەكتیكـی نـوێ و ڕاسـتردا، هەندێـک لـە ڕووداوەكان ڕەخنەیـان لـێ دەگیـرا.

### ١- شەڕی گەلی شۆڕشگێڕیی، تەسفیەكاریی و خیانەت:

هیـچ گومانێكـمان لـە پێویسـتیی شـەڕی شۆڕشـگێڕیی گـەل نەدەكـرد. چونكـە بەبـێ گوزەركـردن بـە پرۆسـەیەكی لـەو جـۆرە، نـە ناسـنامە و نـە ئـازادی، هیـچ یەكێكیـان بابەتـی بـاس نابـن. هـەر بـەو ئامانجـەش لـە هەنگاوەكانـی سـەرەتادا كارمـان لەسـەر ڕۆڵـی زەبـر لـە كۆمەڵگـەی مێژوویـیدا دەكـرد. چونكـە لـە ڕاسـتیدا تەنهـا ئـەو هێزانـەی توندوتیژییـان پەیـڕەو دەكـرد لـە مەیدانـدا بـوون كـە هـەر ڕۆژ و هـەر كاتژمێرێـک تـا مۆخـی ئێسـقانمان هەسـتمان پێیـان دەكـرد. هەربۆیـە داگیركەریـی زۆرەملێیانـە لـە ڕێگـەی توندوتیژییـەوە تەنهـا وەک مافێكـی باڵادەسـتی نەبـوو، بەڵكـو بـە پێویسـتییەكی جێبەجێكردنـی فەرمانـی ئیلاهیـش دادەنـرا. هـەر وەک چـۆن بـە گشـتی دۆخەكـە بـەم جـۆرە بـوو، هێـزە دەسـەڵاتدارەكانی سـەر كوردسـتانیش بـەو ڕادەیـەی ئـەوە نەریتێكـی باویـان بـوو، بانگەشـەكانی پشتبەسـتنیان بـە مۆدێرنیتـەش بـەو ئاڕاسـتەیە بـوو. هـەر لـە كۆنـەوە كوردسـتان وڵاتێـک یاخـود پارچەخاكێكـی داگیركـراو بـوو، لەمەشـدا پێویسـتییەكانی فەرمانی خوداوەنـد جێبەجێ كرابـوو! كاتێـک فاكتەرەكانـی مۆدێرنیتـەش دێتـە ئاراوە، ئیـتر مافـی باڵادەسـتی لـە ڕێگـەی بیانـووی زیاتـرەوە هەرگیـز جێگـەی گفتوگـۆ نابێـت. چونكـە یاسـای زۆرتریـن قازانـج و پێداویسـتییەكانی پیشەسـازیبوون خاكـی بەرفـراوان و بازاڕیـان دەكـرد بـە زەرورەتێكـی حەتمـی. چونكـە چەمكـی سـەروەریی دەوڵەت-نەتـەوە پشـت بـەو تیۆرییـەی هێـز دەبەسـتێت كـە هەرگیـز پارچەپارچـە نابێـت و كەسـی دیكـەش پشـكداریی تێـدا نـاكات. تەنانـەت ڕێگـە نادرێـت یـاری بـە بسـتێكی

سنوورەکان بکرێت. بگرە دەست لە بەردێکیشی بەرنادرێت. ئیتر خوداوەندێتییەک لە ئارادایە کە دەڵێت: کون فەیەکون، بە مانایەکی تر، خوداوەندێتیی دەوڵەت-نەتەوە هەزار هێندەی خوداوەندە کۆنەکان خۆی بەهێز کردووە و لەمیانەی چەمکەکانی سەروەری، هێزی ناوەندی، کۆمەڵگەی هۆمۆژین، هاووڵاتیی کۆیلەی ڕەها و چەمکی یەکانەیی هەر بوارێک (یەک وڵات، یەک زمان، یەک کولتوور، یەک ئاڵا، یەک سروود...) و هێزەکانی ژێر فەرمانی حاشاهەڵنەگرە. هەربۆیە بچووکترین گفتوگۆ و تیزی بەرامبەر وەک مەترسیدارترین تاوان بەرامبەر بە»یەکێتی و یەکپارچەیی وڵات» دەبینرێ و بە قورسترین سزا حوکم دەکرێت. لە زەمینەیەکدا کە تەواوی گوتە و کردارەکانی ئەم جۆرە هەلومەرجانە خۆیان سەپاندووە، پیشاندانی بچووکترین دژەبانگەشە تەنها لەمیانەی خۆپاراستن لە ڕێگەی شێوازەکانی توندوتیژییەوە بەدی دەهات. ئەوە جێگەی گفتوگۆکردن نەبوو، بەڵکو گفتوگۆ لەبارەی پێویستییە ستراتیژی و تەکتیکییەکانیەوە بوو. هەر بۆیەش لە سەردەمی دەرکەوتنی PKKدا بەبێ هیچ دوودڵییەک ئامرازەکانی بەرگریی ڕەوا بەکارهێنران. واتە PKK ناچار بوو خۆی وەک جۆرێکی هێزی ملیس ڕێک بخات. لە دۆخێکی پێچەوانەدا، بۆ تاکە ڕۆژێکیش نەیدەتوانی لەسەر پێیان بمێنێتەوە. لەسەر پێیانیش مابایەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ هێزەکانی دیکە نەدەما و لە تەسفیەبوون ڕزگاری نەدەبوو.

لێتوێژینەوە لەبارەی شەڕی گەلی شۆڕشگێڕیی ئەو قۆناغە کرابوو. بە تایبەتیش ئەزموونەکانی ڤێتنام و ئەفریقا ئەو بابەتانە بوون کە زۆرترین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان لەبارەوە کرابوو. لەو هەلومەرجانەی کە شەڕ و پێکدادانی دژوار لە نێوان هێزەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراو و هەژموونگەراکان لە ئارادا بوو، بزووتنەوەکانی ڕزگاریی نیشتیمانی سەرکەوتنی مەزنیان بە دەست هێنابوو. چەندین نموونە تیۆریی ڕزگاریی نیشتیمانییان دەسەلماند. لە دۆخێکی لەم جۆرەدا، بەبنەماگرتنی مۆدێلی شەڕی ڕزگاریی نیشتیمانی بۆ کوردستانیش، کە داگیر کرابوو، زەرورەتێک بوو. هەربۆیە ئەوەی لە قۆناغی گرووپەوە تا ئامادەکارییەکانی خۆرهەڵاتی ناوین مۆرکی خۆی لەو سەردەمە دا، ئەو جۆرە مۆدێلەی تێکۆشان بوو. لەو سۆنگەوە لە سەرجەم کۆبوونەوەکانی پەروەردە، بەڵگەکانی کۆنگرە و کۆنفرانسەکاندا شەڕی گەلی شۆڕشگێڕیی لە سەرووی بابەتەکانی لێکۆڵینەوە، توێژینەوە و بڕیارەکانەوە دەهات. ئامادەکارییە کردارییەکانیش بەو ئاراستەیەدا بوون.

کردەوەکانی کودەتای سەربازیی ١٢ی ئەیلوول، ئەو ئەشکەنجە ترسناکانەی زیندانەکان و بە تایبەتی ئەوانەی لە زیندانی ئامەد پەیڕەو دەکران و هەلومەرجەکانی ژیانی کۆمەڵگە کە بە تەواوی کرابوون بە کەمپەکانی کۆکردنەوە (گیتۆ)، ساتێک زووتر دەستپێکردنی هەڵمەتی ستراتیژی نوێی دەسەپاند. دیاردەی لەسێدارەدان دەستبەکار بوو. چالاکییەکانی مانگرتنی تا مردن دەستیان پێکردبوو. ئیتر کاتی ئەوە بوو کە چیت بۆ دەکرێت بیکەیت. چونکە مێژوو لە هیچ درەنگخستنێکی نەدەبووری. لە ڕاستیدا ئەو چالاکییانەی لە چوارچێوەی بەرگری لەخۆکردندا بوون، هیچ نەوەستان، بەڵکو بە هەڵبەزودابەزەوە هەر بەردەوام بوون. ئەوەی پێویست بوو

بکرێـت، بەرەوپێشـبردنی ئـەو چالاکییانـە بـوو بـۆ ئاسـتێکی بەرزتـر. بـە زیادیشـەوە ئامـادەکاری لـەو پێنـاوەدا کرابـوو. هەربۆیـە چاوەڕوانیکـردن و خۆخەریککردنـی زیاتـر لەپێنـاو سـتراتیژی شـەڕی گەلـی پشتبەسـتوو بـە هێـزی خۆیـی، مانـای هەلپەرسـتی و ئۆپۆرتۆنیـزم بـوو. بـەر لـەوەی کودەتـای ١٢ی ئەیلـوول ڕوو بـدات، لـە چوارچێـوەی ئـەو ڕاسـتییانەدا لـە مانگـی تەممـوزی سـاڵی ١٩٨٠دا بـە پێشـەنگایەتیی هەڤـاڵان کەمـال پیـر و مەعسـوم قۆرقـماز یەکەمیـن گرووپـم ڕەوانـەی نیشـتیمان کـردەوە. دواتـر لـە ڕێگـەی سـنوورەکانی ئێـران و عێراقـەوە لـە ناردنـی گـرووپ بـەردەوام بوویـن. لـەو سـۆنگەیەوە، بـە بـڕوای مـن دەبوایـە سـاڵە هەسـتیارەکەی ١٩٨٢ (بـە تایبەتیـش بـە هـۆی ئەشـکەنجە و مانگرتنەکانـی زیندانـی ئامـەدەوە) مسـۆگەر ببێتـە سـاڵی هەڵمەتـی نـوێ. بەمجـۆرە ناوەنـدی هەڵمەتـی پراکتیکـیمان بـۆ لـۆلان، واتـە بـۆ کوردسـتان گواسـتبوویەوە. چـاوەڕوان بوویـن لەوێـوە دەسـت بـە هەڵمەتەکـە بکـەن. چونکـە لـە مێـژ بـوو پەیوەندیـی پێویسـت و ناردنـی هێـز تـەواو ببـوو. بـەڵام ئەوانـەی ڕۆڵـی سـەرکردایەتیی مەیدانییـان دەبینـی، لەبـەر هۆکارگـەل و پاساوێک کـە تـا ئێسـتاش لـە ناوەڕۆکیـان تـێ نەگەیشـتم، بـە بـڕوای مـن کەوتبوونە نـاو هەڵوێسـتێکی پاسـیڤی ڕاسـتڕەوانەوە. خۆیـان بـە دووبارەکردنـەوە و کۆپیکردنـی هەمـان پرۆسـەی ئامادەکارییەکانـی خۆرهەڵاتـی ناویـن سـەرقاڵ کردبـوو. ئـەوە یەکەمیـن لادانـی جدیـی بـوو کـە تـا ڕۆژی ئەمڕۆمـان کاریگەریـی خـۆی هەیـە. نیگەرانییەکانـم زیـادی کردبـوو، هەربۆیـە یەکەمیـن ڕەخنـە جدییەکانـی خـۆم دەسـت پێکـرد. دەشـێت ئـەو ڕەخنانـە لـە چەندیـن ئاخافـتن و ڕێنماییـدا ببینرێـن. هـەرە دوایـی لـە مانگـی یەکـی ١٩٨٤دا لـە کۆبوونـەوەی کۆمیتـەی ناوەندیـدا لەمیانـەی بەرفراوانتریـن ڕەخنـەوە گۆڕانکاریـی و پێشـهاتەکان هەڵسـەنگێنران.

لـە هەمـان سـاڵدا هەڵمەتـی ١٥ی ئـاب زۆر درەنـگ و ناشـارەزایانە و بـە شـێوازێک دەسـتی پێکـرد کـە وەڵامـی ئامادەکاریەکانمانـی نەدەدایـەوە. لـە خـودی چالاکییەکـە زیاتـر، مانـا هەنووکەیـی و مێژووییەکـەی گرنـگ بـوو. لـەو سـۆنگەیەوە، مۆرکـی خـۆی لـە قۆنـاغ دا. هەرچـی سـوپای تورکـە کـە خـۆی بەگوێـرەی سـەرکوتکردنی یاخیبوونـە کلاسـیکییەکانی کوردسـتان ئامـادە و جێگیـر کردبـوو، ئـەو هێـزەی نەبـوو دەسـتبەجێ ئـەو هەڵمەتـە سـەرکوت بـکات کـە سـتراتیژی و تەکتیکێکـی جیاوازتـری هەبـوو. هەربۆیـە ڕاسـتییەکی حاشاهەڵنەگر بـوو کـە ئـەو سـوپایە لـە بەرامبـەر تەکتیکـە سـادەکانی گەریلاکانـی شـەڕی گەلـی کلاسـیکی بێچـارە دەبێـت. لێکەوتەکانـی سـەرەتا ئـەو ڕاسـتییەیان سـەلماند. بـەڵام سـەرکردایەتیی مەیدانـی نـاوەوەی وڵات بەرپرسـیارێتیی نەدەگرتـە ئەسـتۆ. هەربۆیـە نـەک هـەر تەنهـا بـە شـێوەیەکی شـارەزایانە تەکتیکـی گەریلایـی شـەڕی گەلیـان پێـک نەهێنـا، بەڵکـو بـە شـێوەیەکی ئاسـاییش جێبەجێیـان نەکـرد. ئەمـەش وای دەکـرد ئـەو هەڵمـەت و دەرفەتـە مێژووییـەی لـە ئـارادا بـوو، ئەگـەری لەبارچوونـی هەبێـت.

بـۆ یەکەمیـن جـار هەڤـاڵ مەعسـوم قۆرقـماز سـەرنجی بـۆ ئـەم مەترسـییە ڕاکێشـابوو. دوای هەڵمەتەکـە بـە شـێوەیەکی تێروتەسـەل لەگەڵیـدا ئاخافتـم و دوای وەبیرهێنانـەوەی پێویسـتییەکانی بەرپرسـیارێتی، دووبـارە ناردمـەوە کوردسـتان. بـەڵام وەک دەسـتگیرکردنە بێچانسـییەکەی هەڤـاڵ

کەمال پیر، شەهادەتی هەڤاڵ مەعسومیش دەرفەتی سەرکەوتنی هەڵمەتەکەی کەم دەکردەوە. هەر بۆیە سەرجەم ئەو هەڤاڵانەی لە پێگەی سەرکردایەتیی مەیدانیدا بوون، بۆ لای خۆمان بانگهێشت کردن. هێندە لێیان تووڕە ببووم بەبێ بەشداریکردنی هەموویان کۆنگرەی ساڵی ١٩٨٦مان بەست، زۆربەیانم بۆ ئەوروپا ڕەوانە کرد. لە ساڵی ١٩٨٧ەوە تا ١٩٩٨/١٠/٩ کە لە سوریا دەرچووم، خۆم هەڵمەتە بەردەوام و نەپساوەکانم ئامادە دەکرد و دەمخستنە جووڵەوە، بەم جۆرەش، هەوڵم دەدا ئۆپۆرتۆنیزمی سەپێنراو و ژیتەم و کۆنترگەریلا مایەپووچ بکەم کە ئەو دۆخەیان بە باشی بۆ خۆیان دەقۆستەوە. بەردەوامبوون و گەورەبوونی هێزی تێکۆشان فەراهەم بوو. ئەو هەوڵانە بە تەنها نەیاندەتوانی سەرکەوتن بە دەست بێنن، بەڵام دەیانتوانی پیلانی تەسفییەکاریی ئۆپۆرتۆنیزم و کۆنترگەریلا مایەپووچ بکەن. هەر ئەوەش ڕووی دا. کاتێک گەیشتینە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٨، هەڵمەتی مێژوویی شەڕی شۆڕشگێڕیی گەلمان مایەپووچ نەببوو. بەڵام زۆر لە سەرکەوتنی چاوەڕوانکراویش دوور بووین. ئەگەر هەڵوەستەیەک لەسەر هۆکارە ناوخۆییەکانی بکەین، بە کورتی دەتوانین ئەمانە بڵێین:

ا- هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕیی گەل و خەسڵەتە تەکتیکیەکانی بە لاوە نرابوون. جێگیربوونم لە خۆرهەڵاتی ناوین دۆخێک بوو بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا پێویستیی ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕیی گەلی دابین دەکرد. ئەو هەلومەرجەی تێیدا جێگیر ببووم، هەلومەرجی هاوسەنگییەکان بوو، ئەویش هیچ مەرجێکی بەسەر ئێمەدا نەدەسەپاند؛ نەک سازشکردن لەسەر شەڕی گەل، بەڵکو هەڵگری هەلومەرج و دۆخێک بوو کە بۆ پشتیوانیکردن لەبار بوو. دۆخێکی ستراتیژیی زۆر گرنگمان بە دەست هێنابوو. هەم لە بواری دروستکردنی پەیوەندیی ستراتیژی، هەمیش بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی تەکتیکی، بە تایبەتیش لە ڕووی پەروەردە و لۆجستیکییەوە هەلومەرجەکان بۆ پێشخستنی شەڕی گەل زۆر گونجاو و لەبار بوون. تا دواڕادە قۆستنەوە و بەکارهێنانی ئەو دەرفەت و هەلومەرجانە، هەڵوێستێکی ڕاست و هەڵگری مانای مێژوویی بوو. بەڵام ئەو کارەی دەبوایە ئەو گرووپانە بیکەن کە پێشتر یان تازە چووبوونە وڵات، دامەزراندنی بڕیارگایەک نەبوو کە هەمان ڕۆڵ ببینێت. چونکە ئەوە پێویست نەبوو، بەم جۆرە، دەبوو بە هەوڵێکی مایەپووچکردنی ئامادەکارییەکان. چونکە ئەو بارەگایانەی لە ناوچەکانی لۆلان، خواکورک، گارا، زاپ، مەتینا...هتد بوون، نەیاندەتوانی ڕۆڵی بیقاع ببینن؛ تەنها دەیانتوانی ڕۆڵی یارمەتیی تەکتیکی ببینن. نە ئەو هێزەیان هەبوو و نە پێویستیشیان پێی هەبوو. هەروەها دەیانتوانی سوود لە هەلومەرجی شەڕی نێوان عێراق و ئێران ببینن. بە هەمان شێوە، دەیانتوانی لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی ڕاست ململانێ و شەڕی نێوان YNK و PDK تاوتوێ بکەن، بە شێوەیەکی گونجاو بۆ ستراتیژی و تەکتیکەکانی شەڕی شۆڕشگێڕی بقۆزرێتەوە و سوودی لێ ببینرێت. بەڵام بەر لە هەموو شتێک، ئۆپۆرتۆنیزم لەو پەیوەندییانەدا سەری هەڵدا. چونکە جگە لە لاساییکردنەوەیەکی زۆر ناتەواو و دواکەوتووی دۆڵی بیقاع، شتێکی دیکەی نەکرد. بەمجۆرەش

بـه شـێوەیەکی بابەتـی هێزەکامنـان کـران بـە یەدەگـی هەریـەک لـە ئێـران، عێـراق، YNK و PDK.
لـە ڕاسـتیدا پەیوەنـدی لەگـەڵ ئـەو هێزانـە کـە دەبـوو لـە خزمەتـی شـەڕی شۆڕشـگێڕیی گەلـدا سـوودی لـێ ببیرێـت و ڕێگـە لـە پێـش گۆڕانکاریـی مـەزن بکاتـەوە، بـەڵام بـووە هـۆکاری زیادبوونـی کاریگەریـی لادانـی ڕاسـتڕەوانە بەسـەر هێزەکامنانـەوە. هێزەکامنـان تـا بینەقاقایـان کەوتنـە نـاو خەمسـاردی و نابەرپرسـیارێتییەکەوە کـە هەرگیـز چاوەڕوانیـم نەدەکـرد. بەمجـۆرەش لـە لایەکـەوە پەیوەندیـی هاوچەشـنی پاشـکۆیەتی، لـە لایەکی دیکەشـەوە پەیوەندییە نابەرپـرس و جڵەونەکراوەکان هەمـوو لایەکیـان پێچایـەوە. لـە کاتێکـدا بڕیارگاکـەی لـۆلان کەوتـە دۆخێکـی خۆپەرسـتی و ئیگۆیـزم کـە خەباتـە مێژووییەکـەی بیقاعـی بـە نەبـوو دابنێـت و مێـژووی لـە خۆیـەوە دەسـت پـێ بـکات، ئـەو گرووپانـەی ڕەوانـەی باکـووری کوردسـتان کرابـوون، جگـە لـە پەیوەنـدی دەسـتەگەرێتی و ئەحبـاب چاوشـێتی (پەیوەندییەکـی نارێکخسـتنیە) بیریـان لـە دروسـتکردنی جۆرێکـی دیکـەی پەیوەنـدی نەکردبـووەوە. وێـڕای ئـەوەی چەندیـن تێکۆشـەر و ملیتامنـان بـە دەسـتی ئەندامـە کۆنترگەریـلا کۆنەکانـی PDKی ئێـراق کـوژران، بـەڵام هیـچ ڕێوشـوێنێکیان نەگرتـە بـەر. هەروەهـا لـە کاتێکـدا یەکینەکانـی گەریـلا لـە باکـوور و باشـووری کوردسـتان زۆر بـە ئاسـانی دەیانتوانـی خۆیـان زۆر گـەورە بکـەن و بـەرەو پێشـەوە ببـەن، بـەڵام تەنهـا ببـوون بـە گرووپـی ئەحبـاب چـاوش یاخـود ئـاوارە سەرخۆشـەکان. تەنهـا دەیانتوانـی پەیوەندییـەک دروسـت بکـەن کـە خۆراکیـان بـۆ دابیـن بـکات. زۆربەشـیان بـە تەڵـەوە دەبـوون و ڕاو دەکـران. لـە کاتێکـدا لـە هەلومەرجـی شـەڕ و پێکدادانـی نێـوان YNK و PDKدا دەرفەتـی پەرەپێدانـی دەستپێشـخەریی شۆڕشـگێڕی و هەنگاوێکی مێژوویـی لـە ئـارادا بـوو؛ بەمجـۆرەش گـەل لەژێـر کۆنترۆڵـی ئـەو هێزانـە ڕزگاربکرێـت و بـە ئاقـاری شـەڕی ڕزگاریـدا ئاڕاسـتە بکرێـت و ئامادەکارییـەکان بەرامبـەر بـە کۆمەڵکوژییـەکان بکرێـن، وەلـێ لەژێـر نـاوی ناوبژیوانیکـردن لـە نێوانیانـدا خۆیـان مایەپـووچ دەکـەن، هـەر وەک لـە شـەهیدبوونی هەڤـاڵ محەمـەد قەرەسونگوریشـدا بینـرا، گـورزی سـتراتیژییان بەرکـەوت. بەمجـۆرەش لەمیانـەی ئـەو چەشـنە پەیوەندییانـەوە تەنهـا ئـەو دەرفەتـە مێژووییانـە لـە دەسـت نادرێـن کـە تـا سـاڵانی ١٩٩٠ کان لـە ئارادابـوون، بەڵکـو لـەوەش مەترسـیدارتر ئەوەبـوو دەخرایـە خزمەتـی هێڵێکـی ڕاسـتڕەوی پاسـیڤ. لـە کاتێکـدا دەرفـەت هەبـوو کـە هەڵمەتـی ١٥ی ئـاب دە ئەوەنـدە کاریگەرتـر ئەنجام بدرێـت، بـەڵام هـەم درەنگوەخـت دەسـتیان پێکـرد، هەمیـش بـە جۆرێـک ڕووکەشـی بـوو کـە لـە چوارچێـوەی «بـا دۆسـتان لـە بـازاڕدا مبانبینـن» بـە ڕێـوە چـوو.
هەرچـی سیسـتەمی بڕیـارگای ڕووکەشـییە کـە لـە ناوچەکانـی نـاوەوەی باکـووری کوردسـتان و بـە تایبەتیـش لـە دەڤـەری بۆتـان ئـاوا کرابـوون، وەک سـێیەمین ڤێـرژن خۆیـان دووبـارە دەکـردەوە. بەمجـۆرە وەک «ئاغایەتیـی شـەڕ» حسـابی هەرزانیـان لەسـەر پشـتگیرییە بەنرخەکـەی گـەل، توانـا لۆجسـتییەکان و پاڵێـوراوە بێهاوتاکانـی گەریـلا دەکـرد کـە بـە هـەوڵ و ڕەنجێکـی مێژوویـی ئامـادە کرابـوون. هـەر فەرماندەیەکـی خـۆی بـە فەرمانـدەی سـەروو (بـاڵا) دادەنـا لـە لایـەک حیسـابی باڵاتریـن ئاسـتی فەرماندەیـی بـۆ خـۆی دەکـرد، لـە لایەکـی دیکەشـەوە بـەڕەی ژێـر پێـی ئەوانـەی

تـر ڕادەکێشا کـە لـە هەمـان پێگـەدا بـوون. بەمجـۆرەش تـەواوی مەسـەلەکە بـۆ ئـەوە بچـووک کرابوویـەوە کـە «کـێ دەبێـت بـە کاریگەرتریـن کـەس؟». کەسانێک کـە لـە خەونـی خۆشـیاندا هێنـدە ئامـراز، پەیوەنـدی و پـارە و پوولیـان نەبینیبـوو، سـەرقاڵی جێبەجێکردنـی لێکدانـەوە خۆپەرسـتانەکانیان بـوون. لـەو گرێیـەی هەسـتکردن بـە بچووکێتـی هاتبوونـە مەیدانـەوە کـە ڕیشـەکەی بـۆ سـەدان سـاڵ دەگەڕایـەوە و کۆتوبەندەکانی خـۆی شـکاندبوو. بـە هـۆی ئـەو جـۆرە لێکدانەوانـەوە تۆزێکـی مابـوو ئەزموونێکـی شـەڕی گـەل مایەپـووچ بێـت کـە دەرفەتـی گەیشـتن بـە لوتکـەی هەبـوو. لـەو سـۆنگەیەوە پاڵێـوراوە بەنـرخ، دڵسـۆز، دلێـر و فیداکارەکانـی گەریـلا دەبوونـە قوربانیـی ئـەو جـۆرە ناڕەسـەنی و نابەرپرسـیارێتییانەی ئەرکەکانـی خۆیـان جێبەجـێ نەدەکـرد. بـەم جـۆرە، جاشـایەتی بەسـەر گەلـدا سـەپێنرا و کەوتـە ژێـر کاریگەریـی کۆنترگەریـلاوە؛ لـە کاریگـەری زیاتـر، گـەل پێشکەشـی کۆنترگەریـلا کـرا و خرانـە ژێـر کۆنترۆڵیانـەوە. بەمجـۆرەش سـەرجەم گـرووپ، پەیوەنـدی، پـارە و ئامرازەکانـی دیکـە لەپێنـاو خزمەتکـردن و خۆشـگوزەرانیی فەرمانـدە ساختە و دەوروبەرەکانیـان بەکاردەهێـنرا. بەمجـۆرەش ئـەو لادانـە ڕاسـتڕەوییەی لـە ئاسـتی سـەرەوە دەسـتی پێکـرد، بـە شـێوەی زنجیرەیـەک تـا خوارووتریـن ئاسـتی بەرپرسـیاریی یەکینـە ڕەنگـی دایـەوە. سـەرجەم ئاگاداریـی و ڕەخنەکانیشـمان لـە لایـەن ئـەو زەینیەتـە و پەیڕەوکارەکانیـەوە مایەپـووچ دەکـران. چەمکـی چەتـەی «چوارینـە»، «سـێیینە»و «تاکانـە» کـە دواتـر لـە هـەر ناوچـە و دەڤەرێـک سـەریان هەڵـدا، لـە ڕۆژێکـدا پەیـدا نەبـوون. ئـەو لادانـە ڕاسـتڕەوییەی لـە سـەرەتاوە ڕووی دابـوو، ڕۆڵێکـی دیاریکـەری لـە دەرکەوتنـی خیانەتـی قۆناغـی نێـوان سـاڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٤ و ڕاکردنـی ڕەوەئاسـای ناپاکەکانـدا هەبـوو کـە ژمارەیـان هـەزاری تێپـەڕ دەکـرد.

**ب-** چەمکـی لادانـی ڕاسـتڕەوانە کـە لەمیانـەی ئـەو جـۆرە نموونانـەوە لـە بـواری فەرماندەیـی و ڕێکخسـتنیدا ئاشـکرا بـوو، ڕەنگدانـەوەی لەسـەر شـێوازی شـەڕو تێکۆشـان زۆر وێرانکارتـر بـوو. نوێنەرانـی ئـەو چەمکـە لەجیاتیـی پەرەپێـدان و پێشخسـتنی شـەڕی گـەل، لەپێنـاو پاراسـتنی پێگـەی خۆیانـدا ئاشـقی شـێوازێک بـوون کـە زۆر لـە بەکرێگیـراوی و سـیخوڕێتی قێزەونـتر و خراپـتر بـوو. لەسـەر ئـەو بنەمایـەش، لـە کاتێکـدا هێزاتریـن گەریلاکانیـان لـە چالاکیـی بێمانـادا بـە فیـرۆ دەدا، هێنـدە ناڕەسـەن ببـوون لـە پشـتەوە خەنجـەر لـەو فەرمانـدە ڕاسـتگۆ و دڵسـۆزانە بـدەن کـە توانـای پێشخسـتنی شـەڕی گەریلاییـان هەبـوو. بـە تایبەتیـش چەتـەی چوارینـە (شـەمدین ساکیک - زەکـی، شـاهین باڵیـج - مەتیـن، خلیـل قایـە - کۆرجەمـال و جەمیـل ئیشـک - هۆگـر) کـە لـەو بارەیـەوە ببـوون بـە پسـپۆڕ. ئـەو سـەرۆک چەتانـە لەوانەیـە لەمیانـەی ئـەو لێپرسـینەوە و لێکۆڵینـەوە و ئەشـکەنجەدانانەی لەژێـر بیانـووی «سـیخوڕەکان دەستنیشـان دەکەیـن» بـە ڕێوەیـان دەبـرد، شـیمانەیەکی بەهێـزە ڕێگەیـان لـە پێـش کوشـتنی سـەدان هەڤاڵـی ڕاسـتگۆ و دڵسـۆز کردبێتـەوە. چەندیـن سـەرۆک چەتـەی وەک تـەرزی جەمـال (عەلـی ئۆمورجـان) و دکتـۆر سلێمان (سـەعید چروقایـە) ببـوون بـە ئامێـری هاڕینـی شـەڕڤانان و کادیـران. وەک کونێکـی ڕەش سـەرجەم خەسـڵەتە ئەرێنـی و ڕەونەقدارەکانیـان قـووت دەدا. لەجیاتیـی پێشخسـتنی شـەڕی گـەل، بـوون

بـە فاکتەرێکـی ڕێگریکـردن و بەربەسـتکردنی شـەڕ و تێکۆشـان؛ بـە جۆرێـک کـە ڕاهێنراوتریـن ئەندامانـی کۆنترگەریلایـان تێپەڕانـد. لـەو بڕوایـەدام کـە ئەوانـە زۆربەیـان سـیخوڕ نەبـوون. لەوانەیـە هەندێکیـان سـیخوڕ بووبـن. بـەڵام دڵنیـام کـە زۆربەیـان زادەی کاریگەرییـە سـایکۆلۆژی و کولتوورییەکـەی پراکتیکـی چەتەگەرێتـی، ئەنجامـی چەمکـی لادانـی ڕاسـتڕەوانە، شۆڕشـگێڕێتیی ناتـەواو و جێبەجێنەکردنـی بەرپرسـیارێتی بـوون.

وێـڕای ئـەوەی لـە گۆڕەپانـی بەرپرسـیارێتیی خۆشـمدا چەندیـن فاکتـەری لـەم جـۆرە یاخـود هاوشـێوە لـە ئارادا بـوون، بـەڵام چەمکـی شۆڕشـگێڕێتی و بەرپرسـیارێتیی تـەواوم بـە لانـی کەمـەوە خراپەکارییـە ڕۆژانەییەکانـی ئەوانـی بەربەسـت دەکـرد. ئـەوەی دەرکەوتـەڕوو، شـەڕی گـەل یـان شـەڕی گەریلایـی نەبـوو، بەڵکـو چەمـک و پراکتیکـی چەتەگەرێتیـی سـەرەتایی بـوو. بەبـێ ئـەوەی لـە ناوەندێکـی هێـزی دەرەکییـەوە سـەرچاوە بگـرن، خۆیـان تەسـفییەکارییان دەرهـەق بـە خۆیـان جێبەجـێ دەکـرد. هەرچـی ئـەو چەنـد چالاکییـە سـەربازییە بـوو کـە بـە ڕێوەیـان بردبـوو، کردبوویـان بـە ئامـراز و بیانوویەکـی خۆپاراسـتن بەرامبـەر بـە ڕێکخسـتن. کەچـی لـە ڕاسـتیدا ئـەو چالاکییانـە پشـکێکی ئەوتـۆی خـودی ئەوانـی تێـدا نەبـوو، بەڵکـو لەمیانـەی بەکارهێنـان و قوربانیکردنـی فیداکار و بوێرتریـن گەریلاکانـەوە ئـەو چالاکییانەیـان دەکـرد. هـەر یەکێـک لەوانـە تۆڕێکیـان پێکهێنابـوو کـە کەسـێتییان بپارێزێـت و ڕەمەکـە قێزەونەکانیـان تێـر بـکات، ئـەوەی پەنجـەی بـۆ ئـەوە ببردایـە، بـە ئاگرەکەیـان دەسـووتا. هەرچـی ئـەو هێزانـە بـوون کـە بـۆ دەسـتێوەردان و ڕاسـتکردنەوە ڕەوانەمـان دەکـردن، لـە نیـوەی ڕێگـە لەنـاو دەبـران، بـۆ نموونـە، لەناوبردنـی هەڤـاڵ هـارون (حوسـێن ئۆزبـەی) و گرووپەکـەی لـە دەڤـەری ساسـۆن. واتـە ئـەوەی ڕووی دەدا، شـەڕی ڕزگاریـی نیشـتیمانی نەبـوو، بەڵکـو لـە کەسـایەتیی کەسـەکاندا ببـوو بـە شـەڕ و ململانێـی سـەرەتایی بەرژەوەنـدی چیـن، بنەماڵـە و کەسـەکان. بـەم جـۆرەش، دەرفـەت و هەلومەرجـی ئازادی لـە دەسـت دەدرا. هەڵبەتـە کاریگەریـی کۆنـترا، دزەکـردن و هاندانیشـیان لـە ئـارادا بـوو، بـەڵام دیاریکـەر نەبـوون. ئـەوەی دیاریکـەر بـوو، چەواشـەکردن و شـێواندنی شـێوازی تێکۆشـان و ژیانـی پارتـی شۆڕشـگێڕی گەلی، تێرکردنـی هەوەس و بەرژەوەندییـە شەخسـی و چینایەتییـە خۆپەرسـتەکان و حیسـابەکانی گەیشـتن بـە پلـەی سـەرۆکایەتی بـوو. ئیـتر لـەو بڕوایـەدا بـوون کـە دەرفەتیـان بـۆ ڕەخسـاوە و دوودڵیشـیان لـە بەکارهێنانـی ئـەو دەرفەتـە لەپێنـاو ناسـنامە بنەماڵەیـی و چینایەتییەکەیانـدا نەکـرد.

ڕکابـەران کـە لـە چوارچێـوەی ڕێبـازی لادانـی ڕاسـتڕەوەکاندا دەجووڵانـەوە، کاتێـک هێـزی جێبەجێکردنـی سـەرکردایەتیی دەسـتەجەمعییان پیشـان نـەدا چاوەڕوانکـراو بـوو کـە هـەم چـاو ببڕنـە دەستبەسـەرداگرتنی سـەرکردایەتی و هـەم شـێوازی تێکۆشـان و ژیانـی هەڤاڵانـە بخەنـە ژێـر مەترسـییەوە. هـەر ئـەوەش ڕووی دا. هـەر وەک چـۆن مێـژووی شۆڕشـەکان سـەلماندوویەتی ئەگـەر بـە شـێوەیەکی ڕاسـت، لێهاتوانـە و لـە کاتـی خۆیـدا بۆشـایی بوارەکانـی سیاسـی و ڕێکخسـتنی پـڕ نەکرێتـەوە، ئـەوا دژبەرانـی شـۆڕش پـڕی دەکەنـەوە؛ بـە تایبەتیـش ئەوانـەی لـە ڕیزەکانـی شۆڕشـدان کـە توندتریـن و زۆرتریـن دروشـمەکانی شـۆڕش دەڵێنـەوە و بـە باشـی خۆیـان دەشـارنەوە.

ئـەو ڕێسـایەی شۆڕشـەکان لەسـەر ئـەرزی واقیـع جێبەجـێ دەبـوو. بـە واتایەکـی تـر، ئـەو ئەنـدام و گرووپانـەی دژەشۆڕشـن، هەروەهـا ئـەو مەیلـە چینایەتـی و کەسـایەتییە بەکرێگیراوانـەی پشـتیوانییان لـێ دەکـردن، کـە لـە کوردسـتان تەسـفییە ببـوون، سـەرلەنوێ لـە نـاو ڕیزەکانـی PKKدا زینـدوو دەکرانـەوە تـا تۆڵـە لـە کوردایەتیـی ئـازاد بکەنـەوە. ئـەو چەشـنە فاکتەرانـە لـە ناسـنامەی کـورددا مۆرکـی مێژووییـان هەیـە، لـە قووڵایـی چینـی سـەرووردا نەخشـێنراون، هەلپەرسـت و ناپاکـن. لـەو زەمینـە، کات و شـوێنەدا کـە چـاوەڕوان ناکرێـت، دوودڵـی لـە نواندنـی چەپەڵێتییەکەیـان ناکـەن. تەنهـا ئـەوە بەسـە کـە ئـەو سـاتە بـۆ بەرژەوەندییەکانیـان لەبـار بێـت و شـوێنەکە دەرفەتیـان پـێ بـدات.

بـە ئامانجـی ئاشـکراکردنی دەمامکـی ئـەو جـۆرە کەسـانە، هـەر لـە سـەرەتای ١٩٨٠کانـەوە شـیکردنەوەم لەبـارەی کەسـایەتی، ناسـنامە و چیـن و توێـژەوە خسـتە ڕوو، بـەڵام دەسـکەوت و سـەرکەوتنەکانی ئـەم شـیکارییانە سنووردار بـوون. چونکـە هەمـان ئـەو کەسـانە بـەو ئامانجـەی ئـەو شـیکردنەوانە ڕوناکـی نەبینـن و لـە بـواری کرداریـدا جێبەجـێ نەکرێـن، هەمـوو جـۆرە ڕێوشـوێنێکیان بـۆ خۆیـان دەگرتەبـەر. تاوتـوێ نەکردنـی شـیکردنەوەکان لـە پەروەردەکانـدا و هێشـتنەوە و شـاردنەوەی لـە لای خۆیـان، هەندێـک لـەو ڕێگـە و شـێوازە سـەرەکییانە بـوون کـە بـەردەوام پەنایـان بـۆ دەبـرد.

**ج-** شـەڕی شۆڕشـگێڕیی گـەل ماهییەتـی شـەڕی گەلـی نەمابـوو، ئیـتر ببـوو بـە شـەڕی بەکارهێنانی توندوتیـژی و سـەپاندنی باڵادەسـتی بەسـەر گەلـدا. بەمجـۆرە لەمیانـەی ڕێبـازە نائاسـاییەکانی گێرەشـێوێنییەوە پشـتگیرییە پێویسـت و مەزنەکـەی گـەل بـۆ شـەڕی گـەل پێچەوانـە کرابوویـەوە، توێژێکـی بەرچـاوی خەڵـک چارەسـەری لـە هانابردنەبـەر هێزەکانـی کۆنـترادا بینیبـوو. خەڵکانێکـی زۆریـش کـە بـە ئاسـانی دەتوانـرا بـە ئاڕاسـتەی شـەڕی گەلـدا هۆشـیار بکرێنـەوە و ڕێـک بخرێـن و بکرێـن بـە سـوپای گەریـلا، بـەڵام بـە شـێوەیەکی ڕاسـت و تەندروسـتانە پـەروەردە نەکـران و ڕێـک نەخـران؛ تەنهـا وەک سـەرچاوەیەکی دابینکردنـی ئازووقـە بـەکار هێـنران. لـە بەرامبـەر ئـەوەدا ئەندامانـی کۆنتراگەریلاش کـە ئـەو دۆخەیـان وەک دەرفەتێـک بینیـوە، هەندێـک تاوانـی زۆر مەترسـیداریان کـرد؛ بـەم جـۆرە، بـە زۆرەملێیانـە گەلیـان بـەرەو خۆیـان ڕاکێشـا، هێزەکانـی دەوڵەتیـش هـەزاران گونـدی خۆڕاگریـان وێـران کـرد، دەسـتیان بەسـەر مـاڵ و موڵـک و هەمـوو شـتێکی ملیۆنـان لادێییـدا گـرت، ناچاریـان کـردن بـە هـەژاری و نەدارییـەوە بـەرەو مەترەپۆڵـەکان کـۆچ بکـەن. بەمجـۆرە یەکێـک لـە گەورەتریـن شـاڵاوەکانی لەناوبردنـی گەلیـان لـە مێـژوو ئەنجام دا. زیاتـر لـە دەهـەزار تاوانـی تیرۆرکـردن کـران، موڵـک و سـامانی گـەل دەسـتی بەسـەردا گیـرا، دەسـتدرێژی کرایـە سـەر کەرامـەت و ناموسـەکەی.

سـەبارەت بـەو کردەوانـەی لادەرە ڕاسـتڕەوەکان، لەوانیـش خراپـتر ڕەفتـاری تەڵەکەبازانـەی وردە بۆرژوازیـی و ئـەو لادێییانـەی جگـە لـە تێرکردنـی خۆپەرسـتییە دواکەوتووەکەیـان زیاتـر نەڕۆیشـتوون، بەڕێوەبەرایەتـی (کارگێڕیـی) گەریـلا سـەیری ئـەو کۆمەڵکوژیانەیـان کـردووە، بگـرە

لـە ڕێگـەی پراکتیکـە چـەوت و ناتەواوەکەیانـەوە گەورەتریـن خزمـەت و ئاسانکارییان پێشـکەش بـە ئەنجامدەرانـی ئـەو کردەوانـە کـردووە. دیـرۆک ئاشـنای نموونەگەلێکـی زۆر دەگمەنـی لـەم جـۆرە بـووە کـە تـا ئـەو ڕادەیـە بەبـێ کەرامـەت و بەبـێ بەرپرسـیارێتی بەرامبـەر گەلەکـەی ڕەفتـاری کردبێـت و لـە ئاسـت جینۆسـایدکردنی گەلەکەیـدا بـە دامـاوی و بێچارەیـی مێنێتـەوە. چەنـد گرووپێکـی گەریلایـی هەبوایـە کـە بـە شـێوەیەکی وریـا، تێروتەسـەل و بەپرەنسـیپانە لـە کاتـی خۆیـدا توانـای پەرەپێدانـی تەکتیکـی شۆڕشـگێڕانەیان هەبوایـە، ئـەوا بـە دڵنیاییـەوە لـەو قۆناغـەدا دەیانتوانـی سـوپایەکی پەنجاهەزاریـی گەریـلا بئافرێنـن. بـەڵام ئـەو کەسـانەی ئـەو ئەرکەیـان دەکەوتـە سەرشـان، دەسـتی یارمەتییـان بـۆ ئـەو گەلـە درێـژ نەکـرد کـە دووچـاری شـاڵاوی جینۆسـاید هاتبـوو. بگـرە دژە چالاکییـان بەرامبـەر بـەو ئەشـکەنجە، تـاڵان و دەسـتدرێژیانەش نەکـرد کـە لـە ئارادا بـوون. سـەدان لـەو لاوانـەی بـە ئامانجـی بەشـداربوون بـۆ نـاو ڕیزەکانـی گەریـلادا کەوتنـە ڕێ، لـە نیـوەی ڕێگـەدا ڕووبـەڕووی لەناوچـوون بوونـەوە. جگـە لـەو هێـزەی دەیانپارێـزێ و تێرخۆراکیـان دەکات، وەک بڵێـی خیانـەت لـە هـەر شـتێک کرابێـت، بـە هیچـی دیکـەوە پەیوەندیـدار نەبـوون. لـە ڕاسـتیدا لادانـی ڕاسـتڕەوانەش هەندێـک پێـوەری تایبـەت بـە خـۆی هەیـە. بـەڵام ئـەو واقیعـەی دەرکـەوت، ڕاسـتیی کەسـایەتیی ئـەو کەسـانە بـوو کـە هیـچ خـەم و هەسـتێکی بەرپرسـیارانەیان نییـە و بێچـارەن، کـە بـە هـۆی بـێ هیوایـی یاخـود ئاشـقبەخۆبوونەوە ناناسرێتـەوە، خـاوەن پراکتیکێکـە ناکەوێتـە چوارچێـوەی هیـچ چەمکێکـەوە. لـە دواشـیکاریدا، ئەوانـە دۆخـی ڕشـانەوەی کولتـووری نکۆڵـی و قڕکـردن بـوون. واتـە نەخۆشـیەکە زۆر لـە قووڵاییـدا بـوو، لـەو سـۆنگەیەوە، پێویسـت بـوو ڕێبازەکانـی چارەسـەرکردنیش ڕیشـەیی بـن.

**د-** تەکتیکەکانـی گەریـلا بـە لاوە نرابـوون. لـە کاتێکـدا هێزەکانـی گەریـلا بـە شـێوەیەکی دۆنکیشـۆتانە هێرشـیان دەکـردە سـەر قایمتریـن و پتەوتریـن سـەربازگە و بـە دەیـان قوربانییـان دەدا، هیـچ بیریـان لـەو شـێوە و شـێوازانەی چالاکـی نەدەکـردەوە کـە بـە کەمتریـن زیـان گەورەتریـن ئەنجـام بـە دەسـت دێنـێ. هەروەهـا هیـچ تەکتیکێکـی نەخشـەبۆدانراوی شـەڕی گەلیـان دانەهێنـا. لــە کاتێکــدا لایەنــی بەرامبــەر زۆر پێشــتر ئامانجــی چالاکییەکانیانــی شــیدەکردەوە و بەگوێــرەی ئــەوەش ڕێوشــوێنی خــۆی دەگرتــە بــەر، گەریــلا لــە شــێوازە بەهێزەکــەی «لــە کــوێ، چــۆن و چ کاتێــک گــورز دەوەشــێنێت» دوور کەوتبوویــەوە و پێچەوانەکــەی پەیــڕەو دەکــرد. هەرچــی پێچەوانــەی تەکتیکەکانــی هێــرش و بەرگــری بــوو، دەیانکــرد. لــە هەلومەرجــە نالەبارەکانــی کات و شــوێندا بێماناتریــن و مەترسیدارترین شـێوەکانی هێـرش و پاشەکشـێ ئەنجـام دەدران. بگـرە نەیاندەویسـت بیــر لــە شــێوە ســەرکەوتووەکانی قەڵەمبــاز و پاشەکشــێکان بکەنــەوە. بــە شــێوەیەکی بابەتــی، ئــەوەی ڕووی دەدا کۆنترگەریلایــی بــوو. ئــەو کارانــە بەرهەمــی ئــەو کادیــرە نوێیانــە بــوون کــە دوای کشـاندنەوەی کادیـرە کۆنـەکان لـە مەیدانەکانـی گەریـلا، لـە سـاڵی ١٩٨٧ــەوە لـەو بڕوایـەدا بـوون ڕێکخسـتنیان خسـتووەتە ژێـر کۆنتڕۆڵـی خۆیانـەوە. ئەوانـە لـە لادانـی ڕاسـتڕەوانەش خراپـتر، تـەواو ببوونـە نموونەیەکـی بـێ بەرپرسـیارێتی و ئارەزووپەرسـتی. شـتێک بـە مێشـکیاندا نەدەهـات

کـە بـە پەیوەنـدی و میکانیزمـی ڕێکخسـتنی نـاو دەبرێـت. تـەواوی هونەرەکەیـان ئـەوە بـوو تاکەکەسێکیش لـە دەرەوەی کۆنترۆڵیانـدا نەمێنێتـەوە. تەنانـەت بـە ئامانجـی کۆنترۆڵکردنـی منیـش، ئەگـەر کۆنـترۆڵ سـەرنەگرێت، لەپێنـاو لەناوبردنمـدا بیریـان لـە هەمـوو شـتێکی چەپـەڵ دەکـردەوە. دەستبەسـەرداگرتنی PKK ببـووە ئـەو تاکـە ئامانجـەی هەوڵیـان بـۆ دەدا. بـەڵام ئەگـەر دەسـتیان بەسـەر PKKدا بگرتایـە چییـان دەکـرد؟ ئەگـەر تەسـفییەکارییەکەیان ئەنجامگیـر بوایـە، شانبەشـانی پـارە و پـوول، پیـاوان دەسـتی ژنێکیـان دەگـرت، ژنانیـش دەسـتی پیاوێکیـان دەگـرت و پەنایـان دەبردە بـەر باشـووری کوردسـتان یـان ئێـران، ئەوەشـیان بـە بـەس نەبینیبایـە، ڕێگـەی ئەوروپایـان دەگرتـە بـەر و ئـەو ژیانـە سـووک و ڕیسـوایەیان بەسـەر دەبـرد کـە لـە خەیاڵیانـدا هەبـوو. تەسـفییەکاریی نێـوان سـاڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٤ بەوپـەڕی ڕاشـکاوییەوە ئـەو واقیعـەی خسـتە ڕوو.

دەتوانیـن بـە ڕیزکردنـی خاڵـە سـەرەکییەکان لیسـتەکە درێـژ بکەینـەوە. بـەڵام لێـرەدا خوازیـاری پیشـاندانی ئـەو کارانـە بـووم کـە بـە نـاوی شـەڕی گەلـەوە کرابـوون. کاتێـک ئـەو قۆناغـە هەڵدەسـەنگێنم کـە لـە بابەتـی دەوڵەت-نەتـەوەدا نادیارییـەک لـە ئایدیۆلۆژیـای پارتیمانـدا هەبـوو، بـەڵام هێشـتاش لـەو بڕوایـەدام کـە سـتراتیژی شـەڕی گـەل ڕاسـت بـوو و ئەنجامـی بـە دەسـت دەهێنـا. بگـرە شـەڕی گەلـی شۆڕشـگێڕیی تاکـە سـتراتیژی ڕاسـتی ئـەو قۆناغـە بـوو. چونکـە شـێواز و ڕێبازەکانـی دیکـە جگـە لـە خزمەتکردنـی کۆمەڵکـوژی، هیـچ ڕۆڵێکـی دیکەیـان نەدەبینـی. هەروەهـا بـە شـێوەیەکی گشـتی، هەنـگاوە تەکتیکییـە یەکەمینەکانیـش ڕاسـت بـوون. جێگیربـوون لـە خۆرهەڵاتـی ناویـن، بەڕێوەبردنـی پـەروەردە و دابینکردنـی پێداویسـتیی لۆجسـتیکی، گەڕانـەوە بـۆ وڵات، پەرەپێدانـی ئامـادەکاری لـە پێگـە کاتییـەکان و دروسـتکردنی پەیوەندیـی تەکتیکـی لـەو پێنـاوەدا هەنـگاوی ڕاسـت و تێروتەسـەل بـوون. بـەڵام ئـەوەی نەبـوو، سـەرکردایەتیی مەیدانـی و نیـازی جێبەجێکردنـی تەکتیکـە ئاساییەکانی گەریـلا بـوون. باسـی پسـپۆڕیی پراکتیزەکـردن ناکـەم، چونکـە تەنانـەت ئەگـەر ڕێگرێکیـش هەبێـت، دەیتوانـی بـەو هێـزەی بەردەسـتی ئاسـتێکی بەرزتـری دەسـکەوت و سـەرکەوتن بـە دەسـت بێنێـت.

سـاڵانێکی درێـژ هەوڵـم دا هۆکارەکانـی تووشـبوون بـەو دۆخـە شـیبکەمەوە. بـە هەمـان شـێوە، هەوڵێکـی مەزنمـان دا تـا ئەنجامەکانـی و کاریگەرییـە تەسـفییەکارییەکەی بەربەسـت بکەیـن. کەموکورتـی لـە پەیوەندییەکانـی گەلـدا نەبـوو؛ پشـتگیری گەل بـۆ پەیڕەوکردنی شـەڕێکی سـەرکەوتوو بـەس بـوو. هەروەهـا ژمـارەی کادیـران و شـەڕڤانانیش کـەم نەبـوون، ئەوانـەش زیـاد بـوون. چـەک و تەقەمەنـی و لۆجسـتیک، دەڤەرەکانـی جێگیربـوون و گیرسـانەوە لـە نـاوەوە و دەرەوەی وڵات بـە زیـادەوە بەردەسـت و لەبـار بـوون. تەنهـا ئـەو کادیـر و شـەڕڤانانەی لـە سـاڵی ١٩٨٠ تـا کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٩٩٨ ڕەوانـەی نیشـتیمانم کردنـەوە، پازدەهەزاریـان تـێ دەپەڕانـد. چـەک و تەقەمەنـی و پێداویسـتییە لۆجسـتیکییەکان هەموویـان دابیـن کرابـوون. قورسـترین بەرپرسـیارێتم دەگرتـە ئەسـتۆی خـۆم، بـە زەحمەتییەکـی زۆرەوە بەشـی هـەرە زۆریانم بـۆ دەڤەرەکانـی کار و خەباتیـان ڕەوانـە دەکـرد. بـەڵام کێشـە، لادان و خیانـەت دواتـر لـە بـواری مەیدانـی سـەپێنرا. سـەرجەم پێـدراو

و نیشـانەکان پیشـانی دەدەن ئەگـەر ئیگۆیسـتی، لادان و خیانـەت ڕوویـان نەدابوایـە، ئەگـەر سـەربەخۆیی نیشـتیمانیش بـە تـەواوی بـە دەسـت نەهاتایـە، ئـەوا بـە دڵنیاییـەوە چارەسـەریەکی گونجـاو دەهاتـە ئـاراوە. ئـەو کار و خەباتـەی بەڕێوەمـان بردبـوو، بـە زیـادەوە شایسـتەی ئەنجامێکـی لـەم جـۆرە بـوو. لـەو بارەیـەوە تـا ئێسـتاش لێپێچینـەوە لەگـەڵ خۆمـدا دەکـەم؛ درێـژە بـە قاڵبوونەوە دەدەم تـا بزانـم هەڵـە و کەموکوڕییەکانـم کامانـە بـوون.

پرسـیارێکی دیکـە کـە بـەردەوام لـە خۆمـی دەپرسـم، ئەوەیـە «ئایـا دەبوایـە سـەرکردایەتیی مەیدانـی، واتـە سـەرکردایەتیی نـاوەوەی نیشـتیمانیش بگرمـە ئەسـتۆ؟». تـا ئێسـتاش ناتوانـم بـە ئاسـانی وەڵامـی ئـەو پرسـیارە بدەمـەوە. دەتوانـم بۆچوونێکـی لـەم جـۆرەش بخەمـە ڕوو: کاتێـک سـەرکردایەتیی مەیدانـی بـە داکۆکـی و سـووربوونێکی زۆرەوە هەوڵـی دەدا مـن ڕاکێشـێتە نـاو وڵات، بـە ئەنقەسـت بێـت یاخـود بێئاگایـی، بـە شـێوەیەکی بابەتـی زەمینـەی بـۆ تەسـفییەکردنم ئامـادە دەکـرد. چونکـە پێگەکـەم لـە دەرەوەی وڵات حیسـابەکانی دەسـەڵات و تەسـفییەکاریی زۆربەیانـی مایەپـووچ دەکـرد. هـەر لەبـەر ئـەوەش ناتوانـم بیـر لـەوە نەکەمـەوە بۆچـی لـە نزمتریـن ئاستیشـدا بەشـداریی کار و خەباتیـان نەدەکـرد. شـێوازی مانـەوەم لـە خۆرهەڵاتـی ناویـن حیسـابات و لێکدانـەوەی چەندیـن دەوڵـەت، کـەس و هێـزی دەرەوەی سـەراوبن دەکـرد، بێگومـان لێکدانـەوەی کەسـانێکی نـاو ڕێکخسـتنیش. هەربۆیـەش پەرچەکـرداری هێزەکانـی نـاو ڕێکخسـتن بەرامبـەر بـەو دۆخـە ئـەوە بـوو لـە نزمتریـن ئاستیشـدا ئەرکەکانـی خۆیانیـان جێبەجـێ نەدەکـرد، بگـرە ناوەڕۆکەکەشـیان مایەپـووچ دەکـرد.

هەڵبـەت سـەرجەم کادیـران و سـەرکردایەتیی مەیدانیـی نـاوەوە تاوانبـار ناکـەم. بـە هیـچ جۆرێـک گومـان لـە ڕاسـتگۆیی و دڵسـۆزیی بەشـی هـەرە زۆریـان ناکرێـت. هەڵبەتـە ئـەو هـەوڵ و کۆششـەی زۆربـەی زۆری کادیـران و شـەڕڤانان بـە بوێـری و فیداکارییەکـی مـەزن پیشـانیان داوە، مێژوویـی و حاشـاهەڵنەگرە و کـەس ناتوانێـت پێچەوانەکـەی بڵێـت. بێگومـان سـەرجەم دەسـکەوتەکان ئەنجامـی ئـەو هەوڵـە هێـژا و بەهادارانـەن. بـەڵام کێشـەکە لەوەدایـە بۆچـی ئـەو ئەندامانـە سـنوورێکیان بـۆ ئـەو کەموکورتییانـە و ئاڕاسـتەیە دانەنـا کـە تـا خیانـەت بـەردەوام بـوو. هەربۆیـە ڕەخنەیەکـی زۆرمـان لـەو کەموکوڕییـە ئایدیۆلـۆژی و سیاسـییانە گـرت کـە لـەو دۆخـەدا ڕۆڵیـان بینـی. جێگـەی پرسـیار و لێپرسـینەوەیە کـە بۆچـی لـەو سـاڵانەدا کەموکورتییەکانـی خۆیانیـان تـێ نەپەڕانـد. ئەگـەر لـە نـاوەوەی وڵاتیـش بوومایـە، کارێکـی لـەوە زیاتـر نەبـوو بیکـەم. چونکـە لـە ڕاسـتیدا لـە دەرەوە دەمتوانـی کۆمـەک و پشـتگیریی زیاتریـان بکـەم. بـەردەوام ماتریاڵـی نـووسراو و زارەکـی (بێتـەل)ی پێویسـتم دەخسـتە خزمەتیـان. هـەر بۆیـەش کێشـەکە لـەوەوە سـەرچاوەی نەدەگـرت کـە لـە نـاوەوەی وڵات نیـم. ڕۆڵـی فاکتـەرە دەرەکییـەکان لـەوەدا بـە شـێوەی ناونیشـانی سـەرەکی دەستنیشـان دەکـەم، بـەڵام ئـەوەی دیاریکـەرە، فاکتـەر و هـۆکارە ناوخۆییەکانـن.

ئێسـتاش لـەو بڕوایـەدام ئەگـەر لەسـەر بنەمـای سیاسـەتی دیموکراتییانـە پـەرە بـە ڕێگەچارەیـەک نەدرێـت، ئـەوا ناچاریـن سـتراتیژی شـەڕی شۆڕشـگێڕیی گـەل وەک ئامـرازی سـەرەکیی بەدەسـتهێنانی

ناسـنامە و ئـازادی تاقـی بکەینـەوە. لـەو بڕوایـەدام کـە چارەسـەر لـە ڕێگـەی سیاسـەتی دیموکراتییانـەوە بـەدی دێـت. تاکـە مەرجـی پێویسـت لـەو پێنـاوەدا ئەوەیـە کـە حکومەتەکانـی تورکیـا، سـوریا و ئێـران (هێـزە دیاریکەرەکانـی دەسـەڵات) ئیـرادەی ڕێگەچـارەی سیاسـییانە پیشـان بـدەن. لـە دۆخێکـی پێچەوانـەدا، ئـەوەی دەکەوێتـە ڕۆژەڤـەوە، چالاکیـی شۆڕشـگێڕانەی گـەل و پێشـکەوتووترین شـێوەکەی شـەڕی شۆڕشـگێڕیی گەلـە کـە کۆنـە، بـەڵام تـا ئێسـتاش نۆژەنبوونـی خـۆی دەپارێزێـت. چونکـە شـەڕی شۆڕشـگێڕیی گـەل کـە لـە ڕابـوردوودا لەمیانـەی تەکتیکـە ئاسـاییەکانەوە سـەرکەوتنی خـۆی سـەلماندووە، دوای ئـەو هەمـوو ئەزموونـە، سـەرنەکەوتنی چاوەڕواننەکـراوە. تەنانـەت ئەگـەر جینۆسـایدیش پەیـڕەو بکرێـت، ئەنجامەکـە ناگۆڕێـت. دوای ئـەو هەمـوو گۆشـەگیری و ڕیسـواکردنەی دووچـاری هاتـن، چاوەڕوانیـی بەردەوامیـدان بـەو شـێوازانەی ئێسـتای کۆمەڵکوژیـی کولتـووری ناکرێـت. لەوانەیـە هەندێـک هێـز داکۆکـی لەسـەر درێژەپێدانـی ئـەو شـێواز و ڕێبازانـە بکـەن، بـەڵام ئـەوەش وا دەکات ئەنجامەکـە لـە دژیان بشـکێتەوە. لێرەدا پرسـە سـەرەکییەکە جێبەجێکردنێکـی ڕاسـت و تـەواوی پێویسـتییەکانی شـەڕی گەلـە کـە لـە ڕابـوردوودا سـەرکەوتنیان تێـدا بـە دەسـت نەهێنابـوو.

**٢- شەڕی شۆڕشگێڕیی گەل و هاوپەیمانێتییەکان:**

ا- هـەر شۆڕشـێک هاوپەیمانێتـی و ڕێککەوتنـە. چونکـە لـە شۆڕشـەکاندا تەنهـا دوو هێـزی پەتـی لـە بەرامبـەر یەکتردا نیـن، بەڵکـو دوو دونیـا و دوو جەمسـەر ڕووبـەڕووی یەکـتر دەبنـەوە. جەوهـەری پەرەسـەندنی کۆمەڵگـەی گەردوونـی لـە ئایدیۆلۆژیـای شۆڕشـەکاندا کـورت کراوەتـەوە. لـە ئایدیۆلۆژیـای دژەشۆڕشیشـدا هەمـان ڕێسـا لـە ئارادایـە؛ واتـە هێـزە دژەکانیـش لەمیانـەی پوختەی ئەزموونـی گەردوونییـەوە دەجووڵێنـەوە. بـەڵام لـە واقیعـی سیاسـیدا هاوپەیمانێتـی و ڕێککەوتنـەکان کۆنکرێتیـترن. چونکـە دۆخـی مەرحەلـی و ڕۆژانەیـی سیاسـەت هاوپەیمانێتـی و ڕێککەوتنـەکان بـە شـێوەیەکی بەرجەسـتەتر دەخاتـە ڕوو. ئـەوەی ئایدیۆلۆژیـای PKKی هێناوەتـە ئـاراوە، زەمینـە و ئەزموونـی سۆسـیالیزمی بونیادنـراوە. سۆسـیالیزمی بونیادنراویـش واقیع و ڕاسـتینەیەکە بە شـێوەیەکی ڕوون و ئاشـکرا کارەکتـەری ئینتەرناسیۆنالیسـتانەی خـۆی خسـتووەتە ڕوو. تەنانـەت خـودی وشـەی ئینتەرناسـیۆنالیزمیش مانـای هـاوکاری و هاوپەیمانێتـی نێونەتەوەیـی لـە خـۆ دەگرێـت. لـە بـواری سیاسـیدا، PKK لـە زەمینـە و هەلومەرجەکانـی سۆسـیالیزمی بونیادنـراودا هەوڵـی پێکهێنانـی بوونـی خـۆی داوە. بەگوێـرەی هەلومەرجـە نەتەوەیـی و نێونەتەوەییـەکان، لـە سـەردەمی دەرکەوتنـی بزووتنەوەکەمانـدا لایەنگـری کـردن لـە کامپـی سۆسیالیسـتی بونیادنـراو وەک بڵێی پێشـتر دەستنیشـان کـراوە. واتـە کێشـەکە لـە چەمکـی تیۆریـی ڕێککەوتنـەوە سـەرچاوەی نەدەگـرت، بەڵکـو پەیوەندیـی بـە چۆنێتیـی شـێوەگرتنیەوە بـوو لـە بـواری پراکتیکیـدا. هەوڵەکانـی چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد لـە هەلومەرجەکانـی سۆسـیالیزمی نـاو تورکیـا هەنگاوێکـی ڕاسـت بـوو. هەروەهـا ناکرێ لـە دەرکەوتنـی PKKدا نکۆڵـی لـە ڕۆڵـی بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتیی تورکیـا بکرێـت. ئەگـەر بوێریـی بزووتنـەوەی

سۆسیالیستیی تورکیا بۆ شەڕو تێکۆشان نەبوایە، ئیدیعاکردنی بوێریی PKK بۆ ڕاگەیاندنی شەڕ و تێکۆشانی شۆڕشگێڕی تەنها ئەگەرێک بوو. کەواتە بەر لە هەموو شتێک، ڕێککەوتنی نێوان پێشەنگە شۆڕشگێڕەکانی ئەو گەلانەی کە چارەنووسی هاوبەشیان لەژێر چەتری هەمان دەوڵەتدایە، پێویستییەکی سروشتی کۆمەڵایەتییە.

هاوکاریی نێوان گرووپە کولتووری و چینایەتییەکانی تورک، کورد و هاوشێوەکانیان لە ڕووی تیۆرییەوە حاشاهەڵنەگرە. بەڵکو ئەوەی جێگەی گفتوگۆ بوو، سەبارەت بەو دابڕان و پچڕانەبوو کە لە پراکتیزەکردندا لە ئارادابوو. ئەو هێزە تەسفییەکار و خیانەتکارانەی دزەیان کردبووە ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕییەوە هەوڵەکانیان و ڕۆڵیان لەوەدا نەرێنی بوو، چونکە ئەو هاوکارییە زیانی بە بەرژەوەندییەکانیان دەگەیاند. هەرچی هەرس نەکردنی بزووتنەوەی PKKیە کە وەک بەشێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی تورکیا گەشەی کرد و خۆ بە دوور گرتنیان لێی، بێگومان تەنها لەو حاڵەتەدا ڕوودەدات کە ئەو کەسانە سیخوڕی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەی دەسەڵاتداربن، یان بە ناوی ئەوانەوە دزەیان کردووەتە ناو ڕیزی شۆڕشگێڕانەوە، جا ئەمە بە ئەنقەست بێ یاخود هەرەمەکی. جیاوازی نەتەوەیی و چینایەتی نابێتە کۆسپی بەردەم هاوپەیمانێتی و ڕێککەوتنەکان. بەڵکو بە پێچەوانەوە، هاوپەیمانێتی و ڕێککەوتنەکان وەک ئەنجامێکی ئەو جیاوازییانە گرنگ و بایەخدارتر دەبن. لە ئامانجە شۆڕشگێڕییەکاندا ڕێککەوتنی نێوان بچووکترین یەکینەکانیش پێویستیەکە. وەک چۆن دەشێت ڕێککەوتن لە ناو خودی هەمان ڕێکخراودا هەبێت، دەشێت لە نێوان ڕێکخراوە جیاوازەکانیشدا ڕێککەوتن بکرێت. لەو سۆنگەوە ئەنجامنەدانی هاوپەیمانێتی و ڕێککەوتنی بە پرەنسیپانە و بەردەوام لە نێوان بزووتنەوە سۆسیالیستی و دیموکراسیخوازەکانی تورکیادا، گرێدراوی هەوڵی هێزە دژەدیموکراسی و دژەسۆسیالیستییەکانە. ئایدیۆلۆژیای شۆڤینیزمی کۆمەڵایەتی، بە نەبوونی بە هێزێکی سیاسی، خەسڵەتی خۆی ئاشکرا دەکات. هەرچی هەڵوێستەکانی پەراوێزکردن و بە ئەویدی کردنەیە کە سەبارەت بە پرسی کورد و چارەسەرکردنی ئەو پرسە پەیڕەو دەکرێت، پەیوەندیی بە کاریگەریی دژەشۆڕش و سیاسەتەکانی «پەرتکە و زاڵبە»وە هەیە. سەرجەم ئەو گۆڕانکاری و پەرەسەندنانەی لە سەردەمی دەرکەوتنی PKKدا هاتنە ئاراوە، ڕۆڵی کاغەزی شیکردنەوەیان بینی؛ ناسنامەی ڕاستەقینەی سەرجەم ئەو ئەندامانەیان ئاشکرا کرد کە دزەیان کردبووە ناو تێکۆشانی شۆڕشگێڕییەوە. چونکە هەڵپەساردنی چالاکیی گرووپە سۆسیال شۆڤینییەکان دوای کودەتای ١٢ی ئەیلوول، ناشێت تەنها لەمیانەی پاساو و سیاسەتەکانی فشار و سەرکوتکاریی فاشیزمەوە ڕوون بکرێتەوە. چونکە جێگیری و پەرەسەندنی ئەو هێزانە تەنها لەمیانەی لایەنگیری کردنی ناسنامەی کورد و تێکۆشانی ئازادیخوازییەوە دەبوو، واتە تەنها لەمیانەی بوێریی هاوپەیمانێتی و ڕێککەوتن لەگەڵ PKKدا بەدی دەهات.

دوای ساڵی ١٩٨٠، جارێکی دیکە PKK لە خۆرهەڵاتی ناوین هەوڵی دا سەرجەم هێزە سۆسیالیست و دیموکراسیخوازەکان لە دەرفەتی خۆڕێکخستنەوە و تێکۆشاندا بەشداری

بکـەن. بـەو ئامانجـەش چەندیـن دیـدار و کۆبوونەوەمـان کـرد. پلاتفۆرمـی «بـەرەی بەرخودانـی یەکگرتـووی دژەفاشـیزم» مـان دامەزرانـد. بـەڵام کـە کاتـی هەنگاونانـی کـرداری هـات، پێشـوەخت ئـەو هێزانـە هەمـان ئـەو کارانەیـان کـرد کـە دواتـر تەسـفییەکارانی ناوخـۆ هەوڵیـان دەدا بیکـەن و ڕێگـەی ئەوروپایـان گرتـە بـەر. لـە ئەوروپـا سـەرقاڵی تەسـفییەکردنی ناوەڕۆکـی شۆڕشـگێڕانەی بزووتنەوەکانیـان بـوون. بـە تایبەتیـش ئەندامـە دەسـەڵاتدارەکانی نـاو دەڤیـۆڵ (DEV–YOL) هەوڵێکـی زۆریـان دا کـە شانبەشـانی لەناوبردنـی ڕێکخسـتنی خۆیـان، ناوەڕۆکـی شۆڕشـگێڕانەی PKKش نەهێڵـن. لـە ڕاسـتیدا پەیوەنـدی و توانـاکان، لایەنگـران، کادیـران و جەمـاوەری DEV–YOL لـە هەمـوو لایەنێکـەوە لـە هیـی PKK بەهێزتـر و پێشـکەوتووتر بـوون. ئەگـەر سـتراتیژی شـەڕی شۆڕشـگێڕیی گـەل پەسـند بکرایـە، ئـەو پەیوەندیـی و دەرفەتانـە بخرانایەتـە گـەڕ و لەمیانـەی تەکتیکـی هاوبەشـەوە دەسـتبەکار بوینایـە، ئـەوا وەرچەرخانـی سۆسیالیسـتی و دیموکراسـیخوازانەی تورکیـا ئاسـتی زۆر جیاوازتـری بـە دەسـت دەهێنـا و بـە قۆناغـی جیاوازتـر دەگەیشـت.

بـە تایبەتیـش ئـەو تەسـفییەکارییەی لـە کەسـایەتیی تەنـەر ئاکچامـی سـەرۆکی ڕێکخـراوی «کرێکارانـی شۆڕشـگێڕیی» کـە ڕێکخسـتنی ئەوروپـای DEV–YOLدا خـۆی سـەپاند، ڕۆڵێکـی گـەورەی لـە تەسـفییەکردنی بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی و دیموکراسـیخوازیی تورکیـادا بینـی. ئـەو مەیلـە تەسـفییەکارییە چەندیـن هێـزی لەگـەڵ خۆیـدا پەلکێشـی ئەوروپـا کـرد و هەوڵـی دا PKK گۆشـەگیر بـکات کـە سـتراتیژی شـەڕی شۆڕشـگێڕیی گەلـی بـە بنەمـا گرتبـوو. هەروەهـا هەندێـک لـە بەرپرسـەکانی PKKیـان لـە ئەوروپـا کـردە ئامـراز و زیانێکـی زۆریـان نایـەوە. لـەوە بـەدواوەش چیـتر دەڤیـۆڵ نەهاتـەوە هـۆش خـۆی. ئەگـەر ئـەو هێـزە لـە خۆرهەڵاتـی ناویـن جێگیـر بوایـە و بەرخودانێکـی سنوورداریشـی بکردایـە، ئـەوا لەمیانـەی هێـزی شۆڕشـگێڕییەوە زۆر لـە هێـزی فاشـیزمی MHP گەورەتـر دەبـوو و دەیتوانـی دەمامکـی سۆسـیال دیموکراتـی (پارتـی گەلـی کۆماری) جەهەپـە داماڵێـت و خـۆی ببێتـە سـەرەکیترین پارتـی ئۆپۆزسـیۆنی دژ بـە سیسـتەم. چەندیـن نموونـەی هاوشـێوە لـە تـەواوی جیهانـدا دەرکەوتـوون. هەروەهـا ئەگـەر ئـەو هێـزە لەگـەڵ PKKدا ڕێکبکەوتایـە و هاوپەیمانێتییـان ببەسـتایە، دەیتوانـی لـە چارەسـەرکردنی پرسـی نەتەوەیـی کـورد و کرانـەوە دیموکراسییەکاندا ببێتـە هێـزی پێشـەنگ. بـەم جـۆرەش، زەمینـەی بـۆ کرانـەوە ساختەکانی ئاکەپـە نەدەڕەخسـاند. بـەڵام ڕەوتـی تەسـفییەکارانە بەئەنقەسـت و بـە شـێوەیەکی نەخشـەبۆکێشراو ئـەو دەرفەتـە مێژووییـەی بـە فیـڕۆ دا. لێـرەدا پێویسـتە سۆسیالیسـت و شۆڕشـگێڕە بەهەڵوێستەکان زۆر بـە باشـی لێکۆڵینـەوە دەرهـەق بـەو مێـژووە کورتـە بکـەن. زۆر بـاش ئـاگادارم کـە ئـەو ڕەوتـە تەسـفییەکارییە ئەندامـی زۆر هێـژاو بەهـاداری بزووتنەوەکەمانـی لەنـاو بـرد. هەروەهـا ئەگـەر ئـەو ڕەوتـە تـا ئێسـتاکەش دژ بـە کەسـایەتیی مـن درێـژە بـە پڕوپاگەنـدە چەواشـەکارییەکانی دەدات، خاڵێکـە پێویسـتە بـە تایبەتـی هەڵوەسـتەی لەسـەر بکرێـت.

هەروەهـا سـەرکردایەتی Devsol (چەپـی شۆڕشـگێڕ)یش هەڵوێسـتێکی جێگیـر و بەپرەنسـیپانەی پیشـان نـەدا. چونکـە سـەبارەت بـە جێگیربـوون لـە خۆرهەڵاتـی ناویـن و بڵاوکردنـەوە و گشـتاندنی

بەرخودانی شۆڕشگێڕی لە کوردستانەوە بۆ تەواوی تورکیا، کراوە نەبوو. هەروەها نەیویست هەندێک هەڵوێستی دۆستانە نیشان بدات و بە لای کاری هاوبەشدا نەهات. هەرچەندە هەندێک لە کادیرانی «چەپی شۆڕشگێڕ» و بە تایبەتیش ئەوانەی پەیوەندییان لەگەڵ بەستبووین، واتە بەدری یاغان و گرووپەکەی، پاشەکشێیان بۆ ئەستەنبۆڵ نەکردایە و لەناو نەچوونایە، بە شێوەیەکی هاوبەش و برایانە لەگەڵ هێزەکانماندا بجووڵانایەتەوە، ئەوا دەیانتوانی ئەو بۆشاییە شۆڕشگێڕییە پڕ بکەنەوە کە دەڤیۆڵ دروستی کردبوو، بەم جۆرەش، دەبوو بە بەهێزترین بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی شۆڕشگێڕیی تورکیا. بەڵام ئەو ناجێگیری و دوودڵیەی لە سیاسەتەکانی هاوپەیمانێتی و ڕێککەوتن پەیڕەویان کرد ئەوانیشی تووشی تەسفییە کرد.

بێگومان چەندین گرووپ و کەسایەتیی ئازا کە لە داب و نەریتی ڕەسەنی گەلی تورکەوە هەڵقوڵابوون و خۆیان بە چەپ پێناسە دەکرد، جێگەی خۆیان لە ناو تێکۆشانی ئازادیخوازی و ناسنامەی ئینتەرناسیۆنالیستیی PKKدا گرت و لایەنگریان کرد، ڕێککەوتن و یەکێتییان لەگەڵ PKK پەرە پێ دا. چەندین کادیری کوڕ و کچی بە ڕەچەڵەک تورک و تورکیایی، لە سەرووی هەمووشیانەوە هەڤاڵان حەقی قەرار و کەمال پیر، وەک بەنرخترین کادیرانی PKK تا شەهیدبوون لە ڕیزی پێشەوەی تێکۆشاندا بوون. تا ئێستاش چەندین هەڤاڵی بەو شێوەیە لە ڕیزی بزووتنەوەکەماندان. هەروەها لە سەرەتاوە تا ڕۆژی ئەمڕۆمان چەندین کەسایەتی و گرووپ پێویستییەکانی دۆستایەتی و ڕێککەوتنیان جێبەجێ کردووە. بەڵام زۆربەی زۆری هێزە چەپڕەوەکان یان لەژێر هەژموونی سەربازی و ئایدیۆلۆژیی فاشیزمی تورکی سپیدا بێدەنگ کران، یان بە ئەنقەست یاخود لە خۆیانەوە بوون بە یارمەتیدەر و پشتیوانی ئەو هەژموونگەراییە. بەڵام ئەو هەڵوێستەی پشتگیریکردنی هەژموونگەرایی ئەو مانایە دەگەیەنێت کە ئەندامانی کۆمەڵگەی تورکیی مۆدێرن ئەو پەیوەندییە ستراتیژییەیان لە بیر کردووە یاخود نایانەوێت لێی تێ بگەن کە بووە بە نەریتێک و لە سەردەمی شەڕ و سەرکەوتنی هاوبەشی تورک و کورد لە ساڵی ١٠٧١ لە مەلازگردەوە دژ بە ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی بەردەوامە. هەروەها ئەو هەڵوێستەیان لە نکۆڵیکردنی ئەو ڕاستییەوە سەرچاوەی دەگرت کە دەسەڵات و ژیانی هاوبەش بەردی بناغەی پەیوەندیی مێژوویی نێوان ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا پێکدێنێت. بە مانایەکی تر کاتێک ئەندامانی مۆدێرنیتەی تورکی سپی، سەرەتای مێژوو بە جینۆسایدی ساڵی ١٩٢٥ی کورد دەست پێ دەکەن، سەرچاوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هۆشیارییەکی ساختە و نکۆڵیکارانەی مێژوو و کۆمەڵگەیان ئافراندووە. بە هەمان شێوە، کاتێک کۆتێزی ئیسلامی تورکی قۆناغی کۆن و نوێ کوردان پەراوێز دەکەن و پشتگیری لە ئاسیمیلاسیۆن کردنی دەکەن، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەخۆشیی دەروونی بارانویا[1] ی ئوممەتگەرا ئیسلامیگەراکان کە

١- بارانویا: نەخۆشیەکی دەروونی درێژ خایەنە، بە شێتبوونی خۆبەگەورەزانی (جنون ألعظمة) ش ناودەبرێ؛ تووشبووەکە دووچاری وەهم دێت و بڕوای تەواوی هەیە کە دووچاری چەوسانەوە دێت و چاودێری دەکرێ؛ بە گوێرەی ئەوەش لێکدانەوە بۆ هەڵسوکەوت و ڕەفتاری خەڵک دەکات، سێ خەسڵەتی سەرەکی هەیە: ترس لە ڕوودانی خراپی، بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆی خەڵکانی تر و بڕوای زێدەڕۆییانە و ناواقیعی.

کاریگەریـی هەمـان چەمکـی جینۆسـایدیان لەسـەرە. هەرچـی هۆشـیارییەکی ڕاسـتی کۆمەڵگـە و مێـژوو پیشـانی دەدات کـە هاوبەشـێتییەکی قـووڵ و پەیوەندییەکـی ئـازاد و یەکسـان بـە گشـتی لـە نێـوان کولتوورەکانـی ئەنـادۆڵ و میزۆپۆتامیـادا، بـە تایبەتیـش لـە نێـوان کولتـووری کۆمەڵایەتیـی تـورک و کـورددا هەیـە، ئـەو پەیوەندییانـەش مانایەکـی سـتراتیژی و چارەنوسسـازیان هەیـە.

ئایدیۆلۆژیـای تورکێتیـی مۆدێـرن بـە سـەرجەم فاکتـەرە ڕاسـتڕەو، چەپـڕەو و ناوەندگەراکانیـەوە خاوەنـی هەمـان شـێوەی هۆشـیاریی کۆمەڵگەیـی و مێـژوون. ئەمانـە تورکێتییەکـی هۆمۆژیـن، هۆشـیاریی کۆمەڵگـە و مێـژوو وەک بۆچوونێکـی پیـرۆز و نەگـۆڕ دەبینـن. هەروەهـا بەشـێکی چەمکـی ئوممەتـی نەریتییـان بـۆ میللیگەرایـی عەلمانـی، بەشـێکی تریشـیان بـۆ کۆتێـزی ئیسـلامی تورکـی گـۆڕی و جێگیریـان کـرد، بـەم جـۆرە، ئایدیۆلۆژیایەکیـان ئـاوا کـرد کـە سـاختەیە و لایەنـی نکۆڵیکردنـی لەپێشـە. لـە ئایدیۆلۆژیـای تورکـی مۆدێرنـدا، «هـەر لـە سـەرەتاوە تورکێتـی نەتەوەیەکـی هۆمۆژیـن و جیهانگیـرە، گوایـە بـەردەوام بـە شـێوەیەکی ئـازاد و سـەربەخۆ ژیـاوە، بەبـێ پشتبەسـتن بـە هیـچ هاوپەیمانێتـی و ڕێککەوتنێـک، بـەدوای حوکمڕانیکردنـی جیهانـەوە بـووە و ماوەیەکـی درێژخایەنیـش حوکمڕانیـی کـردووە، هەرچـی بونیـادە کۆمەڵایەتییەکەیەتـی گشـتێکی هەمەگیـرە و دابەشـبوون پەسـند نـاکات. سـوپا میللەتـە. کۆمەڵگەیـە کـە سـوپا وەک شـکۆدارترین بەهـا پەسـند دەکات و لـە نەژادێکـی پەتـی پێکهاتـووە.» بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئـەو ئایدیۆلۆژیایـەی لەژێر نـاوی «جۆن تـورک» لـە لایـەن بیانییەکانـەوە و بـە تایبـەت لـە لایـەن ئایدیۆلۆگـە زایۆنیسـتەکانەوە پێکهێـنراوە، وەک واقیعێکـی کۆمەڵایەتیـی مێژوویـی هیـچ پەیوەندییەکـی بـە کولتـووری کۆمەڵگـەی تورکییـەوە نییـە یاخـود ئـەو کولتـوورە بـە بنەمـا نەگیـراوە. واتـە شـێوازێکی دەربڕینـی میتۆلۆژییانەیـە. بـە مانایەکـی تـر ئـەوەی لەژێـر دەمامکـی تورکێتیـدا بونیـاد نـراوە، دیکتاتۆرییەتـی وشـکی چینایەتییـە، قۆرغکاریـی فاکتـەری مۆدێرنیتەیـە کـە بـە شـێوەی ئیسرائیلـی بەرایـی وێنـا کـراوە و بونیـاد نـراوە. لـەو سـۆنگەیەوە، ڕۆڵێکـی هەژموونگەرایـی لەسـەر ئـەو کولتـوور و گرووپـە کۆمەڵایەتییانـە بینیـوە کـە لـە هەلومەرجـی مۆدێرنـدا پێکهاتـوون و پەراوێـز خـراون. واتـە لێرەدا بابەتـی بـاس هەمەگیریـی قەوارەیەکـە کـە لەژێـر هەژموونـی ئایدیۆلـۆژی و سـەربازیدا لاڕێ کـراوە، نکۆڵـی و ئاسـیمیلە کـراوە. هەربۆیـە لەجیاتیـی حەقیقەتـی هۆشـیاریی کۆمەڵگـە و مێـژوو، سـەرجەم بۆچوونـە ڕاسـتڕەو، چەپڕەو و ناوەندگەراکانـی پشـکی خۆیـان لـەو ئایدیۆلۆژیـا سـاختە، نکۆڵیـکار، قڕکـەر و ئاسیمیلاسیۆنیسـتە وەرگرتـووە، لـە بینینـی ڕۆڵێکـی تاکڕەوانـە، ئیگۆیسـت و شۆڤێنیسـتانە دوور ناوەسـتن و دوودڵـی ناکـەن. لـەوەش مەترسـیدارتر، لەبـەر ئـەوەی کـراوە بـە ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی، بـە شـێوەیەکی ناچـاری لـە قوتابخانـەی سـەرەتاییەوە تـا ئاسـتی ئەکادیمـی بەسـەر هـەر کەسـێکدا دەسـەپێنرێت و لـە زەینیانـدا جێگیـر دەکرێـت؛ زەحمەتـە لـە دەرەوەی کاریگەرییەکانیـدا بمێنیتـەوە. کاتێـک ئـەوە ببێتـە مەرجـی سـەرەکیی فەرمانبەرێتـی، دۆزینـەوەی کار، قەرزوەرگرتـن و پەسـندکرانت لـە لایـەن دەوڵـەت و چینـی دەسـەڵاتدارەوە وەک ئەندامێکـی سـوودبەخش، ئـەوا زۆر ئەسـتەمە هاوبەشـێتیی تێـدا نەکرێـت. ئـەو واقیعـە لـە پشـت دۆخـی تەنیامانـەوە و گۆشـەگیریی هێـزە ڕکابەرەکانـی

سیستەمەوەیە کە ناتوانن پەرە بە دۆستایەتی و ڕێککەوتنی پێویست بدەن.

نەک تەنها بۆ پەرەپێدانی ڕێککەوتن و دۆستایەتیی مانادار لە نێوان هێزە سۆسیالیست و دیموکراسیخوازەکانی کورد و تورکدا، بەڵکو بۆ پەرەپێدانی لە نێوان سەرجەم هێزە کۆمەڵایەتییەکانی گەلاندا، بەر لە هەموو شتێک هۆشیارییەکی ڕاستی دیرۆکی و کۆمەڵگەیی پێویستە. ئەگەر پێناسەیەکی ڕاست بۆ ئەو پەیوەندییە نەکرێت کە بە درێژایی مێژوو لە نێوان کولتوورەکاندا هەبووە، ئەوا لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا ناشێت ڕێککەوتن و پەیوەندیی دادپەروەر، یەکسان و ئازادانە پەرەی پێ بدرێت؛ دەستوورێکی دیموکراتیانە ئامادە ناکرێ کە بەرجەستەترین گوزارشتی ئەو پەیوەندی و ڕێککەوتنانەیە. لەو پێناوەشدا پێویستە مۆدێرنیتەی تورک دەستبەرداری زەینیەتی فاشیزمی تاکپەرستی بێت کە تەنانەت نکۆڵی لە مێژووی تورکیش دەکات و بەها کولتوورییەکان بە نەبوو دادەنێت، لەجیاتیی ئەوە، پێکهاتەی فرەکولتووریی کۆمەڵگە و مێژووە دەوڵەمەندەکەی پەسند بکات. هەرچی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەن کە بە لانی کەمەوە بەرژەوەندییان لە بەیەکەوەژیانێکی دۆستانە و برایانەی ناو هەمان سنووردایە، کاتێک ڕێز لە ڕاستینەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی یەکتر دەگرن و بە شێوەیەکی ئازاد و یەکسان یەکتر پەسند دەکەن، وەک چۆن دەبێتە بناغەی دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی درێژخایەن و هەمیشەیی، ئەوا بنەمای یەکێتیی هێز و چالاکیی مەرحەلی و ڕۆژانەییشە؛ ناوەڕۆکی بونیادنانێکی هاوبەشانەی سیستەمێکی دەستووری دیموکراتییانەیە.

**ب-** PKK پارتێکە لە ناو سیستەمی سۆسیالیزمی بونیادنراودا دروست بووە. لە هەردوو ڕووی ئایدیۆلۆژی و سیاسیشەوە ئەو سیستەمەی بە بنەما گرتووە. هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی ڕێزدار ڕەفتاری لەگەڵ ئەو سیستەمەدا کردووە، بەڵام هەڵوێستی بەرامبەر ئەو لادانە ڕاسترەوە ڕیڤیژیۆنیستە پیشان داوە کە دزەی کردووەتە ناو بونیادەکەیەوە. هەروەها هەڵوێستی بەرامبەر وڵاتە سۆسیالیستەکان و لە سەرووی هەمووشیانەوە یەکێتیی سۆڤێت ڕەخنەگرانە و دۆستانە بوو. بە هەمان شێوە بەرامبەر بزووتنەوە سۆسیالیستییەکانی وڵاتانی دیکەش درێژەی بە هەڵوێستی بەپرەنسیپانەی خۆی داوە. هەوڵی دا پرسی کورد وەک مەسەلەیەکی دونیای هەژموونگەرایی سەرمایەداریی نەمێنێتەوە و بیکات بە بەشێکی سیستەمی دونیای سۆسیالیستی. دوای دەرچوونی لە نیشتیمان، لە ساڵی ١٩٨٠ بەدواوە ئەو هەڵوێستە ئایدیۆلۆژییەی بۆ گۆڕەپانی نێودەوڵەتی گواستەوە. پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت بەست کە ئەو کاتە نوێنەری سیستەمی سۆسیالیستی بوو. هەروەها پەیوەندیی هاوشێوەی لەگەڵ پارتە سۆسیالیستییەکانی ئەورووپاش پەرەپێدا. بەڵام بە هۆی ئەو ڕیڤیژیۆنیزمەی لە ئاستی دونیادا مۆرکی خۆی لە سیستەم دابوو، ئەو پەیوەندییانە بە ئاستی خوازراو و چاوەڕوانکراو نەگەیشتن، سنوورە تەکتیکی و ئامانجە بەرژەوەندیخوازەکانی تێ نەپەڕاند. هەروەها هەڵوێستە بەرژەوەندیخوازییەکانی دەوڵەت-نەتەوەی سۆسیالیستی بونیادنراو تێ نەپەڕێنران. واتە سیستەمی سۆسیالیستی سیاسەتی قۆستنەوەی بەرژەوەندیخوازیی دەوڵەت-نەتەوەی سیستەمی

سـەرمایەداریی بـە بنەمـا گـرت. ئـەو چەمکـەی هـەر لـە سـەرەتاوە بەسـەر سیسـتەمدا زاڵ بـوو، وەک چـۆن دەسـکەوتە سۆسیالیسـتییەکانی لەنـاو بـرد، پەرەسـەندنی ئەڵتەرناتیڤانـەی پەیوەندییـە ئینتەرناسیۆنالیستەکانیشـی بەربەرسـت کـرد. ئـەو پەیوەندییانـە کـران بـە ئامـرازی بەرژەوەندیـی هەژموونگەرایـی.

وێـڕای ئـەوەش بەکارهێنانـی ئـەو زەمینەیـە لـە لایـەن PKKوە، (بـە مانایەکـی دیکـە جولانـەوەی وەک پارتێکـی ڕاسـتەقینەی ئینتەرناسیۆنالیسـت) گرنگییەکـی مەزنـی هەیـە. گەیاندنـی بزووتنـەوەی کـورد بـە ماهییەتێکـی دیموکراسـیخوازی و سۆسیالیسـتی، بەسـتنەوەی بـە سـتراتیژییەتی شـەڕی گەلـی درێژخایەنـەوە و ناسـاندنی لـە ئاسـتی جیهانـدا و ئامادەکردنـی بـۆ ژیانێکـی هاوبـەش لەگـەڵ گەلـە دراوسـێکاندا لەسـەر بنەمـای ئـازادی و یەکسانی، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە لەگـەڵ گەلـی تورکـدا، ئاکامـی پابەندبوونـە بـە ئینتەرناسـیۆنالیزمەوە. هەرچـی خۆڕاگـری و لەسـەرپێمانەوەیەتی لـە سـەردەمی هەڵوەشـانەوەی سیسـتەمی سۆسیالیسـتیدا، بەڵگـەی پابەندبوونـی بـە گەوهـەری سۆسـیالیزمی زانسـتییەوە پیشـان دەدات. واتـە وەک بزووتنەوەکانـی دیکـەی ڕزگاریـی نیشـتیمانی، PKK بـەرەو ناسـیۆنالیزمی (میللیگەرایـی) بەرتەسـک نەڕۆیشـت. بەڵکـو توانیـی ئـەو نادیارییـە ئایدیۆلۆژییـە تـێ بپەڕێنێـت کـە سـەرەتا لـە ئـارادا بـوو. تێکۆشـانێکی سـەرکەوتوانەی بەرامبـەر فاکتەرەکانـی ئیندوسـتریالیزم و دەوڵەت-نەتـەوەی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی بـە ڕێـوە بـرد کـە مۆرکـی خۆیـان لـە سۆسـیالیزمی زانستی یاخـود بونیادنـراو دابـوو. هەروەهـا لەمیانـەی گۆڕانـکاری و وەرچەرخانـەوە ڕۆڵێکـی گرنگـی بینـی لـە پەرەپێدانـی پارادایمـی مۆدێرنیتـەی دیموکراتییانـەی ئەڵتەرناتیڤـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی و دانانـی سـنوورێک لـە نێـوان خـۆی و ڕێبازەکانـی دیکـەی مۆدێرنیتـەدا. بەمجـۆرە لـە خۆرهەڵاتـی ناوینـی دوای ١٩٨٠کانـدا، دوای ئیسرائیـل و ڕێکخـراوی ڕزگاریخوازیـی فەلەسـتین، PKK وەک سـێیەمین هێـزی دینامیـک جێگـەی خـۆی گـرت.

**ج-** وەک هێزێکـی سیاسـی، هاوپەیمانێتـی و ڕێککەوتنەکانـی PKK لـە خۆرهەڵاتـی ناویـن، ئەوروپـا و ناوچەکانـی دیکـە گرنـگ و بایەخـدارن. هـۆکاری هەڵبژاردنـی گەرمتریـن ناوچـەی خۆرهەڵاتـی ناویـن وەک شـوێنی جێگیربوونـی PKK دوای سـاڵی ١٩٨٠، پەیوەندیـی بـە خەسـڵەتە شۆڕشـگێڕییەکەیەوە هەیـە. ئـەو دەڤـەرە ڕۆڵێکـی سـتراتیژیی هەبـوو سـەبارەت بـە دانەبـڕان لـە تێکۆشـانی شۆڕشـگێڕیەوە. هەرچـی ئـەو ڕۆڵەیـە کـە درایـە ئەوروپا، بـەردەوام لـە ئاسـتی تەکتیکیـدا بـوو. ئـەوە هەڵوێسـتێکی ڕاسـت بـوو، لـە هەمـان کاتیشـدا جەوهـەری هاوپەیمانێتـی لەگـەڵ بزووتنەوەکانـی ڕزگاریـی نیشـتیمانیی پێـک دەهێنـا کـە دینامیزمێکـی گرنگـی ئـەو سـەردەمە بـوون. چونکـە پەرەپێدانـی پەیوەندییەکانـی ڕزگاریـی نیشـتیمانی لەسـەر هێڵـی سـوریا، لوبنـان، فەلەسـتین و ئیسرائیلـدا مانـای پەیوەندیداربـوون بـوو بـە گەرمتریـن، زیندووتریـن و بەرفراوانتریـن واقیعـی سیاسـیی دونیـاوە. لـە قۆناغێکـی نزیکـەی بیسـت سـاڵیدا ئـەو پەرەسـەندنانەی لـە چوارچێـوەی خـودی ئـەو پەیوەندییانـەدا بـەدی هاتـن، تەنهـا بـە ناسـاندنی ناسـنامەی کـورد و بزووتنـەوە ئازادیخوازیەکـەی لـە ئاسـتی ناوچەکـە سـنووردار نەبـوو؛ بەڵکـو وەک چـۆن بـە جیهانـی ناسـاند،

بـه پێگەیەکـی ستراتیژیشـی گەیانـد. لـە ڕاسـتیدا ئـەو پەیوەندییانـە تـا ڕۆژی ئەمـڕۆش جەوهـەری خۆیانیـان پاراسـتووە. ئـەو پەرەسـەندنانەی PKK ڕێگـەی لـە پێـش کردنـەوە، بـەرەو سیاسـەتێکی دۆسـتایەتی لەگـەڵ جەمسـەری دژە ڕێککەوتنـی سـتراتیژی ئیسرائیـل و تورکیـا ئاڕاسـتەیان گـرت. هەرچـی پەیوەندییەکانـی ئەمـڕۆی تورکیا-سوریا-لوبنان-فەلەسـتینە ڕێگەیـان لـە پێـش ئەنجامگەلێـک کردووەتـەوە کـە سـەبارەت بـە ئیسرائیـل زۆر لـە مەترسـی PKK قورسـترە. ئـەوەش دەیسـەلمێنێت کـە PKK چـۆن هێزێکـی گرنگـی دینامیکـە. واتـە هەرچەنـدە ئـەو هێزانـە لـە پێگـەی دژ بـە یەکتردا بـن، بـەڵام پەیوەندییەکانـی نێوانیـان لـە دواشـیکاردا لـە لایـەن بزێویـی و دینامیکیەتـی PKKوە پەلکێـش و ئاڕاسـتە دەکرێـت. هەمـان دینامیـزم سـەبارەت بـە چوارچێـوەی پەیوەندیـی دوانـەی تورکیا-ئێـران و سـێیانەی تورکیا-عێراق-ئەمریـکاش لـە ئارادایـە. چونکـە دینامیکییـەت و کارابوونـی PKK نەبوایـە، ئـەوا پەیوەندییەکانـی دەرهـەق بـەو مەسـەلەیە بـەو ئاڕاسـتە و شـێوازە پەرەیـان نەدەسـەند. بـە واتایەکـی تـر، ئـەو پەیوەندییانـە قەرزبـاری ئـەو جموجووڵـە دیبلۆماسـییەن کـە لـە چـواردەوری PKK هەوڵـی هۆنینـەوەی دەدرێـت. چونکـە ئـەو خەسـڵەتە شۆڕشـگێڕیی، دیموکراسـیخوازیی و سۆسیالیسـتییەی لـە گەوهـەری PKKدا هەیـە، ئـەو هێزانـەی دەسـەڵات بـەرەو جەمسـەرگەریی لـەو چەشـنە دەبـات.

هەمـان خـاڵ سـەبارەت بـە پەیوەندییەکانـی دەوڵەتـی تورکیـا لەگـەڵ ئەوروپـاش لـە جێگـەی خۆیدایـە. ئـەوەی ئەمـڕۆ تورکیـای لەگـەڵ یەکێتیـی ئەوروپـا خسـتووەتە نـاو دانوسـتاندنەکانی ئەندامێتییـەوە، پەرەسـەندنەکانی تـەوەرەی پرسـی کـورد و PKKیـە. چونکـە هەڵوێسـتی وڵاتانـی یەکێتیـی ئەوروپـا، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە هەڵوێسـتی ئەڵمانیـا، سـەبارەت بـە PKK، سـەرەتا ئەرێنـی بـوو. دواتریـش هەمـان ئـەو ڕێبازەیـان گرتـە بـەر کـە بەرامبـەر دەڤ - یـۆڵ و ڕێکخسـتنە شۆڕشـگێڕییەکانی دیکـە پەیڕەویـان کـرد، تـا پەلکێشـی ناوخـۆی بـکات و لـە ڕێگـەی هێـزی نەرمـەوە بیتوێنێنـەوە و ئاسـیمیلەی بکـەن. ئـەو شـێوە پەیوەندییـە بـۆ ماوەیەکـی درێـژ بـەردەوام بـوو. بـەڵام سـووربوونمان لەسـەر پێگـەی شۆڕشـگێڕیمان لـە خۆرهەڵاتـی ناویـن، ئـەو وڵاتانـەی بـەرەو گۆڕانکاریـی شـێواز و ڕێبـاز بـرد. سـەرەتا وەک یەکـە یەکـەی حکومەتـەکان، دواتریـش بـە نـاوی یەکێتیـی ئەوروپـاوە ڕێبـازی پەراوێزکردنیـان گرتـە بـەر، PKKیـان وەک ڕێکسـتنێکی «تیرۆریسـت» ڕاگەیانـد. ئامانجـی هـەردوو سیاسـەتیش بەربەسـتکردنی ڕێگەچارەی شۆڕشـگێڕی، دیموکراسیخوازی و سۆسیالیسـتییانەی پرسـی کـورد بـوو. لەجیاتیـی ئـەوە، «ئـازادی و مافەکانـی تاکەکـەس» دەسـەپێنرا کـە بـە مافەکانـی مـرۆڤ سـنووردار بـوو. بەمجـۆرە هەڵوێسـتێکی دووڕوانەیـان نیشـان دا وەک بڵێـی مافـی تاکەکـەس دابـڕاو لـە مافـە جڤاتـی و کۆمەڵایەتییـەکان بەدیدێت. لـە چوارچێوەی سـەفقەکانیان لەگـەڵ کۆمـاری تورکیـا لەمیانـەی ئـەو شـێوازەوە خوازیـارن هـەردوو لا، واتـە PKK و تورکیـاش بـە خۆیانـەوە ببەسـتنەوە. بـە مانایەکـی تـر، هەوڵـی سـەپاندنی پەیوەندیـی هەژموونگەرایيـان دەدا. هەربۆیـە خۆیـان لـە ڕێگەچارەکانـی دیموکراسـیخوازی و کۆمەڵایەتـی دزییـەوە. وەک پێویسـتییەکی ئـەو شـێواز و ڕێبـازە، گوایـە دوای تەسـفییەکردنی PKK، هـەوڵ دەدەن ئـەو کـەس و ڕێکخراوانـەی

ناوەڕۆکە شۆڕشگێڕی، دیموکراسیخوازی و سۆسیالیستییەکەیان خاڵی کراوەتەوە، وەک فاکتەرێکی سیاسیی پاشکۆی خۆیان لە ناو کوردان و تورکیادا جێگیر بکەن. لەو چوارچێوەیەشدا وەک هێزگەلێکی ئەرکدار بۆ هەندێک ڕۆڵی دیار ئامادەیان کردن. بە درێژایی سی ساڵ (لەمیانی گلادیۆی ناتۆوە) چاوەڕوانی سەرکەوتنی ئەو پیلانەی لەناوبردن بوون، هەربۆیەش دەرفەت و توانایەکی زۆریان خستە خزمەتیەوە. هەربۆیە هەر وەک لە تەواوی جیهان ڕووی دا، لە تورکیا و کوردستانیش خوازیار بوون ڕۆڵی پێشەنگایەتی لە نوێبوونەوەی دوایین دژەشۆڕشدا ببینن. واتە سووربوونیان لەسەر ڕاگەیاندنی PKK وەک ڕێکخراوێکی «تیرۆریست»، لەپێناو پشتگیریی و یارمەتیدانی تورکیا نەبوو، بەڵکو زیاتر پێویستییەکی بەرژەوەندیی خۆیان بوو.

ئەم پیلانەی تەسفییەکردنی کورد و بزووتنەوەی PKK کە یەکێتیی ئەوروپا بە پسپۆڕییەکی مەزنەوە ئامادەی کردبوو و جێبەجێی دەکرد، بە شێوەیەکی زۆر بایەخدارتر لە پیلانی تەسفییەکاری قوبرس-تورک، بەڵام بە نهێنی و لە قووڵاییەوە بە ڕێوە براوە. هەروەها سەفقەی گرنگ و بایەخدار لەگەڵ کۆماری تورکیا کراوە، تا ئێستاش دەکرێت. هەربۆیە سەبارەت بە پەیوەندیی کورد و تورک، هێندەی پەیماننامەی سایکس-پیکۆ گرنگ و بایەخدارە. هەوڵەکانی کۆماری تورکیا بۆ ڕێگەچارەیەک لە دەرەوەی کورد و PKK، سەپاندنی یەکلایەنانەی بەناو مافی مرۆڤ و دیموکراسیی لێکەوتەوە، ئەنجامێکی ئەو دانوستاندنە نهێنی و فێڵبازییانە بوو. لەبەر ئەوەی نەیانتوانی PKK و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد لەناو ببەن، ئەو دیدارانەش بۆ هەمان ئەو ڕۆتینە بێناوەڕۆکانە گۆڕان کە لە پەیوەندییەکانی ئیسرائیل-فەلەستیندا لە ئارادایە. هاوشێوەیەکی ئەو گەمەیە بەرامبەر کورد پەیڕەو کرا کە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی بەرامبەر کورد (بەرامبەر ئوممەتگەرا و سۆسیالیستە تورکەکانیش) بە ڕێوە برا. دوای گەرەنتیکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، تەنها بە چاونوقاندن بەرامبەر بە شاڵاوی کۆمەڵکوژکردنی کورد نەوەستان، بەڵکو لەژێر ناوی مۆدێرنیزمی عەلمانیدا تا ئەوپەڕی پشتگیریی فاشیزمی تورکی سپییان کرد. هەمان یاری و لیستۆک بەرامبەر ڕۆم، ئەرمەنی و سریانییەکانیش پەیڕەوکرا و ئەمەش بەرەو قەڵاچۆکردن و لەناوبردنی بردن.

ئەمریکا کە هێزی پلە یەکی ڕێکخراوی گلادیۆیە، ڕۆڵێکی ئاکتیڤی بینی لە پشتگیریکردنی کودەتای فاشیستی ١٢ی ئەیلوول و هەوڵەکانی لەناوبردنی تەواوی هێزە سۆسیالیست و دیموکراسیخوازەکان و بزووتنەوەی کورد و PKKش کە پارچەیەکی ئەو بزووتنەوانەیە. هەروەها پشتگیریی لە سەرجەم ئەو ئۆپەراسیۆن و پەلامارە سەربازییانە کرد کە دوای ساڵی ١٩٨٤ بە ئامانجی لەناوبردن بە ڕێوە بران. گۆشەگیرییەکی دیبلۆماسی و سیاسیی پەیڕەو کرد. هەروەها تەواوی ناتۆ و سیستەمی سۆسیالیستیی بونیادنراوی لە تەسفییەکردنی عەبدوڵڵا ئۆجالانی سەرۆکی PKKدا بەکار هێنا کە بەرفراوانترین ئۆپراسیۆنی گلادیۆ بوو. تورکیای هان دا هێرش بکاتە سەر سوریا. هەرچی ئیسرائیلە خودی هێزی نەخشەدانەر و جێبەجێکاری شارەزایانەی بوو. لەو چوارچێوەیەدا سوریا بۆ ماوەیەکی درێژ بەرامبەر بەو بزاوتانەی تەسفیە

و لەناوبـردن خۆڕاگـری کـرد. بـەڵام لـە کۆتاییـدا ئـەوان و ڕووسـیاش وەک پێویسـتیی بەرژەوەنـدی دەوڵەت-نەتەوەکانیـان لەمیانـەی چەنـد ڕێککەوتنێکـی نهێنییـەوە سازشـیان لەگـەڵ سیسـتەمی زاڵـدا کـرد. بـەڵام ئـەوەی لـەو قۆناغـەی تەسـفییەکرنداندا بـە هەمـوو ڕاشـکاوییەکەوە ئاشـکرا بـوو، ئەوەیـە کـە هەژموونگەرایـی سـەرەکی و دیاریکـەر سیسـتەمی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەدارییە کـە ئەمریـکا سـەرکردایەتی دەکات.

وێـڕای ئـەو هەوڵـە تەسـفییەکارییانەی کـە PKK لـە نـاوەوە و لـە دەرەوە دووچـاری هـات، بـەڵام توانیـی خـۆی لەگـەڵ هەلومەرجەکانـدا بگونجێنێـت، بـە شـێوازێکی داهێنـەر و خولقکارانـە وەرچەرخانـی پێویسـت ئەنجـام بـدات. هەروەهـا لـە ڕێگـەی ئەڵتەرناتیڤـی مۆدێرنیتـەی دیموکراتییـەوە توانیویەتـی لـە چوارچێـوەی سـەرکەوتنی سیاسـی و پرەنسـیپدا هەڵوێسـتی خـۆی لـە بەرامبـەر مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی پیشـان بـدات. هەروەهـا درێـژەی بـە ڕۆڵـی فاکتـەری لەپێشـینەی وەرچەرخانـی شۆڕشگێڕی-دیموکراسـیخوازانەی خۆرهەڵاتـی ناویـن داوە.

**٣- ئەزموونی شەڕی گەلی شۆڕشگێڕیی و نەتەوەی دیموکرات:**

یەکێـک لـەو ئەنجامـە گرنگانـەی ئەزموونـی شـەڕی گەلـی شۆڕشـگێڕیی ڕێگـەی لـە پێـش کـردەوە کـە PKK پێشـەنگایەتیی کـرد، حەقیقەتـی نەتـەوەی دیموکراتـە. ڕاسـتینەی نەتـەوەی دیموکـرات لـە بنەڕەتـدا بـە شـێوەیەکی ڕوون و ئاشـکرا لـە بونیـادی ئایدیۆلۆژیـی PKKدا دەستنیشـان نەکـراوە و نەخراوەتـە بەرنامـەوە. چونکـە ئـەو دەسـتەواژەیەی سـەبارەت بـە نەتـەوە لـە ئایدیۆلۆژییەکەیـدا زاڵ بـوو، ڤێرژنێکـی سۆسیالیسـتیی بونیادنـراوی دەوڵەت-نەتەوەیـە. لـەوەش گرنگتر، کاتێک باسـی نەتەوە دەکـرێ، تاکـە چەمکێکـی ڕەهـا بـە بیـری مرۆڤـدا دێـت؛ ئەویـش مەیلـی نەتەوەگەرایـی دەوڵەتیـی هێگیلسـتە. لـە دەرەوەی ئـەو دەسـتەواژە و واقیعـە، بیـر لـە حەقیقەتـی نەتـەوە ناکرێتـەوە. بێگومـان لەوەشـدا ڕاڤـەی هێگڵییانـەی چەمکـی سۆسـیالیزمی زانسـتیی مارکسـی بـە بنەمـا وەردەگیرێـت. لـە سـەردەمی مارکـس و ئەنگلسـدا کاتێـک باسـی نەتـەوە کـراوە، ئـەوەی بـە بیـری مرۆڤـدا هاتـووە، کۆمەڵگـەی نەتـەوە بـووە کـە لەسـەر بنەمـای بەلاوەنانـی پەرژینـی دەرەبەگایەتـی و چوارچێـوەی سـنوورەکانی یەکێتیـی زمان-کولتـوور بـە دەسـتی دەوڵەتـی ناوەنـدی ئافرێـنراوە. بـەم جـۆرەش، دەوڵەت-نەتـەوە وەک واقیعێکـی تـاک و ڕەهـا دەبینـرێ. دەوڵەت-نەتـەوە دەسـتەواژە و چەمکێکـی پێوەریـی سـەرەکیی فەلسـەفەی هیگڵـە، دواتریـن وێسـتگەی شـێوەگرتنی دەوڵـەت و پەرەسـەندنی کۆمەڵایەتییـە. هەرچـی بونیادنـان و ئاواکردنێتـی لـە لایـەن بۆرژوازیـی یـان پرۆلیتاریـاوە ناوەڕۆکـی ڕەهـا و تاکانەیـی دەسـتەواژەکە ناگۆڕێـت. چونکـە کاتێـک دەڵێـن نەتـەوە، تاکـە دیاردەیـەك کـە بـە ئەقڵـدا دێـت، نەتـەوەی دەوڵەتـە. ئـەو چەمکـەی دەوڵەت-نەتـەوە هـۆکاری تێنەپەڕاندنـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەدارییە لـە لایـەن مارکسـیزم و توانەوەیەتـی لـە ناویـدا. کاتێـک دەوڵـەت-نەتـەوە وەک فۆرمـی کۆمەڵایەتیی بنەڕەتیی پەسـند کـرا (بـە شـێوەیەکی ڕوون و ئاشـکرا پشـتگیری

لـە ڕاگەیاندنـی دەوڵەت-نەتـەوەی ئەڵمانیـای سـاڵی ١٨٧١ دەکرێـت)، ئـەوەی بـۆ پرۆلیتاریـاش مایـەوە، کشانەوەیە بـۆ نـاو چوارچێـوەی ئـەو سنوورانە و خزمەتکردنـی دەوڵەت-نەتەوەکەیەتـی لە بەرامبـەر هەندێـک مافـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی تـا بتوانـێ بـژی و درێـژە بـە بوونـی خـۆی بـدات. ئـەوەی سـەد و پەنجـا سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا چارەنووسـی سۆسـیالیزمی بونیادنـراوی دیـاری کـردووە، ئـەو پەسـندکردنەیە. لـە ئەنجامـدا، ڕاگەیاندنـی سـەرکەوتنی فاکتەرەکانـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری لـە چوارچێـوەی دەوڵەت-نەتـەوەدا، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە ئەزموونەکانـی یەکێتیـی سـۆڤیێت و چیـن، پەیوەندیـی ئـەو دەسـتەواژە و واقیعەیـان لەگـەڵ سـەرمایەداریدا سـەلماندووە. جگـە لـەو هـۆکارە، ناشـێت بـە شـێوەیەکی دیکـە وەرچەرخانـی سۆسـیالیزمی بونیادنـراو بـۆ سـەرمایەداریی ڕاڤـە بکرێـت.

لـە ئەزموونـی شـەڕی شۆڕشـگێڕیی گەلـدا PKK بـە هـۆی هەڵوێسـتە سۆسیالیسـتییە بونیادنراوەکانیـەوە سـەبارەت بـە بابەتـی دەوڵەت-نەتـەوە زەحمەتیـی زۆری بینـی. چونکـە واقیعـی کۆنترگەریلایـی ئـەو دەوڵەت-نەتەوەیـەی لـە دژی تێکۆشـا، سـەبارەت بـە مانـا و ئامانجـی شـەڕی شۆڕشـگێڕی، دوودڵییەکـی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـا. لـەوەش خراپـتر، وردەوردە شـێوازەکانی هـەردوو لایەنیـش لـە یەکـتر دەچـوون. ئیـتر سۆسـیالیزمی ئایدیالیسـتیی PKK تـا دەهـات بەرامبـەر واقیعـی دەوڵەت-نەتـەوەوە فشـاری بـۆ دەهـات. هـەر ئـەوەش پاشـخان و بناغـەی ئـەو قەیرانـە بـوو کـە لـە سـاڵی ١٩٩٥ بـەدواوە سـەری هەڵـدا. تـا چ ڕادەیـەک دەوڵەت-نەتـەوە دیاردەیەکـی سۆسیالیسـتییە؟ چەنـدە دەتوانرێـت جێبەجـێ بکرێـت؟ بەگوێـرەی ئـەو وەڵامانـەی بـەو دوو پرسـیارە دەدرێنـەوە، یـان قەیرانەکـە ڕێگـە لـە پێـش لەناوچـوون دەکاتـەوە، یـان بـە ڕێگەچارەیەکـی دیکـەی نیشـتیمانی ئەنجامگیـر دەبـوو. تـەواو لـەو دۆخـەدا دەسـتەواژەی نەتـەوەی دیموکـرات بـوو بـە دەسـتەواژەی کلیـل بـۆ دەرچـوون لـەو قەیرانـە ئایدیۆلۆژییـە.

وەسـفکردنی PKK لـە سـەردەمی دەرکەوتنـی گروپـدا بـە «نیشـتیمانییەکان» هەڵـە نەبـوو. هەروەهـا وەسـفەکانی «ڕزگاریخـوازە نیشـتیمانییەکان» و «ئارتەشـی ڕزگاریـی نیشـتیمانی»یش دەربـڕی هەمـان مانـان و گوزارشـتی لـەو حەقیقەتـە دەکـرد کـە نوێنەرایەتـی دەکـرا. چونکـە پڕوپاگەندەکانـی قۆناغـی ئایدیۆلـۆژی لـە بنەڕەتـدا شـیکردنەوەی ڕیالیتـەی نەتەوەیـی کـوردی بـە بنەمـا دەگـرت. پابەندبوونـی بەهێزمـان بـە ئینتەرناسـیۆنالیزمەوە ڕێگـەی نـەدەدا و نەماندەویسـت بـە ناسیۆنالیسـت و میللیگـەرا نـاو بنرێیـن. بـەڵام نەماندەتوانـی لـە ڕیالیتـەی نەتەوەییـش دابڕێیـن. لـەو سـۆنگەیەوە، کاتێـک خزیـن لـە مۆرکـی نەتەوەییـەوە بـۆ مەیلـی نەتەوەپەرسـتی (میللیگەرایـی) ڕووی دەدا، ئیـتر مەترسـیی لێکچـوون بـە ئایدیۆلۆژیـا نەتەوەگـەرا و میللیگـەراکان سـەری هەڵـدەدا کـە ئامانجیـان دەوڵەت-نەتەوەیـە. هەروەهـا لـە قۆناغـی ئایدیۆلۆژیـدا ئـەو توانـا و کارامەییەمـان نەبـوو بتوانیـن ئـەو جیاوازییـە وردە بکەیـن. هەروەهـا کاتێـک هەڵمەتـی سـاڵی ١٩٨٤ بـە ئاسـتی ڕەهەنـدی نەتەوەیـی گەیشـت و ڕێگـەی لـە پێـش هەلومەرجەکانـی شـەڕی شۆڕشـگێڕیی نیشـتیمانی کـردەوە، بـە شـێوەیەکی حەتمـی لـە نزیکـەوە ئێمـەی ڕووبـەڕووی دەسـتەواژەکانی دەسـەڵات و

دەوڵەت-نەتەوە کردەوە. لە ڕێگەی هێزەکانی گەلەوە شەڕ و تێکۆشانمان بە ڕێوە دەبرد. سنوورێکی جیاکەرەوە لە نێوان ئێمە و چینی سەروودا هەبوو جا ئەگەر دەرەبەگەکان بن یاخود بۆرژوازییەکان. هەروەها هەڵکشانمان بۆ ئاستی ڕەهەندی نیشتیمانی دەستەواژەی شەڕی گەلی بێ بنەما نەدەکرد. بەمجۆرەش لەجیاتیی «میللیگەرایی بۆرژوازی»، هێدی هێدی دەستەواژەی «نەتەوایەتی گەل» گەشەی دەکرد. کاتێک لە چوارچێوەی ئەو پەرەسەندنانەوە تەماشای هەمەگیریی تەواوی کوردستان بکەین، دەتوانین بگەینە ئەم ئەنجامانە:

ا- لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، بە تایبەتیش دوای دابەشکردن و پارچەبوونەکەی ساڵانی ١٩٢٠ـەکان، لە کوردستانی عێراق (باشووری کوردستان) بە پشتبەستن بە چینی سەروو بزاوت و جووڵەیەک خێرا بوو کە دەتوانین بە میللیگەرایی سەرەتایی ناوی ببەین. تێپەڕاندنی چوارچێوەی تەسکی ڕۆشنبیران و بەدەستهێنانی خەسڵەتی جەماوەری، میللیگەراییەکەی خێرا دەکرد. لێرەوە ڕاگەیاندنی PDK- عێراق دوای دووەمین جەنگی جیهانی گوزارشت لە هەنگاوێکی گرنگی ئاڕاستەی میللیگەرایی مۆدێرن دەکات. کۆماری کوردستان لە مەهاباد وەک یەکەمین ئەزموونی میللی (قەومی) سەرنجڕاکێشە. هەروەها شەڕی گەریلایی (پێشمەرگایەتی) کە لە ساڵی ١٩٦١دا تەقییەوە، هەستە میللیگەراییەکانی لە سەرتاسەری کوردستاندا خرۆشاند و بەهێزی کرد. وێڕای ئەو شکستەی بزووتنەوەکە دووچاری هات و ئەو پارچەبوونەی بە هۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانەوە هاتە ئاراوە، بەڵام ڕووداو و گۆڕانکارییەکان دەسەڵاتێکی میللیگەرایی کورد و دەوڵەت-نەتەوەی سەپاند کە ماهیەتێکی فیدراڵییانەی هەیە. بەمجۆرەش دەوڵەت-نەتەوەی فیدراڵییانەی کورد کە لە لایەن ئیمپریالیزم و زایۆنیزمەوە پشتگیری دەکرێت، وەک مۆدێلێک خرایە ڕوو، کە بە لانی کەمەوە هێندەی دەوڵەت-نەتەوەکەی ئیسرائیل لە فەلەستین گرنگ و بایەخدارە. ئەو خاڵە تا بڵێی گرنگە. وەک چۆن دوای شێوەگرتنی شۆڕشی کۆمار وەک دەوڵەتێک لە ١٩٢٣ دا، بە مانایەکی تر کاتێک دوای ساڵی ١٩٢٥ بڕیار لەسەر ماهیەتی دەوڵەت-نەتەوەکەی درا؛ وەک چۆن دەوڵەت نەتەوەی تورک وەک پرۆتۆ-ئیسرائیلێک بیری لێ کراوەتەوە (لەو بارەیەوە پێویست بە توێژینەوەیەکی بەرفراوان هەیە)، ئەگەر بە دەرەنگوەختیشەوە بێت، لە دوای ساڵی ١٩٤٥ بڕیار لەبارەی مۆدێلێکی هاوشێوەی پرۆتۆ-ئیسرائیلی کورد دراوە کە بە پێشەنگایەتیی PDK- عێراق بێت. لایەنی جیاوازی نێوانیان بریتییە لە جیاوازی زەمەنی و جیاوازی خەسڵەتە قەومیەکانی ئەو هێزە پەیوەندیدارانە. واتە لە پێناو گەرەنتی کردنی ئیسرائیلی داهاتوو، ئەوکاتە ئاواکردنی دوو دەوڵەت-نەتەوەی کورد و تورک بە پێویست دەبینرێت کە هەریەکەیان ڕۆڵی ئیسرائیلی بەرایی ببینێت. ئەو دەوڵەت-نەتەوە تورکە ئیسرائیلە بەراییەی لە ڕێگەی پارتی گەلی کۆماریی بەدی هات، لە ناو کوردانیشدا لەمیانەی PDK-عێراقەوە وەک دەوڵەت-نەتەوەی بەرایی کورد ئاوا دەکرێت.

ئەو بابەتەی بە نیازم لە بەشەکانی داهاتوودا بە شێوەیەکی تێروتەسەل تاوتوێی بکەم، لێرە بەو ئامانجە ئاماژەم بۆ کرد کە بە شێوەیەکی ڕاست چۆنیەتی پێکهاتنی هەرێمی

فیدراڵیی کورد ڕاڤە بکرێت کە لە ساڵی ١٩٩٠ بەدواوە لە چوارچێوەی یەکەمین و دووەمین شەڕی کەنداودا هاتووەتە ئاراوە. چونکە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی یەکەمین جەنگی کەنداو کە لە ساڵی ١٩٩٠ دەستی پێکرد، هەنگاونان بوو بە ئاڕاستەی دەوڵەت-نەتەوەی کورددا. ئەگەر ئەو دیاردەیەی دوای ١٩٩٠ لە چوارچێوەی شەڕی کەنداودا لە خۆرهەڵاتی ناوین دەستی پێکرد، وەک دەرهاوێشتەیەکی گرنگی «سێیەمین جەنگی جیهانی» شیبکەینەوە؛ دوای یەکەمین جەنگی جیهانی دەوڵەت-نەتەوەی تورک وەک پرۆتۆ-ئیسرائیل لەسەر پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی ژێرکەوتوو دروست کرا، دوای دووەمین جەنگی جیهانیش دەوڵەتی ڕاستەقینەی ئیسرائیل ئاوا کرا، وەک دەرهاوێشتەی «سێیەمین جەنگی جیهانی»یش دەوڵەت-نەتەوەی کوردیی پرۆتۆ-ئیسرائیلی ئامرازی سەرەکیی ئاسایشی دەوڵەتی ئیسرائیل ئاوا دەکرێت. لەو سۆنگەیەوە، لە ساڵانی ١٩٩٠ کان بەدواوە دەوڵەت-نەتەوەی کوردی کە لە لایەن هێزە هەژموونگەراکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری (ئەمریکا و هێزەکانی یەکێتی ئەوروپا...) و دەوڵەت-نەتەوەکانی تورک و ئیسرائیل لە ناوچەکە پشتگیری دەکرێت، هەوڵ دەدرێت وەک ئەڵتەرناتیڤێک بەرامبەر بە PKK قووت بکرێتەوە. ئەو شەڕانەی کە دوای ساڵی ١٩٩٠ تۆڕەکانی گلادیۆ بە پشتگیریی ناتۆ لە دژی PKK بە ڕێوەی برد، بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئەو واقیعە دەسەلمێنێت. بەمجۆرە لە ڕێگەی نەتەوە-دەوڵەتەوە هەوڵ دەدرێت تەدبیر و ڕێوشوێنی پێویست بەرامبەر ڕەوتی نەتەوایەتی گەل بگرنە بەر کە ئەڵتەرناتیڤی شەڕی شۆڕشگێڕیی گەلی PKK لە ئاستی کوردستان ڕێگەی لە پێش کردووەتەوە، بەم جۆرەش دەیانەوێت مایەپووچی بکەن و لەناوی ببەن. وێڕای هەڵەو کەموکوڕییەکانی، بەڵام ئەزموونی شەڕی شۆڕشگێڕیی گەل دوای ١٩٩٠ـەکان ئەو سیاسەتانەی مایەپووچ کردووە کە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی داڕێژراوە جا هێزە هەژموونگەراکانی ڕۆژئاوا بن یان دەوڵەت-نەتەوەکانی ناوچەکە (تورک و ئیسرائیل) لە ڕووی دەستەواژەیی و دیاردەییشەوە دۆخەکە بەم جۆرە بوو. چەندە دەستەواژەی نەتەوەی دیموکرات گەورەو فرەڕەهەندتر دەبوو، ئەو واقیعە زیاتر دەکەوتە ڕوو. لەمیانەی دووەمین شەڕی کەنداویشەوە (نێوان ساڵانی٢٠٠٣-٢٠١٠) ئەو واقیعە ئاشکرایە تەواو بوو بە حەقیقەتێکی بەرجەستە. بەڵام سەرەکیترین خەسڵەت کە لەو قۆناغەدا سەلمێنراوە؛ ئەوەیە کە PKK دەوڵەت-نەتەوەی کورد بونیاد نانێت، چونکە لە بواری ئایدیۆلۆژی و کردارییەوە ڕەوشی بۆ ئەو هەنگاوە لەبار نییە، وەلێ ئەوەش ڕوون بۆوە کە لە پێشخستنی نەتەوەیی گەل دوودڵی ناکات کە وەک پۆتانسێلێک لە بونیادە ئایدیۆلۆژییەکەیدا لە ئارادایە و بە شێوەی ئەلتەرناتیڤی نەتەوەی دیموکراتە.

**ب-** نەتەوەی دیموکرات تەنها دەستەواژەیەک نییە، بەڵکو وەک واقیعێکیش بەرجەستە دەبێت. چونکە ئەو تێکۆشانەی PKK لە قۆناغی گرووپی ئایدیۆلۆژیدا بەرامبەر میللیگەرایی هەردوو نەتەوەی دەسەڵاتدار و ژێردەست دەیکات، وەک تێکۆشانی نەتەوەی دیموکرات لەسەر بنەمای ئەزموونی شەڕی شۆڕشگێڕیی گەل بەرامبەر بە هەردوو دەوڵەت-نەتەوە بەردەوامە. لە

کاتێکدا دەوڵەت-نەتەوە دەسەڵاتدارەکان تەنها لەمیانەی هێزەکانی توندوتیژی و بەکرێگیراوە خۆفرۆشەکانەوە هەوڵی لەسەرپێمانەوە دەدەن، وێڕای میلیگەراکانی دەوروبەری و تەواوی پشتگیرییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی، بەڵام دەوڵەتۆکەی-نەتەوەی کورد لەو گۆشەگیرییە ڕزگاری نەبووە کە لە لایەن بزووتنەوەی نەتەوەی دیموکراتەوە دووچاری هاتووە. بۆ یەکەمین جارە لە شۆڕشی کوردستاندا دەوڵەت-نەتەوە و نەتەوەی دیموکرات لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەن بەیەکەوە ڕۆڵ ببینن.

ئەو دوو رەوتەی لە شۆڕشەکانی فەرەنسا و ڕووسیا و چەندین شۆڕشی دیکەی مۆدێرن لە ناو یەکتردا بوون، جیابوونەوەیان لە شۆڕشی کوردستاندا و دیاریکردنی هێڵێکی دیاری ئایدیۆلۆژی، سیاسی و کرداری لە نێوانیاندا پەرەسەندنێکە گرنگیی مێژوویی خۆی هەیە. چونکە ئەوەی لە سەرجەم شۆڕشە مۆدێرنەکاندا هەبووە، یان بە تەواوی باڵادەستی دەسەڵاتی چینی سەروو بووە، یان بە پێچەوانەوە، بە تەنها باڵایی چینی خواروو بووە. لە کاتی بەیەکەوەبوون و لێکجیابوونەوەشدا سنووری ڕوونیان لە نێوان خۆیاندا دیاری نەدەکرد. بەڵکو لەناوبردنی یەکتریان لە ناو خۆیاندا کردبوو بە سەرەکیترین شێوازی تێکۆشان. بەڵام ئەو دۆخەش جگە لە بەهێزکردنی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، هیچ ڕۆڵێکی دیکەی نەبینی. واتە چەمکێکی هەڵەی تێکۆشان لە نێوان هەردوو چین و هەردوو نەتەوەشدا هەبوو. هەرچەندە ئەو دۆخە نادیارەی ئەزموونی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلی کوردستان سەرەتا لە نموونەکانی پێش خۆی بچێت، بەڵام ئەو تێکۆشانە چڕبۆوە و بەردەوامەی بە ڕێوە چوو، لە ئاکامدا جیاوازیی نێوانیانی خێرا کرد و یەکلایی کردەوە. هەروەها لەو قۆناغەدا ئەو ئەزموونە تەنها بە تێپەڕاندنی دەوڵەت-نەتەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراو سنووردار نەبووە؛ بەڵکو لەجیاتیی ئەو، پەرەی بە مۆدێلێک دا کە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە دەوڵەت-نەتەوەی بۆرژوازیی ناواخنی سۆسیالیزمی بونیادنراو تێ دەپەڕێنێت، کە پرسی نەتەوەیی لە چوارچێوەی مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە دەردەخات و بونیادنانی نەتەوەی ئازاد و یەکسان لە لایەن خودی گەلەوە بە بنەما دەگرێت، واتە لە چوارچێوەی پێوەریی نەتەوەی دیموکراتدا بونیادی دەنێت. بەمجۆرەش لە چارەسەرکردنی پرسە چینایەتی و نەتەوەییەکانیشدا پۆلێنی نەتەوەی دیموکراتی کرد بە مۆدێلێکی ئەڵتەرناتیڤ. نەتەوەی دیموکراتی کرد بە گرنگترین فاکتەری مۆدێرنیتەی دیموکراتی (پیشەسازیی ئیکۆلۆژی و ئابووریی کۆمیناڵ فاکتەرەکانی دیکەن). هەروەها لەمیانەی تێپەڕاندنی دەوڵەت-نەتەوەی هیگڵییەوە کە نزیکەی سەد و پەنجا ساڵە بووەتە بەلایەکی سەر سۆسیالیزمی زانستی، ڕێگەی سۆسیالیزمێکی کردەوە کە لە زانستەوە نزیکترە. بەمجۆرەش گرنگترین کۆمەکی پێشکەش بە بونیادنانی سۆسیالیزمێکی فەلسەفی، زانستی، ئەخلاقی و ئیستاتیکی کرد.

**ج-** لە بەرامبەر ئەو بەشداریی و کۆمەکە مێژووییەی بواری تیۆریی، لە بواری پراکتیکیشدا قەوارەکانی نەتەوەی دیموکرات و مۆدێرنیتەی دیموکراتی لە دۆخی بەرجەستەی کوردستان و واقیعی کۆمەڵگەی کورددا خێرا بوو. لەگەڵ پێکهاتنی نەتەوەی دیموکرات سنوورە

دروستکراوەکانی نێوان هەر چوار پارچەی کوردستان بێ مانا بوون. واتە لە کاتێکدا سنوورەکان بۆ دەوڵەت-نەتەوەکان هەموو شتێکن، بەڵام لای نەتەوەی دیموکرات کراوە بە هیچ. لە کاتێکدا نەتەوەی دیموکرات وەک گرنگترین شۆڕشی هۆشیاری لە ئەقڵیەت و زەینیەتی گەلدا پێکهات، خۆبەڕێوەبەری (خۆسەری)ی دیموکراتیشی وەک گرنگترین شۆڕشی بەرجەستەبوون لە هەر پارچەیەک ئاواکرا. هەروەها لە کاتێکدا تا ڕادەیەکی زۆر چەرخی میکانیزمی کۆمەڵکوژیی کولتووریی تایبەت بە دەوڵەت-نەتەوەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریای مایەپووچ کرد، هەر بەشێکی گەلی کوردی لەو پارچانەی کوردستان کرد بە ئافرێنەر، بونیادنەر و بەشێکی نەتەوەی دیموکرات. شەڕی شۆڕشگێڕیی گەل، کە تەنها بە ئاشکراکردنی پیلانگێڕیی کۆمەڵکوژیی کولتووری دەوڵەت-نەتەوەی سیخوڕ و زادەی هەژموونگەرایی ئەو دوو سەدەیەی دوایی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی سنووردار نەبووە، بەڵکو لە بەدیهێنانی نەتەوەی دیموکراتدا وەک ئەڵتەرناتیڤێک لە هەر پارچەیەک و لە زەینی هەر کوردێکی دڵسۆز و جەستەی هەر جڤاتێکی کوردەواریدا سەرکەوتنێکی مەزنە. هەروەها لەمیانەی پشتگیریی و هاوکاریی دۆستانەی نێوان گەلە دراوسێکان (تورک، عەرەب، فارس)، کولتووری پێکهاتەکان و ئەو گەلانەی دووچاری لەناوبردن هاتوون (ئەرمەنی، گریک، سریانی...) بەو سیفەتەی جڤاتەکانی نەتەوەی دیموکراتن، لەسەر بنەمای ڕۆڵی پێشەنگایەتی لە بونیادنانی مۆدێرنیتەی دیموکراتیدا تا ئەوپەڕی ڕێگەی پەرەسەندنی ئەو سەرکەوتنە مێژووییەی لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا ئاوەڵا کرد.

**٤- شەڕەکانی گلادیۆی ناتۆ بەرامبەر شەڕی شۆڕشگێڕیی گەل:**

ئیتر ئاشکرا و یەکلایی بووەتەوە کە ئەو هێزە سەرەکییەی لە کوردستان دژی هەڵمەتی ١٥ی ئابی ١٩٨٤ شەڕی کرد، سوپا نهێنییەکەی ناتۆیە، واتە هێزەکانی گلادیۆیە. چونکە هەڵمەتی ١٥ی ئابی ١٩٨٤ گرنگترین بوویەرە کە بێچارەیی سیستەمی ئاسایشی تورک بەرامبەر بە تێکۆشانی PKK دەسەلمێنێت. لە ڕاستیدا کورتهێنانی سیستەمی ئاسایشی تورکیا لە بنەڕەتدا بە دەرچووممان لە ئەنقەرە دەستی پێکرد و بە جێگیربوومان لە خۆرهەڵاتی ناوین و ئەنجامدانی هەڵمەتی ١٥ی ئاب مسۆگەر بوو. دوای ئەوە، لە ساڵی ١٩٨٥دا گلادیۆی ناتۆی تەوەرەی ئەڵمانیا کەوتە جووڵەوە. لەبەر ئەوەی ئەڵمانیا ناوەندێکی سەرەکی سوپای گلادیۆ بوو، یەکەم دەوڵەت بوو کە لە ساڵی ١٩٨٥دا PKKی بە «تیرۆریست» لە قەڵەم دا. چونکە کاتێک گلادیۆی ناتۆ بونیاد نرا، لقی ئەڵمانیای ڕێکخراوەکە کرا بە بەرپرسیاری بەشەکەی ئەوروپا. سەرەتا ئەو ڕاستییانەمان نەدەزانی. بەڵکو تەنانەت ئەڵمانیا، یەکێتیی ئەوروپا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپاشمان بە دۆستی تێکۆشانی شۆڕشگێڕی دادەنا. زۆر دواتر تێگەیشتین کە شەڕێکی نهێنی دژی گەلان (گەلانی ئەوروپا، لە سەرووی هەمووشیانەوە گەلانی ئیتاڵیا، یۆنان و بەلقان) لە ئارادایە. چونکە لە کاتی دامەزراندنی ناتۆدا، ئەو سوپایە لە بەرامبەر دزەکردنی کۆمۆنیزم دامەزرا. کەسانێکی کەم دەرکیان بەو بابەتە کرد. ئەو سوپا نهێنییە زیاتر لە ئیتاڵیا، یۆنان، تورکیا و ئەڵمانیا

دژی شۆڕشـگێڕان خرایـە کار. کاتێـک یەکێتیـی سـۆڤێت هەڵوەشـایەوە و ڕووسـیای فیدڕالیـش وەک هەڕەشـەیەک نەمـا، جگـە لـە تورکیـا، ئـەو سـوپایە لـە وڵاتەکانـی دیکـەی ئەندامانـی ناتـۆدا گرنگیـی خـۆی لـە دەسـت دا. لـە تورکیـاش، بـە پێچەوانـەوە، گرنگیەکـەی بـە ئاسـتی زۆر بەرزتـر گەیشـت. شۆڕشـی ئێـران (١٩٧٩) و داگیرکردنـی ئەفغانسـتان لـە لایـەن یەکێتیـی سـۆڤێتەوە (١٩٧٩) ڕۆڵێکـی گرنگیـان لـەوەدا بینـی. هەروەهـا بـە هـۆی ڕۆڵـی جەندرمەییـەی کـە تورکیـا لـە خۆرهەڵاتـی ناوینـدا دەیبینـی، پشـتگیرییەکی بـێ سـنووری گلادیـۆی تورکیـا دەکـرا. پاراسـتنی ئیسرائیلیـش هۆکارێکـی گرنگـی ئـەو دۆخەیـە. هەروەهـا پاراسـتنی سـەرچاوەکانی نـەوت و دەسـەڵاتە بەکرێگیـراوەکان هۆکارێکـی دیکـەی گرنـگ بـوون کـە بـەردەوام گلادیـۆی لەسـەر کار دەهێشـتەوە.

هەنـگاوی چاوەڕواننەکـراوی هەڵمەتـی ١٥ی ئـاب لـەو هەلومەرجـەدا ڕووی دا. تـۆڕی گلادیـۆ لـە تورکیـا لەمیانـەی کودەتـای سـەربازیی ١٢ی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٨٠وە دوایيـن پاشـماوەکانی شۆڕشـگێڕانی تورکـی سڕیبوویەوە. هەڵمەتـی ١٥ی ئابـی سـاڵی ١٩٨٤ لـە حیسـابدا نەبـوو. کاتێـک ڕووی دا، سـەرەتا وەک ماجەڕایەکـی سـادەی چەپڕەوانـە مەزەنـدە کـرا، لـەو بڕوایـەدا بـوون کـە بـە هێـزە کلاسـیکیەکانی سـوپا، پۆلیـس و هەواڵگرییەکانیـان دەسـتبەجێ دەتوانـن لەنـاوی ببـەن. بـەڵام کاتێـک لـە سـاڵی یەکەمـدا نەیانتوانـی کۆتایـی پـێ بێنـن، مەسـەلەکەیان بـۆ پەیمانـی ناتـۆ گواسـتەوە. کـە ئەویـش بەگوێـرەی مـاددەی پێنجەمـی یاسـای دامەزراندنـی لـە سـاڵی ١٩٨٥ بڕیـاری دەسـتێوەردانیان دا. بـە هـۆی ئـەو بڕیـارەوە بـوو لـە هەمـان سـاڵدا دەوڵەتـی ئەڵـمان PKK ی بـە «ڕێکخراوێکـی تیرۆریسـت» لـە قەڵـەم دا. لـە سـاڵی ١٩٨٥ بـەدواوە لـە ڕواڵەتـدا شـەڕمان لەگـەڵ هێزەکانـی ئاسایشـی دەوڵەتـی تورکیـادا بـوو؛ بـە ئەنقەسـت ئـەو دیمەنەیـان پیشـان دەدا. بـەڵام لـە ناوەڕۆکـدا شـەڕ لەگـەڵ تـۆڕی گلادیـۆی ناتـۆ بـوو. بێگومـان باڵەکـەی گلادیـۆ لـە تورکیـا ڕۆڵێکـی گـەورەی دەبینـی، بـەڵام تاکـە بـاڵ نەبـوو. چونکـە گەورەبوونـی لـە بـواری چەندایەتیـدا بـۆ بەدەسـتهێنانی ئەنجامـی پێویسـت بـەس نەبـوو. هێزەکانـی ئاسایشـی تورکیـا نـەک سـاڵانێک، بەڵکـو بـۆ تاکـە سـاڵێکیش نەیاندەتوانـی بـە تەنهـا شـەڕێکی وەهـا بەرفـراوان بکـەن. ئەگـەر بـە ڕێوەشـیان ببردایـە، لـە ماوەیەکـی کورتـدا دەوڵـەت مایەپـووچ دەبـوو. لـەو سـۆنگەیەوە، هەرچەنـدە بـە ئاشـکرا نەبێـت و میکانیزمەکـەی بـە نهێنییەکـی زۆرەوە هەڵبسـووڕێت، بـەڵام شـەڕەکە شـەڕی ناتـۆ بـوو. شـەڕێک بـوو ڕەهەندەکانـی زۆر لـە سـەرووی ئـەو شـەڕانەوە بـوون کـە ئەمـڕۆ لـە ئەفغانسـتان و عێـراق، لـە ڕابوردووشـدا لـە سـۆماڵ بـە ڕێـوە بـراون و زۆر درێژخایەنتریـش بـوو. ئێمـەش وەک PKK لـەو ڕووەوە نهێنـی و ڕاسـتەقینەیەی شـەڕ تـێ نەگەیشـتبووین. هەربۆیـە ڕەخنەکانمـان سـەبارەت بـە ئەوروپـا و ئەمریـکا لـە ئاسـتێکی ئایدیۆلۆژیـدا بـوو. هەروەهـا ئـەو توانـا هزرییەمـان نەبـوو ڕۆڵـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی لـە شـەڕەکانی هێزەکانـی هەژموونگەرایـی شـیبکەینەوە کـە لـەو دوو سـەدەیەی دوایـی، بـە تایبەتـی دوای ١٩٢٠ـەکانی سـەدەی ڕابـردوو، بـە تایبەتیـش ئـەوەی لـە دوای سـاڵی ١٩٨٤ لـە کوردسـتان دژی گەلـی کـورد و PKK بـە ڕێـوە چـوون. هـەر بۆیـە شـیکردنەوەکانمان دەرهـەق بـە ناتـۆ زۆر ناتـەواو بـوو و هەڵوێسـتی سۆسـیالیزمی بونیادنـراوی دروشـمداری تـێ

نەدەپەڕانـد. بگـرە لـە ئاسـتی ناویشـدا هیـچ ئـاگاداری و زانیارییەکـمان سـەبارەت بـە تـۆڕی گلادیـۆ نەبـوو. بـەڵام چەنـدە ئاسـتی شـەڕی گـەل لـە کوردسـتان بـەرز بـۆوە و فراوانـتر دەبـوو، ئـەو واقیعـەش هێـدی هێـدی ئاشـکرا دەبـوو. کاتێـک لـە سـاڵانی ١٩٩٠ـەکان بـەدواوە ئەمریـکا و ئینگلتـەراش هاوشـێوەی ئەڵمانیـا PKKیـان بـە «تیرۆریسـت» ڕاگەیانـد، ئـەو هەوڵـەی پێشـتریش بـۆ تیرۆرکردنـی پاپـا درابـوو و تاوانـی کوشـتنی ئۆلـف پاڵمـەش کـە دەیانخواسـت بیخەنـە ئەسـتۆی PKK، حەقیقەتەکـەی تۆزێکـی تـر ڕوون کـردەوە. هەروەهـا ئاشـکرابوون و داماڵینـی دەمامکـی تـۆڕی گلادیـۆی ئیتاڵیـاش پەرەسـەندنێکی دیکـەی زۆر گرنـگ بـوو.

بـەر لـە باسـکردنی شـەڕەکانی گلادیـۆ لـە دژی PKK و شـەڕی شـۆڕشـگێڕیی گـەل، پێویسـتە ئـەو پیلانگێڕییانـەی سـەردەمی دامەزراندنـی کۆمارمـان بیـر بێتـەوە کـە دژی ئۆپۆزسـیۆنە سۆسیالیسـت و دیموکراسـیخوازەکان و بوونـی گەلـی کـورد بـە ڕێـوە چوون: لـە سـاڵی ١٩٢١دا سـەرهەڵدانی کۆچگری سـەرکوت کـرا، لـە کۆتاییەکانـی مانگـی یەکەمـی ١٩٢١دا ١٥ کـەس لـە ئەندامانـی کۆمیتـەی ناوەندیی پارتـی کۆمۆنیسـت کـە مسـتەفا سوبحی سـەرکردایەتیی دەکـرد، لـە دەریـای ڕەش نوقمـی ئـاو کـران، لـە هەمـان سـاڵدا هێزەکانـی ئەدهـەم چەرکـەس بڵاوەیـان پـێ کـرا، هەروەهـا یاخیبوونەکانـی لایەنگـری سـوڵتان و خەلیفـەش سـەرکوت کـران. هەرچـی کۆمۆنیسـت و ئیسـلامییە ئوممەتگـەرا و کوردەکانـن کـە هاوپەیمانـی بنەڕەتـی بـوون، لـەو سیسـتەمە نوێیـە بـەدەر نـران کـە لـە کۆتایـی شـەڕی ڕزگاریـی نیشـتیمانیدا دامـەزرا. ئـەو کاردانەوانـەی بەرامبـەر ئـەو دۆخـەش هاتنـە ئـاراوە، بـە شـێوەیەکی زۆر دژوارتـر سـەرکوت کـراون و هـەوڵ دراوە سیسـتەمی فاشـیزمی بەرایـی یـەک پارتـی ڕەوا بکرێـت. شـەپۆلی ئـەو فاشـیزمەی لـە هەمـان مـاوەدا لـە ئەڵمانیـا و ئیتاڵیـا لـە هەڵکشـاندا بـوو، لـە کۆمـاری تورکیاشـدا زایەڵـەی هەبـووە و ڕەنگـی داوەتـەوە. بەمجـۆرەش تاوانەکانـی ئاسیمیلاسـیۆن و کۆمەڵکـوژی کـە دژی بوونـی کـوردان بـە ڕێـوە دەچـوون، لەمیانـەی گێرەشـێوێنییەکەی ١٥ شـوباتی سـاڵی ١٩٢٥دا بـە شـێوەیەکی فەرمـی دەسـتیان پێکـرد، ئـەو بەرخودانانـەی بەرامبـەر ئـەو دۆخـەش هاتنـە ئـاراوە، هـەرە دوایـی لـە ڕێگـەی کۆمەڵکوژیـی سـاڵی ١٩٣٨ی دێرسـیمەوە بـە تـەواوی سـەرکوت کـران، بەشـە هـەرە زۆرەکـەی دیکـەی گەلیـش کـە وەک پاشـماوەی قڕکـردن مابوویـەوە، دووچـاری سیاسـەتەکانی ڕاگواسـتن و نیشـتەجێبوونی زۆرەملێیانـە (الاسـکان الاجبـاری) هـات. لەسـەر بنەمـای ئـەو ڕێککەوتنـەی لەگـەڵ هـەردوو هێـزی ئیمپرالـی ئەوکاتـە ئینگلیـز و فەڕەنسـا کـرا، هەمـوو جـۆرە شـێوازێکی سـەرکوتکردن، چەوسـانەوە و ئاسیمیلاسـیۆن لەپێنـاو پارچەپارچەکردنـی کوردسـتان و دوورخسـتنەوەی کـوردان لـە ناسـنامەکانیان پەیـڕەو کـرا. ئامانجەکـە ئاواکردنـی دەوڵەت-نەتەوەیەکـی هۆمۆژیـن بـوو.

دوای ئـەوەی تورکیـا لـە سـەرەتای سـاڵانی پەنجاکانـی سـەدەی ڕابـردوو بـوو بـە ئەندامـی ناتـۆ، دەسـتەی تەدقیقـی سـەفەربەری (سـەفەربەری تەتکیـک کورولـو - لجنـة التدقیـق و التفتیـش) پێکهـات کـە لقـی تـۆڕی گلادیۆیـە لـە تورکیـا. ئیـتر لەو مێـژووە بـەدواوە، ئـەو هێـزەی سـەرجەم هێزە ڕکابـەرەکان و دەسـەڵاتی سیاسـی کۆنـترۆڵ کـرد، گلادیـۆی تورکـە. لـەو چوارچێوەیەشـدا ڕووداوەکانـی

٦ و ٧ی ئەیلـوول و جووڵەپێکردنـی تەشـکیلاتی موقاوەمەتـی قوبـرس یەکەمیـن کردەوەکانـی گلادیـۆی تـورک بـوون. لەوانەیـە هەڵمەتـی دەسـگیرکردنی کۆمۆنیسـتەکان لـە سـاڵی ١٩٥١ چالاکیـی سـەرەتای بوویێـت. هەرچـی کودەتـای ٢٧ی ئایـاری ١٩٦٠ و سـەرجەم ڕێکارەکانـی دواتـری دەسـەڵات و بێکاریگەرکـردن و لەناوبردنـی ئۆپۆزسـیۆنە، بـە تـەواوی لەژێـر کۆنترۆڵـی گلادیـۆی تورکـدا بـە ڕێـوە چـوون. هەرچەنـدە ئاسـایش و هەواڵگـری و سوپاسـالاری هەریەکەیـان خۆیـان وەک هێزی سـەربەخۆ بنوێنـن، بـەڵام هێـزی سـەرەکی لەمیانـەی ڕێکخـراوی گلادیـۆوە ئاڕاسـتە و کۆنـترۆڵ دەکرێـت و بـەکار دەهێنرێـت. بەمجـۆرەش بزووتنـەوە شۆڕشـگێڕی و دیموکراسـیخوازەکان لـە ڕێگـەی کودەتـای ١٢ی ئـاداری ١٩٧١ــەوە لەمیانـەی ڕێکخـراوی گلادیـۆوە لەنـاو بـراون کـە بـە تـەواوی بەسـەر سیسـتەمدا زاڵ ببـوو. هەروەهـا کۆمەڵکوژیەکانـی تەقسـیم و مـەرەش، هەوڵـی تیرۆرکردنـی بلـند ئەجەویـد و سـەرجەم کۆمەڵکـوژی و تیرۆرەکانـی دژ بـە شۆڕشـگێڕان، ڕۆشـنبیران و گـەل لـە چوارچێـوەی پیـلان و کردارەکانـی گلادیـۆی ناتـۆدا کـراون. کودەتـای سـەربازیی ١٢ی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٨٠ یەکێـک لـە چالاکییـە هـەرە گرنگەکانـی گلادیـۆی ناتـۆ بـوو. تـا ئـەو قۆناغـە، گلادیـۆی ناتـۆ و گلادیـۆی تـورک تێکـەڵ بـوون و لـە هێزەکانـی دیکـەی ئاسـایش سـەربەخۆ بـوون، تەنانـەت ڕۆڵەکەیـان لـە سـەرووی ئەوانیشـەوە بـوو.

**ئەگەر لەو قۆناغە بەدواوە کرۆنۆلۆژیایەک دەرهەق بە PKK ڕێک بخەین، بەم جۆرەیە:**

ا- لـە قۆناغـی گرووپـەوە تـا کودەتـای سـەربازیی ١٢ی ئەیلـوول، هێرشـەکانی چاودێریکـردن و لەناوبردنـی PKK بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە لایـەن هێـزە باوەکانـی ئاسایشـەوە (میـت، ئاسـایش و جەندرمـە) بـە ڕێـوە دەبـرا، هـاوکات هێزەکانـی گلادیـۆش دەسـتبەکار بـوون. بـەڵام لـەو بڕوایـەدام لەبـەر ئـەوەی شـیمانەی ئەوەیـان نەدەکـرد کـە پـەرە بسـێنین، هێنـدەی ڕێکخسـتنە ئاکتیـڤ و کاریگـەرەکان چاودێریـی گرووپەکەمانیـان نەکـرد. چونکـە گرووپەکەمانیـان وەک پاشـکۆیەکی THKP–C دەبینـی، هەربۆیـە لـەو بڕوایـەدا بـوون دوای لەناوبردنـی THKP–C، گرووپەکـەی ئێمـەش نامێنێـت. لەوانەیـە هەوڵیـان دابێـت لـە ڕێگـەی چەنـد کەسێکەوە گرووپەکە کۆنـترۆڵ بکەن و بیخەنـە ژێـر ڕکێفـی خۆیانـەوە. وەک دەزانـرێ دوای سـاڵی ١٩٧٥، کاتێـک تێگەیشـتن گرووپەکـە سـەربەخۆیە، لـە ڕێگـەی PDK-عێراقـەوە بـە دەسـتی ڕێکخـراوی «سـتێرکا سـۆر» پەلاماریـان دایـن، کەسێکیان بـە نـاوی «عەلائەددیـن قەپـان» بـەکار هێنـا کـە دواتـر هەڤـاڵ حەقـی قـەراری تیـرۆر کـرد. مسـۆگەرە کـە PDK-عێـراق هـەر لـە سـەرەتاوە هاوتەریبـی ئیسرائیـل و گرێـدراوی ناتـۆ جووڵاوەتـەوە و وەک ڕێکخراوێکـی کۆنترۆڵکردنـی تـەواوی کوردسـتان پشـتگیریی لـێ کـراوە. هەروەهـا دەکـرێ بگوترێـت لەژێـر کۆنترۆڵـی گلادیۆدایـە و بـە تایبەتیـش لـە سـاڵی ١٩٦١ــەوە بـە یارمەتیـی گلادیـۆی تـورک چەکـدار کـراوە و بـۆ یاخیبـوون و سـەرهەڵدانی چەکـداری هـان دراوە. هەروەهـا دواتـر لەمیانـەی چەندیـن بەڵگـەوە سـەلمێنرا کـە هەمـان پشـتگیریی لـە شـای ئێرانیـش وەرگرتـووە. لـەو سـۆنگەیەوە، بینینـی پشـتگیریی ناڕاسـتەوخۆی گلادیـۆ بـۆ ئـەو دەسـتێوەردانانەی

لـە ڕێگـەی PDK-عێراقـەوە لـە کوردسـتان لـە پێنـاو پەرتەوازەکردنـی گرووپـە چەپڕەوەکان کـراون، گرنـگ و بایەخـدارە.

بانگەشـە زارەکییەکانـی سـتێرکا سـۆر «پێنـج پارچەخـوازی» (لـەو بڕوایـەدان بەشـێکی بچووکـی کوردسـتان دەکەوێتـە نـاو سـنوورەکانی یەکێتیـی سـۆڤێت!) ئـەو بۆچوونـەی دەسـەلماند. ئـەو دەسـتێوەردانەی دواتـر لـە ڕێگـەی کـوک «KUK[1]» وە بەهێزتـر کـرا، بـە ئامانجـی تەسـفییەکردنی گرووپەکەمـان بـوو بـەر لـە دەرچوونـی لـە ئەنقـەرە یـان بـەر لـە گەیشـتنی بـە خۆرهەڵاتـی ڕووبـاری فـورات. نەجاتـی قایـای فرۆکـەوان کـە لـە سـاڵی ١٩٧٦ــەوە کەوتـە جووڵـە، ئەگـەر سـیخوڕ بووبێـت (دڵنیـا نیـن، پێویسـتە یەکلایـی بکرێتەوە)، لەوانەیـە ئەندامی گلادیـۆی تورک بووبێت. ئەگـەر پیلانێکی سـەبارەت بـە تەسـفیەکردنی گـرووپ هەبووبێتیـش، بـەڵام دەرفەتـی جێبەجێکردنـی ئـەو پیلانـەی نەبـووە. گرووپیـش زۆر بـە وریاییـەوە بـەو تەڵەیـەوە نەبـووە. ئەگـەر کەسـیرە یلدرمیـش لـە ڕێگـەی عەلـی یلدرمـی باوکیـەوە سیخوڕیی کردبێـت (لەوەشـدا دڵنیـا نیـن و پێویسـتە یـەکلا بکرێتـەوە)، بـە شـێوەیەکی بـاو دەشـێت لـە تـەوەرەی کادیرانـی میتـدا بێـت. هەروەهـا بـۆ ئـەوەی هیـچ هەڵەیـەک لەبـارەی مەسـەلەی دلاوەر یلدرمیشـدا نەکرێـت، پێویسـتە لێکۆڵینـەوە و بەدواداچوونـی لەبـارەوە بکرێـت. لەوانەیـە تەڵەدانانـەوە بـۆ هەڤـاڵ حەقـی قـەرار و تیرۆرکردنـی لـە لایـەن عەلائەددیـن قەپانـەوە یەکەمیـن کـردەوەی گلادیـۆی ناتـۆ و تـورک بێـت کـە لـە قۆناغـی گرووپـدا دژی PKK کـراوە. دەکـرێ بگوتـرێ کـە بـۆ یەکەمیـن جـار لـە سـاڵی ١٩٧٧دا گرووپ بە شـێوەیەکی جدی خرایە نێـو چوارچێـوەی پاکتاوکردنـەوە. ئەگـەر بەرنامـەی پـارت بـڵاو نەکرایەتـەوە، هەروەهـا لەمیانـەی ڕاگەیاندنـی PKKوە وەڵام نەدرایەتـەوە و عەلائەددیـن قەپـان سـزا نەدرابوایـە، ئەگـەر گـرووپ بـە تەواویـش لەنـاو نەچوبایـە، ئـەوا گورزێکـی جدیـی بەردەکـەوت. دەشـێت کۆمەڵکوژیـی مـەڕەش لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٩٧٨دا وەک دووەمیـن کـردەوەی گـەورەی گلادیـۆ بەرامبـەر گرووپەکەمـان هەڵبسـەنگێنرێت کـە لـەو دەڤـەرەدا بـە خێرایـی پەرەیدەسـەند. چونکـە مـەڕەش ناوەندێکـە کـە لـە مێـژە بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ پیلانـی تەسـفیەکردنی کوردانـی تێـدا دانـراوە و جێبەجـێ دەکـرێ. هەمـان خـاڵ بـۆ سـەرجەم کوردانـی نیشـتەجێی ڕۆژئـاوای ڕووبـاری فوراتیـش ڕاسـتە. چونکـە بەگوێـرەی پیلانـی ئیسـڵاحاتی شـەرقی سـاڵی ١٩٢٥، نابێـت تاکەکەسـێک لـە دەڤـەری ڕۆژئـاوای ڕووبـاری فـورات بمێنێـت کـە بـە زمانـی کـوردی قسـە بـکات، دەبـێ لەمیانـەی ڕێگـە و شـێوازی جیـاوازەوە –لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە توانـەوە و ئاسیمیلاسـیۆن– تەسـفییە بکرێـت. هەربۆیـە پێویسـتە کۆمەڵکوژیـی مەڕەشـیش لـە چوارچێـوەی ئـەو پیلانـەدا تاوتـوێ بکرێـت کـە تـا ئێسـتاش لـە ئارادایـە. بـە تایبەتیـش ئـەو تـاوان و کردارانـەی گلادیـۆ و ئـەو ئاسیمیلاسـیۆنەی بـە شـێوەیەکی سیسـتەماتیک لـە دەڤەرەکانـی مەڵاتیـا، ئادیامـان، ئـەلازخ، دێرسـیم، سـێواس، ئەرزنجـان و

---

١- ڕزگاریخوازانی نیشتمانی کوردستان (Kürdistan Ulusal KurtuluŞçuları – KUK): ئەو ڕێکخراوە لە ساڵانی نێوان ١٩٧٨–١٩٨٠دا دوژمنایەتییەکی سەرسەختی پەکەکەی دەکرد. خاوەن بیری میللیگەراییە و پشت بە دەرەبەگایەتیی پاشڤەڕۆ دەبەستێت. دوای کودەتای ١٢ی ئەیلوول پێگەی جەماوەرییان نەما.

عەنتاب (دیلۆک) جێبەجێ دەکرێت، پێویستە لەو چوارچێوەیەدا هەڵبسەنگێنرێن.
بـە کورتـی، چاودێـری و سـەرکوتکاریی گلادیـۆ لەسـەر ئۆپۆزسـیۆنی چەپـڕەو و کوردیـی کـە دوای سـاڵانی ١٩٦٠ـەکان پـەرەی سـەند، لـە زیادبوونـدا بـوو. ئـەو چاودێریـی، سـەرکوتکردن، پێکـدادان و تیرۆرکردنانـەی لەمیانـەی کودەتـای ١٢ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧١ـەوە چـڕ بوونـەوە، سیسـتەماتیکن و گرێـدراوی ئـەو ڕێکخـراوەن. بـە ئەنـدازەی گرووپـە ئیسـلامیگەرا و گورگـە بـۆرەکان، گرووپـە سـاختە و دروسـتکراوەکانی چەپـڕەوی کـورد و تورکیـش لـە چوارچێـوەی خولاندنـەوەی چەرخـی شـەڕەکانی گلادیـۆ بـەکار هێـنراون. هەروەهـا لـە سـاڵانی ١٩٥٥-١٩٦٠ بـەدواوە، ڕێکخـراوی گلادیـۆ لـە هەمـوو پرۆسـەکانی پێکهێنانـی حکومـەت، پێکدادانـی نێـوان گرووپـە ڕاسـتڕەو و چەپـڕەوەکان، نەخشـەدانان و جێبەجێکردنـی کودەتـاکان، کۆمەڵکـوژی و تیرۆرکارییـە گرنگەکانـی تورکیـادا تـا دواڕادە کاریگەریـی هەیـە. بەمجـۆرەش ڕۆڵـی سـەربەخۆی ڕێکخراوەکانـی دیکـەی ئاسـایش و هەواڵگـری سـنووردار کران، تەنانـەت کۆنترۆڵیـش کـران. هەروەهـا تـەواوی ئـەو چالاکییانـەی لـە بـواری ئابووریـی، کۆمەڵایەتـی، کولتـووری، دیبلۆماسـی و دەسـەڵاتدا بـە ڕێـوە دەچـوون، خرانـە چوارچێـوەی ئاسایشـی دەوڵەتـەوە، لـە تـەوەرەی سـتراتیژی و تەکتیکەکانـی گلادیـۆدا تاوتـوێ دەکـران و هەوڵـی ئاڕاسـتەکردنیان دەدرا. بەمجـۆرەش هەنـگاو بـە هەنـگاو، ئۆپەراسـیۆنی توندتـر و بەرفراوانـتر بەرامبـەر بزووتنـەوە کۆمۆنیسـتی و چەپـڕەوەکان، بزووتنـەوە سۆسیالیسـتی و شۆڕشـگێڕیەکانی کـورد بـە ڕێـوە بـراوە کـە لـە دەرەوەی کۆنترۆڵیـان پـەرەی سـەند. بەمجـۆرەش قۆناغـی نێـوان سـاڵانی ١٩٧٠-١٩٨٠ دژوارتریـن ئۆپەراسـیۆنەکانی بەخـۆوە بینـی و بـە کودەتـای سـەربازیی ١٢ی ئەیلـوول و وەشـاندنی گورزێکـی کوشـندە لـە چەپـڕەوەکان ئەنجامگیـر بـوو. بـەڵام جێگیربوونـی بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕی و سۆسیالیسـتیی کـورد لـە خۆرهەڵاتـی ناوینـدا ئـەو ئۆپەراسـیۆنانەی دژ بـە خـۆی مایەپـووچ کـرد.
**ب-** دووەمیـن قۆناغـی شـەڕەکانی تـۆڕی گلادیـۆ بـە کودەتـای سـەربازیی ١٢ی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٨٠ دەسـت پێـدەکات و تـا سـاڵی ١٩٨٥ بـەردەوام دەبێـت. ئـەو کودەتایـەی کۆنسـۆڵی ئەمریـکا لەبـارەی ئەنجامدەرانیـەوە دەیگـوت: «ڕۆڵەکانمـان کارێکـی باشـیان کـرد»، ئامانـج و ئەنجامەکانـی سـەبارەت بـە کورتمـاوە ئاشـکرا بـوو و لای هەمووـمـان زانـراوە. ئامانجـی کودەتاکـە: بێدەنگکـردن و لەناوبردنـی سـەرجەم بزووتنـەوە بەرهەڵسـتکارەکان و ناوەنـدە ناڕازییـەکان و بەگوێـرەی دەسـتووری ڕژێمەکـەش، دامەزراندنـی سیسـتەمێکی نوێـی فاشیسـتی کولتـووری، سیاسـی و کۆمەڵایەتـی بـوو لـە جێگەیـدا کـە گرێـدراوی هەژموونگەرایـی سـەرمایەی فینانسـی جیهانـی بێـت لەسـەر بنەمـای سیسـتەمێکی ئابووریـی وابەسـتە بـە هەناردەکـردن (کرانـەوە بـە ڕووی داگیرکـەری دەرەکـی) و ئایدیۆلۆژیـای ئیسـلامگەرایی تورکـی. واتـە وەک چـۆن خوازیـارن پیشـانی بـدەن ئـەوە سیسـتەمێک نییـە لەژێـر کۆنترۆڵـی هێزەکانـی ئاسایشـی تورکـدا ئـاوا کرابێـت، بەڵکـو ئەنجامێکـی ئاسـایی پێکدادانەکانی کۆتایی سـاڵی ١٩٦٠ـەکانە کـە لەمیانـەی ئاگادارکردنـەوەی ١٢ی ئـادارەوە بـە لوتکـە گەیشـت. واتـە ئـەوەی لێـرەدا دیاریکـەرە، ناوەنـدی گلادیـۆ و ناتـۆ و پاشـکۆکانیان لـە تورکیـا. هەرچـی ڕۆڵـی هێزەکانـی ئاسایشـی تورکیایـە چوارچێـوەی پاڵپشـتی و یارمەتیـدان تێپـەڕ نـاکات.

لـەو قۆناغـەدا چالاکییەکانـی گلادیـۆ دژ بـە PKK بـە گشـتی لـە چوارچێـوەی هێـرش بـۆ سـەر بزووتنـەوە چەپـەکان تاوتـوێ کـراون. واتـە هەمـان ئـەو شـێوازانەی سـەرکوت و لەناوبـردن کـە دژی هــەر ڕێکخراوێکــی چەپــڕەو پەیــڕەو کــراوە، دژی PKKش پێــڕەو کــراوە. بــەڵام بــە هــۆی شـێوازی کارکـردن و جووڵانـەوەی ڕێبەرایەتیـی PKK، پیلاننامـەی هێـزە دزەپێکـراوەکان بـۆ نـاو PKK و کۆڵەکەکانیـان سـەرکەوتوو نەبـوون. بـە تایبەتیـش جگـە لـە خـۆم و هـاوڕێ ڕێزانەکـەم ئاگادارنەبوونـی کـەس بـە بابەتـی چوونـەدەرەوەم لـە وڵات، ڕۆڵێکـی گرنگـی لـەوەدا بینـی. هەربۆیـە پێویسـتە هەڵوەسـتە لەسـەر سووربوون و داخوازیـی نەجاتـی قایـا بـۆ بینینـی مـن و ئـەو حاڵەتـە ڕۆحییـەی بکەیـن کـە لـەو قۆناغـەدا پێیدا تـێ دەپـەڕی. هەروەهـا هەڵویسـتی گوماناویـی هەندێـک کـەس لـە کاتـی کارکردنمـان بـۆ ئاواکردنـی بـەرەی «بەرخودانـی یەکگرتـوو دژی فاشـیزم» کـە لە ساڵی ١٩٨٢ لەگـەڵ دەڤ-یـۆڵ و هێـزە چەپڕەوەکانـی دیکـە کارمـان لەسـەر دەکـرد و بوونـە هـۆکاری مایەپووچبوونـی، دەشـێت پەیوەندیـی بـەو هێزانـەوە هەبێـت کـە دزەیـان کردبـوو یـان هەوڵـی پاکتاوکردنیـان دەدایـن. پراکتیکـی تەسـفییەکارانەی «تەنـەر ئاکچـام» کـە بانگەشـەی سـەرۆکایەتی دەڤیۆڵـی دەکـرد و ئـەو کەسـەی بـە «سـاری جەمـال» نـاو دەبرا، نـەک تەنها سـەبارەت بـە لەناوبردنی دەڤ-یـۆل، بەڵکـو پێویسـتە لـە چوارچێـوەی هەوڵەکانـی تەسـفییەکردنی PKKشـدا تاوتـوێ بکرێـت. هەوڵەکانــی هاوشــێوەی تەســفییەکردنی ڕێکخــراوی ئەســالا و تیرۆرکردنــی ســەرۆکەکەی، یاقــوب یاقوبیـان[٢] (کـە تێیـدا سـەرکەوتوو بـوون)، لـەو قۆناغـەدا بەرامبـەر PKKش تاقـی کراونەتـەوە، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـوون. لـە هـەردوو هەوڵـی تەسـفیەکاریی و قەڵاچۆکردنیشـدا ئـەو کەسـانە بەکارهێـنران کـە دەمامکـی چەپیـان پۆشـیبوو. دوای کودەتـا فاشیسـتییەکەی ١٢ی ئەیلـوول، تەنهـا سـەرکوتکردن و ئەشـکەنجەی ڕووت ڕۆڵیـان لـە تەسـفیەکردنی چەپدا نەبینیـوە، بەڵکـو دزەکـردن بـۆ نـاو بونیـادی ئـەو ڕێکخراوانـە (سـەرجەم ڕێکخسـتنەکان، لـە ناویشـیاندا PKK) ڕۆڵـی گرنگیـان لـەو تەسـفییەکردنەدا هەبـووە. هەربۆیـە درەنگخسـتنی هەڵمەتـی ١٥ی ئـاب، ڕاسـتەوخۆ هاتنـی حوسێن یلـدرم بـۆ گۆڕەپانـی سـەرۆکایەتی دوای ١٩٨٢ و دەسـتپێکردنی چەنـد هەوڵێـک، هەروەهـا هەوڵەکانی چەنـد ڕێکخراوێکـی گوماناویـی وابەسـتە بـە ڕێکخراوەکانـی خۆرهەڵاتـی ناویـن و هەڵویسـتی PDK-عێـراق لـەو کاتـەدا سـەرلەنوێ پێویسـتیان بـە هەڵوەسـتەکردن و تاوتوێکـردن هەیـە.

پەیوەندییـەکان لەگـەڵ پەدەکە-عێـراق زۆر هەسـتیارن. لەوانەیـە ویسـتبێتیان هەمـان ئـەو هەڵویســتەی پەدەکــە بەرامبــەر دکتــۆر شــڤان (ســەعید قرمــزی تۆپــراخ ســەرۆکی پەدەکــەی تورکیـا) پەیـڕەوی کـرد، بەرامبـەر PKKش جێبەجـێ بکـەن، کـە بـە کوشـتنی دکتـۆر شـڤان و دوو لـە یاریـدەدەرە گرنگەکانـی و پەرتەوازەبوونـی ئەندامەکانـی دیکـەی ڕێکخسـتن ئەنجامگیـر بـوو. نوێنەرانـی پەدەکـەی عێـراق لایەنگـری ئەنجامدانـی هەڵمەتـی گەریلاییـمان نەبـوون. هەربۆیـەش

٢- یەعقووب یەعقووبیان (هاکوب هاکوبیان، ١٩٥١–١٩٨٨): دامەزرێنەر و سەرۆکی ڕێکخراوی ئەسالای ئەرمەنییە. لە شاری موسڵ لەدایک بووە، پاشان بەرەو لوبنان ڕۆیشتووە. پێشتر بەشداریی چەندین ڕێکخراوی سیاسیی کردووە و چەندین چالاکیی کوشتنی دیپلۆماتی تورکی لە جیهاندا کردووە. لە ناوەڕاستی شەقامێکی ئەسینا بە دەستی «یەکینەکانی دژ بە تیرۆری تورک» تیرۆر کرا.

بەربەست و کۆسپگەلێکی زۆریان بۆ دروست کردین. بە تایبەتیش لە کاتی تێپەڕاندنی سنوورەکان و گەڕانەوە بۆ نیشتیمان، زۆرێک لە هەڤاڵانی ئێمەیان شەهید کرد. دواتریش پێکدادان و تیرۆرکردنی هەڤاڵانمان بەردەوام بوو. کاتێک مەسعود بەرزانی لە سەردانێکیدا لە ساڵی ١٩٨٥ لە دیمەشق داوای وازهێنانی هەڵمەتی ١٥ی ئابی لێ کردین، گومان و ئەندێشەیەکی زۆرم هەبوو کە ئەو داوایە تەنها داسەپاندنێکی هێزەکانی ئاسایشی تورکیا نییە، بەڵکو هەوڵێکە پەیوەندی بە ئیسرائیل و تۆڕی گلادیۆی ناتۆشەوە هەیە. هەربۆیە پێویستە ماهیەتی پەیوەندی و پێکدادانەکانی PDK-عێراق لەگەڵ ئێمەدا تەنها وەک ڕووداوگەلێک نەبینرێن کە هێزەکانی ئاسایشی تورکیا ئاڕاستەیان کردووە، بەڵکو تاوتوێکردنی لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی ئیسرائیل و گلادیۆی ناتۆدا گرنگی و بایەخێکی زۆری هەیە و بابەتێکە پێویستی بە توێژینەوەیەکی بەرفراوان هەیە. هەرچەندە پێشتر شیمانەی هەڵمەتی ١٥ی ئاب و ساڵی دواتری کرابێت، بەڵام سیستەم زانیاریی مسۆگەری لەو بارەیەوە نەبوو و نەیدەزانی بە کام ئاڕاستەدا دەڕوات. هەربۆیە نەیدەتوانی شیمانەیەکی ڕاست بۆ ئاڕاستە و بەرفراوانییەکەی بکات (بۆ خۆشمان بە هەمان شێوەیە). هەڵبەتە ئەو هەڵمەتەمان ڕێگەی لە پێش قۆناغێکی نوێ کردەوە. هەربۆیە لەو بڕوایەدام کە بە درێژایی ساڵی ١٩٨٥ لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی تورک، هاوپەیمانی ناتۆ و تۆڕی گلادیۆوە گفتوگۆ سەبارەت بە ئەنجامەکانی کراوە.

**ج-** سێیەمین و گرنگترین قۆناغی شەڕەکانی تۆڕی گلادیۆ ئەو قۆناغەیە کە لە ساڵی ١٩٨٥ دەست پێدەکات و تا کوشتنی تۆرگۆت ئۆزال لە ساڵی ١٩٩٣ بەردەوام دەبێت. لە ساڵی ١٩٨٥ ماددەی پێنجەمی یاسای دامەزراندنی ناتۆ کەوتە کار کە تێیدا هاتووە «هەر هێرشێک بکرێتە سەر وڵاتێکی ئەندام، بە هێرش بۆ سەر تەواوی وڵاتانی ئەندام دادەنرێت.» جێبەجێکردنیشی لە چوارچێوەی کردارەکانی تۆڕی گلادیۆدا بوو. لەبەر ئەوەی ناوەندی جێبەجێکردن لە ئەڵمانیا بوو، بۆ یەکەمین جار دەوڵەتی ئەڵمانیا بڕیاری دا PKK وەک «ڕێکخراوی تیرۆریست» ڕابگەیەنێت. هەروەها ئەڵمانیا، ناوەندی گلادیۆی ناتۆ و پاشکۆکانی لە تورکیا و هێزەکانی ئاسایشی تورک پەدەکە ی عێراقیشیان خستە نێو ڕیزەکانی خۆیان و لە چوارچێوەی پیلانی داڕێژراودا دژەهێرشێکیان دەست پێکرد. ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانەی بە تایبەتی لە ڕێگەی PDK و بەرزانییەکانەوە لەگەڵ من دەیانکرد، داوای سەرەکییان ئەوە بوو کە خۆمان کۆتایی بە هەڵمەتەکەمان بێنین. ئەو داوایە یاخود پێشنیازە مانای ڕۆژانەییکردنی ئەو بڕیارە بوو کە هەژموونگەرایی سەرمایەداریی لە ساڵی ١٩٢١ لە کۆنفرانسی قاهیرە سەبارەت بە پرسی کورد پێی گەیشتبوو. وەک دەزانرێت، بە ئامانجی سەپاندنی هەژموونگەرایی خۆیان بەسەر خۆرهەڵاتی ناویندا، ئەو بڕیارە چارەسەرنەکردنی پرسی کورد و بە زیندوویی هێشتنەوەی بە بنەما دەگرێت. هەرچی ئەو ڕۆڵەیە کە بۆ بەرزانییەکان و پەدەکە دیاری کراوە، پەیوەندیی بە جێبەجێکردنی ئەو پێشبینی و پیلانەوە هەیە. لەبەر ئەوەی ئامانجێکی ئەو تێڕوانین و پێشبینییە ئاواکردنی قەوارەی ئیسرائیل و هەمیشەییکردنیەتی، ئەوا ئەگەر سەرجەم ڕێکخراو

و قەوارەکانی کوردستان لە چوارچێوەی پرۆتۆ-ئیسرائیلدا نەبن، ئەوا دەستیان تێوەردەدرێت و بێکاریگەر دەکرێن. لەو سۆنگەیەوە، هێرشی هاوبەشی ئیسرائیل، تورکیا، هێزەکانی PDK و گلادیۆی ناتۆ بۆ سەر PKK مایەی تێگەیشتنە: بە تایبەتیش دوای دەستپێکردنی شەڕی گەلی شۆڕشگێڕیەوە، واتە لەساڵی ١٩٨٥ ەوە. واتە بڕیارێکی مێژوویی و بەرژەوەندیی مەرحەلی پاشخانەکەی پێکدێنێت.

وێڕای ئەو پەیامانەی لە ڕێگەی مەسعود بەرزانییەوە گەیاندیان، کاتێک تێگەیشتن واز لە هەڵمەتەکەمان ناهێنین، لە ساڵی ١٩٨٦دا ڕێکخراوەکانی ژیتەم و حزبوڵلا خرانە بەرنامەی کارەوە. ژیتەم ڕۆڵی «تەشکیلاتی مەخسوسە[٣]»ی قۆناغی خۆی دەبینی کە هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی پێدرابوو. وەک دەزانرێت؛ تەشکیلایەتی مەخسوسە کە لە ساڵی ١٩١٤ دامەزرا، یەکێکە لەو ڕێکخراوە فاشیستە یەکەمینانەی لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەیەکی تورکی هۆمۆژینی نەژادپەرستدا ڕۆڵێکی گرنگی لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنیدا بینیوە و دەسەڵاتی پەیڕەوکردنی هەموو جۆرە شێوازێکی پێدراوە. هەروەها باڵێکی ئایینگەرا-ئیسلامگەرا (کە سەعید نورسی و محەمەد عاکیفیش جێگەی خۆیان تێدا دەگرت) لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە بەیەکەوە خراونەتە جووڵەوە. ئەو مۆدێلەی کۆمەڵکوژی لە ساڵی ١٩٨٦ بە شێوازی تاوانەکانی ژیتەم و حزبوڵلا (حزبوڵلای تورکیا و کوردستان) ڕۆژانەیی کرایەوە، هەردوو ڕێکخراویش لە هەمان چوارچێوەدا ئەرک و دەسەڵاتیان پێدراوە. بەمجۆرەش هەماهەنگییەک لە نێوان هێزەکانی ئەمریکا، ناتۆ، گلادیۆ و هێزەکانی ئاسایشی تورکیا و پەدەکە ی عێراق دروست کراوە. هەروەها حزبوڵلاش هەوڵی داوە سوود لە سیاسەتە ئیسلامگەراکانی ئێران و سعودیە ببینێت.

لەو قۆناغەدا هەوڵەکانی دزەکردن بۆ ناو PKK، لە ڕێگەی PDKوە بووە. سامی عەبدولڕەحمان کە بەرپرسی قیادە موەقەتە بوو، لەو قۆناغەدا ئەرکی ڕێکخستنەوەی پەدەکە ی گرتبووە ئەستۆ. لە بنەڕەتدا سامی عەبدولڕەحمان سەرپەرشتی هەوڵەکانی تەسفییەی پراکتیکی و دزەکردنی بۆ ناو ڕیزەکانی PKKی جێبەجێ دەکرد. گرنگترین ئامرازیش کە بەو ئامانجە بەکاری هێناوە ڕێکخراوی (کوک) KUKی نوێنەری کوردایەتیی ساختەیە. لەو قۆناغەدا ئێمە خۆمان بە «ڕزگاریخوازە نیشتیمانییەکان» پێناسە دەکرد. ئەوانیش بە مەبەست ناوی ڕزگاریخوازە نیشتیمانییەکانی کوردستان یان بەکاردەهێنا، لێرەشدا ناوی ڕێکخراوی ڕەسەن یاخود یەکێک لە سیفەتەکانی لە لایەن هەر ڕێکخراوێکی سیخوڕییەوە بەکار دەهێنرێت. بەمجۆرەش چەندین ئەندامی پەکەکە و نیشتیمانپەروەرانی کورد بە دەستی ئەو ڕێکخراوە تیرۆر کران. ئەو ڕۆڵەی بە (کوک) سپێردرابوو؛ ئەوە کە بە هەر شێوازێک بێت، نەهێڵێت PKK هێڵی خۆرهەڵاتی بینگۆل-ماردین ببەزێنێت. وەک چۆن ئاڵبای عارف دۆغان، کە یەکێک

٣- تەشکیلاتی مەخسوسە (Teşkilatı Mahsusa): ڕێکخراوێکی نهێنی بوو و ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنوەر پاشا بوو. ساڵی ١٩١٤ لە زەمینەی جەمعیەتی ئیتیحاد و تەرەقیدا دامەزرا و پەیڕەوی تورکگەرایی و ئیسلامگەرایی سیاسی لە پروپاگەندە فاشیستییەکانیدا دیار بوو. چەندین چالاکیی تیرۆریستی لە تورکیا و دەرەوە کردووە.

لـە دامەزرێنەرانـی ژیتەمـە، ددانـی پێـدا نـاوە کـە لـەو قۆناغـەدا هێزێکـی دەهـەزار کەسـی بـە ئامانجـی لەناوبـردن ئەرکـدار کـراوە. خاڵـی گرنـگ لێـرەدا ئەوەیـە کـە ئـەو هێـزە لـە سـەرووی یاسـاوەیە، بەبـێ پـرس و وەڵام دەسـەڵاتی ئەنجامدانـی هـەر جـۆرە تاوانێکیـان هەبـووە. لێرەشـەوە سـیفەتی ڕێکخـراوی کۆمەڵکوژی وەردەگرێـت. لـە کوردسـتان هەمـان دەسـەڵات بـە حزبوڵـڵا درابـوو کـە گـەل بـە (حزبـول کۆنـترا) نـاوی دەبـات. لەسـەر بنەمـای ئـەو دەسـەڵاتانەی لـە سـەرووی یاسـا و دەسـتوورەوەن، نزیکـەی دەیـان هـەزار تاوانـی تیـرۆر و بکەرنادیـار کـراوە کـە بـەو دوو ڕێکخـراوە برایـە درابـوون. بـەڵام کوشـتنی هونەرمەنـد هـۆزان سـەفقان (جـەلال ئەرجـان) و گرووپەکـەی لـە سـەرەتای ئـەو قۆناغـە (١٩٨٥)دا و کوشـتنی هەڤاڵ مەعسـوم قۆرقـماز (١٩٨٦)، هەروەهـا هەوڵەکانی سـەپاندنی ڕادەسـتبوون لـە ڕێگـەی سـەلاحەدین چەلیکـەوە و قەیرانـی PKK لـە کۆنگـرەی سـێیەمی سـاڵی ١٩٨٦دا، ئەمانـە هەموویـان ڕووداوگەلێکـن ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ پەیوەندییـان بـە ژیتەمـەوە هەیـە. هەروەهـا وەک چـۆن عـارف دۆغـان ددانـی پێـدا نـاوە، هەڤـاڵ ئیبراهیمـی نوسـێبینی (دارار ئـاگای) -کـە لای مـن هەڤاڵێکـی هێـژا و زۆر بەنـرخ بـوو- لـە لایـەن ژیتەمـەوە (لـە گونـدی شـاخی سـلۆپی) تیـرۆر کـراوە. هەرچـی کاریگەرییەکانـی ڕەوشـی نائاسـایی، ژیتـەم و حزبوڵڵایـە لـە سـاڵی ١٩٨٦ لەسـەر PKK ڕەنگیـان داوەتـەوە و ڕێگەیـان لـە پێـش قەیرانێکـی ڕێژەیـی کردووەتـەوە. هەربۆیـەش کۆنگـرەی سـێیەم لـە چارەسـەرکردنی کێشـەکاندا ئەنجامـی پێویسـتی بـە دەسـت نەهێنـا. بۆیـە گۆڕانکارییەکـی بەرفراوانـی پەیکـەری فەرماندارێتیـی مەیدانیـمان کـرد.

بـە ئامانجـی نەهێشـتنی ئـەو کاریگەرییـە نەرێنیانـە، لـە سـاڵی ١٩٨٧ـەوە تـا ڕووداوی کوشـتنی تۆرگـۆت ئـۆزال لـە خۆرهەڵاتـی ناوینـەوە سـاڵانە هـەزار ئەندامـی گەریـلام پـەروەردە کـرد و بـە تـەواوی پێداویسـتییەکانیانەوە دەمانگەیاندنـە شـوێنی کار و خەباتیـان. هەروەهـا پێشـتر و دواتریـش، پێداویسـتی و پـارەم بـۆ هـەزاران گەریـلا ڕەوانـە دەکـرد و بـەم جـۆرە یارمەتیـم دەدان. واتـە لـەو سـاڵانەی تەسـفییە و کۆمەڵکوژیـدا گەورەتریـن کۆمەکـم پێشـکەش کـردن. ناردنـەوەی هێـز بـۆ وڵات لـە سـاڵی ١٩٨٧ـەوە زیـادی کـرد و خێـرا بـوو؛ یەکێـک لـە سـەرانی ئـەو گرووپـەی دواتـر بـە چەتـەی چوارینـە ناومـان بـردن، هۆگـر (جەمیـل ئیشـک) بـوو، کـە بـە بیانـووی تێکۆشـان بەرامبـەر بـە جاشـایەتی، دوای پەڕینـەوەی لـە سـنوور بـە شـێوەیەکی هەڕەمەکـی چالاکیـی دەکـرد و لـە ئاکامـی ئـەو کردەوانـەدا دەیـان کـەس کـوژران کـە ژن و منداڵیشـیان لـە نـاودا بـوو. لـە ڕێگـەی ئـەو کردەوانـەوە سیسـتەمی تەکتیکیـی PKK مایەپـووچ بـوو کـە بـە بایەخـەوە ڕێکـم خسـتبوو. ئیـتر لـەوە بـەدواش، PKK لـە جێبەجێکردنـی تەکتیکەکانـی خۆیـدا سـەرکەوتوو نەبـوو.

لەبـەر ئـەوەی هەڤـاڵ مەعسـوم قۆرقـماز یەکێـک لـەو فەرمانـدە یەکەمانـە بـوو کـە سـەرەتا ئـەو مەترسـییانەی بینـی و هەوڵـی دا هەنـدێ ڕێوشـوێن بگرێتـە بـەر، هەربۆیـە بـە تایبەتـی هەڵبژێـررا و تیـرۆر کـرا. کوشـتنی داراریـش لـەو چواچێوەیـەدا بـوو. هەرچـی کوشـتنی هـۆزان سـەفقان و گرووپەکەیەتـی بەردەوامیـی هەمـان زنجیـرەی پیلانـە هاوشـێوەکانە. شـێوەی کوشـتنی مەعسـوم و ئـەو هەلومەرجانـەی تێیـدا ژیانـی لـە دەسـت دا، ڕۆڵـی کەسـانی دزەپێکـراو لـەو تاوانـەدا دێنێتـە

بیری مرۆڤ. چونکە دۆخی شەمدین ساکیک و ئەو لاوەی خەڵکی ئەرۆ کە نازناوی فەرهاد بوو و لە زستانی ١٩٨٧دا لە دۆڵی بیقاع خۆی کوشت، ئەو ئەگەرە بەهێز دەکات کە هەڤاڵ مەعسوم تیرۆر کرابێت. کاتێک جەمیل ئیشک سوودی لە گۆڕانکاریەکانی پەیکەری فەرمانداریی مەیدانیی ساڵی ١٩٨٧ بینی و جڵەوی دەستپێشخەریی گەریلای خستە دەست خۆی، باجەکەی بۆ PKK زۆر قورس بوو. وەلێ گەورەترین زیانیش مایەپووچکردنی پلانی شەڕی گەریلایی بوو کە PKK بە هەوڵ و کۆششێکی زۆرەوە نەخشەی بۆ دانا و ئامادەی کرد و تا ڕادەیەکی زۆریش تەواو ببوو. هەروەها سەرانی دیکەی گرووپی چەتەی چوارینە: شەمدین ساکیک، شاهین بالیچ و خەلیل قایا (جەماڵە کوێر) درێژەیان بە ڕێچکەی هۆگر دا و لە سەرووی ئەو ناوانەوە بوون کە سیستەمی گەریلایان مایەپووچ دەکرد. بەڵام کاتێک پەیوەندیی زۆربەی ئەوانە لەگەڵ پەدەکە و پێنج پارچە خوازەکان ڕەچاو بکرێ، ئەوا ئەگەری مەسەلەی دزەکردن بەهێزتر دەکات (پێنج پارچە خوازەکانیش گرێدراوی پەدەکە ی عێراقن. بە تایبەتیش وابەستەی قیادە موەقەتە بوون). لەو قۆناغەدا کوشتنی نزیکەی سەد فەرماندەی مەیدانی -کە خۆم دەمناسین- هێژاو لێهاتوو لەژێر ناوی «لە کاتی شەڕدا مردن»، گەورەیی پیلانگێڕییەکە دەخاتە ڕوو.

لەیستۆکی پیلانگێڕی زۆر ئاشکرایە و بناغەی مێژوویی‌شی هەیە. لە سەردەمی ئیتیحاد و تەرەقیدا بەردەوام پەیڕەو کراوە، هەروەها بەرامبەر سەرهەڵدانەکانی کوردان و تەسفییەکردنی پارتی کۆمۆنیستیش بە فراوانی تاقی کراوەتەوە. ئەمانەش خەسڵەتە سەرەکیەکانین: یەکەمیان؛ لەپێناو پچڕاندنی پەیوەندیی هێزە شۆڕشگێڕەکان بە گەلەوە و هاندانی گەل دژی ئەو هێزانە، لەژێر دەمامکی گەریلا یاخود یاخیبووەکاندا یەکینەکانی تاوان ئاوا دەکەن و دەیانخەنە کارەوە. چەتەی چوارینە و هاوشێوەکانیان لەو بارەیەوە تا دواڕادە سەرکەوتوو بوون. ئەوانە چەندین تاوانکاری پیلانگێڕانەیان بەرامبەر گەل و بە تایبەتیش بەرامبەر ئەو بنەماڵە و خێڵانە کردووە کە خواستوویانە دژی ئێمەیان بەکار بێنن و بیانکەن بە دوژمن. هەربۆیە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تایبەت بەو کردەوە پیلانگێڕیانە گرنگی و بایەخێکی زۆری دەبێت. دووەمین شێوازی پیلانگێڕی؛ بەئامانجگرتن و تیرۆرکردنی ئەو کادیرە لێهاتووانەیە کە توانای بوون بە فەرماندەی گەریلایی یاخود سەرکردایەتیکردنی سەرهەڵدانیان هەیە. لەو بارەشەوە تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوون. چونکە مردنی بێ هۆکار یاخود کوشتنی چەندین هەڤاڵی پێشکەوتوو کە توانای فەرماندارێتییان هەبوو، ڕەهەندی پیلانگێڕیی ناوخۆ پیشان دەدات. لە تەسفییەکردنی سەرکردەی یاخیبوونە کوردییەکان و چەپڕەوانی تورکیشدا شێوازی هاوشێوە بەکار هێنراون و کادیرە پێشەنگەکان لەناو براون. دواترین ئەڵقەشی ئەو پیلانگێڕییە گەورەیە بوو کە لە ساڵی ١٩٩٠ بەرامبەر من کرا. ئەو پیلانگێڕییەی شاهین بالیچ، محەمەد شەنەر و جانگیر حازر (ساری باران) سەرکردایەتییان کرد و جێبەجێیان دەکرد، بە شەهیدبوونی هەڤاڵ حەسەن بیندال ئاشکرا بوو و مایەپووچ کرا. بەڵام ئەوان لە دوو بواری دیکەی گرنگدا سەرکەوتوو بوون. لە دابڕینی

ڕێژەیەکـی خەڵـک لـە PKK و پەلکێشـکردنیان بـۆ نـاو سیسـتەمی جاشـایەتی، سـەرکەوتوو بـوون. لەمیانـەی لەناوبردنـی فەرمانـدە مەیدانییەکانـەوە گەریلایـان بێسـەر هێشـتەوە، لـە هێڵـی تەکتیکیـی سـەرەکیی دووریـان خسـتنەوە و کردیانـن بـە گرووپگەلێکـی ئـاوارە و سەرلێشـێواو. هەربۆیـە هەرچەنـدە گلادیـۆی ناوخۆیـی و دەرەکـی لـەو قۆناغـەدا نەیتوانیـوە ئەزموونـی شـەڕی شۆڕشـگێڕیی گـەل و PKK سـەرکوت و تەسـفییە بـکات، بـەڵام نەیهێشـتووە شـەڕی گەریلایـی بەگوێـرەی تەکتیکە تایبەتەکانـی خـۆی بـە ڕێـوە بچێـت.

یەکێـک لـەو بابەتـە گرنگانـەی بەرپرسـانی PKK تێیـدا سـەرکەوتوو نەبـوون و هەسـتیان پـێ نەکـرد، هـۆکاری پراکتیزەنەبوونـی پلاننامـەی تەکتیکـی و ئـەو ڕۆڵـە بـووە کـە تـۆڕی گلادیـۆ و ژیتـەم لـەو بارەیـەوە بینیویانـە. هەربۆیـە سـەرکەوتنی هـەردوو لایەنیـش بـە نیوەچڵـی ماوەتـەوە. هەرچـی ئـەو کارەیـە کـە لـەو قۆناغـەدا مـن توانیومـە بیکـەم، هەمیشـەییکردن و بەردەوامیـی پێدانـی شـەڕی شۆڕشـگێڕی و بەربەسـتکردنی تێکشـکانی بـوو. ئەگـەر سـەرکردایەتیی مەیدانیـی نـاوەوەی وڵات هەوڵێکـی مامناوەنـد و بـە پڕەنسـیپانەی بدایـە، ئـەوا دەرفەتـی سـەرکەوتن لـە ئاسـتێکی بـەرزدا لـە ئـارادا بـوو. وێـڕای ئـەوەش مایەپووچکردنـی پیلانگێڕیـی سـاڵی ١٩٩٠ و دەرەنجامەکانـی شـەڕی کەنـداو پیشـانی دەدەن کـە لـە چوارچێوەی گشـتیدا کاریگەریی بزووتنـەوەی PKK لە هەڵکشـاندایە. لەبـەر ئـەوەی شـیکردنەوەیەکی ڕاسـت بـۆ هاوسـەنگیی ناوچەکـە کرابـوو کـە مانایەکـی گـەورەی مێژوویـی و کۆمەڵایەتیـی هەیـە، تەنانـەت جێبەجێکردنێکـی ئاسـایی شـەڕی شۆڕشـگێڕییش ڕێگـەی لـە پێـش ئەنجامگەلێکـی گرنـگ و سـەرکەوتووانە کردووەتـەوە. ئەگـەر سـەرکردایەتیی تەکتیکـی (مەیدانـی) قۆناغـی نێـوان سـاڵانی ١٩٩٠-١٩٩٣ی بـە شـێوەیەکی ڕاسـت شـیکاری بکردایـە و لـە بـواری چەندایەتـی و چۆنایەتییـەوە درێـژەی بـە گەورەکردنـی گەریـلا بدایـە و پلاننامـەی تەکتیکیـی جێبەجـێ بکردایـە، لەوانەیـە ئاڕاسـتەی مێـژوو زۆر جیـاواز بوایـە و لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٩٣دا چارەسـەرێکی مێژوویـی فەراهـەم دەبـوو. چونکـە سیسـتەمی گلادیـۆ لـە لێـواری هەرەسـدا بـوو.

لەبـەر ئـەوەی تۆرگـۆت ئـۆزال تێبینـی ئـەو دۆخـەی کردبـوو، ڕێککەوتنـی بـە گونجـاو دەبینـی. هەربۆیـەش لـەو بڕوایـەدا بـوو کـە لەجیاتیی لەدەسـتدانی کوردسـتان بـە تەواوەتـی، لـە چوارچێوەی پەیوەندیـی فیدراڵـدا مانـەوەی لەژێـر چەتـری دەوڵەتێکـی هاوبەشـدا گرنگـە و ڕێگـەی برایەتـی و بەیەکەوەژیانـی هەمیشـەیی گەلانـە. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی تـۆڕی گلادیـۆی تورکیـا و دەرەوە ئـەو هەڵوێسـتەیان وەک لەناوچوونـی خۆیـان بینـی، دەرەتـان و ڕێگـەی ڕزگاربوونـی خۆیـان لـە تەسـفییەکردنی تۆرگـۆت ئۆزالـدا بینـی. لـەوەش گرنگـتر، تورگـۆت ئـۆزال لـە چوارچێـوەی ڕایەڵـەی فیدراڵـی و پێویسـتییەکی میسـاقی میللیـدا پێشـبینیی بەسـتنەوەی موسـڵ-کەرکووکی بـە کۆمـاری تورکیـاوە دەکـرد. لەسـەر ئـەو بنەمایـەش، پەیوەندییەکـی توندوتۆڵـی لەگـەڵ جـەلال تاڵەبانـی هەبـوو. هـەر بـەو ئامانجـەش پێشـنیازی دیالۆگـی لەگـەڵ منـدا کردبـوو. لـە ڕاسـتیدا پێشـبینیی هەنگاوێکـی مێژوویـی کرابـوو. وەک دەزانرێـت، فەرمانـدەی گشـتیی جەندرمـە، ئـەشرەف بتلیسـیش لەگـەڵ تورگـۆت ئـۆزال لـە چوارچێـوەی هەمـان پـلان لـە هـەوڵ و کۆششـدا بـوو. بـەڵام ئەمریـکا و

ئیسرائیل کە سەبارەت بە عێراق پیلانی جیاوازتریان هەبوو، هەڵوێستەکانی تۆرگۆت ئۆزال و ئەشرەف بتلیسییان بۆ خۆیان بە مەترسیدار دەبینی، ئەو کودەتایەیان جێبەجێ کرد کە ڕێگەی لە پێش بەدەسەڵات گەیشتنی سولێمان دیمرێل و تانسۆ چیللەر (ئەردال ئینۆنۆشیان لەگەڵ بوو) کردەوە.

ساڵی ١٩٩٣ ساڵێکی نائاساییە. ئەو تیرۆرە گەورە و بەناوبانگانەی لە یەکەمین مانگەکانی ساڵدا بە کوشتنی ئۆغور مومجو دەستی پێکرد (کوشتنی عەدنان قەهوەجی، تۆرگۆت ئۆزال و ئەشرەف بتلیسی، کۆمەڵکوژیی ئۆتێلی مادماک لە سیواس، تیرۆرکردنی بەختیار ئایدن، کوشتنی ٣٣ سەرباز لە کاتی گواستنەوەیان بە ئۆتۆمبێلی سڤیلەوە، کوشتنی چەندین بەرپرسی مەدەنی و سەربازی) پێویستە لە چوارچێوەی کودەتایەکدا بیری لێ بکرێتەوە. باڵێکی زۆر بەهێزی ناو دەوڵەت لەو قۆناغەدا بۆ ڕێگەچارەی ئاشتییانەی پرسی کورد ئامادە بوو. لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی میللی لە ٢٥ ئایاردا، لێبوردنی سیاسی لە ڕۆژەڤدا بوو. بەڵام ئەوەی ڕوویدا کودەتایەک بوو کە بە لانی کەمەوە هێندەی کودەتا سەربازییەکەی ١٢ی ئەیلوول کاریگەریی هەبوو و ڕێگەی لە پێش ئەنجامگەلێکی گەورە کردەوە. هەڵبەتە بە هۆی ئامادەیی تۆڕی ڕێکخراوی گلادیۆی خاوەن دەسەڵاتی سەرووی یاسا و دەستوورەوە، لە بنەڕەتدا ئەنجامدانی کودەتای سەربازیش پێویست نەبوو. بەڵام ئامانجی کودەتاکەی ئەو جارە لایەنگرانی ڕێگەچارەی ئاشتییانە بوو لە ناو هێزەکانی دەوڵەتدا. لەو سۆنگەیەوە، ئەوانەی لە لایەن ئەو کودەتایە درێژخایەنەوە لەناو بران، ئەو هێزانەی دەوڵەت بوون. هەربۆیە پێویستە ئەو کودەتایە ڕۆشن بکرێتەوە کە تا ئێستاش بە شاراوەیی ماوەتەوە. تا پاشکۆی کودەتاچییەکان لە ناو PKK و دەوڵەتدا ئاشکرا نەکرێت، بە ئاسانی ڕێگەی ئاشتی و ڕێگەچارەی سیاسییانە ناکرێتەوە.

پێویستە ڕۆڵی دیاریکەری تۆڕی گلادیۆ لەو تەسفییەکاریانەدا ببینرێت کە لە کۆتاییەکانی ئەو قۆناغەدا، واتە دوای ساڵی ١٩٩٠ لە هەرێمەکانی دێرسیم، ئامەد، گارزان و تۆڵهەڵدان ڕوویان دا. ئەو هەوڵە تەسفییەکارییانەی لە هەردوو لای سنووری عێراق لەگەڵ پەدەکە ی عێراق بە ڕێوە دەبران، ئەگەرێکی بەهێزە لە هەرێمەکانی گارزان و ئامەد لە لایەن شەمدین ساکیک و سەعید چروقایە، لە دێرسیم لە لایەن خدر یاڵچین و هاوشێوەکانی و لە هەرێمی تۆلهەلدانیش لە لایەن تەرزی جەمالەوە ئەنجام درابێت. بە دڵنیاییەوە دەکرێ بگوترێت کەسانێکی زۆر بە ئەنقەست یاخود بەبێ ئاگایی ڕۆڵیان لە تەسفییەکاریی ئەو قۆناغە ئاڵۆزەدا هەبووە. لە ئاکامی ئۆپەراسیۆنەکان و هێرشە هاوبەشەکانی دەوڵەتی تورک لەگەڵ YNK و PDKدا کە لە پایزی ساڵی ٩٩٢ ئەنجامیاندا، بەرەی بەرخودانی بۆتان-بادینان زیانێکی گەورەی بەرکەوت. هەروەها لەگەڵ ئەو تەسلیمبوونەی عوسمان ئۆجەلانی ناپاک سەرەکەی بوو، بە لێواری دۆخێک گەیشتبووین کە مانای زیانێکی ستراتیژیی دەگەیاند. لەمیانەی ئەو بەرخودانە بەبڕیار و لێهاتوانەی لە سەرجەم مەیدان و گۆڕەپانەکان، لە سەرووی هەمووشیانەوە لە شوێنی

جێگیربوونمان لە خۆرهەڵاتی ناوین پیشان درا، لە کەناری تەسفییەی ستراتیژی گەڕاینەوە. چونکە گەریلا کە پشتگیرییەکی مەزنی گەلی لە پشت بوو، لە ڕاستیدا ئەوکاتە لە دۆخی باڵابوونی ستراتیژیدا بوو. بەڵام کاتێک کۆمەڵکوژیەکانی تۆڕی گلادیۆ لە چەندین شار و شارۆچکە لەگەڵ هەوڵەکانی تەسفییەکردنی گەریلا و ڕێکخستن و هێرشە هاوبەشەکانی YNK و PDK بوونە یەک، ئیتر کارەکان پێچەوانە ببوونەوە. بەڵام وێڕای ئەوەش دیسان دەرفەتی باڵابوونی ستراتیژیی گەریلا لە ئارادا بوو. وەلێ بە هۆی تۆکمەنەبوونی سەرکردایەتیی تەکتیکی، ئەو دەرفەتە مێژووییە بە شێوەیەکی شایستە نەقۆزرایەوە. لەبەر ئەو هۆکارەش، PKK زیانێکی ئەوتۆی بەرکەوت کە شایەنی نەبوو؛ هەر بۆیەش بەو سەرکەوتنە گەورانە نەگەیشت کە شایستەیان بوو. ڕۆشنکردنەوەی ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە، بە تایبەتیش ئەو بوویەرانەی لە کۆتاییەکانی ئەو قۆناغەدا ڕوویان دا، ئێستاش وەک کێشەیەکی سەرەکی و هەڵواسراو ڕووبەڕوومان دەبێتەوە.

**د-** چوارەمین قۆناغی شەڕەکانی تۆڕی گلادیۆ ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٨ دەگرێتەوە. ڕکابەرانی هەڵوێستی ڕێگەچارەی سیاسی و ئاشتییانە سەبارەت بە پرسی کورد کە تورگۆت ئۆزال پێشەنگایەتیی دەکرد، کاتێک قۆناغی نوێیان دەست پێکرد، چەندین ئەوەنتاژ و خاڵی بەهێزیان هەبوو. لە دەرەوە لەسەر بنەمای پشتگیریی مەزنی ئەمریکا و ئیسرائیل دەستبەکار بوون. سوپاسالاری ئەو کاتە، دۆغان گورەش، لە سەرەتای ١٩٩٠ـەکان و لە کاتی گەڕانەوەی لە سەردانێکی لەندەن کاتێک گوتی: «بۆ سەرکوتکردنی PKK لامپی سەوزیان بۆ داگیرساندووین»، لە ڕاستیدا مەبەستی ئەو پشتگیرییە بوو. یارمەتیدانی بەم جۆرەی ئیسرائیل بۆ تورکیا بە هۆی نیگەرانییەکانی بوو بەرامبەر جێگیربوونی PKK لە خۆرهەڵاتی ناویندا. چونکە بە سووربوونەوە ئیسرائیل دەیویست PKK ببێتە پاشکۆی PDK-عێراق و بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵیەوە. نەیدەویست بزووتنەوەی کورد لەسەر بنەمای هێزی خۆیی و بە شێوەیەکی سەربەخۆ و ئازاد پەرە بسەنێت. واتە بە تەواوی دژی بزووتنەوەی کورد نەبوو، بەڵکو دژی شێوازی PKK بوو. هەربۆیە بە هۆی PKKوە، نێوان ساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٦ پەیوەندییەکانی ئیسرائیل-تورکیا بە توندوتۆڵترین قۆناغی خۆی گەیشت. هەروەها بە شێوەیەکی نەریتی، ئەمریکا و ئینگلتەراش لە ڕێگەی گلادیۆی ناتۆوە تورکیایان کۆنترۆڵ کردبوو و ڕێکخراوی گلادیۆ کۆڵەکەی سەرەکییان بوو. لە ناوەوە لەمیانەی ڕێککەوتنی لەگەڵ جەمسەری سولێمان دیمرێل، تانسو چیللەر و ئەردال ئینونو سەرجەم ئامادەکارییەکانی پیلانی لەناوبردنیان تەواو کرد. لە ناو پارتی نیشتیمانی دایک (ANAP)یشدا تورگۆت ئۆزالیان گۆشەگیر کرد و بە تەنهایان هێشتەوە. بە هەمان شێواز، واتە لەمیانەی کردەوە تاوانکاریەکانی تۆڕی گلادیۆوە مەندەرەس، ئۆزال و ئەجەویدیان لە تورکیا تەسفییە کرد. گلادیۆ ئەزموونێکی گەورەی لە تەسفییەکردنی ئەو کەس و دامەزراوە گرنگانەدا بە دەست هێنابوو کە ڕۆڵی کلیلیان دەبینی. ئەگەر کاریگەریی تۆڕی گلادیۆ لەو پەنجا شەست ساڵەی دوایی لەسەر دەسەڵاتەکانی تورکیا لەبەرچاو نەگرین، ئەوا هیچ ڕووداوێکی جدیی سیاسی، سەربازی و ئابووری بە شێوەیەکی دروست شیکاری ناکرێت. چونکە تۆڕی گلادیۆ

دواییـن ئەڵقـەی ئـەو کودەتـا و پیلانگێڕییانەیـە کـە بناغەکـەی لـە سـاڵی ١٩١٤دا دانـراوە، بگـرە پێشـتر لەگـەڵ لابردنـی سـوڵتان عەبدولحەمیـد لـە دەسـەڵات لـە سـاڵی ١٩٠٩ دەسـتی پێکـردووە. هەرچـی فاشـیزمی تورکـی سـپییە لـە بنەڕەتـدا لـە لایـەن ڕێکخراوەکانـی لـە جـۆری گلادیـۆوە بـە ڕێـوە دەبرێـن کـە جێگـەی خۆیـان لـە نـاو ئـەو زنجیـرەی پیلانگێڕییانـەدا دەگـرن. ئەوانـە هێـزی دیاریکـەرن. ئـەوەی لـە ڕووکەشـدا ڕەنـگ دەداتـەوە، بـە تایبەتیـش سیاسـەتمەداره سـڤیلەکان، تەنهـا ڕۆڵـی دەمامـک دەبینـن. هەرچـی گفتوگـۆ سـاختە و دروسـتکراوەکانی نێوانیشـیانە تەنهـا لەپێنـاو دەمامککـردن و ڕەواکردنـی یارییـەکان و یاریزانـە ڕاسـتەقینەکانی دەسـەڵاتە.

دوای ئـەوەی لـە سـاڵی ١٩٩٣ لایەنگرانـی ئاشـتی و ڕێگەچـارەی دیموکراتییانـە لـە نـاو دەوڵەتـدا تەسـفییە کـران، یەکێـک لـە گەورەتریـن هێرشـەکانی لەناوبـردن دژی گەلـی کـورد و PKK بـە ڕێـوە چـوو. نزیکـەی چوارهـەزار گونـد ڕووخێـنران و سـووتێنران؛ بـە ملیۆنـان کـورد بـە شـێوەیەکی زۆرەملێیانـە و بەبـێ هیـچ پاسـاوێکی یاسـایی ناچـاری کـۆچ کـران. مـاڵ، موڵـک، سـامان و کێڵگەکانیان تـاڵان کـران و پێشکەشـی جاشـەکان کـران. بـە هـەزاران لادێنشـین بـە دەسـتی جـاش، حزبوڵـڵا و ژیتـەم (هەرسـێکیان تێکـەڵ بـە یەکـتر ببـوون) کـوژران. دەسـتدرێژی کرایـە سـەر ژنـان. منـداڵان لـە شـوێنەکانی لەناوبردنـی بەکۆمـەڵ (لـە ڕێگـەی ڕێبازەکانـی ئاسیمیلاسـیۆن و دەسـتدرێژیی بەردەوامـەوە) بـێ ناسـنامە کـران کـە بـە قوتابخانەکانـی شـەوانەی ناوچەکـە نـاو دەبرێـن. لـەو گونـد و شـار و شـارۆچکانەی دیکـەش خـۆراک بەپێـی پسـووڵە و لەژێـر کۆنترۆڵـدا دابـەش دەکـرا. دەسـتیان بەسـەر کاروبـاری قاچاخچێتیـدا گـرت و تەنهـا لـە سـەردەمی تانسـۆ چیللـەردا ئـەو غەنیمەتـە بیسـت ملیـار دۆلارییـەی بەدەسـتیان هێنـا (ئـەوەی بـە بەڵگـە ڕاگەیەنـراوە)، لـە نێـوان خۆیانـدا دابەشـیان کـرد. پیشـەکار و کارسـازە دڵسـۆزەکانی کوردیـان خسـتە لیسـتی ڕەشـەوە و هەندێکیـان تیـرۆر کـردن، ئەوانـەش کـە خۆیـان بـە دەسـتەوە نـەدا، مایەپـووچ کـران. ئەوانـەی دیکەشـیان کـرد بـە پاشـکۆی کۆنترگەریـلا. ژمـارەی جاشـەکانیان کـرد بـە سـەدهەزار. هـەر کەسـێکیش کـە بەکرێگیراوێتیـی پەسـند نەکـرد، بـە دوژمنیـان دانـا. بەرفراوانتریـن پەلامـار و ئۆپەراسـیۆنی مێـژووی کۆماریـان دژی PKK ئەنجـام دا. لـەو هێرشـانەدا لـە ڕیـزی هـەرە پێشـەوە PDK، جـاش و ئیعتیرافکارەکانیـان بـەکار هێنـا. لـە ڕێگـەی هێزێکـی زۆر گەورەتـر لـەو هێـزەی لـە شـەڕی دژی یۆنـان بەکاریـان هێنـان، ئۆپەراسـیۆنەکانی شـەڕێکی درێژخایەنیـان بـە ڕێـوە بـرد. هەروەهـا پەیوەسـتی هیـچ یاسـا و ڕێسـایەکی شـەڕ نەبـوون. بگـرە یارییـان بـە تەرمـی گەریلاکانیـش کـرد و لەتلەتیـان دەکـردن.

لـە هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆ زیاتـر، هێزەکانـی گلادیـۆ، ژیتـەم و حزبوڵڵا شـەڕیان بە ڕێـوە دەبرد. ئـەو هێزانـەی دەسـەڵاتێکی سـەرووی یاسـا و دەسـتووریان پـێ درابـوو، گوایـە شـەڕی مانونەمانیـان بـە ڕێـوە دەبـرد. چونکـە لای ئـەوان «مەترسـیی کـورد» دوو هێنـدەی مەترسـیی یۆنـان و ئەرمەنـی بـوو. لـە ڕاسـتیدا لـەو بارەیـەوە دووچـاری گرێـی دەروونـی هاتبـوون. هەوڵـی لەناوبردنێکـی حەتمـی و ڕەهایـان دەدا. هەربۆیـەش چەندیـن پیلانگێڕیـی تایبەتیـان بـە ڕێـوە بـرد. سـاقب سـاپانجی [٤]،

٤- ساقب سابانجی: دەوڵەمەند و کارسازێکی بەناوبانگی تورکیا و سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی

تەنها لەبەر ئەوەی ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە کێشەی کورد ئامادە کرد، کەوتە ناو لیستی ڕەشی تیرۆرکردنەوە. تەنانەت خودی ئەلپ ئەسلان تورکێش[٥] پێی گوت: «سنوور دەبەزێنیت» و هەڕەشەی لێ کرد. ڕۆژنامەوان نەما ئاگادار نەکرێتەوە. هەروەها لە دوایین پیلانگێڕیی ٦ی ئایاری ١٩٩٦دا دژی من، یەک تۆن تی ئێن تی تەقێنرایەوە (ئەو پیلانەی عەبدوڵڵا چاتلی، سادات بوجاق و قەلەشی ئەدیب ئۆغلوی سەرۆک شارەوانیی وێرانشار بەیەکەوە ڕۆڵیان تێدا بینی)، کە دیسان یەکێک لە نیشانەکانی ئەو قۆناغە بوو. بەمجۆرەش پارچەپارچەبوونی ناو سوپا قووڵتر بوویەوە. هەوڵەکانی مەودادانان لەگەڵ گلادیۆ کە بە ئیسماعیل حەقی قەرەدایی دەستی پێکرد (سوپاسالاری نێوان سالانی ١٩٩٤-١٩٩٨) ئەنجامێکی شێوازی شەڕی شێتانەی ئەو قۆناغە بوو و تەنانەت ئەویشیان بێکاریگەر کردبوو. بەمجۆرە دوای لەناوبردنی تۆرگۆت ئۆزال و گرووپەکەی، ئیتر سەرانی گلادیۆ بە تەواوی ببوون بە خاوەنە ڕاستەقینەکەی دەسەڵات. ئەوانەی بەرچاویش بوون، جگە لە ئەکتەرێکی سیاسی ڕۆڵێکی دیکەیان نەبوو. هەروەها ڕزگاربوونی حوسێن کڤرک ئۆغلو -کە ساڵی ١٩٩٨ بوو بە سوپاسالار- لە هێرشەکەی قوبرس بە چانس و کوژرانی عەقیدەکەی پشتی، ڕووداوێکی دیکەی گرنگە و پیشانی دەدات کە بۆ لەناوبردنی ئەو کەسانەی بە دڵییان نین، چەندە چاوقایمن.

هەر وەک قۆناغی نێوان سالانی ١٩٨٥-١٩٩٣، لەو قۆناغە نوێیەشدا بەو ئامانجەی گوڕی شەڕی شۆڕشگێڕیی گەل کەم نەبێتەوە و بەردەوام بێت، بەکارهێنانی سەنگەر و پێگەکەی خۆرهەڵاتی ناوینم وەک تەکتیکی سەرەکی دەستنیشان کرد. لەو بڕوایەدا بووم کە ئەوە بە کاریگەرترین کارو خەباتی تەکتیکییە. دیسان زۆربەی زۆری ئەو کادیر و گەریلایانەی کە ساڵانە نزیکەی هەزاریان پەروەردە دەکران، لەگەڵ دابینکردنی سەرجەم پێویستییەکانیاندا گەیەنرانە شوێنی کار و خەباتیان. لە ناو وڵات دەستبەرداری هیچ سەنگەر و خاڵێکی جێگیربوونی گەریلا نەبووین. تەنانەت کەناڵ و ڕێگەی دیکەش کرانەوە. هەرچی ئەو زیانانە بوون کە بەرمان کەوتن، جگە لە بڕینی لقەکانی درەخت، هیچ کاریگەرییەکی دیکەی نەبوو. هەربۆیە درەختی سەرخۆبوون و ئازادی لە گەشەی زیاتردا بوو و باڵای دەکرد. لەو شەڕە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەی هەناسە بە هەناسە بە ڕێوە دەچوو، هەنگاوێکیش بۆ دواوە نەگەڕاینەوە. بەڵام وێڕای

---

سابانجی بوو. بەوە دەناسرا کە لە گەلەوە نزیک بوو. چەند پەرتووکێکیشی نووسیوە. لەوانە، ئەمەیە ژیانم، لە ڕووسیاوە بۆ ئەمریکا، سەرکەوتنی ئێستا لە دەمی شێرەوە... لە کاتێکدا بۆ چارەسەری شێرپەنجەی گورچیلەکانی چووبووە ئەمەریکا، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی گوماناوی مرد.

٥- ئەڵپ ئەرسەلان تورکێش (١٩١٧-١٩٩٧): ئەفسەرێکی میللیگەرای تورک بوو بە پلەی عەقید. بەشداریی لە چەندین خولی سەربازی لە ئەمەریکا و وڵاتانی دیکەدا کردووە. لە ئەڵمانیا شارەزایی لە ئەتۆمدا بە دەست هێنا. ساڵی ١٩٦٥ بووە سەرۆکی پارتی میللیگەرایی گوندی کۆماریخواز، پاشان ناوەکەی بۆ پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی (MHP) گۆڕرا. بووە بە سەرۆکوەزیر. دوای کودەتای ساڵی ١٩٨٠ دەستگیر کرا. ساڵی ١٩٨٧ چالاکیی سیاسیی لێ قەدەغە کرا. لە گرنگترین پەرتووکەکانی: نۆ ڕووناکیبەخشەکە، ڕووداوە میللییەکان، بەرەو ئاسۆیەکی نوێ، بۆچوونی سیاسی.

ئـەوەش، بـە سـەرکەوتنی چاوەڕوانکـراو و دۆخـی هاوسـەنگی نەگەیشـتین. هەرچەنـدە هەوڵێکـی زۆریـان دەدا، بـەڵام شـەڕی گلادیـۆی دەرەوە لـەو دۆخـەدا دیاریکـەر نەبـوو، بەڵکـو جێگیرنەبوونـی سـەرکردایەتیی تەکتیکـی و فەرماندارێتیـی گەریـلا لـەوەدا دیاریکـەر بـوو. هەرچەنـدە دزەکردنـەکان ڕۆڵـی کاریگـەر و هەوڵـی تەسـفییەکارانەیان هەبێـت، بـەڵام سـەرچاوەی سـەرەکیی کێشـەکە لـە فەرمانداریێتیـدا بـوو. ئەگـەر لـە ڕووی ڕەهەنـدی چینایەتییـەوە بێـت یـان کەسـایەتی، تێکۆشـان و ململانـێ زیاتـر لـەو بـوارەدا ڕەنگـی دەدایـەوە. هەرچەنـدە هەوڵـە تیرۆریسـتییەکەی ٦ی ئایـار سـەرکەوتوو نەبـوو، بـەڵام چالاکییـە گیانبازیەکـەی هەڤـاڵ زەینـەب کەناجـی -کـە زۆر بـاش دەرکـی بـەو مەترسـییە گەورەیـە کردبـوو کـە ئـەو هەوڵـە هەڵگـری بـوو- لـە ٣٠ی حوزەیـران لـە شـاری دێرسـیم، سـاڵی ١٩٩٦ی کـرد بـە سـاڵێک کـە ڕێگـە بنبەسـتبووەکەی تەکتیکـی کـردەوە و ڕێگـەی سـەرکەوتنی ڕوونـتر کـردەوە.

لـەو قۆناغـەدا بـە شـێوەیەکی ڕوونـتر بینیـم کـە شـەڕی گـەل لـە هەمـان کاتـدا ململانـێ و تێکۆشـانێکی دژواری چینایەتییشـە. هەربۆیـەش لـە شـیکردنەوەکانمدا پانتاییەکـی بەرفراوانـم بـۆ ئـەو واقیعـە تەرخـان کـرد. وەک سـەرەتاکانی ١٩٩٠ـەکان، لـە کۆتاییەکانیشـیدا دەرفەتێکـی گـەورەی سـەرکەوتن هەبـوو. هەوڵەکانـی دیالـۆگ کـە بـە دەستپێشـخەرییەکانی تۆرگـۆت ئـۆزال دەسـتی پێکـرد، لـە سـاڵی ١٩٩٧دا لەگـەڵ سـەرۆک وەزیرانـی ئـەو کاتـە نەجمەدیـن ئەربـەکان و باڵێکـی سـوپا بـەردەوام بـوو. دیسـان زۆر نزیکـی ئاشـتی و ڕێگەچـارەی سیاسـییانە بووینـەوە، بـەڵام لـەو بڕوایـەدام کـە دیسـان هەمـان تـۆڕی گلادیـۆ دەسـتی لـە مەسـەلەکە وەردا و هێـزە ناوخـۆ و دەرەکییە پاشـکۆکانی کەوتنـە جووڵـە و هەلـی ئاشـتی و ڕێگەچـارەی سیاسـیی چاوەڕوانکـراو نەقۆزرایـەوە و دەرفەتیـان پـێ نـەدا. ڕێگەنـەدان بـە ئاشـتی و ڕێگەچارەی سیاسـییانە کـە لـە ئاسـتی سـەرۆکایەتیی وەزیـران و سـەرۆکایەتیی ئەرکانـی سـوپادا مەبەسـتیان بـوو، بـە شـێوەیەکی ڕوون و ئاشـکرا پیشـانی دەدات کـە ناتـۆ، تـۆڕی گلادیـۆ و پاشـکۆ ناوخـۆ و دەرەکییەکانـی تـا چ ڕادەیـەک کاریگەرییـان لەسـەر ڕژێمـی تورکیـا هەیـە. بابەتـی بـاس لێـرەدا سیسـتەمێکە کـە وەک دێوەزمەیـەک خـۆی لـە کۆمـار پێچـاوە.

لەمیانـەی هەڕەشـەی دەوڵەتـی تورکیـا بـۆ سـوریا لـە ئەیلوولـی ١٩٩٨، خواسـتیان کۆتایـی بـە پێگـە سـتراتیژییەکەی خۆرهەڵاتـی ناوینـم بێنـن. پێگـەی سـتراتیژیی مـن و ناوچەکـە ڕۆڵیـان لـە گەیشـتن بـەو خاڵـەدا هەبـوو، بـەڵام بـە بـڕوای مـن، هـۆکارە سـەرەکییەکەی دیسـان بـە ڕۆژەڤبوونـی جدییانـەی ئاشـتی و ڕێگەچـارەی سیاسـی بـوو. چونکـە زۆر پێشـتریش دەیانتوانـی لـە بـواری سـەربازییەوە فشـار بخەنـە سـەر سـوریا؛ لـەو بـارەوە کۆسـپێکی جدییـان لـە بەردەمـدا نەبـوو. بـەڵام هەڵبژاردنـی ئـەو ماوەیـە یاخـود ئـەو سـاڵە لـە نزیکـەوە پەیوەندیـی بـە ئەگـەری ئاشـتی و ڕێگەچـارەی سیاسـییەوە هەبـوو. بـە کورتـی، دەیانویسـت بڕیارەکـەی سـاڵی ١٩٢١ کارا بێـت و کاری پـێ بکرێـت کـە لـە کۆنفراسـی قاهیـرە داویانـە. چونکـە چارەسـەرنەکردنی پرسـی کـورد گرنگییەکـی چارەنوسسـازی بـۆ کۆنترۆڵکردنـی تورکیـا و خۆرهەڵاتـی ناویـن هەیـە کـە بـۆ ئـەوان زۆر بایەخـدارە.

هەربۆیـە لـە چوارچێـوەی ئـەو تـەوەرەدا، هەڵسـەنگاندنی هەڵوێسـتی زۆربـەی هێـزە ناوخۆیـی و دەرەکییـەکان سـەبارەت بـە PKK و کـوردان بـە گشـتی ڕۆشـنکەرەوەتر دەبێـت. لـە ڕاسـتیدا دەبوایـە سـاڵی ١٩٩٨ بـۆ منیـش ببوایـە بـە خاڵـی وەرچەرخـان. وەک چـۆن لـە شـیکردنەوەکاندا بـەردەوام تاوتوێـم دەکـرد، ئەگـەر ئـەو مەنگەنـە سـێینەیە نەشـکێ کـە شـەڕی گەریلایـی دووچـاری هاتبـوو، واتـە سـێیینەی گلادیۆ-ژیتەم-حزبوڵـڵا، تـا ئـەو چەرخـە نـەزۆک و ناپەسـندە نەشـکایە، نەیدەتوانـی شـەڕ بـۆ ئاسـتێکی تـر بـەرز بکاتـەوە. لـەو بارەیـەوە کەموکورتییـە ناوخۆییـەکان دیاریکـەر بـوون. لێـرەوە لـە حاڵەتێکـدا کـە ئاشـتی و ڕێگەچـارەی سیاسـی سـەرنەگرێت، جگـە لـە بەرزکردنـەوەی شـەڕی شۆڕشـگێڕیی گـەل بـۆ ئاسـتێکی سـەرووتر، بیـر لـە ڕێگەیەکـی دیکـە نەدەکرایـەوە.

## ج- گوڕکردنی شەڕی شۆڕشگێڕیی و پێگەیاندنی تێکۆشەر (ملیتان) لە ناو کورداندا:

لـە قۆناغـی پێکهێنانـی گرووپـی PKK دا مەسـەلەی سـەرەکیی پرسـی پێشـەنگایەتیی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـی بـوو. کارو خەباتـی تیۆریـی و کادیرانیـش ناوەڕۆکـی ئـەو پرسـەی پێـک دەهێنـا. گرووپەکەمـان کـە چارەسـەرکردنی پرسـی کـوردی بـە کلیلـی چارەسـەرکردنی تـەواوی پرسـە کۆمەڵایەتییەکانـی کـوردان، تـەواوی تورکیـا و خۆرهەڵاتـی ناویـن دادەنـا، بـەڵام ئاسـۆ و توانسـتە ئایدیۆلـۆژی و سیاسـییەکەی توانـای جێبەجێکردنـی پێویسـتییەکانی ئـەو ڕاسـتییەی نەبـوو. چونکـە ئـەو کەسـانەی ژمارەیـان ژمـارەی پەنجەکانـی دەسـتیان تـێ نەدەپەڕانـد، تەنانـەت زەحمەتییـان لـە دابینکردنـی پێداویسـتیەکانی ژیانـی ڕۆژانـەدا دەبینـی، زۆربەشـیان لـە دوودڵیـدا بـوون و شـەقی فەلـەک (دەتوانیـن بڵێیـن شـەقی شارسـتانییەت)یان خواردبـوو، پێشـەنگایەتیی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـی لای ئـەوان تەنهـا خەیاڵێـک بـوو. هەڵبەتـە بەبـێ خەیاڵیـش کاروان دەسـت پـێ نـاکات؛ بـەڵام ژیانـی ڕاسـت و ئازادیـش تەنهـا لـە ڕێگـەی خەیـاڵ و هیـواوە بـەدی نایـەت. هەربۆیـە پێگەیاندنـی کادیـری پێویسـت و گەیشـتن بـە تیـۆری و دەسـتەواژەی پێویسـت شـێوەی سـەرەکیی کار و خەباتـی دە سـاڵی یەکـەم بـوو؛ بـە مانایەکـی تـر، خەباتـی وەرچەرخـان و بـوون بـە تێکۆشـەر و ملیتانێکـی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـی. هەوڵـمان دا هێڵـە سـەرەکییەکانی چیرۆکـی ئـەو کارو خەباتـە بخەینـە ڕوو.

دەرچـوون و هەنگاونـان بـەرەو دەڤـەرە پیرۆزەکـەی کۆچـی خۆرهەڵاتـی ناویـن مانایەکـی زۆر جیـاوازی هەبـوو. سەرگوزەشـتەی دەرچوونـی حەزرەتـی ئیبراهیمـی هاوشـاریمان لـە ڕوهـا یەکێکـە لـە گرنگتریـن چیرۆکەکانـی پەرتووکـە پیرۆزەکانـی هەرسـێ ئاییـنی تاکخودایـی. بـەڵام چەنـدە سـەیرە کـە دوای نزیکـەی سـێهەزار و پێنجسـەد سـاڵ، بـە هـۆی هەمـان بیانـوو و بـە هەمـان ڕێگـە و ژمـارەی هۆزێکـی باوەڕمەندانـەوە بـەرەو هەمـان شـوێن ڕێگەمـان گرتـە بـەر. دیسـان ئێمـەش لـە هەمـان دەڤـەر و هەمـان شـوێن خێوەتەکانمـان هەڵـدا. ململانـێ و شـەڕەکانی حەزرەتـی ئیبراهیـم

لـەو دەڤـەرە و ئـەو ئەنجامانـە دەزانرێـن کـە لێـی کەوتـەوە. لـە ڕاسـتیدا ئـەو بوویـەرەی بـە شـەڕی ئایینـی نـاو دەبرێـت، گوزارشـتکردنی ململانێـی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـییە بـە شـێوازی ئایینـی. لـە عەهـدی قەدیمـدا باسـی زۆرانبازیـی یەعقوبـی کـوڕی حەزرەتـی ئیبراهیـم لەگـەڵ خوداوەنـد دەکرێـت. خـودی نـاوی ئیسرائیلیـش مانـای زۆرانبـازی لەگـەڵ ئـەل (واتـە لەگـەڵ ئەڵڵا) دەبەخشـێت؛ زمانـی بەکارهێـنراو زمانـی ململانێیـە و دەربـڕی تێکۆشـانی ئایدیۆلۆژییـە. هەرچـی ناکۆکیەکانێتـی لەگـەڵ قەبیلەکانـی نیشـتەجێی وڵاتـی کەنعـان گوزارشـت لـە تێکۆشـانی سیاسـی دەکات.

نزیکـەی سێسـەد سـاڵ دوای حەزرەتـی ئیبراهیـم، ئـەو جـارە مووسـای سـەرۆکی هـۆزی عیبرانـی لـە میسرەوە بـەرەو هەمـان شـوێن، واتـە بـەرەو وڵاتـی کەنعـان ڕێ دەگرێتـە بـەر. بـەراورد لەگـەڵ دەرچوونـی حەزرەتـی ئیبراهیـم لـە ڕوهـا (ئوڕهـا)، بـە شـێوەیەکی بەرجەسـتەتر باسـی بوویەرەکـە دەکرێـت. مانـای ئـەو کۆچـەی لـە حەزرەتـی مووسـادا بـووە بـە سـیمبۆل، بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان لـە هـی حەزرەتـی ئیبراهیـم جیاوازتـرە. چونکـە ئیـتر لێـرەدا لەجیاتـی بەدواداچـوون و هەوڵـی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـی زیاتـر، جەنگاوەرێتیـی هـۆز و خەسـڵەتی شـەڕڤانێتی بابەتـی باسـە. چونکـە سێسـەد سـاڵ پێشـتر هـۆزی عیبرانـی ببـووە خـاوەن ئاییـن و خوداوەنـدی خـۆی، واتـە ناسـنامەی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـیی بـە دەسـت هێنابـوو و لـەو سـاڵە درێژانـەدا بەهێـز و پتـەوی کردبـوو. ئـەو شـتەی حەزرەتـی مووسـا بەدوایـدا دەگـەڕا ئایینـی نـوێ و خوداوەندەکـەی نەبـوو؛ بەڵکـو بـەدوای سروش و ئیلهامـدا دەگـەڕا، کـە ئەویـش دە فەرمانەکەیـە. بـە زمانـی ئایینـی و ئەدەبیـی قۆناغـی خـۆی بـاس کـراوە کـە چـۆن ئـەو فەرمانانـە وەردەگرێـت. «فەرمـان» دەسـتەواژەیەکی سـەربازییە و پەیوەندیـی بـە فەرماندارێتییـەوە هەیـە؛ مانـای فەرمانپێکردنـی هـۆز و ڕاکێشـانیەتی بـۆ نـاو سیسـتەمی شـەڕ. بـەو شـێوەیەی لـە تەوراتـدا بـاس کـراوە، دوای دەرچوونـی حەزرەتـی مووسـا لـە میـسر و بەسـەربردنی چـل سـاڵی تەمەنـی لـە شـەڕەکانی بیابانـی سـینادا لـە کەنارەکانـی ئەریحـا (شـارێکی فەلەسـتینی ئەمڕۆیـە)، کاتێـک هەوڵـی دەستبەسـەرداگرتنی (فەتحکـردن) دەدات، کۆچـی دوایـی دەکات و سـەردەمێک کۆتایـی دێـت. لێـرەدا دەردەکەوێـت کـە شـەڕ زمـان یاخـود شـێوازی ئـەو سـەردەمەی تێکۆشـانە کـە لـە دەوروبـەری سـاڵانی ١٣٠٠ پ.ز بـاو بـووە. بـەو ڕادەیـەی بتوانیـن لـە ڕێگـەی دەقەکانـی تەوراتـەوە ڕاڤـەی بکەیـن و لێـی تێبگەیـن، دەبینیـن کـە سەرگوزەشـتەی ئـەو چـل سـاڵە چەنـدە لـە دۆخـی ڕۆژی ئەمڕۆمـان دەچێـت. لـە کاتێکـدا ڕزگاربوونـی حەزرەتـی ئیبراهیـم لـە نەمـروودی هەژموونگـەرا (پاشـا-خوداوەند) لـە ئاکامـی تێکۆشـانێکی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـیی دژوار و کۆچکردنـەوە ئەنجامگیـر بـوو، بـەڵام ڕزگاربوونـی حەزرەتـی مووسـا لـە فیرعەونـی پاشـا-خوداوەند بـە شـێوازێکی جیاوازتـری تێکۆشـان بـەدی هـات، واتـە لـە ڕێگـەی خەسـڵەتی جەنگاوەرێتیـی هـۆزی عیبرانیـی ملیتـان و چەکدارەوە فەراهـەم بـوو. دیسـان شـەڕ لەپێنـاو دەڤـەرە پیرۆزەکانـە. بەدەسـتهێنانی سـیفەتی پیرۆزیـی دەڤەرەکـە پەیوەندیـی بـە پێگەکەیـەوە هەیـە.

لـە سـەردەمی کۆچـی حەزرەتـی ئیبراهیمـەوە تـا ڕۆژی ئەمڕۆمـان، بگـرە بـە درێژایـی مێـژووی شارسـتانییەت، قـودس و دەوروبـەری ڕۆڵـی ناوچـەی تامپۆنـی (ئـەو ناوچەیـە کـە پارێزبەندیـی هەیـە

و هێـزە هەژموونگـەرەکان دەسـەڵاتیان بەسـەریدا ناشـکێت) بـۆ هێـزە هەژموونگـەرا جیـاوازەکان بینیـوە. بـۆ یەکەمیـن جـار ئـەو ڕۆڵـەی لـە نێـوان شارسـتانییەتەکانی سـۆمەر و میـسردا بینیـوە. چونکـە لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ٣٠٠٠-٢٠٠٠ پ.ز ناوچەکـە دەڤەرێکـی خۆسـەر و مارژینالـی هـەردوو شارسـتانییەتی سـەرەکی و هێـزی هەژموونگەرایـە. هەرچـی گـرووپ و جڤاتـی هۆزەکانـی ئـەو دەڤـەرەن لـە ڕێگـەی بازرگانییـەوە لەگـەڵ هـەردوو شارسـتانییەتدا دەوڵەمەنـد بـوون و تـۆوی سـێیەمین شارسـتانییەت دەچێنـن. لـە سـەردەمی دەرچوونـی حەزرەتـی ئیبراهیمـدا (١٧٠٠-١٦٥٠ پ.ز) هێشـتا هـۆزەکان ئـەو خەسـڵەتەی خۆیـان دەپاراسـت. هەروەهـا ژمارەیەکـی زۆری گرووپـی بـاوەڕی و هـۆزی ئۆتۆنـۆم سـیفەتێکی خۆسـەر و پیـرۆزی جیـاواز بـە دەڤەرەکـە دەبەخشـن. هـەر جڤاتێـک بیەوێـت لـە زۆرداریـی فیرعـەون و نەمروودەکانـی قۆنـاغ و گوزارشـتی ئایینیـی ئـەو ستەمکارییە ڕزگاری بێـت، ئـەوا هـەم هێـزی هـۆزی خـۆی دەکات بـە خاوەنـی بەرگریـی خۆیـی، هەمیـش ئایینـی ئـەو هـۆزە دادەهێنێـت کـە خـاوەن بەرگریـی خۆییـە. لـە بنەڕەتـدا تـەورات سەرگوزەشـتەی تێکۆشـانی ئـەو هۆزانـەی دەڤەرەکەیـە کـە خاوەنـی بەرگریـی خۆییـن. لەوانەیـە ئـەو ڕووداوانـەی حەزرەتـی ئیبراهیـم و مووسـا دووچـاری هاتـوون، زیادکردنـی مۆدێلـی خۆیـان بووبێـت بـۆ سـەر ئـەو سەرگوزەشـتانەی هـەزاران سـاڵ پێشـتر ڕوویـان داوە.

ئـەوەی حەزرەتـی عیسـا لەمیانـەی هـۆزە بچووکەکـەی بـاوەڕی خۆیـەوە (گرووپـی دوازدە کەسـیی حەوارییـەکان) لـە سـەرەتاکانی سـاڵانی زایینـی هەوڵـی دا بیـکات، ڤێرژنێکـی دیکـەی هەموارکـراوی هەمـان سەرگوزەشـتە بـوو. دیسـان ئامانجەکـە قودسـە، کۆنترۆڵکردنـی دەڤـەرە پیرۆزەکـەی قودسـە. جیاوازییـە گرنگەکـەی لەگـەڵ حەزرەتـی ئیبراهیـم و مووسـا ئەوەیـە کـە حەزرەتـی عیسـا سـەرۆکی ئایینـی و سیاسـی و سـەربازیی هـۆزی عیبرانـی نییـە. بەڵکـو وەک قەشـەیەکی زۆر هـەژار بـە ئامانجی ڕیفۆرمکـردن لـە ئایینـی یەهودیـی (کـە خـاوەن بونیـادی هیرارکـی بـاوی سـەردەمی خۆیەتـی) هەنـگاو دەنێـت. هــەوڵ دەدات هــۆز (هــۆزی یەهودیــی نیشــتەجێ) و ئایینەکـە پارچەپارچـە بـکات. بەپێـی زانیارییـە پێـدراوەکان، ئـەوەی لێـرەدا ڕوودەدات یەکێـک لـە جدیتریـن و یەکەمیـن شۆڕشـە کۆمەڵایەتییەکانـی مێـژووە. هاوسـەردەمی سپارتاکۆسـە. ئـەوەی سـپارتاکۆس هەوڵـی دا لـە بـواری سـەربازییەوە لـە ڕۆمـا (٧٠ پ.ز) سـەرکەوتنی تێـدا بـە دەسـت بێنێـت، عیسـای مەسـیح لـە دەوروبـەری قـودس لـە ڕێگـەی گرووپـی ئایدیۆلۆژییـەوە هەوڵـی بـۆ دا. دەیویسـت قـودس کۆنتـرۆڵ بـکات. لـەو قۆناغەشـدا دیسـان دوو هێـزی سـەرەکیی هەژموونگـەرا لەسـەر ناوچەکە ململانێیـان بوو. هەژموونگەراکانـی ڕۆمـا و پێرسـەپۆلیس بـەردەوام پەلامـاری دەڤەرەکە دەدەن و هەوڵـی جێگیرکردنی بەکرێگیراوەکانـی خۆیـان دەدەن. هەروەهـا پاشـا هێلینییەکانـی دوای ئەسـکەندەریش (کۆتاییەکانـی ٣٠٠ پ.ز) ڕێگەیەکـی هاوشـێوەیان هەیـە و لەسـەر ئـەو بنەمایـەش ململانـێ لـە نێـوان خۆیانـدا لـە ئارادایـە. هەرچـی حەزرەتـی عیسـا و گرووپەکەیەتـی هـەم بەرامبـەر بـە هەژموونگەرایـی و هەمیـش بەرامبـەر بـە یەهودییـە بەکرێگیـراوەکان جۆرێـک لـە تێکۆشـانی سـەربەخۆیی و ئـازادی دەسـت پـێ دەکـەن. بـەڵام وەک پێویسـتیەکی هەلومەرجـەکان، ئـەو تێکۆشـانە لـە ڕووی ئایدیۆلۆژییـەوە

(لەمیانی قەڵەمبازێکی نوێی ئایینییەوە) دەکرێت. ئەنجامەکانی ئەو پەرەسەندنەش دەزانرێت کە تا ڕۆژی ئەمڕۆمان هاتووە.

قەڵەمبازەکەی حەزرەتی محەمەدیش کە لە نزیکترەوە زانیاریمان لەبارەیەوە هەیە، سەرەتا قودسی کردووە بە ئامانج. لە قورئانی پیرۆزدا باس لەوە دەکرێت کە میعراج (بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان، بینینی خوداوەند، واتە پێکهێنانی ئایینی نوێ) لە قودس ڕووی داوە. لە ڕاستیدا ئەو کۆچەی بۆ مەدینەش کراوە، سەرەتا بە ئامانجی قودس بووە. قودس یەکەمین قیبلەی نوێژکردنە. بەڵام قیبلەی حەزرەتی محەمەد جیاوازترە. هەرچەندە هەڵگری خەسڵەتی هاوشێوەی قەبیلەی عیبرانی (تایبەتمەندیی سامی) بێت، بەڵام خۆی هۆزە عەرەبەکانی دەڤەری مەککە و مەدینەی ئەو قۆناغە (ساڵانی ٦٠٠ زایینی) وەک هێزی سەرەکی دەبینێت و بە بنەمایان دەگرێت. لە ڕووی ئایینیشەوە (چوارچێوە ئایدیۆلۆژییەکەی، تێکۆشانەکەی)، سێیەمین ڤێرژنی نەریتی ئیبراهیمی پێکدێنێت. ئەوەی لێرەدا ڕوودەدات داڕشتنی چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژییە کە زیاتر ئامانجی کۆمەڵگەی بازرگانە. لە کاتێکدا لە ڕاستینەی حەزرەتی ئیبراهیم و مووسادا هیرارکی سەرووی قەبیلە مۆرکی خۆیان لە ئایین دەدەن، بەڵام لە ئایینی حەزرەتی عیسادا هەژارانی هۆز و قەبیلە بە بنەما دەگیرێت. وەلێ لای حەزرەتی محەمەد بەرژەوەندییەکانی توێژی بازرگانانی ناوینی هۆز (کۆمەڵگەی چینی ناوین) بە بنەما دەگیرێت، لەو سۆنگەیەوە، کۆمەڵگەی چینی ناوین مۆرکی خۆی لە ئایینی نوێ دەدات.

جیاوازیی بنەڕەتیی ڕابوون و هەڵمەتی حەزرەتی محەمەد لەگەڵ ئەوانەی پێشووتری، یەکانگیریی تێکۆشانە ئایدیۆلۆژی، سیاسی و سەربازییەکەی بوو. ئەو یەکانگیرییە ئایدیۆلۆژی، سیاسی و سەربازییەی لە هەڵمەتەکەی ئیسلامدا هەیە دیاردەیەکی دەگمەنە و لە زۆر ئاییندا نابینرێت. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا گەیشتنی بە سەرکەوتنی گەورە و گرنگ، پەیوەندی بەو واقیعەوە هەیە. ئەمە سەرکەوتنێکە تەنانەت لە شۆڕشە هاوچەرخەکانیشدا نموونەکەی زۆر دەگمەنە. لە کاتێکدا لە سەرەتای دەرکەوتنیدا ئیسلام لە پاشماوەکانی خێڵ و قەبیلە، کەسانی بێکار، ژنێکی بازرگان و کۆیلەیەک پێکهاتبوو، لە ماوەیەکی کورتدا (نزیکەی چل ساڵ) توانیی سێ ئیمپراتۆریەت (بێزەنتی، ساسانی و حەبەشی)ی جیهانی بڕووخێنێ، هۆکارەکەی بۆ هێزی کۆمەڵگەی نوێ دەگەڕێتەوە کە لە ڕووی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و سەربازییەوە یەکانگیرە. دواترین ئەڵقەی گەردوونیی نەریتی ئیبراهیمیش پێکدێنێت.

گەردوونیبوونی سەرمایەداری لەمیانەی ئەو شەڕەی بەرامبەر هەرسێ ڤێرژنی گەردوونیبوونی ئیبراهیمی (مووسەوی، مەسیحی، محەمەدی) بەرپای کردووە، هەژموونگەرایی خۆی بونیاد ناوە. بێگومان ئەگەر هەرسێ بەها گەردوونییە ئیبراهیمییەکان نەبوونایە، ئەوا سەرمایەداریش وەک سیستەم بەهای گەردوونیی بە دەست نەدەهێنا. واتە باڵابوونی کولتووری شارستانییەتی ماددیی کەڵەکەبووی سەردەمی شارستانییەتەکانی سۆمەر و میسر بەرامبەر کولتووری شارستانییەتی مەعنەوی (ڕاهیبی و ئایینی) لە بناغەی سەرمایەداریدا شاراوەیە. هەردوو

کولتووریــش پەیوەندییــان لەگــەڵ شــار و چیــن و دەوڵــەت هەیــە. ســەبارەت بــە دەســەڵات و قۆسـتنەوە، بـەردەوام ململانـێ لـە نێوانیانـدا لـە ئارادایـە. لـە ڕۆژگاری ئەمڕۆشـماندا هەمـان نەریـت بـە دۆخـە هەنووکەییەکەیـەوە بەردەوامـە. لەمیانـەی ململانـێ و کێشمەکێشـی ئیسرائیل-فەلەسـتیندا دەکـرێ تـێ بگەیـن کـە تـا ڕادەیەکـی زۆر ئـەو تێکۆشـانە چارەنـووس و پەرەسـەندنە جیهانییـەکان دیــاری دەکات.

ئەمــەش ئــەو واتایــە دەبەخشــێ کــە زەمینــەی قەڵەمبازەکەمــان دوای ســاڵی ١٩٨٠ پشــت بــە واقیعێکـی مێژوویـی دەبەسـتێت. ئێمـەش لەسـەر شـوێنپێی ئـەو واقیعـە مێژووییـە ڕۆیشـتووین. لەمیانــەی ئــەو شــیکردنەوانەی (واقیعــی ئایدۆلۆژیــمان) تــا ئێســتا خســتوومانەتە ڕوو، ڕوون دەبێتــەوە کــە پێکهاتــە و فاکتەرەکانــی مۆدێرنیتــەی ســەرمایەداریی هــەم لــە ڕووی زۆرداریــی و هەمیـش لـە ڕووی چەندایەتییـەوە لـە فیرعـەون و نەمروودەکانـی چەرخـی کـۆن زیاتـر و زۆردارتـرن. نامەوێــت بــە هەڵــە تــێ بگــەن، بــەڵام لێکچوونێکــی ســەیر لــە نێــوان تێکۆشــانی ئایدیۆلۆژیــی دە ســاڵی یەکەمــی گرووپەکەمــان لــە ناوەنــدی ئەنقــەرە و تێکۆشــانی ئایدیۆلۆژیــی قۆناغــی یەکەمــی تێکۆشـانی هەریـەک لـە حەزرەتـی ئیبراهیـم، مووسـا و عیسـا هەیـە. بـە تایبەتیـش ئـەو لێکچوونـە سەرنجڕاکێشـەی لەگـەڵ تێکۆشـانە ئایدیۆلۆژییـە دە ساڵیەکەی حەزرەتـی محەمـەد لە مەککە ناشـێت پشــتگوێ بخرێــت. ئــەو تێکۆشــانەی ئــەوان لــە بەرامبــەر فیرعــەون، نەمــروود و ئیمپراتۆرەکانــی قۆناغـی خۆیـان کردیـان، ئێمـەش بەرامبـەر ڤێـرژن و دەرهاویشـتەکانیان، واتـە بەرامبـەر فاکتەرەکانـی مۆدێرنیتــەی ســەرمایەداری کردمــان کــە هــەم ژمارەیــان دە هێنــدە زیاتــر و هەمیــش بــەو ڕادەیــە لــەوان مەترســیدارترن. چونکــە تێکۆشــانی کۆمەڵایەتــی بــەردەوام مێژووییــە و هیــچ تێکۆشــانێکی کۆمەڵایەتـی نییـە کـە ڕەگوڕیشـەی قووڵـی مێژوویـی نەبێـت. هـەر بۆیـەش لـەو بەرگرینامەیـەدا ئــەو زەمینــە مێژوویــی و کۆمەڵایەتییــە ڕوون دەکەینــەوە کــە ئێمــە پشــتمان پێــی بەســتووە، کــە ئــەوەش خــودی حەقیقەتــە. بــە کورتــی، ئێمــەش وەک لقێکــی ڕووبــاری (دایــک) بنەڕەتــی ڕەوتــی مێژوویــی و کۆمەڵایەتــی هەڵقولاویــن.

پێویسـتە بەرامبـەر ئـەو ئەنالیزانـە زۆر وریـا بیـن کـە کۆمەڵگـە لـە چوارچێـوەی واقیعـی ڕۆژانەیـی خۆیـدا تاوتـوێ دەکات. چونکـە سۆسـیۆلۆژیای مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری واقیعـی کۆمەڵایەتـی لـە چوارچێـوەی «ســاتی ئێســتا»دا دەخنکێنێــت. لەژێـر نـاوی زانسـتیبوون و بـە شـێوەیەکی بێبەزەییانـە لەمیانـەی درۆیەکـی گـەورە، چەواشـەکردن و پەردەپۆشـکردنەوە پەیوەندیـی کۆمەڵگـە بـە مێـژوو و ڕابـوردووەوە دەبڕێـت. هەرچـی ئـەو ئایینەیـە کـە مۆدێرنیـزە کـراوە، لەسـەر شـوێنپەنجەی هەمـان سۆســیۆلۆژیا بــەردەوام دەبێــت؛ واتــە ئــەوەش شــێوەی سۆســیۆلۆژیایەکە کــە بــە ئاییــن دەمامــک دراوە. هەربۆیــە لــەو بارەیــەوە لــە بەرامبــەر حەقیقــەت (لــە ناویشــیدا نەریتــی ئایینــی) لــە سۆسـیۆلۆژیا (مۆدێلـی پۆزەتیڤیسـت) درۆزنـتر و چەواشـەکارترە. دەمەوێـت بڵێـم: دۆخـی تێکۆشـان و شـەڕی بیسـت ساڵەمان کـە لـە دوای سـاڵی ١٩٨٠ لـە بنارەکانـی جەبـەل ئەلشـەیخ دەسـتی پێکـرد، تێکۆشــانێکە لەســەر بنەمــای زەمینەیەکــی مێژوویی-کۆمەڵایەتییــە و مانایەکــی مەزنــی هەیــە.

هەڵگری شوێنپەنجەی قووڵی تێکۆشانی حەزرەتی ئیبراهیم لە ئەلخەلیل، مووسا لە سینا، عیسا لە قودس و تێکۆشانی مەدینەی حەزرەتی محەمەدە. تەنیا بەوەش سنووردار نابێت، بەڵکو بە شوێنپەنجەی برونۆ، ئیراسموس، بابوف، باکۆنین، مارکس، لینین و ماو کاریگەر دەبێت. هەروەها لە شوێنپەنجەکانی زەردەشت، بوودا، کۆنفۆشیۆس و سوکراتیش بێبەش نابێت. هەروەها بەشی خۆی لە شوێنپەنجەی مێخوداوەندان عەشتار و ئینانا و کیبەلەش وەردەگرێ و مەریەم، فاتیمە و ڕۆزاش پشتگوێ ناخات. هێندەی دەستی پێ بگات، لە سەرجەم واقیع و ڕاستییەکانی حەقیقەتی کۆمەڵگە دەخواتەوە.

ڕەنگە باسکردنی بەسەرهاتەکانی کۆچەکەمان لە سەرەتای تەمموزی ساڵی ١٩٧٩ لە ڕێگەی ڕوها (ئورها) -سوروجەوە فێرکەر و سوودبەخش بێت. بە تایبەتیش ئەو ڕۆژانە شایستەی تێگەیشتنن کە بەر لە دەرچوون لەگەڵ هەڤاڵ فەرهاد کورتای لە سەرەتای مانگی نیسان ئامەدمان بەجێهێشت و ماوەیەک لە گوندی خورسی شارۆچکەی قزلتەپە ماینەوە. بێگومان گەورە شەهیدمان فەرهاد کورتای کۆتەڵ و سیمبۆلێکی نەمری ئەو ڕۆژە مانادارانەیە. کاتێک لە کۆتاییەکانی وەرزی بەهاردا لە قزلتەپەوە گەیشتینە ڕوها، ساتی پڕ لە یادگاریی بەجۆش و ماجەرایانە بوو. چونکە هەر شوێنێکی بۆی دەچووین، مانایەکی مێژوویی هەبوو و خەسڵەتگەلێکی شایانی باسکردن لە خۆ دەگرێت. ئەو جارەش شەهیدی مەزن هەڤاڵ محەمەد قەرەسونگور هاوڕێیەتی دەکردم. ئەو چل ڕۆژەی لە دەڤەری ڕوها (ئورها) ماینەوە، کتومت لە دوایین ڕۆژەکانی حەزرەتی ئیبراهیم لە ئورها دەچێت. بەسەر شوێنپێیەکانی ئەودا ڕۆیشتین و تا مۆخی ئێسقانمان هەستمان بە نەفرینی نەمروود دەکرد. هەرچی حاڵەتی ڕۆحیی سێیەمین گەورە شەهیدی قۆناغ، ئەدهەم ئاکچامە، کە هەرگیز و بە هیچ جۆرێک لەیاد ناکرێت، دۆخی بەرجەستەی پیرۆزییەکانی ڕابوردوو بوو. لە پراکتیکی چوار پێنج ساڵەکەی دواتردا سیمبۆلی پابەندبوونی ڕاستەقینە، خەباتکاری، لێهاتوویی و کارزانی بوو (هەرچەندە خوێندەوارییەکەی لاواز بوو، بەڵام بە خۆی خۆی پەروەردە دەکرد). گیانبەختکردنیشی بەڵگەی سەلماندنی ئەو حەقیقەتەی بوو.

کاتێک پەیوەندیمان لەگەڵ ڕێکخراوە فەلەستینییەکان بەست، لە مێژ بوو مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی خراپی کردبوون، بەڵام بە تەواوی لە دیمەن و کەشی شۆڕشگێڕی دانەبڕابوون. ناکرێ لە هەنگاوەکانی بواری سەربازیبوونی PKKدا نکوڵی لە ڕۆڵیان بکرێت. بەڵام جێگەی داخە کە ئەو پەیوەندییە نەیتوانی زەینیەتە سەرمایەدارییەکەیانی بشکێنێ. چونکە بەرژەوەندیی ڕۆژانەیی و مەرحەلی کورتخایەن پەیوەندییەکی دیالێکتیکیی بە نەزۆکی هێشتەوە کە دەبوایە مانایەکی مەزنی هەبێت. ئەو هۆزە شەڕڤانەی بە زەحمەتی و هەوڵێکی زۆرەوە کۆمان کردبوونەوە، فەرماندە فەلەستینییەکان دەیانویست لەسەر بنەمای ستاتۆی سەربازیی مووچەدار بەکاریان بێنن، بەڵام ڕێگەمان پێ نەدان. هیچ سازشکارییەکمان سەبارەت بە ڕۆحی شۆڕشگێڕیی و بەرخودان نەکرد. ئەوەی بە فەلەستینییەکانمان گوت، هەمان ئەو شتە

بـوو کـە بـە شۆڕشـگێڕانی تورکـمان گوتبـوو؛ بـە گوتـەی هەڤـاڵ کەمـال پیـر دەمانگـوت: «تـا شۆڕشـی کوردسـتان بەدینەیـەت، نـە تـورک، نـە عـەرەب و نـە ڕزگاریـی گەلێکـی دیکـەی خۆرهەڵاتـی ناویـن لـە ئـارادا نابێـت.» بـەم جـۆرە دەمانتوانـی ڕۆڵـی مێژوویـی و ئینتەرناسـیۆنالیی خۆمـان ببینیـن. وێـڕای ئەمـەش بـە شـێوەیەکی نموونەیـی وەڵامـی ئەرکـە شۆڕشـگێڕییە کۆنکرێتییەکانـی ناوچەکەمـان دایـەوە. وەک چـۆن هیـچ هێـرش و پەلامارێکـی تایبەتمـان نەکـردە سـەر ئیسرائیـل، لـە ئاکامـی هێرشـی سـاڵی ١٩٨٢ی ئیسرائیـل بـۆ سـەر لوبنـان، دوای بەرخودانێکـی ئەفسـانەیی بێوێنـە، پشـکی ئێمـەش شـەهیدبوونی دە هەڤاڵـی هێـژا و قارەمـان بـوو. یادگاریـی ئـەو شـەهیدانەمان سـەرچاوەی سـەرەکیی مانـەوەی بیسـت سـاڵەمان بـوو لـە دەڤەرەکـە. چونکـە مەحاڵـە لەبیـر بکرێـن و هەرگیـز لـە یـاد ناکرێـن. ئـەو شـەهیدە نەمرانـە بەهـا ئینتەرناسیۆنالیسـتە ڕاسـتەقینەکانمان.

تـا دەهـات بزووتنەوەکەمـان گـەورە دەبـوو، دەسـتبەجێ لەگـەڵ کوردەکانـی لوبنـان و سـوریا گـەرم بوویـن. ئـەو کوردانـە بەشـێکی کۆمەڵگـەی بنەڕەتیـی کـورد بـوون کـە لـە ئاکامـی یەکەمیـن جەنگـی جیهانیـدا تووشـی دابـەش کـردن هاتـن. دواتـر دووچـاری سـتەمی دەوڵەت-نەتـەوەکان هاتبـوون و ناچـاری جۆرێـک لـە ژیانـی پەنابەرێتـی کرابـوون. خەڵکانێـک بـوون کەمـتر تووشـی ئاسیمیلاسـیۆن هاتبـوون و ئـاگاداری کوردێتیـی خۆیـان بـوون. کـوردە کرمانجـە نموونەییـەکان بـوون. بـەڵام لەگـەڵ هەڵکشـانی سـەرمایەداریی، ئەوانیـش بێـکار ببـوون. ئـەو خەسڵەتەشـیان بـە خێرایـی بـەرەو هـۆزە جەنگییەکـەی خۆمانـی دەهێنـان. ئاشـنابوونمان بـە چەکـی پێشـکەوتووتر و ژیانـی سـەربازی گرنـگ بـوو. بـۆ یەکەمیـن جـار بـوو بـەو شـێوەیەی ئێسـتا پـەروەردەی سـەربازیی بەکۆمەڵ لەنـاو بزووتنـەوەی ئازادیخوازیـی کـورددا پەیـڕەو بکرێـت. هەرچـی لـە ئارادابوونـی هەلومەرجـی هەڕەشـە و هێرشـی بـەردەوام بـوو ئەزموونـی شـەڕی پـێ دەبەخشـین. بـەڵام دیسـان کێشـەکانی کەسـایەتی خۆسـەپێن بـوون. لـە ڕاسـتیدا ئـەوەی ڕووی دەدا، پەیوەندیـی بـە بونیـاد و نوێبوونـەوەی کۆمەڵایەتییـەوە هەبـوو و زۆر لـە مەزەندەکانمـان قووڵـتر دەبوویـەوە. هـەر وەک ئـەو دۆخـەی لـە یەکەمیـن سـاڵانی ئیسـلامدا هاتـە ئـاراوە، ئـەوەی لـە ئارادابـوو، نموونـەی ئافراندنـی کۆمەڵگەیەکـی نوێـی ئـەو مرۆڤانـە بـوو کـە لـە هـۆزی جیـاوازەوە هاتبـوون، زۆربەشـیان کـۆ کرابوونـەوە و لـە یەکـتر دابڕابـوون.

وەک نموونەیەکـی مێژوویـی لـە ڕێگـەی تەوراتـەوە ئاگاداریـن کـە حەزرەتـی مووسـا بـۆ دیسـپلینکردنی بەرەبابەکانـی هـۆزی عیبرانـی، چ زەحمەتییەکـی بینیـوە. چونکـە پێکهێنانـی کولتوورێکـی نوێـی کۆمەڵایەتـی کـە کولتـووری هـۆزی بـاو تێپەڕێنێـت، بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان لـە دروسـتکردنی بۆمبـی ئەتۆمیـی کۆمەڵایەتـی دەچێـت. دوای لەخاچدانـی حەزرەتـی عیسـا، بـوون و نەبوونـی حەوارییەکانیـش بـۆ ماوەیەکـی درێـژ وەک یـەک بـوو. لەسـەرپێ هێشـتنەوەی ئـەو خەڵکانـەی کـە کولتـووری کۆمەڵایەتیـی (کۆمەڵگەیـی) کـۆن نەیتوانـی بەرامبـەر تیرۆریـی بێئامانـی گلادیـۆ بیانپارێزێـت، پێویسـتی بـە هـەوڵ و لێهاتوویەکـی تایبـەت هەبـوو. پەڕینـەوە لـە سـنووری دەوڵەت-نەتـەوە وشـکەکان، دابینکردنـی کارتـی ناسـنامە و شـوێنی حەوانـەوە و تێرکردنـی

سـکیان کێشـەگەلێکی گـەورە بـوون. هەرچـی پێکهێنانـی ڕێکخسـتنێکی تێکۆشـەر و شـەڕڤانە بەرامبـەر بەهێزتریـن توندوتیژیـی سـەردەم (تیـرۆری تـۆڕی گلادیـۆ)، لەمیانـەی هێزێکـی بانئاسـایی ئیقناعکردنـەوە پێویسـتی بـە هیوابەخشـین و پـەرەدان بـە بیروبـاوەڕ هەبـوو. هەرچـی چەپـی تورکـە سـەرباری بەرخودانـە گەلەریەکـەی، بـەڵام بـە هـۆی پیشـاننەدانی ئـەو توانـا و لێهاتووییـە، بـە خێرایـی پەرتـەوازە ببـوون.

کاتێـک لـە نیشـتیمان بوویـن، «ڕێگـەی شۆڕشـی کوردسـتان» دواتریـن بەرهـەم بـوو کـە نووسـیم. ئـەو پەرتووکـەی هەڵگـری سـیفەتی مانفیسـتۆ بـوو، جگـە لـە پیشـاندانی ئاڕاسـتەیەکی گشـتی و بەخشـینی دیدگایەکـی ئایدیۆلـۆژی پێویسـت بـە لاوان، ڕۆڵێکـی دیکـەی نەدەبینـی. دەسـکەوتێکی گرنـگ بـوو، بـەڵام بـەس نەبـوو. چونکـە کێشـەیەکی سـەختی درێژخایەنـی لـە جـۆری ژیانـی سـەربازی لـە ئـارادا بـوو. هـەر بۆیـەش پێویسـتمان بـە دیـدگا و ڕێنمایـی نـوێ هەبـوو. هەربۆیـەش وەک هەنـگاوی یەکـەم، لـە سـاڵی ١٩٨١ پەرتووکێکـمان لەژێـر ناوی «پرسـی کەسـایەتی لە کوردسـتان، ژیانـی پـارت و تایبەتمەندییەکانـی ژیانـی شۆڕشـگێڕی» لـە ئاخافتنـە تۆمارکراوەکانـم کـۆ کرایـەوە. لـە تەممـوزی سـاڵی ١٩٨١دا، بـە ئامانجـی خۆکۆکردنـەوە ئـەو کۆبوونەوەیەمـان کـرد کـە بە «کۆنفرانسـی یەکـەم» ناومـان بـرد کـە بـۆ منیـش تاقیکردنەوەیەکـی گرنـگ بـوو. ئـەو ڕاپۆرتـە سیاسـییەی پێشـکەش بـەو کۆبوونەوەیـەم کـرد، ئێسـتاش بـە نـووسراوی وەک پەرتـووک لـە بەردەسـتاندایە. سـەبارەت بـە تێگەیشـتنی ئـەو قۆناغـە و کێشـەکانی بەڵگەیەکـی باشـە. ئـەو کۆنفرانسـە یەکێـک بـوو لـە هەنـگاوە جدییەکانـی کۆکردنـەوەی ڕێکخسـتن. یادگارییەکانیشـی بەشـێکی بەنرخـی ژیانـم پێکدێنێـت.

بـەڵام کێشـەکان هێنـدە زۆر و ئاڵـۆز بـوون، وەک دینامـۆی کارەبـا یـەک لـە دوای یەک پێویسـتییان بـە پەرەپێدانـی ئایدیۆلـۆژی، ڕێکخسـتن و چالاکـی هەبـوو. گرووپەکانـی سـەرەتا بـەڕێ کرابـوون. جێگیربـوون لـە لـۆلان و حەفتەنیـن دەسـتی پـێ کردبـوو. ئیـتر دەبوایـە شـەڕی گەریلایـی دەسـت پـێ بـکات. چونکـە ئـەو ناڵـە و هـاوارەی لـە زیندانەکانـی دیاربەکـر بـەرز دەبوویـەوە، ناچـاری دەکردیـن سـاتێک زووتـر بجووڵێیـن. لـەو نێوانـەدا بەرهەمێکـی تێروتەسـەل و نموونەیـی وەک «ڕۆڵـی زەبـر لـە کوردسـتان»م نووسـی. ئـەم جارەیـان دوران کاڵـکان یاریـدەدەرم بـوو. دەبـوو ئـەو شـیکردنەوانە ڕۆڵێکـی ئیقناعکارانـە بـۆ تێگەیشـتنی خەسـڵەتەکانی قۆنـاغ و ڕاهێنانـی ئـەو گرووپانـە ببینێـت. مسـۆگەر دەمانویسـت وەڵامێکـی مانگرتنـە مەزنەکـە بدەینـەوە کـە بـە شـەهیدبوونی هەڤـاڵان کەمـال پیـر، محەمـەد خەیـری دورمـوش، عاکیـف یلـماز و عەلـی چیچـەک ئەنجامگیـر بـوو، بـەڵام ئـەو هەڵوێسـتەی گرووپەکانـی نـاوەوەی وڵات لـە سـەرەتاوە تێـی کەوتـن، بـە مانایەکـی تـر دووبارەکردنـەوەی ئـەو کارانـەی پێشـتر کرابـوون لـە لایـەن گرووپـی بەرپـرس، هەروەهـا پێشنەخسـتنی شـیکردنەوەیەکی ڕاسـت سـەبارەت بـەو سـاتە مێژووییـە و خۆخەریککردنیـان بـە کەشـفی نابەجـێ و ناپێویسـت، وەڵامدانەوەمانـی درەنـگ خسـت. ئەگـەر لـە کاتـی خۆیـدا وەڵام بدرایەتـەوە، لەوانـە بـوو زووتـر هەڵمەتـی لەسـێدارەدان بوەسـتێنرانایە و مانگرتنەکانیـش بـە مـردن ئەنجامگیـر نەبوونایـە. لەبـەر ئـەو هـۆکارەش، سـاڵی ١٩٨٣ بـە سـاڵێکی لەدەسـتچوو دادەنێـم.

بە بڕوای من، مسۆگەر دەبوایە هەڵمەتی ١٥ی ئابی ساڵی ١٩٨٤ بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لە بەهاری ١٩٨٣دا ئەنجام بدرایە. ئامادەکارییەکانمان بۆ ئەو هەنگاوە لەبار بوون. یەکێک لەو زەبرە جدی و یەکەمینانەی بەر پلاننامەی گەریلا کەوت، ئەو درەنگکەوتن و سەرقاڵبوونە بوو بەو کەشفە بێبەرپرسیارێتی و نابەجێیانەی کران. ڕوونکردنەوەی ئەو دۆخە لە لایەن بەرپرسەکانیەوە پێویستییەکی بەرپرسیارێتیی شۆڕشگێڕییە. لە ڕاستیدا لە هاوینی ساڵی ١٩٨٠دا لە ڕێگەی هەڤاڵ کەمال پیر و گرووپەکەیەوە هەوڵمان دا دەستپێکردنێکی بە بەرنامە و بەرفراوان بکەین. ئەوەیان هەوڵێک بوو بەبێ پێویست بینینی جێگیربوون لە باشووری کوردستان، یەکسەر ئامانجی گەیشتن بوو بە دەڤەری دێرسیم. ئەگەر هەڤاڵ کەمال پیر بەو شێوە ڕێکەوت و نەخوازراوە دەستگیر نەکرایە -دەستگیرکردنەکەی بێچانسی و خەسارەتێک بوو بۆ بزووتنەوەکەمان- ئەوا حەقیقەتی فەرماندارێتیی PKK ئاڕاستە و دۆخێکی زۆر جیاوازتری بە خۆیەوە دەبینی. چونکە هیچ هەڤاڵێک نەیتوانی جێگەکەی هەڤاڵ کەمال پیر پڕ بکاتەوە. هەروەها دەستگیرکردنی یەک بە دوای یەکی هەڤاڵان مەزلوم دۆغان و محەمەد خەیری دورموش لەو ساڵانەدا ڕووداوگەلێکی نابەجێ بوون کە بە ئاسانی توانای بەربەستکردنیان هەبوو، زیانێکی گەورە بوو. بەمجۆرە دڵ و جگەرمان لەتلەت ببوو. لە لایەکەوە دەبوایە لە ناو گێژاوی خۆرهەڵاتی ناویندا تێکۆشەری (ملیتانی) شۆڕشگێڕ و ڕێکخستنێکی جەنگاوەر بئافرێنین و هیوامان بەو گەریلایانە بێت کە گەیەنراونەتە ناوەوەی وڵات، لە لایەکی دیکەشەوە بەرگەی ناڵە و هاواری بەندیخانەکان بگرین و بە ڕووی گۆڕەپانی ئەوروپادا بکرێینەوە. جگە لە ئەدهەم ئاکچان، ئەو کەسانە زۆر کەم بوون کە یارمەتیم بدەن، هەرکەسە و بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆی دەسەپاند.

سەرگەورەکانی دەڤ - یۆڵ لە ئەوروپا وەک ئەوەی پەلکێشکردنی ڕێکخراوەکەیان بۆ ئەوروپا و تەسفییەکردنی بەس نەبێت، بە ئامانجی شکاندنی بەرخودان و خۆڕاگرییەکەی، هێرشیان دەکردە سەر PKKش. وەک دیار دەبێت، ئەگەرێکی بەهێزە کە ئەرکێکی لەم جۆرەیان پێ سپێردرابێت. هەرچی PDK-عێراقە نەک هەر تەنها یارمەتیی نەدەداین، بەڵکو بە پێداگرییەوە درێژەی بە ڕۆڵی نانەوەی کۆسپ و بەربەستکردنی شۆڕشی باکووری کوردستان دەدا. بەمجۆرە تا دەهات زیاتر ئاشکرا دەبوو کە پشتگیریکردنی ئەو سیاسەتە بەردەوام بوو کە لە ڕێککەوتنی ١٩٢٦ موسڵ بڕیاری لەسەر درابوو و بریتی بوو لە دەستبەردان لە باکووری کوردستان و لە بەرامبەریشیدا پشتگیریکردن لە ڕێکخستنی هاوشێوەی پەدەکە ی عێراق و بنەماڵەی بەرزانی. ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی بە پەدەکە ی عێراق درابوو، پشتگیریکردنی سیاسەتەکانی پاسیڤکردنی ئەو کاردانەوانە بوو کە لە خۆرهەڵات و باکووری کوردستان (کوردستانی ئێران و تورکیا) لە ئارادابوون. بەم جۆرەش، پشتگیرییان بۆ بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیخوازەکەی خۆیان (لە کوردستانی عێراق) بە دەست دەهێنا. ئێمە ڕووبەڕووی واقیعی ئەو جۆرە سیاسەتە وشک و دژوارانە ببووینەوە. جەنگی نێوان عێراق-ئێران ڕەوشێکی نوێی ئافراندبوو، بەڵام سەرکردایەتیی مەیدانی

ئـەو دۆخـەی نەقۆسـتەوە و لێـی سـوودمەند نەبـوو. جگـە لـەوەش، محەمـەد قەرەسـونگور، سـەرکردەی لێهاتـووی بەرخودانـی حیلوان-سـیڤەرەک (١٩٧٨-١٩٨٠) لـە دەستپێشـخەرییەکی بـێ واتـا و بـێ ئەنجامـی ناوبەینکاریـی نێـوان YNK و PDK شـەهید بـوو. لـە ٢ ئایـاری سـاڵی ١٩٨٣ بـە شـێوەیەکی لەنـاکاو، بـێ چانسـانە و نابەجـێ هەڤـاڵ قەرەسـونگور و ئیبراهیـم بلگینـمان لـە دەسـت دا. لەگـەڵ هەڤـاڵ کەمـال پیـر، محەمـەد قەرەسـونگور ئـەو هەڤاڵانـە بـوون کـە دەیانتوانـی چارەنووسـی گەریـلا بگـۆڕن. کاتێـک هەواڵـی شـەهیدبوونی هەڤـاڵان مەزلـوم دۆغـان، محەمـەد خەیـری دورمـوش، عاکـف یلـماز، فەرهـاد کورتـای و چەندیـن هەڤاڵانـی دیکـەی زیندانمـان پـێ گەیشـت، جگـە لـەوەی فشـاری زیاتـر بخەینـە سـەر دڵ و مێشـکمان، ڕێگەچارەیەکـی دیکەمـان نەدۆزییـەوە. ئیـتر ڕۆژ ڕۆژی بەرگەگرتنـی ئێـش و ئـازار بـوو.

کاتێـک هەواڵـی هەڵمەتـی ١٥ی ئابمـان پـێ گەیشـت (هەرچەنـدە درەنگیـش ئەنجـام درا)، ئیـتر بەسـەربردنی ڕۆژ و تەنانـەت کاتژمێرێکیـش ببـوو بـە مەسـەلەیەک. ئەنجامەکانـی ئـەو قەڵەمبـازە گرنـگ بـوون. یەکەمیـن جـار بـوو بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـک نەخشـە بـۆ چالاکیەکـی سـەربازی دابنرێـت و جێبەجـێ بکرێـت. ئیـتر دەرگای پەرەسـەندنێک کرابوویـەوە کـە لـە ڕەگ و ڕیشـەوە دۆخەکـەی دەگـۆڕی. وەلـێ ئـەوەی گرنگـتر بـوو، پەرەپێـدان و بەردەوامیـدان بـە هەڵمەتەکـە بـوو. هەربۆیـە قورسـایی خۆمانمـان خسـتە سـەر ئـەو ئەرکـە. گرووپـمان بـۆ هـەر هەرێمێـک ئامـادە کـرد و یەدەگەکانیشـیان لـە ئامادەباشـیدا بـوون. دەبـوو سـاڵی ١٩٨٥ ببێـت بـە سـاڵی هەڵمەتێکـی گەورەتر. بـە تایبەتیـش هێنـدەی هەرێمـی بۆتـان، دەبوایـە قورسـایی بخرێتـە سـەر هەرێمەکانـی دێرسـیم و تۆڵهەڵـدان. هەروەهـا هێزەکانمـان لـە هەرێمەکانـی ئامـەد، گارزان و سـەرحەد کەوتبوونـە جووڵـەوە. بـەڵام بـە هـۆی دەسـتگیرکردنی بـێ چانسـانەی هەڤـاڵ سـەبری ئـۆک لـە ناوەڕاسـتی زسـتان و شـەهیدبوونی گرووپێـك لـە بۆزۆڤـا کـە هەڤاڵ حاجی (سـەبری گـۆزو بویـوک) و خدر پێشـەنگایەتییان دەکـرد، بەرنامەکەمـان لـە ئادیامـان سـەری نەگـرت. شـەهادەتگەلێکی زۆر بەئـازار و پـڕ لـە ئێـش ڕوویـان دا. هەروەهـا شـەهیدبوونی هەڤـاڵ سـەلیم و گرووپەکەشـی لـە هەمـان ڕێگـە ڕووی دا کـە ویسـتبوویان لـە ڕێگـەی عارەبانـەوە بـڕۆن. وێـڕای ئـەوەش، تـا دوایـی لـە هەرێمەکـەدا مانـەوە. هەرچەنـدە لـە دێرسـیم، ئامـەد و گارزان لـە ئاسـتێکی بـەرزدا نەبـوون، بـەڵام یەکینەکانـی گەریـلا بـەردەوام لـەو نـاوەدا هەبـوون. گرووپەکانـی هەرێمـی سـەرحەدیش لـە چیـای ئاگـری کەوتبوونـە جووڵـەوە. هاوشـارییە لاوەکـەی ئاشـنایەتیمان هەبـوو، محەمـەد ئەرتـورک، لـەوێ شـەهید ببـوو. هەروەهـا هەواڵـی شـەهیدبوونی چەندیـن عەگیـد و قارەمانـی خەڵکـی ئاگریشـمان پـێ گەیشـت. لـە سـاڵی ١٩٨٥دا هەڵمەتـی چاوەڕوانکراومـان جێبەجـێ نەکـرد، بـەڵام نەیانتوانـی لەناویشـمان ببەن. سـاڵێک بـوو کـە بـە پشـتگیریی ناتـۆ بەهێزتریـن هێرشـی کلاسـیکیی سـوپای تورکـی تێـدا کـرا. ئـەو سـاڵە بـۆ هـەردوو لاش مانـای کۆتاییهاتنـی قۆناغێـک بـوو. هەرچەنـدە نەگەیشـتنی هەڵمەتـی گەریـلا بـە ئاسـتی پێویسـت سـەبارەت بـە سـوپای تـورک سـەرکەوتنێک بێـت، بـەڵام بەردەوامـی و جێگیربوونـی گەریـلاش لـە هەرێمـەکان ژێرکەوتنێکـی گەورەیـان بـوو. لـە کاتێکـدا لەسـەر بنەمـای

ئـەو ئامادەكارییـە بەرفراوانانـەی كرابـوون، دەرفەتـی پەرەپێدانـی شـەڕی گەریلایـی هەبـوو كـە لـە هەمـوو ناوچـەكان پشـتگیرییەكی بەهێـزی گەلـی بـە دەسـت هێنابـوو، بەكارنەهێنانـی ئـەو چانسـە بـۆ PKK زیانێكـی مـەزن بـوو، وێـڕای ئەمـەش جێگیربـوون و خۆپاراسـتنی گەریـلا لـە سـەرجەم هەرێمەكانـدا سـەركەوتنێك بـوو نەدەبـوو بچـووك بكرێتـەوە.

سـاڵی ١٩٨٦ بـۆ هـەردوو لا بـوو بـە سـاڵی خۆئامادەكردنـەوە. بـەڵام خەمناكتریـن هەواڵـی سـاڵی ١٩٨٦ بـۆ مـن و بزووتنەوەكەمـان شـەهیدبوونی هەڤـاڵ مەعسـوم قۆرقـماز بـوو. هەواڵێـك بـوو هەڵگـری سـەرجەم ئـەو هەڕەشـە و مەترسییانە بـوو كـە چاوەڕوانـی دەكردیـن. وەک بڵێی سـەرلەنوێ ئابڵۆقەیـەک لـە چواردەورم دروسـت دەبـوو. زۆر تـووڕە ببـووم و ئـەو ڕووداوانـەم پەسـند نەدەكـرد. چونكـە بـە شـێوەیەكی هـەرزان و نابەجـێ زیانمـان بەركەوتبـوو، هەڤاڵانمان شـەهید دەبـوون. بەهۆی ئەوئێـش و ئـازارەوە بەشـداریی بەشـێكی كۆنگرەكـەی ١٩٨٦م نەكـرد كـە كۆنگـرەی سـێیەممان بـوو. لـە سـاڵی ١٩٨٢دا دووەمیـن كۆنگرەمـان لـە سـەربازگەی «بـەرەی ڕزگاریـی گەلـی فەلەسـتین» سـاز كـرد كـە دەكەوتـە باشـووری سـوریا كـە بـە جۆرێـك لـە جـۆرەكان، دووبارەكردنـەوەی كۆنفرانسـی یەكـەم بـوو، بـەڵام كۆنگـرەی دەسـتپێكردنی گەڕانـەوەی بەرفـراوان بـوو بـۆ نیشـتیمان. لـە كاتـی كۆنگـرە هەواڵـی ئـەو ڕووداوەم پێگەیشـت كـە: كاتێـك عەدنـان زنجیرقرانـی هاوشـاریم -كـە لـە ئەوروپـاوە هاتبـووە نـاو ڕیزەكانـی بزووتنەوەكەمانـەوە- لـە كەنـاری ڕووبـاری فـورات دەسـتگیر دەكرێـت، نەقیبێكـی سـوپای توركیـش دەگرێـت و لەسـەر تاشـە بەردێكـەوە لەگـەڵ خۆیـدا فـڕێ دەداتـە هەڵدێرێـک و ئـەو هەڤاڵەمـان شـەهید دەبێـت، تـا ئێسـتاش وەک ڕووداوێكـی دڵتەزێـن ئـەو بوویـەرەم دێتـەوە یـاد. هەواڵـی لـەم جـۆرە هێنـدە زۆر بـوون، وەڵامدانەوەیـان، هەڵگرتنـی بـاری زیاتـر و فشارخستنەسـەر خـۆم بـوو.

كۆنگـرەی سـێیەم بـە تـەواوی واتـای وشـە بـوو بـە كۆنگرەیەكـی دادگاییكـردن. هەركەسـە و ئـەوی تـری دادگایـی دەكـرد. كەسـیرە یڵـدرم و سـەلاحەددین چەلیـک ئیـتر بـە كۆتایـی ڕێگـە گەیشـتبوون. لەبـارەی هەردووكیشـیانەوە كۆنگـرە بڕیـاری كوشـندەی دابـوو. دۆخەكـە بـە جۆرێـك بـوو فەرحانـی شـۆفێرم گوتبـووی پێویسـتە دەسـت و پێیەكانـی كەسـیرە بـە چـوار ئەسـپەوە ببەسـترێنەوە و پارچەپارچـە بكرێـت. ڕزگاركردنیـان لـە مـردن دیسـان كەوتبـووە سـەر شـانی مـن. بـاس لـەوە دەكـرا كـە سـەلاحەددین لـە چیـای جـودی دیـداری سـازش و تەسـلیمكاریی لەگـەڵ دەوڵەتـی تـورک سـاز كـردووە. ئـەی چـی لـە پشـت هەڵوێسـتە ساردوسـڕەكانی كەسـیرەوە بـوو كـە شـیكردنەوەی لـە لای منیـش زەحمـەت بـوو؟ ئـەی فەرحـان (شـۆفێرەكەی تـرم نـاوی سـەبری بـوو) چیـی دەستنیشـان كردبـوو تـا بـە ئەنجامێكـی وەهـا بـگات؟ هەڤـاڵ محەمـەد سـەعید (ئەدهـەم ئاكچان)یـش بـەر لـە مردنـی گوتبـووی «ئـای كـە تەڵەكەبازیـی چەنـدە گـەورە لـە پشـت ڕێبەرایەتییـەوە دەكرێـت»، ئەویـش لـە داخـا كۆچـی دوایـی كـرد. دوای سـاڵی ١٩٨٠بـەردەوام گومانێكـی لـەم جـۆرەم هەبـوو كـە یەكێـك لـە پیلانگێڕییەكانـی لـە دژم دەكرێـت لـە نـاو دەڤیـۆڵ ڕێكدەخرێـت. ئەگـەر پیلانێكـی لـەو جـۆرە دانرابێـت، لـەو بڕوایـەدام كـە تـۆڕی گلادیـۆی تـورک و هێزەكانـی ئاسایشـی ناوخـۆ

ئـەو ڕێگەیەیـان بـۆ تاقیکردنـەوەی پیلانگێڕییـەک بـەکار هێنابێـت. چونکـە هەوڵـە ئاشـکراکانی تەسـفییەکاریی هەندێـک لـە ئەندامانـی دەڤ - یـۆڵ لـە ئەوروپـا، بەدەسـتهێنانی پشـتگیریی دەوڵەتـی ئەڵـمان و دەستنیشـانکردنی PKK وەک یەکەمیـن ئامانجـی خۆیـان و پشـتگیرییان بـۆ گێرەشـێوێنی و پرۆڤاکاسـیۆنی سـەمیر (چەتیـن گۆنگـۆر) لـە سـاڵی ١٩٨٣، پیشـانی دەدات کـە پێویسـتە ئـەو ئەگـەرە بـە هێنـد وەربگیـرێ.

هیـچ کام لـە هەڤـاڵان بـە شـێوەیەکی ڕوون و ئاشـکرا هـۆکاری ڕقـە مەزنەکەیـان و بڕیاری کوشـتنی کەسیرەیان بـۆ مـن بـاس نەکـرد. وەلـێ بـێ ڕێـزی و بـێ حورمەتییەکـی لەڕادەبـەدەری بەرامبـەر بـە مـن دەکـرد. بـەڵام ئەوانـە بیانـووی پێویسـتبوونی بڕیـاری کوشـتن نەبـوون. ئـەوەی ببـووە مـەراق بـۆ مـن و لەبارەیـەوە گومانـم لـێ کـرد، ئـەوە بـوو: تـۆ بڵێـی لـە ڕێگـەی دەسـتەمۆکردنی شـۆفێرەکانمەوە بیـری لـە پیلانگێڕییـەک دەکـردەوە؟ ڕاکردنـی یەکێـک لـە شـۆفێرەکانم، هەوڵـی ئـەوی تریـان بـۆ خۆکوشـتن و دواتـر شـەهیدبوونی لـە شـاخەکانی کوردسـتان، بـەردەوام جێگـەی تێڕامـان و بیرکردنەوە بـوون. بـە دەسـتی خـۆم سـەلاحەددین چەلیکـم نـاردە ئەوروپـا. ئەگـەری هەیـە کەسـیرەش لـە سـاڵی ١٩٨٧ لـە ئەسـینا بـە یارمەتیـی هەواڵگریـی یۆنـان ون بووبێـت.

لـەو ماوەیـەدا هەلێکـم بـۆ ڕەخسـا و لـە سـاڵی ١٩٨٢ گەشـتێکم بـۆ بولگاریـا کـرد. بـە بـڕوای مـن گەشـتێک بـوو کـە بولگاریـەکان دەیانویسـت هەڵوێسـتی مـن سـەبارەت بـە کۆچپێکردنـی ناچاریـی ئـەو تورکانـە بزانـن کـە لـە وڵاتەکەیانـدا دەژیـان. بـۆ یەکەمیـن جـار لـەوێ تێبینیـی مەنگبوونـی سۆسـیالیزمی بونیادنـراوم کـرد. هەمـوو لایـەک بۆنـی ڕیڤیژیۆنیزمـی لـێ دەهـات. لـە سـاڵی ١٩٨٧دا بـە یارمەتیـی هەواڵگریـی ڕوسـیا KGB دووەمیـن گەشـتم بـۆ بولگاریـا و چەنـد وڵاتێکـی سۆسیالیسـتی کـرد. وابزانـم ئەمەیـان یەکێـک بـوو لـەو دوا بانگێشـتنامانەی کـە بـەر لە هەرەسـهێنانی یەکێتیـی سـۆڤێت بـۆم هـات. ئەنجامگیرنەبوونـی ئـەو سـەردانانە بـە کۆمـەک و پشـتگیرییەکی مـەزن دەشـێ لـە ناکۆکییـە ناوخۆییەکانیانـەوە سـەرچاوەی گرتبێـت کـە تووشـی هاتبـوون. لەوانەیـە تاکـە سـوودیان ئـەو پشـتگیرییە بووبێـت کـە بـۆ ئاسـایش و مانـەوەم لـە سـوریا پیشـانیان دا. لـەو سـاڵانەدا چاوپێکەوتنـمان لەگـەڵ چەندیـن ڕێکخـراوی عێراقـی، لوبنانـی و فەلەسـتینی کـرد. پەیامـی دۆسـتایەتیمان بـە یەکـتر دا. بـەڵام بەڵێنەکانـی یارمەتیـدان هێنـدە نەدەبرانـە سـەر. بـە تایبەتـی بزووتنـەوەی ئەلفەتـح ئـەو ڕێکخـراوە بـوو کـە بـە هـۆی پێگەکەمـان زۆرتریـن سـوودی لـە تورکیـا بینـی. هەڵوێسـتی هـەردوو براکـەی بنەماڵـەی ئەسـەد (حافـز، جەمیـل) بەرامبـەر ئێمـە شەخسـی بـوو، نـەک ڕێکخسـتنی، بـەڵام زۆر بەئەزمـوون بـوون. هەروەهـا هەڵوێسـتەکانیان لـە ڕێگـەی هەواڵگرییشـەوە زۆر وەسـتایانە بـوو. گـەر نیازیـان هەبوایـە، دەیانتوانـی ڕێگـە لـە پێـش پەرەسـەندن و گۆڕانکاریـی مـەزن بکەنـەوە. بـەڵام ترسـیان لـە تورکیـا هەبـوو، هەربۆیـە ئامانجیـان ئـەوە بـوو لـە ڕێگـەی ئێمـەوە هاوسـەنگییەک لەگـەڵ تورکیا دروسـت بکـەن. لـەو سیاسەتەشـیاندا سـەرکەوتوو بـوون. بـەڵام بزووتنـەوەی ناسـنامە و ئازادیخوازیـی کوردیـش توانیـی ئەنجامگەلێکـی مێژوویـی لەمیانـەی ئـەو پەیوەندییـەوە بـە دەسـت بێنێـت. هەروەهـا پەیوەندییەکـی هاوشـێوە

لەگـەڵ یۆنانیـش پـەرەی پـێ درا. بـەڵام ئـەوان چاوەڕوانییەکانـی خۆیـان لـە تورکیـا بـە دەسـت نەکـەوت. هەرچـی سیاسـەتی ئەمریـکا و یەکێتیـی ئەوروپایـە بـە شـێوەی «کەروێشـک ڕاکـە، تانـژی بیگـرە» بـوو. هیـچ کاتێـک لـەو سیاسـەتە بـاوە لایـان نـەدا. واتـە نـە بـەو ڕادەیـە سـەرکوتت دەکـەن تـا بمریـت، نـە بـەو ڕادەیـەش پشـتگیریت دەکـەن چارەسـەر بـەدی بێـت. چونکـە زۆر بـاش ئـاگادارن کـە سـوودی مـەزن لـە دۆخـی بێچارەیـی بـە دەسـت دێنـن. ئـەو سیاسـەتەی لـە سـەدەکانی نۆزدەیـەم و بیسـتەمدا دایـان ڕشـت، خوازیـارن لـە سـەدەی بیستویەکەمیشـدا پەیـڕەوی بکـەن.

یەکەمیـن هەڵمەتـی گەریلایـی PKK بەهـۆی کەموکـوڕی و ناتـەواوی فەرماندارێتییـەوە کۆسـپی تێکـەوت و بـە هەڵـواسراوی مابوویـەوە. چونکـە محافـەزەکاری و کەموکوڕییەکـی جدیـی سـەری هەڵدابـوو. حەقیقەتـی سـێیەمین کۆنگرەمـان لـە بیقـاع گوزارشـتی لـەو دۆخـە دەکـرد. هەربۆیـە پێویسـتیی شـیکردنەوە سـەبارەت بـە ڕاسـتینەی فەرماندارێتـی و سـەرکردایەتی مەیدانـی ڕوون و ئاشـکرا بـوو. بەمجـۆرە یەکەمیـن ئەزموونەکانـی شـیکردنەوەم تاقـی کـردەوە. چەندیـن کاسـێتم پـڕ کـردەوە. وەک ڕێوشـوێن و تەگبیرێکـی پراکتیکـی، هەڤاڵانـی سـەردەمی گرووپـی یەکـەم ڕەوانـەی ئەوروپـا کـران. دوای شـەهیدبوونی هێژاتریـن و بەهادارتریـن فەرمانـدە مەیدانییەکانمـان، ئەوانـەی بـە فێڵبازییـەوە لەسـەر پێیـان مابوونـەوە و هەندێـک لەوانـەی گومانـی دزەکردنیـان لەسـەر بـوو، هەوڵیـان دەدا بۆشـایی فەرماندارێتیـی مەیدانـی پـڕ بکەنـەوە. وەلـێ لـە هەوڵـی خیانـەت و تەسـفییەکاریی نێـوان سـاڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٤ دەمامکـی ئەوانـەی داماڵـی و ڕووی ڕاسـتەقینەیان ئاشـکرا بـوو. کەسـانێکی وەک فەرهـاد (عوسـمان ئۆجـالان)، بۆتـان (نیزامەددیـن تـاش)، ئەبوبەکـر (خەلیـل ئاتـاج)، سـەرحەد (خـدر یاڵچیـن)، ئەکـرەم (خـدر سـاری قایـا)، جـەلال و دۆغـان (شرناخـی)، کانـی یلـماز (فەیسـەڵ دونلایجـی) و داروودەسـتەکانیان بەیەکـەوە لەگـەڵ چوار چەتـە و چەتەکانـی چروقایا بـە شـێوەیەکی بابەتـی جڵـەوی بزووتنەوەیـان بـە دەسـتەوە گرتبـوو. خاوەنێتـی نەکردنـی کادیـرە کۆنـەکان لـە ڕۆڵـی ناوەندیـی خۆیـان و لـە ئاکامـی پیلانگێڕییشـەوە شـەهیدبوونی ژمارەیەکـی زۆری ئـەو هەڤاڵـە دڵسـۆز و لێهاتووانـەی توانـای فەرماندارێتییـان هەبـوو، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە، هەڤاڵانـی وەک مەعسـوم قورقـماز و محەمـەد قەرەسـونگور ئـەو ڕێگەیـەی بـۆ کردنـەوە. چەندیـن بەڵگـە و نیشـانە پیشـانی دەدەن کـە لـە سـەرەتاکانی سـاڵی ١٩٩٠دا لەمیانـەی ئـەو پیلانگێڕییەی دژی مـن نەخشـەی بـۆ کێشرابـوو، ئامانجیـان دەستبەسـەرداگرتنی تـەواوی ڕێکخسـتن بـوو، کوشـتنی جـەم ئەرسـەڤەری یەکێـک لـە دامەزرێنەرانـی ژیتەمیـش لـە نزیکـەوە پەیوەنـدی بـەو پیلانـەوە هەیـە. هەرچـی ددانپێدانانـی ئـەو دوو سـیخوڕەیە کـە بـۆ کەناڵـی تەلەڤزیۆنـی سـتار تیڤـی دەئاخافـتن و دەیانگـوت: «فەرمانمـان پێکرابـوو ئۆجـالان بـە زیندوویـی بێنیـن، نـەک مـردوو»، سـەرەداوێکی گرنگـی بابەتەکـە بـوو و مەسـەلەکەی ڕۆشـن دەکـردەوە. هەروەهـا شـەهادەتی هەڤـاڵ «حەسـەن بینـدال» هێمایەکـی ئاشـکرا بـوو. جگـە لـە چەتەکانـی وەک سـەعید چروقایـا و شـەمدین سـاکیک، شـەهیدبوونی تـەواوی فەرمانـدە ڕاسـتگۆ و دڵسـۆزەکان لـە ئامـەد و لەناوبردنـی دکتـۆر بارانیـش لـە دێرسـیم لـەو قۆناغـەدا بـوو. هەروەهـا هەرێمـی بۆتانیـش بـۆ جەمیـل ئیشـق و هاوشـێوەکانی

بەجێ مابوو. ئیتر نۆرەی چارەسەرکردنی دۆخی من لە بیقاع هاتبوو.

سەرجەم پرسەکانی PKKییبوون (پارتیبوون)، بەسوپابوون و ئاواکردنی بەرەیبوون (بەرەی ڕزگاریی نیشتیمانی کوردستان ERNK)، وەک خۆیان بە هەڵواسراوی مابوونەوە. تەواوی کێشە و گرفتەکان بەسەرمدا کەڵەکە ببوون. لە کاتێکدا هەڤاڵە ڕاستگۆ و دڵسۆزەکان تەنها دەیانزانی خۆیان بەخت بکەن، بەڵام چارەسەرکردنی کێشە تەکتیکییەکان بە ئەقڵیشیاندا نەدەهات. ڕاستە نموونەی بوێری و فیداکارییە مەزنەکانیان کەم وێنە بوو، بەڵام فیداکاری و بوێری بە تەنها بەشی چارەسەرکردنی کێشە کرداریی و تەکتیکییەکانی نەدەکرد. هەربۆیە لەگەڵ گەیشتن بە بەهاری ساڵی ١٩٨٧، بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ ئەو کێشانە، میتۆدی شیکردنەوەم پەیڕەو کرد. لە کاتێکدا ئەو بابەتانەی پێشووتر تاوتوێم کردبوون کردبوومانن بە نامیلکە، ئەو جارە لەمیانەی تۆمارکردنی دەنگ و ڕەنگەوە هەوڵم دا بە قووڵی کێشەکان تاوتوێ بکەم و شییان بکەمەوە. ئیتر گرووپی پەروەردەی چوارسەد کەسی لە خولە سێ مانگییەکان پەروەردە دەکران. ئیتر شێواز و قۆناغێکی نوێی پەروەردە لە ئارادا بوو کە ساڵانە نزیکەی هەزار بەرئەندامی گەریلای تێدا پەروەردە دەکران. لە ڕێگەی ئەو خولە پەروەردەییانەوە هەوڵم دەدا ڕێگری لە سەرجەم تەسفییەکارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بکەم. ئیتر وەک بڵێی تەسفییەکاری مەحاڵ ببوو، ئەوانەی چاوەڕوانییەکی لەو جۆرەیان هەبوو، ئارەزووەکانیان لە بینەقاقایاندا مابوویەوە. وەک دواتر ئاشکرا بوو، هەندێکیان بەبێ ئۆقرەییەوە چاوەڕوانی لەناوچوونی من بوون. ئەو چاوەڕوانییەیان زۆر بەهێز بوو و تا ئێستاش شوێنپەنجەیان ماوە. هەرچی هەڤاڵەکانی گرووپی کۆن بوون کە ناردبوومانە ئەوروپا، لە ئاکامی ئەو هێرشەی بە سەرکێشی ئەڵمانیا دەستی پێکرد، لە ساڵی ١٩٨٧دا دەستگیر کرابوون. تەنها ئەو بوویەرە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە بەسە کە ئەڵمانیا سەنتەری ڕێکخراوی گلادیۆی ئەوروپا و شاڵاوی تۆڕی گلادیۆیە بۆ سەر PKK. واتە لە دەوڵەتی تورک زیاتر، ئەڵمانیا بە شێوەیەکی تەڵەکەبازی و نەخشە بۆکێشراو سەرقاڵی لەناوبردنی PKK بوو. بەڵام وێڕای ئەوەش، پابەندبوونی گەلی کوردی نیشتەجێی ئەوروپا بە بزووتنەوەکەمان و مافەکانی ناسنامە و ئازادی بەس بوو بۆ ئەوەی سەرجەم ئەو پیلانانە مایەپووچ بکاتەوە کە لە ڕێگەی ئەوروپاوە دادەنران. ئەگەر پابەندبوون و دڵسۆزیی بێ هاوتای گەلەکەمان لە سوریا و ئەوروپا نەبوایە، ئەوا لەسەرپێ هێشتنەوەی PKK و بەردەوامیدان بە شەڕی شۆڕشگێڕی زۆر زەحمەتتر دەبوو. هەربۆیە پێویستە بەردەوام بە ڕێزەوە یادی کوردانی هەردوو گۆڕەپان بکەینەوە و شانبەشانی پیشاندانی ڕێزو پێزانین پیرۆزباییان لێ بکەین.

بۆ یەکەمین جار لە ئاداری ساڵی ١٩٨٧ شیکردنەوەکانم سەبارەت بە بابەتی ژن دەست پێکرد. تا مۆخی ئێسقان هەستم بەو بەڵایە کردبوو کە لە ڕێگەی ژنەوە بەسەر من و بزووتنەوەکەماندا هاتبوو. بۆ یەکەمین جار بوو هەوڵم دا لەمیانەی شێوازێکی نوێوە، واتە لە ڕێگەی شیکارییەکانەوە وەڵامی ئەو هەڵوێست و ڕەفتارانەی کەسیرە بدەمەوە کە هەڤاڵە

هێژاکانمی شێت و هەراسان کردبوو. هەروەها سزادانی هەندێک لە ژنان بە کوشتن، لە سەرووی هەموویشیانەوە عائیشە ئاقارسووی خەڵکی پازارجک، سایمە ئاشکنی خەڵکی دێرسیم و ئایتانی خەڵکی نوسەیبین و پەسندنەکردنم بۆ ئەو سزایانە ڕۆڵیان لەو هەنگاوەمدا هەبوو. ئیتر پرسی ژن بە تێپەڕبوونی کات جدیتر دەبوو. لە هەر خولێکی پەروەردەدا شیکارییەکانم لەو بارەیەوە هەنگاوێک بەرەو پێشتر دەچوون و قووڵترم دەکردنەوە. هەروەها زیادبوونی ژمارەی کچان لە ڕیزەکانی بزووتنەوەکەماندا دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ڕیشەیی بۆ پرسی ئازادیی ژن دەکرد بە حەتمیەتێک. بەڵام بێ ئامانەکەی سەرم، کەسیرە، ڕۆڵی سەرەکیی لەو کارو خەباتەدا هەبوو. چونکە کوشتنی ڕاست نەبوو، بەڵام بۆ کاتژمێرێکیش دەرفەتی بەیەکەوەژیانی نەهێشتبووەوە، ئەستەمی کردبوو. بۆ خۆی کەسێکی ژیر بوو. هەر بۆیەش ئەو گوتانەی لە کاتی شەهیدبوونی هەڤاڵ مەعسوم گوتبوونی، پیشانی دەدا کە کەسێکی چەندە ژیر بووە و چۆن بە شێوەیەکی ڕاست بەدواداچوونی بۆ ڕێکخستن کردووە، بەڵێ، گوتبووی: «ئەو کەسەی زۆرترین متمانەت پێی هەبوو، مەعسوم قورقماز، ئەویش نەما. ئێستا چی دەکەیت؟». وەک بڵێی چاوەڕوان بوو پاشەکشێ بکەم و ڕادەستی ببم.

بەو ئێش و ڕقە گەورەیەی ئەو جۆرە هەڵوێستانە ئافراندیان، هەڵمەتی ساڵی ١٩٨٧م دەست پێکرد. بەگوێرەی ڕێگە و شێوازی باو، دەمانتوانی لە ڕێگەی کوشتن یاخود تەڵاقدانەوە مەسەلەکە چارەسەر بکەین. بەڵام هەڵوێستێکی لەم جۆرە بۆ من مانای شکستی ئایدیۆلۆژی و سیاسی بوو. هەروەها ڕادەستکردنی ڕێکخستن بەو یاخود دابەشکردن لەگەڵیدا دیسان بەرەو هەمان ئەنجام دەچوو. ئەگەر کەسێکی پاکیش بوویێت، بەڵام هیچ ڕەنجێکی نەبوو. تەنها بە شێوەیەکی شارەزایانە چاودێری و پێشبینیی دەکرد و لە هەڵمەتە تەکتیکییەکانیشدا بە شێوەیەکی نەرێنی ڕۆڵی دەبینی. هەربۆیە لە کەسایەتیی ئەودا دەمویست هەر شتێک شیکاری بکەم کە پەیوەندیی بە ژنەوە هەیە. هەروەها لە پاڵ ئەوەشدا دەمویست وەڵامێکی ڕیشەیی ئازادیخوازیی و یەکسانیخوازیی پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو بدەمەوە کە تا دەهات زیاتر خۆی دەسەپاند.

هەرچی بەشداری پێکردنی ژنان بوو لە کارو خەباتێکی وەک ڕێکخستنی سەربازی کە سەداسەد مۆرکی ئایدیۆلۆژیای پیاوسالاری و پیاوانی پێوەیە، زۆر مەترسیدار بوو؛ وەک ئەوە بوو دینامێت بخەیتە ناو ئەو کار و خەباتەوە. چونکە چەمکە باوەکانی پیاوان و ژنان کە لە ئارادا بوون، لە چەمکی باو وشکی زایەندپەرستی زیاتر بڕیان نەدەکرد. جگە لە وروژاندنی یەکتر و ئیشارەتەکانی چاونوقاندن و برۆهەڵتەکاندن، چەمکێکی تریان نەبوو. بە دەستەکانم بەڵایەکی گەورەم بۆ خۆم دروست کردبوو. تەنانەت فەرماندەیەکی گەریلایی بەناوبانگی وەک گیڤاراش کاتێک ژنان بەشداریی ڕیزەکانیان کردووە، تێرکردنی زایەندیی ڕەت نەکردووەتەوە و وەک پێویستیەکی زەروری پەسندی کردووە. بەڵام پەسندکردنی شتێکی لەم جۆرە لە لای من، هەروەها سەپاندنی بەسەر خۆم و کار و خەباتی ڕێکخستنیدا، بە تایبەتیش کار و خەباتی سەربازی، هەر

لـه سـەرەتاوە مانـای لەناوبردنـی خۆمـان بـوو. هەروەهـا هێشـتنەوەی ژنیـش لـە دۆخی بـاوی خۆیدا، بـە تەنهـا بـۆ لەناوچوونمـان بـەس بـوو. هەڤاڵێـک یاخـود گرووپێـک لـە ئـارادا نەبـوو کـە بەسـەر ڕەمەکـی زایەندیـدا زاڵ بێـت؛ بـە شـێوەیەکی ڕاسـت و لەسـەر بنەمـای بەرژەوەندییەکانـی ڕێکخسـتن و هونـەری سیاسـەت تاوتوێـی بـکات. هەروەهـا بـە تـەواوی بەدەرنانـی ژن، بەرپاکردنـی شۆڕشـێک بەبـێ ژن، بـۆ مـن و ڕێکخسـتنیش ڕاسـت نەبـوو. ڕێگەیەکـی دیکـەی چارەسـەر هەبـوو، ئەویـش، بـە گوتـەی عامییانـە، «بەسـتنەوە» بـوو، هەروەهـا «هاوسـەرگیریی شۆڕشـگێڕیش» ڕێگەچارەیـەک بـوو کـە ڕێکخـراوە چەپـڕەوە شۆڕشـگێڕییەکان کردبوویـان بـە مۆدێلێـک. بـەڵام ئـەو شـێوازانەم بـە ڕاسـت نەدەزانـی. چونکـە جگـە لـە مایەپووچکـردن و خاڵیکردنـەوەی وزەی شۆڕشـگێڕی، هەلومەرجـە ماددیـی و جەسـتەییەکانیش دەرفەتـی بـەو جـۆرە بەسـتنەوە و هاوسـەرگیرییە شۆڕشـگێڕییانە نـەدەدا. جگـە لـە گرتنەبـەری ڕێگـەی پەنابەرێتیـی ئەوروپـا یاخـود تێکەڵبـوون بـە خەڵـک و ژیانێکـی شـێواو بـە نـاوی ڕێکخسـتن، هیـچ ئەنجامێکـی دیکـەی لەگـەڵ خـۆی نەدەهێنـا. ئـەوەش شـێوەیەکی دیکـەی تەسـفییەکاری بـوو.

ئـەو ڕێگەیـەی تاقیـم کـردەوە، بڕیـاردان بـوو لەسـەر شـێوازێکی پەیوەنـدی کـە لـە کولتـووری خۆرهەڵاتـی ناوینـدا بیـری لـێ نەکراوەتـەوە و بـە خەیاڵیشـدا نەهاتـووە؛ ئەویـش ڕەچاوکردنـی شـێوازێکی ژیـان و ململانـێ بـوو لـە چوارچێـوەی پەیوەنـدی و ناکۆکییەکـی دیالێکتیکـی دەرەوەی هاوسـەرگیری کـە بـە زەرورەتێکـی ناچاریـی دادەنرێت. بـەم جۆرەش، دەمویسـت پیاو و بـە تایبەتیش ژن ئاشـنای بوونـی ڕاسـتەقینەی مرۆیـی و ئازادییەکـەی خـۆی بکـەم. ئـەوەش تاقیکردنەوەیەکـی گـەورەی ڕۆحـی شۆڕشـگێڕیی ناوخۆیـی بـوو. هەرچەنـدە قۆزرایـەوە، خـراپ بـەکار هێـنرا و بـوو بـە ئامـرازی سـەدان تەڵەکـە و فریـودان، بـەڵام دیسـانیش هـەر ئـەو کار و خەباتـە ژنانـی ئـازا و بەگەوهـەر، ئاقـڵ و شـۆخی ئافرانـد. چەندیـن کچـی شـۆخ و ژیرمـان لـێ شـەهید بـوو. لەپێنـاو وەڵامدانـەوەی تامەزرۆیـی و حەسرەتەکانیـان، ڕۆژانـە سـەرلەنوێ خۆمـم دەئافرانـدەوە. بـەڵام بـە هـۆی وەڵامنەدانەوەیەکـی تـەواو، بـەردەوام لـە ئێـش و ئـازاردا ژیـام.

بەیەکگەیشـتنێکی مێژوویـی و ئازادانـەم لەگـەڵ ژن ئەنجـام دابـوو. بـەڵام منیـش، وەک فەرهـادی هاوچـەرخ، بـە هیـچ جۆرێـک نەمدەتوانـی بـە شـیرین بگـەم. لـەو بڕوایەدابـووم کـە فەراهەمکردنـی سـاتێکی حەسرەتیـی لـەم جـۆرە مانـادار و پێویسـتیش نییـە. چونکـە زۆر بـاش ئـاگادار بـووم کـە بـە یەکگەیشـتن لـەو هەلومەرجـە بـاوەدا (لـە باوەشـی سیسـتەمە هەژموونگەراکانـدا) مانـای مردنـی عەشـقە. لـەو سـۆنگەیەوە، ئـەوەی گرنـگ بـوو، بـە عەشـقەوە کارکـردن بـوو لەپێنـاو چارەسـەکردنی گشـت پرسـە کۆمەڵایەتییەکانـدا. بـە مانایەکـی تـر، ئەخلاقـی ڕاسـتەقینەی عەشـق مانـای پیشـاندانی هێـزی تێکۆشـان بـوو بەرامبـەر پرسـە کۆمەڵایەتییـەکان و توانـای چارەسـەرکردنیان بـوو. چونکـە ئەوانـەی خاوەنـی ئـەو هێـز و توانایـە نەبـوون، یـان ئـەو هێـز و توانایەیـان لـە خۆیانـدا پـەرە پـێ نـەدا، نەدەبـوون بـە خاوەنـی عەشـق و ئەخلاقـی عەشـق.

مەرجـی پێویسـت بـۆ فەراهەمبوونـی عەشـق لـە فەلسـەفەی هیگڵـدا بەدیهاتنـی هاوسـەنگیی

هێـزە لـە نێـوان ژن و پیـاودا. ئـەو مەرجـە پێویسـتە، بـەڵام ناتـەواوە و گوزارشـت لـەو ژنـە دەکات کـە بەهێـز بـووە. لێرەدا ئێمـە بـاس لـە هاوسـەنگیی هێـزی ماددیـی و ڕووت ناکەیـن. بەڵکـو ئـەوەی بـاس دەکرێـت، هاوسـەنگیی هێـزی جەسـتەیی، سـایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییـە. بـە مانایەکـی تـر، ئـەو ژنـەی لـە نـاو کۆنتریـن و قووڵتریـن کۆیلایەتیـدا دەژی، عەشـقی نابێـت. لەپێنـاو پڕکردنـەوەی ناوەڕۆکـی ئـەو بۆچوونـە فەلسـەفییەی لایەنـی ڕاسـت لـە خـۆ دەگرێـت، بـە شـێوەیەکی هەمەلایەنـە ( لـە لایەنـی ئایدۆلـۆژی، سیاسـی، ئەلاقـی، جوانـی، جەسـتەیی، سـەربازی ..هتـد) ئەولەویەتـم دا بـە بەهێزکردنـی ئـەو ژنانـەی لـە ڕیزەکانماندا بـوون. لـە چوارچێـوەی تێگەیشـتنی ئـەو ڕاسـتییەی کـە ڕێگـەی ڕێزگرتـن بەرامبـەر ژنـان، خۆشەویسـتی و هەڵوێسـتی بەپرەنسـیپانە، ڕاسـتی و جوانـی، بـە بەهێزکردنـی ژنانـدا تـێ دەپەڕێـت، بایەخـم بـە ژنـدا و سـەرقاڵی دۆزەکـەی بـووم. لـەو سۆنگەیەوە، ئەگـەر ژن بەهێـز نەبێـت، عەشـقیش لـە ئـارادا نابێـت. هەڵبەتـە بـاوەڕی تـەواوم بـە ڕاسـتیی ئـەو پێناسـەیە هەبـوو و دڵنیـا بـووم کـە بابەتێکـە نابێـت سازشـی لەبـارەوە بکرێـت. دوای بەدەسـتهێنانی ئـەو هێـز و توانایـە، ئیـتر کار و خەباتەکانـم سـەبارەت بـە ژن بەهـادار دەبـوون. هەربۆیـە کچـان بـە جۆرێـک سـەیریان دەکـردم و لـە باوەشـیان دەگرتـم وەک بڵێـی لـە خـەو و دێوەزمەیەکـی هـەزاران سـاڵە بێـدار بوونەتـەوە. سـەرباری ئـەوەی سـەبارەت بـەو بابەتـە زۆر بەتەگبیـرم، تەنانـەت خۆشـم هیـچ دوودڵییەکـم لـەوەدا نەبینـی کـە بیانکـەم بـە تاجـی سـەرم و لـە باوەشـیان بگـرم.

لـەو بارەیـەوە بـەردەوام دوو چەمکـی هەڵـە خۆیـان سـەپاند: ئەوانـەی لەژێـر نـاوی موڵکایەتیـی وابەسـتە بـە زایەندگەرایـی ڕووت و بەبـێ هیـچ بنەمایەکـی ئایدیۆلـۆژی، سیاسـی و کـرداری کاتێـک دەرفەتیـان دەبینـی، ڕەفتـاری هـەرزان و سـووکیان دەنوانـد، زۆر وێرانکـەر بـوون. لـە بەرامبـەر ئەوەشـدا سـۆفیگەرایی پەتـی، واتـە بەلاوەنانـی کاریگەریـی زایەنـدی لەمیانـەی خەفەکردنـی زایەنـد و فشـارلەخۆکردنەوە، جگـە لـە ئاڵۆزکردنـی کێشـەکە، هیـچ ئەنجامێکـی دیکـەی لـێ نەدەکەوتـەوە. ئـەو کار و خەباتانـەی لـە چوارچێـوەی ڕێـڕەوی یەکسـانی و ئـازادی و دیموکراسـیخوازانەوە پێشـخران، بـوون بـە پێـوەرە تۆکمەکـەی ئازادیـی کۆمەڵایەتـی. پەرەسـەندنە پراکتیکییـەکان ڕاسـتی، چاکـی و جوانیـی ئـەو تێڕوانیـن و هەڵوێسـتە بەپرەنسـیپانەیان سـەلماند.

ئـەو شـیکارییانەی تـا سـەرەتاکانی ١٩٩٠ـەکان بـۆ ئـەو گرووپانـەی پـەروەردە دەکـران کـە کـۆی ژمـارەی سـاڵانەیان هـەزار کەسـی تـێ دەپەڕانـد، بـە زیادبوونـی تامپـۆوە بـەردەوام بـوو. ئـەو کار و خەباتـە تەنهـا بـە تێپەڕاندنـی ئـەو تەنگژەوە نەوەسـتا کـە سـاڵی ١٩٨٦ هەڵمەتـی گەریـلا دووچـاری هـات، بەڵکـو تێکۆشـانی شـەڕی گەریـلای بـە قۆناغێکـی جیاوازتـر گەیانـد و بـە دۆخـی هاوسـەنگیی سـتراتیژی گەیشـت. هەروەهـا پشـتگیرییە بەرفراوانەکـەی گـەل کە دووبـارە لە سـاڵانی ١٩٩١-١٩٩٢دا چـڕ بوویـەوە، بـە شـێوەیەکی جدیـی ڕێگەچـارەی سیاسـییانەی خسـتە ڕۆژەڤـەوە. لـە ڕاسـتیدا لـە سـاڵی ١٩٨٥ـەوە تۆرگـۆت ئـۆزال لەمیانـەی پیلانێکـی شـەڕەوە هەڵوێسـتێکی شـەڕخوازانەی گرتبـووە بـەر. لـە سـاڵی ١٩٨٧دا ڕەوشـی بـاری نائاسـایی ڕاگەیەنرابـوو. هەروەهـا ڕێکخـراوی ژیتەم کـە خاوەن دەسـەڵاتێکی سـەرووی یاسـا بـوو، بـە جۆرێـک ئەرکـدار کرابـوو کـە سـەرجەم ئۆرگانەکانـی دەوڵـەت

بـكات بـە یەدەگـی خـۆی. هەرچـی چالاکییـە نابەجێیەکانـی چەتـەی چوارینـە (بـە ئامانجگرتنـی ژنـان و منـداڵان) و کەسـانی هاوشـێوەیان بـوو کـە لـە دەرەوەی تەکتیـک بـوون، بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ گرێـدراوی ژیتـەم بـوو. لـە هەمـان قۆناغـدا دەسـتگیرکردنی هەڤاڵئەمـان لـە ئەڵمانیـا و دەسـتبەکاربوونی حزبوڵـڵا، هەریەکـە و بەشـێکی شـاڵاوی لەناوبـردن بـوون و ئـەو واقیعەیـان دەخسـتە ڕوو کـە تـۆڕی گلادیـۆ دژی PKK و بزووتنـەوە ئازادیخوازییەکـەی کـوردان بـە شـێوەیەکی کاریگـەر لەسـەر کارە. بـە مانایەکـی تـر، شـاڵاوی گلادیـۆی دژەشـۆڕش لـە بەرامبـەر هەڵمەتـە نوێیەکـەی شـەڕی شۆڕشـگێڕی لـە ئـارادا بـوو. لەمیانـەی هەڵکشـانی ئاسـتی هـەردوو هەڵمـەت و شـاڵاوە دژ بـە یەکەکـەوە بـە سـەرەتای سـاڵانی ١٩٩٠ـەکان گەیشـتین. بـۆ یەکەمیـن جـار بـوو لـە مێـژووی کوردسـتاندا لـە سـەرجەم پارچەکانـی کوردسـتان و تـەواوی دەڤەرەکانـی هـەر بەشـێکی نیشـتیمان بـە شـێوەیەکی هەموویەتـی و یەکانگیـر ئاشـنای تێکۆشـانی ئـازادی و ناسـنامە ببـوون. هەروەهـا لـە مێـژووی کۆمـاری تورکیاشـدا بـۆ یەکەمیـن جـار لـەو قۆناغـەدا بـە شـێوەیەکی جدیـی بیـر لـە ڕێگەچـارەی سیاسـی دەکرایـەوە.

تۆرگـۆت ئـۆزال ئامـاری شـەڕی حـەوت سـاڵەی تاوتوێـی کردبـوو و بـۆی ڕوون ببوویـەوە کـە تورکیـا کەوتووەتـە نـاو بنبەسـتبوونێکی قووڵـەوە. لەمیانـەی هەڵوێسـتێکی ڕادیکاڵانـەوە (لـە کاتـی خۆیـدا ئەوەمـان دەستنیشـان نەکـرد) دەستپێشـخەریی بـۆ ڕێگەچـارەی ئاشـتیانە کـرد کـە موسـڵ-کەرکووکیـش (باشـووری کوردسـتان) لـە خـۆوە بگرێـت. بـەڵام ناڕەزایـی و بەرەنگاربوونـەوەی ئـەو دۆخـە لـە بـەرەی سـوپا و ئۆپۆزسـیۆندا دەسـتی پێکـرد. هەرچـی ئەمریـکا و ئینگلتـەراش بـوون کـە لە سـاڵی ١٩٢٥ـەوە بـە گشـتی عێـراق و بـە تایبەتیـش باشـووری کوردسـتان (کوردسـتانی عێـراق) لەژێـر هەژموونگەرایـی خۆیانـدا دەبینـن، ئـەو هەڵوێسـتە نوێیـەی ئۆزالیـان پەسـند نەکـرد. ئیسرائیلیـش کوردسـتانی عێراقـی وەک پرۆتۆ-ئیسرائیلێـک هەڵدەسـەنگاند. چونکـە کاتـی خـۆی دابڕینـی موسـڵ-کەرکـووک (کوردسـتانی عێـراق) لـە ژێـر دەسـەڵاتی کۆمـاری تورکیـا لـە ئاکامـی ڕێککەوتـن یاخـود سازشـی مسـتەفا کەمـال لەگـەڵ ئینگلیـزەکان (کـە لـە قۆناغـی دامەزراندنـی ئیسرائیلـدا پارێـزەری بزووتنـەوەی زایۆنیـزم بـوو) ئەنجامگیـر بـوو کـە ڕووبـەڕووی دووڕێیانـی «یـان کۆمـار یـان موسـڵ-کەرکـووک» ببوویـەوە. واتـە ئەگـەر موسـڵ-کەرکووکی نەدابوایـە بـە ئینگلیـزەکان، کۆمـار ڕوناکـی نەدەبینـی. هەمـوو لایـەک دەزانـێ کـە مسـتەفا کەمـال بـە ناچـاری موسـڵ-کەرکووکی پێشـکەش بـە ئینگلیـزەکان کـرد. ئەگـەر سازشـی نەکردایـە، ئـەوا پشـتگیریکردنی یاخیبوونەکانـی ١٩٢٥ی کـوردان و تیرۆرکردنـی لـە ئـارادا بـوو، مسـتەفا کەمالیـش لـە ڕەچاوکردنـی ئـەو ئەگەرانـەدا هەسـتیار بـوو.

ئـەو سازشـە یـان ڕێککەوتنـە سـەرەکیترین فاکتـەری شـاراوەی پشـت پرسـی کـوردە و تـا ئێسـتاش وەک هۆکارێکـی بەهێـز بەردەوامـە. ئـەو سـێ سـەرۆکوەزیرانەی نیازیـان بەلاوەنانـی یـان نەهێشـتنی ئـەو سـتاتۆیە بـوو، بـە ژیانـی خۆیـان باجەکەیـان دا. لەسـێدارەدانی مەنـدەرەس، کوشـتنی ئـۆزال و ئیفلیجکردنـی ئەجەویـد و دواتـر مردنـی، لـە نزیکـەوە پەیوەندییـان بـە سیاسـەتەکانی دەرهـەق بـە بارودۆخـی کوردسـتانی عێراقـەوە هەیـە. لێکۆڵینەوەکانـی یاڵچیـن کوچـووک لـەو بارەیـەوە

سوودبەخشـن. ئـەو حەقیقەتانـەی لێـرەدا بـە ڕوونـی دەردەکەوێـت ئەوەیـە کـە: چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد بابەتێکـی هەمەگیـرە؛ هیـچ پارچەیـەک بـە تەنهـا ناتوانـێ بـە چارەسـەر بـگات. ئەگـەر پرسـەکە لـە کوردسـتانی تورکیـا (باکـووری کوردسـتان) چارەسـەر نەبێـت کـە گەورەتریـن پارچەیـە، زەحمەتـە لـە بەشـەکانی دیکـە بکەوێتـە سـەر ڕێچکـەی چارەسـەریەوە. هەروەهـا خاڵـی هـەرە سـەرنجڕاکێش لێـرەدا ئەوەیـە کـە کلیلـی چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد بـە دەسـت هێـزە هەژموونگەراکانەوەیـە؛ بەبـێ ئـەوان، یـان بەبـێ لەبەرچاوگرتنـی بەرژەوەندییەکانـی ئـەوان، هیـچ ڕێگەچارەیـەک بـە ئاسـانی سـەرناگرێت. ئەگـەر هەوڵـی چارەسـەرکردنی بدرێـت، پێویسـتە باجێکـی قـورس و قوربانییەکـی زۆری لەپێنـاودا بدرێـت. هەوڵەکـەی تۆرگـۆت ئـۆزال بـۆ چارەسـەرکردن بـە ترسـناکی و بـێ ڕەحمییەکەیـەوە سـەرجەم ئـەو ئەگەرانـەی سـەلماند.

وێـڕای بـێ ئەزموونیەکـەی لە بـواری سیاسـی و دیبلۆماسـی، کاتێک بانگـەوازی دیالۆگ-چارەسـەری ئۆزالمـان (لـە ڕێگـەی جـەلال تاڵەبانییـەوە) پـێ گەیشـت، چەنـد مانگێـک بـاوەڕم نەدەکـرد. بۆیـە بیـرم لـە دوو ئەگـەر کـردەوە: یەکەمیـان، لەوانەیـە ئـۆزال یارییەکـی تەکتیکـی بـکات. دووەمیـان؛ نازانێـت سـەرقاڵی چییە. لـە ماوەیەکـی کورتـدا مێـژوو بۆچوونـی منـی سـەلماند. بـە هـۆی کوشـتنە دڕندانەکـەی ئـۆزال خەمگیـن بـووم و جێگـەی پـەژارە بـوو. بەدواداچـوون و چاودێریکردنـی هەوڵەکانـی ئاشـکراکردنی نهێنـی و پـەردەی سـەر کوشـتنەکەی بـە ئـەرک و بەرپرسـیارییەکی خـۆم دەزانـم. سـەرۆکی ئاکەپـە، ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان، کـە خـۆی لەگـەڵ ئـۆزال بـەراورد دەکات، یـان حەقیقەتەکـەی ئـۆزال نازانێـت، یاخـود هەوڵـی چەواشـەکردنی دەدات. ئۆزال نەیدەگـوت «مـن پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕێبەرایەتیـی PKK نابەسـتم». بەڵکـو بـە گەرمیـی مرۆڤـە داناکانـەوە گوتبـووی: «هـەر شـتێکی کردووتانـە، هەڵـە نییـە« (جـەلال تاڵەبانـی ئـەوەی پـێ ڕاگەیاندیـن). هەروەهـا بـە ڕاشـکاوی ڕوونـی کردبوویـەوە کـە گرنگیـی دیالـۆگ لـە جێدایـە و چارەسـەر بـۆ لایەنـەکان چارەنوسسـازە. لـە ڕاسـتیدا دوای ئـەوەی لـە ترسـناکیی و وێرانکاریـی شـەڕ تێگەیشـتبوو، بـە خاڵـی ڕێگەچـارەی سیاسـی گەیشـتبوو. لـە ڕێگـەی یاسـای کەمکردنـەوەی مەرجـداری سـزاکانەوە بەبـێ هیـچ مەرجێکـی لەپێشـینە هەندێـک لـە زیندانیانـی PKKی سەربەسـت کـرد. لـەو سـۆنگەیەوە، خۆبەراوردکردنـی ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان لەگـەڵ ئـۆزال بـێ مانایـە و واقیعـی نییـە. چونکـە سیاسـەتەکانی زۆر لـە هیـی چیللـەر قووڵـتر و تەڵەکەبازانەتـرە. دیسـان بـۆ دەستنیشـانکردنی بڕیـاری کۆتایـی لەبارەیـەوە، پێویسـتە چـاوەڕوان بیـن و ببینیـن.

لەبـەر ئـەوەی سـاڵی ١٩٩٣ سـاڵێکی دراماتیـک بـوو، زۆر لەسـەری ڕۆیشـتم. بـە بـڕوای مـن، سـاڵی ١٩٩٣ ئـەو سـاڵە بـوو کـە تـۆڕی گلادیـۆ دەسـتی بەسـەر دەوڵەتـدا گـرت. تەنهـا سـاڵی کودەتـای سیاسـی و تیـرۆر نییـە، بەڵکـو سـاڵێکە چەندیـن کودەتـای نهێنـی، پیلانگێـڕی و کۆمەڵکوژیـی تێـدا کـراوە. لـەوەش زیاتـر، سـاڵێکی مێژوویـی کوردسـتانە کـە بەرفراوانتریـن کـۆچ و دەربەدەرکردنـی کـوردی بەخـۆوە بینیـوە. ئـەو سـاڵەیە کـە تیـرۆری کۆمەڵکـوژی لـە لایـەن فاشـیزمی تورکـی سـپی -بـە پشـتگیری ناتـۆ و ئیسرائیـل- بـە بەرفراوانـی دەسـتی پێکـرد و تـا سـاڵی ١٩٩٦ بـەردەوام بـوو.

واتـه سـاڵی بەلوتکەگەیشـتنی کۆمەڵکوژییـە. هەروەهـا سـاڵی مانونەمانـی ملیۆنـان کـوردە، لـەو ساڵەدا لـە چەندیـن شـار و شـارۆچکەدا (لـە سـەرووی هەموویانـەوە شرنـاخ، جزیـرە، نوسـەیبین، لیجـە) گـەل بـە شـێوەیەکی سـامناک کۆمەڵکـوژ کـرا، نزیکـەی چوارهـەزار گونـد ڕووخێـنران و سـووتێنران، ئـەوە جگـە لـە کوشـتنی لادێنشـینەکان و ڕاگوێزانـی زۆربەیـان بـۆ شـارە گەورەکانـی تورکیـا. خەسـڵەتێکی دیکـەی گرنگـی ئـەو سـاڵە تەسـفییەکردنی دەوڵەتـی فەرمـی بـوو. چونکـە چەشـنێکی نوێـی دەوڵـەت هاتبـووە ئاراوە کـە بـە «دەوڵەتـی چەتـە» نـاو دەبرێـت. ئەنجامدەرانـی ئـەو تاوانانـە لـەو بڕوایـەدا بـوون کـە کارێکـی هاوشـێوەی شـەڕی ڕزگاریـی نیشـتیمانیی مسـتەفا کەمالیـان بەرامبـەر یۆنـان کـردووە، تەنانـەت کارەکـەی خۆیانیـان بـە گەورەتریـش دادەنـا. سـیفەتی «ئانـا تـورک (دایکـی تـورکان)»ی چیللـەر ئـەم زار و ئـەو زاری دەکـرد. لـە ڕاسـتیدا کـورد هاوبەشـی ڕەسـەنی چوارهـەزار سـاڵی دەسـەڵات-دەوڵەتی ئـەو جوگرافیایـە بـوون. کەچـی دەیانویسـت بـە تـەواوی لەناویـان بـەرن.

نەخۆشـی و کەموکوڕییـە کۆنەکانـی ئـەو تێکۆشـانە شۆڕشـگێڕییەی PKK پێشـەنگایەتیی دەکـرد، بـە قووڵبوونـەوە بـەردەوام بـوو. هەندێـک فاکتـەری تریـش بـۆ ئـەو نەخۆشـییانە زیـاد ببـوون. نەوەیـەک بـە نـاوی «نـەوەی ناویـن» دەرکەوتبـوو کـە بـە شـێوەیەکی چاوقایمانـە، بەبـێ دوودڵـی و سـڵەمینەوە هەڵـە و کەموکوڕییەکیـان دەکـرد هـەزار هێنـدەی نـەوە یـان کادیـرە کۆنـەکان بـوو. ئەوانـەی لەسـەرڕێ مانەوەیـان بـە سـەرکەوتنی خۆیـان دادەنـا، تـا ئەوپـەڕی کەوتبوونـە نـاو نەشـوەی سـەرکەوتنەوە. کەچـی لـە ڕاسـتیدا ئەوانـە ئەندازیـاری زەمینەی تەسـفییەکارییە قورسـەکەی هاوینـی سـاڵی ١٩٩٢ بـوون، کـە سـاڵێکی چارەنوسسـاز بـوو سـەبارەت بـە گەریلا. ئەگـەر فەرمانـدارە سـاختەکانی گەریـلا ئاشـقی خۆیـان نەبونایـە و لـە مانـای ئـەو کۆمـەک و یارمەتییـە مێژووییـە تـێ بگەیشـتایە کـە پێشکەشـمان کـردن، ئـەوا گەریـلاکان لـە ڕووی چەندایەتـی و چۆنایەتییـەوە دەیانتوانـی لەسـەر بنەمـای دەستبەسـەرداگرتنی ناوچـەی جوگرافـی بەسـەر ڕەوشـەکەدا زاڵ بـن و تەنانـەت دەیانتوانـی بـە سـوپایەکی گەریلایـی پەنجاهەزاریـی بگـەن. چونکـە هەمـوو جـۆرە دەرفەتێـک بـۆ ئـەوە لـە بەردەسـتدا بـوو. هـەر بۆیـەش ئەگـەری ڕێگەچـارەی سیاسـی کەوتبـووە ڕۆژەڤـەوە. بـەڵام ئـەو دەرفەتـە مێژووییـە نەقۆزرایـەوە. لەجیاتیـی ئـەوە، بـە شـێوەیەکی سەرشـێتانە کەوتنـە دوای هەوەسـی سـەرۆکایەتییەوە.

دیمەنـی هاوشـێوە لـە مێـژووی کـورددا زۆرە. بەدرخـان بەگیـش لـە سـاڵی ١٨٤٧ لـە بۆتـان لـە ڕەوشـێکی هاوشـێوەدا بـوو. بـە سـوپا پازدەهـەزار کەسـییەکەیەوە فەرمانـڕەوای ناوچەکـە بـوو. هێرشـەکانی سـوپای عوسـمانی بێکاریگـەر کرابـوون. بـەڵام نەیانتوانـی بـۆ ماوەیەکـی درێـژ خۆڕاگـری بکـەن. ئـا لـەو کاتـەدا خیانەتـی یـەزدان شـێری بـرازای سـەری هەڵـدا. دواتـر بـە جۆرێـک قۆناغـی ڕووخانـی میرنشینی بۆتـان دەسـتی پێکـرد کـە جارێکـی دیکـە نەتوانێـت سـەرهەڵبڕێتەوە. بەبـێ هـۆ نەریتێکـی هـەزاران سـاڵی لـە دەسـت چووبـوو. یـەزدان شـێر میرێتـی بـە مافـی خـۆی دەزانـی. بـەڵام دواتـر بنەماڵەکەیـان بـە جۆرێـک نەفـی کـران کـە جارێکـی دیکـە نەگەڕانـەوە بۆتـان. هەروەهـا

جارێکـی دیکـەش میرنشـینی بۆتـان دروسـت نەکرایـەوە.

لای ئێمــەش لــە کەســایەتیی چەندیــن فەرمانــدەی ســاختەدا، لــە ســەرووی هەمووشــیانەوە عوســمانی ناپــاک، ئارەزوویەکــی لــەم جــۆرە جووڵابــوو، گوایــە ســەرۆکایەتی مافــی خۆیانــە. لــە بنەڕەتـدا ئەوانـە نەریتـی بەرزانـی و تاڵەبانییـان بـە بنەمـا گرتبـوو. هەروەهـا بـە گوتـەی: «ئێـوە زۆر لـە ئاپـۆ بەهێزتـرن. ئـەو جگـە لـەوەی بـۆ خـۆی لـە شـام دانیشـتووە چیـی تـر دەکات! پێویسـتە ئێـوە خاوەنـی هەمـوو شـتێک بـن»، فوویـان تێکرابـوو. ئـەو فیتنەیـان لـە دڵ و مێشـکیاندا چاندبـوو. لـە کاتێکـدا بزووتنەوەکەمـان خـۆی بـۆ قەڵەمبازێکـی جۆنایەتـی ئامـادە دەکـرد هێرشـە هاوبەشـەکانی هێزەکانـی YNK و PDKی نزیـک بـە سوپاسـالاری تـورک لـە باشـوور، سـوپای تورکیـش لـە باکـوور بـە شـێوەیەکی نەخشـەبۆکێشراو بـە لوتکـە گەیشـتبوو، بزووتنەوەکەمانیـان خسـتە نـاو سیسـتەمێکی شـەڕەوە کـە بـە لێـواری لەناوچوونـی دەگەیانـد و پێشـوەخت شکسـتەکەی دیـار بـوو. ئەنجامەکـە مەترسـیدار بـوو؛ بـە سـەدان بەهادارتریـن فەرمانـدە و گەریلاکانمـان شـەهید بـوون، بە هەزارانیشـیان ناچـاری هەلومەرجـی تەسـلیمبوون کـران. ناکـرێ ڕۆڵـی ئاشـکرا و بەرچـاوی YNK و PDK لـەو پەلامـار و ئۆپەراسـیۆنانەدا جیـاواز لـە تـۆڕی گلادیـۆی ناتـۆ ببینرێـت و بیـری لـێ بکرێتـەوە. لـە بەرامبــەر ئەوەشــدا، تورکیـا ڕێگــەی بەجێگیربوونـی هێــزی «چەکووشـی ئامـادە»دا بـۆ پاراسـتنی کوردسـتانی عێـراق (باشـووری کوردسـتان) و بـە قـەوارە فیدراڵییەکـەی ڕازی بـوو. بـەم جـۆرەش، درێـژە بـە ڕێککەوتننامـەی سـاڵی ١٩٢٥ دەدرا.

PKK لـە لێـواری سـەرکەوتنی سـەربازی گەڕابوویـەوە. ئـەوەی ڕۆڵـی دیاریکـەری لـەوەدا هەبـوو: لاوازییــە ناوخۆییەکانمــان، پاشــکۆکانی پیلانگێــڕی و خیانەتــی هێــزە دەســەڵاتدارەکانی باشــووری کوردسـتان؛ لـە دەرەوەش داخوازیـی بەردەوامیـدان بـە هەمـان هەژموونگەرایـی بـوو کـە لـە سـاڵی ١٩٢٠ــەوە سـتاتۆی کوردسـتانیان دیـاری کردبـوو. حەقیقەتێکـی دیکـە کـە لـە ئاکامـی ئـەو دۆخـەدا ئاشـکرا بـوو و سـەلمێنرا، ئـەوە بـوو کـە هێـزە هەژموونگـەرا ناوخۆیـی و دەرەکییـەکان چەنـدە بەهێزیـش بـن، دەرفەتـی سـەرکەوتنی ئـەو گەلـە لـە ئازادیـە کـە لەپێنـاو مافەکانـی ناسـنامە و ئازادییـە بنەڕەتییەکانیـدا هەسـتاوەتە سـەر پـێ. لـە ڕاسـتیدا، دوای لەدەسـتدانی دەرفەتی سـەرکەوتنە سـەربازییەکەی سـاڵی ١٩٩٢، چارەنووسـی هەوڵەکانـی دیالـۆگ و ئەزموونەکانـی ئاگربەسـتی بەهـاری سـاڵی ١٩٩٣ دیـار بـوو. چونکـە جەمسـەرەکەی دژ بـە تۆرگـۆت ئـۆزال و ئـەشرەف بتلیسـی، زۆر لـە دەستبەسـەرداگرتنی تـەواوی دەسـەڵات نزیـک ببوویـەوە. بڕیـاری لەناوبردنـی ئۆزالیـان دابـوو. هەوڵـی ئۆزالیـان بـۆ پەرەپێدانـی دیالـۆگ لەگـەڵ سـەرۆکایەتیی PKK بـە هـۆکاری خیانـەت دادەنـا و لەپێنـاو لەسـەرکارلابردنی بەکاریـان دەهێنـا. لەسـەرکارلابردنی ئۆزالیـان بـە دەرفـەت دەزانـی و سـوور بـوون لەسـەر ئـەوەی بێدەنگییەکـی مەرگئاسـا بەسـەر باکـووری کوردسـتاندا بسـەپێنن. نیـازی سـەرکوتکردنی هــەر هێزێکیـان هەبـوو کـە کۆسـپیان بـۆ دروسـت بـکات. بەمجـۆرە هاوپەیمانێتییەکـی زۆر بەهێـزی ئۆپۆزسـیۆنیان دامەزراندبـوو. تـا ڕادەیەکـی مـەزن دیمـراڵ، چیللـەر، ئینۆنـۆ، تورکێـش، ئەربـەکان و میدیـای تـورک و سـوپا ببـوون بەیـەک. خنکاندنـی هەوڵەکانـی کـورد

لەپێنـاو ناسـنامە و ئازادیـدا تاکـە ئامانجـی ئـەو هاوپەیمانێتییـە بـوو.

سـەرەکیترین کار و خەبـات کـە بەرامبـەر ئـەو جەمسـەرە فاشیسـتە کردمـان، ئـەو جەمسـەرەی کـە ئەمریـکا و ئیسرائیـل بـە تـەواوی و وڵاتانـی یەکێتیـی ئەوروپـاش بـە ڕێژەیـی پشـتگیرییان دەکـرد، هاوشـێوەی ئـەو کار و خەباتـە بـوو کـە دوای سـاڵی ١٩٨٦ کردمـان. کاتێـک ناچـار بوویـن کامپـی پەروەردەیـی دۆڵـی بیقـاع بەجـێ بێڵیـن، ئـەو ماڵانەمـان کـردە شـوێنی پـەروەردە کـە لـە لوبنـان و شـارەکانی سـوریا و لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە لـە دیمەشـق و حەلـەب بەکارمـان دەهێنـان. لـە سـاڵی ١٩٩٣ تـا کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٩٩٨ لەسـەر بنەمـای شـیکاری و شـیکردنەوەی قووڵـتر، سـاڵانە نزیکـەی هـەزار کەسـمان پـەروەردە کـرد و هەوڵـمان دا تامپـۆی بزووتنەوەکەمـان و بەردەوامبوونەکـەی بپارێزیـن. هەوڵێکـی زۆرمـان دا ئۆپەراسـیۆنە گەورەکانـی گلادیـۆی سـاڵانی ١٩٩٤، ١٩٩٥، ١٩٩٦، ١٩٩٧ و ١٩٩٨ لـە بۆتـان و بادینـان مایەپـووچ بکەیـن کـە بـە پشـتگیری PDK کـران. بەبـێ وەسـتاندنی کار و خەباتـی هیـچ گۆڕەپـان و هەرێمێـک، بەهێزمـان کـردن و درێژەمـان پـێ دان. وەلـێ دۆخـی بەگرفتـی سـەرکردایەتیی مەیدانیـی نـاوەوەی وڵات بـەردەوام بـوو. وەک بڵێـی زەمینەیـان بـۆ ڕاکردنـی محەمـەد شـەنەر، جانگیـر حـازر و شـەمدین سـاکیک ڕەخسـاندبوو. بـە هـۆی لاوازی و بۆشـایی فەرماندارێتییـەوە ژمارەیەکـی زۆری گەریـلا شـەهید بـوون. وێـڕای تـەواوی ئـەو ڕەوشـانەش، دیسـان بزووتنـەوە دەرفـەت و توانایەکـی زۆر بەرفراوانـی هەبـوو. بـەڵام ئـەو دەرفـەت و توانایانـە بـە ئاڕاسـتەی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی تێکۆشـان و پەرەپێدانـی کارامەیـی و تواناکانـی گەریـلا بـەکار نەهێـنران. هەروەهـا خاوەنێتـی لـە خەڵکـە ڕاگوێزراوەکـە نەکـرا کـە تیـرۆری جاشـەکان و حزبوڵـڵا لـە دەشـت و شـار هەناسـەی لەبـەر بڕیبـوون. سـەدان کۆمەڵکوژیـی ئاشـکرا کـران کـە بکوژەکانیـان دەشـاردنەوە و دەیانکـردن بـە تاوانـی بکەرنادیـار. ددان بـە هیـچ ڕێسـایەکی ئەخلاقیـدا نەنـرا. شـێواز و ڕێبازگەلێـک جێبەجـێ کـران کـە بەسـەر هیـچ گەلێکدا پەیـڕەو نەکـراون؛ ڕەفتـار و تاوانـی زۆر ترسـناک و خراپـتر لـە کۆمەڵکوژیـی جەسـتەیی سـەپێنران. ملیۆنـان کـەس برسـی و بێـکار کـران. دەسـت بەسـەر گونـد، مـاڵ، موڵـک و سامانیاندا گیـرا. منداڵەکانیـان لـە کامپـە شـەوینەکانی بەنـاو YIBO کـۆ کـردەوە و هەوڵـی تورکاندنیـان درا. ئایینیـش خرایـە خزمەتـی فاشـیزمەوە. ئابوورییـش بـە تـەواوی گرێـدراوی شـەڕ بـوو. بگـرە ناڕەزایـی و ڕەخنەیەکـی بچووکیـش مرۆڤـی ڕووبـەڕووی مـەرگ دەکـردەوە.

سـەرباری ئـەوەش ژیـان و خۆڕاگریـمان بـە بنەمـا گـرت. هەربۆیـەش ئـەو شـەڕانەی هێـزە دەسـەڵاتدارەکانی باشـووری کوردسـتان لـە بەرامبـەر بەدەسـتهێنانی سـتاتۆی فیدراڵـی دژی ئێمـە کردیـان، نەیتوانـی هێزەکانمـان لـەو دەڤـەرە لەنـاو ببـەن. بـە پێچەوانـەوە، لـە تـەواوی باشـووری کوردسـتاندا بـڵاو بووینـەوە. بـەڵام سـوپای تـورک سـەرکەوتنی سـتراتیژیی سـەربازیی ئێمـەی بەربەسـت کردبـوو، وەلـێ لەمیانـەی ڕێخۆشـکردن بـۆ قـەوارەی کوردسـتانی فیـدراڵ، گورزێکـی سـتراتیژیی بەرکەوتبـوو. وێـڕای ئـەوەی پەکەکـە ئـەو سـەرکەوتنە سـەربازییە سـتراتیژییەی لـە دەسـت چـوو کـە بـە لێوارەکـەی گەیشـتبوو، بـەڵام تـا ڕادەیەکـی مـەزن توانیـی هێـزی سـەربازی و سیاسـیی

خۆی بپارێزێت. لە ئاستی نێونەتەوەییدا ناسراو لە چەندین وڵاتدا بە جۆرێک جێگیر بوو کە جارێکی دیکە بەجێی نەهێڵێت. لە کوردستانی ئێران، سوریا و عێراق (خۆرهەڵات و خۆرئاوا و باشووری کوردستان) ڕۆڵی پارتی پێشەنگی بە دەست هێنابوو. هەروەها پشتگیریی زۆربەی زۆری کوردانی نیشتەجێی ئەورووپای بە دەست هێنابوو، لە زۆربەی وڵاتانی بەلقان، قەفقاسیا و ئاسیای ناوین بە ئاستی کردنەوەی نوێنەرایەتی گەیشتبوو.

لە ساڵانی ١٩٩٧ و ١٩٩٨دا لە ڕێگەی سەرۆکوەزیران نەجمەدین ئەربەکان و باڵێکی سوپاوە جارێکی تر ڕێگەی دیالۆگی ناڕاستەوخۆ کرایەوە. هەوڵەکانی دیالۆگ ئەنجامێکی ڕەوشی بنبەستوو بوون. لە کاتێکدا چاوەڕوانی ئەنجامی دیالۆگ بووین، ئاخافتنە هەڕەشەئامێزەکەی ئاتیلا ئاتێشی فەرماندەی هێزەکانی زەمینی لە ١٨ی ئەیلوول دژ بە سوریا مانای کۆتاییهاتنی قۆناغێک بوو. ئەو ئاخافتنە هەم ڕەنگدانەوەی هەڵمەتی لۆبییە بەهێزەکەی شەڕ بوو لە ناو سوپادا، هەمیش مانای پچڕاندنی دیالۆگ بوو. هەروەها هێزە پیلانگێڕ و کودەتاچییەکانی گرێدراو بە هێزەکانی دەرەوە هەم نەجمەددین ئەربەکانیان لە دەسەڵات هێنابوویە خوارەوە، هەمیش بەرامبەر ئەگەری هەڵوێستێکی ئاشتیخوازانەی سوپاسالاری نوێ حوسێن کفرک ئۆغلو لە ڕێگەی هەوڵی تیرۆرکردنیەوە ئاگاداریان کردەوە. بەمجۆرە جارێکی دیکە هەوڵی ئاشتی و ڕێگەچارەی سیاسییانە مایەپووچ کرابوو کە بە لانی کەمەوە هێندەی هەوڵەکەی سەردەمی ئۆزال گرنگ بوو. لە لێواری قۆناغ و سەردەمێکی نوێدا بووین. ئیتر بە کۆتایی چەرخە زێدەڕۆکەی تەوەرەی سوریا و خۆرهەڵاتی ناوین گەیشتبووین. ئەو چەرخە منیشی زۆر ماندوو کردبوو. ئیتر تەواو کاتی گۆڕانکاری بوو. وەک بڵێی چاوەڕوانی شکانی ئەو چەرخە بووم. وەک چۆن بەربەستکردنی سەرکەوتنی سەربازیی PKK مانای کۆتاییهاتنی پەرەسەندن و سەرکەوتنیان نەبوو، لە هەمان کاتدا نەیتوانیبوو ڕێگری لە بەدەستهێنانی ئەو ئەزموون و هێزە شاراوەیە بکات کە هەر کات و ساتێک بتوانێت هەڵمەتی گەورەتر بکات. لە حاڵەتێکدا ئەگەر سەرکردایەتیی مەیدانی لاوازییەکانی خۆی چارەسەر بکات، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەتوانێت هەڵمەتی نوێ و قۆناغی شەڕی لە جاران بەهێزتر دەست پێ بکات و چالاکییەکانی گەریلاش بە ئاستێکی چۆنایەتیی بەرزتر بگەیەنێت.

ئەزموونی بیست ساڵەم لە خۆرهەڵاتی ناوین زیاتر لە ئەزموونە چل ساڵییەکەی حەزرەتی مووسای بیابانی سینا دەچوو. مووسا هەوڵ و کۆششێکی زۆری دابوو تا تیرەکانی هۆزگەلی عیبرانیی لاسار و دیسپلین نەناس بکات بە هۆزگەلێکی جەنگاوەر و شەڕکەر. بەڵام تیرەو بەرەبابی ئەو هۆز و قەبیلانە زۆر بە ئاسانی لە سرووشەکانی یاهۆوای خوداوەند هەڵگەڕانەوە و بتە کۆنەکانی خۆیانیان دەپەرست، بە ئاسانی دەستبەرداری ڕەفتارە لادەرەکانی خۆیان نەدەبوون. هەروەها ددانیان بە دە فەرمانەکەی خوداوەند دانەدەنا و بە ئاسانی دوای ئارەزوو و هەوەسەکانی خۆیان دەکەوتن. واتە بەرەو «وڵاتی بەهەشت» نەدەڕۆیشتن کە خوداوەند بەڵێنی پێدابوون. چیرۆکەکە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە گەڕانی گرووپە پەنابەرەکان بەدوای

نیشـتیماندا نەریتێکـی چەنـدە کۆنـە. ئەگـەر گرووپـەکان نەکرێـن بـە گرووپـی ئایدیۆلـۆژی و جەنـگاوەر، ئـەوا پەرتەوازەبـوون و توانەوەیـان ڕێگریـی لـێ ناکرێـت.

لـە لایەکی دیکەشـەوە، ژیانێکی هاوشـێوەی چیرۆکی حەوارییەکانی حەزرەتی عیسـامان هەبوو. حەوارییەکانـی عیسـاش لـە کاتێکـدا هەوڵیـان دەدا خۆیـان لـە سـتەمی نەمـرورد ڕزگار بکـەن، لـە بەرامبـەردا دووچـاری سـتەم و زۆرداریـی فیرعـەون هاتـن و لـە سـێبەری گلادیۆکانـی ڕۆمـادا لـە خـاچ دران. ئێمـەش هەمـوو کات و سـاتێک ڕووبـەڕووی هەڕەشـەی لەخاچـدان بووینەتـەوە. هەروەهـا تۆزێکیـش لـە موجاهیدەکانـی حەزرەتـی محەمـەد دەچوویـن. چونکـە لـە ڕووی ئایدیۆلـۆژی، سیاسـی و سـەربازی تۆکمـە بوویـن. لەپێنـاو ژیانـدا دوودڵیـمان لـە هێرشـبردن و بەرگـری لەخۆکـردن نەدەکـرد. هەروەهـا تەنهـا بـەرەو «خاکـی بەڵێنپێـدراو» نەدەڕۆیشـتین، بەڵکـو هەرگیـز دابڕانـی تەواوەتیـمان لـەو خاکـەش پەسـند نەدەکـرد. هەربۆیـەش هیـچ کاتێـک لـە لوتکـە و بنـاری چیـا سەرکەشـەکانی دانەبڕایـن. وێـڕای سـەرجەم دابەشـکردن و پارچەکردنـەکان، بـەڵام لـە بەدەسـتهێنانی دەرفەتـی یەکێتـی دوانەکەوتیـن.

لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ١٩٧٠-١٩٨٠دا ئامانجـم ئافراندنـی ڕێکخسـتن و پارتـی پێشـەنگ بـوو. لـەوەدا سـەرکەوتوو بـووم. دوای ١٩٨٠، باجەکـەی هەرچییـەک بووبێـت، ئامانجـم ئافراندنـی ڕێکخسـتنێکی تێکۆشـەر و گەلێکـی جەنـگاوەر بـوو. لـە ڕاسـتیدا لە مێژ بوو لـە خۆرهەڵاتـی ناوین بەو ئامانجـە گەیشـتبووین. ئـەوەی لـە ١٩٩٠ـەکان یاخـود دوای ١٩٩٥ ڕووی دا، خۆدووبارەکردنەوەیەکـی بـێ ڕەحـم و بـێ مانـا بـوو. هەڵوێسـتی سـوودخوازانە منـی خزاندبوویـە نـاو ئـەو دووبارەبوونـەوە زێدەڕۆییـەوە. ناوچەکـە بـۆ تێکۆشـانی ناسـنامە و ئازادیـی کـورد زۆر گرنـگ بـوو و تـا ئەوپـەڕی نیـازی بەکارهێنانیـم هەبـوو. لـە مێـژ بـوو ئامـادەی بەجێهێشـتنی بـووم. بـەڵام ئەوانـەی ئامـادە نەبـوون، هەڤـاڵان و دۆسـتانی مەیدانەکانـی دیکـەی خەبـات و تـەواوی ڕۆڵەکانـی گـەل بـوون.

# بەشی دووهەم

## قەیرانی سۆسیالیزمی زانستی، پیلانگێڕییە گەورەکە و وەرچەرخانی PKK

### ا- تەنگژەی سۆسیالیزمی زانستی:

ئەو ناڕوونییەی کە پەکەکە لە کاتی پێکهاتنی ئایدیۆلۆژیی دا سەبارەت بە بابەتی دەوڵەت-نەتەوە دووچاری هات، لە زەمینەی ئەو پەیوەندییە ئایدیۆلۆژییە گەردوونیانەوە سەرچاوەی دەگرت کە هەوڵمان دا وەک سۆسیالیزمی زانستی ناوی لێ بنێین. هەر وەک زۆر جار ئاماژەم بۆ کردووە، ئەو هەژموونە ئایدیۆلۆژییەی لەگەڵ بەدەستهێنانی خەسڵەتی هەژموونگەرایی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا دەستی پێکرد، وەک سەرجەم بوارەکانی دیکە، کاتێک دەرهەق بە بواری کۆمەڵایەتیش خۆی بونیاد نایەوە، لە قووڵاییەوە کاریگەریی لەسەر پەرەسەندنی زانستی کۆمەڵایەتی دانا. هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لە هەڵکشاندا بێت، خوازیارە بە شێوەیەکی هەمەلایەن و سەرتاسەری ببێتە سیستەمێکی سەرەکی و پێشەنگ. دەکرێ ئەو خاڵە بە شێوەیەکی زەق لە سیستەمەکانی شارستانییەتدا ببینرێت. چونکە هەژموونگەرایی تەنها بە بوارە ئابووری و سەربازییەکانەوە سنووردار نابێت، بەڵکو هەوڵ دەدات لە گشت بوارەکانی کۆمەڵگەدا، واتە لە هەر بوارێکی ئایدیۆلۆژی، یاسایی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ژینگەییدا پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە خۆی جێگیر بکات. هەرچی هەژموونی شارستانییەتی سەرمایەدارییە یاخود هەژموونی سیستەمی مۆدێرنیتەیە سەبارەت بە بوار و کایە کۆمەڵایەتییەکان هەم زۆر چڕبۆتەوە و هەمیش فاکتەری توندوتیژی مۆرکی خۆی لەو هەژمونگەراییە دەدات.

کاتێک مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لە خۆرئاوای ئەوروپا هەڵکشا (سەدەی شانزدەهەم) و لە هەموو بوارێکدا لەگەڵ کۆمەڵگەی نەریتیی باودا کەوتە ململانێ و شەڕەوە، لەپێناو ڕەواکردنی خۆی، پەرەی بە ئامرازی ئایدیۆلۆژیی بەهێزدا. بە تایبەتیش شەڕ و ململانێیەکی توندی دژی هەر سێ ئایینە مەزنە تاکخوداییەکە دەست پێکرد. بەمجۆرەش مەزهەبی کاسۆلیکیی کریستیانیی ناچاری وەرچەرخان کرد کە لەو قۆناغەدا زیاتر لە ئەوروپا زاڵ بوو. مەزهەبی پرۆتستانتی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان مانای میللی (قەومی)کردنی ئایینی کریستیانی دەبەخشێت، لەو قۆناغەدا بە شێوەیەکی فەرمی ڕاگەیەنرا. ئەو پرۆتستانتییەی کە بۆ یەکەمین جار لە ئەڵمانیا (ساڵی ١٥١٧زایینی) ڕاگەیەنرا، یەکەمین سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژییە بۆ سەرمایەداریی. هەرچی وەرگێڕانی فەلسەفەی چەرخی کۆنە کە دواتر لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێنسانس ئەنجامدرا و گواستنەوەی کولتووری ئیسلامییە ڕێگەی لە پێش فەلسەفە کردەوە کە سەرلەنوێ وەک بابەتێکی ئایدیۆلۆژیی بەهێز سەرهەڵبداتەوە. بە مانایەک لە ماناکان، سەدەی حەڤدەیەم سەدەی شۆڕشی فەلسەفییە. کەسایەتییە هێژاکانی وەک دیکارت، سپینۆزا، بیکۆن، برۆنۆ و ئیراسموس لە سەرووی ڕێخۆشکەرانی ئەو شۆڕشەوە دێن. بەمجۆرەش هەڵکشانی سەرمایەداریی کاریگەریی لەسەر دواکەوتنی ئایدیۆلۆژیی ئایینی و پەرەسەندنی قوتابخانە فەلسەفییەکان هەبوو کە بەرژەوەندییەکانی سەرمایەدارییان ڕەوا دەکرد.

لەگەڵ شۆڕشی فەلسەفیدا، لە سەدەی هەژدەیەمدا شۆڕشی زانستیش بەدیهات.

هەروەهـا لـە سـەدەی هەژدەیەمـدا کـە لـە هەمـان کاتـدا «سـەدەی ڕۆشـنگەری»یە، فیکـری عەلمانیـی دوور لـە ئاییـن پەرەسـەندنێکی مەزنـی بـە خـۆوە بینـی. شۆڕشـی سیاسـیی فەڕەنسـا و شۆڕشـی پیشەسـازیی ئینگلتـەڕاش کـە لـە کۆتایـی ئـەو سـەدەیەدا ڕوویـان دا، لـە بـواری زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانیشـدا شۆڕشـیان کـرد بـە ناچـاری. لـەو لایەنـەوە سـەدەی نۆزدەیـەم وەک سـەدەی شۆڕشـی زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانیـش دەناسرێـت. هەرچەنـدە سۆسـیۆلۆژیا نـاوە نوێیەکـەی زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان بێـت کـە ئاگۆسـت کۆنـت هەوڵـی بەزاراوەکردنـی داوە، بـەڵام کارل مارکـس و فریدریـک ئەنگلـس لەژێـر نـاوی «سۆسـیالیزمی زانسـتی»دا سۆسـیۆلۆژیای ڕاستەقینەیان بونیـاد نـا و ڕایـان گەیانـد. هەرچـی سۆسـیالیزمی زانسـتییە کـە پشـت بـە زەمینـەی مێژوویـی و ماددیـی دەبەسـتێت، شـێوازی دیالێکتیکـی لـە فیکـردا بـە بنەمـا دەگـرت. هەروەهـا لەسـەر بنەمـای چینایەتـی بـوو و پرۆلیتاریـای بـە سـەبجەکت (زاتێکـی کارا) دادەنـا. هیگڵیـش بـەو سـیفەتەی بـە پێغەمبـەرە نوێیەکـەی فەلسـەفەی دیـرۆک و فیکـری دیالێکتیکـی دادەنـرا، کاریگەرییەکـی قووڵـی کردبـووە سـەر سـەرجەم زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان، بێگومـان ئـەو کاریگەرییـەی لەسـەر سۆسـیۆلۆژیای ئاگۆسـت کۆمـت و سۆسـیالیزمی زانسـتیی مارکـس و ئەنگلسـیش هەبـوو. هیـگڵ دەوڵەت-نەتـەوەی وەک بەرکەماڵتریـن و دواتریـن پێـوەر و پۆلێنـی کۆمەڵایەتـی ڕاگەیانـد. لـەو بڕوایـەدا بـوو کـە لـە ڕێگـەی دەوڵەت-نەتـەوەوە تـاک بـە زۆرتریـن ئازادییەکانـی خـۆی دەگات. ئـەوە ئـەو بانگەشـەیە بـوو کـە بـەو سـیفەتەی دەوڵەت-نەتـەوە گەشەسـەندووترین بونیـادی کۆمەڵایەتیـی کۆمەڵگەیـە، زۆرتریـن دەرفەتـی ئازادیـی بـۆ تـاک ڕەخسـاندووە. لەبـەر ئـەوەی خـودی کارل مارکـس و فریدریـک ئەنگلـس ئەڵمانـی بـوون، بۆچوونەکـەی هیگڵیـان لەبـارەی ناوەندیبوونـی دەوڵەتـی ئەڵمانیـا و شـێوەگرتنی بـە شـێوەی دەوڵەت-نەتـەوە بـە پەرەسـەندنێکی پێشـکەوتنخواز لـە قەڵـەم دا و لـەو بارەیـەوە هیـچ دوودڵییـان نەبـوو. بـەڵام ئەنارشیسـتەکان، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە باکۆنیـن، دژی ئـەو داوەرییـە وەسـتانەوە. لـەو بڕوایـەدا بـوون کـە دەوڵەت-نەتـەوە گوزارشـت لـە کۆیلایەتیـی مۆدێـرن دەکات، نـەک بەرزتریـن پلەکانـی ئازادیـی تـاک. بەڵکـو ژیـان و ژینکـردن بـە شـێوەی کۆمینـەکان دەرفەتـی زیاتـر پێشـکەش بـە ئازادیـی تاکەکـەس دەکات.

سۆسـیالیزمی زانسـتی دەوڵەت-نەتـەوەی ناوەندگـەرای بـە چەتـری خـۆی دانـا. هـەر بۆیـەش دەبوایـە چینـی پرۆلیتاریـا لـە هـەر وڵاتێـک بـەر لـە هەمـوو شـتێک لەپێنـاو گەیشـتن بـەو چەتـرە هـەوڵ بـدات و لـە ژێر سـایەی ئـەو چەترەشـدا ڕێکخسـتنی چینایەتیـی خـۆی بئافرێنێـت. بەمجۆرەش ئیـتر ڕێگـەی ئینتەرناسـیۆنالیزم بـە دەوڵەتـی چینایەتیـی قەومیـدا تێدەپـەڕی. هەرچەنـدە سۆسـیالیزمی زانسـتی ڕیالیـزە ببوایـە، ئیـتر بـە شـێوەی سۆسـیالیزمی بونیادنـراو گوزارشـتی لـە خـۆی دەکـرد. لەگـەڵ ئاواکردنـی سـۆڤێتیش، بـە شـێوەیەکی فەرمـی خـۆی وەک سیسـتەمی سۆسیالیسـتی بونیادنـراو ڕاگەیانـد. دەوڵەتـی سۆسـیالیزمی بونیادنراویـش دەوڵەت-نەتەوەیـەک بـوو کـە پرۆلیتاریـا پێشـەنگایەتیی دەکـرد. بگـرە دەوڵەت-نەتـەوەی پرۆلیتاریـا لـە پیشـاندانی جیاوازیـی ناوەندیبوونـی زیاتـر و بڵاوبوونـەوەی بـە نـاو کۆمەڵگـەدا دەوڵەت-نەتـەوەی بۆرژوازییشـی تـێ دەپەڕانـد. ئیـتر

بـه جۆرێـک لـه جـۆرەکان، «سۆسـیالیزمی فیرعەونـی»ی پرۆلیتاریـا سـەری هەڵدابـوو. بەمجـۆرە سـەرمایەداریی بیرۆکراتـی، کـە مۆدێلـی سـەرمایەداریبوونی وڵاتـان و میللەتانـی گەشـەنەکردووی گرێـدراو بـە هەژموومـی سـەرمایەدارییە، نـاوی سۆسـیالیزمی لـێ نـرا. بەمجـۆرە سۆسـیالیزمی زانسـتی ببـووە سۆسـیالیزمی بونیادنـراو. هەرچـی ئـەو سـەرمایەدارییە بیرۆکراسـیەیە (سـەرمایەداری دەسـتەجەمعی) کـە بـە نـاوی سۆسـیالیزمی بونیادنـراوەوە پێکهاتبـوو، لـە نـاو خۆیـدا پووکایـەوە و لـە سـەرەتای ١٩٩٠ــەکانیشدا بووینـە شـاهێدی هەڵوەشـانەوە و ڕووخانـە بەهاتوهاشـەکەی. بڕوامـان بە هەڵوەشـانەوەی لـەم جـۆرەی سۆسـیالیزم نەدەکـرد، بـەڵام هەرەسـهێنان و ڕووخـان حەقیقەتێـک بـوو ڕوویـدا. وەلـێ ڕوون و ئاشـکرا بـوو ئـەوەی هەڵوەشـایەوە، لـە ڕاسـتیدا سۆسـیالیزم نەبـوو، بەڵکـو سـەرمایەداریی بیرۆکراتیـک بـوو؛ ئەویـش خۆڕێکخسـتنی خـودی دەوڵەت-نەتـەوە بـوو بـە شـێوەی سـەرمایەداریی سـەبجەکت، واتـە ئـەو پرۆلیتاریایـەی خوازیـاری ئافراندنـی کۆمەڵگەیەکـی بـێ چیـن بـوو، خـۆی ببـوو بـە دڕندەتریـن چینـی سـەرمایەداریی. بـەم جـۆرەش، جیلوەیەکـی دیالێکتیکـی بەدیهـات.

PKK بـەو چەمکـەی دەوڵەت-نەتـەوەی سۆسـیالیزمی بونیادنـراو کاریگـەر ببـوو کـە لەمیانـەی هێڵـە گشـتییەکانیەوە ئاماژەمـان بـۆ کـرد. کاریگەرییەکـی وشـک و ڕووکەشـی بـوو. چونکـە ئاسـتی ڕۆشـنبیریمان تـا ئـەو ڕادەیـە دەرفەتـی پـێ دەدایـن. بـە مانایەکـی تـر، بـە تـەواوی نەماندەزانـی دەوڵەتـی سۆسـیالیزمی بونیادنـراو چییـە. بۆیـە دەشـێ بـاس لـە مەعریفەیەکـی داخـراو بکـرێ کـە دەرگای بـۆ هەمـوو جـۆرە ڕاڤەیـەک کراوەیـە. ئەگەر لـە سـەردەمی لەدایکبوونـی بزووتنەوەکەمان بێ وەک فکرێکـی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـی، واتـە قۆناغـی پارتیبـوون، یاخـود قۆناغـی بوون بـە ڕێکخراوێکی جەنـگاوەر بێـت، بـەردەوام دەسـتەواژەی «کوردسـتانێکی سـەربەخۆ، یەکگرتـوو و دیموکراتی»مـان بـەکار هێنـاوە. بـەڵام بـە شـێوەیەکی ڕوون و یەکلاکـەرەوە پێناسـەمان نەدەکـرد کـە ماهیەتـی ئـەو کوردسـتانە چییـە. ئایـا کۆمەڵگەیەکـی ئـازاد و یەکسـان بـوو یـان دەوڵەتێکـی هاوشـێوەی دەوڵەتـە سۆسیالیسـتییەکانی ئـەو قۆناغـە؟ یاخـود دەبـوو بـە دەوڵەتێکـی قەومـی (میللـی) کـە شـێوەیەکی دواکەوتووتـر بـوو؟ یاخـود مەبەسـتمان کوردسـتانێکی خـاوەن کۆمەڵگەیەکـی دیموکـرات بـوو؟ لـە ڕاسـتیدا وەڵامێکـی ڕوونمـان بـۆ تـەواوی ئـەو پرسـیارانە نەبـوو.

ئامانجـی شـەڕی شۆڕشـگێڕیی گـەل و ڕێکخـراوی کادیـران لـە چوارچێـوەی ئـەو پرسـیارانەدا نادیـار بـوو؛ دەشـیا بـە هەمـوو شـێوەیەک ڕاڤـە بکرێـت. وەک پێویسـتییەکی ئـەو هەلومەرجانـەی تێیـدا دەژیایـن، ڕووبـەڕووی پرسـیارگەلێک ببووینـەوە کـە لەوانـە بـوو ڕێگـەی بەلاڕێداچـوون بکەنـەوە. ئەگـەر ئامانجەکانـی شـەڕ و سـوپایەک ڕوون نەبێـت، ئـەوا بـەردەوام ئەگـەری هەڵەکـردن و بگـرە تێکچوونیـش لـە ئـارادا دەبێـت. ئەگـەر بـە لێـواری سـەرکەوتنیش بـگات، بـەڵام بـە تـەواوی و بـە ڕوونـی نەزانرێـت چـی بکرێـت، ئـەوا پەرتەوازەبـوون لەگەڵ خۆیـدا دێنێت. بـۆ نموونـە، جەنگاوەرانی سـپارتاکۆس دەیانتوانـی تەخـت و تاجـی ڕۆمـا بڕووخێنـن، بـەڵام نەیاندەزانـی چـی لـە ڕۆمـا بکـەن و چـۆن بـە ڕێـوەی ببـەن. لەوانەیـە تالانیـان بکردایـە، تالانکردنیـش خـودی ئـەو ڕێگەیەیـە کـە بـەرەو

شکست دەچێت. ئەزموونی شەڕی شۆڕشگێڕیی گەلیشمان بە لێواری سەرکەوتنگەلێکی مەزن گەیشتبوو. بەڵام بە تەواوی نەماندەزانی دواتر چی دەکەین. لە زۆر ناوچەدا هەلومەرجەکانی دەستڕۆیی شۆڕشگێڕی ڕەخسابوو. بەڵام کادیران یاخود فەرماندەکانمان نەیاندەزانی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی چییە. تەنانەت جارێکیان ئەو پەندەی پێشینانم بۆ ئاگادارکردنەوە بەکار هێنابوو کە دەڵێ: «قەرەج بکەیتە پاشا، سەرەتا باوکی خۆی لەسێداره دەدات». لای ئێمەش دۆخەکە تا ڕادەیەک بەم جۆرە بوو. دەستڕۆیی شۆڕشگێڕیمان بە سەری گەلدا تەقاندەوە.

ئێستاش لە یادمە: لاوێکی خوێندکاری زانکۆ، کە خەڵکی هەکاری بوو، دێتە لای هۆگر -کە یەکێک لە چوار چەتەکەیە- بۆ خزمەتکردن و پێشکەشکردنی هەر جۆرە یارمەتی و کۆمەکێک. یەکەمین کار کە ئەو ساختەکار و ناپاکەش دەیکات، ئەوەیە کە دەڵێ «سیخوڕە» و دەستبەجێ دەیکوژێت. هەروەها کوڕی سەرۆک عەشیرەتێک کە یارمەتییەکەیان و پێگەکەیان بۆ ئێمە گرنگ و هەستیاربوو، لەگەڵ هەندێک لە ئەندامانی خێڵەکەی لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا بەردەوام هاتوچۆ دەکەن و خزمەت دەکەن: بە هەمان بیانوو و تۆمەتەوە ئەویشیان دەکوژێت. هەروەها هەڤاڵ جیهانیش کە تێکۆشەرێکی فیداکار بوو، بەهایەکی تایبەتیم پێ دەدا و دواتر زانیم کە کوڕە تاقانەکەی ماڵەوە بووە (باوکەکەی دووچاری تراژیدیایەکی زۆر گەورە بوو. یەکێکە لەو هەزاران تراژیدیایەی قەت لە بیرم ناچێتەوە) بە ئامانجی یارمەتی ناردمە هەرێمی دێرسیم بۆ لای خدر یاڵچین (سەرحەد) و ئەیسەل چروقایا، بەڵام تەنها بە هۆی ئەندێشە و نیگەرانییان کە گوایە دەبێتە هاوبەشی دەستڕۆیی و دەسەڵاتیان، بە شێوەیەکی خائینانە و نامەردانە کوشتیان.

هەروەها ئەو تاوانانەی شەمدین ساکیکی ناپاکیش بەو شێوازە کردوونی، زۆرن و لە ژمار نایەن. گوتەی «نەدی و بدی» و «پاشای قەرەجان»م بۆ ئەو خەسڵەتەی بەکار هێنابوو. مەسەلەکە تەنها بەوانە سنووردار نەبوو، بەڵکو زۆربەی فەرماندە مەیدانییەکانمان دوودڵییان لە بەکارهێنانی ساختەکاریی، خائینانە و بێبەزەییانەی دەستڕۆیی شۆڕشگێڕی گەل نەکرد کە بە لێواری سەرکەوتنێکی مێژوویی گەیشتبوو. لەو بڕوایەدا بوون لەمیانەی ئەو شێوازەوە دەبنە دەسەڵات و هەر شتێک بکەن بۆیان دەچێتە سەر. دەکرێ بڵێین کاتێک بە لێواری سەرکەوتن گەیشتبووین، دووچاری ئەو لادان و داڕزاندنەی دەسەڵات و دەستڕۆیی بووین. بێگومان ناشێت کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی تۆڕی گلادیۆ و ژیتەم لەو خراپبوون و داڕزینەدا پشتگوێ بخرێت. بەڵام بە دڵنیاییەوە زۆربەی زۆری ئەو خراپەکارییانە لە «نەخۆشیی دەسەڵات و دەستڕۆیی»ـەوە سەرچاوەیان دەگرت. لەو قۆناغەی کە پشتگیری گەل بە لوتکە گەیشتبوو، هەڵوێستی خۆپەرستانە و بێ نرخ بینینی گەل ڕێگەی لە پێش ئەنجامگەلێک کردەوە کە لە گەورەترین خیانەت و ناپاکییش خراپەکارانەتر بوو. کاتێک ئەو هەڵوێستە لەگەڵ تاوان و کردەوەکانی کۆنترگەریلا بوونە یەک، تەنها پشتگیریی گەل کەم نەبوویەوە یاخود نەما، بگرە کەسانێکی زۆر لەپێناو پاراستنی خۆیان، دوودڵییان لە هەڵگرتنی چەکی جاشایەتی نەکرد.

بـە هـۆی خاوەنێتـی نەکـردن لـە دەسـەڵاتی شۆڕشـگێڕی، بـە ملیۆنـان مرۆڤـی فیـداکار لـە گەلـە وڵاتپارێزەکەمـان بـە شـێوەیەکی پەرێشـان و شـپرزە لـە کەنـار مەترەپۆلەکانـدا کەوتـن؛ دووچـاری هـەژاری و برسـێتی هاتـن و بژێوییـان لەسـەر زبڵدانـەکان بـوو. لـە کاتێکـدا ئـەو جـۆرە فەرمانـدە سـاختە و ناپاکانـەش لـە هیـچ شـتێکیان کـەم نەبـوو. بێگومـان لێـرەدا ئـەو هەڤـاڵ و شـەهیدە بێگەردانـە جیـا دەکەمـەوە کـە بـە فیداکارییەکـی مـەزن هەمـوو شـتێکیان لەپێنـاو گەلەکەیـان کـردووە، لـە هەلومەرجـی زۆر سـەختدا بـە برسـێتی و تینوێتـی، لـە بەفـر و سـەرمای زسـتاندا تـا دواهەناسـەی خۆیـان بەرخودانیـان کـردووە.

ئۆتۆریتـە (دەسـتڕۆیی، نفـوذ) یەکێـک لـەو بابەتـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییانەیـە کـە لـە بـواری فەلسـەفەدا زۆرتریـن گفتوگـۆی لەبـارەوە دەکرێـت. کاتێـک کۆمەڵگـەکان گەشـە دەکـەن، ئـەوا پەرەسـەندنی دەسـتڕۆییش حەتمیەتێکـە. لـە کۆمەڵگـەی جڤاتەکانـی کلانـەوە تـا دەگاتـە کۆمەڵگـە هەژموونگەراکانـی ڕۆژی ئەمڕۆمـان، سـەرجەم کۆمەڵگـەکان بوونەتـە شـاهێدی جـۆری جیـاواز و هەمەڕەنگـی نفـوز و دەسـتڕۆیی. ئۆتۆریتـە وەک ڕێسـایەک بـە خراپ دانانرێت. پێویسـتە بـە خراپیش دانەنرێـت. بەڵکـو پێویسـتە لەژێـر ڕۆشـنایی هەلومـەرج و ڕۆڵـی خۆیـدا شـیکاری و پێناسـە بکرێـت. نفـوزی دایکسـالاریش دەسـتڕۆییە، بـەڵام زۆر بەهـادار و ئافرێنـەرە. باوکسـالاری دەسـتڕۆییەکی جیاوازتـرە. لایەنـە بـاش و خراپەکانـی تێکـەڵ بـە یەکترن. هەرچەنـدە نفـوز و دەسـتڕۆیی هیرارکـی لـە سـەرەتادا ڕۆڵێکـی زۆر ڕێکخەرانـە بینبێـت، بـەڵام دواتـر هەنـگاو بـە هەنـگاو خـراپ بـووە. هەرچـی ئـەو نفوزەیـە کـە بـۆ دەسـەڵات گـۆڕاوە، مانـای ئـەو ئۆتۆریتەیـە دەبەخشـێت کـە بـە سـنووری خراپیـی ڕەهـا گەیشـتووە. بـە هـۆی خەسـڵەتی بـە کۆیلەکـردن و تاڵانکاریەکەیەتـی کـە بـە درێژایـی مێـژوو نفـوزی دەسـەڵات بـە سـەرچاوەی خراپیـەکان دادەنرێـت. ئۆتۆریتـەی دەوڵـەت بەیەکـەوە هەڵگـری تایبەتمەندییـە بـاش و خراپەکانـە. هەندێـک لایەنـی هەیـە کـە لـە چوارچێـوەی گشـتیدا ناچاریـن. هەروەهـا لایەنگەلێکـی نەرێنیشـی هەیـە کـە بـەردەوام بـە ئامانجـی دەسـەڵات بـەکار دەهێنرێـن و زەرورەتیـش نیـن. هەرچـی نفـوز و دەسـتڕۆیی دیموکراتییانەیـە چەشـنێکی زۆر جیاوازتـری ئۆتۆریتەیـە. مانـای خۆبەڕێوەبردنـی ڕۆژانـەی کۆمەڵگەیە. لەبـەر ئـەوەی بەڕێوەبەرایەتیی سیاسـی گفتوگـۆی هاوبـەش دەگرێتەبـەر و بـە تایبەتیـش بەرژەوەندییـە چارەنوسـسازەکانی تـەواوی گـەل بـە بنەمـا بگرێـت، زۆر بەنرخـە و گەرەنتیـی ژیانـی ئەخلاقییـە، بـەردی بناغـەی ژیانـە. هەروەها لـە دەرەوەی ئەوانـەش، لـە زۆر بـواری هاوشـێوەی زانسـتی، ئابـووری و ئایینـی و... ئاشـنای شـێوەی جیـاوازی نفـوز و دەسـتڕۆیی دەبیـن. بـەو مەرجـەی نەکرێـن بـە محافـەزەکار و بـۆ بەرژەوەندیـی کەسـی و گرووپـەکان نەگۆڕێـن سـەرجەم ئۆتۆریتـە و نفـوزی ئـەو بوارانـە بـە نـرخ و بایەخـدارن.

ئۆتۆریتـەی شۆڕشـگێڕی گوزارشـت لـە سـاتی لەدایکبوونـی ئۆتۆریتـەی سـەرجەم ئـەو بوارانـە دەکات کـە دواتـر بـە دامەزراوەیـی دەبێـت. هەرچەنـدە سـەرەتا لایەنـە شەخسـیەکەی لـە پێـش بێـت، بـەڵام دواتـر بـەردەوام لایەنـە دەستەجەمعییەکەی هەڵدەبژێررێـت. بێگومـان هـەر نفوزێکـی شەخسـی خـراپ نییـە. دەسـتڕۆیی شەخسـی کاتێـک لـە جێگـەی خـۆی و بـە مانـا کۆمەڵایەتـی

و مێژووییەکـەی بـەکار بهێنرێـت، نـرخ و بەهـای مـەزن دەئافرێنێـت، دەرفەتـی سـەرکەوتن و خێراتربوونـی وەرچەرخـان و گۆڕانکاریـی کۆمەڵایەتـی فەراهـەم دەکات. بـەڵام هەندێـك جـار پێچەوانەکەشـی ڕوو دەدات. چونکـە بـە ئەنـدازەی کەسایەتییە ئەرێنییـە مێژوویـیـەکان، کەسایەتییە نەرێنییەکانیـش هـەن. لـەو سـۆنگەیەوە، پێویسـتە دەسـتبەرداری ئۆتۆریتـە و نفـوزی دەسـتەجەمعی نەبیـن. تەنانـەت ئەگـەر دەسـتڕۆیی شەخسـی ئەرێنییـش بێـت، هەبوونی دەسـتڕۆیی دەسـتەجەمعی لـە تەنیشـتیدا گرنگییەکـی مەزنـی هەیـە. هەرچی ئۆتۆریتـەی شۆڕشـگێڕییە، جا ئەگەر دەسـتەجەمعی بێـت یـان شەخسـی، لەبـەر ئـەوەی ڕێگـە لـە پێـش بەدەزگابوونەکـەی دواتـری کۆمەڵگـە دەکاتـەوە، زۆر بەهـادار و هەسـتیارە. هەربۆیـە بەکارهێنانـی بـە شـێوەیەکی ڕاسـت و لـە شـوێنی خۆیـدا گرنگییەکـی چارەنوسسـازی هەیـە. هەروەهـا بەکارهێنانـی لـە کاتـی گونجـاودا زۆر گرنگـە. بـەڵام لـە هەلومەرجێکـی لـەم جـۆرەدا، یاریکـردن بـە دەسـتڕۆیی شۆڕشـگێڕی بـە شـێوەیەکی نەرێنـی و خـراپ بەکارهێنانـی لەپێنـاو بەرژەوەندییـە شەخسـییە خۆپەرسـتییەکان، گەورەتریـن خراپەکارییـە بەرامبـەر کۆمەڵگـە و گـەل، بگـرە بەرامبـەر دەوڵەتیـش.

ئێمـە توانیبوومـان ببیـن بـە خـاوەن ئۆتۆریتـە و دەسـتڕۆیی. بـەڵام یـان ئەوەتـا نەماندەزانـی چـی لـە ڕێگـەی ئـەو دەسـتڕۆییەوە ئـاوا بکەیـن، یاخـود وەک مەسـەلەی «ئۆخـەی ئۆخـەی هـەر کـەس بـۆ خـۆی»، هـەر کـەس بـە لای خۆیـدا دای دەتاشـی. کاتێـک دەڵێـم هـەر کـەس، مەبەسـتم ئـەو بەنـاو فەرماندارانەیـە کـە پێویسـتییەکانی فەرمانداریێتییـان جێبەجـێ نەکـردووە و بـە شـێوەیەکی هەلپەرسـتانە دەسـەڵاتی خۆیـان بـەکار هێنـاوە، نـەک ئـەو قارەمانـە بەهـادار و فیـداکارە بێناوانـەی هەمـوو شـتێکی خۆیـان لەپێنـاو گەلەکەیـان بەخـت کـرد. ئـەو چەشـنە کەسـایەتییانە نـەک تەنهـا نوێنەرایەتیـی ئۆتۆریتـەی دەسـەڵات یـان دەسـتڕۆییێکی دیکەیـان نەکـردووە، بەڵکـو دەسـتڕۆییان لەپێنـاو چەپەڵتریـن بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان بـەکار هێنـاوە. سـەرهەڵدانی شـێوە لادەر، خـراپ و تێکدەرانەکانـی دەسـەڵاتداریێتی و دەسـتڕۆیی بناغـەی ئـەو قەیرانەیەکـە PKK دووچـاری هـات. واتـە ئـەوەی ڕووی دا، نەخۆشـیی دەسـەڵاتداریێتی بـوو. ئـەم نەخۆشـییە بـە چـڕی لـە سۆسـیالیزمی بونیادنراویشـدا بڵاوبۆتـەوە.

پێویسـتە زۆر بـاش بزانیـن کـە هێـزی دەسـەڵات، بـە تایبەتیـش بەکارهێنانـی بـۆ سـەرکوتکردن و چەوسـاندنەوەی کۆمەڵگـە، لـە پشـت سـەرجەم نەخۆشـییەکان یاخـود کێشـە کۆمەڵایەتییەکانـی مێـژووی شارسـتانییەتەوەیە. لـە دوای سـاڵی ١٩٩٠ کاریگەریـی ئـەو نەخۆشـییە بـە هەمـوو قورسـاییەکەیەوە لـە نـاو PKK دەسـتی پێکـرد. بێگومـان بـەردەوام زەمینـەی کولتووریـی گونجـاو بـۆ خاوەنانـی ئـەو جـۆرە چەمکانـە لـە نـاو کۆمەڵگەکانـدا هەیـە. خاوەنـی ئـەو چەمکانـە کاتێـک دەرفـەت ببینـن، بـە نـاوی چارەسـەرکردنەوە دوودڵـی لـە گەورەکـردن و بەگوڕترکردنـی کێشـەکان ناکـەن. بۆیـە لەپێنـاو نەهێشـتنی شـێوە نەرێنییەکانـی کاریگەریـی کولتـووری، پارتێکـی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـی بـە پێویسـت دەبیـنرا. بـەڵام خـودی پـارت لـە سـایەی سۆسـیالیزمی بونیادنـراودا بـوو بـە سـەرچاوەی دەسـتڕۆیی و دەسـەڵاتداریێتیی بـێ سـنوور. مۆدێلـی دەوڵەت-نەتـەوەش زیاتـر لـە

ڕێگـەی پارتیبوونـەوە خـۆی دەئافرانـد. واتـە لـە دەوڵەت-نەتەوەکانـدا پارتییـەکان ڕۆڵـی ئامـرازی دەستبەسـەرداگرتنی دەسـەڵاتی دەوڵەت-نەتـەوە یاخـود ڕەواکـردن و گواسـتنەوەی هەمـان دەسـەڵاتیان بـۆ نـاو کۆمەڵگـە بینیـوە. سۆسـیالیزمی بونیادنراویـش ئـەو سیسـتەمە بـوو کـە زیاتـر ئـەو چەمکـەی تێـدا پەیـڕەو کـراوە و کردوویەتـی بـە تاکانـە. چونکـە گـۆڕان بـەرەو سیسـتەمی تـاک پارتایەتـی مانـای گـۆڕان و بوونـە بـە پارتـی دەوڵـەت. هـەر ئـەو چەمکـەی پارتـی دەوڵەتیـش بـوو کـە کۆتایـی بـە سۆسـیالیزمی بونیادنـراو هێنـا.

ئـەو تاکـەی لـە کۆمەڵگەیەکـی سـەرکوتکراو و چەوسـاوەی وەک کۆمەڵگـەی کوردەواریـدا شـێوەی گرتـووە کـە بـە سـەدان سـاڵ چەوسـاوەتەوە و ژێردەسـتە، هـەر دەسـتڕۆیی و دەسـەڵاتێکی دەسـت بکەوێـت، بـە ئاسـانی دەسـتبەرداری ئـەو شـێوازەی جێبەجێکـردن نابێـت کـە لەسـەر خـۆی پەیـڕەو کـراوە. چونکـە بـەو کولتـووره گـۆش کـراوە کـە لـە دوژمـن فێـری بـوون. وەک ئاگاداریـن، لەجیاتیـی شـکاندنی ئـەو چەرخـە نـەزۆک و ناپەسـندە لـە سۆسـیالیزمی بونیادنـراودا، کەچـی قووڵـتر کرایـەوە.

ئـەو جـۆره دەسـتڕۆییەی PKK هەوڵـی دەدا لـە سۆسـیالیزمی بونیادنـراو فێـری ببێـت، جگـە لـە تێڕوانینـی بـۆ چەمکـی دەوڵـەت، ئەویـش فاکتەرێکـی دیکـەی گرنگـی زیادبوونـی نادیـاری بـوو، لـە سروشـتی ئـەو دەسـەڵاتەوە سـەرچاوەی دەگـرت کـە لەژێـر نـاوی کۆمـاری تورکیادایـە. چونکـە ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی کـە لەسـەر میراتـی دەسـەڵاتی خۆرهەڵاتـی ناویـن و بێزەنتـی دامـەزراوە، ئـەو میراتـەی وەک خـۆی بـۆ کۆمـاری تورکیـا گواسـتووەتەوە. ڕژێمـە نوێیەکـەش فاکتـەری دەوڵـەت-نەتـەوەی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی لـەو میراتـە موتووربـە کـرد و کـردی بـە جانەوەرێـک (لڤیاتانـی هاوچـەرخ) کـە کۆمەڵگـە قـووت دەدات. کـوردان کـە لـە کاتـی ئاواکردنـی دەسـەڵاتی کۆمـاردا ڕۆڵـی ئەندامـی بنەڕەتییـان بینـی، بـەڵام دوای ماوەیەکـی کـورت نکۆڵـی لـە بوونەکـەی کـرا.

ئـەو دۆخـەش تەنهـا بـەوە نەدەوەسـتا کـە پرسـی کـورد بـکات بەئازارتریـن و خوێناویتریـن کێشـە، لـە هەمـان کاتـدا ڕۆڵێکـی ئاڵـۆز و کوێرکەرانـەی سـەبارەت بـە پرسـی دەسـەڵاتیش دەبینـی. وەک چـۆن پشـکی کوردانیـان لـە دەسـەڵاتدا (بـۆ چینـی بـۆرژوازی یـان چینـە دەسـەڵاتدارەکان) نەبینـی و ئـەو مافەیـان پێنـەدا، وەک کۆمەڵگـەش کـوردی بـە هیـچ دانـا و لـە بۆشـاییدا هێشـتیەوە. ئـەوەش بـە شـێوەیەکی سروشـتی ڕێگـەی لـە پێـش تێڕوانیـن و چەمکێکـی هەڵـەی دەسـەڵات و دەسـتڕۆیی کـردەوە. لـە ڕاسـتیدا خـودی ڕژێـم ئـەو هەڵوێسـتەی دەنوانـد کـە بـە جوداخـوازی نـاو دەبرێـت، بـەڵام هاوبەشـەکەی خـۆی، کـە نکۆڵیـی لـێ کـرد، بـە جوداخـوازی تاوانبـار دەکـرد. درۆزنـی و سـاختەکاریەکی لـەم جـۆره دەکـرا. بێگومـان لەپێنـاو ڕاسـتینەی دەسـەڵات یاخـود ڕێکخسـتنی هاوبەشـدا ئامـاژە بـۆ ئـەو ڕاسـتییە ناکـەم؛ بەڵکـو هـەوڵ دەدەم چۆنێتیـی گۆڕینـی حەقیقـەت بـۆ دیاردەیەکـی چەواشـەکار و کوێرکـەر ڕوون بکەمـەوە. ئـەو واقیعـەش ڕێگـە لـە پێـش داواکردنـی دەوڵەت-نەتەوەیـەک دەکاتـەوە کـە بـە هەڵـە وێنـا کـراوە. کاتێکیـش دەبـێ بـە هەڵـەی سـەرەکی، ئـەوا زیادبوونـی ئاڵـۆزی و نادیاریـی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـیی لـە ڕێکخسـتندا یاخـود لـە PKK دەبێتـە واقیعێـک.

لـە دوو لایەنـەوە دووچـاری نادیـاری هاتبوویـن: یەکەمیـان، بەبنەماگرتنـی مۆدێلـی دەوڵـەت-نەتـەوەی تـاک پارتێتیـی سۆسـیالیزمی بونیادنـراو بـوو؛ دووەمیـان، بونیـادە ئاڵـۆز و نابیناکەرەکـەی ئـەو دەسـەڵاتە بـوو کـە لەژێـر نـاوی کۆمـاری تورکیـا لەسـەر بنەمـای نکۆڵیکردنـی کـورد ئاواکـرا. ئەگـەر لاوازییەکانـی ناسـنامە ناکاریگەرەکـەی کوردیشـی بخرێتـە سـەر کـە لـە خـۆی نامـۆ کـراوە، ئـەوا بـە شـێوەیەکی باشـتر دەرک بـە کێشـە بونیادییەکانـی PKK لەبـارەی دەسـتڕۆیی و دەسـەڵاتەوە دەکرێـت. کاتێـک لـە سـاڵانی نەوەدەکانـدا پرسـەکانی دەسـتڕۆیی و دەسـەڵات زیادیـان کـرد، پێویسـتیی گـەل بـە دەسـتڕۆیی و هێزێـک زیاتـر بـووە بـە ڕۆژەڤ کـە توانـای پاراسـتنی هەبێـت، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی وەڵامێکـی ڕاسـت و پێویسـتی نەدرایـەوە، ئیـتر کێشـەکان دەبـوون بـە قەیـران. جگـە لـە مـن کەسـێک نەبـوو بیـر لـەو کێشـانە بکاتـەوە، تەنانـەت داخوازیـی بیرکردنـەوەی هەبێـت یاخـود بـە شـێوەیەکی گشـتی هەوڵـی دۆزینـەوەی چارەسـەرێک بـدات. هەربۆیـە ئـەوەی بـە هەموو هێـز و توانایەکمـەوە هەوڵـم بـۆی دەدا، بەردەوامیـدان بـە ڕێکخسـتن، چالاکـی و چارەسـەرکردنی ئەو کێشـانە بـوو کـە دەیانخولقانـدن و گەورەیـان دەکـردن. بـەڵام ئـەو هەڵوێسـتەش لـە دوا ئەنجامـدا کێشـەکانی گەورەتـر دەکـرد. سـاڵی ١٩٩٥ ئـەو قۆناغـە بـوو کـە بـۆ یەکەمیـن جـار هەسـتم بـە بێزارییـەک کـرد. دەمزانـی کـە بـە شـێوەیەکی زێدەڕۆیانـە هەمـان شـێوازم دووبـارە کردووەتـەوە. هـەر تەنهـا هەسـتم بـە پێویسـتیی دەسـتبەردان لـەو شـێوازە و پەرەپێدانـی شـێوازێکی دیکـە و دەڤەرێکـی دیکـە نەدەکـرد، بەڵکـو بـۆ ڕێگەچـارە و پەرەسـەندنی زیاتریـش بـە پێویسـتم دەبینـی. بـەڵام لەبـەر هۆکارگەلێکـی سیاسـی و ڕێکخسـتنی، وازهێنانـم لـە پێگـە سـتراتیژییەکەی سـوریا بـە ڕاسـت نەدەبینـی. لـەو سـۆنگەیەوە، دەتوانیـن بڵێیـن دووچـاری جۆرێـک لـە بنبەسـتبوون هاتبـووم. بـەڵام ئـەو ڕەوشـە هەرگیـز بەرهـەم و ئەنجامەکانـی تێکۆشـانی کـەم نەکـردەوە، ڕێگـەی لـە پێـش زیانێـک نەکـردەوە، بەڵکـو ڕێگـەی لـە پێـش دەسـکەوتێکی هەمەلایەنیـش دەکـردەوە. بـەڵام دیسـان لـە قووڵاییـەوە گۆڕینـی شـێواز و ڕێبـازم بـە پێویسـت دەبینـی.

ئـەو دیالۆگـەی لـە سـاڵی ١٩٩٧-١٩٩٨ بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ (لـە ڕێگـەی عەبدولحەلیـم خەددامـی جێگـری سـەرۆککۆماری سـوریا) دەسـتی پێکـرد، لەوانەیـە ڕێگـەی لـە پێـش شـێوازێکی نـوێ بکردایەتـەوە. بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو شـێواز و ڕێبـازەش، سـوریا گۆڕەپانێکـی گونجـاو بـوو. هەر لەبـەر ئـەو هـۆکارەش دەسـتبەرداری ئـەو گۆڕەپانـە نەبوویـن. هەروەهـا دوای سـاڵی١٩٩٠ کامپەکانی پەروەردەمـان بـۆ سـوریا گواسـتەوە کـە بـە شـێوەی مـاڵ و خانـووی گـەورە کردبوومانـەوە. هەربۆیـە پەیوەندییەکانمـان لەگـەڵ دەسـەڵات زیاتـر پەرەیـان سـەندبوو. کورتەباسـێکی کاریگەرییەکانـی ئـەو دۆخـە نوێیـە لەسـەر ژیانـی خـۆم ڕۆشـنکەرەوە دەبێـت. ژیـان لـە سـوریای حافـز ئەسـەد پێویسـتی بـە کارامەیـی و بەرپرسـیارێتییەکی گـەورە هەبـوو. واتـە دۆخ و پێگەیـەک نەبـوو بـە ئاسـانی بەرگـەی بگیرێـت. هەڵسـەنگاندنی بوونـی ئێمـە وەک فاکتەرێکـی گەرەنتیکردنـی سـوریا بەرامبـەر ئەگـەری هـەر هەڕەشـەیەک کـە لـە لایەنـی تورکیـاوە بێـت، بنەمـای ئـەو پەیوەندییـە بـوو. لـە ڕووی مێژووییشـەوە سـوریا بەرامبـەر دراوسـێیەکەی باکـووری نیگـەران بـوو. هەربۆیـە بوونـی

ئێمـە لـە هەمـوو لایەنێکـەوە ڕۆڵـی گەرەنتیـی دەبینـی. لـە لایـەن PKKشـەوە سـوریا ڕۆڵـی وڵاتـی کلیلـی دەبینـی بـۆ کرانـەوە بـە ڕووی ناوچەکـەدا. هەروەهـا پێگـەی کوردانـی سـوریاش گرنگیـی ئێمـەی زیاتـر دەکـرد. ئەگـەر بـە شـێوەیەکی ڕاسـت هەڵبسـەنگێنرێت، پەیوەندییـەکان گرنگییەکـی سـتراتیژییان بـە دەسـت دەهێنـا. هەروەهـا کـوردان کاریگەریـی و ڕۆڵێکـی گرنگییـان لەسـەر هاوسـەنگییە ناوخۆییەکانـی دەسـەڵات هەبـوو. سـوریا یەکێـک لـە وێسـتگە مێژووییەکانـی کـوردە نەفیکراوەکانیـش بـوو؛ شـوێنی دۆسـتایەتییەکی بەهـادار بـوو.

باسـی خاڵـە سـەرەکییەکانی ژیانـی بیسـت ساڵەی خۆمـم لـەو ناوچەیـە کـرد. لـە دواییـن قۆناغـی کار و خەباتـم لـە سـوریا، سـەبارەت بـە کاریگەرییـە نزیکەکانـی دەسـەڵات هەسـتم بـە بێـزاری و ناڕەحەتـی دەکـرد. ئـەو بێزارییـە بـە هـۆی هیـچ فشـارێکەوە نەبـوو، بەڵکـو نیگەرانییەکـەم بـە هـۆی کاریگەرییـە تێکدەرانەکـەی دەسـەڵاتەوە بـوو. چونکـە دیبلۆماسـیی پشتبەسـتوو بـە دەسـەڵات هێنـدە لەگـەڵ کار و خەباتـی شۆڕشـگێڕی ناگونجێـت. کار و خەباتـم لـە لوبنـان بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان کار و خەباتـی شـاخ بـوو. لـەوێ ئاسـوودەتر بـووم. هەروەهـا لـە بـواری جموجـووڵ و مەرجەکانـی تەندروسـتیش دەرفەتەکانـی ئـەوێ لەبارتـر بـوو. وەلـێ لـە سـوریا مەحکومـی نێـوان مـاڵ و ئۆتۆمبێـل کرابوویـن. پـەروەردە لەسـەر بنەمـای شـیکردنەوەکان لـە هیـی لوبنان پاشـکەوتووتر نەبـوو؛ بەڵکـو چڕتـر ببـوو، چۆنایەتییەکەشـی باشـتر بـوو. بـەڵام بـەردەوام ئـەوەم بـە کەموکوڕییـەك دادەنـا کـە نەمدەتوانـی یەکـە بـە یەکـەی ئەندامـان ببینـم و گرنگیـی تایبەتیـان پـێ بـدەم. ئەندامانـی هێنـدە هێـژاو بەهـادار لـە پـەروەردەدا هەبـوون کـە خوازیـار بـووم تـەواوی تەمەنـم لەگەڵیانـدا بەسـەر ببـەم. بـەڵام کار و خەبـات هێنـدە سـەرقاڵی دەکـردم، نەمدەتوانـی بـە دڵـی خـۆم گرنگییـان پـێ بـدەم و لەگەڵیانـدا لـە پەیوەندیـدا بـم. بەشـی هـەرە زۆریـان شـەهید بـوون. خۆشەویسـتی و بەهایـان مەراقێکـە و لـە دڵـم دەرناچێـت. لـە ڕاسـتیدا هـۆکاری ئـەو هەڵوێسـتەم بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە بـە هـۆی بـڕوای تـەواوم بـە شـکۆداریی تێکۆشـانی شۆڕشـگێڕی، پەیوەندییـە شەخسـییەکانم خسـتبووە پلانـی دووەمـەوە. بەمجـۆرە هەڵوێسـتە هاوبـەش و دەسـتەجەمعییەکان لای مـن وەک نەخۆشـییەکی لـێ هاتبـوو. چونکـە پەیوەندیـی شەخسـیم لـە چوارچێـوەی پەیوەندیـی تایبەتـدا هەڵدەسـەنگاند و بـە بچووکـم دادەنـا. هـەر بۆیەش پێشـوازینەکردنی تـەواوم لـە تامەزرۆیی ئـەو مرۆڤـە هێـژا و بەهادارانـە تـا ئێسـتاش جـەرگ و دڵـم دەتەزێنێـت. وێـڕای ئـەوە، ئەگـەر بـە شـێوەیەکی سـیمبۆڵیش بێـت، لـە کاتـی هاتـن و گەڕانەوەیـان و هەروەهـا لـە کاتـی وانەکانـدا دیالۆگـم لەگـەڵ کـردوون. هەروەهـا وەک پێویسـت بـە دڵـی خـۆم سـەردانی گەلیشـم نەدەکـرد. لەبـەر ئـەو هـۆکارەش، بـە ساردی تەماشـای ئـەو پەیوەندییانـەم دەکـرد کـە فەرمـی بـوون و بۆنـی دەسـەڵاتیان لـێ دەهـات. وەک ئەڵتەرناتیڤێـک و ئامرازێکـی دوورخسـتنەوەی مـن لـە گـەل دەهاتـە بـەر چـاوم. پیشـاننەدانی گەرمیـی پێویسـت بەرامبـەر ئـەو کەسـایەتی و گرووپـە دۆسـتە جیاوازانـەی دەهاتنـە لامـان، وا بزانـم ئەنجامێکـی دەسـەڵاتداربوون بـوو. وەک بڵێـی لـە نێـوان گـەل و دەسـەڵاتدا هاتوچـۆم بـوو. لـە قووڵبوونـەوەم سـەبارەت بـە دوالیزمـی دەسـەڵات و دیموکراسـی، شـتگەلێکی زۆر

قەرزبـاری ئـەو پەیوەندییانـەم.
ژنانـم وەک گرووپێـک یـان پۆلێنـی گەلێکـی جیـاواز تاوتـوێ کـرد. هەرچەنـدە هەلومەرجـەکان زۆر لەباریـش نەبووبـن، بـەڵام دۆزینـەوەی شـوێن بـۆ ژنـان بابەتێـک بـوو کـە بـەردەوام لەبەرچـاوم گرتـووە. دوودڵیـم نەکـرد لـەوەی بەرپرسـیارێتیی ئـەو ماڵانەیـان پـێ بـدەم کـە تێیانـدا دەمانـەوە. بـەڵام هەندێـک لـە سـاختەکارەکان لەبـەر ئـەوەی ناسنامەی ژنیـان بـە شـێوەیەکی ڕاسـت شـیکاری نەکـرد و لـە خۆیانـدا چارەسـەریان نەکردبـوو، ئـەو هەڵوێسـت و کار و خەباتەیـان بـە شـێوەیەکی چـەوت هەڵدەسـەنگاند. چونکـە کاتێـک باسـی ژنـان و کچـان دەکـرا، یەکـەم شـتی کـە بـە بیریانـدا دەهـات بەیەکەوەبوونـی زایەنـدی و پەیوەندیـی سـادویلکانە بـووە. کەچـی مـن لـە کار و خەباتـدا سـەبارەت بـە ژن، زیاتـر دەرکـم بـە ڕاسـتی و حەقیقەتـی کۆمەڵایەتـی و مێژوویـی دەکـرد. چونکـە لای مـن، ئـەوان جەوهـەری کار و خەباتـی سۆسـیۆلۆژیایی بـوون. ئەگـەر بە شـێوەیەکی سـنوورداریش بێـت، شـکاندنی سیسـتەمی هیرارکـی سـەپێنراوی سـەر ژنـان لـە مەیدانـی خەباتـی خۆمـدا لە سـەدان پەرتـووک وانەبەخشـتر بـوو و مەعریفـەی زۆری پێـدەدان. هەرچـی ئـەو پلاتفـۆرم و ڕایەڵانـە بـوون کـە لەگـەڵ ژنـان پێشـم دەخسـتن، سـتاتۆی ژنایەتی-مێردایەتیـی سیسـتەمی نێرسـالاریی پارچەپارچـە دەکـرد. لـە ڕاسـتیدا زۆرتریـن بەختەوەریـم لـە پارچەپارچەکردنـی ئـەو سـتاتۆیەدا بـوو. چەنـدە زیاتـر ڕوون دەبوویـەوە کـە ئەوانـە ئۆبجەیەکـی زایەنـدی نیـن، بەڵکـو هەریەکەیـان مرۆڤـی زۆر هێـژا و بەهـادارن، زیاتـر سـەرفراز دەبوویـن. ئـەو هەڵوێسـتە ئـەو ڕێگەیەشـی دەکـردەوە کـە بـەرەو خۆشەویسـتییەکی ڕەسـەن دەچێـت. دونیـای خۆشەویسـتی و ڕێـز کـە بەبـێ هیـچ فشـارێک لـە ناخی ڕاسـتینەی کۆمەڵایەتـی و مێژووییـەوە بونیادمـان نابـوو، هێزێکـی بـێ هاوتـای هەبـوو. هەرچەنـدە هەندێـک نموونەیـان لـە نـاودا دەربکەوێـت کـە ژنێتیـی نەفسـنزم و ئالوودەیـان تـێ نەپەڕانـدووە و هـەوڵ دەدەن بـە درۆودەلەسـەکانیان لەکەداریـان بکـەن، بـەڵام ژمارەیەکـی زۆر ژنـی بەهـادار و ڕەسـەن سـەریان هەڵـداوە کـە زۆربەیـان شـەهید بـوون. ئەوانـە بـە قارەمانـە بێنـاوەکان نـاو نابـەم، بەڵکـو بـە قارەمانـە ڕاسـتەقینەکان ناویـان دەبـەم. ئەگـەر ژیانێکـی کۆمەڵایەتـی بێتـە ئـاراوە کـە دەرفەتـی ژیانـی تێـدا هەبێـت، ئـەوا تەنهـا لەمیانـەی پابەندبـوون بـە یادەوەرییـە نەمرەکانیـان و بەردەوامیدانـی ئـەو ڕێگەیـەوە فەراهـەم دەبێـت کـە وەک مەشـخەڵێک ڕۆشـنیان کردووەتـەوە. تەنهـا ژیانێکـی شـکۆمەندانەی لـەم جـۆرە لەگـەڵ ژنـدا بەهادارتریـن ژیانـە. جۆرەکانـی دیکـەی ژیـان ئەگـەر لـە نـاو کۆشـکی ڕازاوە و سـەر نوێنـی لۆکەیـی و پەرەمووچکـەش بەسـەر ببرێـت، بـە بـڕوای مـن هیـچ جیاوازییەکـی لەگـەڵ ئـەو ژیانـە نییـە کـە لـە نـاو چاڵـدا پەلەقاژەیەتـی. بـە کورتـی، بـەو ئەنجامـە گەیشـتم: ڕاسـتی، چاکـە و جوانیـی ئیلاهیـی ژن بـدۆزەوە و لەگەڵیـدا بـژی! ئەگـەر تۆزێکیـش بێـت، پشـکی خۆمـان لـەو ژیانـە وەرگـرت، هاوبەشـێتیی ئـەو ژیانەمـان کـرد و تێیـدا ژیایـن. کاتێـک دەڵێـم ژیایـن، مەبەسـتم ئاماژەکردنـە بـۆ ئـەو ڕاسـتییەی کـە فەلسـەفەی ژیانـی ئـازاد تەنهـا لەمیانـەی ئـەو هاوبەشـێتی و پشـکداریکردنەوە مانـادار دەبێـت و پێناسـە دەکرێـت.
لـەو گۆڕەپانـەدا لەگـەڵ چەندیـن هونەرمەنـدی دۆسـت ئاشـنا بوویـن. ئیلهامـمان لـە یەکـتری

وەرگـرت. قەرزبـاری ئـەو پەیوەندییـە دۆسـتایەتییانەم بـۆ گەیشـتنم بـەو ئاسـتە مەعریفەیـەی کـە هونـەر شـێوازێکی گوزارشـتکردنی حەقیقەتـە. بێگومـان باسـی ئاشـنابوونم لەگـەڵ ئـارام تیگـران دەکـەم کـە لـە نـاو ئـەو هونەرمەندانـەدا لـە ڕیـزی یەکەمـدا دێـت و بەهایەکـی مێژوویـی مەزنـی هەیـە. چونکـە هونەرەکـەی لای مـن، حەقیقەتـی کـورد و کوردسـتانی ڕاسـتەقینە بـوو. لـە بیرمـە کاتێـک هێشـتا لـە قۆناغـی خوێندنـی ئامادەیـی بـووم و بـە ڕێکـەوت گوێـم لـە گۆرانییەکـی ئـەو بـوو، لـە خۆمـەوە گوتـم: «مسـۆگەر پێویسـتە ئـەو حەقیقەتـە بژیـت کـە ئـەو دەنگـە دەیچڕێـت.». ڕۆژێـک بـەر لـە دەرچوونـم لـە سـوریا بەیەکـەوە بوویـن. هیـچ بـە خەیاڵمـدا نەدەهـات جارێکـی تـر یەکـتر نەبینینـەوە. هەرگیـز خوازیـاری جیابوونەوەیەکـی لـەم جـۆرە نەبـووم. سـازکردنی ئاهەنـگ و کۆنسـێرت لـە ئامـەد بـۆ ئەویـش مایـەی بەختـەوەری بـوو. ئـەو و ئێمـە، بەدواداچوونمـان بـۆ یەکـتر دەکـرد، ئـەو دەنگـە داودییـەی قۆناغـی سـەپاندنی بێدەنگیـی مـەرگ، وەک سـوڵتانی دەنگـی حەقیقەتـی ئازادمـان بـەردەوام لەگـەڵ ئێمـەدا دەژی.

### ب- پیلانگێڕییە گەورەکەی گلادیۆ:

#### ١- دەرچوون لە سوریا:

دەرچوونـم لـە سـوریا گرێـدراوی ئۆپەراسـیۆنەکەی تـۆڕی گلادیـۆی ناتۆیـە. هەربۆیـە ئەگـەر جیـاوازی نـاو سـوپای تـورک و تـۆڕی گلادیـۆ ڕەچـاو نەکەیـن، ناتوانیـن بـە شـێوەیەکی ڕاسـت ئـەو ئۆپەراسـیۆنە شـیکاری بکەیـن. وەک مەزەنـدە دەکرێـت، لـە سـەردەمی سوپاسـالاری ئیسـماعیل حەقـی قـەرەدای و حوسـێن کڤـرک ئۆغڵـودا بەسـەر هەمـوو شـتێکدا زاڵ نەبـوون. سـەبارەت بـە پرسـی کـورد، هەردووکیـان لـە هەڵوێسـتەکەی ئـەشرەف بتلیسـییەوە نزیـک بـوون. ئاڕاسـتەگرتنی شـەڕیان بـەرەو ڕیشەکێشـکردن یـان لەناوبردنـی تـەواوی کـوردان بـە نابەجـێ و ئەسـتەم دادەنـا. نیـازی دەسـتپێکردنی ڕێگەچـارەی سیاسـی و ئاشـتییانەی تورگـۆت ئـۆزال و ئـەشرەف بتلیسـییان هەبـوو؛ هـەم وەک پێویسـتییەکی نیشـتیمانپەروەری دەیانبینـی، هەمیـش بەگوێـرەی چەمکـی شـەڕی کلاسـیکی بـە گونجاویـان دەبینـی. هەروەهـا سـاقب سـاپانجییش لـە نـاو توسـیاد[1] دا نوێنەرایەتیـی لایەنگرانـی ئـەو هێڵـەی دەکـرد. هەڵوێسـتی سـەرۆکی بەشـی کۆنترگەریـلای میـت، محەمـەد ئەیمـور و حەنەفـی ئاوجیـی بەڕێوەبەرایەتـی ئاسـایش لەسـەر هەمـان ڕێبـاز بـوون. ئـەو گرووپـە ڕووداوی سوسـورلوکیان قۆسـتەوە و هەڵمەتێکیـان لـە بەرامبـەر لۆبیـی شـەڕ کـرد. هەرچـی دۆغـان گـورەش و جەڤیـک بیـر بـوون لـە بنەڕەتـدا نوێنەرایەتیـی گرووپـی بەرامبـەر یاخـود باڵـی گلادیۆیـان

---

١- کۆمەڵەی پیشەسازکار و کارسازانی تورک (Türk Sanayicileri ve İşadamları Derneği): کارسازە وەبەرهێنەرەکانی تورکیا لە ساڵی ١٩٧١ دایان مەزراند و ناوەندەکەی لە ئەستەنبۆڵە.

دەکرد. ئەو گرووپە هەوڵەکانی تیرۆرکردنی ساقب ساپانجی و حوسێن کڤرک ئۆغلویان ئاڕاستە کردبوو. هەروەها ئەندامەکانی پێشووتری هەمان گرووپ و پاشکۆکانیان پێشتر چەندین هەوڵ و تاوانی تیرۆریان کرد کە ئامانجیان هەندێک کەسی ناو دەوڵەت بوو، لە سەرووی هەمووشیانەوە تورگۆت ئۆزال و ئەشرەف بتلیسی. بەپێی ڕێکارو میکانیزمەکانی ناو سوپای تورک، نۆرەی وەرگرتنی ئەرکی سوپاسالاری ساڵی ١٩٩٠ هی محێدین فیسۆن ئۆغڵو بوو. بەڵام کاتێک بە شێوەیەکی لەیاسابەدەر دۆغان گورەش ئەرکی سوپاسالاری پێ سپێررا، درزی نێوانیان گەورەتر بوو. گرووپەکەی تر لە ڕێگەی دوو سەربازی هەواداری PKK لە ناو سوپادا هەوڵی ژەهرخواردکردنی دۆغان گۆرەشیان دا. بەڵام ئەو هەوڵە سەرکەوتوو نەبوو. لە ئیمڕالی کاتێک دۆزگەری سەربازیی تایبەت لەو بارەوە لێی پرسیم کێ ئەو بڕیارەی دابوو؟ پێم گوتن: «ڕاستە ئەو دوو سەربازە لایەنگری PKK بوون و دوای ڕووداوەکەش ڕایان کرد و پەیوەندییان بە ڕیزەکانی PKKوە کرد و دواتریش شەهید بوون، بەڵام بە بڕوای من، بڕیاری سەرەکی لە ناو سوپای تورکەوە درابوو». بەم جۆرەش، لێپرسینەوەی ئەو بابەتە کۆتایی هات.

ئەو چەشنە ناکۆکییانەی ناو سوپا بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و بگرە بۆ پێشووتریش دەگەڕێتەوە. لە سەرجەم ڕووداوەکانی نزیکەی سەدەیەک: لە بوویەری لەسەرکارلابردنی سوڵتان عەبدولحەمید (سوڵتان عبدولعزیزیش) و هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا کەمالەوە تا دەگاتە تاوانەکانی کۆمەڵکوژیی کوردان کە لە ١٥ی شوباتی ساڵی ١٩٢٥ بە پیلانگێڕییەکەی دژ بە شێخ سەعید دەستی پێکرد و بە پیلانگێڕیی دژ بە سەید ڕەزا و لەسێدارەدانی لە ١٩٣٧/١١/١٨ بەردەوام بوو، لە داخستنی فیرقەی سەربەستی (پارتی کۆماری لیبڕالی١٩٣٠) و لەسەرکارلابردنی ئینۆنۆ لە ئەرکی سەرۆکوەزیری (١٩٣٧)، لە کودەتای سەربازیی ٢٧ی ئایاری ساڵی ١٩٦٠ تا قۆناغی کودەتای پۆست مۆدێرنی ٢٨ی شوباتی ساڵی ١٩٩٧ و تا ئامادەکارییەکانی دوای ٢٠٠٠ بۆ ئەنجامدانی کودەتا و ڕووداوە هاوشێوەکانیان، ناکۆکی و ململانێی نێوان هەردوو هێڵ لە ئارادایە. سەرەتا ئەڵمانیا، دواتریش بە ڕیز ئینگلتەرا و ئەمریکا وەک هێزە هەژموونگەراکان لە دەرەوە پشتگیری و کۆنترۆڵی ئەو ململانێیەیان دەکرد. لەو سۆنگەیەوە سەرجەم ئەو ڕووداوانەی پیلانگێڕی و تیرۆر لە ناوەڕۆکدا ڕەنگدانەوەی ئەو شەڕانەی هەژموونگەرایی بوون کە دژی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین و بە تایبەتیش لە دژی گەلانی میزۆپۆتامیا و ئەنادۆڵ بە ڕێوە دەبران.

لە نێوان ئەو شەڕانەشدا، چوار قۆناغی گرنگی شەڕی تۆڕی گلادیۆ بوو بە بەشی بەرخودانی کورد کە PKK پێشەنگایەتی دەکات و لە بەشەکانی پێشووتردا بە شێوەی گەڵاڵەیەک خستمە ڕوو. چونکە شەڕی هەژموونگەرایی هێزە سەرمایەدارییەکان لەژێر دەمامکی فاشیزمی تورکی سپیدا بە ڕێوە چوو. هەر لە سەردەمی مستەفا کەمالەوە بەردەوام گرووپێک لە ناو سوپادا هەبووە کە لەو دۆخە ناڕەحەت بووە. ئەوانە کەسانێکی نیشتیمانپەروەر و ئەنادۆڵخواز بوون. لە کودەتای ٢٧ی ئایاری ساڵی ١٩٦٠ـەوە تا قۆناغی ئامادەکارییەکانی کودەتاکانی دوای ساڵی٢٠٠٠، ئەو گرووپەی دەتوانین بە نیشتیمانپەروەر و لایەنگرانی ئاشتی ناویان ببەین،

ڕەوشیان لە کودەتاچی و پیلانگێڕەکان جیاوازتر بوو. لە بنەڕەتدا تۆڕی گلادیۆی ناتۆ لە پشت کودەتاچی و پیلانگێڕەکانەوە بوو. هەروەها هەردوو لایەنیش ناوەند و پاشکۆی بەهێزیان لە ناو کۆمەڵی مەدەنیدا هەبوو. ئەوانە لە ناو خۆیاندا بەردەوام لە ناو پەیوەندی و ناکۆکیدا دەژین. بەگوێرەی هەلومەرجی سەردەمەکان بەسەر یەکتردا زاڵ دەبن. لە ڕووی چینایەتییشەوە نوێنەرایەتیی بۆرژوازیی نەتەوەپەرست و بۆرژوازی بەکرێگیراو دەکەن.

بەر لە دەرچوونم لە سوریا، جارێکی تر کێبڕکێ لە نێوان ئەو دوو گرووپ یان باڵەدا سەری هەڵدابوویەوە. بە پشتگیریی ئیسرائیل و ئەمریکا کێبڕکێی نێوان لایەنگرانی دیالۆگ و دژبەرەکانیان لە بەرژەوەندیی باڵی گلادیۆی ناتۆ، واتە لە بەرژەوەندی لایەنگرانی شەڕ و قڕکردن ئەنجامگیر بوو. ماوەیەکی زۆر کەم بەر لە دەرچوونم، لە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆوە هەواڵگریی ئیسرائیل ئەو پەیامەی پێ گەیاندم کە پێویستە سوریا بەجێ بهێڵم. ئەوکاتە بەجێهێشتنی سوریام بە گونجاو نەبینی. نەمدەویست پێگەکەمان لە سوریا زەبری گەورەی بەربکەوێت. هەروەها لە ڕووی ستراتیژی و ئایدیۆلۆژیشەوە بە ڕاستم نەدەزانی. چونکە شەڕ لەسەر ڕێچکەی ئاسایی خۆی بەردەوام بوو، چارەنووس چی بوو ئەوە ڕووی دەدا. کەسێکی قەدەرگەرا نەبووم، بەڵام دەستبەردان لە ڕێبازی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و سەربازیی سی ساڵە و ئاڕاستەگۆڕینیش نەدەبوو بە هەڵوێستێکی مانادار؛ بەرامبەر ئەو قەدەرە، ڕاستگۆیی و دڵسۆزی پێویست بوون، هەر بۆیەش نەدەبوو ڕزگارکردنی خۆم بە بنەما بگرم. پاش دواترین ئاگادارییەکەی ئەتیلا ئاتێش کە بە ناوی تۆڕی گلادیۆی ناتۆوە ڕای گەیاند، تەنها لە حاڵەتی پشتگیرییەکی بەهێزی سوریا و ڕووسیادا دەمانتوانی شەڕ بۆ ئاستێکی بڵندتر بەرز بکەینەوە. بەڵام وەک چۆن ئەو پشتگیرییە دەستەبەر نەبوو، هەردوو دەوڵەتیش ئەو هێزە یاخود نیازەیان نەبوو ڕێگەی مانەوەم پێ بدەن. لە ڕاستیدا شتێکی وەها بۆ سوریا مەحاڵ بوو، چونکە لە باکوورەوە سوپای تورکیا و لە باشوورەوە سوپای ئیسرائیل دەیانتوانی لە ڕۆژێکدا سوریا داگیر بکەن. بۆیە ئەگەر ئەوان نەکەوتبایەتە ناو ترسێکی گەورەوە، دەیانتوانی دەرفەتێکی گونجاوی جێگیربوونم بۆ بڕەخسێنن. بەڵام ئەوەشیان ڕەچاو نەکرد. هەرچی هەڵوێستی ڕووسیایە زۆر بێشەرەفانەتر بوو. لە بەرامبەر پڕۆژەی گازی سروشتی و قەرزێکی دەملیاریی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی ئێمەی لە مۆسکۆ بەدەر نا.

بەر لە باسکردنی ماجەڕا (موغامەڕە)کەی ئەسینا و مۆسکۆ، سەیرکردنی هەلومەرجەکانی بەر لە دەرچوون و کاتی دەرچوون لە نزیکەوە وانەبەخشە و گرنگییەکی مەزنی هەیە.

ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاست دەرک بە هەلومەرجەکانی کودەتای ٢٨ی شوباتی ساڵی ١٩٩٧ نەکرێت، ئەوا بە تەواوی لە ڕووداوەکان تێ ناگەین. باڵێکی کودەتاچییەکان لەمیانەی پێشنیازێکی بابەتی سەبارەت بە ئاشتی لێمان نزیک ببوویەوە. لەو بڕوایەدام کە بەڵگەکانی لە ئەرشیفماندا ماوە. هەر وەک هەڵوێستەکانی تورگوت ئۆزال و نەجمەددین ئەربەکان، لەو بڕوایەدا بووین کە جدین و خوازیاری ئاشتین. بەڵام ئەو هەڵوێستەی لایەنگری ئاشتی و

ڕێگەچارەی سیاسی ڕێگەی لە پێش کودەتایەک لە ناو کودەتادا کردەوە. ئێستا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەرکەوتووە کە لەو قۆناغەدا، واتە تا کاتی دەستگیرکردنم، ئیسرائیل و ئەمریکا بە هیچ جۆرێک لایەنگری ئاشتی و ڕێگەچارەی سیاسی نەبوون. بەڵکو بە سووربوونەوە خوازیاری بەردەوامیدان بە شەڕی توندی ئاستنزم و چارەسەرنەبوونی پرسی کورد بوون. چونکە لەپێناو کۆنترۆڵکردنی خۆرهەڵاتی ناوین، بە تایبەتیش بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دەسەڵاتداری عێراق، پێویستییەکی زۆریان بەو دۆخە هەبوو. چونکە تەنها لەو ڕێگەیەوە دەیانتوانی کاریگەریی تورکیا نەهێڵن و پیلانەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. تورگۆت ئۆزال، نەجمەدین ئەربەکان و بلند ئەجەوید بە هۆی ڕەچاونەکردنی ئەو پیلانانە و هەڵوێستی ئەنادۆڵخوازی، نیشتیمانی و لایەنگرییان بۆ ئاشتی و ڕێگەچارەی سیاسیی پرسی کورد، لەسەر کار لابران. هەرچی بۆ لایەنگرانی شەڕ گرنگ نەبوو کە لابردنی ئەوان مەرگیانی لێ دەکەوێتەوە یان نا، چونکە لە بنەڕەتدا لەناو جەرگەی شەڕدا بوون. تەنانەت تا ئەوپەڕی درێژەیان بە شەڕ دەدا، هەر کۆسپێکی پێش خۆیان بە لاوە دەنا و دەیانویست بە ئامانجەکانیان بگەن. لەناوبردنی واقیعی کورد لە ڕێگەی سەربازیی ڕەهاوە، واتە جۆرێک لە جینۆسایدیش دەکەوتە چوارچێوەی ئەو ئامانجەیانەوە. ئەگەر هێزە هەژموونگەراکان پاڵپشتی ئەو چەمکەیان نەکردایە کە بەردەوامیی ڕێبازە کلاسیکیەکەی ئیتیحاد و تەرەقییە، هەرگیز دەرفەتی سەرکەوتنیان نەدەبوو. چونکە ئەوانیش ئاگاداری ئەو ڕەوشە بوون، بۆیە پشتگیریی ئەمریکا، ئینگلتەرا و ئیسرائیلیان بە پێویستیەکی ڕەها دەبینی. ساڵی ١٩٩٨ کاتێ لە سوریا دەرچووم، ئەو پشتگیرییەیان بە دەست هێنابوو.

لە سەرەتای ١٩٩٠ـەکاندا پشتگیریی ئەمریکا و ئینگلتەرا، لە ساڵی ١٩٩٦دا (پەیمانی هاوکاریی ستراتیژیی سەربازیی نێوان تورکیا و ئیسرائیل) پشتگیریی ڕەهای ئیسرائیل بە دەست هێنرابوو. ئیتر نۆرەی چارەسەرکردنی لایەنی ناوخۆیی مەسەلەکە بوو، واتە ئەنجامدانی گۆڕانکارییە پێویستەکانی حکومەت و تەسفییەکاریەکانی ناو خودی سوپا. لە ساڵی ١٩٩٠ بەدواوە هەنگاو بە هەنگاو پێویستییەکانی ئەو هەنگاوە جێبەجێ دەکران. دۆغان گورەش دوای وەرگرتنی ئەرکی سوپاسالاری و دوای گەڕانەوەی لە یەکەمین گەشتی بۆ بریتانیا، گوتی: «بۆ لەناوبردنی PKK لامپی سەوزیان بۆ داگیرساندووین.»، ئەمەش ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە. زۆر باش ئاگادارین کە قۆناغی دواتر تەنها بە هێرشەکانی لەناوبردنی کورد و PKK سنووردار نەبوون، بەڵکو لە کوشتنی سەرۆککۆمارەوە، گۆڕینی حکومەت، تەسفییەکاریی ناو سوپا، بزاوت و کردەوە چەواشەکاریەکانی دژ بە کۆمەڵگە، تیرۆرکردنی چەندین ڕۆشنبیر و کارساز، کۆمەڵکوژیی خەڵک و دەستەمۆکردنی میدیا، بوویەر و شەڕی مەترسیدار هاتنە ئاراوە. ئەوەی کەم بوو، تێگەیشتنی پەیوەندیی زنجیرەئاسای نێوان ئەو ڕووداوانە بوو. ئەگەر هێڵە ئەستوورەکەی تۆڕی گلادیۆی ناتۆی پشت سەرجەم ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییە گرنگەکانی تورکیا نەبینین لە کاتی بوونی بە ئەندامی ناتۆ تا ساڵی ١٩٩٨، ئەوا ناتوانین هیچ تیرۆر، شەڕ و ڕووداوێکی گرنگ

بـه شـێوەیەکی ڕاسـت شـیکاری بکەیـن. واتـە کرۆکـی بابەتەکـە بریتـی یـە لـە شـەڕی ناتـۆ دژ بـە داواکانـی ئـازادی، یەکسـانی و ئازادیخوازیـی گـەلان، بوویـەری دەرچوونـم لـە سـوریاش خرابوویـە سـەر دواییـن ئەڵقـەی زنجیـرەی ئـەو شـەڕە.

لـە کاتـی دەرچوونـدا دوو ڕێگـەم لـە پێـش بـوو: یەکەمیـان ڕێگـەی شـاخ بـوو، دووەمیشـیان ڕێگـەی ئەوروپـا. هەڵبژاردنـی ڕێگـەی شـاخ مانـای هەڵکشـان و دژواربوونـی شـەڕ بـوو، هەڵبژاردنـی ڕێگـەی ئەوروپـاش مانـای گـەڕان بـوو بـە دوای دەرفەتـی ڕێگەچـارەی سیاسی-دیبلۆماسـی دا. وەک دەزانرێـت، پێشـووتر ئامادەکارییەکانـی ڕێگـەی شـاخ تـەواو ببـوو. ئەگـەرە بەهێزەکـە گرتنەبـەری ڕێگـەی شـاخ بـوو. بـەڵام ڕێـک لەو کاتـەدا سـەردانی شـاندێکی یۆنانی بـۆ لامـان و دیـدارە تەلەفۆنییە بەردەوامەکانـی نوێنـەری یۆنانمـان (ئایفـەر قایـا) لەگـەڵ کاربەدەسـتانی یۆنانـی، ئاڕاسـتەمانی بـەرەو یۆنـان گـۆڕی. کێشـەی کاربەدەسـتانی سـوریا ئـەوە بـوو بـە خێرایـی سـوریا بەجـێ بێڵـم. بـەڵام سـەبارەت بـە چوونـم بـۆ ئەوروپـا نیگەرانییـان پێـوە دیـار بـوو. وەلـێ لـەو لایەنـەوە دابیننەکـردن یـان پێشـنیازنەکردنی ئەڵتەرناتیڤێـک کەموکوڕییەکـی جدیـی خۆیـان بـوو. لـە ڕاسـتیدا چـوون بـەرەو ئەسـینا لـە حیسـابدا نەبـوو. وەلـێ دەرفەتێـک بـوو، بـڕوام بـە جدییەتـی دۆسـتەکانی یۆنـان کـرد و نەمویسـت ئـەو دەرفەتەمـان لـە دەسـت بچێـت. ئەگـەر بمزانیایـە وەک ئـەو تابلۆیـەن کـە دواتـر لەسـەر ئـەرزی واقیـع ڕووبـەڕووی بوومـەوە، بـە دڵنیاییـەوە هەرگیـز بـۆ ئـەوێ نەدەچـووم. بـەڵام لێـرەدا پێویسـتە بپرسـین: وەک دەزانرێـت، تـۆڕی گلادیـۆ لـە یۆنانیـش زۆر بەهێـزە، ئایـا ڕۆڵـی لـە ئامادەکردنـی ئـەو سـیناریۆیەی چوونـەدەرەوەدا هەبـوو؟ ناتوانـم وەڵامێکـی مسـۆگەری ئـەو پرسـیارە بدەمـەوە. بەڵکـو پێویسـتە لێکۆڵینـەوە لـەو بـارەوە بکرێـت. بـە لانـی کەمـەوە ئەگـەری ئـەوە هەیـە کـە لـە چوارچێـوەی ئـەو ڕێککەوتنـەی نێـوان ئەمریـکا و تورکیـا لەبـارەی ڕادەسـتکردنەوەی مـن هاتووەتـە ئـاراوە، ڕێککەوتنێکـی پرەنسـیپانە یاخـود زارەکـی سـەبارەت بـە چارەسـەرکردنی کێشـەکان لەگـەڵ یۆنـان هەبووبێـت. ئەگەرێکـی بەهێـزە سـەبارەت بـە چارەسـەرکردنی پرسـەکانی قوبـرس و ئیجـە نیازێکـی لـەم جۆرەیـان پیشـان دابێـت. هەربۆیـە پێویسـتە هەڵوێسـتە سازشـکارانەکەی تورکیـا سـەبارەت بـەو بابەتـە لەبەرچـاو بگیرێـت.

کاتێـک لـە ١٩٩٨/١٠/٩ فڕۆکەکەمـان لـە ئەسـینا نیشـتەوە کاربەدەسـتانی سـوریا هەناسـەیان بـە بـەردا هاتـەوە و ئیـتر ئاسـوودە بـوون. کـە لـە ئەسـینا دابەزیـم، کالاندریـس لـە بەرامبـەرم وەسـتابوو. کالاندریـس ئەفسـەرێکی ناتـۆ بـوو و ماوەیەکـی درێـژ لـە تورکیـا ئەرکـدار کرابـوو. هەمـان ئەرکـی لـە سـوێدیش بـە ڕێـوە بردبـوو. بۆیـە ئەگـەری ئـەوە هەیـە ئەندامێکـی تـۆڕی گلادیـۆی یۆنـان بووبێـت. خـۆی وەک دۆسـتێکی لەپێـش پیشـان دەدا. تەتەرێکـی سـەیریش لـە نێوانمانـدا هەبـوو. هەندێـک لـە بەڵگەکانـی ناتـۆی بـۆ ڕەوانـە کردبـووم. لەوانەیـە بـە ئامانجـی بەدەسـتهێنانی متمانـە ئـەو هەڵوێسـت و ڕەفتـارەی پیشـان دابێـت. لـە هەمـان فڕۆکەخانـەدا منـی بـۆ لای ژەنڕاڵێکی هێـزی ئاسـمانی و ستافراکاکیسـی سـەرۆکی هەواڵگـری بـرد کـە لـە ژوورێـک چاوەڕوانیـان دەکردیـن. سـتافراکاکیس بـە هەڵوێسـتێکی لێبڕاوانـە پێـی گوتـم: «بـە شـێوەیەکی کاتیـش بێـت ناتوانیـت بێیتـە

یۆنـان.» ئـەو دۆسـتانەش لـە ئـارادا نەبـوون کـە بەڵێنیـان پـێ دابوویـن. تـا ئێـوارە مشـتومڕمان کـرد. بـە ڕێکـەوت نوێنەرمـان لـە مۆسـکۆ، نومـان ئوچـار، تەلەفۆنـی کـرد. بـە فڕۆکەیەکـی تایبەتـی یۆنانـی ڕوومـان لـە مۆسـکۆ کـرد. بـە یارمەتیـی جیرنۆفسـکیی سـەرۆکی پارتـی لیـبراڵ دیموکراتـی ڕووسـیا لـە مۆسـکۆ دابەزیـن کـە ئـەو کاتـە بـە دەسـت گێژاوێکـی ئابووریـیـەوە دەیناڵانـد. بـەڵام ئـەم جـارە سـەرۆکی هەواڵگریـی ناوخـۆی ڕووسـیا ڕووبەڕوومـان بوویـەوە. ئەویـش هەمـان هەڵوێسـتی ستافراکاکیسـی هەبـوو. هەربۆیـە لـەو هەلومەرجانـەدا مانـەوە لـە ڕووسـیا زەحمـەت بـوو. بـە قسـەی ئـەوان، نزیکـەی سیوسـێ ڕۆژ بـە نهێنـی لـەوێ مامـەوە. ئەوانـەی لایـان مامـەوە و لەگەڵـم سـەرقاڵ بـوون، سیاسـەتمەداری بـە ڕەچەڵـەک یەهـودی بـوون. لـەو بڕوایـەدا بـووم کـە ڕاسـتگۆن. بـە ڕاسـتیش دەیانویسـت بمشـارنەوە. بـەڵام ئـەو شـێوازەم بـە ڕاسـت نەدەبینـی. لـەو ماوەیـەدا هـەم ئاریـەل شـارۆنی سـەرۆکوەزیرانی ئیسرائیـل و هەمیـش مادلیـن ئۆڵبرایتـی وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا سـەردانی ڕووسـیایان کـرد. ئەوکاتـە پریماکـۆڤ سـەرۆکوەزیرانی ڕووسـیا بـوو. هەمووشـیان بـە بنەچـە یەهـودی بـوون. هەروەهـا سـەرۆکوەزیرانی ئـەو کاتـەی تورکیـا مەسـعود یلمازیـش لـە جموجووڵـدا بـوو. لـە کۆتاییـدا دوای ڕێککەوتنیـان لەسـەر پـڕۆژەی گازی سروشـتی و قـەرزە دەملیـار دۆلارییەکـەی سـندووقی دراوی نێودەوڵەتـی بڕیـاری دەرچوونـی منیـان دا.

بـە هـۆی ئـەو بڕوایـەم کـە: «هەرچۆنێـک بێـت بـە ئەزموونێکـی حەفتـا ساڵەی سۆسـیالیزمدا تێپەڕیـون، ئەگـەر بـە هـۆی بەرژەوەندییەکانیانـەوە بێـت یـان پێویسـتییەکی هەڵوێسـتی ئینتەرناسیۆنالیستی، بـە دڵنیاییـەوە بـە ئاسـانی پەسـندم دەکـەن» دەسـتبەجێ مۆسـکۆم هەڵبژاردبوو. وێـڕای هەرەسـهێنانی سیسـتەمەکەیان، بـەڵام چاوەڕوانـم نەدەکـرد تـا ئـەو ڕادەیـە ئاسـتی مـۆراڵ و ئەخلاقیـان کەوتبێـت. هەربۆیـە ڕووبـەڕووی وێرانەیەکـی سـەرمایەداریی بیرۆکراتـی بوویـن کـە زۆر لـە سـەرمایەداریی لیـبراڵ خراپـترە. لـەو سـۆنگەوە هێنـدەی هەڵوێسـتی دۆسـتەکانی ئەسـینامان بەرامبـەر هەڵوێسـتی دۆسـتانمان لـە مۆسـکۆش دووچـاری بـێ هیوایـی بوویـن. بـە مانایەکـی تـر، ئیـتر ئاشـکرا ببـوو کـە ئـەو پەیوەندییـە دۆسـتایەتییانە جێگـەی بـڕوا و متمانـە نیـن.

سـێیەمین وێسـتگەمان دیسـان بـە ڕێکـەوت لەسـەر بنەمـای سـوودبینین بـوو لـە پەیوەندییەکانمـان لـە ڕۆمـا. بـە یارمەتیـی دوو ئەنـدام پەرلەمانتـەری پارتـی کۆمۆنیسـت-بونیادی نـوێ، کـە تـازە پەیوەندیـمان لەگـەڵ بەسـتبوون ماجـەڕای ڕۆمامـان دەسـت پێکـرد. ئیـتر بـە سیناریۆکەی هەواڵگریی ئیتاڵیـا ڕۆژانـی ڕۆمـا دەسـتی پێکـرد کـە شەستوشـەش ڕۆژ بـەردەوام بـوو و بەشـێکی لـە نەخۆشـخانە بەسـەر چـوو. هەڵوێسـتی سـەرۆکوەزیرانی ئـەو کاتـەی ئیتاڵیـا ڕاسـتگۆیانە بـوو، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا ناتـەواو بـوو. گەرەنتیـی سیاسـیی تـەواوی پـێ نەبەخشـین و دۆخـی ئێمـەی بـۆ دادوەری بەجـێ دەهێشـت. لـەو ڕەوشـە تـووڕە و ناڕەحـەت بـووم. بۆیـە بڕیـارم دابـوو لـە یەکـەم دەرفەتـدا ئیتاڵیـا جـێ بهێڵـم. هەرچەنـدە ماسیمۆ دالێـما لـە دوایـن لێدوانیـدا گوتبـووی چەنـدەی بمەوێـت دەتوانـم لـە ئیتاڵیـا بمێنمـەوە، بـەڵام مـن ئـەوەم وەک هەڵوێسـتێکی ناچـاری بینـی. ئەگـەر بـە هەڵـەدا نەچووبـم، لـەو ماوەیـەدا دەستپێشـخەرییەکی هاوبەشـی عەرەبـی لـە ئـارادا بـوو. باسـی

چـوون بـەرەو شـوێنێکیان دەکـرد کـە ناوەکەیـان ئاشـکرا نەکـرد. بـەڵام بـە هـۆی نەبوونـی زامـن و فەرمـی نەبوونـی پەسـندم نەکـرد.

بـۆ دووەمیـن جـار چوونـم بـۆ ڕووسـیا هەڵـە بـوو. بـەڵام هەڵوێسـتە خـاو و سـواوەکەی نومـان ئوچـار لـەو هەڵەیـەدا ڕۆڵـی هەبـوو. بـڕوام بـە هەڵوێسـتە سـواوەکەی ئـەو کەسـە کـرد کـە تـا ئێسـتاش لـە ناوەڕۆکەکـەی تـێ نەگەیشـتووم و کەوتمـە ڕێ. ئەگـەر ڕووی ناوەوەیـم زانیبوایـە هەرگیـز لـە ڕۆمـا دەرنەدەچـووم. دەسـتخەڕۆیان کردبـووم. کاتێـک بـە فڕۆکـە تایبەتەکـەی ماسـیمۆ دالێـما لـە سـنووری ناتـۆ دەرچـووم ئۆخەیەکـم کـرد. بـەڵام ئـەو دەرچوونـە وەک ئـەوە وابـوو کاتێـک هەوڵـمان دەدا لـە بـاران ڕزگارمـان بێـت کەوتینـە بـەر تـەرزە. ئـەو جـارە دوای ڕازیکردنـم لـە لایـەن هەواڵگریی ناوخـۆی ڕووسـیاوە کـە بـەرەو ئەرمەنسـتان دەڕۆیـن، بردمیانـە فڕۆکەخانـە. لـەو بڕوایـەدام وەک پێویسـتیەکی سـیناریۆی ئامادەکـراو دەسـتبەرداری مەسـەلەی ئەرمەنسـتان بـوون، بۆیـە پێیـان گوتـم بـۆ هەفتەیـەک دەتوانیـت بچیتـە تاجیکسـتان تـا لـە ئـەو هەفتەیـەدا شـوێنێکی ئەڵتەرناتیـڤ ئامـادە دەکەیـن. بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان، هەڵیـان خەڵەتانـدم و بـە فڕۆکەیەکـی بارهەڵگـر لـە دۆشـنبەی پایتەختـی تاجیکسـتان دایـان بەزانـدم. بەبـێ چوونـەدەرەوە، یـەک هەفتـەی تـەواو لـە ژوورێکـدا چاوەڕوانیـمان کـرد. دواتـر دووبـارە گەڕاینـەوە مۆسـکۆ و بـە ناچـاری پەیوەندیـمان بـە دۆسـتە یۆنانییـەکان کـردەوە. دوای دوو ڕۆژی پـڕ لـە ماجـەڕا و ساردوسـڕ و بەفراویـی مۆسـکۆ، دووبـارە ڕوومـان لـە ئەسـینا کـرد.

هێنـدەی لـە بیرمـە، ئـەو جـارە بـە ئەسـپایی بـە خۆمـم گـوت کـە کەوتوومەتـە داوی یاریـی خوداوەندەکانـی ئۆلۆمپۆسـەوە. تـەواو لـە نێـو تارمایـی ئـەو خوداوەندانـەدا بـووم. بـە تایبەتیـش خوداوەنـد هادیسـم بـە بیـردا هـات. کاتێک لە هۆڵـی VIPی فڕۆکەخانـە چووینـە ژوورەوە، چاودێرییە بـێ ئامانەکـەی خوداوەنـدی دۆزەخ هادیـس، دەسـتی پێکـرد. شـەوێک لـە ماڵـە پەرشـوبڵاوەکەی خەسـووی ناکازاکیسـی هاوڕێـم خەوتـم کـە لـە ژنـە جادووگەرەکانـی چەرخـی کـۆن دەچـوو. لێـم پرسـیبوو «پانگالـۆس چـی دەکات؟» کاتێـک گوتـی: «لـە هەڵبژاردنەکانـدا بـەکاری دێنێـت»، ئاشـکرا بـوو کـە چەنـدە لـە ڕاستییەکانی سـەردەم دابـڕاوە. تۆزێکیـش ڕاسـتینە کـۆن و ڕەسـەنەکەی گەلـی یۆنانـی دەهێنایـەوە بیـری مـرۆڤ کـە زۆر بێهێـز کـراوە. دوای ئـەو شـەوە، بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان هەنگاونـان بـەرەو سـەربازگەی مـەرگ دەسـتی پێکـرد. هادیـس بـە تـەواوی دەسـتبەکار بـوو. هـەر قسـەیەک کـە دەکـرا و هـەر کارێـک کـە دەکـرا، ساختە و درۆ و دەلەسـە بـوون. ئایـا کەسـی ڕاسـتگۆ نەبـوو؟ هەڵبـەت هەبـوو، بـەڵام هەموویـان بەرامبـەر دڕندەکـەی مۆدێرنیتـە بێچـارە بـوون.

وەک چـۆن ڕەمـزی لینیـن لـە ڕۆیشـتنمان بـۆ مۆسـکۆ کاریگەریـی هەبـوو، ئـەو جـارە لـە ڕۆیشـتنمان بـەرەو ئەفریقـا ڕەمـزی ماندێـلا کاریگەریـی هەبـوو؛ گوایـە دەچووینـە باشـووری ئەفریقـا، لەوێـش هـەم پەیوەندیـی دیبلۆماسـیی تەندروسـتانەمان دروسـت دەکـرد، هـەم پاسـپۆرتی فەرمیـم وەردەگـرت. یۆنـان بـە سـاختەکارییەکەی لـەو تەڵەکەبازییەشـدا سـەرکەوتوو بـوو. لـە بنەڕەتـدا دەبوایـە هەڵوێسـتم بەگوێـرەی ئـەو حەقیقەتـە بوایـە کـە بـە درێژایـی مێـژوو

ئـەو سـاختەکارییە دیموکراسـیی گەلـی یۆنانـی فریـو داوە و دووچـاری تراژیدیـای مەزنـی کـردووە. بـەڵام بـڕوای بێگەردیـی منداڵانـە بـە دۆسـتایەتی کاریگەریـی لەسـەر ئـەو هەڵوێسـتەم هەبـوو. لـە کاتـی دەرچـوون لـە یۆنـان و چوونمـان بـەرەو هـەردوو فڕۆکەخانەکـە، شـوفێری ئـەو ئۆتۆمبێلانـەی منیـان سـوار کردبـوو بـە ئەنقەسـت شـتێکیان دەکـرد تـا بـە ئـاگا بێمـەوە و هەسـت بـە دۆخەکـە بکـەم و لـە چـوون پاشـگەز ببمـەوە. بـەو ئامانجـەی لـە پیلانگێڕییەکـی گـەورە ئاگادارمـان بکەنـەوە، ڕاسـتگۆ بـوون و هەرچییەکیـان بـۆ کـرا کردیـان. ئەگـەری هەیـە ئەوانیـش ئەندامـی پلەنزمـی هەواڵگـری بووبـن. یەکەمیـان ئۆتۆمبێلەکـەی بـە فڕۆکەکـەدا کێشـا و چوونمانـی بەربەسـت کـرد. هیـی دووەمیشـیان سـەرباری نهێنیـی چوونەکەمـان بـۆ فڕۆکەخانـە، بـەڵام بـە بیانـووی خراپبوونـی ئۆتۆمبێـل، حـەوت جـار بـۆ مـاوەی چەندیـن دەقیقـە نزیـک لـە فڕۆکەخانەکـە وەسـتا. بـەڵام هێنـدە بڕوامـان بـە بەڵێنەکانیـان هەبـوو ئـەو دۆخەمـان نەبینـی. بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە، پەلەمـان دەکـرد تـا زووتـر بزانیـن چـی لـە چارەنووسـمان نـووسراوە. ئـەو فڕۆکەیـەی سـواری بوویـن، یەکێـک لـەو فڕۆکانـە بـوو کـە تـۆڕی گلادیـۆ لـە ئۆپەراسـیۆنە نهێنییەکانـدا بـەکاری دەهێنـان.

هەروەهـا بـەر لـەوە گەشـتێکمان بـۆ شـاری مینسـک[٢] کـرد. گوایـە بـەر لـە چـوون بـۆ نایرۆبـی، لـە ڕێگـەی مینسـکەوە دەچینـە هۆڵەنـدا. دیسـان بـە فڕۆکەیەکـی تایبـەت لـە مینسـک دابەزیـن و دوو کاتژمێـر زیاتـر لـە باوەشـی ئـەو سەرماوسـۆڵە بـێ وێنەیـەی ئـەوێ چاوەڕێـمان کـرد، بـەڵام فڕۆکـە چاوەڕوانکراوەکـە نەهـات. پۆلیسـەکانی فڕۆکەخانـەی بیلاڕووسـیا بـۆ چەندیـن دەقیقـە فڕۆکەکەمانیـان پشـکنی. وەک ئەگەرێـک و دوایـن دەرفـەت لەوانەیـە، منیـان لـە فڕۆکەخانـەی مینسـک جـێ بهێشـتایە. ئـەوی تریـش بـۆ ویژدانـی بەڕێوەبەرایەتیـی بیلاڕووسـیا مابوویـەوە. ئـەوەی سـەیرە، لـە هەمـان کاتـدا عیسـمەت سـەزگینی وەزیـری بەرگریـی میللـی تورکیـا بـە سـەردانێک لـە مینسـک بـوو. کـە فڕۆکـەی چاوەڕوانکـراو نەهـات، گوایـە دەرفەتـی دواییـش لـە دەسـت چووبـوو. ئیـتر گەڕانـەوە بـۆ دواوەش جۆرێـک لـە «مردنـی سـپی» بـوو. لـە باسـەکانی دواترمـدا لاربوونـەوەی فڕۆکەکـەی گلادیـۆم بەسـەر دەریـای سـپیدا بـە کاروانـی ئـەو شـەمەندەفەرانەم چوانـد کـە لـە کۆمەڵکوژیـی یەهودییەکانـدا بـۆ گواسـتنەوەیان بـەکار دەهێـنران. ئـەوەی لـە ئارادابـوو هەسـتیارترین و مەترسـیدارترین قۆناغـی ڕژێمـی کۆمەڵکـوژی ڕێکخـراو بـوو کـە لـە کەسایەتیی منـدا دژ بـە گەلێک پەیـڕەو دەکـرا. لـەو گەشـتانەدا ڕووی نهێنـی و ڕاسـتەقینەی ناتـۆم بـۆ ڕوون بوویـەوە. کاتێـک لـە مینسـک گەڕاینـەوە، بـەو ئامانجـەی فڕۆکەکەمـان لـە هیـچ یەکێـک لـە فڕۆکەخانەکانـی ئەوروپـا نەنیشـێتەوە، بـۆ مـاوەی ٢٤ کاتژمێـر ڕەوشـی نائاسـایی ڕاگەیەنرابـوو. وەک ڕوون دەبێتـەوە، جگـە لـە فڕۆکەخانـەی مینسـک لـە بیلاڕووسـیای یاخـی، هیـچ فڕۆکەخانەیەکـی دیکـە نیشـتنەوەمانی پەسـند نەدەکـرد. لـە دۆزەخەکـەی نایرۆبیـش سـێ ڕێگەیـان لـە پێـش دانابـووم: یەکەمیـان، بـە بیانـووی سـەرپێچیکردنی فەرمـان بـۆ ماوەیەکـی درێژخایـەن، مردنێـک بـوو کـە شـێوەی پێکدادانـی پـێ دەدرێـت، دووەمیـان، بەبـێ ئـەوەی قسـەیەکی CIA بکـەم بـە دوو، فەرمانەکانیـان پەسـند بکـەم

٢- پایتەختی ڕووسیای سپییە. بارەگای یەکێتیی دەوڵەتە سەربەخۆکانی لێیە.

و بـه تـەواوی ڕادەسـتیان بـم، سـێیەمیان، قۆڵبەسـتکردن و ڕادەسـتکردنم بـوو بـە تیمەکانـی هێـزی تایبەتـی تـورک کـە لـە مێـژ بـوو ئامـادە کرابـوون.

کاتێـک لـە نایرۆبـی بوویـن، یەکێـک لـەو کەسـانەی لەگەڵمـدا بـوو، دیـلان، لـە حاڵەتێکـی ڕۆحیـی زۆر نائارامـدا بـوو. ئەگـەر بـە تـەواوی بۆچوونەکانـی خـۆی ڕوون بکردایەتـەوە و توانای خسـتنەگەڕی ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵـی مەدەنیـی هەبوایـە، لەوانەیـە پیلانگێڕییەکـە تـا ڕادەیـەک بەربەسـت بکرایـە، یاخـود مایەپـووچ بکرایەتـەوە. کاتێـک پێشـنیازی کـرد بـە دەمانچەیـەک خۆمـان بپارێزیـن، لام سـەیر بـوو و پەسـندم نەکـرد. چونکـە ئـەوە مانـای خۆکوژیـی مـن و هەمومـان بـوو. نیـازی خۆکوشـتنم نەبـوو. تـا دواسـاتیش لێـم پاڕایـەوە دەمانچەکـەی لـێ وەربگـرم. ئەگـەر دەمانچەکـەم لابوایـە و هەوڵـی بەکارهێنانیـم دابوایـە، مسـۆگەر ئـەو هەڵوێسـتە مانـای مـردن بـوو. دواتـر لـە کاتـی لێپرسـینەوەدا پێیـان ڕاگەیانـدم کـە لـە حاڵەتـی بەکارهێنانـی چەکـدا فەرمانـی کوشـتن هەبـووە. هەروەهـا پێیـان گوتـم کـە دەرچوونـم لـە کۆنسـوڵگەریش مانـای مـردن بـوو، ئاقڵمەندانەتریـن هەڵوێسـتت پیشـان داوە. نازانیـن تـا چ ڕادەیـەک ڕاسـتی دەڵێـن.

تێگەیشـتنی هەڵوێسـتی باڵویـز کۆسـتالس لـەو پـازدە ڕۆژەی نایرۆبـی گرنـگ و بایەخـدارە. ئایـا بەکاریـان هێنابـوو؟ یاخـود زۆر پێشـووتر وەک بەشـێکی پیلانەکـە ئامـادە کرابـوو؟ نەمتوانـی ئـەوە شـیکاری و یەکلایـی بکەمـەوە. بـەر لـە ڕادەسـتکردنەوەم بـە هیـچ جۆرێـک سـەردانی ئـەو ماڵـەی نەکـرد کـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی خـۆی بـوو. کاتێـک ویسـتیان بـە فشـار لـە کۆنسـوڵخانە وەدەرم نێـن، بـە تونـدی بەرپەرچـی پاسـەوانەکەی نایرۆبیـی دایـەوە. بـەڵام لەوانەیـە ئـەو هەڵوێسـتەی ساختەکارانەش بووبێـت. ئـەو جـارەش گوایـە پانگالـۆس مۆڵەتـی هۆڵەنـدای وەرگرتـووە. بـڕوام بـەو قسـەیە نەکـرد. چونکـە لـە حاڵەتێکـدا کـە لـە کۆنسـوڵخانە دەرنەچووبـام، تیمـە تایبەتەکانـی یۆنـان لـە بۆسـەدا بـوون تـا بـە ناچـاری بـەدەرم نێـن. پۆلیسـی کینیـاش بـۆ ئەنجامدانـی هەمـان کار ئامـادە کرابـوو. هەڵبەتـە ئیـتر چیرۆکـی چـوون بـەرەو باشـووری ئەفریقـاش وەک هەڵخەڵەتاندنێـک بـوو و لـە مێـژ بـوو لـە بیـر کرابـوو. هەرچـی ئـەو پێشـنیازانە بـوون کـە لـە بـارەی پەنابردنـە بـەر نەتـەوە یەکگرتـووەکان و کڵێسـاش دەکـران، جێـی گومـان بـوون. هەربۆیـە پێداگـری و هەوڵەکانـم لـە پێنـاو مانـەوە بـوو لـە کۆنسڵخانە.

قۆناغـە چـوار مانگییەکـەی ١٩٩٨/١٠/٩ تـا ١٥ی شـوباتی ١٩٩٩ زۆر سـەیر تێپـەڕی. جگـە لـە ئەمریـکای هێـزی هەژموونگەرایـی جیهـان، هیـچ هێزێکـی دیکـە نەیدەتوانـی ئـەو ئۆپەراسـیۆنە چوار مانگییـە ڕێـک بخـات. ڕۆڵـی هێزەکانـی شـەڕی تایبەتـی تـورک (ژەنـڕاڵ ئەنگیـن ئـالان سـەرۆکی ئـەو هێزانـە بـوو) لـەو قۆناغـەدا تەنهـا گواسـتنەوەی مـن بـوو (بـە فڕۆکـە) بـۆ ئیمڕالـی. بـە دڵنیاییـەوە ئـەوە یەکێـک لـە ئۆپەراسـیۆنە گرنگەکانـی مێـژووی ناتـۆ بوو. ئـەوەش هێنـدە ڕوون و ئاشـکرا بوو، بۆ هـەر کوێیـەک دەچوویـت هەمـان هەڵوێسـت لـە ئارادا بـوو. کـەس هەڵوێسـتێکی جیـاوازی پیشـان نـەدەدا؛ کەسـانێکی لـەو جـۆرەش هەبوونایـە یەکسـەر بێکاریگـەر دەکـران. بگـرە ڕووسـیای مەزنیـش بـە شـێوەیەکی ڕوون و ئاشـکرا بێکاریگـەر کرابـوو. هەڵوێسـتی یۆنانییەکانیـش بـۆ ڕوونکردنـەوەی

هەمـوو شـتێک بـەس بـوو. هەروەهـا ئـەو ڕێـکارە ئاسایشـییەی لـە نـاوەوە و دەرەوەی ئـەو ماڵـە گیرابـووە بـەر کـە لـە ڕۆمـا لێـی گیرسـابوومەوە، ڕەوشـەکەی ڕوون دەکـردەوە. ڕێوشـوێنی نائاسـایی تایبـەت بـە دیلیـان گرتبـووە بـەر. نەمدەتوانـی هەنگاوێکیـش بـۆ دەرەوە بنێـم. تیمـە تایبەتەکانـی ئاسـایش ٢٤ کاتژمێـر هەمـوو شـوێنێکیان خسـتبووە ژێـر کۆنترۆڵـەوە. حکومەتـی دالێـما حکومەتێکـی چەپـی دیموکراسـیخواز بـوو. دالێـما بـێ ئەزمـوون بـوو، خـۆی بـە تەنهـا نەیدەتوانـی بڕیـار بـدات. تـەواوی ئەورووپـا گـەڕا. ئینگلتـەرا پێـی گـوت پێویسـتە خـۆت بڕیـار بدەیـت و هاوکارییەکـی ئەوتـۆی نەکـرد. هەڵوێسـتی بڕۆکسـلیش ڕوون نەبـوو. لـە ئاکامـدا حەواڵـەی دادوەری کرایـن. ناشـێت ڕۆڵ و کاریگەریـی گلادیـۆ لـەو هەڵوێسـتەدا نەبینرێـت. بێگومـان ئیتاڵیـا یەکێـک لـەو وڵاتانـە بـوو کـە تـۆڕی گلادیـۆ تێیـدا زۆر بەهێـز بـوو. بەرلسـکۆنی هەمـوو هێـزی خـۆی خسـتبووە گـەڕ. خـۆی ئەندامـی گلادیـۆ بـوو. کاتێـک بینیـم ئیتاڵیـا توانـای لەخـۆوە گرتنـی منـی نییـە، ناچـار بـووم ئەوێـش بەجـێ بێڵـم. هەڵبەتـە لـە بەرامبـەر ئـەو دۆخـەدا تورکیـا کرابـوو بـە بڕواپێکراوتریـن و پاشـکۆترین وڵاتـی ئەمریـکا و ئیسرائیـل. ئـەو قۆناغـەی بـە جیهانیبوونـی سەرشـێتانە دادەنرێـت، لـە ڕاسـتیدا جگـە لـە چیرۆکـی پێشکەشـکردنی تورکیـا بـە سـەرمایەی فینانسـی جیهانـی، شـتێکی تـر نەبـوو.

سـیناریۆی داگیرکردنـی عێراقیـش پەیوەندییەکـی بەهێـزی بـە ڕادەسـتکردنەوەی منـەوە هەیـە. لـە ڕاسـتیدا داگیرکـردن لەگـەڵ ئۆپەراسـیۆنەکەی سـەر مـن دەسـتی پێکـرد. هەمـان خـاڵ بـۆ داگیرکردنـی ئەفغانسـتانیش لـە جێگـەی خۆیدایـە. بـە مانایەکـی تـر، یەکێـک و یەکەمیـن هەنـگاو بـۆ جێبەجێکردنـی «پـڕۆژەی خۆرهەڵاتـی ناوینـی مـەزن»، ئۆپەراسـیۆنەکەی دژی مـن بـوو. لـە خـۆڕا ئەجەویـد نەیگـوت: «بـە هیـچ جۆرێـک تـێ نەگەیشـتم بۆچـی ئۆجالانیـان تەسـلیم بـە ئێمـە کـردەوە.» وەک چـۆن یەکەمیـن جەنگـی جیهانـی بـە کوژرانـی شـازادەی جێنشـینی نەمسـا بـە دەسـتی ناسیۆنالیسـتێکی سربـی دەسـتی پێکـرد، بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان، «سـێیەمین جەنگـی جیهانی»یـش بـە ئۆپەراسـیۆنەکەی سـەر مـن دەسـتی پێکـرد. بـە ئامانجـی تێگەیشـتنی قۆناغـی دوای ئۆپەراسـیۆن، پێویسـتە دەرک بـە ڕووداوەکانـی بـەر لـە ئۆپەراسـیۆن و کاتـی ئۆپەراسـیۆنەکە بکرێـت. بـە ئامانجـی تاوتوێکردنـی مەسـەلەی دەرکردنـم لـە سـوریا، بیـڵ کلینتۆنـی سـەرۆکی ئـەو کاتـەی ئەمریـکا دوو جـار، جارێکیـان لـە دیمەشـق و جارێکیشـیان لـە سـویسرا، کۆبوونـەوەی چـوار کاتژمێریـی لەگـەڵ حافـز ئەسـەدی سـەرۆکی سـوریا کردبـوو. لـەو دیدارانـەدا حافـز ئەسـەد هەسـتی بـە گرنگیـی پێگـەی مـن کردبـوو، هەربۆیـە درێژکردنـەوەی ئـەو دۆخـەی لـە بەرژەوەندیـی خۆیـدا بینـی. بـە شـێوەیەکی کاتییـش بێـت، داوای بەجێهێشـتنی سـوریایان لـێ نەکـردم. بـە نیـاز بـوو تـا کۆتایـی مـن وەک فاکتەرێکـی هاوسـەنگیکردن لـە بەرامبـەر تورکیـا بـەکار بێنێـت. منیـش سـوریام ناچـاری پیشـاندانی هەڵوێسـتێکی سـتراتیژی دەکـرد. بـەڵام هێزەکـەم و دۆخەکـەم بـۆ سەرخسـتنی ئـەو هەنـگاوە لەبـار نەبـوون. ئەگـەر لـە ئێـران بوومایـە، لەوانەیـە ڕێککەوتنێکـی سـتراتیژیمان بکردایـە. لـەو بارەیـەوە نەمدەتوانـی متمانـە بـە ئێرانیـش بکـەم؛ بـە هـۆی هەڵوێسـتە باوەکانیانـەوە دوودڵ بـووم (پیلانگێڕییەکانـی لـە دژی سـمکۆی شـکاک و قاسـملۆ و هاوشـێوەکانی، لـە مێژووشـەوە

لەسـەرکارلابردنی ئەسـتیاک لـە لایـەن هەرپاکۆسـەوە). کلینتـۆن و سـەرکردە کوردەکانـی عێـراق مانـەوەی منیـان لـە سـوریا بەگوێـرەی بەرژەوەندیـی سـتراتیژیی خۆیـان نەدەبینـی. چونکە تـا دەهات کـورد و کوردسـتان لەژێـر کۆنترۆڵیـان دەردەچـوو. هەروەهـا ئیسرائیلیـش زۆر لـەو دۆخـە ناڕەحـەت و نیگـەران بـوو. چونکـە کۆنترۆڵکردنـی کوردسـتان ڕۆڵێکی چارەنوسسـازی لـە جێبەجێکردنـی پیلانەکانی دەرهـەق بـە عێـراق هەبـوو. هەربۆیـە دەیانویسـت دەرکەوتـن لـە سـوریا و وازهێنـان لـە ڕێبـازی ئـازادی و ناسـنامەی کوردیـی سـەربەخۆم بەسـەردا بسـەپێنن.

هـۆکاری بوونـی ئێمـەش پارتەکەمـان و ڕێبـازی ئـازادی بـوو. ئەمریـکا و ئینگلتـەرا پابەنـدی ئـەو بەڵێنـە بـوون کـە لـە سـاڵی ١٩٢٥ بـە تورکیایـان دابـوو (بـەو مەرجـەی پەنجـە بـۆ کوردسـتانی عێـراق نەبـەن، کوردسـتانی تورکیـا بکەنـە قوربانـی). لەسـەر ئـەو بنەمایـەش، تورکیـا ببـوو بـە ئەندامـی ناتـۆ و لـەو چوارچێوەیـەدا سـەبارەت بـە پرسـی کـورد ڕێککەوتبـوون. پێگـە و سـتراتیژییەکەمان هەڕەشـەی لـەو هەژموونگەرایـی و هاوسـەنگییەی خۆرهەڵاتـی ناویـن دەکـرد کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی و هەلومەرجـی مەرحەلیـش گرنگـی و بایەخێکـی مەزنـی هەبـوو. یـان ئەوەتـا دەچووینـە نـاو خولگـەی ئـەو هەژموونگەراییـەوە یـان لەناویـان دەبردیـن. هەرچـی دەوڵەتـی تورکیایـە خوازیـار بـوو ئـەو ڕێککەوتنانـەی لـە سـاڵی ١٩٢٥ لەگـەڵ هێـزە هەژموونگـەراکان کردبوونـی (ڕێککەوتـن سـەبارەت بـە بابەتـی موسـڵ-کەرکووک لـە سـاڵی ١٩٢٦دا، ئـەو ڕێککەوتنانـەی لـە سـاڵانی ١٩٥٨ و ١٩٩٦ لەگـەڵ ئیسرائیـل ئیمـزا کـراون) لەسـەر بنەمـای سـڕینەوەی کـورد لـە لاپەڕەکانـی مێـژوودا، بـەکار بێنێـت. ئایدیۆلۆژیـای میللیگەرایـی عەلمانیـی پۆزەتیڤیسـت دەرفەتـی بـەو هەنـگاوە دەدا. کادیرانـی کۆمـار بـەوە ڕازی کرابـوون. لە ڕاسـتیدا ئەوە ڕەوشـێکی زۆر پێچەوانـە و دژی ڕێککەوتـن و ڕۆحی پەیوەندیی مێژوویـی نێـوان کورد-تـورک بـوو. بـەڵام بـە هـۆی حیسـابەکانی دامەزراندنـی ئیسرائیلـەوە هیـچ سەرشـێتییەک نەبـوو سیسـتەم نەیـکات. قـەوارە دروسـتکراوەکەی ئـەو ئایدیۆلۆژیـا، کادیـر و چینـەی بـە واقیعـی تورکـی سـپی نـاو دەبرێـت، لەسـەر ئـەو بنەمایـە بونیـاد نرابـوو. هەروەهـا PKK گورزێکـی کوشـندەی لـەو پێکهاتەیـەش وەشـاندبوو. چونکـە پەسـندکردنی ناسـنامەی کـورد و دداننـان بـە ئازادییەکەیـدا مانـای نکۆڵیکردنـی ئـەو قەوارەیـە بـوو، بـە لانـی کەمـەوە دەسـتبەردان لـەو سیاسـەتە کوشـندەیەی دەکـردە پێویسـتییەک. هەرچـی ئـەو ڕێککەوتنانـەن کـە لەگـەڵ ئیسرائیـل کرابـوون، گرنگییەکـی چارەنوسسـازیان بـۆ ئـەو قەوارەیـە هەبـوو. لـە بنەڕەتـدا خـودی دەوڵـەت-نەتـەوەی تـورک وەک پرۆتۆ-ئیسرائیـل بونیـاد نرابـوو.

لـە چوارچێـوەی پەیوەسـت بـە PDK-عێراقیـش هەوڵـی ئاواکردنـی قـەوارە و پێکهاتەیەکـی کـوردی سـپی هاوشـێوە دراوە. هەمـان ناوەنـد ئافراندنـی دوو هێـزی کـورد و تورکـی هاوشـێوە و ناکـۆک لەگـەڵ یەکتریـان بـە پێویسـتیەکی بنەڕەتـی بوونـی خۆیـان دەزانـی (لەپێنـاو ئاسایشـی ئیسرائیـل و بەرژەوەندیـی هێـزە هەژموونگـەراکان لـە خۆرهەڵاتـی ناوینـدا، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە ئەمریـکا و ئینگلتـەرا). پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانیـان لـە چوارچێـوەی ئـەو دوو هێـزەی وابەسـتە بـە خۆیـان و ناکـۆک بـە یەکـتر، تـا دواڕادە سیاسـەتێکی ئاقڵانـە بـوو. بـەڵام دەرکەوتنـی PKK ئـەو یارییـە

مێژوویی و هەنووکەییەی تێک دەدا. بە تایبەتیش لەدایکبوونی دەرفەتی ئاشتی و ڕێگەچارە لە ساڵانی ١٩٩٣ و ١٩٩٨ مانای کۆتایی هاتنی ئەو یارییە بوو. هەر بۆیەش مۆڵەتیان بەو شێوازەی چارەسەر نەدا و تیرۆر و پیلانگێڕیی مەزن ڕێکخران. کاتێک PKK کورد لەژێر کۆنترۆڵیان دەربهێنێت و لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگەکانی دیکە ئاشتیان بکاتەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە لەگەڵ تورکەکان، ئەوا گورزێکی ستراتیژی دەبێت لە بەردەوامیدان بە بەرژەوەندی و پیلان و یارییە هەژموونگەراییەکانی ئەو هێزانە لە خۆرهەڵاتی ناویندا. ئەو خاڵانەی بە شێوەیەکی تێروتەسەلتر دەتوانین ڕاستییەکانی ڕیز بکەین، بەپێی پێویست ڕوونی دەکەنەوە کە بۆچی ئامانجی پیلانگێڕییەکەی ساڵی ١٩٩٨ گەورە و ستراتیژی بوو.

لەو قۆناغەدا کلینتۆن بایەخێکی زۆری بە شاڵاوە هەژموونگەراییەکەی خۆرهەڵاتی ناوین دەدا و جەختی لەسەر گرنگی ڕۆڵی تورکیا دەکردەوە. ڕاوێژکارە تایبەتەکەی خۆی، ژەنراڵ گالتاری، ئەوکاتە ڕای گەیاند کە ئۆپەراسیۆنەکەی دژی من بە فەرمانی خودی کلینتۆن بە ڕێوە براوە. کاتێک دێینە سەر باسی «سێیەمین جەنگی جیهانی»یش، لە زۆر لایەنەوە تێپەڕاندنی ئاماری یەکەمین و دووەمین جەنگەکانی جیهانی لە لایەن ئاماری ئەو شەڕانەی لە ڕووداوەکانی زۆربەی وڵاتانی هاوشێوەی عێراق، ئەفغانستان، لوبنان، یەمەن، سۆماڵ و میسر هاتووەتە ئاراوە، بۆ تێگەیشتن لە واقیعی ئەو شەڕە بەسە و ڕوونکەرەوەیە. هەڵبەتە ئەو خاڵە مایەی تێگەیشتنە، ئەوەیە کە بە هۆی چەکی ئەتۆمییەوە «سێیەمین جەنگی جیهانی» بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ ڕوو دەدات، ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت و لەمیانەی تەکنۆلۆژیای جیاوازەوە بە ڕێوە دەبرێت. دوایین لوتکەی ناتۆ لە لیشبۆنە و قووڵکردنەوەی ئابڵۆقەکەی ئەمریکا لەسەر ئێران، زانیاریی پێویست سەبارەت بە ئاڕاستەی «سێیەمین جەنگی جیهانی» دەخاتە ڕوو.

«سێیەمین جەنگی جیهانی» واقیعێکە و جوگرافیای خۆرهەڵاتی ناوین و زەمینە کولتوورییەکەی تەوەرەو چەقی قورساییەکەیەتی. تەنها ئەو بوویەرانەی لە چەقی قورسایی «سێیەمین جەنگی جیهانی» لە عێراق ڕوو دەدەن، بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوونی دەکەنەوە کە ئەو شەڕە تەنها پەیوەندیی بە وڵاتێکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە بەرژەوەندی و بوونی هێزە هەژموونگەراکانی جیهانەوە هەیە. ئەو جەنگە تەنها دوای بێکاریگەرکردنی تەواوەتیی ئێران، سەقامگیربوونی بارودۆخی ئەفغانستان و عێراق، بەلاوەنانی دۆخی هەڕەشەی چین و ئەمریکای لاتین، دەشێت کۆتایی بێت. لەو سۆنگەیەوە، هێشتا لە ناوەڕاستی شەڕەکەداین. هەرچەندە گوتنی شتێکی ڕەها و مسۆگەر لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە ڕاست نییە، بەڵام بە لانی کەمەوە لەوانەیە شەڕەکە دە ساڵی دیکە بەردەوام بێت (دوایین پلانە ستراتیژییەکانی ناتۆش بۆ ماوەی دە ساڵ پێشبینی کراوە). هەندێک جار ڕێبازی دیبلۆماسی، جارانێکیش توندوتیژی چڕ دەبنەوە. هەروەها لەمیانەی قەیرانی ئابووریی دژوار و کۆنترۆڵکراوەوە دەستێوەردان بە ڕۆژەڤ دەکرێت. لەپێشینەیی ناوچەکان دەگۆڕێت، بەڵام بە جۆرێک لە جۆرەکان، شەڕ بە شێوەیەکی هەمەگیری لە چەندین ناوچە ڕوو دەدات. لێرەوە، تەنها کاتێک ئەو سروشتە بنەڕەتییەی شەڕ

لەبەرچـاو بگیرێـت، ئـەو کاتـە باشـتر دەرک بـەو ڕاسـتییە دەکرێـت کـە بۆچـی ئۆپەراسـیۆنەکەی سـاڵی ١٩٩٨ دژی مـن لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا بـە ڕێـوە چـوو و لەبەرچـی گەورەتریـن ئۆپەراسـیۆنی تـۆڕی گلادیـۆی ناتۆیـە. بـەڵام بێگومـان لـە شـەڕە گەورەکانـدا بـەردەوام هێـزە هەژموونگـەراکان سـەرکەوتوو نابـن. بەڵکـو گەلانیـش دەتوانـن دەسـکەوتگەلێکی زۆر بـە دەسـت بێنـن. بگـرە لەوانەیـە هێـزە هەژموونگـەراکان وەک سیسـتەم ژێـر بکـەون، گەلانیـش وەک سیسـتەم سـەرکەوتن بـە دەسـت بێنـن.

وەک تەوەرێکی سەرەکیی باسی دواتر هەوڵی شیکردنەوەی ئەو بابەتە دەدەم.

**٢- قۆناغی ئیمڕالی:**

هەوڵیانـدا گرنگتریـن بەشـی پیلانگێڕییـە گەورەکـەی گلادیـۆ لـە ئیمڕالـی جێبەجـێ بکـەن. تەنهـا ئەرکـی ژەنـڕاڵ ئەنگیـن ئالانـی سـەرۆکی ئـەو یەکینەیـەی منـی هێنایـە دوورگەکـە، بەسـە بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئـەو واقیعـە. ئەنگیـن ئـالان فەرمانـدەی هێـزە تایبەتەکانـی ئـەو قۆناغـە بـوو، واتـە بەرپرسـە فەرمییەکـەی گلادیـۆی تـورک بـوو. هەرچـی هەڵوێسـتی کاربەدەسـتەکەی کۆنسـەی یەکێتیـی ئەوروپایـە کـە لـە دوورگەکـە پێشـوازیی لـێ کـردم، باشـتر ڕەهەنـدی یەکێتیـی ئەوروپـای دەرهـەق بـە پیلانگێڕیەکـە ڕوون دەکـردەوە. بـەم جـۆرەش، ڕێککەوتنـی نێـوان ئەمریـکا، ئەوروپـا و بەڕێوەبەرانـی تورکیـا ئاشـکرا دەبـوو. بەڵگەیەکـی ڕوونـتر لـەو سـێ هێمایـە (لێدوانەکانـی ڕاوێـژکاری تایبەتـی کلینتۆنـی سـەرۆکی ئەمریـکا ژەنـڕاڵ گالیتـاری، هەڵوێسـتی ژنـە کاربەدەسـتەکەی کۆمیسـیاری سیاسـیی یەکێتیـی ئەوروپـا و ڕۆڵـی بەرپرسـی فەرماندارێتیـی هێـزی تایبەتـی تـورک ئەنگیـن ئـالان) نییـە کـە ئۆپەراسـیۆنەکە لـە سـەرەتاوە تـا کۆتایـی لەژێـر بەرپرسـیارێتیی سیاسـیی ئەمریـکا و یەکێتیـی ئەوروپـا و لـە لایـەن تـۆڕی گلادیـۆی ناتـۆوە بـە ڕێـوە چـووە. بـەر لـە ئاشـکرابوونی ئـەو حەقیقەتانـەش هیـچ گومانێکـم لـەوەدا نەبـوو کـە ئـەو هێـزەی منـی بێکاریگـەر کـردووە، هێـزە ئاسایشـیەکانی حکومەتـی تـورک نیـن، بـەڵام تـەواو لـە میکانیزمـی ئۆپەراسـیۆنەکە تـێ نەگەیشـتبووم. ئۆپەراسـیۆنەکە زۆر جیاوازتـر لـە واقیعەکـەی خـۆی پیشـان دەدرا. بـە ئەنقەسـت و پێداگریـەوە کەشـێکی لـەو جـۆرە دروسـت دەکـرا کـە گوایـە حکومەتـی تورکیـا فشـار دێنێـت و ئەنجـام بـە دەسـت دێنێـت. تەنانـەت کاتێـک سـەرەتا بڵنـد ئەجەویـدی سـەرۆکوەزیریش بێئاگایـی خـۆی لـە هـۆکاری دەسـتگیرکردن و ڕادەسـتکردنم بـە تورکیـا ڕاگەیانـد، بـووە بەڵگەیەکـی گرنـگ و سـەلمێنەری ئـەو بانگەشـەیەم. چەنـدەی ئـەو بوویەرانـە شـیکاری و یەکلایـی بکرێنـەوە، ئـەوا ئیدیعـا و بانگەشـەکەم بـە شـێوەیەکی باشـتر دەسـەلمێت.

یەکـەم کـەس کـە لـە دوورگـەی ئیمڕالـی پێشـوازیی لـێ کـردم، ئەفسـەرێک بـوو بـە پلـەی عەقیـد، جلـی فەرمـی پۆشـیبوو و خـۆی وەک نوێنـەری سوپاسـالار ناسـاند. لـە دانیشـتنێکدا کـە جەختـی لەسـەر نهێنییەکـەی کـردەوە، ئاخافتنگەلێکـی گرنگـی کـرد. دواتـر کاتێـک لێکۆڵینـەوە بـە شـێوەیەکی

فەرمی دەستی پێکرد، هەمان کاربەدەست ئاخافتنی جیاواز و گرنگی کرد. لێکۆڵینەوە ڕاست و چەپەکەی ئەو گرووپەی لە چوار یەکینەی ئاسایش پێکهاتبوو (سوپاسالار، جەندرمە، ئاسایش و هەواڵگریی میللی)، دە ڕۆژ بەردەوام بوو. لەو ناوەدا کاسێتێکم تۆمار کرد کە ئاخافتنەکانم ڕوو لە فەرماندەی هێزەکان بوو. هەروەها دواتریش بە درێژایی چەندین مانگ بە شێوەی گفتوگۆ ئاخافتنمان هەبوو. ناو بە ناو کەسانی دیکەش دەهاتن، هەندێک جاریش شاند لە ئەورووپاوە دەهات.

ئەولەویەتم بە چەمکی بەرگرینامەیەک دا کە ماهیەتی پیلانگێڕیی نێودەوڵەتیی قۆناغی ئیمپرالی ڕەچاو دەکات. ئەو هۆشیارییە تورکێتییە وشکەی دووچاری هاتبوون، پەیوەندیی ئەو کەسانەی بە ڕاستییەوە بڕیبوو کە بە ناوی تورکێتییەوە دەجووڵانەوە. هەربۆیە دەرککردن بە فەلسەفە شاراوەکەی پشت پیلانگێڕییەکەوە، پێچەوانەی سروشتەکەیان بوو. چونکە ئەوانیش بەرهەمێکی ئەو بونیادانە بوون کە بە لانی کەمەوە ئەو فەلسەفە سەد ساڵییەی پیلانگێڕی بونیادیان ناون. لەو سۆنگەیەوە، چاوەڕوانی نکۆڵیکردن و ڕەخنەگرتن لەو بونیادانەیان لێ نەدەکرا. چاوەڕوانیکردنی هەر ئیرادەیەکی ئەرێنیی گۆڕانکاری ئینجا لە کاتی کۆمیدیاکەی دادگاییکردن بێت یان لە قۆناغی بەندکردندا بێ واتا دەبوو. هەرچی بڕواکردن بوو بە گوتە بەچرپەکانی ئەو کەسانەی بە ناوی نوێنەری سوپاسالار دەجوولانەوە، لەو هەلومەرجە زاڵەی ئەو کاتەدا ساویلکەیی بوو. بگرە خۆشیان لەو هێزەی بڕیاردان بێبەش بوون کە گوتەکانیان جێبەجێ بکەن. سیستەمێکیان سەبارەت بە من دۆزیبوویەوە کە ئەمریکا پاڵپشتیی دەکرد و یەکێتیی ئەورووپاش کۆنترۆڵی کردبوو. دیزاینکردن و داهێنانی سیستەمەکە کاری ئینگلتەرا بوو، جێبەجێکردنیشی بەشی تورکەکان بوو.

تێگەیشتن لە زەینیەتی فەلسەفی و سیاسیی پشت پیلانگێڕییەکە بایەخدارە و گرنگیەکی زۆری هەیە. هەربۆیە لە هەر دەرفەتێکدا باسی بنەما سەد ساڵییەکەی پیلانگێڕی دەکەم و هەوڵی ڕوونکردنەوەی دەدەم. هەروەها باسی ئەو پیلانگێڕییانەشم کرد کە بەردی بناغەی هەر قۆناغێکن. بە چاوتروکاندنێک دەکرێ سەدان لەو پیلانگێڕییانە دەرهەق بە کورد ڕیز بکرێن: پیلانگێڕیی سوارەی حەمیدییە، پیلانگێڕیی ساڵی ١٩١٤ لە بتلیس دژی مەلا سەلیم و ١٩٢٥ دژی شێخ سەعید، پیلانگێڕیی ساڵی ١٩٣٠ی لە ئاگری و ساڵی ١٩٣٧ی دێرسم، دۆزی ٤٩ی کەسییەکەی ساڵی ١٩٥٩ و ٤٠٠ کەسییەکەی ساڵی ١٩٦٠، کوشتنی فایق بوجاق و تیرۆرکردنی سەعید قرمزی تۆپراغ لە لایەن PDKوە، هەروەها لە سەردەمی گرووپی ئایدیۆلۆژییەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆمان سەدان پیلانگێڕی دژی PKK ڕێکخراون. ڕێکخەرانی پیلانگێڕی ئەو پیلانگێڕییانە بە هونەرێکی دەسەڵات دادەنێن کە بە شێوەیەکی شارەزایانە ڕێکخراون. واتە پیلانگێڕی گرنگترین ئامراز و ڕۆحی هونەری دەسەڵاتە. مسۆگەر لەسەر بنەمای پیلانگێڕی ئەو هونەرەیان دژی کوردانیش پەیڕەو دەکرد. چونکە جێبەجێکردنی پیلانگێڕیی بە شێوازێکی ئاشکرا، وەک چیرۆکەکە وای دەکرد منداڵەکە بڵێ: «دایکە سەیرکە، پاشا ڕووتە». هەر هێزێکی دەسەڵات کە ئامانجی

کردەوەگەلێکـە تـا ئاسـتی کۆمەڵکـوژی دەڕوات، جگـە لـە پیلانگێـڕی و زەینیەتێکـی ئاڕاسـتەکاری پیلانگێـڕی، ئامرازێکـی دیکـەی لـە دەسـتدا نییـە. ئـەوەی لێـرەدا گرنگـە ناسـین و پێناسـەیەکی ڕاسـتی ئـەو هێزانەیـە کـە جێگـەی خۆیـان لـە نـاو پیلانگێڕیـدا دەگـرن.

پێویسـتە بڵێـم کـە لـە قۆناغـی ئیمڕالیـدا سـەبارەت بـەو بابەتـە زەحمەتیـم بینـی. چونکـە زۆر هێـزی ناکـۆک لەگـەڵ یەکـتر جێگـەی خۆیـان لـە نـاو پیلانگێڕیەکـەدا گرتبـوو. لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکاوە تـا فیدراسـیۆنی ڕووسـیا، لـە یەکێتیـی ئەوروپـاوە تـا کۆمـکاری عەرەبـی، لـە تورکیـاوە تـا یۆنـان، لـە کینیـاوە تـا تاجیکسـتان چەندیـن دەوڵـەت کەوتبوونـە نـاو پیلانگێڕییـەوە. چـی بـوو ئـەوەی تـورک و یۆنانییەکانـی دوژمنـی سەرسـەخت و سـەدان سـاڵەی کردبـوو بەیـەک؟ بۆچـی هێنـدە ڕێککەوتـن یاخـود یەکێتیـی بەرژەوەندیخوازانـەی بـێ پرەنسـیپ لەسـەر حسـابی مـن بـەدی دەهـات؟ هەروەهـا ئـەو بەکرێگیـراوە میللیگـەرا و چەپـڕەوە کـورد و تورکانـەش لـە ژمـار نەدەهاتـن کـە لـە ناخـەوە بـە هـۆی بەئامانجگرتنـی مـن، دڵخـۆش بـوون. وەک بڵێـی لـە کەسـایەتیی منـدا دونیـای فەرمـی مەترسـیدارترین ڕەقیبـی خـۆی خسـتۆتە تەڵـەوە. تەنانـەت لـە نـاو PKKشـدا ژمـارەی ئەوانـە کـەم نەبـوون کـە لـەو بڕوایـەدا بـوون ئیـدی ڕۆژی خۆیـان هاتـووە و ئـەو دەرفەتەیـان بـۆ ڕەخسـاوە چۆنیـان بوێـت وەهـا بژیـن. بـەڵام هیـچ گومانـی تێـدا نییـە کـە چاودێرییەکـی گشـتی هـەر لـە سـەرەتاوە پیشـانی دەدات کـە سـەرجەم ئـەو هێزانـە لـەو چیـن و توێژانـەی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی پێکدێـن کـە بـەدوای بەرژەوەندییـە لیبراڵەکانـەوە بـوون. منیـش هەڕەشـەم لـە بەرژەوەنـدی و زەینیەتـی فاشیسـتانەی لیبراڵیزمـی زۆربەیـان دەکـرد.

بـۆ نموونـە، لـە نـاو ئـەو هێزانـەدا ئینگلتـەرا بەئەزموونترینیـان بـوو. ئـەو هێزەیـە کـە بەئامانجـی بەربەسـتکردنی سیاسـەتکردنم لـە ئەوروپـا یەکەمیـن فیشـەکی تەقانـد. هـەر کـە هەنـگاوم بـۆ ئەوروپـا نـا، دەسـتبەجێ منـی بـە «کەسـی نەخـوازراو» ڕاگەیانـد. ئـەوە هەنگاوێکـی بچـووک و ئاسـایی نەبـوو، بەڵکـو یەکێـک لـەو هەنگاوانـە بـوو کـە پێشـوەخت ئەنجامـی کۆتایـی دیـاری دەکـرد. تەنانـەت ئـەو هەڵوێسـتەی سـەبارەت بـە خومەینـی و لینینیـش پیشـان نـەدرا، بۆچـی دەسـتبەجێ بەرامبـەر مـن پیشـان درا؟ لـە چەندیـن بەشـی بەرگرینامەکەمـدا هەوڵـی ڕوونکردنـەوەی سـەرەداوەکانی ئـەو هـۆکارەم داوە. هـەر بۆیـەش دیسـان پێویسـتی بـە دووبارەکردنـەوە نییـە. بـە کورتـی، وەک کۆسـپێکی جدیـی بـەردەم لێکدانـەوە دووسـەد سـاڵییەکەی هەژموونگەرایـی سـەر خۆرهەڵاتـی ناویـن و سیاسـەتەکەیان لەبـارەی کوردسـتانەوە سـەرم هەڵدابـوو (بـە کورتـی، بـە هـۆی سیاسـەتی «کەرکووک-موسـڵ مـان پـێ بـدە، کوردەکانـی چوارچێـوەی سـنوورەکانی خـۆت لەنـاو ببـە»). ئیـتر لـە لایـەن سـەرجەم پیـلان و جێبەجێکارەکانیانـەوە بـە هەڕەشـە و مەترسـی دادەنـرام.

دەردی ئەمریـکا جیاوازتـر بـوو. دەیانویسـت «پـڕۆژەی خۆرهەڵاتـی ناوینـی مـەزن» بخەنـە گـەڕ. هـەر بۆیـەش گـۆڕانـکاری و پەرەسـەندنەکانی کوردسـتان ڕۆڵـی کلیلیـان دەبینـی. لـەو سـۆنگەوە بێکاریگەرکردنـم بـە شـێوەیەکی ڕەهـا بـە لانی کەمـەوە زەرورەتێکـی هەلومەرجی هەسـتیاری ئەوکاتە بـوو. لەناوبردنـم بەگوێـرەی سیاسـەتە جیهانییەکانـی ئـەو کاتەیـان بـوو. هەرچـی ڕووسـیایە کـە ئـەو

کاتـە دووچـاری قەیرانێکـی قورسـی ئابووریـی مێـژووی خـۆی هاتبـوو پێویسـتیەکی پەلـەی بـە قـەرز هەبـوو. ئەگـەر ببوایـە بـە دەرمانـی دەردەکـەی، ئـەوا هیـچ هۆکارێـک نەبـوو لـە پیلانگێڕییەکـەدا دژی مـن جێگـەی خـۆی نەگرێـت و ڕۆڵـی خـۆی لـەو چوارچێوەیـەدا نەبینێـت. ئەوانـەی تریـش بـرا بچووکـە ملکەچەکانـی «بـرا گـەورە» بـوون. هەرچییـەک بڵێـت دەسـت لەسـەر سـینگ بـۆی وەسـتابوون. هەروەهـا دەرفەتێکـی جدیـی بـۆ چەپڕەوێتیـی تـورک (هەڵاوێـردەکان جیـاوازن)، کـوردە بەکرێگیـراوەکان و ناڕازییەکانـی نـاو PKK ڕەخسـابوو. تـا لـە ڕەقیبـە گەورەکەیـان ڕزگاریـان بێـت. فەلسـەفەی بەرژەوەندیپەرسـتی، پراگماتیـزم و خۆپەرسـتی لـە قووڵایـی ئـەو هەڵوێسـتانەی هەموویانـدا شـاراوە بـوو.

کاتێـک باسـی ئـەو خاڵانـە دەکـەم، لـەو بڕوایـەدام کـە تۆزێکـی تریـش حەقیقـەت ڕۆشـن دەکەمـەوە. لـەو ڕۆژانـەدا لایەنگریکردنـی ئازادیـی کوردسـتان و بەدەسـتهێنانی ناسـنامەی کـورد، پێویسـتی بـە تێپەڕاندنـی هەمـوو جـۆرە بەرژەوەندییەکـی ڕۆژانەیـی لیبراڵیـزم، پراگماتیـزم و خۆپەرستی هەبـوو؛ ئەمـە فەرمانـی پـێ دەکردیـن دەسـتبەرداری ژیانـی ڕاسـتڕەو و چەپڕەوانـەی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی ببیـن و بەرەنـگاری ئـەو ژیانـە ببینـەوە. بـە پێچەوانـەوەی ئـەوە، دونیـای ئـەو ڕۆژانـە دونیایـەک بـوو کـە لیبراڵیزمی جیهانـی لـە شـەڕی داگیرکردنـی جیهانـدا گـەورە دەبـوو. سـاڵانێک بـوو کـە فاشـیزمی لیـبراڵ باڵادەسـتیی خـۆی بەسـەر جیهانـدا ڕاگەیاندبـوو. بـەڵام لـە ڕووی سیاسیشـەوە خۆرهەڵاتـی ناویـن ناوەنـدی ململانێـی هەژموونگەرایـی بـوو. هەربۆیـە ململانێ لەسـەر کوردسـتان سـەبارەت بـە لێکدانەوەکانـی هەژموونگەرایـی ڕۆڵـی کلیلـی دەبینـی. پێگـە ئایدیۆلـۆژی و سیاسـییەکەی PKKش ناکۆکییەکـی ڕوون و ئاشـکرای لەگـەڵ حیسـابەکانی هەژموونەگەرایـی هەبـوو. لـەو سـۆنگەیەوە، تەسـفییەکردنم مانـای ڕێخۆشـکردن بـوو لـە پێـش ئـەو حیسـاب و لێکدانەوانـەدا.

لـە سـووڕی چەرخـی ئیمڕالیـدا سـەرجەم ئـەو حیسـابە مێژوویيانـە لـە کەسـێتیی منـدا زینـدوو بوونـەوە. بـەڵام لەپێنـاو شـیکردنەوەی قۆناغـی ئیمڕالـی، دەبوایـە خاوەنـی هۆشـیارییەک بـم کـە دەرک بـە ململانێـی بەرژەوەندییـە هەنووکەییـەکان بـکات کـە خـاوەن پاشـخانێکی مێژوویـی درێژخایەنـە. یەکێـک لـەو خاڵانـەی پێویسـتە سـەبارەت بـە حیسـابە پیلانگێڕییەکانـی سیسـتەمی هەژموونگـەرا ڕەچـاو بکرێـت، نەبوونـە بـە ئامـرازی دەسـتی سیاسـەتەکانی «پەرتکـە و زاڵبـە» کـە شـارەزایانە پیلانـی بـۆ دانـراوە و لـەو دوو سـەدەیەی دواییـدا دەرهـەق بـە ناوچەکـە پەیـڕەو کـراوە و لـە قووڵکردنـەوەی شـەڕی کورد-تورکـی بەئامانجکـراودا لـە بەرژەوەندیـی ئـەو هێزانـەدا بـەکار دەهێنرێـت. چونکـە ئـەو ئەرمەنـی، گریـک، گرووپـە ئەتنیکییەکانـی بەلقـان، عـەرەب، سـوریانی، تـورک و کوردانـەی بـوون بـە ئامـرازی دەسـتی ئـەو سیاسـەتە، شـتگەلێکی زۆریـان لـە دەسـت دا و زیانێکـی زۆریـان بەرکەوتبـوو. هەندێـک لەوانـە لـە نیشـتیمانی هـەزاران ساڵەیان دەربـەدەر بـوون و بوونـی کولتووریـی خۆیـان لـە دەسـت دا، بگـرە هەندێکیـان لـە دۆخـی کۆمەڵگەیەکـی نەتەوەیـی وەدەرنـران. هەروەهـا لەبـەر ئـەوەی لەگـەڵ تورکـەکان بەیەکـەوە دەژیـان، چەندیـن هێـز کیـن و تووڕەییـان بەرامبـەر کـوردان هەبـوو. ئـەو یەکێتییـەی لـە سـەردەمی شـەڕی مەلازگـردەوە

گرنگیـی خـۆی پاراسـتبوو، بـە هـۆی پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی نکۆڵـی و قڕکردنـەوە، لـە سـاڵی ١٩٢٥ بـەدواوە کۆتایـی پـێ هێـنرا. ئەگـەر بـە شـێوەیەکی قـووڵ لێکۆڵینـەوە سـەبارەت بـە پرۆسـەی نکۆڵـی و لەناوبردنـی ئـەو ئەندامـە بنەڕەتییـەی کۆمـار بکرێـت و لەمیانـەی فەلسـەفەی مێـژووەوە ڕاڤـە بکرێـت، ئـەوا ئاشـکرا دەبێـت کـە لـە ناوەڕۆکـدا ئـەو یەکێتییـە سـتراتیژییە کراوەتـە ئامانـج. یەکێـک لـە گرنگتریـن هەنگاوەکانـی پیلانگێڕیـی فشـاری ئینگلیـزەکان و پاشـکۆ ناوخۆییـەکان بـوو بـۆ سـەر مسـتەفا کەمـال و ناچارکردنـی. کەچـی لـە ڕاسـتیدا دوژمنایەتـی و ئاسیمیلاسـیۆنی کـورد لـە فەلسـەفە و دیـاردەی بەڕێوەبەرایەتیـی نەریتیـی تورکـدا نەبـوو. بـەڵام بـە ئامانجـی تایبـەت تـۆوی ئـەو دوژمنایەتییـە چێـنرا. قۆناغەکانـی یاخیبـوون و ڕووداوەکانـی دواتـری ئـەو حەقیقەتـە دەسـەلمێنن. ئـەو دۆخـەی کـە لـە ئیمڕالـی زیاتـر سـەرنجی ڕاکێشـام و لەبارەیـەوە قووڵـتر بوومـەوە، لـە فەلسـەفەی سیاسـیمدا ڕێگـەی لـە پێـش وەرچەرخانێکـی ڕیشـەیی کـردەوە.

لـەو بەرگرینامانـەی بـە شـێوەی سـێ ڤێـرژن پێشکەشـم کـردن، دەکـرێ پەرەسـەندنی ئـەو فیکـرە سیاسـییە ببینرێـت. هێڵـە گشـتییەکانی ئـەو ئەنجامانـەی پێـی گەیشـتووم، بـەم شـێوەیە:

ا- لـە کەسـێتیی منـدا پیلانگێـڕی تەنهـا دژی کـورد نەکـراوە، بەڵکـو دژی تورکەکانیش کـراوە. چونکە شـێوەی ڕادەسـتکردنەوەم و نیـازی ئەوانـەی ڕۆڵیـان تێـدا بینـی، کۆتاییهاتنـی تیرۆر و چارەسـەر نەبوو، بەڵکـو بـە شـێوەیەک، قووڵکردنـەوەی ڕیشـەی ئـەو ناکۆکییـە بـوو تـا سـەدەیەکی دیکـەش بـەردەوام بێـت. پاڵنانـی مـن بـۆ نـاو تەڵـەی پیلانگێـڕی و پێوەکردنـم دەرفەتێکـی بـێ وێنـەی پێشـکەش بـەو نیازەیـان کردبـوو و تـا ئەوپـەڕی خوازیـاری بەکارهێنـان و قۆسـتنەوەی ئـەو دەرفەتـە بـوون. ئەسـتەم بـوو بـە پێچەوانـەی ئـەوەوە بیـر بکەنـەوە. چونکـە ئەگـەر بیانویسـتایە، دەیانتوانـی لـەو بارەیـەوە کۆمـەک بـە پەرەسـەندنە ئەرێنییـەکان بکـەن. کەچـی بـەردەوام کارەکانیـان بـەرەو هەڵدێـر دەبـرد، لەجیاتیـی چارەسـەرکردنی پرسـەکە، تـەواو دەیانکـرد بـە گرێکوێرە. تەنانـەت دەیانویسـت دوالیزمێکی تـری هاوشـێوەی دوالیزمـی ئیسرائیل-فەلەسـتین بئافرێنـن. وەک چـۆن سـەدەیەکە ململانێـی نێـوان ئیسرائیل-فەلەسـتین لـە خۆرهەڵاتـی ناوینـدا خزمـەت بـە هەژموونگەرایـی خۆرئـاوا دەکات، ئـەوا دوالیـزم و ململانێـی نێـوان تورک-کوردیـش کـە زۆر لـەو گەورەتـر و فرەڕەهەندتـرە، بـە لانـی کەمەوە دەیتوانـی سـەدەیەکی تـر خزمـەت بـە حیسـاب و لێکدانەوەکانیـان بـکات. هەڵبەتـە هەمـان ئامانـج لـە پشـت قووڵکردنـەوەی چەندیـن پرسـی مەزهەبـی و ئەتنیکـی سـەدەی نۆزدەیەمـی ناوچەکـە و بێچارەهێشـتنەوەیاندا هەیـە. حەقیقەتـی قۆناغـی ئیمڕالـی زانیارییـە خاوەکانمـی لـەو بارەیـەوە پـێ گەیانـد. بـەڵام گرنگتریـن کێشـە کـە ڕووبـەڕووی دەبوومـەوە، چۆنیەتـی حاڵیکـردن و تێگەیاندنـی نوخبـەی کاربەدەسـتانی تـورک بـوو.

ب- لـەو سـۆنگەیەوە، گەورەتریـن کێشـەم ئـەوە بـوو تێیـان بگەیەنـم کـە لـە شەخسـی مـن و کـوردان زیاتـر، پیلانگێـڕی دژی تورکـەکان کـراوە. بـەردەوام ئەوەم بۆ لێکۆڵـەرەوەکان دووبـارە و ڕوون دەکـردەوە. بـەڵام ئـەوان کەوتبوونـە نـاو هـەوەس و نەشـوەی سـەرکەوتنەوە. ئـەو هەڵوێسـتەیان تـا سـاڵی ٢٠٠٥ بـەردەوام بـوو، تـا ئـەو کاتـەی زانییـان کـە بزووتنـەوەی ناسـنامە و ئازادیـی کـورد لـە

جاران زیندووتـره. کاتێـک بـە شـێوەیەکی قووڵـتر سـەبارەت بـە بابەتەکـە قـاڵ بوومـەوە، ئـەوا لـە نزیکـترەوە فاکتەرەکانـی پیلانگێڕیی سـەردەمەکانی مەشرووتییـەت (مەلەکیەتی دەسـتووری) و کۆمارم بینـی. بـۆم دەرکـەوت کـە ئـەو بوویـەرەی بـە سـەربەخۆیی تـورک دادەنرێـت، یەکێکـە لـە خراپتریـن جۆرەکانـی وابەسـتەیی. وابەسـتەیی و پاشـکۆیەتی تورکـەکان ئایدیۆلـۆژی و سیاسـی بـوو. لەگـەڵ تێپەڕبوونـی کات زیاتـر دەرکـم بـەوە دەکـرد کـە میللیگەرایـی و نەتەوەپەرسـتیی بونیادنـراو زادەی دەرەوەیـە و پەیوەندییەکـی زۆر دەگمەنـی بـە مێـژوو و دیـاردەی کۆمەڵگـەی تـورک و مێژووەکەیەوە هەیـە. هێـزە هەژموونگـەراکان ئـاگادار بـوون کـە نوخبـە و هێـزی حوکمڕانـی تـورک لەبـارەی دەسـەڵاتەوە چەنـدە لاوازن و ئـەو لاوازیەشـیان بـەکار دەهێنـا. هەروەهـا ئـەو سـتەم و باڵادەسـتییە سنوورنەناسـەی لەسـەر کوردانیشـیان ئـاوا کردبـوو، بـۆ هەمـان خاڵـی لاوازی دەگەڕایـەوە. بـەڵام ئـەو زاڵبـوون و سـتەمە لـە هەمـان کاتـدا مانـای دەسـتەمۆبوون و مەحکومبوونیشـیان بـوو. چونکـە باڵادەسـتیەکەیان بـەردەوام پاشـکۆ بـوو و لـە دەرەوە ئاڕاسـتە دەکـرا. هەروەهـا لـە ئایدیۆلۆژیـای خـۆی بێبـەش بـوو؛ بـە مانایەکـی تـر، ڕێسـای «باڵادەسـتی هەمـوو شـتێکە، ئایدیۆلۆژیـا هیـچ نییـە» لەسـەر ئـەرزی واقیـع پەیـڕەو دەکـرا.

**ج-** «کەروێشـک ڕاکـە، تانـژی بیگـرە» ئـەو شـێوازە بـوو کـە هێـزە هەژموونگـەراکان لـە قووڵکردنـەوەی دوالیزمـی تورک-کـورددا بەکاریـان هێنـاوە. شـێوازێکە هـەم تانـژی و هەم کەروێشـک لـەو ڕاکەراکەیـەدا مانـدوو دەبـن، لـە ئاکامـدا هەردووکیشـیان بەبـێ هیـچ مەرجێـک دەکەونـە ژێـر خزمـەت و فەرمانـی خاوەنەکانیـان. ئـەوەی بەرامبـەر منیـش پەیـڕەو کـراوە، مانـای سـەلماندنی ئـەو شـێواز و ڕێبـازە دەبەخشـێ. چونکـە هەڵوێسـتەکانی کۆنسـەی یەکێتیـی ئەورووپـا و بڕیارەکانـی دادگای مافـی مرۆڤـی ئەورووپـا بـە تـەواوی خزمەتـی جێبەجێکردنـی ئـەو سیاسـەتەیان دەکـرد. ئـەو لۆژیکـەی لـە ئـارادا بـوو: تـا دواڕادە بەخۆوەگرێدانـی هـەردوو لایـەن بـوو. واتـە ئامانجەکەیـان فەراهـەم کردنـی دادوەری و چارەسـەر نەبـوو. هـەر بۆیـەش زیاتـر بـە ئامانجـی ئاشـکراکردن و ڕیسـواکردنی ئـەو لۆژیکـە بەرگرینامەکانـم پێشـکەش کـرد. چونکـە جێگیرکردنـی تـۆڕی ڕێکخـراوی گلادیـۆ لـە لوتکـەی دەوڵەتـدا، بـە شـێوەیەک کـە لـە هیـچ وڵاتێکـی ناتـۆدا نەبینـراوە، ناکـرێ بـە بیانووەکانـی نیازپاکـی و ئاسـایش ڕوون بکرێتـەوە. لەبـەر ئـەوەی جڵەوەکـەی بـە دەسـتی خۆیانـەوە بـوو و وڵاتیـان بـە ئـارەزووی خۆیـان بـە ڕێـوە دەبـرد، هێـزە هەژموونگـەراکان چاوپۆشـییان لـە پاشـکۆی تـۆڕی گلادیـۆی تورکیـا کـرد. ئەگـەر بـە شـێوەیەکی هەمەگیـر لـە نزیکـەوە توێژینـەوە لەبـارەی تـۆڕی گلادیـۆوە بکرێـت و فەلسـەفەکەی ڕۆشـن بکرێتـەوە، ئـەوا دەبینرێـت کـە ئامانجیـان داگیرکردنـی وڵاتـە لـە کورتتریـن ڕێگـەوە و پارچەکـردن و بەگژیەکتراکردنـی گەلـە. بـە تایبەتیـش ئـەو واقیعـە بـەردەوام لـە نـاو پاشـکۆکانیان لـە خۆرهەڵاتـی ناوینـدا هەبـووە و لەمیانـەی کردارەکانیانـەوە دەردەکـەوت. ئـەوە کاریگەرتریـن ئامـرازی بەڕێوەبردنـی گەلێـک بـوو. واتـە هـەم گەلەکـەی دژی دەوڵـەت ڕادەکاتـە سـەر پێیـان، هەمیـش هەردووکیـان بـە یەکـتر سـەرکوت دەکات. هەرکەسـێک یـان هێزێـک کـە بـە هەڕەشـەیان زانیـوە، بـەو شـێوازە لەناویـان دەبـردن. لـە ڕاسـتینەی دەسـەڵات

و حوکمڕانـی شەسـت سـاڵی دوایـی تورکیـادا ئـەو دیاردەیـە زۆر زەق و سـەرنجڕاکێش بـوو. ئیـتر وڵات کرابـوو بـە تاقیگـەی شـەڕ و ململانێکانـی تـۆڕی گلادیـۆ. تەنهـا ئـەو شـەڕ و پێکدادانانـەی لـە سـەرجەم قۆناغـە گرنگەکانـی مێـژووی PKKدا بـە هـۆی تـۆڕی گلادیـۆوە هاتوونەتـە ئـاراوە، بـەس بـوو بـۆ کۆتاییهێنـان بـەو دۆسـتایەتییە نەریتییـە سـەدان سـاڵییەی نێـوان گـەلان و دەوڵـەت.

**د-** قۆناغـی ئیمپرالیـم وەک پلاتفۆرمێکـی نموونەیـی تێکدانـی ئـەو یارییـە هەڵسـەنگاند. هـەر بۆیـەش بنەمـا تیۆرییەکـەی خـۆم بەهێزتـر کـرد کـە لـەو پێنـاوەدا پێویسـت بـوو. هەروەهـا پـەرەم بـە سـەرجەم ئەرگومەنـت و کۆڵەکـە فەلسـەفی و کردارییەکانـی هەلومەرجەکانـی ئاشـتی و ڕێگەچـارەی سیاسییانە دا. چونکـە ئـەو کار و خەباتـە سـەختانەی پێویسـتیان بـە خۆڕاگـری و ئارامـی هەبـوو، دەیانتوانـی چەرخـە ناپەسـندەکانی پیلانگێـڕی بشـکێنن و ئەڵتەرناتیڤەکانـی چارەسـەر بـەدی بهێنـن. لـەو بـارەوە، جگـە لـە متمانەبەخۆکـردن هیـچ چارەیەکـی دیکـەم نەبـوو. لـە بنەڕەتـدا نیـازی پیلانگێـڕان و ئـەو هێزانـەی ڕۆڵیـان تێـدا بینـی، زۆر جیـاواز بـوو. خوازیـار بـوون لـە کەسـایەتیی منـدا PKK و بزووتنـەوەی ئـازادی لەنـاو ببـەن. سـەرجەم ڕێـکار و ڕەفتارەکانیـان لـە بەندیخانـە، هەڵوێسـتەکانی دادگای مافـی مرۆڤـی ئەوروپـا و یەکێتیـی ئەوروپـا گرێـدراوی ئـەو ئامانجـە سـەرەکییە بـوون. ئامانجیـان بزووتنەوەیەکـی کـورد بـوو کـە لـە مـن پـاک کرابێتـەوە، خوازیـار بـوون ڤێرژنێکـی مۆدێرنـی بەکرێگیراوێتیـی نەریتیـی خەسـێنراو ئـاوا بکـەن کـە لـە خزمەتـی سـەردارەکانیدا بێـت. بـە تایبەتیـش هەوڵـە درێژخایەنەکانـی ئەمریـکا و یەکێتیـی ئەوروپـا لـەو تەوەرەیـەدا بـوون. لەسـەر ئـەو بنەمایـەش بـۆ ڕێککەوتـن لەگـەڵ هێـزی دەسـەڵاتداری تـورک کـراوە بـوون. بـە کورتـی؛ ئـەو مۆدێلـەی خەسـاندن کـە بـە تایبەتـی هەژموونگەرایـی ئینگلیـز سـەرەتا لەسـەر بزووتنـەوەی چینـی کرێـکار و زەحمەتکێشـان، دواتریـش لەسـەر بزووتنەوەکانـی ڕزگاریـی نیشـتیمانی و بزاوتـە دیموکراسیخواز-شۆڕشـگێڕەکان بـە شـێوەیەکی سـەرکەوتوو جێبەجێـی کـرد، لەمیانـەی ڕێبـازی لیبراڵییانـەی ئـازادی و مافـی مرۆڤـەوە بـە سـەرکەوتن گەیشـتبوو. ڕێکخسـتن و سـەرکردە شۆڕشـگێڕەکانیان لەنـاو بـران. هاوشـێوەیەکی شـێوازی سـەدان ساڵەی لەناوبـردن لەسـەر PKK و بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕی، یەکسـانی و ئازادیخوازیـی و هاوبەشـیخوازیش جێبەجـێ دەکـرا. ئـەوە ئـەو ئەنجامـە سـەرەکییە بـوو کـە لـە قۆناغـی ئیمپرالـی چاوەڕوانیـان دەکـرد، ئـەوە ئـەو بەرنامـە و پیلانـە بـوو کـە کارێکـی زۆریـان بـۆ کردبـوو و بـە شـێوازێکی پسـپۆڕانە هەوڵـی جێبەجێکردنیـان دەدا. سـتراتیژ و تەکتیکـەکان لـە چوارچێـوەی ئـەو بەرنامـە و پیلانـەدا دادەڕێـژران. هەرچـی ئـەو بەرگرینامەیـە بـوو کـە لـە بەرامبەریانـدا ئامـادەم کـرد، پشـتی بـە هەڵوێسـتێکی دۆگماتیکانـەی ئۆرتۆدۆکسـی کلاسـیک و خۆڕزگارکـردن و باشـترکردنی هەلومەرجەکانـم نەدەبەسـت. بەڵکـو ئـەو شـتەی بەرگرینامەکانمـی ئاڕاسـتە کـرد، ڕێبـازی ئاشـتیی شـەرەفمەندانە و ڕێگەچـارەی دیموکراتییانـە بـوو کـە بەپرەنسـیپە و بەگوێـرەی واقیـع و ڕاسـتینەی کۆمەڵایەتـی و مێژوویـی گەلانـە.

## ج- وەرچەرخانی ڕادیکاڵانە لە PKKدا:

ئاشکرابوونی قەیرانی سۆسیالیزمی زانستی لە هەڵوەشانەوە ناوخۆییەکەی یەکێتیی سۆڤێتدا و پیلانگێڕییە گەورەکەی تۆڕی گلادیۆ لە ساڵی ١٩٩٨دا، PKKیان ناچاری وەرچەرخانێکی ڕیشەیی کرد. ئاڵۆزییەکەی سەردەمی گرووپی ئایدیۆلۆژی و چارەسەرنەکردنی پرسی دەوڵەت، هەروەها تێنەپەڕاندنی ئەو پیلانگێڕییە ناوخۆیی و دەرەکییانەی لە ئەزموونی شەڕی شۆڕشگێڕیی گەلدا دەرکەوتن، PKKیان بەرەو چەرخێکی نەزۆکی درێژخایەن و خۆدووبارەکردنەوە دەبرد، بە شێوەیەکی تەدریجی ئەوەش بنبەستبوون و هەڵوەشانەوەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. زۆر پێشتر ئەو حەقیقەتەم بینیبوو. بەڵام ئەو ئاستە ڕۆشنبیرییەی لە ئارادابوو توانا ئایدیۆلۆژییەکانی سنووردار دەکرد. قووڵایی ئەو چەواشەکاری و خراپەکارییانەی سەبارەت بە ناسنامەی کورد هاتبوونە ئاراوە شەڕی مانونەمانی بەرەو بێ هیوایی دەبرد. لەگەڵ بەرئەندامگەلێکی کادیران کە بە مانا لیبراڵییەکەشی خاوەن حەسرەتی ئازادی نەبوون، بە زۆر و زەحمەتییەکی زۆرەوە هەوڵی پێکهێنانی گرووپمان دەدا. ئەگەر یەکێک لە بیرەوەرییەکان بگێڕمەوە لەوانەیە دۆخەکە باشتر ڕوون بێتەوە. لە کاتێکدا بە هەموو هێز و توانایەکمەوە هەوڵی پێکهێنانی گرووپم دەدا، کاتێک هەڤاڵێکم (خەڵکی وارتۆ بوو و ناوی ئیسماعیل بوو) بە برینداری و پێچراوی بینی، لێم پرسی چی ڕووی داوە، لە وەڵامدا گوتی: «کاتێک خەریکی هەڵواسینی پۆستەرەکانی ڕێکراوی «هاڵکن کورتولوشو/ ڕزگاریی گەل» بووم، کەوتم و ئەوەم بەسەر هات». بە شێوەیەکی بێ ئومێدانە سەیرم کرد و بەبێ ئەوەی بە پێویستی بزانم هۆی ئەو کارەی لێ بپرسم، بە خۆمم گوت: «لەگەڵ ئەوانەدا تا چەند دەتوانی ئەو کارە بەرەو پێشەوە ببەیت!». کەسانی هاوشێوە نەک تەنها لە ناو گرووپە چەپەکاندا ئەم جۆرە ڕەفتارانەیان دەکرد، بەڵکو لە ناو گرووپە فاشیست و ئایینگەراکانیشدا دەیانکرد. بەڵام کاتێک لەپێناو ناسنامە و ئازادیی خۆشیاندا تێ بکۆشانایە، لە مەیدان نەدەمان و ون دەبوون. ئەوەی لە ئارادا بوو نامۆبوونێک بوو کە کەسایەتیی کوردیی تێکشکاندبوو. لە چەوساوەترین و ڕەنجدەرترین کەسەوە تا دەگاتە کۆمپرادۆر، ئاغا و سەرۆک خێڵێک، هەر هەموویان بەم جۆرە بوون. لە بنەڕەتدا ئەو زەمینە کولتوورییە ماددییە و نەبوونی بەهای کولتووریی خۆیی پەرەسەندنی گرووپیان دەکردە ناچارییەک.

کاتێک ناوی PKKمان بۆ خۆمان گونجاو بینی، لە ڕاستیدا لە دوادەرفەتدا هەنگاوێکمان بۆ ڕزگارکردنی نامووس و ڕووسپیکردنەوە دەنا. ئەگەر سەرکەوتووش نەبوایە، وەک میراتێکی باش بۆ مێژوو دەمایەوە. قۆناغی کۆچکردن و جێگیربوون لە خۆرهەڵاتی ناوین هەم دەرفەتی بەڕێکخستنبوونی ڕەخساند، هەمیش وای کرد لەمیانەی شەڕی گەلەوە تۆکمەتر ببێت. وەک ئاماژەم بۆ کرد، وەک نموونەی تیرە عیبرانییەکان کە حەزرەتی مووسا بە زەحمەتییەوە بە ڕێوەی دەبردن و دەستبەرداری پەرستنی گۆلکی زێڕین نەدەبوون، واتە ئەوانیش بە هیچ جۆرێک وازیان لە ژیانە نامۆکەی خۆیان نەدەهێنا. چەندە دەرفەت بڕەخسایە و وەک حەزرەتی مووسا

هـاوارم بکردایـە، پەیامەکـەم وەک تراویلکـەی بیابـان دەمایـەوە. هەربۆیـە سـەبر و پێداگـری ببـوون بـە گەورەتریـن چەکەکانـم. پێـوەر و شـێوازی ڕێکخسـتنی مۆدێرنیسـتیم بـە لاوە نابـوو و بـۆ زمانـی خۆجێیـی و خـاک گەڕابوومـەوە. لەخـۆڕا یاخـود بـە ئامانجـی خۆپیرۆزکـردن باسـی گەڕانـەوە بـۆ ژیانـی پێغەمبەرانـەم نەدەکـرد. بەڵکـو لەپێنـاو گەیشـتن بـە زمانـی حەقیقـەت، پەنـام بـۆ ئـەو شـێوازە دەبـرد. ئیـتر کۆبوونـەوە فەرمییـەکان مانـای خۆیـان لە دەسـت دابـوو. چیـتر تێرمینۆلۆژیی ڕێکخسـتنی فەرمیـی سۆسـیالیزمی بونیادنـراو کاری نەدەکـرد. نـەک تەنهـا سـێیەمین کۆنگـرەی سـاڵی ١٩٨٦، بەڵکو چەندیـن کۆبوونـەوەی هاوشـێوە گرنگـی و مانایەکـی زۆر کەمیـان هەبـوو. ئـەوەی لـە ئـارادا بـوو، کەللەڕەقـی بـوو لـە بەرامبـەر سیاسـەتکردن و ڕێکخسـتنی شۆڕشـگێڕانە. واتـە لـە نـاوەوە یاخیبوونێک بەرامبـەر ئـەو شـێوازەی ژیـان لـە ئـارادا بـوو کـە مانـای سیاسـی و ڕێکخسـتنی لـە خـۆ دەگـرت. ئـەو قەوارانـەی بـە چەپـی تورکیـا نـاو دەبـران، لەبـەر هەمـان هـۆکار لـە مێـژ بـوو خۆیـان دووچـاری تەسـفییە کردبـوو. واتـە وەک ئـەوەی مەزەنـدە دەکرێـت، هـۆکاری سـەرەکیی تەسـفییەبوونی ئـەو هێزانـە فاشـیزمی ١٢ی ئەیلـوول نییـە، بەڵکـو پەیڕەونەکردنـی میکانیزمـی ڕێکخسـتنی شۆڕشـگێڕی و خاوەنێتـی نەکردنـە لـە شـێوازی ژیانـی سیاسـیی. منیـش لەمیانـەی نەسرەوتـن و پێداگریکـردن لەسـەر ڕێکخسـتنی سیاسـی و شـێوازی ژیانـی شۆڕشـگێڕانەوە هەوڵـی مایەپووچکردنـی ئـەو واقیعـەم دەدا کـە لـە نـاو PKKشـدا لـە ئـارادا بـوو. لـە سـاڵی ١٩٩٠ بـەدواوە کاتێـک شـەڕەکانی تـۆڕی گلادیـۆ چـڕ بوونـەوە و ڕەنگدانەوەیـان لەسـەر پیلانگێڕییـە ناوخۆییـەکان زیـادی کـرد، داڕزیـن و پووکانـەوەی ڕێکخسـتن و شـێوازی ژیانـی شۆڕشـگێڕانەش پـەرەی سـەند. بەمجـۆرە ئیـتر زەمینـەی ئاغایەتیـی شـەڕ و چەمکـی ڕێگـری یاخـی و ئـاوارە ڕەخسـابوو، هەرچـی زیادبوونـی ڕێـژەی شـەهیدبوون و لەدەسـتدانی ئـەو شـەڕڤان و کادیـرە هێزایانەیـە کـە بـۆ پارتیبـوون گونجـاو و لەبـار بـوون، PKKیـان بـە لێـواری تەسـفییەبوون گەیانـد. هەربۆیـە هەڵمەتێکـی ڕەخنەکردنـم دەسـت پێکـرد و ئیـتر ئـەو کارانـەی بـە نـاوی PKKوە دەکـران، بەشـێوەیەکی ئاشـکرا وەک دژایەتـی کردنـی ڕۆحـی پەکەکـە هەڵمسـەنگاند. لـە سـاڵی ١٩٨٦دا کاتێـک بەشـداری بەشـێکی کۆنگـرە نەبـووم، هەروەهـا کاتێـک لـە ڕۆمـا بـووم و لـەو پەیامـەی بـۆ کۆنگرەکـەی سـاڵی ١٩٩٨ نـاردم گوتبـووم: «ئەگـەر وەهـا بـەردەوام بێـت، لـە نـاو PKKدا نامێنـم و دەسـت لـە کار دەکێشـمەوە»، دەمویسـت ئامـاژە بـۆ ئـەو واقیـع و ڕاسـتییانە بکـەم.

قۆناغـی ئیمڕالـی واقیعـی ژیانکـراوی نـاو PKKی ئاشـکرا کـرد. کاتێـک لـە دەرەوە بـووم، ئـەو کەسـانەی بـە دەمامککـراوی دەجووڵانـەوە، سـوودیان لـە دۆخـی دیلێتیـی مـن وەرگـرت و دوودڵییـان لـە پیشـاندانی ناسـنامە ڕاسـتەقینەکەی خۆیـان نەکـرد. میراتێکـی زۆر گـەورە و جدیـی PKK لـە ئـارادا بـوو. ئـەو ڕووداوەی بـە کێشمەکێشـی ناوخـۆ نـاو دەبرێـت، لـە ڕاسـتیدا شـەڕی میراتگریـی ئـەو کەسـانە بـوو کـە بـە تـەواوی هیـوای سـەرکەوتن و داهاتوویـان لـە دەسـت دابـوو و لێکدانەوەیەکـی لـەم جۆرەیـان نەمابـوو. ئیـتر ئاشـکرا ببـوو کـە بـەرەو تەکەتولـی چـرووک و بـێ مانـا هەنگاویـان نابـوو. دەسـتەگەرێتی و لیبراڵیـزم تێکـەڵ بـە یەکـتر ببـوون. چونکـە ژیانـی هەڕەمەکـی

و ئـارەزووی تاکەکەسـی تەنهـا لەمیانـەی دەسـتەگەرێتییەوە فەراهـەم دەبـوو. لـەو پێناوەشـدا لەژێـر نـاوی ململانـێ و ناکۆکـی ناوخۆیـی پارتـدا، دوودڵییـان لـە خسـتنەڕووی چاوچنۆکـی و ئارەزووەکانـی خۆیـان نەکـرد. ئەنجامەکـە بـە خێرایـی بـەرەو لەناوچوونـی یەکێتیـی PKK دەچـوو. واتـە ئـەو گرووپـە تەسـفییەکارییەی کاتێـک لـە دەرەوە بـووم بـە تـەواوی ڕێگریـان لـێ نەکـرد، دۆخـە نوێیەکەیـان وەک دەرفەتێکـی زێڕینـی یەکلاکردنـەوەی حیسـابی دوایـی دەبینـی. لـەو قۆناغـەدا وەک پێویسـتیەکی پیلانگێـڕی، یەکێتیـی ئەوروپـا ئامادەکاریـی دەکـرد PKK بخاتـە نـاو لیسـتی «ڕێکخـراوە تیرۆریستەکان»ــەوە. هـۆکاری چاوەڕوانیـی درێژخایەنـی بـۆ بڕیـاردان، بـۆ ڕازینەبوونـی هەندێـک لـە وڵاتانـی ئەوروپـا دەگەڕایـەوە. وا بزانـم دیلبوونـم ئـەو وڵاتانەشـی بـێ هیـوا کردبـوو. هەروەهـا ئەمریـکا و ئینگلتـەراش هەوڵـی نەخشـەبۆدانراویان بـەو ئاڕاسـتەیەدا هەبـوو و هاوکارییەکـی بەهێزی تورکیایـان دەکـرد. یەکێـک لـە گرنگتریـن بیانووەکانـی ئـەو هاوکارییـەش ڕاگەیاندنـی PKK بـوو وەک «ڕێکخراوێکـی تیرۆریسـت». زیادبوونـی فشـارەکان و ئـەو بەڵێنانـەی بـە یەکێتیـی ئەوروپـا دران، بـە ڕاگەیاندنـی PKK وەک «ڕێکخراوێکـی تیرۆریسـتی» ئەنجامگیـر بـوو. ئێمـەش دەسـتی خۆمـان پێـش خسـت و KADEK (کۆنگـرەی ئـازادی و دیموکراتـی کوردسـتان)مان ڕاگەیانـد. هەروەهـا بانگـەوازی دامەزراندنـی» کۆنگـرەی گەل»مـان کـرد.

### ١- ئەزموونەکانی کادەک و کۆنگرەی گەل و وەرچەرخانی PKK:

لـەو هەلومەرجانـەدا سیاسـەتکردن بـە نـاوی PKKوە هـەر تەنهـا مەترسـیدار نەبـوو، بەڵکـو مانـای خۆتەسـفییەکردنیش بـوو. چونکـە خـۆی لـە خۆیـدا PKK بـێ نـاوەڕۆک کرابـوو، وەک ناویـش خزمەتـی تەسـفییەکاریی دەکـرد. بـەو ئامانجـەی پارێـزگاری لـە میراتەکـەی بکرێـت و بـە کەمتریـن زیانـەوە لـە قەیرانەکـە دەربچێـت، بـە باشـمان زانـی بزاڤـی ئـازادی لەژێـر ناوێکـی دیکـەدا درێـژە بـە خەبـات و تێکۆشـانی خـۆی بـدات. پێویسـتی بـە نـاو و تێرمۆنۆلۆژییەکـی نـوێ هەبـوو کـە هـەم هەلومەرجـە دەرەکییەکانـی ئـەو قۆناغـە و هەمیـش ئـەو هەلومەرجـە ناوخۆییانـە ڕەچـاو بـکات کـە ڕێگەیـان لـە پێـش قەیـران کـردەوە. هەوڵـدان و بەدواداچوونـی تێرمۆنۆلۆژیـی نـوێ مانـای نکۆڵیکردنـی PKK نەبـوو. بەڵکـو تـا تەواوبوونـی جیابوونـەوەکان، بەلاوەنانـی نـاوی PKK لـە بـواری تەکتیکیـدا گونجـاو و ڕاسـتر بـوو. چونکـە دەمانویسـت نـاوی PKK لـە دەسـت تەسـفییەکاران دەربێنیـن تـا وەک چەکێـک بـەکاری نەهێنـن. ڕێکخراوەکانـی لـە جـۆری کادەک و کۆنگـرەی گـەل دەیانتوانـی وەڵامـی پێویسـتییەکان بدەنـەوە. لـەوەش گرنگـتر، ئێمـە بـە وەرچەرخانێکـی جدیـدا تـێ دەپەڕیـن. ئـەوە نوێبوونەوەیەکـی ڕیشـەیی بـوو، لـەو سـۆنگەیەوە، بزووتنەوەکەمـان بـە ناوێکـی نوێـوە سـەرکەوتووتر دەبـوو. لـە چەندیـن وڵاتـی سۆسیالیسـتیدا ئەزموونـی هاوشـێوە هەبـوو. بـەڵام ئـەوەی ئێمـە هەوڵـمان بـۆ دەدا، مانـای لاسـاییکردنەوەیان نەبـوو. بـە پێچەوانـەوە، داهێنانێکـی

جیـاواز و مانـادار لـە ئـارادا بـوو. لـە یەکـەم ڤێرژنـی بەرگرینامەکانـم و ئـەو نووسراوانـەی بـۆ PKKم ڕەوانـە کـردن، هەوڵـی دیاریکردنـی هێڵـە گشـتیەکانی ئـەو وەرچەرخانـەم دا. ڕێگەچـارەی دیموکراتییانـە دەسـتەواژەی کلیلـی وەرچەرخـان بـوو. هەروەهـا یەکەمیـن شـیکارییەکانم سـەبارەت بـە دەسـتەواژەی «دیموکراسـی» تـا بڵێـی بەرتەسـک و ناتـەواو بـوون. بـەڵام ئـەو خاڵـەی بـۆ مـن زۆر ڕوون و ئاشـکرا بـوو: هەڵوێسـتی یەکلاکـەرەوە و مسـۆگەرم بەرامبـەر دیموکراسـیی لیـبراڵ هەبـوو کـە دوای هەڵوەشـانەوە و پەرتەوازەبوونـی سۆسـیالیزمی بونیادنـراو، بەشـێکی بەرچـاوی چەپـی کـۆن و پارتـە کۆمۆنیسـتەکان ڕوویـان تێکـرد. هەروەهـا سۆسـیالیزمی بونیانراویشـم وەک سیسـتەمێک هەڵدەسـەنگاند کـە لیبراڵیزمـی بەهێـز کـردووە. لـە هـەوڵ و بەدواداچوونێکدا بـووم کـە هەردووکیـان مەحکـوم بـکات. لـەو هـەوڵ و بەدواداچوونەمـدا دەسـتەواژەی «دیموکراسـی» ڕۆڵـی کلیلـی دەبینـی، بـەڵام ناتـەواو بـوو.

دواتـر سـەبارەت بـە دەسـتەواژەی سیاسـەت (پۆلیتیـکا) قـاڵ بوومـەوە. دەسـتەواژەی سیاسـەت (پۆلیتیـکا) کـە دەوڵـەت نییـە و گوزارشـت لـە بەرژەوەندییـە ژیانییەکانـی کۆمەڵگـە دەکات، وەک دووەمیـن دەسـتەواژەی گرنـگ جێگـەی خـۆی لـە ڕۆژەڤـی منـدا کـردەوە. سیاسـەت وەک دژی حوکمـی دەوڵـەت هەڵدەسـەنگێنم. لەو سـۆنگەیەوە، فەلسـەفەیەکی سیاسـی و دیموکراتی خۆی وەک ئەڵتەرناتیڤێکـی حوکمکردنـی کۆمەڵگـە لـە لایـەن دەوڵەتـەوە پێشـکەش و مانـادار دەکـرد. چونکـە مایەپووچبوونـی بونیادنانـی سۆسـیالیزم بـە دەسـتی دەوڵەتـەوە، منـی بـەرەو لێکۆڵینـەوە دەرهـەق بە چەمکێکـی ڕاسـتی بونیادنانـی سۆسـیالیزم بـرد. لەوانەیـە فەلسـەفەی سیاسـەتی دیموکراتییانـە ببوایـە بـە هەنگاوێکـی زۆر گرنـگ کـە بـەو ئاڕاسـتەیەدا بنرێـت. هەروەها لـە بـواری کردارییشـدا گەلەکەمان بەرخـودان و خۆڕاگریەکـی شـکۆداری بەرامبـەر دەوڵـەت کردبـوو. بـەڵام بـە هـۆی دووریـی خەباتکار و کادیرانـی PKK لـە داهێنـان، تۆزێـک مابـوو ئـەو خۆڕاگرییـە بـە فیـڕۆ بچێـت. کاتێـک لێکۆڵینـەوە و بەدواداچوونـم بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگـەی بەربەسـتکردنی ئـەو دۆخـە دەکـرد، بـڕوام بـەوە هێنـا کـە شـێواز و ڕێبـازی سیاسـەتی دیموکراتییانـە و فەلسـەفەکەی گونجاوتریـن هەڵوێسـتە. ئـەوەش گرنگتریـن وانـە بـوو کـە لـە ئەزموونـی ڕووسـیای سـۆڤێت وەربگیررێـت. چونکـە پێداگـری لەسـەر چەمکـی پارتـی کۆمۆنیسـتی کلاسـیکیی سۆسـیالیزمی بونیادنـراو کـە لـە مێـژ بـوو بنبەسـت ببـوو، بـە هەڵوەشـانەوەی ناوخۆیـی ئەنجامگیـر ببـوو و دەبـوو بـە محافـەزەکاری و بێچارەیـی. هەروەهـا ڕۆڵـی ئـەو پارتانـە لـە بنبەسـتبوونی سۆسـیالیزمی زانسـتیدا بـە شـێوەیەکی ڕوون و ئاشـکرا دەرکەوتبـوو. بەم جـۆرە، پاراسـتنی PKK لەسـەر بنەمـای ئـەو چەمکـە مانـای ئامادەکردنـی زەمینـە بـۆ محافـەزەکاری و تەسـفییەکاران و ئاسـانکردنی کارەکانیـان دەهـات. وێـڕای ئـەوەش، شـەنکردن بەگوێـرەی بـای دیموکراسـیی لیـبراڵ پەسـندنەکراو بـوو کـە تـەواوی میراتـی سۆسـیالیزمی بونیادنـراو ڕەت دەکاتـەوە و بـە خراپـی دادەنێـت. چونکـە دیموکراسیی لیـبراڵ مەیلێکـی دیموکراسـیی سـاختە بـوو. هەرچـی ئـەو مەیلـە چەپڕەوەیـە کـە وەک ڕەوتێکـی دیموکراسـی لیبڕالـە بـە تـەواوی واتـای تەسـفییەکاری بـوو؛ بـە مانایەکـی تـر، خاوەنێتیکـردن بـوو لـە سـەرمایەداریەکەی نـاو بونیـادی سۆسـیالیزمی بونیادنـراو

و وەرچەرخاندنی بوو بۆ سەرمایەداریی تایبەت. لەو سۆنگەوە پاراستنی بەهاکانی بەرخودانی PKK و گەل لەو دوو چەمک و کردارە مەترسیدارە گرنگی و بایەخێکی زۆری هەیە. ئەوە ئەرکە بە پەلەکەمان بوو. خاوەنێتیکردنێکی ڕاست لەو ئەرکە، زەرورترین و مانادارترین وەڵام بوو بدرێت بەو کەسانەی خوازیار بوون میراتی PKK بکەن بە ئامرازی ئارەزووە خۆپەرستەکانیان و لیبراڵیزمێکی پووچ لەسەر بەهاکانی بەرخودانی مێژوویی گەل بونیاد بنێن.

لەو چوارچێوەیەشدا وەک دوو ئامرازی کاتی و قۆناغ بیر لە کادەک و کۆنگرەی گەل کرایەوە کە بتوانن بە ڕاسترین شێوە خاوەنێتی لە میراتی مێژوویی شەڕی شۆڕشگێڕیی گەل و PKK بکەن. هەرچی جێبەجێکردنێکی سەرکەوتوانەی ڕۆڵەکەیان بوو، لەمیانەی هەڵسەنگاندنێکی پوختی قۆناغ و دەستنیشانکردنێکی ڕاست بۆ ئەرکەکانیان و خاوەنێتیکردنیان فەراهەم دەبوو.

ئەو قۆناغ و پرۆسەیەی لەگەڵ دەوڵەت لە ئارادا بوو، لە لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن زیاتر، بە شێوەی هەوڵەکانی گەڕان بەدوای ڕێگەچارەی سیاسیدا بە ڕێوە دەچوو. سەرەڕای ئەوەی تەواوی هەلومەرجەکان پێچەوانە بوون و PKKش بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە شەڕی دژوار دەکرد، تاوتوێکردنی قۆناغی ئیمڕالیم وەک دەرفەتێکی ڕێگەچارەی سیاسییانە لە جێگەی خۆیدا بینی. تەنانەت ئەگەر باجەکەی لەسێدارەدانیشم بوایە، لەو بڕوایەدا بووم کە ئەمە ڕێگەیەکە پێویستە بەر لە هەموو شتێک تاقی بکرێتەوە. لەو بڕوایەدا بووم کە تەنها بەم جۆرە دەکرێ ناوەڕۆکی پیلانگێڕیەکە مایەپووچ بکرێتەوە. چونکە دژواربوونی شەڕ و ئەگەرەکانی بەرکەوتنی زیانی قورس و ژێرکەوتن ڕەوشەکەیان بەرەو دۆخێکی هاوشێوەی ئەو تابلۆیە دەبرد کە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢٥-١٩٤٠ لە ئارادا بوو. پێشبینیی نەخشەی پیلانگێڕیش بەم شێوەیە بوو. هەروەها نوێنەری سوپاسالاریش دۆخەکەی وەک پیلانگێڕیی شیکاری دەکرد. هەرچەندە ئامانجەکانیشیان جیاواز بوو، بەڵام دەبوو ئەو هەڵوێستە جدیی ببینرێ و ڕەچاو بکرێت. ڕێگەیان دابوو نامەگۆڕینەوە لەگەڵ PKKدا بکەم. لە نامەکاندا ئەنجامی دیدارەکانیشم پێ ڕادەگەیاندن. لەو قۆناغەدا پاشەکشێی یەکلایەنەشم وەک تەکتیکێک بینی کە دەبوایە لەو هەلومەرجانەدا بکرێت. هەڵوێستێک بوو پەلەی لێ کرا و هێندەش بیر لە هەلومەرجەکانی نەکرایەوە. واتە داسەپاندنی دەوڵەت لەو بارەیەوە لە ئارادا نەبوو. بەڵام ئەوەی لە بنەڕەتدا منی بەرەو ئەم جۆرە ڕێوشوێنە برد، زەینیەتی پیلانگێڕیی و کەشوهەوا قورسەکەی شۆفینیزم بوو کە لە تورکیا لە ئارادابوو. بەڵام ئەو ئۆپەراسیۆنانەی لە کاتی پاشەکشێدا چڕ بوونەوە و ئەو زیانانەی بەر هێزەکانمان کەوت، پیشانیان دا کە دامەزراوە و هێزەکانی ئاسایش ئەو پاشەکشێیەیان وەک دەرفەتێکی لەناوبردن بینیوە و لەو چوارچێوەیەدا قۆستوویانەتەوە. واتە هەوڵیان دا لەمیانەی لۆژیکی لەناوبردنەوە ئەو هەنگاوەی نیشاندانی نیازپاکیمان بقۆزنەوە. ئەوەش هەڵەیەکی زۆر جدیی بوو. بە ئەندازەی هاندان و گێرەشێوێنییەکانی هێزە دەرەکییەکان و کێشەی تەندروستیی سەرۆکوەزیران بلند ئەجەوید و هەوڵەکانی تەسفییەکردنی، هەڵوێستە نەرێنییەکانی MHP و بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەخت ڕۆڵێکی گرنگی لەو دۆخەدا بینی.

زەمینەی ئاشتی و ڕێگەچارەی دیموکراتییانەی چاوەڕوانکراو ئەنجامگیر نەبوو. ئەو هێزانەی لە ساڵی ١٩٢٥ـەوە تورکیایان خستووەتە ناو زەلکاوی دژەکوردەوە و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەدەن، بە لانی کەمەوە هێندەی ئەگەری ئاشتی و ڕێگەچارەی سیاسیی ساڵانی ١٩٩٣ و ١٩٩٨ ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە بەفیڕۆدانی ئەگەری ئاشتی و چارەسەری سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ـەکانیش. زۆر لەوە زیاتر کە دیارە و دەبینرێت، پرسی کورد ئامرازێکی سفتەبازیی (مضاربة) دەستی سیستەمی هەژموونگەراییە. هێشتنەوەی ئەو پرسە لە دۆخێکی بێچارەیی و نەزۆکیدا ئەو ئەنجامەیە کە سیستەمی هەژموونگەرایی ئارەزووی دەکات. بەڵام سەبارەت بە تورکە سپییە فاشیستەکانیش، دەیەوێ بیکات بەئامرازی ئاراستەکردنی سیاسەتی ناوخۆیی لە ڕێگەی گرێی دەروونی شەڕەوە. چونکە تا پرسی کورد بە چارەسەرنەکراوی بهێڵرێتەوە، ئەوا حوکمکردنی وڵات لەمیانەی لۆژیکی شەڕی ناوخۆییەوە حەتمی دەبێت. ئیتر بەردەوام لەمیانەی دووبارەکردنەوەی گوتەکانی «هەڕەشەی ناوخۆیی و دەرەکی» و «یەکێتی و یەکپارچەیی وڵات» لە ڕۆژەڤدا دەهێڵنەوە و دۆخی شەڕ بەردەوام دەبێت. بەم جۆرەش، دەرفەت بۆ سەرمایەداریی قۆرغکاریی دەوڵەت دەڕەخسێت لەمیانەی سەرەڕۆییەکی بێ هاوتای دەوڵەت-نەتەوەوە بە ئارەزووی خۆی وڵات بچەوسێنێتەوە و بەکاری بێنێت. واتە کوردان تەنها لە دۆخی کۆمەڵگە و مرۆڤبوون بەدەر نانرێن، بەڵکو وەک لەبارترین ئامرازی یاسای بەدەست هێنانی زۆرترین قازانجی سەرمایەداریی بەکار دەهێنرێن. بە مانایەکی تر، ئەگەر سیاسەتی شەڕی ناوخۆیی داسەپێنراو بەسەر کورددا نەبێت، ئەوا مەحاڵە سەرمایەداریی و دەوڵەت-نەتەوەکەی تورکیا بە ڕێوە ببرێت. لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە ئەو سیاسەتەی شەڕی ناوخۆیی بە شێوەیەکی یەکلایەنە و بە سیفەتی سیاسەتی شۆڕش بە ڕێوە دەبرێت. هەرچی ئەو سیاسەتانەن کە وەها بانگەشەی دەکرێت گوایە لەپێناو یەکپارچەیی و یەکێتی نەتەوەیی و دژی دوژمنە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بە ڕێوە دەبرێت، لە ناوەڕۆکدا سیاسەتگەلێکن لە لایەن خودی سیستەمی هەژموونگەراییەوە بەرنامەڕێژ کراون و لەژێر سەرپەرشتی خۆیدا بە ڕێوەیان دەبات. هەروەها ئەوەی لە سەرەتای ٢٠٠٠ـەکانیش دژی ڕێبازی ئاشتیی کوردان و ڕێگەچارەی دیموکراتییانە وەستاوەتەوە، هەمان سیاسەتی نەریتی هەژموونگەراییە. هەرچەندە لەژێر ناوی میللیگەرایی و نەتەوەپەرستیدا بانگەشە بۆ جێبەجێکردنی بکرێ، بەڵام لە ناوەڕۆکدا سیاسەتی ئیمپریالیستی، داگیرکاریی و کۆمەڵکوژین.

کاتێک یەکەمین بەرگرینامەکانی ئیمڕالیم ئامادە کرد، شیکردنەوەی ئەو گرێکوێرەیەی کوردم بە بنەما گرت. ئەوەش هەنگاوی هەرە ڕاست بوو. چونکە ئیتر ئاشکرا بوو ئەگەر خاڵە تاریکەکانی واقیعی کورد ڕۆشن نەکرێتەوە، ئەوا ڕاستینەی بەرگرینامەکانیشم هیچ مانایەکیان نابێت. دوای تاقیکردنەوەی هەر شتێک لەپێناو ئاشتی و چارەسەردا، ئیتر نۆرەی شیکردنەوەی هۆکارە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی سەرچاوەی ئەو تاریکییە هاتبوو. یەکەمین کورتەبەرگرینامەکەم کە پێشکەش بە دادگام کرد بانگەوازێکی خاکییانە بوو لە پێناو ئاشتی.

دووەمیـن گەورەبەرگرینامەشـم توانـای کردنـەوەی گرێکوێرەکـەی هەبـوو. ئـەو بەرگرینامەیـەی بـۆ دادگای مافـی مرۆڤـی ئەوروپـا ئامـادە کرابـوو، لـە ناوەڕۆکـدا لێکۆڵینـەوە بـوو لەبـارەی ڕاسـتینەی کـورد و بوونـی کـورد لـە بەرامبـەر شارسـتانییەت و مۆدێرنیتـەدا. هەروەهـا سـەرمایەداریم بـە بەرپرسـیاری سـەرەکیی سـەرهەڵدانی پرسـی کـورد دادەنـا و بـۆ یەکەمیـن جـار بـوو ناوەڕۆکـی دیموکراتییانـەی چارەسـەر لـە دەوڵەت-نەتـەوە جیـا دەکرایـەوە. هـەر ئـەو هەڵوێسـتەش ناوەڕۆکـی وەرچەرخانەکـەی PKK ی پێکدەهێنـا. چونکـە جیاوازیـی نێـوان ڕێگەچـارەی دیموکراتـی و دەوڵەتـی دەخسـتە ڕوو کـە لـە سـەردەمی گرووپـی ئایدۆلۆژیەوە یـەکلا نەکرابوویـەوە. هەروەهـا بەرگرینامەکە لـەو خاڵـەدا لـە سۆسـیالیزمی بونیادنـراو و ڕوانگـە مارکسـی-لینینییە کلاسـیکیەکەی پاڵپشـتی جیـا دەبوویـەوە. واتـە مافـی چـارەی خۆنووسـینی نەتەوەکانـی لـە چوارچێـوەی مافـی بۆرژوازیـدا دەرکـرد و خسـتیە نـاو چوارچێـوەی دیموکراسـیی کۆمینالـەوە. بـە مانایەکـی تـر، بەبـێ ئـەوەی پەنـا ببرێتـە بـەر دەوڵەتگەرایـی و خولانـەوە بـە دەوری مەرامەکانـی دەوڵەت-نەتـەوە و لـەو چوارچێوەیـەدا خـۆ ناچارکـردن بـە چارەسـەر، دەکـرێ پرسـی کـورد لـە چوارچێـوەی مۆدێلـە دیموکراتییەکانـی بەڕێوەبەرایەتیـی کۆمەڵگـەدا شـیکار و چارەسـەر بکرێـت. ئەمـەش گەوهـەری وەرچەرخانەکـەی PKK بـوو. کادەک و کۆنگـرەی گەلیـش وەک دەسـتەواژە گوزارشـتیان لـەو حەقیقەتـە دەکـرد.

پێچەوانـەی ناوەڕۆکـی ئـەو بەرگرینامانـەی لـەو قۆناغانـەدا پێشکەشـم کـردن، جارێکـی دیکـەش تەسـفییەکاریی ناوخۆیـی لـە نێـوان سـاڵانی ۲۰۰۲-۲۰۰٤ سـەری هەڵدایـەوە و بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان کەوتـە ڕۆژەڤـەوە. شانبەشـانی تەسـفییەکارییەکی بەرفـراوان و هەمەلایـەن، کاتێـک پارێزەرەکانـم لـە کاتـی خۆیـدا و بـە شـێوەیەکی تێروتەسـەل زانیارییـان سـەبارەت بـە ڕووداوەکان پـێ ڕانەگەیانـدم، دەسـتکەوت و بەهاکانـی گـەل و پارتـی بـە فیـڕۆ چـوون، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە کادیـران و شـەڕڤانان کـە خـاوەن بەهایەکـی گـەورەی مـاددی و مەعنەویـن. هـەر وەک چـۆن بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە شۆڕشـەکاندا پـارت و شـەڕی گـەل لـە قۆناغـی وەرچەرخانـدا دووچـاری دێـن، ئـەوا لـە مێـژووی ئێمەشـدا وەک بڵێـی لـە نێـوان دووجەمسـەری تیژدایـە، تووشـی گەورەتریـن تەسـفییەکاری هـات.

## ٢- واتای تەسفیەکاریی نێوان ساڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٤ و گرنگیی تێکۆشان لە بەرامبەریدا:

مێژووی PKK مێژوویەکە بەیەکەوە لەگەڵ تەسفییەکاری پەرەی سەندووە. هەر لە سەردەمی قۆناغی گرووپەوە، PKK بەردەوام دووچاری هەوڵەکانی تەسفییەکاری هاتووە. چەندە پارتیمان پەرەی سەندووە و مەزن بووە، ئەوەندە دووچاری تەسفییەکاریی گەورەتر هاتووە. ئەو بوویەرانەی لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٤ ڕوویان دا، لە تەسفییەکاری زیاتر، ڕەنگدانەوەی پیلانگێڕی بوو لە ناو ڕیزەکانی خۆماندا. بە مانایەکی تر، پیلانگێڕی و تەسفییەکاری هێندە تێکەڵ بە یەکتر ببوون، لێک جیا نەدەکرایەوە تا چ ڕادەیەک بە مەبەستە و تا چ ڕادەیەک بەبێ ئاگایی ڕوو دەدات. چونکە ئەو زەمینەی لە ئارادابوو دەرفەتی لێکجیاکردنەوەیانی نەدەدا. واتە زەمینەکە گونجاو و لەبار بوو کە کەسایەتییە تەسفیەکار و پیلانگێڕەکان لە هەمان ساتدا بە یەکەوە لە ئارادابن. هەربۆیە هەبوونی بەڕێوەبەرایەتییەک زۆر زەرور بوو کە چاودێریی کەسایەتییەکانی زادەی ئەو زەمینەیە بکات. من خۆم لەو بارەوە وریا بووم و بەردەوام سەرنجیانم بۆ ئەو خاڵە ڕاکێشاوە و ئاگادارم کردوونەتەوە. چونکە کاتێک سەرقاڵی پێکهێنانی کۆمەڵگەبوونێکی شۆڕشگێڕیت، ئەگەر لە قووڵاییدا دەرک بە زەحمەتیی ئەو کارە نەکرێت، ئەوا ئەستەمە ڕێکخستن و بزووتنەوە لە هەناوی کۆمەڵگەبوونی کورددا پێکبهێنرێت. بەڵام سەرکردایەتی پارت و کۆردیناسیۆنی شەڕ تەنانەت لەوەش بێ ئاگا بوون کە چۆن لەو بارەوە لەسەر پێ ماونەتەوە و پاراستوومانن. هەروەها لەبەر ئەوەی کاریگەریی چەپی تورک و کولتووری مەزهەبی و مێژوویان لەسەر بوو، لە تێگەیشتنی گرنگی و جیاوازی کۆمەڵگەبوونی شۆڕشگێڕی و چالاکییەکانی دوور بوون. کاتێک لە نزیکەوە کۆنترۆڵ و چاودێریمان دەکردن، لە دەرخستنی ئەو جۆرە لاوازییەیان دوودڵ بوون و کۆنترۆڵیان دەکردن. ئەگەر لە ناخەوەش نەبێت، هەوڵیان دەدا خۆیان لەگەڵ هەلومەرج و کەشوهەوای ڕێکخستنی بگونجێنن. لەجیاتیی ئەوەی دیسپلینی ڕێکخستن و کرداری وەک زەرورەتێکی ژیانی ئازاد ببینن، وەک کۆسپێکی بەردەم ژیانی کەیفی و ئارەزووخوازی خۆیان دەیانبینی. چونکە زەینیەتی قەبیلەگەرایی و خێزانگەرایی تا مۆخی ئێسقانیان چووبوو. کاتێک ئەو هیچبوونەشی دەهاتە سەر کە وەک تاک تێیدا دەژیان، بونیادێکیان دەهێنایە ئاراوە کە بەرگەگرتن و ئیدارەکردنی زۆر ئەستەم بوو. سەرجەم ئەو خاڵانەی ڕیزمان کردن، دەشێت وەک حەقیقەتە گشتییەکان مایەی تێگەیشتن بن. بەڵام کاتێک لە هەستیارترین قۆناغی شەڕی شۆڕشگێڕیی گەلی پەکەکەدا تەواوی ئەوانە بە فۆرمی بزاوتێکی تەسفییەکاری و پیلانگێڕی تێکەڵ بە یەکتر شێوەیان گرت و خۆیان بەو شێوازە سەپاند، واتە گەورەترین بزاوتی خیانەت کەوتووەتە ڕۆژەڤەوە. گرنگی و جیاوازیی تەسفییەکاری نێوان ساڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٤ لەو خەسڵەتە ڕیشەییەی خیانەتەوە سەرچاوە دەگرێت.

ڕووبەڕووی جۆرێک لە نەخۆشیەکی درێژخایەنی مێژووی کورد ببوونەوە کە ئیتر بووە بە گانگرێن. وێڕای تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی، ڕێکخستنی و کرداریی سی ساڵە، سەرهەڵدانەوەی

هەمان نەخۆشی مەترسییەکی جدیی بوو. هەروەها هەلومەرجی ئەو شوێن و قۆناغەش کە تێیدا دەرکەوت، تا دواڕادە لەو پێناوەدا گونجاو و لەبار بوو. ئەمریکای زلهێزی هەژموونگەرایی سیستەم، داگیرکردنی عێراقی دەست پێ کردبوو، لە ناوەوەش ئاکەپە ی وەک پاشکۆ نوێیەکەی خۆی هەڵبژاردبوو. هەر وەک چۆن لە مێژوودا ڕووی داوە، دیسان ڕاستەوخۆ هەوڵی دەدا بزووتنەوەی کورد بە لاڕێدا ببات و بەکاری بێنێت. ئەمریکا هێزی سەرەکیی پاڵپشتکردنی شەڕەکانی تۆڕی گلادیۆ بوو دژ بە PKK و ئێمە. هەروەها لەمیانەی ڕێکخستنەوەی تۆڕی گلادیۆی تورکی کۆنتڕۆڵی بەکرێگیراوی بەهێزی لەدەستدابوو. کاتێک تەواوی ئەو هۆکار و فاکتەرانە یەکانگیر بوون، ئیتر ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێک لە ناو PKKدا حاشاهەڵنەگر بوو. ئامانجیان ئەنجامدانی دوائۆپەراسیۆنی ئەو ئۆپەراسیۆنانە بوو کە پێشتر لە ناوەوە و دەرەوە هەوڵیان بۆ دابوو. بەگوێرەی خۆیان دەبوایە ئەو ئامانجە بەدی بێنن کە سی ساڵ بوو هەوڵیان بۆ دەدا. هەربۆیە ئامانجی ئەو ئۆپەراسیۆنە کلاسیک و ناسراوە، ئافراندنی باڵێکی بەکرێگیراوی خۆیان بوو لە ناو ڕیزەکانی PKKدا و لەناوبردنی ئەوانی دیکە بوو. ئەوەش شێواز و ڕێبازێک بوو کە زۆر جار لە مێژوودا تاقییان کردبوویەوە و تێیدا سەرکەوتوو ببوون. ئەم جارە کاتێک لەگەڵ پیلانگێڕییە گەورەکەدا کردیان بەیەک، لەو بڕوایەدا بوون کە ئیتر سەرکەوتنی تەواو بە دەست دێنن.

هێزە پیلانگێڕەکانی ناو چوارچێوەی شەڕی تایبەتی تورک ئەم جارە بە دەمامکی سەوز و لە ژێر چەتری ئاکەپەدا کاریان دەکرد و لە جووڵەدا بوون. پاشکۆ کوردەکانیشیان لە کوردستانی عێراق (باشووری کوردستان) لەپێناو ئەو پێگە فیدراڵییەی کە پێشکەشیان کرابوو، ئامادەی هەموو جۆرە بەکرێگیراوییەک بوون. لە ڕاستیدا هەر لە ساڵی ١٩٨٥وە، بە شێوەیەکی ئاشکرا بێت یاخود نهێنی، هەموو جۆرە یارمەتی و پشتگیرییەکیان پێشکەش بە تەواوی شاڵاوەکانی تۆڕی گلادیۆ کردبوو. ئەو جارەش بەو هیوایەی لە PKK و شەڕی گەل ڕزگاریان بێت، هەر شتێک لە دەستیان بهاتایە دەیانکرد، هەر واشیان کرد، هەر جۆرە پاڵپشتی و دەرفەتێکیان بۆ تەسفییەکاریی ناوخۆ ڕەخساند کە خۆیان بە خاوەنی گەورەترین پشکی میرات دادەنا. بەڵام ئەو دەستە تەسفیەکارییەی گوایە خۆیان بە خاوەنە ڕاستەقینەکەی پارت و شەڕی گەل دادەنا، بە داخەوە نەیاندەزانی کە خزمەت بە کامە سەرگەورە دەکەن. هەرچی ئەندامە محافەزەکار و دۆگماتیکەکانیش بوون کە تەسفییەکاران بەردەوام بۆ خۆیان دەیانکردن بە بیانوو، ئەو هێزەیان نەبوو تەنانەت بەرگری لە شەخسی خۆشیان بکەن. بەم جۆرەش، بەدەستی خۆیان دەیانویست کۆتایی بە بزووتنەوەیەکی مێژوویی سەرکەوتوو بهێنن. بەڵام میراتی PKK میراتێک نەبوو کە بەم جۆرە لەناو ببرێت.

بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە چۆنێتیی گەیشتن بەو دۆخە، پێویستە سەیرێکی ڕابوردووی نزیک بکرێت.

بەر لە هەموو شتێک، بێ ئیرادەیی و کەموکوڕیی کەسایەتی کە زادەی نزمی ئاستی ئازادی

و داخورانی ناسنامەی سەردەمی دامەزراندن بوو، سەرەکیترین ڕۆڵی لە گەیشتن بەو دۆخەدا بینی؛ وەک لاوازییەکی گشتی کاریگەریی هەبوو. هەوڵێکی زۆر و بەهێز بۆ تێپەڕاندنی ئەو لاوازییانە لە ئارادا نەبوو. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتیش لاوازییە بونیادییەکان زیاتر دەرکەوتن. تا کاتی بەستنی کۆنگرەکەی ساڵی ١٩٨٦ سەبرێکی لەڕادەبەدەرم بەرامبەر ئەو کادیرانە پیشاندا کە تووشی ئەو دۆخە ببوون و هەوڵمان دا بەیەکەوە بەردەوام بین. دوای ئەنجامدانی هەڵمەتی ١٥ی ئابی ١٩٨٤، لە قەیرانەکەی ساڵی ١٩٨٦دا هەڵوێستێکیان پیشان دا کە ماناکەی ئەمە بوو: «لەوە زیاتر هیچی ترمان لەدەست نایەت». ئیتر لەوە زیاتر فشارخستنە سەر کادیرانی نەوەی یەکەم ڕاست نەدەبوو. چونکە وەک ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی نەک تەنیا داهێنەر نەبوون، بەڵکو خاوەنێتییان لە توانا بەردەستەکان و بەرپرسیارێتی خۆشیان نەدەکرد. دوای بێکاریگەرکردن و شەهیدبوونی ئەو فەرماندە مەیدانییانەی جێگەی هیوا و چاوەڕوانی بوون، لە سەرووی هەمووشیانەوە کەمال پیر، محەمەد قەرەسونگور و مەعسوم قۆرقماز، ناچار بووین بە دووەمین نەوەی کادیرانەوە دەست بە هەڵمەتەکەی ساڵی ١٩٨٧ بکەین. وەک بڵێی من خۆم بە تەنها ئەو هەڵمەتەم دەست پێکرد. هەموو جۆرە یارمەتییەکمان پێشکەش کردن؛ تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٢ ساڵانە زیاتر لە هەزار کادیر و جەنگاوەری پەروەردەکراو، بە چەک و تەقەمەنی و بودجەی خۆیانەوە بۆمان ڕەوانە دەکردن. پشتگیرییەکی مەزنی گەل لە ناوەوە و یارمەتیی دیبلۆماسی و دەرفەتی جێگیربوون لە دەرەوەش هەبوو. هەروەها لە ناوەوەش سەرجەم سەنگەرەکانمان ئامادە بوون.

کاتێک سەرکردە و فەرمانده مەیدانییەکانی بە نەوەی ناوین ناو دەبران لەسەر ئەو ئامادەکارییە بێ هاوتایانە لێیان پاڵدایەوە، وەک ئەو شێخانەی خاوەن کەرامەتن، ئاشقی خۆیان بوون. هەڵکشانەوەی بزووتنەوەیان بە مەعریفەت و لێهاتوویی خۆیان دادەنا. بەڵام لە ڕاستیدا ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو. کاتێک لاوازیی کەسایەتی و ئاشقبەخۆبوون یەکیان گرت، خۆیان لەناو کەموکوڕی و ناتەواوییەکدا بینییەوە کە زۆر لە هیی کادیرەکانی نەوەی کۆن خراپتر بوو. هەر هیچ نەبێت کادیرانی نەوەی کۆن خاوەنی پرەنسیپ و ئەخلاقێکی سیاسی و ڕێکخستنی بوون. بەڵام لە تازەپێگەیشتووەکاندا ئەوەش نەبوو. ئەگەر تۆزقاڵێکیش هەبووبێت، لەجیاتیی ئەوەی هەلومەرجە سەختەکانی تێکۆشان بەهێزیان بکات، لەناوی بردبوو. تا ئەو کاتەی جێگیربوونی ڕێبەرایەتی لە خۆرهەڵاتی ناوین و پشتگیری گەل خۆراکی پێ دەدان و لەسەر پێیانیان ڕادەگرتن، ئەوان زیاتر لەخۆبایی دەبوون.

بە تایبەتیش چەتەی چوارینە لەو بارەوە لە هەرێمی بۆتان پێشەنگایەتیی دەکرد. هەرچی ئەوانە بوون کە ئەرکیان لێکۆڵینەوە و بێکاریگەرکردنی خراپەکارییەکانی چەتەی چوارینە بوو، لە سایەی ئەوانەوە ڕۆژی خۆیانیان بەسەر دەبرد، کە نیزامەدین تاش (بۆتان)، خەلیل ئاتاج (ئەبوبەکر)، عوسمان ئۆجەلان (فەرهاد) و جەلالی شرناخ لە سەرووی ئەوانەوە دەهاتن. بەم جۆرە، بە شێوەیەکی کرداری دەڤەرەکانی بۆتان، بادینان و زاگرۆس کەوتنە ژێر کاریگەریی

گرووپی تەسفییەکارەوە. هەرێمی ئامەد (دیاربەکر، بینگۆل، مووش و دەوروبەریان)یش کرا بە کێڵگەی برایانی ساکیک و چروقایا. ئەوانە دەستێوەردان و یارمەتییەکی زۆری کادیران و هێزیان مایەپووچ کرد. شیمانە دەکرێت ئامەد یەکەمین هەرێم بێت کە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ژیتەمەوە. هەروەها چالاکیی پیلانگێڕیی ناوخۆ و ژیتەم پاڵپشت بە PDK تا دەهات لە بۆتان، بادینان و زاگرۆس کاریگەرییەکەی زیاتر دەبوو. لەگەڵ مەرگی نادیار و شاراوەی دکتۆر باراندا، دەستپێشخەریی کەسانی وەک خدر ساری قایا (ئەکرەم) لە هەرێمی دێرسیم زیادی کرد؛ لە پاڵ هەوڵەکانی تەسفییەکاریدا شەڕ و پێکدادانی بێواتا لەگەڵ ڕێکخراوە چەپڕەوەکانی دیکە و زیان و شەهیدبوونی نابەجێش خێراتر ببوو. هەروەها تەرزی جەمال (عومەر ئۆمەرجان) لە هەرێمی تۆڵهەڵدان (مەرەش، ئادیامان و دەوروبەری)، سەرحەد (خدر پاڵچین) لە هەرێمی ماردین مەیلی تەسفییەکاری محافەزەکارییان زاڵ کردبوو. لە خۆرهەڵاتی ناوینیش لە چوارچێوەی هەمئاهەنگی لەگەڵ ژیتەمدا ڕێبەرایەتییان بە لێواری تەسفییەکردن گەیاندبوو. چونکە ئەو پیلانگێڕییەی لە سەرەتای مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠ ڕێگەی لە پێش تیرۆرکردنی هەڤاڵ حەسەن بینداڵ (هەمزە) کردەوە، بەم جۆرە ڕۆڵی لەناوبردنی ستراتیژیی دەبینی.

وێڕای تەواوی ئەو مەیلە پیلانگێڕ و تەسفییەکارانە، بەڵام بەرخودانی کادیران و شەڕڤانان و گەل بە قارەمانێتی لە هەڵکشاندا بوو. لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە هەستکردنی دەوڵەت بە پێویستیی دیالۆگی سیاسی بەرهەمی ئەو پەرەسەندنە بوو. بەڵام تۆڕی گلادیۆ و ژیتەمیش بە هەموو ترسناکییەکەوە لە تاوان و کردەوە سنوورنەناسەکانیاندا بەردەوام بوون. ئیتر درزێکی جدیی لە ناو خودی دەوڵەتیشدا سەری هەڵدابوو. لەو هەلومەرجانەدا ئەو کەسە تەسفییەکارانەی هەر لە سەرەتاوە بە شێوەی چەتەگەرێتیی ئاشکرا یاخود بە شێوەیەکی تەڵەکەبازانەتر و لە ژێرەوە خۆیان دەسەپاند، زۆر بەباشی دەدرەوشانەوە. لە سەرووی مەزەندە و شیمانەکانی منەوە سنوریان بەزاندبوو و زیادەڕۆییان کردبوو کە خۆیان بە خاوەنە نوێ و ڕاستەقینەکانی گەل و پارت دابنێن. تا دواڕادە نغرۆ و ئاشقی خۆیان ببوون، بەڵام لە شاردنەوەی ئەو هەڵوێستەیاندا تا دواڕادە شارەزا و پسپۆڕ بوون.

بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە، شێواز و ڕێکارەکانی پارتی کلاسیک گیرانە بەر. لەمیانەی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی، کۆنفرانس و کۆنگرەکانەوە هەوڵی تێپەڕاندنی کێشەکان دران. نوێکردنەوەی کۆمیتەی ناوەندی، دانانی نوێنەری نوێ و گەورەکردنی هێز وەک ڕێگەچارەیەک بیریان لێ کرایەوە. بەڵام ئاشکرایە کە ئەو جۆرە چارەسەرانە ڕەهەندی تەکنیکی و ڕێکخستنییان هەبوو و بۆ بناغە و ڕیشە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکەی شۆڕ نەدەبوونەوە. لەو سۆنگەیەوە، جگە لە بەدەستهێنانی هەندێک ئەنجامی ڕووکەشی، زیاتر بڕیان نەدەکرد. لە ڕاستیدا ئەو دۆخەی لە بونیادی پارتماندا دووچاری هاتبووین ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەوشە بوو کە ئەزموونی یەکێتیی سۆڤێت لە ئاستی دونیا دووچاری هاتبوو. واتە ئەو هەڵوەشانەوەی دوای حەفتا ساڵ لە سۆسیالیزمی بونیادنراودا ڕووی دا، بیستوپێنج - سی ساڵ دوای دامەزراندنی

لـە PKK دووبـارە دەبوویـەوە. بگـرە ئەگـەر ببوایـە بـە خاوەنـی دەوڵەتیـش، دیسـان ئەگـەری هەڵوەشـانەوەی هاوشـێوە لـە ئـارادا بـوو. چونکـە ئـەو مۆدێلـە سیاسـی و ئایدیۆلۆژییانـەی خۆیـان لـە دیـدگای دەوڵەت-نەتـەوە ڕزگار ناکـەن، لـە بـواری بونیادیـدا بەگرفـتن؛ دژەدیموکراسـین و ناتوانـن وەرچەرخانـی سۆسیالیسـتییانە لـە کۆمەڵگـەدا فەراهـەم بکـەن. هەرچـی پێکهێنانـی کەسـایەتی و دەسـتە قۆرغـکار، سـەرەڕۆ و دەسـەڵاتگەراکانە ئەگـەر لەسـەر بنەمـای دەوڵـەت بێـت یاخـود پـارت، پێویسـتیەکی سروشـتەکەیەتی. بـەڵام تێگەیشـتنمان بـۆ ئـەو حەقیقەتـە بـە شـێوەیەکی بەرچاوتـر لەمیانـەی تەسـفییەکاریی نێـوان سـاڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٤ ڕوونـتر بوویـەوە.

خیانەتـکارە تەسـفیەکارەکان تەنهـا لـە نەریتـی تێکۆشـان دانەبـڕان، بەڵکـو لـە نـاو خۆشـیاندا لێـک دابـڕان و پەرتـەوازە بـوون. هەندێـک حیسـابی تەکتیکیـی گرنگییـان هەبـوو. بـەر لـە هەمـوو شـتێک، لـەو بڕوایـەدا بـوون کـە ئیـتر حەقیقەتـی ڕێبەرایەتیـی سـتڕاتیژییان بـە تـەواوی بێکاریگـەر کـردووە و هیـچ هێزێـک ناتوانـێ ڕزگاری بـکات. لـەو سـۆنگەیەوە، خۆیـان بەرامبـەر هـەر هەڕەشـەیەك بێبـاک دەبینـی کـە لـە ڕێبەرایەتییـەوە بهاتایـە. هەروەهـا ئـەو هێزانـەی پاڵپشـتییان دەکـردن، لـەو بـارەوە زەمانەتـی پێویسـتیان پـێ دەدان. دووەمیـن لێکدانـەوە تەکتیکییەکەیـان، بێکاریگەرکردنـی ئـەو کادیرە کۆنانـە بـوو کـە لایەنـی دۆگماتیکیـان لـە پێـش بـوو (بـەڵام سـەنگین و خـاوەن پرەنسـیپ بـوون) و ڕووبەڕوویـان دەبوونـەوە. لـەو پێناوەشـدا ئامادەکارییـان کردبـوو. چونکـە زۆربـەی بەهاکانـی پـارت و تێکۆشـان لەژێـر کۆنترۆڵیانـدا بـوو. بەشـێکی گرنگـی کادیـران و شـەڕڤانانیان هەڵخەڵەتاندبـوو. هەروەهـا ئـەو تەڵەکەبـازی و فێڵبازییـەی بـە سـاڵان لـە نێـو ڕیزەکانـی تێکۆشـان تاقییـان کردبوویەوە، باڵادەسـتی کردبـوون. سـێیەمیان؛ خۆیـان بـە خاوەنـە ڕاسـتەقینەکەی سـەرجەم بەهـاکان دادەنـا. گوایـە خۆیـان شـەڕیان کـردووە و متمانـەی گـەل و جەنگاوەرانیـان بـە دەسـت هێنابـوو! پێیـان وابـوو کـە ئیـتر هەمـوو کادیرانـی نـەوەی کـۆن (بـە ڕێبەرایەتییشـەوە) ڕۆڵـی خۆیانیـان بینیبـوو و دەبوایـە بـەلاوە بنرێـن! هەربۆیـە وەك کەسـانێک کـە بوونـی خۆیانیـان سـەلماندووە، ئیـتر بـە مافـی خۆیانیـان دەزانـی هەمـوو شـتێک کۆنـترۆڵ بکـەن و خـاوەن گوتـە و کـرداری دوایـی بـن! حیسـاب و لێکدانەوەکانیـان لەمیانـەی نەریتـی میراتگـری و بنەماڵەگەرێتییـەوە بـوو. چوارەمیـان، ئـەو هێـزەی پشـتیان پێـی دەبەسـت و بـە ڕەوای دادەنـان، لیبراڵیزمـی نوێـی جیهانـی بـوو کـە لـە ئاسـتی دونیـادا سـەرکەوتنی بـە دەسـت هێنابـوو. هەرچەنـدە زانیارییەکـی ئەوتۆیـان لەبـارەوە نەبـوو، بـەڵام مەیلـی نیۆلیبراڵیـزم تـەواو لەگەڵیانـدا دەگونجـا. هەربۆیـە لەژێـر کاریگـەری ئـەو فاکتـەر و هەلومەرجانـەدا زەحمـەت بـوو ڕێگریـان لـێ بکرێـت. کەچـی لـە ڕاسـتیدا دەرفەتـی ئـارەزووی ژیانـی تاکەکەسیشـیان بـە دەسـت هێنابـوو کـە بـەردەوام بـە حەسرەتیـەوە بـوون. ئەگـەر سـەری خۆشـیان لەپێنـاو دابنایـە کـەس نەیدەتوانـی ئـەو گرووپـە تێکەڵـە ژن و پیاوانـەی یەکتریـان ڕفانـد (ڕەڤانـد) لـە «عەشـقەکانیان» جیایـان بکاتـەوە. لـە کۆتاییـدا لەمیانـەی بزاوتێکـی مەزنـی خیانەتـەوە بەو «عەشـقەیان» گەیشـتبوون کـە سـاڵانێک بـە حەسرەتیـەوە بـوون. ئـەو ڕاکردنـە تەسـلیمکاریانەی پێشـتر تاکوتـەرا ڕوویـان دەدا و بـە ئاسـتی ئیعتیرافـکاری دەگەیشـت، ئیـتر ئـەوان بـە شـێوەی گـرووپ و بـە نـاوی بزووتنـەوەی

لیبراڵیزمی نـوێ ڕایـان کـرد. گوایـە لـەو ڕێگەیەشـەوە دەیانتوانـی دەوروبـەر بخەڵەتێنـن و خۆشـیان پـاک و بێگـەرد پیشـان بـدەن! چونکـە لـەو بڕوایەدابـوون ئەگـەر لـە ڕێگـەی بزووتنەوەیەکـی بەناوبانگـی وەک PKK خۆیـان بـە شـێوەی گەلاڵەیەکـی لیبراڵیـزم پێشـکەش بکـەن، لەوانەیـە پەسـند بکرێـن و کۆمـاری تورکیـا، ئەمریـکا و لایەنگرەکانـی پشـتگیرییان بکـەن.

لـە لایەکـی تریـش کەسـان و توێژگەلێکـی پابەنـد بـە بەهاکانـی پـارت و تێکۆشـان و خـاوەن پرەنسیپ کـە تـا دوایـی نەریتـی ڕێبەرایەتییـان ڕەچـاو دەکرد، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە هەندێک لـە کادیرانـی نـەوەی کـۆن کـە دۆگماتیزمیـان تـێ نەدەپەڕانـد و لـە جێگـەی خۆیـدا هەڵمەتـی تەکتیکییـان نەدەکـرد، هەرچەنـدە دژی تەسـفییەکاران وەسـتانەوە، بـەڵام لـە پاراسـتنی بەهاکانـدا سـەرکەوتوو نەبـوون. لـەو بـارەوە کەموکوڕییەکـی زۆریـان هەبـوو. چونکە بـە شـێوەیەکی ئافرێنەرانە ڕێگریـان لـە تەسـفییەکاران نەکـرد و حیسـابیان لـێ نەدەخواسـتن. واتـە بـە هـۆی کەموکـوڕی، بـێ تەگبیـری و شـێوازی کار و جموجووڵیـان کـە لـە هیـچ شـتێک نەدەچـوو، تـا ئەوپـەڕی ڕێگـەی کەسـە تەسـفییەکارەکانیان ئـاوەڵا کردبـوو. ئـەوەی دەیانکـرد، تەنیـا پاراسـتن یاخـود ڕزگارکردنـی کەرامەتـی شەخسـیی خۆیـان بـوو. چونکـە کەموکوڕیـی و دۆگماتیزمـی کەڵەکەبـووی سـاڵان، کردبوونـی بـە بینـەری بوویـەر و ڕووداوەکان. لـە پەیـبردن بـە گەورەیـی شـەپۆلە نوێیەکـەی خیانـەت و گرتنبـەری ڕێوشـوێن دوور بـوون. بـەو دۆخەیـان بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان، لـە پاشـماوەی پارتـە کۆمۆنیسـتە کۆنـەکان دەچـوون. چونکـە لیبراڵـەکان دەسـتیان بەسـەر دەسـەڵاتدا گرتبـوو، ئەوانیـش سـەیریان دەکـرد.

ئـەو ڕەوشـەی هاتـە ئـاراوە، پوختـەی ئـەو دۆخـە بـوو کـە سۆسـیالیزمی بونیادنـراو لەنـاو PKKدا پێـی گەیشـتبوو. بـەڵام ئـەو بزووتنەوەیـەی ئاوامـان کردبـوو، لـە مێـژ بـوو سۆسـیالیزمی بونیادنـراوی تێپەڕاندبـوو و ڕەگ و ڕیشـەی خـۆی لـە قووڵایـی کۆمەڵگـەدا داکوتابـوو. واتـە هەرچەنـدە بـە سۆسـیالیزمی بونیادنـراو بـارگاوی بووبێـت، بـەڵام خەسـڵەتگەلێکی جەوهـەری و ڕەسـەن بـە دەسـت هێنرابـوون چونکـە لەبـارەی بـوون و ناسـنامەی کـورد و لە ئاسـتی ئازادیی کۆمەڵگەشـدا پەرەسـەندنی مـەزن بەدەسـت هێنرابـوون. هەربۆیـە کێشـەکان لـە خـودی بزووتنەوەکـە سـەرچاوەیان نەگرتبـوو، بەڵکـو لـە ڕێنمایـی و ڕێبەرنامەکەیـدا بـوو. چونکـە زیندوویـی و پەرەسـەندنی بزووتنـەوە بـەردەوام بـوو. هەربۆیـە ئەگـەر دۆخەکـە ڕاسـت تاوتـوێ بکرابوایـە، ئـەوا بزووتنـەوەی ناسـنامە و ئـازادی بەهێزتـر دەبـوو و هەنگاوێکـی نوێـی دەنـا.

ڕەهەندەکانـی تەسـفیەکاریم ڕەچـاو کـرد و هەوڵـم دا ڤێرژنـی «بەرگریکـردن لـە گەلێـک»ی بەردەوامیـی بەرگرینامەکانـم وەک وەڵامێـک بەرامبـەر بـە تەسـفیەکاریی پێشکەشـی بکـەم. چونکـە لـە ئاڕاسـتەکردنی گەلێـک بـەرەو ڕزگاری، بگـرە بونیادنانـی بـە شـێوەی کۆمەڵگەیەکـی سۆسیالیسـتی و کۆکردنـەوەی لـە ژێـر بانـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ، هەنگاونـان بـۆ پاراسـتن یاخـود بەرگریکـردن لێـی؛ ئەگـەر لـە ڕوانگـەی یەکەمـەوە بـە مانـای پاشەکشـێش بێـت، بـەڵام لـە بنەڕەتـدا ڕەوشـەکە جیـاواز بـوو. چونکـە ئـەوە مانـای هەنگاونـان بـوو لـە گوتـەی ئایدیۆلۆژییـەوە بـۆ دۆخـی

بەرجەستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە؛ دەربازکردنی دۆخی ناکۆک و بۆشاییە گەورەکەی نێوان ئایدیۆلۆژیا و پراکتیک بوو. چونکە ئیتر گوتەکانی سۆسیالیستی، بگرە سۆسیالیستی زانستیش وەڵامی پێویستیەکانی ئەو دۆخە نوێیەی نەدەدایەوە کە هاتبووە ئاراوە. هەربۆیە چەندە هەوڵ و کۆششی بۆ بدرێت، بەڵام بە شێوازی کۆن ئەو هەڵوەشانەوەیە بەربەست نەدەکرا کە لەناو پەکەکە (وەک چۆن لە تەواوی جیهان ڕوویدا) هاتبووە ئاراوە. چونکە پێویستی بە ئاواکردنەوەی پەیکەرسازی لایەنی ئایدیۆلۆژیی و زانستی هەبوو. هەروەها بە شێوازی کۆن دەرفەتی بەردەوامیدان و پاراستنی بوارە کۆمەڵایەتییە ئازادکراوەکان و ڕاستینەی گەلی کوردیش نەبوو کە بە شێوەیەکی بەرجەستە هاتبوویە ئاراوە. واتە تەنها پێویستی بە گوتە و شێوەی چالاکیی نوێ نەبوو، بەڵکو لە بواری چەمکی ئەخلاق، سیاسەت و زانستی کۆمەڵایەتییشدا پێویستی بە وەرچەرخانی ڕیشەیی هەبوو. واتە پرسەکە تەنها خۆجێیی نەبوو، بەڵکو جیهانیش بوو. هەروەها قاڵبوونەوەم سەبارەت بە فەلسەفەی زانست و لقەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگەوە، ئاستی پێویستیی وەرچەرخانی دەخستە ڕوو.

وێڕای سەرجەم هێرشە ئایدیۆلۆژییەکانی لیبراڵیزم، بەڵام مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی بە قووڵترین قەیران و تەنگژەی مێژووی خۆیدا تێ دەپەڕی، چونکە بە هۆی هەڵوەشانەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراو یەکێک لە کۆڵەکە بەهێزەکانی خۆی لە دەست دابوو. لە ڕاستیدا خودی سۆسیالیزمی بونیادنراو تەمەنی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی درێژ کردەوە کە لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا ڕووخا. هەروەها ڕووخانی سۆسیالیزمی بونیادنراو مانای سەرکەوتنی لیبراڵیزم نەبوو، بەڵکو ئاماژەیەک بوو بۆ لەدەستدانی بەهێزترین مەزهەبەکەی. تێگەیشتنی ئەو ڕاستییەش زۆری نەخایاند. هەرچی «پڕۆژەی خۆرهەڵاتی ناوینی مەزن»ـە کە وەک ڕێگەچارەی تەنگژە و قەیرانە ئابوورییەکەی دوای ساڵی ١٩٩٠ـەکان بیری لێ کرایەوە، کە لەمیانەی داگیرکردنی عێراق و ئەفغانستانەوە هەوڵی جێبەجێکردنی درا، هێندەی پێ نەچوو تەواوی قەیران و تەنگژە بونیادییەکەی سیستەمی ئاشکرا کرد. هەرچی سەبارەت بە چینی پاشماوەی میراتی سۆسیالیزمی بونیادنراویشە ئەویش نەیتوانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی ڕزگار بکات؛ بە پێچەوانەوە، بەڵکو بەو سیفەتەی ناوەندە نوێیەکەی هێزی هەژموونگەراییە، ڕۆڵی هەڕەشەی دەبینی. بەمجۆرە ئەو دۆخە نوێیەی دونیا تێی کەوتبوو، نابەردەوامیی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و دەرنەکەوتنی ئەڵتەرناتیڤی نوێ بوو. هەرچی ئەو وەرچەرخانە بوو کە لە بوارەکانی زانستی کۆمەڵایەتی، سیاسەت، ئاکار و ئیستاتیکادا ڕووی دابوو، گرێدراوی ئەو ڕەوشە بوو کە هاتبووە ئاراوە؛ لە هەمان کاتدا هۆکار و ئەنجامەکەشی بوو.

ئەنجام؛ لە لایەکەوە لەپێناو پاراستنی دەستکەوتە پراکتیکی و بەرجەستەکاندا هەوڵی خستنەڕووی مۆدێلی سیاسیی نوێ دراوە، لە لایەکی دیکەشەوە لە بواری فەلسەفەی سیاسەت و شێوازی ژیاندا بەدوای وەڵامدا گەڕاین. بە تەواوی لە ئایدیۆلۆژیای کۆن و پەرەسەندنە سیاسییەکان دانەبڕاین. وەلێ خۆمان لەو فاکتەرانە پاک دەکردەوە کە دەبوون بە کۆتوبەند،

لەمیانـەی فاکتـەری ئافرێنـەر و پێشـکەوتنخوازترەوە وەڵامـی پێویسـتی و کێشـەکانمان دەدایـەوە و بـۆ قۆناغێـک گوزەرمـان دەکـرد کـە هەمیشـەییتر بـوو و تەسـفییە نەدەکـرا. ئاشـکراترین نیشـانەی ئـەوەش بەکارهێنانـەوەی نـاوی PKK و بەرجەسـتەکردنی ئـازادی و ناسـنامەی گـەل بـوو لەژێـر نـاوی کۆمـا جڤاکێـن کوردسـتاندا (KCK). بـەم جـۆرەش، هەوڵـمان دەدا هـەم زیندووکردنـەوەی نەریـت و هەمیـش گۆڕانـکاری لـە قۆناغـی نوێـدا بکرێـت بـە واقیعێکـی ژیانـی. لەمیانـەی دواییـن بەرگرینامـەی بەردەستیشـمانەوە هەوڵـمان دا ڕوونکردنـەوەی تیۆریـی سـەرجەم ئـەو پەرەسـەندنانە پێشـکەش بکەیـن. هـەر بۆیـەش لـە دواییـن بەرگرینامەکەمـدا بـە باشـترم زانـی کـە لـە دەرکەوتنـی جـۆری مرۆڤـەوە تـا بەکۆمەڵگەبوونەکـەی، لـە شارسـتانییەتەوە تـا مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی، لەوێشـەوە تـەواوی ئـەو قۆناغانـەی تـا مۆدێرنیتـەی دیموکراتـی بـەردەوام دەبـن، بەیەکـەوە لەگـەڵ ناسـنامەی گەلەکـەم و کەسـایەتیی خۆمـدا شـیبکەمەوە و بـەم جـۆرە کۆتایـی پـێ بێنـم.

# بەشی سێیەم

# PKK، KCK و نەتەوەی دیموکرات

ساڵی ٢٠٠٣ سەرەتای ئەو قۆناغە بوو کە PKK و KCK بە شێوەیەکی فەرمی خۆیان لە چوارچێوەی مۆدێرنیتەی دیموکراتیدا ڕاگەیەنانـد. دەشێت ئەمە بە سێیەمین لەدایکبوون (میلاد)یش ناو ببرێت. یەکەمین لەدایکبوونی گەورە گوزارشت لە لەدایکبوونی هەرەمەکییانەی زەینیەتی کۆمەڵگەی نەتەوەیی دەکات لە هەناوی ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕیی جیهانییەوە. چونکە لە بنەڕەتدا ناسنامەی کۆمەڵگەی نەتەوەیی لە ڕووی زەینییەوە تاوتوێ دەکرێت، ئەگەر بەرجەستە بووبێت یاخود نا، کۆمەڵگەی نەتەوەیی لە ڕووی زهنی و هزرییەوە وێنا کراوە و نەخشەی بۆ کێشراوە. هەروەها وەک پرەنسیپ کوردایەتی بە بنەما وەردەگرێت، بەڵام گفتوگۆیەکی چڕوپڕ سەبارەت بە چۆنایەتیی و ماهیەتی ئەو کوردایەتییە دەکرێ کە لە ئارادایە، ئەگەر بە شێوەیەکی نیوەچڵ و پارچەپارچەش بێت بوون و ژیانی کوردان لە ڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە تاوتوێ دەکرێ. لەمیانەی گشتیترین زانیارییەکانەوە گفتوگۆ لەبارەی ماهیەتی کۆمەڵگەکەی، نیشتیمانەکەی، زمانەکەی، سنوورەکانی، پارچەبوونی، ئاستی دواکەوتوویی یاخود هاوچەرخییەکەی دەکرێت.

لە ساڵانی یەکەمدا ژمارەی گرووپی ناوک ژمارەی لە پەنجەکانی دەستی تێ نەدەپەڕاند کە ئەو گفتوگۆیانەی دەکرد. گرنگییەکە لە چۆنایەتیدا بوو، نەک چەندایەتی. واتە حەقیقەت و گوزارشتێکی دروستی ئەو ڕاستییە گرنگ بوو کە هەوڵی دەرخستن و ئاشکراکردنی دەدرا. هەربۆیە قۆناغی نێوان ساڵانی ١٩٧٣-١٩٧٩ کە بە سەرهەڵدانی گرووپ لە ئەنقەرە و پەلهاویشتنی بۆ کوردستان گوزەری کرد، لە بنەڕەتدا جەوهەرەکەی بریتییە لە درکاندنی ئەو ڕاستییە و ماناداربوونی بە شێوەی حەقیقەتی کوردیی نوێ. PKKش ناوی ئەو حەقیقەتە نوێیەیە. هەڤاڵ حەقی قەراریش شەهیدە مەزنەکەی ئەو قۆناغەیە. ژمارەی شەهیدانی ئەو قۆناغە ژمارەی پەنجەکانی دەستیان تێ نەدەپەڕاند.

هەرچی ئەو قۆناغەیە کە لە ساڵی ١٩٨٠ دەست پێ دەکات و تا ساڵی ٢٠٠٥ بەردەوام دەبێت، گوزارشت لە گوزەرکردنی دیاردەی کوردیی ئۆبجەکت دەکات بۆ کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی هۆشیار، ڕێکخراو و جەنگاوەر کە ئازاد بووە و بووە بە سەبجەکت و زاتێکی کارا. دەکرێ ئەوە بە گوزەرکردن لە کوردایەتییەکی کۆیلە و لاشەئاساوە بۆ کوردێکی ئازادیش وەسف بکرێت و ناو ببەین.

لێرەدا لەدایکبوونی زهنی و ناوی گرووپێکی بچووک لە ئارادا نییە، بەڵکو وەرچەرخانی دۆخی ئۆبجەکتی (بە شتکراو)ی گەلێک و ڕابوردووی کۆیلایەتییەکەی بۆ حەقیقەتی گەلێکی دەیان ملیۆنی لە ئارادایە کە خۆی ڕێک خستووە، دەجەنگێت، چالاکی دەکات و بە شێوەیەکی ئازادانە گوزارشت لە خۆی دەکات. دەکرێ ئەوە بە سەرلەنوێ ئافراندن و بوونی گەلێکی هاوچەرخی نموونەیی ناو ببەین کە بە شێوەی کۆمەڵگەی نەتەوەی دیموکرات هاتووەتە مەیدانەوە. هێزی ڕزگاریی کوردستان (HRK) و بەرەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان (ERNK) یەکەمین ناوەکانی قۆناغی «بوون» یان «ژیانەوە» بوون. ئەو قۆناغە خاوەنی

زیاتر لە سیهەزار شەهیدە کە نەک تەنها بۆ کورد و بۆ تورکەکان، بەڵکو لەپێناو تەواوی مرۆڤایەتیی گیانی خۆیان بەخت کرد مانایەکی زۆری هەیە. هەروەها خاوەن دەیان هەزار بەندکراوی سیاسییە و بە ملیۆنان کۆچبەر و کۆچپێکراوی زۆرەملێیانەی هەیە. بەڵێ لە ژێر ئەو هەلومەرجانەدا بە حەقیقەتی گەلێکی جەنگاوەر گەیشتووە. پێکهاتنی کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی دیموکراتی (گەل)ێک لە ئارادایە کە بە هۆی ئەو نکۆڵی و قڕکردنەی لە ڕابوردوودا دووچاری هاتووە و لە سەردەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا بە ئاستی کۆمەڵکوژی گەیشتووە، وێڕای ئەو ناپاک، هەڵگەڕاوە، بەکرێگیراو و بکوژانەی لە ڕیزەکانیدا هەن، بەڵام ئەو لەهەنگ و شەهید و بەرخودانکارە خۆڕاگرانەشی زۆرە کە بەرپەرچیان دەدەنەوە.

ئەو جیاوازییەی ساڵی ۲۰۰۵ و دواتر لە بەدەستهێنانی ناسنامەیەکی ڕەسەن و دۆخی بوونێکی هەمیشەیی و داکۆکیکردن لە ژیانێکی ئازادەوە سەرچاوە دەگرێت. واتە دوای قۆناغێکی پڕ لە ئازاری هاوشێوەی لەدایکبوون و گەشەکردن، واتە هاوشێوەی لەدایکبوونێکی تەندورستانە و بەخێوکردن و گەورەکردنی کۆرپەیەک، بەخێوکردن و گەورەکردنی بە خۆراکێکی تەندوروست و ژەهراوی نەبوو، بەهێزکردنی لەمیانەی بەرگریی خۆیی، گوزارشتکردنی ئازادانەی بوون و ژیانەکەی لە ڕۆژەڤدایە. بە واتایەکی تر، چیتر کێشەکان کێشەی لەدایکبوون و گەشەکردن نین، بەڵکو کێشەکانی ناسنامەی خۆیی و ژیانی ئازادن کە لە پرسەکانی گەورەبوون، پاراستن و جیاوازییەوە سەرچاوە دەگرن. چونکە لەدایکبوونی زهنی و هزی جێگەی خۆی بۆ لەدایکبوونی جەستەیی جێ دەهێڵێت، لەوێشەوە وەرچەرخان و گۆڕانکاری بۆ ئۆرگانە جیاوازەکانی جەستە لە ئارادایە. بەڵام قۆناغی لەدایکبوون و گەشەکردن بۆ سەرجەم نەخۆشییەکانی سەردەمی کۆرپەلەیی و منداڵی کراوەیە. هەربۆیە لەپێناو درێژەپێدانی ژیانی کۆرپەلە، هەوڵگەلێکی شارەزا و زۆر پسپۆڕانە پێویستە. هەروەها بەر لەوە، لەدایکبوونی زهنیش زۆر بە ئێش و ئازارە. ئەو گەشەکردنەی بە جۆرێک لە جۆرەکان لە دابەزین و جێگیربوونی جەنین لە ناو منداڵدانی دایک دەچێت، پێویستە تەندروستانە و ڕەسەن بێت نەک حەرامزادە و زۆڵ. ئەوەش تەنها لەمیانەی داڕشتنی گوزارشتێکی ڕاستی هەڵمەتی ئایدیۆلۆژی سەبارەت بە دیاردەی کۆمەڵگەی کورد بەدی دێت، واتە ئەو کاتە لە ئارادا دەبێت کە ببێت بە حەقیقەتەکەی.

پێویستە لە بیری نەکەین یەکەمین و زەحمەتترین مەرجی بوون ئەوەیە دایکمان «خاکی کوردستان»، کە هەزاران ساڵە مەیدانی تەراتێنی هێزە جیاوازەکانە و شەڕ و ململانێیەکی زۆری لەپێناودا کراوە، دوور لە لاقەکردن، بە ئیرادەی ئازاد و لە گۆشت و خوێنی خۆی گەلێکی ئازاد و ڕەسەن بخاتەوە. قۆناغی سێیەم؛ پێکهاتەی ئاماژەبۆکراو بە دۆخی بوونێک دەگات کە گوزارشت لە خۆی دەکات، بوونێک یان قەوارەیەک کە ناسنامە و ئازادیی خۆی بە دەست هێناوە. واتە دیاردە تازە پێکهاتووەکە ئۆبجەکتێکی بێ ناوەڕۆککراو، پارچەپارچەکراو و قووتدراوی بوونە کۆنەکە نییە. چونکە کوردایەتیی کۆن تەنها وەك بابەتێکی ئۆبجەکت (شت) لە ئارادا بوو. هەر هێزێکی غەزووکار، داگیرکار، زەوتکار، چەوسێنەر و کۆمەڵکوژ دەیتوانی

هەر جۆرە تاوان، قڕکردن و ئاسیمیلاسیۆنێکی لەسەر پەیڕەو بکات کە خۆی خوازیاری بوو. واتە ئامراز و کەرەستەیەکی بەکارهێنان بوو. لە کاتێکدا سەبجەکتێتی هەروەزانەی هێشتا گەشەیان نەکردبوو یاخود ڕێگری لە گەشەکردنی کرابوو. هەروەها لە خۆگوزارشتکردن و بەرگری لەخۆکردن دوور بوو. وەک بڵێی مانگایەکی شیردەرە کە چاوەڕوانی دۆشین بێ، یان وەک لاشەیەک کە بۆ باڵندە لاشەخۆرەکان دانرابێت. هەربۆیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە نەدەکرا ئەو واقیعە بە بوون ناو ببرێت. لەو سۆنگەوە زیاتر لە دۆخی ئەو ئۆبجەیەدا بوو کە هەوڵی بێ ناوەڕۆککردن و بێ ناسنامەکردنی دەدرا.

کوردستان و کوردانی دوای ٢٠٠٠ـەکان ئیتر بە دۆخی کەینونە و بەهایەک گەیشتوون کە لە ڕەوشی ئۆبجەکتی (بابەت و شت) دەرکراون، لەو سی ساڵەی دواییدا بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە وەک کۆرپەیەک (ڕوشەیم) لە دایک بووە. ئیتر ناسنامەیەک و ژیانی ئازادی کوردان لە ئارادایە کە دەتوانێت گوزارە لە واقیع و ڕاستینەی خۆی بکات، وەک حەقیقەتێک پێشکەشی بکات و بەرگرییشی لێ بکات. بێگومان ئەو واقیع و حەقیقەتە بە شێوەی دەوڵەت-نەتەوە گوزارشتی لە خۆی نەکرد. بەڵکو دەستبەرداری ئەو جۆرە بانگەشەیە بوو کە سەرەتا هەیبوو. بە مانایەکی تر، مەودایەکی خستە نێوان خۆی و ئەو واقیعەی وایزانیبوو سۆسیالیزمە، بەڵام دوای هەرەسهێنانی سۆسیالیزمی بونیادنراو، ئاشکرا بوو کە سۆسیالیزم نەبووە، بەڵکو سەرمایەداریی بووە. بەمجۆرەش کۆمەڵگەبوونی دیموکراتییانەی لەو دەوڵەت-نەتەوە ئاڵۆزە جیا کردەوە کە سەرەتا بە شێوەیەکی تێکهەڵکێش لەگەڵیدا بیری لێ کرابوویەوە. لە کاتێکدا لە دەوڵەت-نەتەوە دوور کەوتەوە، گشت نیگاکان و هێزی خۆی لەسەر کۆمەڵگەی دیموکرات چڕ کردەوە. بەمجۆرە ئیتر کۆمەڵگەی نەتەوەی دیموکرات خەیاڵ و یۆتۆپیایەک نەبوو، بەڵکو بووە بە واقیعێک کە بە ئازادانە دەژی. هەرچەندە واقیعە نوێیەکە هەندێک کێشەشی هەبێت، وەلێ ئەوانە کێشەگەلێک نین لە دۆخی جەنین، پرۆسەی لەدایکبوون یان گەشەکردنی بوونەوە سەرچاوە بگرن، بەڵکو لە گەیشتنی بوون بە دۆخی ناسنامە و ژیانی ئازادەوە سەرچاوە دەگرن. ئەگەر درێژە بە لێکچواندنە مەجازییەکەمان بدەین، ئیتر دۆخی منداڵی تێپەڕاندووە و بووە بە کچێکی گەنجی خوێنگەرم کە پشت بە هێزی خۆیی لەسەر پێیەکانی ڕادەوەستێت. واتە کێشەکان لە گوزەرکردن بە قۆناغی هەرزەکاری و گەنجێتییەوە سەرچاوەیان دەگرت. بە تایبەتی لەو قۆناغەدا پرسەکانی ژیانی ئازاد بایەخدار بوون. ئەگەر سەرنج نەدرێت، لەوانەیە هەر ئان و ساتێک نەخۆشییەکانی کوردێتیی کۆن سەرهەڵبدەنەوە. چونکە لەوانەیە خیانەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و بەکرێگیراوان بە شێوەیەکی زۆر خراپتر لە جاران ڕۆحی ناسنامەی کورد و بوونە نوێیەکە بکێشن. هەرچی فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و هێزەکانی هیرارکی کۆنن -کە لە تەنیشتیانەوە درێژەیان بە بوونی خۆیان دەدا- هەر ساتێک دەیانتوانی ئەو بوون و قەوارە نوێیە لەتوپەت بکەن و لە نێوان خۆیاند دابەشی بکەن. بە مانایەکی تر، ئەو پێکهاتانەی بەگوێرەی زەینیەتی کۆن ئەو قەوارەیان بە

مووڵکی خۆیـان دادەنـا و مامەڵەیـان پێـوە دەکـرد، بەبـێ ئـەوەی جیاوازیـی نێـوان کـۆن-نـوێ بکـەن، خوازیـاری درێژەپێدانـی چەوساندنەوە و خواردنـی بـوون. کێشـەکان بەرفـراوان بـوون و لـە تـەواوی ئـەو ڕەهەندانـەوە سـەرچاوەیان دەگـرت.

ئـەو پـرس و کێشـانەی لـە ئـارادا بـوون، جـا ئەوانـەی لـە شارسـتانییەتی کـۆن و مۆدێرنیتـەی سـەرمایەدارییەوە سـەرچاوەیان دەگـرت یاخـود ژیانـی ناسـنامەی ئازادانـە: زۆر لـە پـرس و کێشـە کۆنـەکان جیاوازتـر و بەرفراوانـتر بـوون. لەو سۆنگەیەشـەوە؛ شـێواز و ئامرازەکانی چارەسەرکردنیشـیان جیـاواز بـوو. چونکـە ئیـتر نەدەبـوو بـۆ دۆخـی کـورد و کوردسـتانی جـاران بگەڕێینـەوە و وەک نەتەوەپەرستەکان یـان وەک HRK، PKK و ERNKی ڕابـوردووی نزیـک خەبـات و تێکۆشـان بکـرێ. دوژمنیـش دوژمنـە کۆنەکـەی جـاران نەبـوو. ئەگـەر جێگـەی متمانـەش نەبێـت، بـەڵام دووچـاری گۆڕانکارییـەک هاتبـوو کـە لـە ڕیشـەوە ناسـنامەی کوردی ئـازادی ڕەت نەدەکـردەوە و بە شـێوەیەکی شـەرمنانەش بێـت، کـورد و کوردسـتانی پەسـند کـرد. ئاشـکرایە کـە سـەرجەم ئـەو پرۆسـە کۆمەڵایەتی و مێژووییانـە پێویسـتیان بـە پێناسـەیەکی تـازە بـۆ کوردایەتـی نـوێ و PKK هەبـوو: واتـە دەسـتەواژە و تیۆریـی سیسـتەمی نـوێ پێویسـت بـوو. لەسـەر ئـەو بنەمایـەش، لەمیانـەی پێناسـەی کوردایەتـی و PKKی نوێـوە هەوڵـی خسـتنەڕووی تیۆریـی و دەسـتەواژەکانی سیسـتەمی نـوێ دەدەیـن.

### ا- PKK و ژیانی نەتەوەی دیموکرات:

لـە سـیودووەمین سـاڵیادی ناولێنانـی بزووتنەوەکەمـان بـە PKKدا ئـەم دێڕانـە دەنووسـم: پێویسـتە ئـەو تەمەنـە بـەس بێـت بـۆ هەڵسـەنگاندنی ناسـنامە و ڕۆڵ و سـەرکەوتنی پارتێکـی هاوچـەرخ. کاتێـک سـەردەمی گرووپیشـی بخەینـە سـەر -کـە دەبێـت وا بێـت- ئـەوا ژیانێکـی چـل ساڵەی پڕ لـە باوبـۆران و گەردەلـوول دەبینیـن. ساڵانی سـەردەمی گـرووپ بێـت یـان ناولێنـان، لـە بنەڕەتـدا تـا هەڵمەتـی ١٥ی ئـاب ١٩٨٤ قۆناغێکـە بـە شـێوازی پارتیزانـی ژیاویـن و بـەردەوام بـووە. دونیـای سۆسـیالیزمی بونیادنـراو و بۆچوونـی سۆسیالیسـتی زانسـتیی پاشـخانەکەی، کـە مەزەندەمـان دەکـرد سۆسـیالیزمی بونیادنـراو پێیـەوە پابەنـدە، ئـەو دونیایـە بـوو کـە بـە سـیفەتی ئایدیۆلۆژیـای گەردوونـی کاری تـێ کردوویـن. واتـە سـەبارەت بـە تێگەیشـتنی ناسـنامەی PKK، دونیابینیـی سۆسیالیسـتیی زانسـتی و ئـەو بەهایانـەی پێیـەوە پابەنـد بوویـن، یـان مەزەنـدەی پابەندبووڼمـان پێیانـەوە دەکـرد، خاڵێکـی گرنگـی ڕێنیشـاندەرە. ئەگـەر لەمیانـەی نموونەیەکـی مەجازییـەوە هەوڵـی شرۆڤەکردنـی بدەیـن، دەکـرێ بڵێیـن لەنـاو کۆمەڵگـەی خێڵێکـی خۆبەسۆسیالیسـتزاندا هەوڵـی دامەزراندنـی هۆبەیەکـی نوێـمان دەدا. ئەگـەر ڕەچـاوی ئـەو ڕاسـتییە بکەیـن کـە چەندیـن هۆبـەی بـەو جـۆرە دامـەزران، ئـەوا ئێمـەش وەک گرووپێکـی بچـووک، دامەزراندنـی هۆبەیەکـی لـەم جۆرەمـان بـە مافـی خۆمـان دەزانـی. ئـەو هۆشـیاری و بڕوایـەی بـە شـێوەیەکی بابەتـی سـەبارەت بـە واقیعـی وڵاتێـک (کوردسـتانمان بـە وڵاتێـک دادەنـا) و گەلێـک (مسـۆگەر کـورد گەلێـک بـوون)

پێکهاتبوو، هۆکار و بیانووی سەرەکیی پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە مافە بوون. وەک پێویستیەکی دونیابینیەکەمان، شتێکی چاوەڕوانکراو بوو کە خۆمان وەک هێزی پێشەنگی چەوساوە و ڕەنجدەرترین توێژەکانی گەل ناو ببەین. بەگوێرەی هەلومەرج و دۆخی ئەو کاتەش وشەی «کرێکار/کارکەر» مانای گەلێکی ڕەنجدەر و چەوساوەی دەبەخشی، ئەو وشەش لەگەڵ ئەو ناوە دەگونجا کە هەڵمان بژاردبوو.

ئەگەر سەرنج بدرێت، دەبینرێت کە لە ساڵانی لەدایکبوون و پارتیزانیی PKKوە دونیای هۆشیاری و باوەڕێکی پەسندکراوی بێ لێپرسینەوە هەیە. کاتێک دەڵێم ئەندامە نوێیەکەی هۆزی سۆسیالیستی، مەبەستم ئەو حەقیقەتەیە. وەک چۆن هەر منداڵێکی تازەلەدایکبوو بەبێ لێپرسینەوە ناچارە هۆزەکەی پەسند بکات، ئەوا دەبوایە ئێمەش بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەک سۆسیالیزمی زانستی و هۆزی دونیای سۆسیالیستیی بونیادنراو پەسند بکەین. بەڵام جیاوازییەکمان لەگەڵ هۆز و خێڵە کلاسیکەکان هەبوو: ئەویش ئەوەیە کە هۆزەکەمان پشتی بە زەمینە و بناغەیەکی زانستیی لەگومانبەدەر دەبەست. بەڵام چەندە لەو بڕوایەدابووین کە زەمینەکەمان زانستییە (لە بەرگەکانی پێشووتردا هەوڵماندا لایەنە دۆگماکانی سۆسیالیزمی زانستی بخەینە ڕوو کە ڕەخنەمان کردن)، وەلێ شێوازی وابەستەبوونمان لایەنی هۆشیاریی کەمتر و زیاتر لەسەر بنەمای باوەڕیی بوو. هەر بۆیەش لایەنە دۆگماتیکەکەی لە پێش بوو. بە ئامانجی خراپ نیشاندانی دۆگماتیزم بە ڕەهایی ئاماژە بۆ ئەو خاڵە ناکەم. چونکە هیچ بۆچوونێک لە سروشتی مرۆڤدا بوونی نییە کە دۆگماتیزم لە خۆ نەگرێت. بەڵکو خودی ئایدیا و فیکر بەهای دۆگما و باوەڕیان هەیە. دەشێت ئەوە بە بەهای پرەنسیپیش ناو ببەین. ئەگەر مرۆڤ بڕوا بە قالبێکی باوەڕیی، یان هۆشیاری و پرەنسیپێک نەکات، زۆر ئەستەمە توانای بەردەوامیدان بە ژیانی هەبێت. ئەگەر نا، ئەوکاتە پێویستە ببێت بە خوداوەند، تا بەبێ پشتبەستن بە هیچ پرەنسیپ و دۆگمایەک توانای ژیانی هەبێت. وێڕای ئەوەی کەسانێکی زۆر دەرکەوتن و ئیدیعایەکی لەم جۆرەشیان کردبێت، بەڵام یان کەسانی لەم جۆرە لە ئارادا نین، یانیش کەسانێکی دەگمەن لە ئارادان کە لە هەندێک ساتی سنووورداری تەمەنیاندا بەو پایە گەیشتوون.

چەمکی هەڵە سەبارەت بەم بابەتە خۆی لەو بۆچوونەدا دەبینێتەوە کە دۆگماکان وەک حەقیقەتی ڕەها و نەگۆڕ پەسند دەکات. وەک دەزانرێ بەگوێرەی ئەو بۆچوونە دەرک بە دۆگما ئایینییەکان کراوە و مێژووی مرۆڤایەتی پڕ لە تراژیدیا بووە. هەرچی فەلسەفە و هزری زانستیشن دوو شێوە هزراندنی پۆزەتیڤی تەندروستانەترن کە وەک پەرچەکردارێک بەرامبەر ئەو شێوازە دۆگماتیزمەی قالبەکان پەرەیان پێ دراوە. لەو سۆنگەوە، باڵاتربوونی فەلسەفە و زانست بەرامبەر دۆگماتیزم زادەی تێگەیشتنیانە لە حەقیقەتی ژیانی گەردوونی لەمیانەی تەواوی جیاوازی و زیندووێتییەکەیدا. لەبەر ئەو هۆکارەش، هەر کۆمەڵگەیەک لە بواری فەلسەفە و زانست پەرەسەندنی بە خۆیەوە بینیبێت، بەردەوام لەو کۆمەڵگەیانە لەپێشتر و

باڵاتـره کـه دۆگماتیزمیـان تـێ نەپەڕانـدووە یـان دۆگماتیـزم بەسـەریاندا زاڵـە. واتـە ئـەو بەهـا زانسـتی و فەلسـەفییانەی کـە دونیابینـی و بۆچوونەکانیـان سـەبارەت بـە جیهـان لـە خۆیـەوە دەگرێ، بـەردەوام لـە تێکۆشـانی کۆمەڵگەکانـدا یەکلاکـەرەوەن. بـە مانایەکـی تـر، ئاسـتی تێگەیشـتنیانە بـۆ حەقیقەتـی ژیانـی گەردوونـی لەمیانـەی لەخـۆوە گرتنـی تـەواوی جیـاوازی و زیندووێتییەکەیـدا. سـەرکەوتن لـە دۆخێکـی لـەم جـۆرەدا، واتـە سـەرکەوتن سـەبارەت بـە تـەواوی جڤاتەکانـی دیکـەی نـاوەوە و دەرەوەی کۆمەڵگـە، تەنانـەت سـەرکەوتن بەرامبـەر بـە ژینگـەی سروشـتیش، گرێـدراوی ئاسـتی تێگەیشـتنی زیندووێتـی و جیاوازیەکانـی شـێوازی ڕوانگـەی گەردوونییـە.

کاتێـک بـە شـێوەیەکی دۆگماتیکانـە پابەندبـوون بـە قەڵەمبـازی بەپرەنسـیپانە و دۆگماکانـەوە نیشـان دەدرێـت، ئـەوا مەترسـی و هەڕەشـەکان سـەرهەڵدەدەن. لـە ڕاسـتیدا قالبەکانـی سۆسـیالیزمی زانسـتی کـە لـە سـاڵانی دەرکەوتـن و سـەرەتای پارتیبوونـدا پەکەکـە پێیـەوە پەیوەسـت بـوو، لـە بنەڕەتـدا ڕۆڵـی ئەرێنیـی بینیـوە. هەرچەنـدە سۆسـیالیزمی زانسـتی بـە تـەواوی لـە میتافیزیـک پـاک نەکرابێتـەوەش، بـەڵام پەیوەسـت بـە واقیعـی کۆمەڵایەتیـی نزیکتریـن ئایدیۆلۆژیـا بـوو لـە زانسـت و فەلسـەفەی مێـژوو. لـە بەرزتریـن ئاسـتی دونیابینیـی سـەردەمی خـۆی سـەبارەت بـە تێگەیشـتنی فەلسـەفی و زانسـتییانەی کۆمەڵگـەی پێشـکەش دەکـرد. ئـەو بنبەسـتبوونەی لـە سۆسـیالیزمی بونیادنـراودا هاتـە ئـاراوە، بـە واتایـەک لـە واتـاکان، ئەنجامێکـی لایەنـە دۆگماتیکەکانـی سۆسـیالیزمی زانسـتی بـوو. واتـە ئـەو ڕەخنانـەی هـەر لـە سـەرەتاوە ئاڕاسـتەی دەکـران، لایەنـی ڕاسـت و مافداریـان هەبـوو. لەبـەر ئـەوەی قالـب و دۆگما بونیادییـەکان لـە کاتـی خۆیـدا چارەسـەر نەکـران، لەگـەڵ هەڵوەشـانەوەی سۆسـیالیزمی بونیادنـراودا دەرەنجامـی خۆیـان خسـتە ڕوو. هەرچەنـدە لـە ئاسـتی دەوڵەت-نەتەوەشـدا نەبێـت، بـەڵام بـەو سیفەتەی پرۆتـۆ دەوڵەت-نەتـەوە بـوو، ئەنجامێکـی هاوشـێوە لـە نـاو PKKشـدا هاتـە ئـاراوە. چونکـە ئـەو فاکتـەر و ئەندامانـەی لـە نـاو PKK لـە سـاڵانی شـەڕی شۆڕشـگێڕیی گەلـدا لـە دۆگماکانـەوە بـەرەو ئاسـۆی زانسـتیبوون و فەلسـەفەی مێـژوو هەنگاویـان نەنـا، بـوون بـە دۆگماتیـک. لـە ئاکامـی ئەوەشـدا زیاتـر فاکتـەرە دەسـەڵاتدارییەکانی دەوڵەت-نەتـەوە دەرکەوتنـە پێـش و دۆگماتیزمیـش ڕیشـەدارتر بـوو. لـە ئاکامـدا هەڵوێسـتە دەسـەڵاتدارییەکان بەسـەر هەڵوێسـتە دیموکراسـیخوازیەکانیاندا زاڵ بـوون. بەمجـۆرەش سـەلاحیاتی پارتـی ڕێگـەی لـە پێـش دەسـتڕۆیی و سـەلاحیاتی فەرماندەیـی کـردەوە، دەسـەڵات و توانـای فەرماندەییـش ڕێگـەی لـە پێـش دەسـەڵاتی شەخسـی کـردەوە. واتـە جۆرێـک لـە دەوڵـەت-نەتـەوە بچووکـەکان پێکهاتـن. هەروەهـا هـەر وەک لـە دونیـای سۆسـیالیزمی بونیادنـراودا ڕووی دا، زاڵبوونـی شـێوەی دەسـەڵاتگەرا و دەوڵەت-نەتـەوە بـۆ چەمکـی ئۆتۆریتـە (نفـوز)ی مۆدێلـی پارتـی لینینـی لـە نـاو PKKشـدا کاریگـەر بـوو، نـەک چەمکـە دیموکراسـیخوازەکەی. کاتێـک ئـەو چەمـک و دیدگایـە بـە تـەواوی زاڵ بـوو، ئـەوا داڕزان و خراپبوونـی دەسـەڵاتیش حاشـاهەڵنەگر بـوو. لـە ئاکامـدا هەڵوەشـاندنەوەی کۆمەڵگـە سۆسیالیسـتە بونیادنـراوەکان و دەوڵەت-نەتـەوەکان ڕووی دا. پەکەکـەش لـە ئاسـتێکی کەمـترو لـە زۆر ڕووەوە بـەو دۆخـە کاریگـەر بـوو.

لەگـەڵ ئـەوەی PKK بـە دەوڵەت-نەتـەوەی کوردسـتانی یەکگرتـوو و دیموکـرات نەگەیشـت کـە کردبـووی بـە ئامانجـی خـۆی، بـەڵام لـە چەندیـن بـواردا لـە ئاسـتی میکـرۆدا تێیـدا ژیـا. بـە تایبەتیـش لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ١٩٨٤-١٩٩٨دا قۆناغێـک بـوو کـە زیاتـر دەوڵەت-نەتـەوە کوردییـە بچووکـەکان (میکـرۆکان) لـە ئـارادا بـوون. بـەڵام PKK بـە درەنگوەختـەوە دوای سـاڵی ١٩٩٨ دووچـاری ئـەو هەڵوەشـانەوەیە بـوو کـە دەوڵەتـە سۆسیالیسـتە بونیادنـراوەکان تووشـی هاتبـوون. هەرچەنـدە بێکاریگەرکردنـی ڕێبەرایەتـی لـە لایـەن دەوڵەت-نەتـەوە فاشیسـتەکانی لیبراڵیزمـی جیهانییـەوە ڕۆڵـی لـەوەدا هەبێـت، بـەڵام قۆناغێـک بـوو کـە زۆر پێشـتر و بـە تایبەتیـش دوای سـاڵی ١٩٩٥ لـە نـاوەوە دەسـتی پـێ کردبـوو. لـە چەندیـن پارتـی دیکـەی جیهـان و خـاوەن بونیـادی هاوشـێوەدا هەمـان قۆنـاغ تیبینـی کـراوە. دوای هەڵوەشـانەوە دوو ڕەوتـی سـەرەکی هەوڵـی سـەپاندنی بوونـی خۆیـان دەدا. یەکەمیـان، ئـەو پارتـە کۆمۆنیسـتانەی لەسـەر تێڕوانیـن و چەمکـی ئۆرتۆدۆکسـانەی سۆسیالیسـتی بونیادنـراوی جـاران سـوور بـوون؛ دووەمیشـیان، ئـەو پارتانـەی کـە بـوون بـە باڵـی دیموکراتـە لیبراڵەکانـی ئـەو پارتـە لیبراڵانـەی لـە ڕابـوردوودا لـە وڵاتـە کۆنەکانـی سـەرمایەداریدا ڕیشـەیان داکوتابـوو.

هەرچەنـدە دوای هەڵوەشـانەوەی سۆسـیالیزمی بونیادنـراو مەیلـی هاوشـێوە لـە نـاو PKKشـدا دەرکەوتبێـت، بـەڵام ئەوانـە نەبـوون بـە باڵگەلێکـی زاڵ. بـە تایبەتیـش ئـەو ململانێیـەی ئـەو مەیلانـە لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٤ لەپێنـاو دەسـتڕۆیی و دەسـەڵاتدا هەوڵیـان بۆدا، وێـڕای ئەوەی زیانـی زۆری لێکەوتـەوە، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـوو. لـە کاتێکـدا ئـەو چەتـە سـاختەکارانەی دەمامکـی لیبراڵیزمیـان پۆشـیبوو ڕاکـردن و خیانەتیـان هەڵبـژارد، ئەنـدام یاخـود ئـەو باڵـەی نەریتخـوازی و دۆگماتیزمـی تـێ نەپەڕاندبـوو، مانەوەیـان لـە نـاو ڕەوتـی سـەرەکیدا هەڵبـژارد. سەرگوزەشـتەی ڕەوتـی بنەڕەتیـش زۆر سـەیرە. لـە کاتێکـدا هـەردوو بـاڵ لـە کێبڕکـێ و ململانێیەکـی سەرسـەختانەدا بـوون، لـەو بڕوایـەدا بـوون کـە پارتـی بـە تـەواوی بـووە بـە هیـی ئـەوان. هـەردوو باڵیـش خوازیـاری تێگەیشـتنی دیالێکتیکـی پێکهاتنـی PKK نەبـوون. بـە مانایەکـی تـر، لـە پەرەسـەندنی دیالێکتیکییانـەی PKK بـێ ئـاگا بـوون. چونکـە گرنگتریـن جیاوازیـی PKK لەگـەڵ هاوشـێوەکانی، نەپچڕاندنـی ڕایەڵەکـەی بـوو بـە پەرەسـەندنی دیالێکتیکییـەوە. چونکـە وێـڕای سـەرجەم هەوڵـە چەواشـەکاری و گێرەشـێوێنییەکانی سـاڵانی لەدایکبـوون و پارتیبوونـدا یاخـود سـاڵانی شـەڕی شۆڕشـگێڕیی گـەل، پەکەکـە گونجـان و تەبایـی خـۆی لەگـەڵ پەرەسـەندنی دیالێکتیکیـدا پاراسـتووە. هەرچەنـدە کەڵەکەبوونـی هـزری دیالێکتیکـی پێشـکەوتوو لـە نـاو PKKدا بـەدی نەهاتبێتیـش، بـەڵام بـە شـێوەیەکی کرداریـی پرەنسـیپی دیالێکتیکـی شۆڕشـگێڕی لـە ژیانـدا پەیـڕەو دەکـرا. واتـە بەمجـۆرە بـە شـێوەیەکی دیالێکتیکـی بوونەکـەی پێکدەهـات. بـەڵام باڵـەکان یاخـود کەسـە لادەر و سەرلێشـێواوەکان بـە هیـچ جۆرێـک لـەو حەقیقەتـە تـێ نەدەگەیشـتن. لـە کاتێکـدا لەمیانـەی هـەر لادان و خیانەتێکـەوە لـەو بڕوایـەدا بـوون کـە زەبرێکـی کوشـندەیان وەشـاندووە، لەبـەر ئـەو هـۆکارەش دەرکیـان بـە خێرابوونـی پەرەسـەندنی پارتیـمان نەدەکـرد. بێگومـان ئـەوەی لـە ئاکامـی

هـەر لادان و ڕاکردنێکـدا لەنـاو دەچـوو، پـارت نەبـوو، بەڵکـو خۆیـان بـوون. لـە بەرامبـەر ئـەوەدا، PKK پاکـتر دەبوویـەوە و لەمیانـەی بەدەسـتهێنانی جەوهـەری دیالێکتیکییـەوە زیاتـر درێـژەی بـە پەرەسـەندنی خـۆی دەدا. لـە سـەرجەم قۆناغـە هەسـتیارەکاندا ئاشـنای ئـەم جـۆرە پەرەسـەندنانە بوویـن.

لـە مـاوەی هەڵوەشـانەوە گەورەکـەی نێـوان سـاڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٤دا لـەو بڕوایـەدا بـوون ئـەو سـەرکەوتنە بـە دەسـت دێنـن کـە تـا ئـەو کاتـە بـە دەسـتیان نەهێنابـوو، ئیـتر پارتییـان بـە هیـی خۆیـان دانابـوو. بـەڵام لەمیانـەی دەسـتێوەردانێکی ناتـەواو و لـە ماوەیەکـی کورتـدا تێگەیشـتن کـە ڕەوشـەکە وەهـا نییـە. وێـڕای نەبوونـی هیـچ کۆسـپ و تەگەرەیەکیـش بـەڵام پارێزەرەکانیـش سـەبارەت بـە ڕووداوەکان بـە شـێوەیەکی ڕاسـت و دروسـت هەواڵیـان بـۆ نەدەهێنـام. لـەو بڕوایەدام ئەوانیـش بەگوێـرەی دۆخـی باڵـەکان هەڵوێسـتیان دەنوانـد، منیشـیان بـە دامـاو و بێچارەیـەک دادەنـا کـە زەحمەتـە لەسـەر پێیـان بمێنمـەوە. بـە ڕاسـتیش دۆخـی ئـەو کاتـەم بـاش نەبـوو. بـەڵام مـن تەنهـا ئەمـری واقیعێکـی ئـەو کاتـە نەبـووم. واتـە تەنهـا مێژوویەکـم لـە کەسـایەتیی خۆمـدا زینـدوو نەکردبوویـەوە، بەڵکـو لـە مێـژ بـوو ببـووم بـە ڕاسـتینەیەک کـە دوای بوونـی فیزیکی و جەستەییشـم، تـا ئـەو کاتـەی کۆمەڵگـە بـە شـێوەیەکی جڤـات و هـەرەوەز لەسـەر پـێ بمێنێتـەوە، بـە تایبەتیـش تـا کـورد بـە ئـازادی بـژی، بـە ئـازادی دەژیـم. بەڵـێ بـەم جـۆرە، خۆمـم کـردووە بـە واقیعێـک و هێـزی مانـا. بـەڵام ئەوانـە یـان لـەو واقیـع و مانایـە بـێ ئـاگا بـوون، یاخـود هێـزی تێگەیشـتنیان لاواز بـوو و بەشـی نەدەکـرد. لـە ئاکامـدا بـە هـۆی هـەوڵ و ڕەنجـی گرووپێـک لـە هەڤـاڵان و لێدوانـم سـەبارەت بـە خاوەنێتیکـردن لـە ڕەوتـی سـەرەکی و بەکارهێنانـەوەی نـاوی PKK، قۆناغێکـی زۆر بەهێزتـری PKK دەسـتی پێکـرد. بەمجـۆرە لـە مێـژ بـوو بەفـر ئـەو کێوانـەی گرتبوویـەوە کـە چەتـە ساختەکارەکانی لیبراڵیزمـی ڕاسـتڕەو باوەڕیـان پـێ کردبـوو، خۆشـیان لـە بەسـتن ڕزگاریـان نەبـوو. هەرچـی چەپـڕەوە نەریتخـوازەکان بـوون، ئـەم جـارە لەمیانـەی ڕەخنـە لەخۆگرتنێکـی جدییـەوە هەوڵـی تەڤلیبـوون و ئاوێتەبوونیـان لەگـەڵ ڕەوتـی بنەڕەتـی دا، هەڵبەتـە بەئێشـوئازارترین ڕووداوی ئـەو قۆناغـە بەفیڕۆچوونـی بەهایەکـی ماددیـی زۆر، بەهایەکـی زۆری مۆراڵـی و مەعنـەوی و نزیکـەی هـەزار ئەنـدام بـوو کـە دەیانتوانـی لەگـەڵ ڕەوتـی بنەڕەتیـدا بـەردەوام بـن. بـەم جـۆرە، لـە کاتێکـدا دوای هەڵوەشـانەوە گەورەکـە PKK بـە سـێیەمین لەدایکبـوون (مـیلاد) یاخـود هەڵمەتـی نوێبوونـەوەدا تـێ دەپـەڕی، ئیـتر کەوتبـووە قۆناغـی بـوون بـە پارتـی قۆناغێکـی جیـاوازی کۆمەڵایەتـی، ئەویـش قۆناغـی بـوون بـە پارتـی نەتـەوەی دیموکـرات بـوو.

**١- ناسنامەی PKK و واتاکەی لە سەردەمی نوێدا:**

بونیادنانــەوەی PKK مانــای بەدەســتهێنانی ناســنامەیەکی جیاوازتــر نەبــوو، بــەڵام کۆپییەکــی قۆناغەکانــی پێشــووتریش نەبــوو. ئــەوەی ڕووی دا، گۆڕانکارییەکــی ســادەی چەندایەتــی نەبــوو، بەڵکــو گۆڕانکارییەکــی چۆنایەتــی بــوو. ئــەوە تەنهــا وەرچەرخانێکــی چۆنایەتیــی ناســنامەی PKK نەبــوو، بەڵکــو وەرچەرخانێکــی چۆنایەتیــی کۆمەڵگــەی کوردییــش بــوو. چونکــە لــە ڕاســتیدا لــە ئاکامــی پەرەســەندنە دیالێکتیکییــە چڕوپڕەکــەی نێــوان هەردووکیــان ئــەو وەرچەرخانانــەی ناســنامە ڕوویــان داوە. لــەو ســۆنگەیەوە، دەتوانیــن بــە شــێوەیەکی بەرجەســتەتر ناســنامەی ئــەو PKKیــە پێناســە بکەیــن کــە قۆناغــی کامڵبوونــی مسـۆگەر کــردووە و پێگەیشــتووە و هەندێــک دەرەنجامــی گەردوونــی بــە دەســت بێنیــن.

ا- بــەر لــە هەمــوو شــتێک، بە گشــتی پارت بــە تایبەتیــش PKK پارتــە کۆنەکــەی دەوڵەت-نەتەوەی سۆســیالیزمی بونیادنــراو نییــە. ئــەو ڕاســتییەی وەک پرەنســیپێک پەســند کــردووە کــە نابــێ پارتــە سۆسیالیســتەکان ئاواکردنــی دەوڵــەت بکەنــە ئامانجــی خۆیــان. چونکــە سۆســیالیزم لەمیانــەی دەزگای (ئامێــری) دەوڵەتــی مۆدێرنــەوە بونیــاد نانرێــت. دەزگای دەوڵــەت لەگــەڵ سروشــتی سۆســیالیزمدا ناکۆکــە. چونکــە دەوڵەت-نەتــەوەی مۆدێرنیتــەی ســەرمایەداریی یەکێکــە لــە بنەمــا ســەرەکیەکانی یاســای زۆرتریــن قازانجــی ســەرمایەداری. بەبــێ دەوڵەت-نەتــەوەش بەدیهاتنــی سیســتەمی بەدەســتهێنانی قازانجــی ســەرمایەداری مەحاڵــە. هەروەهــا هــەر سیســتەمێک دەوڵەت-نەتــەوەی تێــدا بێــت، وابەســتەی بەدەســتهێنانی قازانجــی ســەرمایەدارییە. لــە سۆســیالیزمی بونیادنراویشــدا ڕەوشــەکە جیــاواز نییــە، بگــرە ســەرمایەداریی بیرۆکراتــی پێویســتی زیاتــری بــە دەوڵەت-نەتــەوە هەیــە. بــە مانایەکــی تــر، بونیــادی دەوڵــەت- نەتــەوەی سۆســیالیزمی بونیادنــراو ڕۆڵێکــی دیاریکــەری هەبــوو کــە سۆســیالیزمی بونیادنــراو بــۆ سۆســیالیزمێکی ڕاســتەقینە وەرنەچەرخــێ. چونکــە هــەر ئاڕاســتەگرتنێک لــە پارتــەوە بــەرەو دەوڵــەت، یــان لــە دەوڵەتــەوە بــەرەو پارتــی بــە نکۆڵیکردنــی دیموکراســیی سۆسیالیســتی ئەنجامگیــر دەبێــت. هەرچــی گوزەرکردنــە بــەرەو کۆمەڵگــەی کۆمۆنیســتی -کــە لــە ڕووی تیۆرییــەوە وەک کۆمەڵگــەی بــێ دەوڵــەت بیــری لــێ کراوەتــەوە- بەبــێ ئــەوەی لــە هیــچ قۆناغێــک و بــە هیــچ پاســاوێک پەنــا ببرێتــە بــەر ئامــرازی دەوڵــەت پێویســتیەکی ناوەڕۆکــی سۆســیالیزمە. چونکــە سۆســیالیزم تەنهــا ئــەو کاتــە بــەدی دێــت کــە بــە هەمــوو ڕەهەندەکانیــەوە دیموکراســی بژیــت و جێبەجێــی بــکات کــە لیبراڵیــزم بــە شــێوەیەکی دووڕوانــە بــەکاری دێنێــت و لــە جەوهەریشــدا لەگەڵیــدا ناکۆکــە. وەک چــۆن ناشــێ بەبــێ دیموکراســی بیــر لــە سۆســیالیزم بکرێتــەوە، هەرگیــز بــە ڕێگــە و ڕێبازێکــی دەرەوەی دیموکراسیــش، سۆســیالیزم بونیــاد نانرێت. چونکە سۆســیالیزم تەنهــا لەمیانــەی ژیانێکــی دیموکراســیی فرەبەشــدارییەوە بونیــاد دەنرێــت.

لــەو ســۆنگەیەوە، یەکەمیــن خەســڵەتی پارتــە سۆسیالیســتەکان ئەوەیــە وەک نموونەیەکــی بەرایــی دیموکراســی بونیــاد نــراون. هــەر پارتێــک خــۆی دیموکراتیــزە نەکردبێــت، مەحاڵــە و ناشــێت کۆمەڵگــە دیموکراتیــزە بــکات. هەروەهــا دیموکراســیش مانــای نەبوونــی ئۆتۆریتــە نییــە.

چونكـه جیـاواز لـه دەسـەڵات و دەسـتڕۆیی دەوڵـەت، لـه هەلومەرجەكانـی كۆمەڵگـەی سیاسـیدا دەرفەتـی ئۆتۆریتـەی دیموكراسـی هەیـە. لـه كاتێكـدا دەوڵـەت لەسـەر بنەمـای ڕەتكردنـەوەی كۆمەڵگـەی سیاسی بەدیدێـت، هەرچـی پێكهاتنـی دیموكراسـییە، پێویسـتی بـه بوونـی كۆمەڵگـەی سیاسـی هەیـە. كۆمەڵگـەی سیاسـیش ئـەو كۆمەڵگەیەیـە كـە ئازادیـی خـۆی بـه دەسـت هێنـاوە. دیـاردەی سیاسـەتیش مانـای بەدەسـتهێنانی هێـزی فیكـر، بڕیـار و چالاكیـی كۆمەڵگەیـە سـەبارەت بـە بەرژەوەندییـە بنەڕەتیەكانـی خـۆی. وەک چـۆن كۆمەڵگـە ناسیاسـییەكان ناتوانـن چارەنووسـی خۆیـان دیـاری بكـەن، ناشـتوانن خۆیـان دیموكراتیـزە بكـەن. چونكـە پەیوەنـدی و ڕایەڵەیەكـی نەپچڕاو لـە نێوان دیاردەكانـی سیاسـەت و ئـازادی و دیموكراسیدا هەیـە. یەكێكیـان نەبێـت ئەوانـی دیكـەش نابـن. لـه حاڵەتێكی وەهـادا پارتـە سۆسیالیسـتەكان تەنها بـه شـێوەی نموونەیەكـی بەرایـی كۆمەڵگـەی دیموكراتـی، ئـازاد و سیاسـی دەتوانـن ناسـنامە بـە دەسـت بێنـن. بـه شـێوەیەكی گشـتی دەسـەڵات و بـە تایبەتیـش مۆدێلەكانـی دەسـەڵات و دەوڵـەت بـۆ خۆیـان بـە نموونـە وەرناگـرن. لەگـەڵ ئـەوەی دەسـەڵات و دەوڵـەت دوو دیـاردەی جیـاوازن، بـەڵام لـە بنەڕەتـدا هەردووكیـان چڕبوونـەوەی پـاوان و قۆرغكاریـی هێـز و قۆسـتنەوەن. لەگـەڵ ئـەوەی فاكتەرەكانـی بەڕێوەبردنـی كاروبـاری كۆمەڵگـەش لـە خـۆ دەگـرن، بـەڵام ئـەو فاكتەرانـە ڕۆڵێكـی لاوەكـی دەبینـن و بـە ئامانجـی ڕەواكردنـی قۆرغكاریەكانـی هێـز و قۆسـتنەوە بەكاریـان دێنـن كـە ڕۆڵـی دیاریكـەر دەبینن. سـەرجەم ئـەو بەڵگـە و پاسـاوانە ڕوونـی دەكەنـەوە كـە بۆچـی پارتێكـی سۆسیالیسـتی بـە ئاڕاسـتەی ئامانجـە دەسـەڵاتگەرا و دەوڵەتگەراییەكانـدا بونیـاد نانرێـت. هەروەهـا دەیسـەلمێنێت كـە بۆچـی جگـە لـە بونیادنانێكـی دیموكراتییانـە، مەحاڵـە بـە هیـچ ڕێگـە و ڕێبازێكـی دیكـە بونیـاد بنرێـت.

**ب-** لەگـەڵ ئـەوەی پارتـە سۆسیالیسـتەكان قـەوارە و دامەزراوەیەكـی مۆدێرنـن، بـەڵام لـە ڕووی مێژووییـەوە ئەركیـان پەرەپێدانـی مۆدێرنیتـەی ئەڵتەرناتیڤـە لـە بەرامبـەر مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریدا. چونكـە مۆدێرنیتـە دەسـتەواژەیەكی بێلایـەن نییـە؛ بەڵكـو دەسـتەواژەیەكە بنەمـای چینایەتـی، سیاسـی و ئایدیۆلۆژیـی هەیـە. لەگـەڵ ئـەوەی مۆدێرنیتـەی زاڵ كارەكتەرێكـی سـەرمایەدارییانەی هەیـە، بـەڵام جـۆری دیكـەی مۆدێرنیتـەش هەیـە كـە مۆدێرنیتـە (تازەگـەری)ی دیموكراتـی لـە سـەروویانەوە دێـت. مۆدێرنیتـەكان گوزارشـت لـەو قۆناغانـەی كۆمەڵگـە دەكـەن كـە جیاوازیـی ڕیشـەییان لـە نێوانـدا هەیـە. بونیـادی ئایدیۆلـۆژی، سیاسـی، ئابـووری، تەكنیكی و زانسـتیی هـەر مۆدێرنیتەیەكیـش خەسـڵەتی تایبـەت بـە قۆناغـی خـۆی هەیـە. هەریەكـە لـە سـەردەمەكانی یەكەمیـن، ناویـن و نزیـک نوێنەرایەتیـی مۆدێرنیتەیەكـی بەگوێـرەی خۆیـان دەكـەن. هەروەهـا هـەر مۆدێرنیتەیەكیـش شـێوەی چینایەتـی، تەكنۆلـۆژی، ئایدیۆلـۆژی، سیاسـی و ئابووریـی گونجـاو و زاڵـی خـۆی هەیـە. هەریەكەشـیان بەگوێـرەی ئـەو شـێوە زاڵانـە جیـا دەبنـەوە. لەگـەڵ ئـەوەی شـێوازی كەڵەكەبوونـی سـەرمایەداریی هـەر لـە سـەرەتاوە مۆركـی خـۆی لـە سـەردەمەكەماندا، واتـە مۆركـی خـۆی لـە هەلومەرجەكانـی ژیانـی مۆدێرنمـان داوە، بـەڵام ناشـێت ئـەو سـەردەمە بـە هەمـوو شـتێكیەوە بكرێـت بـە موڵكـی سـەرمایەداریی. ئەگـەر سۆسـیالیزمی بونیادنراویـش بـە سـەرمایەداری

ئەنجامگیر نەبوایە، لەوانەیە ئەویش مۆرکی خۆی لە مۆدێرنیتە دابوایە. لە ڕاستیدا ماوەیەکی زۆر بەم جۆرە لە قەڵەم درابوو. بەڵام ئەگەر پارتە سۆسیالیستییەکان فاکتەرە سەرەکیەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی (قەیرانی کەڵەکەی سەرمایەداری، دەوڵەت-نەتەوە و ئیندوستریالیزم) تێ نەپەڕێنن و لە بەرامبەریدا تێ نەکۆشن، ناتوانن مۆرکی خۆیان لە مۆدێرنیتە بدەن. لەبەر ئەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراو لە بەرامبەر فاکتەرەکانی (کۆڵەکەکانی) مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا تێ نەکۆشا، بە پێچەوانەوە، خەریکی پەردەپۆشکردنی ئەو فاکتەرانە بوو، ئەنجامەکەی سەرمایەداریی بوو. هەربۆیە پارتە سۆسیالیستەکان تەنها لەمیانەی پێکهێنان و پەرەپێدانی فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی خۆیانەوە (نەتەوەی دیموکرات، پیشەسازیی ژینگەدۆست و ئابووریی بازاڕی سۆسیالیستانە) دەتوانن مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی تێ بپەڕێنن و ڕۆڵی سەرەکی بۆ مۆدێرنیتەکەیان بە دەست بێنن.

PKK تەنها بە تێپەڕاندنی دەوڵەت-نەتەوەوە ناوەستێت، بگرە تەنها ئەوکاتە دەتوانێ ڕۆڵی پێشەنگایەتی ببینێت کە خۆی وەک نموونەی بەرایی فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی دیموکراتی بونیاد بنێت. چونکە بونیادنانی کۆمەڵگەی کورد بە شێوەی نەتەوەی دیموکرات سەرەکیترین ئەرکی چوارچێوەی ناسنامەی نوێی PKKیە. بۆ سەرخستنی ئەو ئەرکەش، بەر لە هەموو شتێک پێویستە سیستەمی خۆی بکات بە ئەڵتەرناتیڤی فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی. چونکە جیاوازییەکی زۆر گرنگ لە نێوان کەینوونەی خۆی و بوون بە نموونەی بەرایی مۆدێرنیتەی دیموکراتیدا هەیە. هەربۆیە تا نەبێ بە نموونەیەکی بەرایی مۆدێرنیتەی دیموکراتی، ئەستەمە کۆمەڵگەبوونی خۆی بەدیبێنێت یان سەرووی پلەبەندی بە دەست بێنێت. هەڵبەتە پارتەکان بۆ تێکشکاندنی ئەو زەحمەتییانە لە ئارادان؛ ئەمەش تەنها لەمیانەی پێکهاتەیەکی پێشەنگەوە بەدیدێت. لە سەرجەم بوارە ئایدیۆلۆژی، سیاسی و ئابوورییەکان..و هتد ململانێ و تێکۆشانێکی بەردەوام لە نێوان فاکتەرەکانی مۆدێرنیتە لە ئارادایە. دەرەنجامی ئەو ململانێیانەی نێوانیان یەکلایی دەکاتەوە کە کام مۆدێرنیتە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. پارتەکانیش هێزی پێشەنگی ئەو ململانێ و تێکۆشانانەن. لەبەر ئەوەی ئەو ململانێیە لە مارکسیزمدا زیاتر بۆ ئیکۆنۆمیزم بچووک کرایەوە، بێ بەرهەم بوو و ئەنجامی لێ نەکەوتەوە. چونکە مارکسیەکان لەو بڕوایەدا بوون کە لەسەر بنەمای پشتبەستن بە مۆدێرنیتە و سەرجەم فاکتەرەکانی دیکەی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییەوە بەرەو کۆمۆنیزم دەڕۆن. بەڵام ئەوەی ئەنجامی دیاری کرد، ئەو ململانێیەی مۆدێرنیتە بوو کە لە لایەن تەواوی فاکتەرەکانی سەرمایەدارییەوە بە ڕێوە چوون. هەر لەبەر ئەو هۆکارە سەرەکیەش، تازەگەری (مۆدێرنیتە)ی دیموکراتی زەرورەتێکە. چونکە ئەگەر تێکۆشان لەسەر بنەمای پێشخستنی ئەڵتەرناتیڤ نەبێت، ئەوا ئەستەمە تێکۆشان بەرامبەر سەرمایەداری و سەرجەم ئەو فاکتەرانەی دەیژێنن، سەرکەوتوو بێت. مەرجی یەکەمین سنووردارنەبوونە بە شیکردنەوەی تیۆریی سەرمایەدارییەوە، بەڵکو لەمیانەی ڕۆشنکردنەوەی تیۆریی مۆدێرنیتەی دیموکراتی و فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی ئەڵتەرناتیڤی ئەو تیۆرییە تێکۆشانە لە بەرامبەریدا. لە

حاڵەتێکی وەهادا، لە بنەڕەتدا پارتە سۆسیالیستەکان لەمیانەی تیۆریی مۆدێرنیتەی دیموکراتییەوە ڕۆشن دەبنەوە و لە بەرامبەر سەرمایەداریدا تێ دەکۆشن. هەروەها تەنها بە ململانێ و تێکۆشانی تیۆریی سنووردار نابن. شانبەشانی ئەوەش، لەمیانەی پەرەپێدانی ئامرازەکانی پیشەسازیی ژینگەدۆست و بەکارهێنانیان و پەیڕەوکردنی دیاردەی بازاڕی سۆسیالیستییەوە دەتوانن بەرامبەر فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی سەرکەوتن بە دەست بێنن.

واتە لە ناسنامە نۆژەنەکەی PKKدا وەک جاران وردەزانیاری سەبارەت بە شێوەی قۆستنەوەی سەرمایەداریی لە ئارادا نییە، بەڵکو پارادایمە نوێیەکەی تیۆریی مۆدێرنیتەی دیموکراتی و پێشبینیەکی تەندروست لە ئارادایە کە لەسەر بنەمای شیکردنەوەی هەمەگیریی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییە. هەروەها تەنها بە شیکاریکردنی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و سەرجەم کۆڵەکەکانی سنووردار نابێت، بەڵکو وەک هێزێکی پێشەنگ دێتە مەیدان کە بنەما مێژووییەکانی مۆدێرنیتەی دیموکراتی و فاکتەرە هەنووکەییەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان پەرە پێدەدات و لەپێناو سەرکەوتنیشیاندا، ئەرکەکەی پەرەپێدانی بەرنامە و ستراتیژ و تەکتیکەکانیەتی.

**ج-** هەرچەندە بوون بە هێزی پێشەنگ مۆدێلەکانی پارتی کلاسیک بێنێتەوە بیری مرۆڤ، بەڵام لە ڕووی چۆنایەتی و جەوهەریەوە جیاوازییان هەیە. چونکە هێزە پێشەنگە نوێیەکە نموونەی بەرایی کۆمەڵگەی دیموکراتە. پارتی نوێش مۆدێلی سەرەتایی کۆمەڵگەی نەتەوەی دیموکراتە. هەرچەندە وەک جاران گوزارشت لە هەمەگیریی بەرنامە، ستراتیژ و تەکتیک بکات، بەڵام ناوەڕۆکی ئەو دەستەواژانە بە وەرچەرخانێکی گرنگدا تێپەڕیوە. چونکە ستراتیژییەکەی کۆڵەکەکانی مۆدێرنیتەی دیموکراتی بە بنەما دەگرێت. بەرنامەکەشی لە بواری پرەنسیپیدا چۆنێتیی بونیادنانی هەمان ئەو کۆڵەکە و فاکتەرانە دەستنیشان دەکات. هەرچی تەکتیکەکەیەتی، ئەوە دەخاتە ڕوو کە پرەنسیپەکانی بەرنامە بە کامە هێز و ئامراز و شێوەکانی تێکۆشان لە چوارچێوەی ستراتیژدا جێبەجێ دەکرێن. لە کاتێکدا بەرنامە ئامانجە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، بەرگریی خۆیی و دیبلۆماسییەکان بەگوێرەی دونیابینیی مۆدێرنیتەی دیموکراتی دەستنیشان دەکات، ستراتیژییەکەی ئەو هێزە سەرەکی و تەکتیکیانە دەستنیشان دەکات کە بەدیهێنەری ئەو ئامانجانەن. نەتەوەی دیموکرات، پیشەسازیی ژینگەدۆست و ئابووریی جڤاتی تەوەرەی بازاڕی سۆسیالیستی یەکەو فاکتەرە ستراتیژییە یەکەمەکان پێکدێنن. هەرچی فاکتەرە سەرەکییەکانی تەکتیکن، لەمیانەی شێوەکانی ئەو ڕێکخستن و تێکۆشانانەوە دەستنیشان دەکرێن کە ئامانجە سەرەکی و فاکتەرە ستراتیژییەکان بەدی دێنن و بۆ بونیادنانی بەرجەستەیان پێویستن.

کاتێک ڕێکخستن و تێکۆشان بابەتی باس بن، کێشەی کادیر دەردەکەوێتە پێش. لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا ڕێبەر و کادیران گرنگیی خۆیان لە دەست نادەن. بە پێچەوانەوە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە تووشی ئاڵۆزی و پەشێویی زیاتر بووە، ڕۆڵیان گرنگ و بایەخدارتر دەبێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەوەیە کە کام دیدگا و ڕێنمایی بە بنەما دەگرن. ئەگەر سەرکردە و

کادیـره حزبییـەکان دونیـای مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری تـێ نەپەڕێنـن، زوو یـان درەنـگ دەگۆڕێـن و دەبـن بـە فاکتەرەکانـی دەسـەڵات و قۆسـتنەوەی سـەرمایەداریی. بـەڵام ئەگـەر بـە سـووربوونەوە پێداگـری لەسـەر کۆڵەکـە و فاکتەرەکانـی مۆدێرنیتـەی دیموکراتـی بکـەن، ئـەوا سـەرکردە و کادیرانیش بەگوێـرەی ئـەوە شـێوە دەگـرن. لێـرەوە ئەگـەر ڕێنمایـی و دیـدگای ئۆتۆریتـەی دیموکراتـی و کۆمەڵگـەی ئەخلاقـی و سیاسـی نەگۆڕنـەوە بـە دیـدگای دەسـەڵات و دەوڵـەت، ئـەوا پێگەیشـتنی کادیـر و سـەرکردە دیموکراتـەکان پێویسـتیەکی ناسـنامە نوێیەکـەی پارتیمانـە.

ئەرکـی سـەرەکیی PKK لـە سـەردەمی نوێـدا لـە قۆناغەکانـی دیکـە جیاوازتـرە. شانبەشـانی ژیاندنـەوەی کاریگەریـی ئایدیۆلـۆژی سـەردەمی گـرووپ و ئـەو کاریگەرییـە سیاسـییەی کـە لـە قۆناغـی چالاکیـی و شـەڕدا بـە بنەمـا دەگیـرا، پێویسـتە لەسـەری ناسـنامەی بەدەسـتهێنراوی کـورد و ئـارەزووی ژیانـی ئـازاد بـۆ بونیادنانـی نەتـەوەی دیموکـرات وەرچەرخێنێـت. چونکـە هـەردوو قۆناغـی یەکـەم و دووەم بەهاگەلێکـی زۆریـان لەپێنـاو بونیادنانـی نەتـەوەی دیموکراتـدا کەڵەکـە کـرد. بـەڵام بونیادنانـی نەتـەوەی دیموکـرات تـا ئێسـتاش وەک ئەرکێـک لەسـەر شـانی ماوەتـەوە. لـەو سـۆنگەیەوە، هەموویەتـی و یەکانگیریـی بەرنامـە، سـتراتیژ و تەکتیکـی سـەردەمی نـوێ ئەرکەکـەی جێبەجێکردنـی ئـەو بونیادنانەیـە لەسـەر ئـەرزی واقیعـدا. لـە بەشـی تایبـەت بـە KCK (کۆمـا جڤاکێـن کوردسـتان) وردەکاریەکانـی ئـەو بابەتـە تاوتـوێ دەکەیـن. لێـرەدا پەیوەندیـی PKK لەگـەڵ KCK بایەخـدار دەبێـت. پێویسـتە هێـزی ئایدیۆلـۆژی، سیاسـی و ڕێکخسـتنی PKK لـەو ئاسـتەدا بێـت کـە لـە چوارچێـوەی KCKدا ئەرکەکانـی خـۆی جێبەجـێ بـکات.

**د-** وەک چـۆن لـە تـەواوی ئـەو باسـانەدا ڕوون دەبێتـەوە، ئاسـۆ و توانسـتی ئایدیۆلۆژیـی PKK لەمیانـەی ڕەخنەگرتـن لـە سۆسـیالیزمی زانسـتی و سیسـتەمی سۆسـیالیزمی بونیادنـراوەوە بەهێـز بـووە. چونکـە لەجیاتیـی هەڵویسـتێکی دۆگماتیکانـە، هەڵویسـتێکی وردی لێپرسـینەوەی پیشـان داوە. هەروەهـا لـە بـواری بیرکردنـەوەی دیالێکتیکیانـە و چالاکیـی و کـرداردا پەرەسـەندنی بەخـۆوە بینیوە. هەروەهـا بـە بـەراورد لەگـەڵ جـاران، توانـای هەڵسـەنگاندنی کۆنکرێتـی و بەدیهێنانـی گۆڕانـکاری و وەرچەرخانـی پێویسـت چۆنایەتییەکـی باشـتری هەیـە و هێـز بـە ژیانـی ئـازاد دەبەخشـێت. مـەودای نێـوان ئایدیۆلۆژیـا و سۆسـیۆلۆژیاش کـورت بووەتـەوە. جیاوازیـی نێـوان سۆسـیۆلۆژیا و سۆسـیالیزمی زانسـتیش کـەم بووەتـەوە. واتـە ئاڵوگۆڕیـی بیـرو بۆچـوون لـە نێـوان هـزری ئایدیۆلۆژی، سۆسـیۆلۆژی و سۆسیالیسـتیی بـە مۆرکێکـی هەمەگیـر گەیشـتووە، بەمجـۆرەش تـا دێـت زیاتـر بـەرەو زانسـتێکی کۆمەڵایەتیـی جێگیـر و بەپرەنسـیپ دەچێـت. لـەو بارەیـەوە PKK لـە سـەرووی پارتـە نموونەیـی و خـاوەن ئیدیعاکانـەوە دێـت. چونکـە هێـزی بنەڕەتیـی پارتێکـی سۆسیالیسـتی لەمیانـەی دەسـترەنگینییەکەی سـەبارەت بـە زانسـتی کۆمەڵایەتـی دەپێورێـت. واتـە هێـزە یەکلاییکەرەوەکـەی لـە پەیوەندییەکـەی بـە زانسـتی کۆمەڵایەتییـەوە سـەرچاوە دەگرێـت. چەنـدە پشـکی زانسـتیبوون لـە توانسـتە ئایدیۆلـۆژی و سۆسـیۆلۆژیەکەیدا پـەرە بسـەنێت، بـەو ڕادەیـەش ڕۆڵـی پێشـەنگایەتی پەرەسـەندن بـە خۆیـەوە دەبینێـت.

بەراورد بە ڕابردوو، ئاستی سیاسیی PKK لە قۆناغی نوێدا پەرەسەندنێکی زۆری بە خۆوە بینیوە. لەبەر ئەوەی PKK زیاتر لە ڕێگەی ئەزموونەوە ئاسۆ و توانستی سیاسیی بە دەست هێناوە، لەو بارەوە لە دونیادا یەکێک لەو پارتە دەگمەنانەیە کە پێگەیەکی تایبەتی هەیە. وێڕای ئەوەی دووچاری گەمارۆیەکی توندی هەژموونگەرایی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی هات، وەلێ لەسەرپێ مانەوە و تەسفیەنەبوونی، ئەزموونێکی سیاسیی بەرچاوی پێ بەخشیوە. لەو سۆنگەیەشەوە، هێزی بە دەست هێناوە، سیاسیبوونی کۆمەڵگەی کورد و سیاسیبوونی ناو PKK بە شێوەیەکی تێکهەڵکێش و لەسەر بنەمای یەکتربەهێزکردن بووە. لە کاتێکدا گەلی کورد بەهێزترین قۆناغی سیاسیبوونی مێژووی بە خۆوە بینیوە، هەمان واقیع بۆ PKKش لە جێگەی خۆیدایە و سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە بە شێوەیەکی بەهێز تێکەڵ بە یەکتر بە ڕێوە دەچێت. ئەو ئاستە سیاسییەی لە ئارادایە، پەیوەندیی بە هەردوو واقیعی مێژوویی و گەردوونییەوە هەیە. هەروەها ڕایەڵەی نێوان سیاسەت و ئەخلاقیش بە شێوەیەکی تەندروستانە دانراوە. چونکە بەناویەکداچوونی کۆمەڵگەی سیاسی و ئەخلاقی بە بنەما دەگیرێت. هەربۆیە بە ڕادەی فاکتەرە ئایدیۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیەکان، واتە هێندەی فاکتەری زانستی، کە زەمینە و بناغە سیاسیەکە پێکدێنێ فاکتەرە ئاکاریی و ئەستاتیکەکانیشی تێدا پەیڕەو دەکرێن. هەروەها گرنگیەکی زۆر بە ڕایەڵەکەی لەگەڵ هونەر دەدات و هونەرناسی پشتگوێی ناخات. واتە تەنها پەرە بە لایەنی ئایدیۆلۆژی و ئەخلاقیی سیاسەت نادات، بەڵکو لە بواری هونەریشدا بوون و مانای پێ دەبەخشێت. بە واتایەکی تر، لە سیاسەتی وشک دوور دەکەوێتەوە و هەوڵ دەدات بە دیاردەیەکی سیاسیی دەوڵەمەندی لەم جۆرە و حەقیقەتەکەی بگات.

لەگەڵ ئەوەی لە ناو PKKدا لە لایەنی ڕێکخستنیەوە کێشەی کادیر لە ڕووی چەندایەتییەوە لە ئارادا نییە، بەڵام لە سەرجەم قۆناغەکاندا کێشەی سەرەکی لە نەبوونی کۆلەکتیڤیزم و کاری هەرەوەزییەوە سەرچاوەی دەگرت. نە تاکەکەس ڕۆڵی خۆی دەبینێت، نە هێزی کۆلەکتیڤیزم بەپێی پێویست بەرجەستە دەکرێت. واتە بەو ڕادەیەی تاک ڕۆڵی خۆی نابینێت، ڕاکردن لە هەرەوەزی و کۆلەکتیڤیزمیش دۆخێکە بەردەوام دەبینرێت. هەر بۆیە تاکەکەس و قەوارە ڕێکخستنیەکانیش هێز و توانایەکی زۆر لە دەست دەدەن. بە گوزارشتێکی دیکە کێشەی وەرچەرخاندنی کادیری ڕێکخستنی تا ئێستاش لە ڕۆژەڤدا ماوەتەوە، چەمکی ‹چالاکبوونی تاکەکەس بە ڕێکخستندا تێ دەپەڕێت، ڕێکخستنیش بە کادیرە دەستپێشخەرەکان چالاک دەبێت› نەچەسپاوە.

## ٢- جێگەی PKK لە ژیانی نەتەوەی دیموکراتدا:

لە سەردەمانی پێشوودا کەسایەتییە داناکان، ڕاهیبەکان، دەوروبەرەکانی سیاسەت و مەزهەبە ئایینییەکان ڕۆڵی پارتە مۆدێرنەکانیان بینیوە. هەروەها ئەو بەرەباب و سولالە و باڵە سەربازی و زانا بیروکراسیەکان لە زەمینەی مادیدا لە ململانێ و پێکدادانەدا بوون، هاوپەیمانگەلێکی زۆریان دەخستە پاڵ خۆیان و هەوڵی بەدەستهێنانی باڵادەستی و دەسترۆییان دەدا. لەگەڵ سەرهەڵدانی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەو پارتانەش لە دایک دەبن کە خاوەن تێڕوانین و ڕێبازی چارەسەری جیاوازن. بە شێوەیەکی نهێنی بێت یاخود ئاشکرا، بە درێژایی چەرخ و سەردەمەکان پارتەکان هەر هەبوون. لە کاتی دەستبردن بۆ هەر پرسێکی کۆمەڵایەتی، یاخود بۆ بەرپەرچدانەوەی حوکمڕانە ناوخۆیی و دەرەکیەکان، ئەگەر هێزی تاکەکەس لاواز بێت و کورت بێنێت، هانابردن بۆ هێزی پارت عاقڵانەترین ڕێگەیە. چونکە هەر بەرپەرچدانەوەیەک پارتێکی خۆی هەیە، تەنانەت ئایین، مەزهەب و تەریقەتەکانیش لە کاتی دەرکەوتنیان ڕۆڵی پارتیان بینیوە. لە ڕووی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و ئەخلاقییەوە خۆیان بە هەر کام لە ناسنامەکان ناو بنێن، لە ئاکامدا هەریەکە و پارتێکن. لە سەردەمی مۆدێرنیتەشدا ئەو نەریتە مێژووییانە بە شێوە و شێوازی نوێ دەگەن، هەنگاو بە هەنگاویش بە مانای پارتەکانی ڕۆژی ئەمڕۆمان گەیشتوون.

پارتەکان ڕۆڵگەلێکی گرنگ دەبینن، لەوانە: ئەو توێژە کۆمەڵایەتیانەی پشتیان پێ دەبەستێت یان کردوونی بە ئامانجی خۆی، دەیانناسێنێت و پیشانیان دەدات، نوێنەرایەتییان دەکات، مافەکانیان بە دەست دەهێنێت و بەگوێرەی پێوەرە هاوچەرخەکان سەرلەنوێ شێوەیان پێدەدات. سەرجەم ئەو بەڵگانەش دەیسەلمێنن کە لە ناو کۆمەڵگەدا بە ئاسانی دەست لە ڕۆڵی حەقیقەتی پارتەکان بەرنادرێت. واتە سەبارەت بە بە کۆمەڵگەیەک کە هەوڵی پەرەسەندن و بەرگری لەخۆکردن دەدات، بانگەشەکردن بۆ بێ مانایی و پێویستنەبوونی پارت ئاسان نییە. بەڵام ئەو دۆخانەش بەو مانایە نایەت کە هیچ کاتێک پارتەکان بێ واتا نابن. کۆمەڵگەیەک چەندە گەشە بکات و پەرە بسێنێت، بەیەکەوە لەگەڵ تەواوی ئەندامانی بە هاوبەشی کارەکانی ڕاپەڕێنێت، ئەو کاتە پارتیبوون مانای نامێنێت. هەروەها کۆمەڵگەیەک لە دۆخی کلانی بەراییدا بێت یان لە ڕەوشی تیرە و هۆزگەلدا بژی، ئەویش پێویستی بە پارتیبوون نامێنێت. چونکە لە واقیعدا تەواوی کلان یاخود تیرەکان هەریەکەیان وەک پارتێک وایە. چونکە ئاوابوون و پێکهاتنی پارتەکان لە ناو کۆمەڵگەدا پێویستی بە هەبوونی چین و بەرژەوەندیی دژ بە یەک هەیە. لەو سۆنگەوە کاتێک جیاوازیی چینایەتی نەمێنێت و بەرژەوەندییەکان هاوبەش بن، ئەوا پارتیبوونی جیاوازیش مانای نامێنێت. هەندێک جاریش لەپێناو ڕاپەڕاندنی هەمان ڕۆڵی کۆمەڵایەتی چەندین پارتی جیاواز دادەمەزرێنرێن. بەڵام ئەو چەشنە پارتانەش بەرامبەر بە پارتێکی بەپرەنسیپ، خاوەن ڕۆڵ و خۆسەلمێنەردا لە مایەپووچبوون و لەناوچوون

ڕزگاریـان نابێـت. تـەواوی ئـەو باسـانەش بۆمـان ڕوون دەکاتـەوە و دەیسـەلمێنێت کـە بۆچـی ناتوانیـن دەسـتبەرداری پارتـە کۆمەڵایەتییـەکان ببیـن. تەنانـەت بـوون بـە خاوەنـی دەوڵەتیـش ئـەو هێـزەی نییـە کـە شـوێنی پارتیبـوون پـڕ بکاتـەوە.

هـەر لـە سـەرەتای لەدایکبوونیـەوە بـە گەرمـی و سـەرنجەوە پێشـوازیکردن لـە پەکەکـە و هۆگربـوون پێیـەوە، بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە بۆشـاییەکی گـەورەی نـاو کۆمەڵگـەی کوردیـی پـڕ کـردەوە و پێویسـتییەکی چارەنوسسـازی فەراهـەم کـرد. PKK چەنـدە لـە ڕووی زارەکـی و کردارییـەوە ڕاسـتگۆیی و دڵسـۆزیی خـۆی سـەلماند، بـەو ڕادەیـەش ئاسـتی پەسـندکردنی لـە نـاو کۆمەڵگـە زیـادی کـردووە. وێـڕای کەموکـوڕی و بگـرە زیانەکانیشـی، بـەڵام دیسـان پارێزگاریکرنـی لـە ڕێـزو پێگـە و زەرورەتەکـەی بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە پێویسـتییەکی مێژوویـی و کۆمەڵایەتـی دابیـن کـردووە و ڕۆڵێکـی لـەو جـۆرەی لـە نـاو کۆمەڵگـەدا بینیـوە. هەروەهـا توانـای ڕۆڵبینینـی PKK لـە سـەردەمی نوێشـدا گرێـدراوی ئاسـتی وەڵامدانـەوەی پێویسـتییە مێژووییـەکان و بەجێهێنانـی ئەرکـە هەنووکەییەکانـە بـە شـێوەیەکی ڕاسـت. چونکـە ددانـنـان بـە ناسـنامەی کـورد و دەرکەوتنـی ئیـرادەی ژیانـی ئـازاد مانـای چارەسـەرکردنی ڕیشـەیی پرسـی کۆمەڵایەتـی نابەخشـێت، بەڵکـو نیشـانەی تێپەڕاندنـی قۆناغێکـی گرنگـە بـەو ئاڕاسـتەیەدا. مسـۆگەرکردن و هەمیشـەییکردنی پێویسـتیەکانی ناسـنامە و ئـازادی لـە سـەرووی ئـەو پرسانەوە دێـن کـە چاوەڕوانـی چارەسـەرکردنیان دەکرێـت. چونکـە ئـارەزووی ژیانـی ئـازاد و ناسـنامەی کـورد کـە هیـچ گەرەنتییەکـی یاسـایی، ئابـووری، سیاسـی و بەرگرییـان نییـە و هـەر سـاتێک ئەگـەری ئـەوە هەیـە لـە لایـەن دوژمنەکانیـەوە سـەرکوت بکرێـت و دووچـاری کۆمەڵکـوژی بێـت. لەبـەر ئـەو هۆکارانـە، پێویسـتە PKK لەمـە بـەدوا بـە شـێوەیەکی سـەرکەوتوانە ڕۆڵـە پۆزەتیڤەکـەی خـۆی ببینێـت. تـا ئێسـتا PKK خوازیـار بـوو لـە ئەرکـە نێگەتیڤەکانـدا سـەرکەوتوو بێـت، واتـە ئەرکـی ڕێگرتـن لـە خراپیـەکان و بەربەسـتکردنیانی جێبەجـێ کـردووە. ئیـتر لەمـە بـەدواش پێویسـتە لـە جێبەجێکردنـی ئەرکەکانـی بونیادنانەوەشـدا سـەرکەوتوو بێـت کـە لایەنـی پۆزەتیڤـی لەپێشـە. PKK تەنهـا لەمیانـەی بەدەسـتهێنانی ناسـنامە و ماناکـەی دەتوانێـت ئـەو ئەرکانـە جێبەجـێ بـکات کـە بونیادنانـی نەتـەوەی دیموکـرات بناغەکـەی پێکدێنێـت. هەڵبەتـە لەمیانـەی PKKییبوونێکـی هەڕەمەکـی و ئاسـاییەوە ئـەم ئەرکانـە جێبەجـێ ناکرێـن.

بونیادنانـی نەتـەوەی دیموکـرات لـە بونیادنانـی سۆسـیالیزم لەپێشـترە، چونکـە ئـەو ڕێگەیـەش دەکاتـەوە کـە بـەرەو سۆسـیالێزم دەچێـت. لـە کاتێکـدا ئـەو بونیادنانـە لـە بـواری زانسـتی کۆمەڵایەتییـەوە پێویسـتی بـە شۆڕشـە، لـە هەمـان کاتـدا پەیوەسـتی جێبەجێکردنـی ئەرکـە ئەخلاقـی و یاساییەکانیشـە. وێـڕای سـەرجەم گەمارۆکانـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی، بـەڵام ئەگـەر پێشـەنگایەتیی PKK لـەو چوارچێوەیـەدا خاوەنێتـی لـە ڕۆڵـی خـۆی بـکات، دەتوانێـت سـەرکەوتوو بێـت. لـەو دۆخـەدا ڕاهێنـان و خۆپەروەردەکردنـی کادیـران و هەڵبژاردنـی فەلسـەفەی ژیانـی ئـازاد و کردنیـان بـە شـێوازی ژیانـی خۆیـان مەرجـە. پارتـی تەنهـا لـە ڕێگـەی تۆکمەکردنـی ناسـنامە

ئایدیۆلـۆژی و سیاسـییەکەیەوە لـە بەرامبـەر هـەر هێرشـێکی ناوخۆیـی و دەرەکیـدا دەتوانێـت خـۆی بپارێزێـت؛ هێـزی دەسـتپێکردنی هەڵمـەت بـە دەسـت بێنێـت و لەگـەڵ کۆمەڵگـەدا ئاوێتـە بێـت. شانبەشـانی تۆکمەیـی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـی، پێویسـتە کادیرانـی پارتی ئـەو هێز و توانایەیـان هەبێت کـە لـە ژێـر هـەر هەلومەرجێکـدا پابەنـدی ئەخلاقـی ژیانـی ئـازاد بـن. واتـە پێویسـتە هـەر کادیرێـک هێـزی هەنووکەییکـردن و پتەوکردنـی تواناکانـی خـۆی هەبێـت تـا ئـەو کەسـایەتییە بـە دەسـت بێنـێ کـە لـە کولتـووری خۆرهەڵاتـی ناوینـدا بـە ‹مرۆڤـی کامـڵ› نـاو دەبرێـت. هەروەهـا پێویسـتە ئـەو هێـزە پیشـان بـدەن کـە توانـای مایەپووچکردنـی سـەرجەم ئایدیۆلۆژیـا و شـێوازەکانی ژیانـی دەسـەڵاتگەرایی، میللیگەرایـی (القومویـة)، ڕەگەزگەرایـی (الجنسـویة) و ئایینگەرایـی (الدینویـة) و لیبراڵیـان هەبێـت، کـە مـرۆڤ لـە حەقیقـەت دوور دەخەنـەوە، بـە واتایەکـی تـر، ئـەو پێویسـتییەی بە درێژایـی چـەرخ و سـەردەمەکان بـۆ مرۆڤـی کامـڵ لـە ئـارادا بـووە، زیاتـر لـە ڕۆژی ئەمڕۆمانـدا بـووە بـە زەرورەتێـک، ئـەوەش تەنهـا لەمیانـەی بـوون بـە کادیرێکـی سۆسیالیسـتیی هاوچـەرخ بـەدی دێت. تەنهـا لەسـەر بنەمـای هەبوونـی ئـەو چەشـنە کادیرانـە دەشـێت هەنـگاو بـۆ پرۆسـەی بونیادنانـی ژیانـی نەتـەوەی دیموکـرات بنرێـت. لـە کاتـی پێویسـتدا دەبـێ هـەر کادیرێـک نوێنەرایەتـی سـەدان ڕێکخـراوی نەتەوەیـی دیموکـرات بـکات و ئەرکـی خـۆی جێبەجـێ بـکات. چونکـە ڕێکخراوێـک یـان کادیرێـک لەژێـر کاریگەریـی شـێوازی ژیـان و ئایدیۆلۆژیـا ئاماژەبۆکراوەکانـدا بێـت، تەنهـا دەشـێت سـەرچاوەی کێشـە بێـت. بـەڵام خۆتەیارکـردن و ئامادەباشـیی ئایدیۆلـۆژی، سیاسـی، ئەخلاقـی و ڕێکخسـتنیی هـەر کادیرێـک گەرەنتیـی سـەرکەوتنی هـەر کادیرێکـی پێشـەنگە لـە بونیادنانـی نەتـەوەی دیموکراتـدا.

پێویسـتە زۆر بـە باشـی دەرک بـە پەیوەندییەکانـی هەڤاڵێتـی بکرێـت. چونکـە پەیوەندیـی هەڤاڵێتـی ڕەنگدانـەوەی گەوهـەری پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـە، یاخـود پێویسـتە وەهـا بێـت. بـە ڕادەی کۆمەڵگـەی مێژوویـی، ڕەنگـدەرەوەی کۆمەڵگـەی ئایینـدەشـە. لـە بنەڕەتـدا ئـەوە پەیوەندیـی ئایدیۆلۆژییـە؛ واتـە پەیوەندییەکانـی حەقیقەتـە کـە ئایدیۆلۆژیـا دەری خسـتوون و ڕێگـەی لـە پێـش دەرکەوتنیـان کردووەتـەوە. لـەو چوارچێوەیـەدا یەکێتیـی نێـوان دوو هەڤـاڵ یـان هـاوڕێ تەنهـا یەکێتیەکـی ئایدیۆلۆژیـی نییـە، بەڵکـو پێویسـتە وەک یەکێتیـی حەقیقـەت بژێنـرێ کـە ئاسـۆی ئایدیۆلـۆژی ڕێگـەی لـە پێـش کردووەتـەوە. بـە ڕاسـتی ئەگـەر دوو هـاوڕێ بـە لوغـز و نهێنیـی هەڤاڵێتـی گەیشـتبن و یەکێتییـان بەدیهێنابێـت، پێویسـتە ئەمـە وەک نوێنـەری بەهێـزی حەقیقـەت بناسرێـت و دەرکـی پـێ بکرێـت. چونکـە ئەرێکردنـی هەڤاڵێتـی هاوڕێیانـی ڕێبـاز مانـای وەرگرتنـی بەشـە لـەو حەقیقەتـەی بەرجەسـتەکراوە. پێویسـتە لـە دەرەوەی ئەمـە بـە دوای پێناسـەی هەڤاڵێتیـدا نەگەڕێیـن. هەربۆیـە ئەوانـەی خەمێکـی حەقیقەتـی مەزنیـان نییـە، پێویسـتە ئـەو ‹ڕێبـازە› نەگرنـە بـەر.

ئەوانـەی بـەدوای حـەزی وردیلـە و ڕەمـەک و بەرژەوەندییـەوەن، هەرگیـز نابـن بـە هەڤـاڵ و هاوڕێیەتییـان لەگەڵـدا ناکرێـت. هەروەهـا ئەوانـەش کـە ئاڵـوودەی بـاوەڕی کوێرانـە و هەسـتە

دەمارگیرەکانیشــن، نابــن بــە هــاوڕێ و هەڤــاڵ. بــە تایبەتیــش ئەوانــەی ئایدیۆلۆژیــای ژنایەتــی-مێردایەتییــان تــێ نەپەڕانــدووە، دیــواری پەیوەندییــە ســاویلکەکانی نێرینە-مێیینەییــان نەشــکاندووە و دونیــای زهنیــەت و زەینیەتــی خۆیــان ئــازاد نەکــردووە، پێویســتە باســی هەڤاڵێتــی نەکــەن و لەخــۆڕا ئــارەزووی هەنگاونــان بــۆ ئــەو ڕێگەیــە نەکــەن. پێویســتە پەیوەندیــی هەڤاڵێتــی لــە هــەر جــۆرە پەیوەنــدی، هــزر، گوتــە و کردەیەکی هاوشێوەی پارە، ســامان، مولْــک، ژنایەتی-مێردایەتــی، خولیابوون بــە شــتومەکی ماددیــی، ڕاکــردن بەدوای حــەز و ئــارەزووەکان، هەوڵدان بــۆ دەســەڵاتگەرێتی و بوێریی کوێرانــە و تــرس پــاک کرابێتــەوە کــە لــە کاروانــی حەقیقــەت و ناســنامەی نوێنەرایەتیکــردن دووری دەخاتــەوە. هەروەهــا پێویســتە بــە شــێوەیەکی ســەرکەوتوو ڕووبــەڕووی ئــەو چەشــنە هەڕەشــانە ببنــەوە؛ لــە هەمــان کاتــدا پێویســتە خۆتەیارکردنێکــی ئایدیۆلــۆژی، سیاســی، ئەخلاقــی و ڕێکخســتنیی ئەوتــۆی هەبێــت کــە لــە هــەر هەلومەرجێکــدا بتوانێــت حەقیقەتــە مەزنــەکان بدرکێنێــت، تیۆریــزە و پراکتیزەیــان بــکات. ئــەو پارتــەی بیــر لــە پتــەوی و یەکێتییەکــەی دەکرێتــەوە، تەنهــا لــە چوارچێــوەی ئــەو پەیوەندییانــەی هەڤاڵێتیــدا بەدیدێــت. تەنهــا ئەوکاتــە دەتوانێــت ببێتــە گوتەبێــژ و ئیــڕادەی کۆمەڵگــەی مێژوویــی و ئاییندەش. PKK تەنها لەمیانــەی ئــەو پێوەرانــەی پەیوەندیــی هەڤاڵێتییــەوە دەتوانێــت ڕۆڵــی مێژوویــی و کۆمەڵایەتیــی خــۆی ببینێــت.

PKK ڕووبــەڕووی دوو پرســی زەبەلاحــە کــە بــە شــێوەیەکی مەرحەلــی و بەرجەســتە (مەیدانــی) لــە پێشــیدان. باســی پرســەکانی ئاشــتی و شــەڕ دەکەیــن کــە پەیوەندییەکــی دیالێکتیکیــی بەهێزیــان لەگــەڵ یەکــتردا هەیــە. پەســندکردنی مافــی نەتــەوەی دیموکــرات نزمتریــن ئاســت و فۆرمیلــەی نزیــک بــە ڕێگەچــارەی ئاشــتیانەی پرســی کــوردە. بــەڵام ئــەو هێزانــەی پێداگــری لەســەر ســتاتۆی کۆمەڵکوژیــی و ئاسیمیلاســیۆنی زاڵــی ســەر کــورد و کوردســتان دەکــەن، نایانــەوێ بــە هیــچ جۆرێــک نزیکــی ڕێگەچــارەی ئاشــتی و دیموکراتییانــەی چوارچێــوەی ســنووری سیاســیی (دەوڵــەت - نەتــەوەی) ئێســتاش ببنــەوە. بەڵکــو پێداگــری لەســەر ئــەو مــاف و هێزەیــان دەکــەن کــە نکۆڵــی و قڕکــردن ڕێکدەخــەن. هەروەهــا پاوانەکانــی هێــز و قۆســتنەوەی ئــەو دەوڵەت-نەتەوانــەی کــورد و کوردســتانیان لــە نێــوان خۆیانــدا دابــەش کــردووە (بەکرێگیــراوە بــە بنەچــە کــورد و سیخوڕەکانیشــیان) لەژێــر پــەردەی تەڵەکەبــازی ‹مافــە تاکەکەســیەکان›دا سیاســەتی کۆمەڵکــوژی پەردەپــۆش دەکــەن و دەیانــەوێ دووبــارە درێــژەی پــێ بــدەن. ئــەوەش بــە مافــە نەتەوەیــی و چینایەتییــە بنەڕەتیەکانــی خۆیــان دادەنێــن. ئــەو هەڵوێســتە تەنانــەت لــە نــاو چوارچێــوەی ســنوورەکانی دەوڵەت-نەتەوەشــدا دەرفــەت بــە ئاشــتی و ڕێگەچــارەی دیموکراتییانــە نــادات. کاتێــک ئاشــتی و ڕێگەچــارەی دیموکراتییانە لــە ئــارادا نەبێــت، لــە بەرامبــەردا شــەڕێکی کۆمەڵکوژیــی سەرتاســەری بــە ڕێــوە دەبــات کــە ســەرجەم ڕەهەنــدە ســەربازی، سیاســی، کۆمەڵایەتــی، کولتــووری، ئابــووری، دیبلۆماســی و دەروونییــەکان دەگرێتــەوە. لــە ڕاســتیدا ئــەوەی لەســەر ئــەرزی واقیعــدا جێبەجــێ دەکــرێ و بەشــی هــەرە زۆریشــی شــاراوەیە، شــەڕی جینۆســایدکردنی گەلــی کــوردە. ئــەو شــەڕەی نزیکــەی ســەدەیەکە زیاتــر بــە شــێوەیەکی یەکلایەنــە پەیــڕەو دەکــرێ و ئامانجیشــی ســڕینەوەی کــوردە لــە مێــژوودا و لەناوبردنــی

کۆمەڵگەی ئازادە؛ لە بنەڕەتدا جەنگێکی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدە کە فرە هاوپەیمانییەکە دژ بە کورد.

لەمیانەی ئەو ئەزموون و وانانەی لە شەڕی ئەو سی ساڵەی دواییەوە وەرگیراون، دەرفەتی بەدیهێنانی ئاشتی و ڕێگەچارەی دیموکراتییانە هەبوو. پەسندکردنی مافی بوون بە نەتەوەی دیموکرات ئاشتیخوازانەترین ڕێگەچارەیە کە بەبێ ئاواکردنی دەوڵەت-نەتەوەی کورد و بەبێ ناچارکردنی دەوڵەت-نەتەوەکان بۆ شێوەکانی فیدراڵی، دەرفەتی جێبەجێکردنی هەیە. لەو سۆنگەوە ئەو نەخشەڕێیە ١٦٠ لاپەڕەییەی لە ئاکامی دیالۆگ و دانوستاندن لەگەڵ دەوڵەتدا پێشکەشم کردووە بەپێی پێویست پرەنسیپەکانی ئاشتی و چارەسەری ڕوون کردبووەوە. بەڵام هەڵگرانی نەریتی بەهێزی کۆمەڵکوژی لە ناو دەوڵەت و ئۆلیگارشیی سیاسی (دەزگای ئاژیتە و پروپاگەندەی دەوڵەت)دا بە هیچ جۆریک بڕیار سەبارەت بە ئاشتی و ڕێگەچارەی دیموکراتییانە نادەن. وێڕای ئەوەی KCK چەندین جار ئاگربەستی یەکلایەنەی ڕاگەیاندووە، بەڵام وەڵامی پێویستی وەرنەگرتووە. دۆخێک لە ئارادایە وەک بڵێی بەردەوام لەسەر ئاگر بیت. بەڵام زۆر ئاشکرایە کە ئەو دۆخەش درێژە ناکێشێت. یان ئەوەتا قۆناغێکی ڕێگەچارەی دیموکراتی و ئاشتییەکی هەمیشەیی مانادار و شەرەفمەندانە دەست پێدەکات کە هەردوو لایەن سەبارەت بە پرەنسیپە سەرەکیەکان ڕێکدەکەون، یاخود قۆناغیکی نوێ و کۆتایی شەڕ ڕوو دەدات کە زۆر لە شەڕی سی ساڵەی ڕابوردوو توندتر و دژوارتر دەبێت. بە هەموو وردەکاری و لایەنەکانیەوە، PKK ناچارە سەبارەت بە هەردوو پرۆسە قاڵ بێتەوە. ڕێگەچارەی دیموکراتیانە و ئاشتیی شەرەفمەندانە پێویستییان بە کارامەیی سیاسی و فیکری مەزن هەیە. هەروەها پێویستە ڕێگەچارەی دیموکراتییانە و ئاشتیی پێشبینیکراو بکرێت بە موڵکی تەواوی گەل. ناکرێ تەنها بە تێگەیشتنی سنووردار بن، بەڵکو پێویستە گەلیش لەسەر ئەو بنەمایە پەروەردە بکرێت، ڕێک بخرێت و بکرێت بە خاوەنی چالاکی؛ هەزاران گفتوگۆ و کۆبوونەوەی دەرهەق بە بڕیاردان، ڕێکخستن و چالاکی پێویستە. چونکە ئەوەی بابەتی باسە، ئاشتییەکی مێژوویی و شێوازێکی ڕێگەچارەی سیاسی و دیموکراتییانەیە کە بۆ تەواوی گەلانی ناوچەکە و مرۆڤایەتی ببێت بە نموونە.

پێویستە سەری خۆمان سەبارەت بە پرسەکانی شەڕیش بێشینین کە وەک ئەگەریکی بەهێز لە ئارادایە. چونکە ئەزموونی شەڕی سی ساڵەی ڕابوردوو بە شێوازێکی ناشارەزایانە بەڕێوەچوو. تەنانەت پڕبوو لە گێرەشێوێنیەکان و لە نزمترین ئاستیشدا بە شێوازی گەریلایی نەگەیشت و زیاتر هاوشێوەی شێوازی نیمچەیاخیبوون و نیمچەگەریلایی بوو. بەڵام مەحاڵە شێوازی شەڕی داهاتوو بەم جۆرە بێت. بەر لە هەموو شتێک، گەل گەلی جاران نییە، بەڵکو ناچاری بەڕێوەبردنی شەڕی گەلی ڕاستەقینەمان دەکات. دوای ئەزموونی سی ساڵەش، ئەرکی سەرکردایەتیی مەیدانیی شەڕ، واتە ئەرکی هێزی پاراستنی گەلە HPGیە کە خۆی بۆ شەڕێکی سەرتاسەریی شار-شاخ ئامادە بکات؛ بەبێ گوێدان بە شەو و ڕۆژ، هاوین و زستان، لادێ و شار،

کێـو و دەشـت، ئەرکەکـەی پێشخسـتن، بەڕێوەبـردن و کۆنترۆڵکردنـی شـەڕێکە کـە لـە هەمـان سـات و لـە هـەر دەڤەرێکـدا ئەگـەری بەشـداریکردنی هـەزاران کـەس هەبێـت. هەرچەنـدە لـە چوارچێوەی KCKدا بـە ڕێـوە بچێـت، بـەڵام لـە قۆناغـی نوێـی شـەڕ و تێکۆشـاندا PKK ناچـارە بەرپرسـیارێتیی ئایدیۆلـۆژی، سیاسـی، ئەخلاقـی و بڕیـاڕدان بگرێتـە ئەسـتۆ. پێویسـتە زۆر بـاش ئـاگادار بێـت کـە قۆناغـی شـەڕی هـەواداران، نیمچەیاخیبـوون و نیمچەگەریلایـی و جۆرەکانـی شـەڕی چەتەگەرێتـی دووبـارە نابێتـەوە، دووبـارەش ببێتـەوە پەسـند ناکرێـت و بەگوێـرەی ئـەوەش ناچـارە پـەرە بـە کارامەیـی و تواناکانـی خـۆی بـدات. قۆناغـە نوێیەکـەی شـەڕ و تێکۆشـان چەنـدە پـەرە بسـەنێت، ناچـارە بـە لێهاتوویـی ئایدیۆلـۆژی، سیاسـی و ئەخلاقـی و بـە سـووربوونەوە لـە کاتـی خۆیـدا و لـە هەمـوو لایەکـەوە وەڵامـی هـەر پـرس و کێشـەیەک بداتـەوە کـە سـەرهەڵدەدات. بـە ڕادەی هەڵسـەنگاندنی سـەرجەم هەلومەرجـە ناوخۆیـی و دەرەکییـەکان، لـە کاتـی خۆیـدا حیسـابکردن بـۆ سـەرجەم ئـەو ئەنجامانـەی ڕەهەندەکانـی شـەڕ پێـی دەگـەن و بەرپرسـیارێتیی پێچەوانەکردنـەوەی دۆخەکـە بـە لایەنـی تیکۆشـاندا دەکەونـە ئـەو چوارچێوەیـەوە. هەرچـی کەمتەرخەمـی و وەڵامنەدانـەوەی پێویسـتیەکانە دۆخێـک نیـن کـە وەک جـاران لـە نـاو PKKدا بـە لێبوردەیـی پێشـوازییان لـێ بکرێـت. لـە قۆناغـی نوێـدا هێنـدەی حیسـابدان، لێپرسـینەوە و حیسـاب وەرگرتنیـش کاریگـەر دەبێـت. چیـتر وەک جـاران ناتوانـن بەرپرسـیارێتی بخەنـە ئەسـتۆی هەندێکـی تـر، یاخـود پشـت بـە پراکتیکـە تەسـفییەکارەکان ببەسـتن و بـەم جـۆرە خۆتـان ڕزگار بکـەن یـان خۆتـان بدزنـەوە. چونکـە حەقیقەتـی گـەل و پـارت ئێسـتاکە ڕێگـە بـەوە نـادەن. چونکـە لـە ڕاسـتیدا وەک چـۆن ئەندامـە قاچـاخ و تەسـفییەکارەکانی جـاران چارەنووسـیان دیـار نییـە، هەروەهـا لـە دۆخێکـدان کـە کـەس ئیرەییـان پێنابـات. تەنانـەت دەوڵەتەکانیـش لـە کاتێکـدا هـەوڵ دەدەن ڕووبـەڕووی ڕابـوردووی خۆیـان ببنـەوە و خۆیـان پـاک بکەنـەوە، ئـەوە بـە شـێوەیەکی ڕوون و ئاشـکرا دۆخـی مەترسـیداری ئیعترافـکار، بەکرێگیـراو و تەسـفییەکارەکانیش دەخاتـە ڕوو.

لـەوە بـەدواوە یـان هەمـوو شـتێک بەگوێـرەی ئاشـتییەکی شـەرەفمەندانە و ڕێگەچـارەی دیموکراتییانـە، یـان گرێـدراو بـە دواتریـن شـەڕی سەرتاسـەری، واتـادار دەبێـت و بەهـای ژیـان بـە دەسـت دێنێـت. ئەوانـەی لـەو نێوانەشـدا دەمێننـەوە، دەشـێلرێن و تـێ دەپەڕێنرێـن. چونکـە سـەردەمە مێژووییـەکان بـە بڕیـار و چالاکـی مێژوویـیدا گـوزەر دەکـەن. جگـە لەمـەش ئـەو درۆ و خەیاڵانـەن کـە دەبنـە بڵقـی سـەر ئـاو و نامێنـن. ئـەو تـاک، ڕێکخـراو، گـەل، دەوڵـەت و پارتانـەی خۆیـان بـۆ قۆنـاغ و پرۆسـەی لـەو جـۆرە ئامـادە ناکـەن، یاخـود خۆیـان ئامـادە دەکـەن بـەڵام ناتوانـن وەڵامـی بدەنـەوە، لـە کەوتنەنـاو زبڵدانـی مێـژوو ڕزگاریـان نابێـت. PKK ش تەنهـا لەسـەر بنەمـای ئـەو وانانـەی لـە ئەزموونـی ڕابـوردووی وەریـان دەگرێـت، دەتوانێـت سـەرجەم لایەنەکانـی هەلومەرجـی ئێسـتا تاوتـوێ بـکات و بـەو جـۆرە ئامادەکاریـی پێویسـت بـکات و بـە هەمـان بوێریـی و سـووربوونەوە هەنـگاو بـۆ پراکتیـک بنێـت و دوو ئەرکـە مێژووییەکـەی خـۆی جێبەجـێ بـکات. چاوەڕوانیکردنـی سـەرکەوتن یاخـود شکسـتێکی گـەورە لـەو قۆنـاغ و پرۆسـەیە واقیعـی

نییـە. بەڵکـو بـە دڵنیاییـەوە ئەنجـام لـە بەرژەوەندیـی ئاشـتییەکی شـەرەفمەندانە و ڕێگەچـارەی نەتـەوەی دیموکراتـدا دەبێـت کـە هێشـتا یەکلایـی نەبووەتـەوە. ئـەوی تـر، ونبوونـە لـە نـاو گێـژاو و گەردەلوولـی کۆمەڵـکوژی کـە ڕەوشـی ئێسـتای مرۆڤایەتـی ڕێگـەی پـێ نـادات.

تـەواوی هەلومەرجـەکان هێنـدەی شـۆڕشـە گەورەکانـی فەڕەنسـا و ڕووسـیا لـە مێـژووی هاوچەرخـدا، ئەگـەرە چاوەڕوانکراوەکانـی قۆناغـی داهاتـوو گرنـگ و بایەخـدار دەکـەن. ئەگـەر لـە ڕێگـەی شـەڕەوە بـەدی بێـت یاخـود ئاشـتی، گەلـی کـورد تەنهـا لەپێنـاو خـۆی پرسـی نەتـەوەی دیموکـرات چارەسـەر نـاکات، بەڵکـو پێهەڵگرتـن و ڕابوونێـک لـە ئارادایـە کـە بـۆ تـەواوی ناوچـەی خۆرهەڵاتـی ناویـن و مرۆڤایەتـی مانـا و گرنگییەکـی زۆری هەیـە. لەمیانـەی ئـەو هەنگاوەیـەوە دەوڵەت-نەتەوەیەکـی نـوێ ناخاتـە سـەر دەزگاکانـی دەوڵەت-نەتـەوەی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی کـە ڕۆژانـە لـە زیادبوونـدان؛ هەروەهـا ناچێتـە ڕیـزی دونیـای سـتاتۆی سـەرمایەداریی، قۆرغـکاری و پیشەسـازی کـە لـە مێـژە مۆدێرنیتـە ئامـادەی کـردووە؛ بەڵکـو شـەبەنگ و ڕووناکیەکانـی ژیـار و مۆدێرنیتەیەکـی نـوێ بـڵاو دەکاتـەوە. ئـەو ڕابوونـەی مۆدێرنیتـە، کـە دەکـرێ بـە مۆدێرنیتـەی دیموکراتیـش نـاوی ببەیـن، دەتوانێـت ڕێگەچـارەی پێویسـت پیشـانی کولتـووری خۆرهەڵاتـی ناویـن بـدات کـە لـە یەکێـک لـە قۆناغەکانـی پـڕ لـە گێـژاوی دیرۆکـی خۆیـدا دەژی. هـەر لـە ئێسـتاوە بەهـای چارەسـەرئامێزی ئـەو ڕۆڵـە بـە تایبەتـی لەمیانـەی دۆخـی عێـراق (ئورۆک)ـەوە سـەلمێنراوە. ئـەو قۆناغـەی لـە ئارادایـە، بـە جۆریـک لـە جـۆرەکان دەکـرێ بـە «سـێیەمین جەنگـی جیهانـی» نـاوی ببەیـن. هـەر وەک ئـەو ڕۆڵـەی کـوردە یەکەمیـن و دێرینـەکان لـە بەرەبەیانـی مێـژووی شارسـتانییەت لـە دامێنـی زنجیرەچیاکانـی زاگرۆس-تۆرۆسـدا بینییـان و PKKشـی کردووەتـە پاڵێـوراوی ڕۆڵێکـی هاوشـێوە، بـەڵام ژیانێکـی نـوێ و مۆدێرنیتەیەکـی دیموکراتیـک کـە بـە ئاڕاسـتەی کۆمەڵگەیەکـی دیموکراتـی، بـێ چیـن، بـێ دەوڵـەت، شـاری ئیکۆلۆژیـی و ئابووریـی بەکارهێنـان بێـت.

PKK هـەر لـە سـەرەتاوە خـۆی بەگوێـرەی ئـەو ڕۆڵـە مێژووییـە پێناسـە کـرد. هەرچەنـدە کەموکـوڕی و ناتەواویشـی هەبـن، بـەڵام پراکتیکـی ئـەو سـی ساڵەی دوایـی سـەلماندوویەتی کـە توانـای بینینـی ئـەو ڕۆڵـەی هەیـە. گەلـی کوردسـتانیش وەڵامێکـی ئەرێنیـی داوەتـەوە بانگەوازەکـەی پەکەکـە. چیـتر کوردسـتان لـە دۆخـی گۆڕسـتانە بێدەنگەکـەی جارانـدا نییـە. هەربۆیـە ئەگـەر بـە ڕێگـەی ئاشـتیخوازانە بێـت یاخـود شـەڕ، لـە ئەنجامـدا قۆناغی داهاتـوو دەبێتـە سـەردەمی بونیادنانی نەتـەوە دیموکراتـەکان. بـەم جـۆرەش، کولتـووری شارسـتانییەتی خۆرهەڵاتـی ناویـن کـە هـەزاران ساڵە تەڵـە و تەڵەزگەکانـی شارسـتانییەتی چینایەتـی، شـار و دەوڵـەت کردوویانـە بـە دەریـای خوێـن و هـۆز، ئاییـن، مەزهـەب و نەتـەوەکان یەکتریـان لەنـاو بـردووە، ئیـتر دەبێتـە سـەردەمی مۆدێرنیتـەی دیموکراتیـک کـە لەسـەر زەمینـەی یەکێتـی و هەمەگیریـی نەتـەوە دیموکراتـەکان هەڵدەکشـێت.

### ب- KCK و ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکرات:

دەکرێ بگوترێت کە ئەو تێکۆشانەی تا ئێستا PKK بە ڕێوەی بردووە، لە بنەڕەتدا ئامانجی ئاشکراکردن و خستنەڕووی پرسی کورد بوو. چونکە لە هەلومەرجەکانی دەرکەوتنی PKKدا نکۆڵیکردن لە واقیعی کورد، بە شێوەیەکی سروشتی پرسی بوونی دەخستە ڕۆژەڤەوە. هەربۆیە PKKش سەرەتا لە ڕێگەی بەڵگە ئایدیۆلۆژییەکانەوە هەوڵی سەلماندنی بوونی پرسەکەی داوە. تەنانەت هەڵوێستی ناواقیعیانەی چەپی تورکیش سەبارەت بە پرسەکە، پێویستیی بیرکردنەوە و خۆڕێکخستنی لە ئاستی وڵات و نەتەوەدا هێنایە ئاراوە. دەرکەوتنی PKKش بەو ناوە ناسراوە گرێدراوی دۆخی قۆناغەکەی ئەو کاتە بوو. کاتێک لەمیانەی ڕێبازە ورد و تەڵەکەبازییەکانەوە لە ناو بزووتنەوە چەپڕەوەکانیشدا دریژەیان بە نکۆڵیکردن دا، ئیتر لەسەر بنەمای ناسنامەی سەربەخۆ، ڕێکخستن و چالاکی بوون بە ڕۆژەڤ. کاتێک دەوڵەت-نەتەوەی تورک پێداگریی لەسەر سیاسەتی باوی نکۆڵی و قڕکردن کرد و دەرفەتی بە هەوڵی ڕێگەچارەی سیاسییانە نەدا، بە پێچەوانەوە، کاتێک لەمیانەی تیرۆری فاشیستانەی ١٢ی ئەیلوولەوە وەڵامی ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی دایەوە، ئەو کاتە هەڵمەتی شەڕی گەلی شۆڕشگێڕیی PKK وەک تاکە ئەلتەرناتیڤ بووە ڕۆژەڤ. لەو دۆخەدا یان ئەوەتا PKKش وەک گرووپە چەپڕەوە دیموکراتەکانی تورکیا لە ناو دەچوو، یانیش بڕیاری خۆڕاگری و بەرخودانی دەدا. سیاسەتی نکۆڵی و قڕکردن کە بە شێوەیەکی شاراوە لە لایەن سیستەمەوە (ڕژێمەوە) بە ڕێوە دەچوو، کاتێک لە لایەن فاشیزمی ١٢ی ئەیلوولەوە بە شێوەی تیرۆری ئاشکرا هەوڵی جێبەجێکردنی درا، ڕۆڵێکی دیاریکەری بینی کە پرسی کورد لە پرسی ناسنامەی ئایدیۆلۆژییەوە بۆ پرسەکانی شەڕ و تێکۆشان بگۆڕێت. تاوتوێکردنی هەڵمەتی ١٥ی ئابی ١٩٨٤ لەو چوارچێوەیەدا واقیعیتر دەبێت. لە سیفەتی ڕزگاری زیاتر، هەڵمەتەکە لە ئامانجی سەلماندنی بوون و درێژەپێدانی نزیکترە.

سیاسەتی نکۆڵی و قڕکردن تەنها بە شێوەیەکی نهێنی و شاراوە پەیڕەو نەدەکرا. ڕێکارو کردەوەکانی هەشتا ساڵەی ئەو سیاسەتە ڕێگەی لە پێش نامۆبوونێکی مەترسیداری کوردان کردەوە. کورد ناچار کرابوو دەستبەرداری بوونی خۆی بێت. ئەو دەستبەردانەی لە ڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژی و ئامرازە ئابوورییەکانیەوە بەدی هاتبوو، تا ڕادەیەک بە سەریاندا سەپێنرابوو، کە بە ناچاری پەسندی بکەن. واتە واقیعی گەل و کۆمەڵگەیەک لە ئارادا بوو کە لە خۆی نامۆ کرابوو. لێرەدا هەڵمەتی ١٥ی ئاب لە بنەڕەتدا ئەو نامۆبوونەی دەشکاند، بەم جۆرەش، سیاسەتەکانی نکۆڵی و قڕکردن و ئەنجامەکانیانی مایەپووچ دەکرد. لەو واتایەشدا هەڵمەتەکە تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو. واتە سەرلەنوێ کوردبوون و کوردایەتی سەری هەڵدەدایەوە، کورد دەبوون بە دیاردە و واقیعێک کە خۆیان پەسندیان دەکرد. پەسندکردن لە ئاستی دەوڵەتەکانیشدا لە ئارادا بوو. بەڵام پەسندکردنی پرسەکە مانای چارەسەرکردنی نەبوو. کاتێک نیازەکانی چارەسەرکردن دەرنەکەوتن، پێکدادانەکان و هەلومەرجی شەڕی سنووردار

زەمینەکەیان تێک دا و بەردەوام بوو. هەردوو لایەنیش لەو دۆخە دوور بوون کە بە شێوازی سەربازی پرسەکە یەکلا بکەنەوە. هەرچەندە ناو بە ناو ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخساوە، بەڵام توانا و کارامەیی قۆستنەوەی ئەو دەرفەتەیان پیشان نەداوە. کاتێک دەرفەتی ڕێگەچارەی سیاسی ساڵی ١٩٩٣ لەبار برا، شەڕ و پێکدادان بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە و پێشێلکارانەتر بەردەوام بوون. لەو چوارچێوەیەدا، دەشێت ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٨ بە شێوەی قۆناغی مایەپووچبوونی ڕێگەچارەی سەربازیی هەردوو لایەن هەڵبسەنگێنرێت. ئەگەر هەوڵە سیاسیەکانی ساڵی ١٩٩٣ لە ڕێگەی تیرۆرکاریی و پیلانگێڕیەکانەوە مایەپووچ نەکرابوایە، لەوانە بوو قۆناغێکی زۆر ئەرێنی لە چارەسەرکردنی پرسی کورد و بونیادنانی کۆماری تورکیا دەستی پێ کردایە. ئەو دەرفەتە مێژووییە لە دەست چوو، یان بە فیڕۆیان دا. هەوڵەکانی چارەسەری هەردوو ساڵی ١٩٩٧-١٩٩٨یش دووچاری هەمان چارەنووس هات، یاخود بڵێین دووچاری هەمان چارەنووس کرا. هەمان هێزەکانی تیرۆر و پیلانگێڕی دەرفەتیان بە ڕێگەچارەی سیاسی نەدا. قۆناغی دیدارەکانی ئیمڕالیش دۆخێکی پڕ لە ناکۆکیی هێنایە ئاراوە. لە کەسایەتیی عەبدوڵڵا ئۆجالاندا کێشمەکێشێکی مەزن لە نێوان لایەنگرانی ئاشتی و دژەکانیان ڕووی دا.

سەرەتا ململانێ لە ناو بونیادی هەردوو لایەنیشدا بەردەوام بوو، بەڵام کاتێک PKK لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە خۆی بە شێوەی (کۆما جڤاکێن کوردستان) KCK یەکلایی کردەوە و خستە ڕوو، مشتومڕ و ململانێکانی ناو کۆماری تورکیای سەبارەت بە دەسەڵات خێراتر کرد کە ڕۆڵی کلیلیان لە چارەسەرکردنی پرسی کورددا دەبینی. هەڵوێستی عەبدوڵڵا ئۆجالان هەم بەرامبەر PKK و هەمیش بەرامبەر کۆماری تورکیا بە ئاڕاستەی ئەو ڕێگەچارەیە بوو کە لە KCKدا بەرجەستە دەبوو. هەرچەندە لە ناو خۆیاندا بە ڕێککەوتن نەگەیشتن، بەڵام سەرلەنوێ دیالۆگ لە نێوان PKK و دامودەزگاکانی دەوڵەتدا دەستی پێ کردەوە. ئاکەپە ڕۆڵێکی ئەوتۆی لەو دیالۆگەدا نەبوو، چونکە ئەوە دەستپێشخەرییەکی دەوڵەت بوو. بەڵام ڕێککەوتنە نهێنییەکەی ٤ی ئایاری ٢٠٠٧ی ئاکەپە لەگەڵ سوپاسالار، دواتریش لە ٢٠٠٧/١١/٥ لەگەڵ ئەمریکا دۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد. بەم جۆرە، لەسەر بنەمای لەناوبردنی PKK، ئاکەپە لە ڕێگەچارەیەک دەگەڕا. لە بەرامبەر بەڵێنی دانان بە چەند مافێکی ڕووکەشیدا (خولەکانی فێربوونی زمانی کوردی و ئازادییە سنووردارەکانی ڕاگەیاندن) پشتگیریی دەرەوەشی بە دەست هێنا و شەڕ بە ئاست و ڕەهەندی جیاوازتر گەیشت. ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکوەزیر لە گوتارەکەی ساڵی ٢٠٠٥ لە دیاربەکر هەڵمەتێکی تەکتیکیی گرنگی کرد و بەڵێنی چارەسەرکردنی پرسی کوردی دا. لەسەر بنەمای گۆشەگیرکردنی PKK و بەدەستهێنانی پشتگیری بۆ ئاکەپە، نیازگەلێکی پشتبەستوو بە «مافەکانی تاکەکەس» لەو بەڵێنانەدا هەبوو. لەژێر ناوی ‹کرانەوەی دیموکراسیانە›دا پیلانێکی تەسفییەکردن کەوتە ڕوو کە کارێکی زۆری لەسەر کرابوو، شانبەشانی ئەمریکا، یەکێتیی ئەورووپا و دەوڵەتە دراوسێکان، لە ناوەوەش پشتگیریی پارتەکانی دیکەی دەوڵەت، زۆربەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیش ڕێکخرانەوە و پشتگیریی کوردە

بەکرێگیراوەکانیشی بە دەست هێنا. شانبەشانی ئەو پیلانەش، لە بواری سەربازیی، سیاسی، ئابووریی، کولتووریی، سایکۆلۆژی و دیبلۆماسیدا هێرشێکی سەرتاسەری زۆر بەرفراوان و دژوار کەوتە بواری کردارییەوە. ئیتر هێزە نوێیەکانی میلیشیا، حزبوڵڵا و گورگە بۆرەکانی جاران نەبوون، بەڵکو جۆرێک لە ‹حەماسی کورد› بوو کە بە تایبەتی لەژێر کۆنترۆڵی ئاکەپەدا هێنرایە کایەوە و بە چەند بەشێک بونیاد نراوە. ئەوە ئەو پیلان و شاڵاوە بوو کە سەرەتا CHPی دەنیز بایکاڵ و هەندێک لە فەرماندەکانی ناو سوپاش ڕێککەوتن و پشتگیریان لێ کرد. هەرچەندە نارەزایی هەندێک لە دامەزراوەکانی ناو دەوڵەتیش لە ئارادا بێت، بەڵام وازیان لە جێبەجێکردنی ئەو پیلانە نەهێنا. ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە KCK بەشێکی سەرەکی ئەو پیلان و کردەوانە بوون. هەروەها هێرشە ئاسمانییەکان و ڕێگەدان بە ئۆپەراسیۆنەکان لە باشووری کوردستان لە چوارچێوەی هەمان پیلاندا بوون.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەو هەڵوێست و پەیوەندییانەی تەسفیەکارانی نێوان ساڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٤ نیشانیان دا، ڕۆڵێکی زۆری لە پشت ئەو پیلان و کردەوانەدا هەبوو. لە ڕاستیدا ئاکەپە و بە کرێگیراوەکانی سەرکەوتنی تەواویان لەو پیلان و کردەوانە چاوەڕوان دەکرد. ئەو پیلانەی زۆر ئاڵۆز و فرەڕەهەند بوو، بە بڕوای خۆیان دەیتوانی سەرکەوتنێکی مێژوویی بە دەست بێنێت. لە ڕاستیدا PKK وەک تاکە کۆسپی بەردەم سەرکەوتنی ئەو پیلانە دەبینرا کە بە شێوەیەکی زۆر ئاڵۆز و تەڵەکەبازانە داڕێژرابوو. لەو سۆنگەیەوە، بە هەموو لایەنەکانیەوە شاڵاوەکە لەسەر گۆشەگیرکردن و بێچەککردنی PKK قوفڵ ببوو. لەسەر ئەو بنەمایەش سەرجەم هێزەکان بەکار هێنران. وەک ئەو پەندەی دەڵێ: «کڵاوەکە کەوت و کەچەڵ ئاشکرا بوو»، هیچ هێزێک نەما ڕاستییەکەی ئاشکرا نەبێت. بەڵام لەبەر ئەوەی PKK لەسەر بنەمای ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکرات خۆی بە شێوەی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK پێشکەش و پراکتیزە کرد و تا ڕادەیەکی زۆر خۆی لە لاوازی و هەڵەکانی پێشووی ڕزگار کردبوو، تەسفییەکردنی مەحاڵ بوو. هەروەها ئیتر زەحمەت بوو وەک جارانیش زەبری بەربکەوێت. وێڕای ئەوەی وەرچەرخان و بزووتنەوەی ڕاستکردنەوە نوێ بوو، بەڵام پەرەسەندن و پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە دەست هێنابوو. مایەپووچبوونی ئەو پیلانە، کە بۆ یەکەمین جار بوو ئاکەپە لەگەڵ بەشێکی گرنگی سوپا هەوڵی جێبەجێکردنی دەدا، لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتاوە دیار بوو. بەڵام ئاکەپە لە بەکارهێنانی ئەو پیلانە و پشتگیریی ناڕاستەوخۆی سوپا بۆ جێگیربوونی تەواو لە دەسەڵاتدا دوودڵیی نەکرد. بەو ڕادەیەی ئەو ڕێچکەیەی تاقیی کردەوە، پێگەی خۆی لە دەسەڵاتدا پتەوتر دەکرد، وێڕای ئەوەی لە بواری تیۆری و کرداریدا ئامادەکاری، هەوڵ و بڕوایەکی جدی و ڕاستگۆیانەی سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد نەبوو، بەڵام وەک چۆن بنێشت دەجوێ، لە دووبارەکردنەوەی گوتە و دەستەواژەی ‹کرانەوەی دیموکراتیانە› بەردەوام بوو. لێرەدا بابەتی باس حیسابێکی بازرگانان بوو کە دەسەڵات تەوەرەکەی بوو، لێکدانەوەی ڕۆژانە و بەدەستهێنانی قازانجی زیاتری خۆی بە بنەما دەگرت. لەو چوارچێوەیەشدا پرسی کورد بە حاڵەتێکی ئاڵۆزتر

گەیشت. ئەگەر گەلی کورد دەرفەتی ئاشتیەکی شەرەفمەندانە و ڕێگەچارەی دیموکراتییانە نەدۆزێتەوە، ئەوا ناچارە هەنگاو بۆ قۆناغی ژیانی ئازاد و بەرخودانی سەرتاسەری بنێت کە ‹پاراستنی بوون و بەدەستهێنانی ئازادی› بە بنەما دەگرێت.

ئەرکی PKK لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو نەهێشتنی مشتومڕ و گومانەکان بوو لەسەر بوونی کورد و چارەسەرکردنی پرسەکە بوو بەگوێرەی تێڕوانینی دەوڵەتێکی سۆسیالیستی بونیادنراو. سەرەڕای بەلاوەنانی گومان و گفتوگۆکان لەمەڕ بوونی کورد، بەڵام PKK لە بابەتی دەوڵەت-نەتەوەدا بە چەقبەستوویی مایەوە. بەڕێوەچوونی پرۆسەی ڕەخنە لەخۆگرتن کارەکتەرە دژەسۆسیالیست و دژەدیموکراتیکەکەی دەوڵەت-نەتەوەی خستە ڕوو. هەربۆیە PKK ش بە شێوەیەکی بەرجەستە بۆی دەرکەوت ئەگەر کۆمەڵگەی دیموکراتی نەبێت، سۆسیالیزم بونیاد نانرێت؛ لەو سۆنگەیەوە چارەسەرکردنی پرسی کوردی لە بونیادنانی نەتەوەی دیموکراتدا بینی. ئەو خزانەی ئێستا لە پرسەکەدا دەیبینین، ئەمەیە: ئایا لە ڕێگەی سیاسەتی دیموکراتییانەوە بەو ئامانجە دەگات یاخود لەمیانەی شەڕی گەلی شۆڕشگێڕیی سەرتاسەریەوە؟

**١- خزانی دەسەڵاتی هەژموونگەرایی لە کۆماری تورکیادا:**

لە دوای شەڕی ڕزگاریی نیشتیمانی کە کوردان و تورکەکان لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە چوارچێوەی میساقی میللی و لەسەر پاشماوەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە ڕێوەیان دەبرد، دەرفەتی کۆمارێکی دیموکراتی ڕەخسابوو. لە گشتینامەی ئاماسیا (تعمیم أماسیا - ١٩١٩) و کۆنگرەکانی ئەرزڕۆم و سێواس هەنگاوە سەرەکیەکان بەو ئاڕاستەیەدا نرابوو. لە یەکەمین دەستوور (١٩٢١)ی یەکەمین پەرلەمانی تورکیادا کە لە ساڵی ١٩٢٠دا کرایەوە (یەکەم پەرلەمان ناوی «ئەنجومەنی مەزنی گەل» بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٤ دا کرایە «ئەنجومەنی مەزنی گەلی تورکیا»)، خەسڵەتە دیموکراتییەکانی ڕژێمە پێشنیازکراوەکە ڕەنگیان دەدایەوە. لە ١٠ی شوباتی ١٩٢٢دا بە زۆرینەی دەنگ یاسای ئۆتۆنۆمیی کوردان پەسند کرا. لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٢٤ لە کۆبوونەوە ڕۆژنامەوانییەکەی ئیزمیت، مستەفا کەمال وەک مۆدێلێکی چارەسەر باسی خودموختارییەکی بەرفراوانی بۆ کوردان دەکرد، بەبێ ئەوەی سنوورەکان بە بنەما وەربگیرێن. واتە باسی خۆبەڕێوەبەرێتیی دیموکراتیانەی دەکرد. لە قۆناغی دانوستاندن و ڕێککەوتن سەبارەت بە کوردستانی عێراق (باشووری کوردستان)ی ڕۆژی ئەمڕۆشمان کە ئەوکات لە چوارچێوەی میساقی میللیدا بوو، هەنگاو بۆ مەترسیدارترین قۆناغی پیلانگێڕی دژی کوردان نرا. چونکە دوالیزمی ‹یان کۆمار یان موسڵ-کەرکوک› کە ئینگلیزەکان بەسەر مستەفا کەمالدا دەیانسەپاند، ئەو هەنگاوە سیاسییە بوو کە بناغەی پیلانگێڕییەکەی پێکدەهێنا. وەک ئاکامی دەستبەردانی موسڵ-کەرکوک بۆ ئینگلیزەکان، بەشی کۆماری تورکیاش نکوڵی و قڕکردنی کوردستان بوو. ئەو دوالیزمەش بە خێرایی کۆماری کرد بە بەرگی دیکتاتۆرییەتی تاک پارتیدا.

لەمیانەی ئەو پیلانگێڕییەی لە ١٥ی شوباتی ١٩٢٥ دژ بە ڕێبەرایەتیی شێخ سەعید کرا، فەرمانی قڕکردنی کورد درا. ئەو بابەتەی لە بەشە پەیوەندیدارەکانی پێشووتردا بە درێژی باسمان کردووە، دەتوانین سەبارەت بە تاوتوێکردنی تێزە سەرەکییەکانی، ئەم خاڵانە بڵێین:

أ) چۆن تورکەکان (تورکە لاوەکان) کە لە سەردەمی دەسەڵاتی دووەمین مەشرووتیەت (مەلەکیەتی دەستووری)ی دەسەڵاتی ئیتیحاد و تەرەقیدا لە لایەن سەرمایە و کادیرە یەهودییەکانەوە پشتگیرییان لێ دەکرا، واتە پەرەسەندنی بۆرژوازیی تورکی لاو، لەگەڵ دامەزراندنی کۆماردا خێراتر بوو. تەنها بە دوورخستنەوەی کۆمۆنیست، ئوممەتگەرا و کوردەوە نەوەستان کە لە شەڕی ڕزگاریی نیشتیمانیدا هاوپەیمانیان بوون، بەڵکو پەراوێزیان کردن و بوون بە ئەوانی تر. تەنها سەرمایەدار و کادیرە یەهودییە زایۆنییەکانیان وەک هاوپەیمانی خۆیان هەڵبژارد کە لە لایەن ئینگلتەراوە پشتگیرییان لێ دەکرا. بەمجۆرەش قۆرغکاریی ئابووریی و دەسەڵات تەنها لە نێوان ئەو دوو هێزەدا دابەش کرا. چونکە ئەو سیستەمە لە لایەن یەهودییەکانەوە واتای پرۆتۆ-ئیسرائیلی دەبەخشی. پشتگیریی ئینگلیزەکان بۆ ڕژێمیش لەو چوارچێوەیەدا بوو. دوای ئەوەی مستەفا کەمالیش لە هاوپەیمانە ڕاستەقینەکانی دابڕێنرا و لەمیانەی تیرۆر و پیلانگێڕیی هەمەجۆرەوە بێکاریگەر کرا، خەسڵەتی خوداوەندێتیی پێ بەخشرا و وەک سیمبۆلێک لە پەرستگا نوێیەکەی چانقایەدا مەحکوم کرا. فیرقەی تەرەقی پەروەری کۆمار (پارتی پێشکەوتنخوازی کۆماری١٩٢٥) و فیرقەی سەربەست (پارتی لیبڕالی کۆماری١٩٣٠) کە لە لایەن کادیرە دامەزرێنەرەکانی دیکەی کۆمارەوە پێکهێنرابوون، پاکتاو کران و ڕژێمی تاك پارتیی پرۆتۆ-فاشیزمی تورکی سپی مسۆگەر کرا. بەم جۆرەش دەرفەتی بونیادنانی کۆمار لەسەر بنەمای دیموکراتی لە ناو برا.

**ب)** کوردان کە ئەو ڕژێمەیان بە خیانەتکردن لە ڕۆڵەکەیان لە سەردەمی عوسمانییەکان و شەڕی ڕزگاریی نیشتیمانیدا دادەنا کە ڕێگەی لە پێش کۆمار کردەوە، بەمجۆرەش خۆیان ڕووبەڕووی پیلانگێڕیی ١٥ی شوباتی ١٩٢٥ بینییەوە. کاتێک کوردان لە مێژوودا ئاشنای تورکان بوون، بە هۆی بەرژەوەندیی ستراتیژیی هاوبەشەوە مەیلیان بە لای ستاتۆیەکی نزیک بە هاوپەیمانێتی بووە. هاوپەیمانێکی نزیک بوو. بە هۆی داگیرکاریی و ناچاریی و زۆرەملێکردنەوە ئەو ژیانەیان هەڵنەبژارد، بەڵکو بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان بینی. واقیعی شەڕەکانی مەلازگرد (ساڵی١٠٧١)، چاڵدێران (ساڵی١٥١٤) و ڕێدانیە (ساڵی١٥١٧) و شەڕی ڕزگاریی نیشتیمانی (١٩١٩-١٩٢٢) کە لەسەر بنەمای هەمان بیانووی ستراتیژی و بە شێوەیەکی هاوبەش ئەنجام دراون، ئەو حەقیقەتە دەسەلمێنێت. واتە پەیوەندیی نێوان کورد و تورک پشت بە ڕەزامەندیی هەردوو لا دەبەستێت و بنەمایەکی ستراتیژی، ئایینی، سیاسی، ئابووری و کولتووریی بەهێزی هەیە.

بەڵام کاتێک لەناکاو کوردان کەوتنە ناو گەمارۆی یەکلایەنەی نکۆڵی و قڕکردنی پیلانگێڕیی پرۆتۆ-فاشیستی تورکی سپییەوە، ناچار بوون بەرگری لە بوونی خۆیان بکەن. هەربۆیە تەنانەت

ناوبردنـی ئـەو قۆناغـە بـە یاخیبوونیـش گونجـاو نییـە. واتـە لـە بەرامبـەر ئـەو هێرشـانەی لەمیانـەی پیلانگێڕیـی یەکلایەنـەوە بـە ڕێـوە دەبـران و ئامانجیـان دوورخسـتنەوەی کـورد بـوو لـە ناسـنامەی ئەتنیکـی و نەتەوەیـی، واتـە ئامانجـی لەناوبردنـی کـوردە. تـا ئێسـتاش کـوردان لـە بەرامبـەر ئـەو هێرشـانە لـە سـەرکوتکردن ڕزگاریـان نەبـووە. ئـەو شـاڵاوەی نکۆڵـی و قڕکـردن کـە تـا سـاڵی ١٩٣٨ بـە شـێوەی جەسـتەیی بـە ڕێـوە چـوو، دواتـر لەمیانـەی شـێواز و ڕێبازەکانـی ئاسیمیلاسـیۆنەوە درێـژەی هەبـوو. بەمجـۆرەش کـورد لـە سـەرجەم بـوارە سـەربازی، سیاسـی، ئابـووری، کۆمەڵایەتـی و کولتوورییەکانـدا سـڕانەوە و وەک کـورد بوونیـان نەمـا. بگـرە نـاوە کوردییەکانیـش قەدەغـە کـران. ئیـتر لـە بازاڕیـش نەیاندەتوانـی زمانـی خۆیـان بـەکار بهێنـن. دەوڵەت-نەتەوەیـەک لەسـەر بنەمـای هاووڵاتییەکـی یەکشـێوە و هۆمۆژێـن بونیـاد دەنـرا. ئـەو دەوڵەتـەی مۆدێلـی پرووسـیای بـە بنەمـا دەگـرت، ئاشـکرایە کـە شـێوەی سـەرەتایی دەوڵەتـی فاشیسـتی ئەڵمانـی پێکدەهێنـا کـە لـە ڕێگـەی هیتلـەرەوە پێـی گەیشـت؛ ئـەوەش بـە جۆرێـک ڕیشـەکانی خـۆی داکوتـا کـە هیـچ ناوەنـد، نوخبەیەکـی سیاسـی و هـزری ڕاسـتڕەو، چەپـڕەو، ئیسـلامگەرا و لیـبراڵ نەمـا بـەو مۆدیلـە کاریگـەر نەبێـت. بـە کورتـی، دەکـرێ ئـەو سـەردەمە بـە قۆناغـی کۆمـاری یەکەمیـش نـاو ببەیـن. بونیادنـەر و دامەزرێنەرەکەشـی پارتـی گەلـی کۆمـاری (CHP)ی پرۆتۆ-فاشیسـتی ١٩٣٠یەکانـە. ئەگـەر لەمیانـەی پەیـڕەوی جیاوازیشـەوە جێبەجـێ کرابێـت، ئـەو سیسـتەمە تـا سـاڵانی ١٩٨٠کان توانـای بەردەوامبوونـی هەبـوو.

**ج)** بـە هـۆی زیادبوونـی بەرهەڵسـتکاریی گـەلان لـە نـاوەوە، لـە دەرەوەش گۆڕانکاریـی هەلومەرجەکانـی خۆرهەڵاتـی ناویـن (شۆڕشـی ئیسـلامیی ئێـران، داگیرکردنـی ئەفغانسـتان لـە لایـەن یەکێتیـی سـۆڤێتەوە) کودەتـای سـەربازیی ١٢ی ئەیلوولـی ١٩٨٠، لەجیاتیـی کۆمـاری یەکـەم «میللیگەرایـی عەلمانیـی تورکـی سـپی»، لەسـەر بنەمـای پشتبەسـتن بـە نەتەوەپەرسـتی تورکـی سـەوز-ئیسـلامی تورکـی، هەنـگاوی بـۆ دامەزراندنـی دووەمیـن کۆمـار نـا. لـە بنەڕەتـدا ئامانجـی ئـەو هەنـگاوە لەناوبردنـی بەرهەڵسـتکارە سۆسیالیسـت و دیموکراسـیخوازەکانی تـورک و بەرهەڵسـتکارە نیشـتیمانیەکانی کـورد بـوو. ئوممەتگـەراکان، بـە مانایەکـی تـر، ئەڤانگلیسـتە ئیسـلامگەراکان (ئیسـلامییە تەبشـیرییەکان/تەریقەتە نوێخوازەکـەی مووسەوی-ئیسـلامی)ی وەک زەمینەیەکـی ئایدیۆلۆژیـی خـۆی هەڵبـژارد. لـە ڕاسـتیدا لـە نورچییەکانـەوە تـا دەگاتـە تەریقەتەکانـی نەقشـبەندی و قـادری، بـە خێرایـی نـوێ بوونـەوە و بـوون بـە ڕەوتـی ئیسـلامی-یەهودیی ڤێرژنـی ئەڤانگلیسـتە کریسـتیان-یەهودییەکانی تورکیـا. ئـەو ڕەوت و قوتابخانەیـە کۆڵەکـە و زەمینـە ئایدیۆلۆژییـە بنەڕەتیەکـەی فاشـیزمی ١٢ی ئەیلوولـە.

بەمجـۆرە ڤێرژنـی هەژموونگەرایـی ڕێگان-تاچەر-کـۆل لـە تورکیـا پێکهـات. دوای تەسـفییەکردنی هێـزە سۆسیالیسـت و دیموکراسـیخوازەکان لـە لایـەن ئـەو سیسـتەمە نوێیـەوە، ئیـتر بە هەمـوو توانای خۆیـەوە هێرشـی کـردە سـەر کـوردان کـە بـە پێشـەنگایەتیی PKK لـە بەرخودانـدا بـوون. وەک بڵێـی دیسـان بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان قۆناغـی نێـوان سـاڵانی ١٩٢٥-١٩٣٨ی کۆمـار دووبـارە دەبێتـەوە.

واتــە قۆناغــی نێــوان ســاڵانی ١٩٨٤–١٩٩٨ی کۆمــاری دووەم دووبارەبوونــەوەی قۆناغــی نێــوان ساڵانی ١٩٢٥–١٩٣٨ی کۆماری یەکـەم بـوو. لەگـەڵ لەناوبردنـی ئەوانـەی دەرکیـان بـە بنبەسـتبوونی سیسـتەم کردبـوو و لایەنگـری ڕێگەچارەی سیاسـییانە بـوون، ڕژێـم بـە تـەواوی خـۆی بـە دامـەزراوە کـرد. دووەمیـن کۆماریـش بـە فاشـیزم ئەنجامگیـر بـوو. بـەڵام هەوێنـە ئایدیۆلۆژییەکـەی ئـەو جـارە لـە سـپییەوە ببـوو بـە سـەوز و هەڵگـری مانـای کۆمارێکـی محافەزەکارتـر بـوو. هەمـان سیاسـەتی نکۆڵـی و قڕکردنـی جـاران بەشـی کـورد بـوو. ئـەو هێـزە هەژموونگـەرا جیهانییـەی لـە قۆناغـی ١٩٢٥–١٩٤٥دا لـە پشـت سیاسـەتی نکۆڵـی و قڕکردنـەوە بـوو، ئینگلتـەرا بـوو کـە لـە بنەڕەتـدا هێـزی هەژموونگەرایـی سیسـتەمی جیهانییـش بـوو. هەرچـی هێـزە هەژموونگـەرا جیهانییەکـەی پشـت کۆمـاری دووەمـە، هێـزی هەژموونگەرایـی سیسـتەمی جیهانیـی ئەمریـکا بـوو. «سـتاتۆی بەکێشـە» کـە هێـزە هەژموونگـەراکان لـە سـاڵانی ١٩٢٠ـــەکانەوە بـۆ کوردیـان ڕەوا بینیـوە، تـا سـەرەتاکانی ٢٠٠٠ـــەکان بەبـێ هیـچ گۆڕانکارییـەک بـەردەوام بـوو.

**د)** کۆمـاری دووەم کـە بـە کودەتاکـەی سـاڵی ١٩٨٠ دەسـتی پێکـرد، لەمیانـەی ئـەو قەیـران و تەنگـژە سـەختەی لـە سـەرەتاکانی ٢٠٠٠ـــەکاندا ڕووی دا، لـە کۆمـاری یەکـەم دابـڕا. لـە ئاکامـی قەیرانەکـەدا بونیـادە ئایدیۆلـۆژی، سیاسـی، ئابـووری و کۆمەڵایەتییەکانـی پاشـماوەی کۆمـاری یەکـەم گـورزی قورسـیان بەرکـەوت و لاواز بـوون. هەرچـی قۆرغکارییـە ئابـووری و ئایدیۆلۆژییە ئەڤانگلیسـتە یەهودی–ئیسـلامییەکان بـوو کـە بـەر لـە سـاڵی ١٩٨٠ زەمینەکـەی دانرابـوو، لەمیانـەی پشـتگیریی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریکاشـەوە لـە کەسایەتیی پارتـی داد و گەشـەپێدان ئاکەپـەدا دەسـتیان خسـتە نـاو دەسـەڵاتی دەوڵەتیشـەوە. لـە بەرامبـەر زهنیـەت و دامـەزراوە لاوازبووەکانـی کۆمـاری یەکەمـدا، بـە خێرایـی هەنگاویـان بـۆ ئاواکردنـی ژێرخـان و دامـەزراوە ئایدیۆلۆژییەکانـی کۆمـاری دووەم نـا. واتـە ڕێککەوتنـی نیو–جۆنـلار (محافـەزەکارە لیبراڵـە نوێـکان)ی ئەمریـکا و قۆرغکاریـی سـەرمایەی تـەوەرەی قۆنیا–قەیسـەری ئەنـادۆڵ لـە پشـت ئـەو دیـاردەوەن کـە بـە دەسـەڵاتی ئاکەپـە نـاو دەبرێـت. بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان، سـەرلەنوێ دەرگای دەوڵـەت بـۆ چەمکـی ئیسـلامگەرایی کرایـەوە کـە لـە سـاڵی ١٩٢٣وە لە دەسـەڵات دوور خرابوویـەوە. بـەڵام داخراوبوونـی دەرگای دەوڵەت بـە ڕووی سۆسیالیسـتەکان، دیموکراسـیخوازە ڕادیکاڵـەکان، ئازادیخـوازەکان و ناسـنامەی جڤاتی کورددا بـە شـێوەیەکی دژوار بـەردەوام بـوو.

بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان، لـە ماوەیەکـی زۆر کورتـدا ئاکەپـە ئـەو ڕۆڵـە لـە کۆمـاری دووەمـدا دەبینێـت کـە جەهەپـە لـە کۆمـاری یەکەمـدا بینیبـووی. بێگومـان دەکـرێ لـە نێـوان قۆرغکارییەکانـی دەسـەڵات و سـەرمایەدا باسـی خزانـی هەژموونگەرایـی بکرێـت. هەڵبەتـە دیـواری چیـن لـە نێـوان هـەردوو هێـزی هەژموونگـەرادا لـە ئـارادا نییـە. بەڵکـو بـە شـێوەیەکی هاوبـەش، چەندیـن دامـەزراوەی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـی کۆمـار بـەکار دێنـن. بـەڵام دیسـانیش جیاوازیـی گرنـگ لـە نێوانیانـدا هەیـە، لـەو سۆنگەیەشـەوە، ناکۆکـی لـە نێوانیانـدا هەیـە. لـە ڕوخسـاردا ململانێـکان زیاتـر لـە تـەوەرەی عەلمانی–شـەریعەت، بـە تایبەتـی لـە گفتوگۆکانـی بابەتـی حیجابـدا چـڕ دەبنـەوە کـە

بـووە بـە سـیمبۆلێک. بـەڵام لـە جەوهـەردا ناکۆکیـی و ململانێـی ئایدیۆلـۆژی، سیاسـی، ئابـووری و کولتووریـی زۆر جدیـی لـە نێـوان هـەردوو چینـی هەژموونگـەرا لـە ئارادایـە. ئەگـەر ناکۆکییـەکان بـە پاشـخانە دیرۆکییەکەیـەوە ببەسـتینەوە؛ ئـەوا دەبینیـن کـە ناکۆکیـی نێـوان هـەردوو مۆرکـی عوسـمانی-کۆمار بـە شـێوەی ناکۆکیـی نێـوان عوسـمانییە نوێیەکان-کۆماریخـوازە عەلمانییـەکان بەردەوامـە. هەڵسـەنگاندنی ئاکەپـە وەک دامەزراوەبوونـی ئایدیۆلۆژیـی، سیاسـی، ئابووریـی و کولتووریـی ڕژێمـی ١٢ی ئەیلـوول واقیعیـترە. جەهەپـە ی کۆمـاری یەکـەم چـی بێـت، ئاکەپـەی کۆمـاری دووەمـی ١٢ی ئەیلوولیـش هەمـان شـتە. ئاکەپـە دەیـەوێ دەسـەڵاتە هەژموونگەراییەکـەی بـە دەسـتوورەکەی خـۆی (کـە لـە ڕاسـتیدا ڤێرژنـە لیبراڵەکـەی دەسـتووری ١٢ی ئەیلوولـە) تاجـدار بـکات. ئەمـە ئامانجـی سـەرەکیی هەڵبژاردنەکانـی سـاڵی ٢٠١١یـە.

**هــ)** سیاسـەتی هەژموونگەرایـی ئاکەپـە سـەبارەت بـە کـوردان لـە سیاسـەتەکانی هەژموونگەرایـی سـەردەمی جەهەپـە جیاوازتـر نییـە. ئەگـەر هـەردوو پارتیـش وەک جـاران نەتوانـن درێـژە بـە سیاسـەتی نکۆڵـی و قڕکردنـی کـوردان بـدەن، سـەرچاوەکەی بـۆ ئـەو تێکۆشـانە دەگەڕێتـەوە کـە PKK پەیـڕەوی دەکات و سـەرکوت ناکرێـت. ئەگـەر مەسـەلەکە بـۆ ویژدانـی خـۆی بمێنێتـەوە، ئـەوا سیاسـەتی نکۆڵـی و قڕکردنـی کـوردان لـە لایـەن ئاکەپـەوە هیچـی لـە جەهەپـە کەمـتر نییـە، بگـرە لـە هەندێـک لایەنـەوە بـە تایبەتیـش وابەسـتەبوونی کوێرانـە بـە ئایدیۆلۆژیـای ئایینگەراییـەوە زۆر لـە جەهەپـە خراپـترە (وەک چـۆن لـە نموونـەی حزبـول کۆنـترادا بینـرا). هێـزە هاندەرەکـەی پشـت تەسـفیەکاریی نێـوان سـاڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٤ نـاو پەکەکـە لـە بنەڕەتـدا ئاکەپـە بوو. دیسـان ئـەو هێزەی کـە هەوڵەکانـی ڕێگەچـارەی سیاسـیی نـاو دەوڵەتیشـی بنبەسـت کـردووە، لـە بنەڕەتـدا دیسـان ئاکەپەیـە. هەروەهـا مەیلـی چارەسـەری دەوڵـەت لەپێنـاو هەڵکشـانی هەژموونگەرایـی خۆیـدا بەکار دێنێـت، لـە لایـەک ناوەڕۆکـی ئـەو مەیلـە کاڵ دەکاتـەوە و بـە ئامانجـی ڕیـکلام و پڕوپاگەندەکـردن بـەکاری دینێـت، لـە لایەکـی تریـش بـێ نـاوەڕۆک و مایەپووچـی دەکات. لـەو لایەنـەوە زۆر لـە مەهەپـە و جەهەپـە -کـە هەڵوێسـتیان ئاشـکراترە- مەترسـیدارترە. دۆزەکانـی ئەرگەنەکۆنیـش بـۆ هەمـان ئامانـج بـەکار دێنێـت. سـەبارەت بـە تەسـفیەکردنی کـورد، لەگـەڵ کودەتاچییە ڕاسـتەقینەکان ڕێکدەکەوێـت و لەمیانـەی خۆنواندنـی دادگاییکردنـی مەقاشـەکانیانەوە هەوڵـی بەدەسـتهێنانی مەشرووعیـەت دەدات. هەرچـی بەرەنگاربوونـەوەی وەسـایەتی سـوپا و پەیڕەوکردنـی هەڵوێسـتی دیموکراتییانەیـە، هەرگیـز لـە ئـارادا نیـن. تەنانـەت بـۆ یەکەمیـن جـار لـە سـەردەمی ئاکەپـەدا بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان و نەخشـەبۆکێشراو بـۆ سـەرکوتکردنی پرسـی کـورد ڕێککەوتـن لەگـەڵ سـوپادا کـرا. هەرچـی ‹مافـە تاکەکەسـی و کولتوورییەکان›ـە کـە یەکێکـە لـە دەسـتەواژە سـەرەکییەکانی ئـەو سیاسـەتە، لـە ناوەڕۆکـدا بـۆ پەردەپۆشـکردنی پیـلان و تاوانەکانـی لەناوبردنـی ناسـنامەی کـوردی ئـازاد و جڤاتەکەیەتـی. ڕێگەچـارەی ‹مافـە تاکەکەسـی و کولتوورییـەکان› کـە دوای مایەپووچکردنـی تەسـفییەگەرێتیی نێـوان سـاڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٤ خرایـە ڕوو، لـە سـاڵی ٢٠٠٥دا بەیەکـەوە لەگـەڵ فەرماندارێتیـی سـوپا و بـە پشـتگیریی ئەمریـکا، یەکێتیـی ئەوروپـا و دەسـەڵاتی کـورد و عـەرەب

لـە عێـراق (هەروەهـا ڕێککەوتنێکـی دیکـەی پشـتگیری لەگـەڵ سـوریا و ئێرانیـش کـرا و دواتـر کەوتـە گـەڕ) بەرامبـەر ڕێگەچـارەی KCK کەوتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە. بەگوتـەی سـەرۆکوەزیر ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان، سـەردەمی ‹نەفیـری گشـتی سـەربازیی، سیاسـی، ئابووریـی، کولتووریـی، دیبلۆماسـی و دەروونـی نەهێشـتنی تیـرۆر› دەسـتی پێکـرد.

ئـەوەی لـە ئارادایـە شـەڕێکە کـە هیـچ حکومەتێـک لـەو ئاسـتەدا بوێریـی بەرپاکردنـی پیشـان نـەداوە. حکومەتـی ئاکەپـە گلادیـۆی خۆشـی ئـاوا کـردووە و (پێنجەمیـن قۆناغـی شـەڕی گلادیـۆ) جێبەجـێ دەکات. واتـە ئاکەپـە دەسـتبەرداری شـەڕ نەبـووە: بەڵکو چوارچێـوە و ڕەهەندەکانی شـەڕی بەرفـراوان و قووڵـتر کردووەتـەوە و بـەم جـۆرە درێـژەی پێـدەدات. هەروەهـا ئاکەپـە لـە سـەرجەم پارتـە دەوڵەتیەکانـی پێـش خـۆی زیاتـر پارتـی دەوڵەتـە، لـە هەمـوو حکومەتەکانـی پێشـووتریش زیاتـر حکومەتـی ‹شـەڕی تایبەتـە›. بـەدوای پێکهێنانـی ڕێکخسـتنێکی ئیسـلامیی کۆنتراوەیـە کـە زۆر لـە ڕێکخـراوی حزبـوڵای مرۆڤکـوژی پاشـکۆی ژیتـەم بەرفراوانـترە. هەروەهـا ئەندامانـی چەندیـن گـرووپ و کۆمەڵـەی سـەر بـە تەریقەتـەکان لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە، ئیـمام و خەتیبەکانـی کادیـری کاروبـاری ئایینیـی سـەر بـە حکومەتـی بـە شـێوەی ڕێکخسـتنێکی چەترئاسـا کردووەتـە یـەک و هاوشـێوەی ڕێکخـراوی حەمـاس بـۆ ئامانجـی جۆراوجـۆر بەکاریـان دێنێـت. بـە هەمـان شـێوە کۆنترۆڵکـردن و سەرپەرشـتی کردنـی ئابووریـش بـۆ خزمەتـی شـەڕی تایبـەت بـەکار دێنێـت. کولتـووری ژیانـی ئایینیـش بـۆ هەمـان ئامانـج بـەکار دێنێـت. کاراکردنـی بـواری دیبلۆماسـیش بـە هەمـان ئاڕاسـتەدایە. بـە کورتـی، لەناوبردنـی بزووتنـەوەی ئازادیخوازیـی کـورد تـەوەرەی کارەکانـی حکومەتەکەیەتـی.

حکومەتەکـەی ئاکەپـە هەنـگاو بـە هەنـگاو تەنهـا دەستبەسـەر دەسـەڵاتی دەوڵەتـدا ناگرێـت، بەڵکـو لـە هەمـان کاتـدا دەیـکات بـە هەژموونگـەرا. هـەر وەک لـە سـەردەمی دامەزراندنـی کۆماردا، لـە سـەردەمی ڕووخانیشـدا لەمیانـەی هەژموونگەراییکردنـی دەسـەڵاتەوە هەوڵـی بەردەوامبـوون دەدات. وەک چـۆن بزاوتـی لەناوبردنـی کـورد لـە سـەردەمی دامەزراندنـدا بـەرەو هەژموونگەرایـی فاشـیزمی تورکـی سـپیی بـردن، لـە سـەردەمی هەڵوەشـانەوەی فاشیزمیشـدا دیسـان بزووتنـەوەی ناسـنامەی کوردیـی ئـازاد کراوەتـە ئامانـج و هەمـان هەژموونگەرایـی بونیـاد دەنرێتـەوە. لەناوبردنـی کـورد لـە سـەرووی ئـەو هـۆکار و فاکتەرانـەوە دێـت کـە کۆمـار لـە سـەرجەم خەسـڵەت و ناوەڕۆکـە دیموکراسـیخواز و ڕۆشـنگەریخوازەکەی دوور دەخاتـەوە. وەک چـۆن لەناوبردنـی کـورد هـۆکاری بنەڕەتیـی سـەرجەم پێشـهاتە خراپەکانـی کۆمـارە، پێچەوانـەی ئەمـەش ڕاسـتە. واتـە پەرەسـەندنی کۆمـار لەسـەر بنەمایەکـی ئەرێنـی، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە دیموکراتیزەبـوون، گرێـدراوی بەدەسـتهێنانی ئـازادی کوردانـە. ئیـتر مێـژووی نـەوەد سـاڵەی کۆمـار وەک ڕۆژی ڕوون ئـەو ڕاستییەی ئاشـکرا کـردووە.

**و)** لـە قۆناغـی داهاتـوودا کۆمـاری تورکیـا بـە تـەواوی ڕووبـەڕووی دووڕێیانێـک دەبێتـەوە. ئـەو کۆمارەی لـە سـەردەمی دامەزراندنـدا لـە لایـەن ئینگلیزەکانـەوە ئاڕاسـتەی شـەڕی دژ بـە کـورد کـرا،

دیسـان لـە لایـەن هەمـان ئینگلتـەرا و هاوپەیمانـە پلـە یەکەکەیـەوە کـە ئەمریکایـە، لـە ئاکامـی ئـەو شـەڕەی لەسـەر بنەمـای دژەکـورد تێیـەوە گلاوە، خـۆی لـە نـاو بنبەسـتبوونێکی جدیـی و خنکێنـەردا بینییـەوە. لـە ڕاسـتیدا ئـەو سـی سـاڵەی دوایـی کۆمـاری دووەم لەمیانـەی پەلەقـاژەی نـاو ئـەو بنبەسبوونە بەسـەر چـوو. واتـە ئـەوەی ڕووی دا، تەنهـا ‹شـەڕێکی تونـدی ئاسـتنزم› نەبـوو، بەڵکـو جیابوونـەوە و خراپبوونـی بەهاکانـی کۆمەڵگـە بـوو کـە هەتـا نـاو خانەکانـی شـۆڕ بوویـەوە. پەرتەوازەبـوون و داڕزانێکـی کۆمەڵایەتیـی ئەوتـۆ ڕووی دا کـە زۆر لـە دەسـتەواژەکانی هەرەسـهێنان و هەڵوەشـانەوە قورسـتر بـوو. ئـەو ئیرادەیـەی بـە شـێوەی ڕێکخسـتنی گلادیـۆ بەرجەسـتە بـووە، لەوانەیـە ببێـت بـە هـەر چەشـنە ڕژێمێکـی نهێنـی و شـاراوە، بـەڵام هەرگیـز نابێـت بـە ڕژێمـی کۆمـاری. سـووربوون و داکۆکیکـردن لەسـەر شـەڕ دەشـێت دواهەڵمەتـی گلادیـۆ بێـت؛ بـۆ بەلاوەنـان و مایەپووچکردنیشـی، بەدەرنانـی لـە ژووره تاریکـەکان و ئاشـکراکردنی بەسـە. دووەمیـن ڕێگـە کـە لـە دووڕێیانەکـەی پێـش کۆمـاردا دەردەکەوێـت، گرتنەبـەری ئـەو ڕێگەیەیـە کـە سـەرلەنوێ یەکێتیـی دیموکراتییانـەی سـەردەمی شـەڕی ڕزگاریـی نیشـتیمانی بکاتـە زەمینـەی کۆمـار. لـە ڕاسـتیدا ڕێککەوتـن و هاوپەیمانێتیـی شـەڕی نیشـتیمانیی دیموکراتییانـەی نێـوان سـاڵانی ١٩١٩-١٩٢٢ بـوو کـە کۆمـاری کـرد بـە کۆمـار. ڕەتکردنـەوەی ئـەو هاوپەیمانێتییـەی دژ بـە دژهەژموونگەرایـی، مانـای لەدەسـتدانی دەرفەتـی کۆمـاری دیموکراتییانـە بـوو؛ لەجیاتیـی ئەویـش بـووە هۆکاریـی دامەزراندنـی دەسـەڵاتە پیلانگێـڕ، پرۆتۆ-فاشیسـت، کودەتاچـی گلادیۆگەرایـی و چەتـەکان. بـەڵام ئـەو ڕێگەیـەی چەندیـن جـار تاقـی کراوەتـەوە و شکسـتی هێنـاوە، ئاشـکرایە کـە ناکـرێ و ناشـێت ببـێ بـە ڕێگـەی ڕاسـتەقینەی کۆمـار. هەرچـی ڕێگـەی کۆمـاری دیموکراتییانەیـە کـە هـەر لـە سـەرەتاوە دەبوایـە هەنـگاوی بـۆ بنرێـت، لـە قۆناغـی داهاتـوودا تاکـە ڕێگـەی ئاشـتیی کۆمەڵایەتـی و چارەسـەرکردنی کێشـەکانە. لـەو ڕێگەیـەی کـە دوایـن دەرفەتـی ئاکەپـە و حکومەتەکەیەتـی، KCKش کۆسـپێک نییـە، بەڵکـو دەرفەتێکـی چارەسـەرە.

### ٢- یەهودییەت، پەیوەندییەکانی تورک-ئیسرائیل و پرسی کورد:

تـا بـە شـێوەیەکی ڕاسـت لـە ڕاستینەی یەهودی-ئیسرائیـل تـێ نەگەیـن، ئـەوا تێگەیشـتن لـە پرسـی کـورد و چارەسـەرکردنی ئەسـتەمە. هـەر لەبـەر ئـەو هـۆکارەش بـوو بـە پێویسـتمان زانـی مەسـەلەی عیبرانییـەکان لـە بەشـێکی تایبەتـی ئـەم بەرگرینامەیـەدا تاوتـوێ بکەیـن. تەنانـەت کارڵ مارکسـیش کاتێـک هەوڵـی شـیکردنەوە و تاوتـوێ کردنـی پرسـەکانی سـەبارەت بـە سۆسـیالیزم دەدات، ناچـار بـووە نامیلکەیـەک لەژێـر نـاوی ‹مەسـەلەی یەهودییـەت›دا بنووسـێت. لـە سـەردەمی شارسـتانییەتی سـۆمەر و میسرەوە مەسـەلەی یەهـودی وەک پرسـێک هەبـووە و تـا ڕۆژی ئەمرۆمـان هاتـووە. لـە تـەورات بـە شـێوەیەکی وردەکارانـە بـاس لـەوە دەکرێـت کـە حەزرەتـی ئیبراهیـم بـە هـۆی ململانێکانـی لەگـەڵ نەمروودەکانـی بابـل، حەزرەتـی مووسـاش بـە هـۆی کێشـە و ململانێکانـی

لەگـەڵ فیرعەونەکانـی میـسر کۆچیـان کـردووە و لەگـەڵ هـۆزی عیبرانـی بـەرەو وڵاتـی کەنعـان- فەلەسـتین سـەری خۆیـان هەڵگرتـووە. دامەزرانـدن و بەردەوامیـدان بـە قـەوارەی پاشـایەتیی یەهودی-ئیسرائیـل کـە لـە لایـەن داود پێغەمبـەرەوە دەسـتی پێکـرد و نزیکـەی هـەزار ساڵی خایانـد، کرۆکـی پرسـەکەی پێکهێنـاوە. پرسـەکانی نیشـتەجێبوون و ئایـن کـە پێشـتر لەگـەڵ هۆزەکانـی وڵاتـی کەنعـان دەسـتیان پێکـرد (ئـەو قۆناغـەی نێـوان ساڵانی ١٦٠٠-١٣٠٠ پ.ز کـە بـە حەزرەتـی ئیبراهیـم دەسـتی پێکـرد، قۆناغـی نێـوان ساڵانی ١٣٠٠-١٠٠٠ پ.ز کـە بـە حەزرەتـی مووسـا دەسـتی پێکـرد)، لـە ڕێگـەی داود پێغەمبـەرەوە (مـاوەی نێـوان سـاڵانی١٠٢٠-٩٨٠ پ.ز) لەمیانـەی پاشـایەتییەکی بچووکـەوە هەوڵـی چارەسـەرکردنی دراوە. سـەردەمی پێغەمبـەر سـولەیمان ‹چەرخـی زێڕیـن›ی ئـەو پاشـایەتییە بچووکەیـە کـە لـە پەرتووکـە پیرۆزەکانیشـدا بـە شـێوەیەکی جـوان و هەمەڕەنـگ باسـی سەرگوزەشـتەکەی دەکرێـت. بـەڵام دواتـر پاشـایەتییەکە پەرتـەوازە دەبێـت. وێـڕای ئـەوەی شـێخی هـۆزەکان (کـە بـە سـەرکردە دەناسرێـن) و داناکانیـان کـە بـە پێغەمبـەر دەناسرێـن زۆر سـەرقاڵی بـوون، بـەڵام جارێکـی دیکـە ناتوانـن پاشـایەتییەکە کـۆ بکەنـەوە. لـە ڕاسـتیدا خـودی تـەورات بریتییـە لـە کـۆی ئـەو بەسـەرهاتانەی کـە لـە چـواردەوری ئـەو پاشـایەتییە بچووکـە ڕوویـان داوە.

لـەو ناوچەیـەی سـەرەتا کەوتـە ژێـر کۆنترۆڵـی ئیمپراتۆریەتـی ئاشـوور(٧٢٠ پ.ز) و دواتریـش ئیمپراتۆریەتـی ماد-پـارس (٥٤٦ پ.ز)، پرسـی یەهـودی قورسـتر دەبێـت. هـەر بۆیـە بەرخـودان و یاخیبوونـەکان پـەرە دەسـێنن. یەکـەم جـار لـە سـەردەمی نەبوخزنـەسری پاشـای بابـل (٥٩٦ پ.ز) بـە کۆمـەڵ بـۆ بابـل نەفـی دەکرێـن. ئـەو سـەردەمە دەسـت پێـدەکات کـە بـە سـەردەمی نەفییـە چـل ساڵییەکە دەناسرێـت. کۆرشـی پاشـای پـارس ڕزگاریـان دەکات و سـەرلەنوێ بـۆ وڵاتـی یەهودا-ئیسرائیـل ڕەوانەیـان دەکاتـەوە. لـەو ماوەیـەدا زۆر بـە بیروبـاوەڕی زەردەشـتی کاریگـەر دەبـن. دووبـارە پەرسـتگا ڕووخێنراوەکـەی سـولەیمان بونیـاد دەنێنـەوە. بـۆ یەکەمیـن جـار لەژێـر نـاوی پەرتووکـی پیـرۆز (تـەورات)دا سەرگوزەشـتەکانی هـۆزی عیبرانـی دەنووسـنەوە. پێغەمبـەر ئەشـعیا گرنگتریـن ڕۆڵ لـەو کارەدا دەبینێـت. ئیلهـام لـە میتۆلۆژیـای سـۆمەر و میـسر و بیروبـاوەڕی زەردەشـتی وەردەگـرن و سەرگوزەشـتەکانی هۆزەکـەی خۆیـان لەژێـر نـاوی تـەورات (پەرتووکـی پیـرۆز)دا دەنووسـنەوە و بـەم جـۆرە پێشکەشـی دەکـەن. هەروەهـا ڕۆڵێکـی گرنـگ لـە کاروبارەکانـی کۆشـکی ئیمپراتۆریەتـی پارسـدا دەبینـن. شـیمانە دەکرێـت لـەو سـەردەمەدا ناکۆکـی و پەیوەندییـان لەگـەڵ کـوردە بەراییـەکان هەبووبێـت. چونکـە شـوێنپەنجەکەی ئـەو پەیوەندییـە لـە پەرتووکـی پیـرۆزدا دەبینرێـت. زیاتریـش لەگـەڵ پاشـاکانی پارسـدا هاوپەیـمان بـوون. وەک چـۆن لـە دەرچوونـی حەزرەتـی ئیبراهیـم لـە ئورفـا شـوێنپەنجەیان دەبینرێـت، شـاهێدی پەیوەندییەکانیشـیانین لەگـەڵ کولتـووری هـۆزی هۆریـی (کـوردە بەراییـەکان)دا. تەنانـەت گفتوگۆیـەک لـەو بـارەوە هەیـە کـە هـۆزی عیبرانیـش نیمچـە هۆریـی بێـت. ئەگەرێکـی بەهێـزە نوێنەرایەتیـی کولتوورێـک بکـەن کـە ڕۆڵـی پـردی بـە یـەک بەسـتنەوەی کولتـووری سـامی و ئاریانـی دەبینـێ.

لـە سـەردەمی پاشـا و ئیمپراتۆرەکانـی ڕۆمانـی و هێلینـی (مـاوەی نێـوان ساڵانی٣٠٠ پ.ز – ٧٠

زایینـی)دا یەهودییـەکان بـەردەوام لـە دۆخـی بەرخودانـدا بـوون. لـە سـاڵی ٧٠ی زایینـی جارێکـی دیکـە ڕۆمـا پەرسـتگای سـولەیمان دەڕووخێنێتـەوە، ئـەم جارەیـان دووچـاری نەفیکردنێـک دەبـن کـە زۆر درێژخایـەن دەبێـت. ئاڕاسـتەی نەفیکردنەکەیـان بـەرەو سـەرجەم ناوچەکانـی شارسـتانییەت بووە، نەفیکـردن و کۆچکردنێـک بـوو بـۆ نـاوەوەی ئاسـیا، ئەفریقـا و ئەوروپـا. ئەوانیـش لـە هـەر شـوێنێک بـۆی ڕۆیشـتبن، سـەرقاڵی کاروبـاری پـارە، بازرگانـی و ڕۆشـنبیری بـوون. بەمجـۆرە توێژگەلێـک لـە نـاو یەهودییەکانـەدا سـەرهەڵدەدەن کـە بـە باشـترین شـێوە سـەرمایە کەڵەکـە دەکـەن. هەروەهـا ئیـتر باشـترین نووسـەریش لـە نـاو یەهودییەکانـدا هەڵدەکـەون. نووسـەران بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان شـوێنکەوتەی نەریتـی پێغەمبەرەکانـن و درێـژەی پێـدەدەن. دوای ئـەوەی مەزهەبەکـەی حەزرەتـی عیسـا -کـە لـە لایـەن هـەژاران و قەومـە چەوسـاوەکانەوە لایەنگریـی لـێ کـرا- بـوو بـە ئایینـی کریسـتیانی، ناکۆکـی لـە نێـوان ڕاهیبەکانـی چینـی دەسـەڵاتداری یەهـودی و کریستیانەکان دەسـت پێـدەکات. لـە ڕاسـتیدا پەیوەنـدی و ناکۆکییەکانـی نێـوان مووسـەویەتی کـۆن و کریسـتیانی و ئـەو ململانـێ و پێکدادانـەی سـەرچاوەکەی پێکدێنـن، لـە بنەڕەتـدا گرنگتریـن ململانێـی چینایەتیـی چەرخـی کۆنـی کلاسـیکە (لـە نێـوان سـاڵانی ٣٠-٣٠٠ زایینیـدا).

لەگـەڵ دەرکەوتنـی ئیسـلام لـە چەرخـی ناوینـدا یەهودییـەت بـە دۆخـی کێشـەیەکی ئاڵۆزتـر گەیشـت. بـە تایبەتیـش یەهودییەکانـی نیمچەدوورگـەی عـەرەب کـە دووبـارە ڕێگـەی کۆچیـان بـۆ بەدەرکـەوت. ئەوانـەی نیـازی کۆچکردنیـان نەبـوو، بـە ئامانجـی پاراسـتنی ژیانـی خۆیـان ناچـار بـوون دەمامکـی ئیسـلامی بپۆشـن. بـەم جـۆرەش، لـە لایـەک گفتوگـۆ و ناکۆکیەکانـی نـاو ئیسـلامیان قـووڵ کـردەوە، لـە لایەکـی تریـش هەوڵـی پاراسـتنی خۆیـان دەدا. لەگـەڵ گواسـتنەوەی ناوەنـدی ئیسـلام بـۆ بەغـداد، تەریقەتـی قەرایـم (کرمشـاکی)یان پێکهێنـا (٨٥٠ زایینـی) کـە تێکەڵەیەکـی یەهـودی-کریستیانی-ئیسـلامە و لـە تەریقەتـی تەبشـیریی (ئەڤانگالیسـتیی) ڕۆژی ئەمڕۆمـان دەچێـت. بـەم جـۆرە، کەوتنـە نـاو شـێوازی ژیانێکـەوە کـە زیاتـر سـازش لەگـەڵ کریسـتیانی و موسـڵمانێتی دەکات، هەروەهـا دزەشـیان کـردە نـاو تورکـە ڕەوەنـدەکان و لـە باکـووری قەزویـن دەوڵەتـی تورکـی خەزەرییـان دامەزرانـد. سـەلجووق بەگیـش یەکێـک بـوو لـە نـاو ئـەو نوخبـە تورکـە یەهودییـەدا کـە بـۆ یەکەمیـن جـار لـە نـاو ئەتنیکـی تورکـدا بـوو بـە دەوڵـەت و ڕێگـەی لـە پێـش بەرەبـاب و سـولالەکانی سـەلجووقی و عوسـمانی کـردەوە. خـۆی سەرلەشـکر بـوو. لەمیانـەی ئـەو کولتـوورەی لـە دەوڵەتـی تورکـی یەهـودی وەری گرتبـوو، سـەردەمی دەوڵەتەکانـی سـولالەی سـەلجووقی دەسـت پێکـرد. ئـەوەی لێـرەدا گرنگـە، چاندنـی نفـوز و کاریگەرییەکـی بەهێـزی یەهودییـە لـە نـاو هێـز و نوخبـەی دەسـەڵاتی تورکیـدا. هەروەهـا ڕۆڵـی دامەزرێنەریـان لـەو دەوڵەتـە ئیسلامیانەشـدا بینـی کـە لـە خۆرئـاوا، لـە نیمچەدوورگەکانـی مەغریـب و ئیبریـک پێکهێـنران. لـە بـواری ئابـووری، دارایـی و ڕۆشـنبیرییەوە ڕۆڵیـان لـە پەرەسـەندنیاندا بینـی.

بـە هـۆی زیادبوونـی ناکۆکییەکانیـان لەگـەڵ ئایینـی کریسـتیانی، لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی دوازدەیەمـدا بـە بڕیـاڕی کۆنسلۆسـی لاتـران یەهودییـەکان لـە گیتـۆکان کـۆ کرانـەوە و بەنـد کـران.

دواتر لە دوو ڕێگەوە بەرامبەر بە کریستیانی کەوتنە چالاکی؛ ئاواکردنی باڵی ماسۆنیی عەلمانی و بزووتنەوەی ڕیفۆرمی قەومی لە ئایینی کریستیانیدا. ئەو دوو بزووتنەوەیە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر دەرچوون لە چەرخی ناوین هەبوو. کاتێک هەرە دوایی لە ساڵی ١٤٩٢دا بەیەکەوە لەگەڵ موسڵمانەکان لە نیمچەدوورگەی ئیبریک بەدەر نران، دیسان تووشی شەپۆلێکی دیکەی کۆچ هاتن. ئەو جارەیان کۆچەکەیان شانبەشانی خۆرهەڵاتی دەریای سپی و ئەنادۆڵ، بەرەو کەنارەکانی ئەوروپای خۆرئاوا بوو، لە سەرووی هەمووشیانەوە بۆ هۆڵەندا. هەرچی لە ئەوروپای خۆرهەڵاتە، زیاتر دووچاری فشاری کریستیانەکان هاتن. ئەو کۆمەڵکوژییانە دەستیان پێکرد کە بە پۆگرۆمی یەهودییەکان (قەسابخانە ڕێکخراوەکان) ناو دەبرێت. ئەو وەڵامەی چینی سەرووی یەهودییەکان، توێژەکانی سەرمایە و ڕۆشنبیر-نووسەران بەرامبەر ئەو دۆخە خستیانە ڕوو، بینینی ڕۆڵی پێشەنگایەتی بوو لە پەرەپێدانی سەرمایەداریی وەک سیستەمێک، هەروەها لەمیانەی ڕۆڵەکەیان لە بەرخودانی قەومی هۆڵەندا ئیمپراتۆریەتی کاسۆلیکی (مەزهەبی گەردوونی) تەوەرەی ئیسپانیایان دووچاری شکستێکی ستراتیژی کردەوە. لە قۆناغی ئەو بەرخودانەدا میرنشینی هۆڵەندا وەک یەکەمین دەوڵەت-نەتەوەی مێژوو هاتە ئاراوە. لە دەرەنجامی شەڕە مەزهەبییە خوێناوییەکانی نێوان ساڵانی ١٥٥٠-١٦٥٠ هەم دونیای کاسۆلیکی پارچەپارچە بوو، هەم سەرمایەداریش وەک سیستەم هەڵکشانی بە خۆیەوە بینی. سەرمایەی یەهودی و ڕۆشنبیر-نووسەرەکانی ڕۆڵێکی گرنگیان لەوەدا بینی. دواتریش لەگەڵ ئاواکردنی دەوڵەت-نەتەوەی سەنتەری بریتانیا-لەندەن ڕۆڵیان لە پەرەسەندنی قۆناغی بەئیمپراتۆریەتبوونی ئینگلتەرادا بینی. بەم جۆرەش، لە ڕێگەی پەرەپێدانی مۆدێلەکانی عەلمانی و پرۆتستانی تۆڵەی خۆیان لە دونیای کاسۆلیک و ئۆرتۆدۆکس کردەوە کە ستەمیان لێ کردبوون. بە مانایەکی تر، لەسەر بنەمای مۆدێرنیتە ناکۆکی و ململانێی قەومی و چینایەتییان چڕ کردەوە و لاپەڕەی چەرخی ناوینی کاسۆلیک و ئۆرتۆدۆکسیان داخست. بێگومان ناشێت چەرخی نوێ تەنها بکرێت بە موڵکی یەهودییەکان. بەڵام ئەگەر ڕۆڵی یەهودییەکان نەبێت، یاخود ئەو ڕۆڵە نەبینرێت، ئەوا ناشێت بە شێوەیەکی شایستە دەستپێکردن و پەرەسەندنی چەرخی نوێ تاوتوێ بکرێت. هەروەها دیسان ڕۆڵی سەرکردە بە بنەچە یەهودییەکان و ئایدیۆلۆژیای عەلمانی لە کوشتنی پاشا کاسۆلیکەکەی فەڕەنسا و ئیمپراتۆریەتە ئۆرتۆدۆکسەکەی ڕووسیا و کۆتاییهێنان بە سولالەکانیان لە شۆڕشی فەڕەنسا و ڕووسیا زۆر ئاشکرایە. ئەو ڕۆڵە حاشاهەڵنەگرە و تا ڕۆڵی یەهودییەت لە سەرجەم هەڵمەتە هاوشێوەکانی شۆڕش و سەرمایەی ئەوروپا نەخرێتە ڕوو ناشێت ڕوونکردنەوەیەکی ڕاست و تەواویان بۆ بکرێت.

بوونی یەهودییەکان لە ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا کە پەیوەندیی بە بابەتەکەمانەوە هەیە و ئەو کێشانەی ڕێگەی لە پێش کردووەتەوە، بەشێکی گرنگی هەمان پرۆسەی مێژووییە. چونکە بە درێژایی مێژوو، یەهودییەکان لەو دوو ناوچەیە دانەبڕاون. لە ڕاستیدا بنەچەکەیان گرێدراوی کولتووری میزۆپۆتامیایە. بەڵام ئەنادۆڵ یەکەمین ناوچە بووە کە تێیدا چڕ بوونەتەوە. ئەو

نیشـتەجێبوونەش بـۆ سـەردەمی پـارس درێـژ دەبێتـەوە. ئەگـەر بـە هـۆی دەرکردنیـان بێـت لـە نیمچەدوورگـەی ئیبریـک یـان ڕاکردنیـان بێـت لـە دەسـت قەسـابخانە و کۆمەڵکوژییـە ڕێکخراوەکانـی (پۆگـرۆم) ئەوروپـای خۆرهـەڵات، ئـەوا ئەنـادۆڵ بۆیـان بـووە بـە پەناگەیەکی ئـارام و گرنـگ. بێگومان ململانـێ و پێکدادانـی ئیمپڕاتۆریەتـی عوسـمانی لەگـەڵ دونیـای کاسـۆلیکی خۆرئـاوا و ئەرتۆدۆکسـی باکـوور ڕۆڵێکـی زۆر گرنگـی لـەو دۆخـەدا بینیـوە. چونکـە لـە کاتـی دامەزراندنیـەوە تـا ڕووخانـی، ڕۆڵـی یەهودییـەکان لـە ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانیدا زۆر لـە مەزەنـدەکان زیاتـر بـووە. هەربۆیـە ناشـێت بەبـێ بوونـی کـورد و یەهودییـەکان بیـر لـەو ئیمپراتۆریەتـە بکرێتـەوە. بـە تایبەتیـش لـە سـەردەمی سـولەیمان قانوونـی و خـوڕەم سـوڵتان ، ئـەو ڕۆڵـەی هەردووکیشـیان بـە لوتکە گەیشـتووە. هەروەهـا کاریگەریـی بزووتنـەوەی سـابیتای سـیڤیش لەسـەر ئیزمیـر زۆر بەهێـز بـووە کـە سـاڵانی ١٦٥٠ بـە بانگەشـەی پێغەمبەرایەتییـەوە سـەری هەڵـدا. بـەڵام کاتێـک سـوڵتان بەرەنـگاری بوویـەوە و هەوڵـی سـزادانی سـابیتای سـیڤی دا، ئەویـش ئـەو نەریتـەی دەسـت پێکـردووە کـە بـە (دۆنمـە) «هەڵگەڕانـەوە[1]» نـاو دەبرێـت. لـەو قۆناغـە بـەدواوە یەهودییـە هەڵگـەڕاوەکان چوونەتـە ڕیـزی سـەرجەم تەریقەتـە ئیسـلامییەکانەوە، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە بەکتاشـی و نەقشـبەندی؛ تەریقەتـی نوێیـان ئـاوا کـرد و ڕیفۆرمیـان لـە زۆربەیانـدا کـرد، بـەم جـۆرەش، نفوزێکـی ئایدیۆلۆژیـی مەزنیـان بـە دەسـت هێنـا. هەروەهـا تـا ڕادەیەکـی زۆر دارایـی ئیمپراتۆریەتیشـیان خسـتە ژێـر کۆنترۆڵـی خۆیانـەوە.

لەمیانـەی یەکەمیـن کۆنگـرەی زایۆنیـی سـاڵی ١٨٩٦ کـە میللیگەرایـی بۆرژوازیـی یەهـودی ڕێکـی خسـت، قۆنـاغ و سـەردەمێکی نـوێ دەسـتی پێکـرد. بـە هـۆی هەڵکشـانی میللیگەرایـی لـە خۆرئـاوای ئەوروپـا و بەردەوامیـی پۆگرۆمـەکان لـە ئەوروپـای خۆرهـەڵات، یەهودییـەکان وەک ناچارییـەک بـۆ دۆزینـەوەی نیشـتیمانێک کەوتنـە خـۆ. کاتێـک پیلانـی نیشـتیمانێکی یەهـودی لـە ئەفریقـا سـەری نەگـرت کـە سـەرەتا بیـری لـێ کرابوویـەوە، ئـەو جـارە سـەرنجەکان کەوتنـە سـەر جوگرافیـای ژێـر دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی. کاتێـک پیلانـی نیشـتەجێبوون و بەنیشـتیمانکردنی ئیزمیـر، سـیلانیک، ئەدرنـە و بەشـێکی میزۆپۆتامیـا سـەری نەگـرت، لـە کۆتاییـدا دیسـان بڕیـار لەسـەر فەلەسـتین درا (کـە پێشـتر پێـی دەوتـرا وڵاتـی کەنعـان). بـەڵام بەربەسـتی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم (١٨٧٦ – ١٩٠٩) لـە ئـارادا بـوو کـە بـۆ هاوکاریکردنـی ئـەو پڕۆژەیـە ئامـادە نەبـوو. ئەویـش لەبـەر هەمـان هـۆکار، وەک پاشـای فەڕەنسـا و ئیمپراتۆریەتـی ڕووسـیا بـە پێگەیـەک گەیشـتبوو کـە ئیـتر خـۆی و سـولالەکەی لـە دەسـەڵات دوور بخرێنـەوە. چڕبوونـەوەی کار و خەباتـی سـەرمایەی

١- بزاوتی هەڵگەڕانەوە (دۆنمە–Sabatarianism): مەزهەبی یەهودییە هەڵگەڕاوەکانە. ناوەکەی بۆ دامەزرێنەرەکەی دەگەڕێتەوە، سەبتای تسفی (١٦٢٦–١٦٧٥)، کە لە ساڵی ١٦٤٨ خۆی بە مەسیح ڕاگەیاند. دادگایی کرا، لە کاتی دادگاییکردندا ئیسلامبوونی خۆی ڕاگەیاند، بۆیە سوڵتان محەمەدی چوارەم لێی دەبورێت. بەم جۆرە، سەبتای ناوی خۆی کرد بە محەمەد عەزیز ئەفەندی. بۆیە بە هەڵگەڕاوە ناو بران چونکە لە ڕوخساردا خۆیان وەک موسڵمان پیشان دەدەن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا یەهودین. ئەم ڕەوتە ڕۆڵێکی کاریگەری لە ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و ئاواکردنی کۆماردا بینی، لە ناو کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیدا کاریگەر بوون.

یەهـودی لەسـەر ماسـۆنییەت و سابیتایسـتەکانیش لەسـەر جەمعیەتـی ئیتیحـاد و تەرەقـی، لەمیانـەی مەشرووتییەتـی دووەمــەوە (مەلەکیەتــی دەســتووری) یەکــەم بەرهەمەکانــی خــۆی چنیــەوە. بەمجـۆرە ڕژێمـی دەسـتووری مەشرووتیـەت کەوتـە کار. سـەرەتا دەسـەڵاتەکانی سـوڵتان کـەم کرانـەوە، دواتریـش لـە ڕێگـەی پیلانـی ٣١ی ئـاداری ١٩٠٩وە سـوڵتان عەبدولحەمیـد لـە دەسـەڵات دوور خرایـەوە.

لـەو قۆناغـە خێرایـەدا میللیگەرایـی یەهـودی بـە شـێوەی دوو بـاڵ دەجووڵایـەوە. یەکەمیـان ئـەو باڵـەی لەگـەڵ بۆرژوازیـی بیرۆکراتـی ئەڵـمان و تـورک بـوو. دووەمیـان، ئـەو باڵـە بـوو کـە بـە شـێوەیەکی هاوبـەش لەگـەڵ بـۆرژوازی لیبڕالـی ئینگلیـزدا دەجولایـەوە. باڵـی یەکـەم لـە چوارچێـوەی یەکێتـی سنوورەکانی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانیدا لـە نیشـتیمانێک دەگەڕا. ئەزمیر-مانیسا، سیلانیک-ئەدرنـە و کوردسـتانی عێـراق (باشـووری کوردسـتان)ی ئەمـڕۆ، لـە سـەرووی ئـەو شـوێنانەوە دەهاتـن کـە بیریـان لـێ دەکـردەوە. ئەوانـەش هەبـوون کـە بەبـێ ئـەوەی تـەواوی ئیمپڕاتۆریـەت بـۆ ناوچـە خۆجێییـەکان جیـا بکەنـەوە، وەک وڵاتـی خۆیـان پەسـندیان دەکـرد. بـە تایبەتیـش ‹هەڵگـەڕاوەکان›، واتــە سابیتایســتەکان، زیاتــر لــەو گرووپانــە بــوون کــە خۆیــان بــە یەهودیــی تــورک دادەنــا. ماسـۆنیبوونی زۆربـەی کادیـرە لـە پێشـەکانی ئیتیحـاد و تەرەقـی (بـە ڕەچەلـەک عـەرەب، کـورد، ئەلبانـی، چەرکەسـی و لـە گەلانـی تـر بـوون) و خۆبەتورکدانانیـان پیشـانی دەدا ئـەو تێڕوانیـن و چەمکـە بەهێـز بـووە. واتـە جۆرێـک لـە جۆرەکانـی هاوپەیمانێتیـی ‹تورکـە تونـدڕەوە ناتورکەکانیـان› پێکهێنابـوو. خاوەنـی ئـەم تێڕوانیـن و چەمکانـەش پێکهێنـەری کادیرانـی دەسـەڵاتی ئیتیحـاد و تەرەقـی و پارتـی گەلـی کۆمـاری (CHP) بـوون. پۆزەتیڤیزمـی وشـکی دورکهایمیـش فەلسـەفەکەیان بـوو. وێـڕای ئـەوەی لـە ڕوخسـاردا تورکپەرسـتن، بـەڵام کاتێـک هەلومـەرج دەڕەخسـێت، هەریەکـە و دەگەڕێتـەوە سـەر بنەچـەی خـۆی؛ دەبـوون بـە ناسـیۆنالیزمی عـەرەب، کـورد، ئەلبانـی، چەرکـەس، ئەرمەنـی، ڕۆم، بولـگار... وەک کۆپییەکـی پلـە سـێیەمی ئـەو ئەزموونـە مامەڵەیـان دەکـرد کـە لـە ئەوروپـا ڕووی دابـوو. بـە تایبەتیـش کاریگەریـی دەوڵەت-نەتـەوەی فەڕەنسـا و ئەڵمانیایـان لەسـەر بـوو.

باڵـی دووەم لـە توێژەکانـی لایەنگرانـی ئینگلیـز پێکدەهـات کـە لاوازتـر بـوون. سـەرەتا بیریـان لـە نیشـتیمانێک دەکـردەوە لـە ئەفریقـا بێـت. بـەڵام ئـەو مەیلـەی بـە تێپەڕبوونـی کات دەرکـەوت، لـە ئاکامـی پارچەپارچەبوونـی ئیمپڕاتۆریەتـی عوسـمانی، فەلەسـتینی جێگـەی پاشـایەتیی یەهـودی-ئیسرائیلـی کۆنیـان وەک گونجاوتریـن شـوێن هەڵبـژارد. ئـەو توێـژە لـەو بڕوایـەدا بـوون کـە ئیتر ئیمپراتۆریـەت تەمەنـی تـەواو بـووە و پێویسـتە هەڵبوەشـێنرێتەوە. ڕێککەوتنـی تیلسـیت[٢] ی سـاڵی

٢- پەیماننامەی تیلسیت: پەیماننامەیەکە ساڵی ١٨٠٧ لە نێوان فەڕەنسا و ڕووسیادا واژۆ کرا. بەگوێرەی ئەو پەیماننامەیە، پێوست بوو ڕووسیا پشتیوانی لە فەڕەنسا بکات و دەروازەی بازرگانیی خۆی لەگەڵ بریتانیا دابخات، وەک بەشێک لە هەوڵەکانی ناپلیۆن بۆ جێگیرکردنی ئابلۆقەی کیشوەرەکە و تۆکمەکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی وڵاتانی ژێر کۆنترۆڵی فەڕەنسا لە ئەورووپا. ئامانجی سەرەکی لەمەشدا داخستنی یەکێک لە گرنگترین بازاڕە دەرەکییەکانی بریتانیا و ناچارکردنی بوو بە ملکەچکردن. لە بەرامبەر ئەوەشدا، فەڕەنسا لە نێوان

١٨٠٧ لـه نێـوان فەڕەنسـای ناپلیـۆن و ڕووسـیای قەیسـەریدا کۆڵەکـەی ئـەو بۆچوونـە بـوو. وێـڕای ئـەوەی نوێنەرایەتییـان لـە نـاو جەمعیەتـی ئیتیحـاد و تەرەقیـدا هەبـوو، بـەڵام باڵێکـی بەهێـز و مـەزن بـوون. تەنهـا بـە زەرورەتـی پەرتەوازەبوونـی ئیمپراتۆریـەت نەدەوەسـتان، بەڵکـو لـە نـاو هاوپەیمانێتیەکـەی لایەنگـری ئینگلیزیشـدا بـە هەمـوو هێـز و توانـای خۆیانـەوە لـەو پێنـاوەدا کاریـان دەکـرد. لـە بەرەکانـی چانەقـەڵا و فەلەسـتین بـە یەکینـە تایبەتەکانـی خۆیانـەوە لـە پـاڵ ئینگلیزەکانـدا جەنـگان (لـە کاتـی یەکەمیـن جەنگـی جیهانـی). وەک دەزانرێـت، ڕێککەوتنـی سـایکس-پیکۆ (١٩١٦)، ڕاگەیانـدن یـان بەڵێنـی بلفـۆر (١٩١٧) و پەیماننامـەی ڕژێمـی مانـدا (ئینتیـداب)ی ئینگلیـز لـە فەلەسـتین (١٩٢٠) بـە هاوکاریـی ئـەو توێژانـە ئامادە کـران. ئاواکردنـی ژمارەیەکـی زۆری دەوڵەت-نەتـەوە لـە خۆرهەڵاتـی ناویـن لـە شـوێنی ئیمپڕاتۆریەتـی عوسـمانی، ئەنجامـی ئاسـایی ئـەو پیـلان و ڕێککەوتنانـە بـوو.

هـەردوو باڵیـش خـاوەن خەسـڵەتی هاوبـەش بـوون. هەردووکیشـیان مۆدێرنیسـت بـوون و ڕۆڵـی پێشـەنگایەتیی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەدارییان دەبینـی. زۆربـەی ئەندامانیشـیان ماسـۆنی بـوون. هـەر لـە سـەرەتاوە -واتـە لـە کاتـی دامەزراندنـی دەوڵەت-نەتەوەکانـی هۆڵەنـدا و بریتانیـا لـە سـەدەی شـازدەیەمەوە تـا ڕۆژی ئەمڕۆمـان- لایەنگرانـی ئینگلیـز هەوڵیـان دەدا ئیمپراتۆریـەت و دەوڵەتـە گـەورەکان پارچەپارچـە بکـەن و لەجیاتیـی ئـەوە، دەوڵەت-نەتـەوەی بچـووک دروسـت بکـەن کـە دژی هەژموونگەرایـی ئینگلیـز نەوەسـتێتەوە و بـەردەوام ملکـەچ بـن و ناچـار بـن هاوکاریـی بکـەن. وەک ئاکامێکـی ئـەو زهنیەتـەش، ئیسرائیـل دادەمەزرێـنرا. بـەڵام بـە جیاوازییەکـەوە، بـەو مەرجـەی سـەرەتا لەگـەڵ ئینگلتـەرا و دواتریـش لەگـەڵ ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا ببێـت بـە هێـزی هەژموونگەرایـی سـەرمایەداریی جیهانـی. هەڵبەتـە واقیعـی نێودەوڵەتیـش لەسـەر ئـەو بنەمایـە ئـاوا کـراوە و تـا ئێسـتاش بـەو جـۆرە بەردەوامـە. لـە بنەڕەتـدا هـەر ئـەو توێژانـە بـوون کـە سـەرمایەدارییان وەک سیسـتەمێکی هەژموونگەرایـی جیهانـی بونیـاد نـا. بـە هەڵـە تـێ نەگـەن، ناڵێیـن ئـەو توێژانـە بـە پیلانێکـی نهێنییـەوە دونیـا بـە ڕێـوە دەبـەن. لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو جـۆرە بۆچوونانـە هـەن، بـەڵام بۆچوونێکـی زێـدەڕۆ و ئەوپەڕگـەرن. ڕۆڵـی ئـەو توێژانـە (تەنهـا لـە یەهودییـەکان پێکنایـەن، تاکـی هەمـوو نەتـەوەکان جێگـەی خۆیـان تێـدا دەگـرت؛ یەهودییـەکان زیاتـر لـە پێگـەی پێشـەنگایەتیدا بـوون) جۆرێـک لـە تـاودان و خێراکردنـە؛ ڕۆڵـی پێشـەنگایەتییە لـە بونیادنانـی ئایدیۆلۆژیـا، سیاسـەت، جڤاکـی، هونـەری و ئابووریـی سیسـتەم. لایەنگرانـی ئەڵمانیـا سـەرەتا بەهێـز بـوون و لـە دواقۆناغـی خۆیانـدا جڵـەوی ئیمپڕاتۆریەتـی عوسـمانییان گرتـە دەسـت. جەمعیەتـی ئیتیحـاد و تەرەقـی لـە بنەڕەتـدا ڕێکخسـتنێک بـوو کـە ئەوانـە مۆرکـی خۆیـان لـێ دابـوو. هـەر ئەوانـەش بـوون کـە دەسـەڵاتیان ئاڕاسـتە دەکـرد. مەشرووتیەتـی دووەم، ڕووداوی ٣١ی ئـادار، یەکەمیـن و دووەمیـن شـەڕەکانی بەڵقـان و یەکەمیـن جەنگـی جیهانـی بوویەرگەلێـک بـوون کـە ڕۆڵێکـی گرنگیـان تێـدا بینـی. بـەڵام دۆڕاندنـی ئەڵمانیـا و پەرتەوازەبوونـی ئیمپڕاتۆریەتـی

---

ڕووسیا و عوسمانیدا نێوانگیری بکات.

عوسـمانی، دواتریـش هەڵکشـانی فاشـیزمی هیتلـەر مانـای هەرەسـهێنانی ئـەو باڵـە بـوو. ئەوانـەش کـە مانـەوە، بەشـداریی شـەڕی ڕزگاریـی نیشـتیمانیی ئەنادۆڵیـان کـرد و تـا بڵێـی بەهێـز بـوون؛ بـەڵام کوشـتنی ئەنـوەر، تەلعـەت و جەمـال پاشـا بەبـێ ڕێبـەر هێشـتبوونیەوە. هەروەهـا بـەر لـە ڕووخـان، باڵـی ئینگلیـز لـە ڕێگـەی سـوڵتان وەحدەددینـەوە هەڵمەتێکـی نوێـی کـرد و هێزێکـی گرنگـی لـە نـاو پاشـماوەکانی دەوڵەتـدا جێگیـر کردبـوو. ئەوانیـش بەشـداریی شـەڕی ڕزگاریـی نیشـتیمانییان کـرد و عیسـمەت ئینۆنـۆ و فـەوزی چەخـماخ سـەرکردە سـەرەکییەکانیان بـوون. چونکـە ئینگلتـەرا لایەنـی سـەرکەوتووی شـەڕ بـوو، تـا دەهـات لایەنگرانـی ئینگلیزیـش پێگەیـان بەهێزتـر دەبـوو.

لێـرەدا دیـاردەی مسـتەفا کەمـال دێتـە پێشـمان. مسـتەفا کەمـال نوێنەرایەتیـی ڕادیکاڵیزمـی وردەبۆرژوازیـی نموونەیـی هەلومەرجـی کۆڵۆنیـی هاوشـێوەی ڕووسـیا و چینـی دەکـرد. ئـەو دیـاردە سـەرەکییەی مسـتەفا کەمالـی دەرخسـت، داگیرکاریـی کردەیـی ئەنـادۆڵ و میزۆپۆتامیایـە. داگیرکردنی کرداریـی نەبوایـە، مسـتەفا کەمالیـش نەدەبـوو. لـە شۆڕشـی فەڕەنساشـدا بوویەرێکـی هاوشـێوە ڕووی دابـوو. هاوشـێوەی سـوڵتان وەحدەددینـی ئـەو سـەردەمە، ئەگـەر لویسـی شـازدەیەم بـە ئامانجـی هاوکاریکـردن مۆنارشییەکانی ئەوروپـای بـۆ فەڕەنسـا بانگهێشـت نەکردایـە، ئـەوا ڕۆبسـپێر و هاوڕێکانیشـی بـە سـیفەتی وردەبۆرژوازیـی ڕادیـکاڵ دەرنەدەکەوتـن. ئـەوەی ئەوانـی هێنایـە مەیـدان و بـەرەو ڕاگەیاندنـی کۆمـاری یەکەمـی بـردن، داگیرکارییەکـەی قۆناغـی نێـوان سـاڵانی ١٧٩٠-١٧٩٤ و ڕاسـتینەی بەرخودانـە هەڵکشـاوەکەی بەرامبـەری بـوو. هـەر لـەو چوارچێوەیەشـدا لەگـەڵ کۆتاییهاتنـی هەلومەرجەکانـی داگیرکاریـی، ڕادیکاڵیزمـی وردەبـۆرژوازی لەنـاو بـرا. کۆمـاری تورکیـاش لەمیانـەی هەلومەرجێکـی هاوشێوەشـەوە دامـەزراوە. ئەگـەر ڕادیکاڵیزمـی وردەبۆرژوازیـی مسـتەفا کەمـال نەبوایـە، ئـەوا دامەزراندنـی کۆماریـش زۆر ئەسـتەم بـوو. بـە دڵنیاییـەوە کۆمـار بـۆ بوونـی خـۆی قەرزبـاری ڕادیکاڵیزمـی مسـتەفا کەمالـە. بـەڵام کاتێـک لەمیانـەی ڕێککەوتننامـەی لۆزانـەوە بـە شـێوەیەکی فەرمـی کۆتایـی بـە داگیـرکاری هـات و کۆمـار بـە دەسـتوورە نوێیەکـەی خـۆی گەیشـت (سـاڵی١٩٢٤)،ڕادیکاڵیزمی مسـتەفا کەمالیـش لەگـەڵ هاوپەیمانەکانـی بـە شـێوەیەکی سـەرەکی تەسـفییە کـراون.

تـا ئـەو دیـاردەی تەسـفیەکردنە دەرکـی پـێ نەکرێـت کـە لـە لایـەن مێژووناسـانی تورکـەوە شـاردراوەتەوە، هەڵسـەنگاندنێکی بابەتـی و واقیعیانـەی دیـاردەی کۆمـاری تورکیـا ئەسـتەمە. دانانـی مسـتەفا کەمـال وەک سـەرۆککۆمار مانـای بەردەوامیـی ڕادیکاڵیزمەکـەی نییـە، بەڵکـو بەڵگـەی لەناوبردنیەتـی. بـەڵام کرۆنۆلـۆژی و ڕوونکردنەوەیەکـی مێژوونووسـانی تورکیـا لـە ئارادایـە کـە لـە ئەنالیـزی کۆمەڵناسـیانە دووره و مۆدێلێکـی ئەنالیـزی تێکەڵـەی ئاییـن و پۆزەتیڤیزمـە. چەمکێـک زاڵ کـراوە وەک بڵێـی ڕێککەوتـن، چیـن، نەتـەوە و ئایدیۆلۆژیـای جیـاواز بوونیـان نەبێـت، هەمـوو شـتێک لـە ئاسـمانەوە هاتبێتـە خـوارەوە و شـەڕی ڕزگاریـی نیشـتیمانیش لەمیانـەی ناسنامەیەکی هۆمۆژینـەوە کرابێـت. لـە باسـکردنی ڕاسـتینەی مسـتەفا کەمالـدا ئـەو چەمکـە زەق دەبێتـەوە. بـە مەبەسـت و بـە پێداگریـەوە خۆیـان لـە باسـکردنێکی زانسـتیانە دزیوەتـەوە. وەلـێ ئەگـەر

بچووککردنـەوەی مسـتەفا کەمـاڵ بێـت یاخـود زلکردنـی، هەردووکیشـیان لەجیاتیـی سـوود، زیانـی پێدەگەیەنـن. واتـە مسـتەفا کەماڵـی سـەردەمی هەڵومەرجەکانـی داگیرکاریـی و ئـەو ئەتاتورکـەی هەڵومەرجەکانـی قـەوارە و سـتاتۆ پێکـی هێنـاوە لێـک جیـاوازن. وەک بڵێیـی لـە نـاو جەرگـەی شۆڕشـدا دژەشـۆڕش کرابێـت. ئـەو دژەشۆڕشـە لـە سـاڵانی ١٩٥٠کانـدا نەکـراوە، بەڵکـو لـە سـاڵی ١٩٢٥ کـراوە.

ئەگـەر دووبـارە بگەڕێینـەوە سـەر حەقیقەتـی یەهودییـەکان، پێویسـتە دەرک بـەو ڕۆڵـەی یەهودییـەکان بکرێـت کـە لـە دژەشۆڕشـەکەی سـاڵی ١٩٢٥دا بینییـان. وەک پێویسـتییەکی سروشـتەکەی، مسـتەفا کەمـاڵ نەیدەتوانـی لـە دەرەوەی هەڵومەرجەکانـی داگیرکاریـی، درێـژە بـە ڕادیکاڵیزمـی وردەبـۆرژوازی بـدات. لـە مێـژ بـوو هێـزە چەپڕەوەکانـی لایەنگـری سـۆڤێت تەسـفییە کرابـوون. لەمیانـەی هەڵومەرجەکانـی ئـەو دژەشۆڕشـەی لـە ئاکامی پرۆڤەکاسیۆنەکەی ١٥ی شـوباتی سـاڵی ١٩٢٥ دژ بـە شـێخ سـەعید کـرا، ئـەو جـارە زهنیـەت و کادیرانـی جەمعیەتـی ئیتیحـاد و تەرەقـی لـە ڕێگـەی پارتـی گەلـی کۆمارییـەوە دەوڵەتـە نوێیەکەیـان خسـتە ژێـر کۆنترۆڵـی خۆیانـەوە، هـەر خۆیـان ئایدیۆلۆژیـا و سیاسـەتەکەیان داڕشـتبوو. پایـەی سـەرۆککۆماریی بەخـشراو بـە مسـتەفا کەمالیـش پلەیەکـی سـیمبۆلی و ڕەمـزی بـوو. نیگەرانـی و ناڕەحەتییەکانـی مسـتەفا کەمـاڵ بەرامبـەر بـە ڕووداوەکان ئـەو ڕاسـتییە دەسـەلمێنن. هەروەهـا ئەزموونـی فیرقـەی سەربەسـت (پارتـی لیبراڵـی کۆماریی)یـش بەڵگەیەکـی دیکـەی جدییـە. ئـەو بەرنامەیـەی لـە سـاڵی ١٩٣٥ بـە سـکرتێرێتیی ڕەجـەب پەکـەر بـۆ جەهەپـە ئامـادە کـراوە، بـە هـۆی لێکچوونـی لەگـەڵ فاشـیزمی مۆسـۆلینیدا ڕەخنـەی لـێ دەگرێـت.

لـە جەوهـەردا ئـەوەی ڕووی داوە، بریتییـە لـە: بۆرژوازیـی بیرۆکراسـیی تـورک کـە لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی ئیتیحـاد و تەرەقییـەوە بـە تەسـفییەکردنی کەمایەتییـەکان درەوشـایەوە، سیاسـەتێکی پەیـڕەو کـردووە کـە لـە نـاوەوە کادیـرە یەهودییـەکان و قۆرغکاریەکانـی سـەرمایە، لـە دەرەوەش بـە شـێوەیەکی سـەرەکی هەژموونگەرایـی ئینگلیـزی بـە بنەمـا گرتـووە. ئـەو ڕێککەوتنـەی هاتووەتـە ئـاراوە، ڕێککەوتنـی فاشـیزمی تورکـی سـپی یاخـود پرۆتۆ-فاشـیزمە لەگـەڵ دوو شـەریک. لەمیانـەی دابڕانـی موسـڵ-کەرکووک لـە میسـاقی میللـی، لـە سـێ لایەنـەوە هەنـگاو بـۆ جێبەجێکردنـی پرۆژەی پرۆتۆ-ئیسرائیـل دەنرێـت. هەریـەک لـە کۆمـاری تورکیـا، ڕژێمـی مانـدای بریتانیـا لـە فەلەسـتین و میللیگەرایـی (ناسیۆنالیزم)ی کـوردی کوردسـتانی عێـراق (باشـووری کوردسـتان) بەگوێـرەی خەسـڵەت و هەلومەرجـی بەرجەسـتەی خـۆی ڕۆڵـی هاوشـێوەیان هەیـە. هەریەکەیـان وێسـتگەیەکی ئـەو ڕێگەیـەن کـە بـەرەو ئیسرائیـل دەچێـت. پـڕۆژە پەسـندکراوەکەی کـە بـەرەو ئاواکردنـی ئیسرائیـل دەچـوو، لەسـەر ئـەو بنەمایـە بـوو. داخراوبـوون و تەمومژەکـەی سـەر کۆمـاری تورکیـا و ئـەو دۆخـە هاوشـێوەیەی لـە قـەوارە کوردییەکـەی لـە کوردسـتانی عێـراق (باشـووری کوردسـتان) دەبینرێـت، پەیوەندییـان بـە دەرکەوتنـی ئیسرائیلـەوە هەیـە. ئـەو چینـە کۆمەڵایەتییـەی لەژێـر نـاوی تورکـدا دروسـت کـراوە، هیـچ پەیوەندییەکـی بـە تورکایەتـی ڕاسـتەقینەوە نییـە، بەڵکـو پێکهاتەیەکـی

ئەفسانەییە.

هەمان شت بۆ قەوارە کوردییەکەی کوردستانی عێراق (باشووری کوردستان)یش ڕاستە. چوارەمین کۆپی دروستکراوی بۆرژوازیی تورکە. ئەویش پێکهاتەیەکی کۆمەڵناسی نییە، میتۆلۆژییە. لە ڕاستیدا میتۆلۆژیایەک لە دەوروبەری هەردوو قەوارە دروست کراوە. واتە هەردووکیشیان قەوارە و پێکهاتەیەکی دروستکراون کە هیچ پەیوەندییەکیان بە حەقیقەتە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانەوە نییە. تەنها لە چوارچێوەی پێکهێنان و دامەزراندنی ئیسرائیلدا دەشێت بە تەواوی دەرک بە ڕۆڵەکانیان بکەین. بەرامبەر بە ئەفسانەی مستەفا کەمالی تورک، هەوڵی بەئەفسانەکردنی مستەفا بەرزانی دراوە. بە ئامانجی بچووککردنەوە یان زلکردنی ئەو دوو ناسنامەیە ئاماژە بۆ ئەو خاڵە ناکەم، بەڵکو لەپێناو ڕۆشنکردنەوەی چۆنێتیی ئەو تەمومژەی حەقیقەتی هەردوو کۆمەڵگەی کورد و تورکی خنکاندووە، بە سووربوونەوە ئاماژەی بۆ دەکەم. کاتێک هەردوو گەلی تورک و کورد کەوتنە پرۆسەی دیموکراتیزەبوونەوە، دیسان لە ڕێگەی پیلانگێڕی و کودەتا بێ هاوتاکانەوە پەردەیەکی فاشیستانەی بەسەردا دەدرێت. بەم جۆرەش لە سێدارەدان، تیرۆرکردن، براکوژی و شەڕی ناوخۆ کۆتاییان نایەت. ئیتر پێکدادادانە ڕاستڕەو، چەپڕەو، مەزهەبی و ئەتنیکییە دروستکراوەکان ڕوو دەدەن. ئەوەی لێرە لە ئارادایە ئەو تێکۆشانە کۆمەڵایەتی و جووڵانەوانەی گەلە کە لاڕێ، بێ ناوەڕۆک و چەواشەکراون. بەڵام هەموویان ڕێگە لە پێش کێشەگەلێکی کۆمەڵایەتیی زۆر قورستر دەکەنەوە. ئەوە واقیعی ئەو ئەنجامانەیە کە بە باشترین شێوە لۆژیکی پیلانگێڕی، کودەتا و گێرەشێوێنی ڕوون دەکاتەوە.

لەگەڵ ڕاگەیاندنی دامەزراندنی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨دا، هەمان پرۆژەی سێیانە لەسەر بنەمای چوارچێوەیەکی بەرفراوانتر درێژەی پێ دەدرێت. ئەوانەی دژی دەوەستنەوە یان دەیانەوێ پەیوەستی ناسنامە و ئامانجی خۆیان بمێننەوە، بەبێ جیاوازی کردن و ڕەچاوکردنی چەپڕەو-ڕاستڕەو، پێشکەوتنخواز-کۆنەپەرست و تورک-کورد لەمیانەی قورسترین سزاوە لە ناو دەبرێن. ئەو واقیعە بێبەزەییە لە پشت ئەو کودەتایانەوەیە کە لە ساڵانی ١٩٦٠، ١٩٧١، ١٩٨٠، ١٩٩٣، ١٩٩٧ جێبەجێ کران و لە ساڵی ٢٠٠٢ بە دواوە جێبەجێ کراون. دیسان بە شێوەیەکی زەقتر هەمان زهنیەت لەو لەناوبردن، ڕاگواستن، دەستگیرکردن، ئەشکەنجە و ئاسیمیلاسیۆنەدا ڕۆڵ دەبینێت کە لە ساڵی ١٩٢٥ بەدواوە بەرامبەر کوردان، چەپڕەوەکان، ئیسلامگەراکان، بگرە دژی میللیگەرا تورکەکانی لایەنگرانی ئەڵمانیاش کراون. ئەو زهنیەتە لەمیانەی ڕێکخراوەکانی گلادیۆوە بەهێزتر بووە و وەک بلدۆزەرێك سەرجەم توێژە ڕەنجدەرەکانی کۆمەڵگە، دیموکراسیخواز و سۆسیالیستە کورد و تورکەکانی شێلاوە. بێگومان کاتێک ئەو شیکارییانە لە چوارچێوەی مۆدێرنبوونی چینی دەسەڵاتداری یەهودی-تورک-کورد دەخەینە ڕوو، ئامانجمان دژەزایۆنیزم، دژەتورکێتی یاخود دژەکوردێتی نییە. بە پێچەوانەوە، بەرامبەر ڕێککەوتنەکانی چینی دەسەڵاتداران، تێکۆشان و بەرخودانی مەزن و هاوبەشی سۆسیالیست و دیموکراسیخوازەکانی یەهودی-تورک-کورد لە چوارچێوەی چینەکانی خوارەوەدا لە ئارادایە. لە سەردەمی دووەمین مەشرووتییەتەوە تا ڕۆژی

ئەمڕۆمـان بـەردەوام تێکۆشـانی هاوبەشـی ڕەنجـدەران و گەلـە چەوسـاوەکان -لـە ناویشـیاندا گەلـی یەهـودی- لـە ئـارادا بـووە. هەربۆیـە وەک ئـەوەی تـەواوی ئەوروپـا و ڕووسـیاش ناشـێت بەبـێ یەهودییـەکان بیـر لـە سۆسـیالیزم و دیموکراسـی بکرێتـەوە.

چەنـدە سـەیرە لـە ڕۆژی ئەمڕۆمانـدا فشـارێکی مێژوویـی هەیـە بـۆ پاڵنانـی پەیوەنـدی نێـوان کورد-ئیسرائیـل بـەرەو هاوپەیمانییەکـی مێژوویـی. واتـە لەجیاتیـی هاوپەیمانێتـی ئیسرائیـل-تـورک هاوپەیمانێتـی ئیسرائیل-کـورد کەوتووەتـە ئەجەنـدا و ڕۆژەڤـی مێـژووەوە، یـان وەک هاوشـێوەیەکی ئـەو. ئـەو خـزان و گۆڕانکارییـەی هەژموونگەرایـی کـە لـە سـاڵی ١٩٨٠کان بـەدواوە و بـە تایبەتیـش دوای ٢٠٠٠ـەکان لـە کۆمـاری تورکیـا ڕووی دا، ڕۆڵێکـی گـەورەی لەمـەدا بینیـوە. ڕێککەوتـی حکومەتەکانی ئاکەپە لەگـەڵ دەوڵەتەکانـی ئێـران و سـوریا بـە ئامانجـی گۆشـەگیرکردن و لەناوبردنـی PKK -کـە سـەرەتا بـە پشـتگیری ئیسرائیـل، ئەمریـکا و یەکێتیـی ئەوروپـا دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت- ئەنجامـی پێچەوانـەی لـێ کەوتۆتـەوە؛ تووڕەیـی ئیسرائیـل، ئەمریـکا و یەکێتیـی ئەوروپـا و تۆمەتبارکردنـی لـە جـۆری سـەنگەر گۆڕیـن و تـەوەری لـێ کەوتووەتـەوە. لـەو قۆناغـەی پێـی گەیشـتووین، لـە بەرامبـەر ئـەو هاوپەیمانێتییـەی نێـوان حکومەتـی تورکیـا، ئێـران و سـوریا لـە چوارچێـوەی دژایەتـی کـوردان هاتووەتـە ئـاراوە، ئیـتر خەریکـە جەمسـەری ئەمریـکا، یەکێتیـی ئەوروپـا، ئیسرائیـل و کـورد پێکدێـت یـان بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان پێکهاتـووە. هـەردوو جەمسـەری هاوپەیمانێتیـش کـە دەیانـەوێ لـە ڕەگـەوە گۆڕانـکاری لـە خۆرهەڵاتـی ناوینـدا بکـەن، ئامانجیـان PKK - KCKیـە.

لێـرەدا ئایدیۆلۆژیـا و سیاسـەتی PKK و هێڵـە پڕاکتیکییـە کۆنکرێتییەکـەی KCK لـە چوارچێـوەی مۆدێرنیتـەی دیموکراتیـدا پەیوەندییـان لەگـەڵ حەقیقـەت دەکەوێتـە ڕوو. ئـەوەی لـە ڕووداوە گـەورە کۆمەڵایەتـی و مێژووییەکانـدا ئەنجـام دەستنیشـان دەکات، ڕێککەوتـن و درۆ گەورەکانـی دیماگۆژییـەت نییـە، بەڵکـو خـودی حەقیقەتـە. جارێکـی دیکـەش ڕووی عادیـل و بـە ئـازاری حەقیقـەت ئاشـکرا دەبـێ. وەک بڵێـی مێـژوو تۆڵـە لـەو ئەفسـانە و دیماگۆژییانـە دەکاتـەوە کـە بـە ناویـەوە ڕێکخـراون. واقیـع و ڕاسـتی بە شـێوەیەکی ڕوونـتر دەردەکەوێـت، واتە بە شـێوەی حەقیقەت دێتـە ئـاراوە. بەمجـۆرە لـە کاتێکـدا مێـژوو لـە ‹ئێسـتا›دا چـڕ دەبێتـەوە، لـە هەمـوو کاتێـک زیاتـر ‹ئێسـتا›ش دەبێـت بـە مێـژوو. بـەو ڕادەیـەی لـە بنەڕەتـدا تێکۆشـان و ململانـێ لـە هێڵـی هەولێـر-ئامـەد (ئەربیل-دیاربەکـر) دەبێـت بـە مەرحەلـی و هەنووکەیـی، دەبێـت بـە مێژووییـش. چونکـە دڵـی ناوچەکـە و بگـرە دونیـاش لـە چوارچێـوەی ‹سـێیەمین جەنگەکانـی جیهانـی›دا بـە ئاوازێکـی خێـرا لـەو هێڵـە لـێ دەدات. بـە مانایەکـی تـر، دڵـی شـۆڕش و دژەشـۆڕش کـە سـەردەمێک لـە هێڵـی ئەمستردام-لەندەن-پاریس-پترسبۆرگ-مۆسـکۆ لێـی دەدا، ئێسـتا لـە هێڵـی ئامـەد- هەولێر-بەغـداد لـێ دەدات.

بـە ڕادەی گرێکوێـرەی ئیسرائیل-فەلەسـتین، گرێـی ئەفغانسـتان و پاکسـتان، گرێـدراو بەمانەشـەوە کولتـووری ئیسـلامیی تـەواوی جوگرافیـای ئەفریقـای ئیسـلامی کـە تـا ئاسـیا، لـە ڕووسیاشـەوە بـۆ چین

و هیندستان درێژ دەبێتەوە، بەدوای ناوەندی ڕێگەچارەی دیموکراتییانەی خۆیدا دەگەڕێت. لەو وێستگە و قۆناغەی پێی گەیشتووین، چارەسەرئامێزترین تەوەر، هێڵی ڕێگەچارەی دیموکراتییانەی شۆڕشگێڕیی خۆرهەڵاتی ناوینی چوارچێوەی ئەڵقەی عێراق، ئێران، سوریا و تورکیایە، لەو سۆنگەیەوە، هێڵی ئامەد-هەولێرە کە دڵی باکوور و باشووری میزۆپۆتامیا تێیدا لێ دەدات و مێژووی مرۆڤایەتیش شتگەلێکی زۆر قەرزباریەتی. لەو هێڵەدا قەبیلەی عیبرانی تووشی یەکەمین کێشەکانی خۆی هات. دوای بەسەرهاتێکی سەیری سێهەزار و پێنجسەد ساڵە، دیسان لە سەرچاوەکەیدا بەدوای ڕزگاربوون لەو کێشانەدا دەگەڕێت کە بەردەوام تێیدا دەژی. وەک پێشینان گوتوویانە، گیا لەسەر بنجی خۆی شین دەبێتەوە. وەک دیارە، کێشەی یەهودیش لەسەر ئەو ڕەگانە چارەسەر و ئەنجامگیر دەبێت کە لێی لە دایک بووە. دەرفەتی جێبەجێکردن و سەرکەوتنی ئەو تۆڕەی دژەشۆڕش لە ئارادا نییە کە نوخبەکانی تورکیا بە پەلەپڕوزێ هەوڵ دەدەن لە نێوان هەردوو جەمسەرە دژبەیەکەکەی ئەمریکا-یەکێتیی ئەورووپا-ئیسرائیل و ئێران-سوریا-عێراق پەرەی پێ بدەن. چونکە ئەو پرسە کۆمەڵایەتییانەی دووسەد ساڵە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەجیاتیی چارەسەر قووڵی کردوونەتەوە، بەو قۆناغە گەیشتوون کە لە لایەن مۆدێرنیتەی دیموکراتییەوە چارەسەر بکرێن. ئاواکردنی نەتەوەی دیموکرات لە لایەن KCKوە مەشخەڵێکی ڕۆشنکەرەوە و دەنگێکە بانگەوازی بۆ ئەو ڕێگەیە دەکات.

### ٣- پرسی دەسەڵات و دەوڵەت لە پەیوەندیی تورک-کورددا:

لەوانەیە شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان کورد-تورک سەختترین بابەتی کۆمەڵناسی بێت. ئەو زەحمەتییەی لە شیکارکردنی کێشەی کورددا هەیە، بە ئەندازەی بێ ئاگابوون و نەزانینی ماهیەتی ئەو پەیوەندییە و نەبوونی ویستێک بۆ زانینی، لەو هەوڵانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەمیانەی گوتە بەگایەتییە بێ بنەماکانەوە بە شێوەیەکی هەڵە و ئارەزوومەندانەی دوور لە هەر بنەمایەکی زانستی پێناسەی دەکەن و دەیانەوێ بیبڕن و فڕێی بدەن. لەبەر ئەو هۆکارەش، لەو بەرگرینامەیەمدا تەواوی هێزی کۆمەڵناسی بەکار دێنم و بایەخێکی زۆر بە دەستنیشانکردنێکی ڕاستی ئەم پەیوەندییانە و هەنگاونان بەرەو چارەسەر دەدەم. دوای پیلانگێڕیی کۆمەڵکوژییەکەی ١٥ی شوباتی ساڵی ١٩٢٥، لە شەو و ڕۆژێکدا ئەو پەیوەندییە بە نەبوو دانرا، کە هاوشانی ماهییەتە ستراتیژییەکەی پاڵپشت بە ئەندامبوون لە هەمان ئوممەتدا، لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی نۆسەد ساڵە بوو. بگرە شتگەلێک کە بە فەرمانی ‹کون فەیەکون!›ی خوداوەندیش ڕوو نادات، چاوەڕوان بوون بۆیان بەدی دێت، واتە لەو بڕوایەدا بوون کاتێک دەرهەق بە کورد بڵێن: ‹لەناو بچۆ› ئیتر لە ناو دەچێت. ئەو ماتریالیزمە میتافیزیکە وشک و ڕەهایەی لە پۆزەتیڤیزمەوە سەرچاوە دەگرێت کە کۆڵەکەی ئایدیۆلۆژیی فاشیزمی ئەورووپایە، لەو بڕوایەدان کاتێک فەرمانی ‹قڕکردن و نکوڵی›

لـە بارەیانـەوە بدرێـت، ئـەوا لـە ماوەیەکـی کورتـدا کـورد لەنـاو دەچـن. ئـەوەی هەیـە، ئەوەیـە پاشـماوەی کادیرانـی هەمـان قـەوارەی ئیتیحـاد و تەرەقییـە کـە لـەو بڕوایـەدان ئـەو هەڵوێسـت و شـێوازانەی بـە شـێوەیەکی سـەرکەوتوو لـە قڕکردنـی ئەرمەنییەکانـدا پەیڕەویـان کـرد، لـە کاتـی جێبەجـێ کردنـی بەرامبـەر بـە کوردیـش هەمـان ئەنجامـی لـێ دەکەوێتـەوە. وەک چـۆن ئـەو درۆیـە و سیاسـەتی نکۆڵیکردنیـان دەرخـواردی گـەل و نەتـەوەی خۆیـان داوە، لـە بەرامبـەر دونیاشـدا بـە جۆرێـک دەجووڵێنـەوە وەک بڵێـی دیاردەیـەک بـە نـاوی کـوردەوە بوونـی نییـە.

هەمـان واقیـع سـەبارەت بـە زانسـتی مێـژووش لـە جێگـەی خۆیدایـە. دەکـرێ بڵێیـن ئـەو پەیوەندییانـەی مێـژوو زۆر کەمـن کـە هێنـدەی مێژووی ئـەو دەوڵەت و شارسـتانییەتانەی لـە ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیـا بونیادنـراون خاوەنـی ئـەو هێـزە بـن کـە گوزارشـت لـە یەکانگیریـی دیالێکتیکیـی گرنگـی نێوانیـان بـکات. هێڵـی میزۆپۆتامیا-ئەنـادۆڵ لـە گەشـەکردنی مێـژووی مرۆڤایەتیـدا ڕۆڵێکـی هاوشـێوەی بڕبـڕەی پشـت دەبینێـت. لـە سـەردەمی کۆمەڵگەکانـی سـۆمەر و میسـرەوە کـە یەکەمیـن شارسـتانییەت و دەوڵەتیـان لـە مێـژوودا ئـاوا کـردووە تـا دەگاتـە واقیعـی کۆمەڵگـەی ڕۆژی ئەمڕۆمـان ئـەو هێڵـە ڕۆڵـی ئـەو یەکێتییـە دیالێکتیکییـە هەمەگیـرە و بڕبـڕەی پشـتە دەبینێـت. وێـڕای ئـەوەش، مۆدێرنیزمـی دەوڵەت-نەتـەوە لـەو بڕوایەدایـە کاتێـک هێڵێکـی سـوور بەسـەر ئـەو مێـژووەدا دێنێـت و نکۆڵیـی لـێ دەکات، ئیـتر مێـژوو لـە سـفرەوە، واتـە لـە خۆیـەوە دەسـت پێـدەکات و ئـەوەش بـە ڕاسـترین هەڵوێسـتی زانسـتی دادەنێـت. لـەو سـۆنگەوە، پێویسـتە بـۆ هەمیشـە ئـەو دڕندایەتییـەی جینۆسـایدی کولتـووری بـەلاوە بنێیـن کـە نکۆڵیکـردن لـە حەقیقەتـی کولتـووری گـەلان بـە نەتەوەپەرسـتی دادەنێـت و بـەم جـۆرە هەوڵـی زانینـی مێـژوو بدرێـت. بـەو ئامانجـەی ڕووی شـاراوەی ئـەو کولتـوورەی نکۆڵـی و قڕکـردن ئاشـکرا بکـرێ، بـە سـووربوونەوە بەرگرینامەکـەم هەوڵـی پێشکەشـکردنی ئـەو باسـە دەکـەم کـە ئاڕاسـتە بـە هێڵـی مێـژوو دەدات.

ئەگـەر کولتـووری شارسـتانییەتی چینایەتـی، شـار و دەوڵەتـی بێـت یاخـود کولتوورەکانـی کۆمەڵگـە کـە بەرامبـەر ئـەو سـێیانە بەرگـری لـە بوونـی خۆیـان دەکـەن، گشـتێکی هەمەگیـرن. ئـەم هەمەگیرییـەش لـە لایـەک لەنـاو خـودی هەریەکەیـان لـە ئارادایـە، لـە لایەکـی تریـش لەسـەر بنەمـای دژێتیـی نێوانیـان لـە ئارادایـە. بـە درێژایـی مێـژوو زیاتـر لـە نێـوان کولتوورەکانـی ئەنـادۆڵ و میزۆپۆتامیـادا چاومـان بـەو حەقیقەتـە دەکەوێـت. دیاردەکانـی دەسـەڵات و دەوڵـەت کـە لـە نێـو چینەکانـی سـەرووی شارسـتانیەتدا هـەن، لـەو دوو جوگرافیایـەدا بـەردەوام بـە شـێوەیەکی یەکگرتـوو و تێکهەڵکێـش، ئـەو هەمەگیریـی یـان هەمووێتییـە لـە هەمـوو بـوار و کایەیەکـدا هەیـە. بـە تایبەتیـش لـە بوارەکانـی ئابـووری، سیاسـی و کولتووریـدا دەکەوێتـە ڕوو. بەمجـۆرەش لـە سـۆمەر، ئـەکاد، بابـل، ئاشـوور، هیتیـت، میتانـی، ئورارتـوو، مـاد، پـارس، هێلیـن، ڕۆمـا، بێزەنـت و عوسـمانییەکانەوە تـا دەگاتـە کۆمـاری تورکیـا کولتوورێکـی کۆمەڵگەیـی هەمەگیـر بـە شـێوەی ڕووبـاری دایـک (بنەڕەتـی) لـە ئارادایـە. ئەگـەر سـەبارەت بە باڵادەستەکان بێت یاخـود ملکەچەکان، دیسـان ئـەم هەمووێتـی و یەکانگیرییـە مەرجـە و ڕێسـای بنەڕەتـی پێکدێنێـت. هەروەهـا جیاوازییـە

خۆجێییەکان خاڵێکی دیکەیە کە پێویستە لە پاڵ هەمەگیریی دەرکی پێ بکرێت. چونکە بۆ فەراهەمبوونی هەمووپەتی و یەکانگیریی جیاوازی مەرجێکی زەرورە. هەربۆیە ئەوەی لەسەر بنەمای جیاوازییەکان نەبێت، بە هەمووێتی و تەکامول ناو نابرێت؛ بەڵکو دەکرێ بە ژیانێکی زۆرەملێیانە ناوزەد بکرێ یان بە گوتەی ڕۆژی ئەمڕۆمان دەشێت بە ژیانێکی فاشیستانەی هۆمۆژین و یەک چەشنی ناو ببرێت.

پێویستە لەمیانەی ئەو هەمەگیرییە مێژووییەوە سەیری پەیوەندییەکانی کورد-تورک بە درێژایی مێژوو بکرێت. لەبەر ئەو هۆکارەش بوو لە بەشە پەیوەندیدارەکاندا هەوڵی پێناسەکردنی ئەو قۆناغە درا کە لە شەڕی مەلازگردی ساڵی ١٠٧١ دەست پێدەکات و تا شەڕی ڕزگاریی نیشتیمانیی نێوان ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٢ی ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا درێژ دەبێتەوە. لێرەدا تەنها سەرنجی بۆ ڕادەکێشم. بە سووربوونەوە بە مەبەست ئاماژە بۆ ئەو خاڵە دەکەم، چونکە هەندێ دەوروبەر دەڵێن: بە درێژایی مێژوو کوردان دەسەڵاتدارێتییەک یان سیستەمێکی دەوڵەتیی دیاریان پێک نەهێناوە. بەرامبەر بەو زهنیەتە، هەوڵی پێناسەکردنی دەستەواژەکانی یەکانگیریی و جیاوازیم دا. چونکە لە سەردەمی سۆمەریەکانەوە تا دەگاتە ڕۆژی ئەمڕۆمان، لە تەواوی شارستانییەتەکانی ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا و ئەو دەسەڵات و دەوڵەتانەی ڕێگەیان لە پێش ئەو شارستانییەتانە کردووەتەوە، حکومڕانێتیی هاوبەشە. واتە هەمووپەتی و یەکانگیریی لە ئارادایە. بەڵام کاتێک لە دیدگای دەوڵەت-نەتەوەوە سەیری بابەتی سەروەری و دەوڵەت بکەین، تووشی هەڵەی گەورە دەبین. چونکە دەوڵەت-نەتەوە فۆرمێکی دەسەڵاتی سەرمایەدارییە کە دوو سەدەی خۆی تێ نەپەڕاندووە، واتە لە فۆرمە هەزاران ساڵییەکەی دەسەڵاتدا دەوڵەت-نەتەوە بوونی نییە. فۆرمە زاڵەکەی باڵادەستی و سەروەریی، دەوڵەتشار و ئیمپراتۆریەتی جیهانییە. لەمانەشدا بە شێوەیەکی هاوبەش نوێنەرایەتیی کولتوورەکان دەکرێت.

دەوڵەتی هیتی (حیثی) کە یەکەم دەوڵەتی وڵاتی ئەنادۆڵە، ناشێ بەبێ میزۆپۆتامیا بیری لێ بکرێتەوە. لە ڕاستیدا مێژوو سەلماندوویەتی کە شازادە، شازادە خاتوون و پاشاکانی هیتی بە بنەچە هۆرین، واتە پرۆتۆ-کوردن (کوردە بەراییەکان). هەروەها میتانییەکانیش کە هەم دراوسێ و هەمیش خزمیانن، بەو سیفەتەی یەکەمین دەوڵەتی ناوەندی میزۆپۆتامیای باکوورە، لەگەڵ هیتیتەکان لە ناو یەکدان. دیار نییە کە سنووری یەکێکیان لە کوێ کۆتایی دێت و هیی ئەوی تریان لە کوێ دەست پێدەکات. لای ئاشوور و ئۆرارتووش هەمان واقیع لە ئارادایە. هەرچی ماد-پارسەکانیشن بەشێوەیەکی یەکانگیر گەشەیان کردووە و لە ڕووبەرێکی زۆر بەرفراواندا بڵاو بوونەتەوە. هەروەها زۆر باش ئاگادارین کە سەبارەت بە کوردان هەمان حەقیقەت لای هێلینی، ڕۆمانی، بێزەنتی و عوسمانیش لە ئارادا بووە. نەک تەنها لە بواری کولتووری دەوڵەت و دەسەڵاتدا، بەڵکو لە سەرجەم بوارەکانی کولتووری کۆمەڵگەدا هاوبەشێتیەکی هاوشێوە لە ئارادایە. هەروەها ئیسلام، کریستیانی و مووسەوی سێ ئایینن کە هەمان ڕەگ و بنەچەیان هەیە و زەقترین نموونەی هاوبەشێتیی کولتوورین. بەڵام مۆدێرنیتەی

سەرمایەداریی ئەورووپا بە دەستی ئەنقەست کۆڵەکەکانی فۆرمی دەوڵەت-نەتەوەیان لەناو کولتووری خۆرهەڵاتی ناویندا زاڵ کرد. بەمجۆرە لەجیاتیی دەوڵەت و دەسەڵاتی کۆن کە بەردەوام لەمیانەی فۆرمی ئیمپراتۆریەتی گەردوونییەوە نوێنەرایەتی کراوە، لەسەر بنەمای ئەو دەوڵەت-نەتەوە لاوازانەی لەمیانەی پارچەپارچەکردنی گەلان بۆ دەیان بەشی دژ بە یەکتر، پارچەبوونی کولتووری خۆرهەڵاتی ناوین و داگیرکاریی نوێ بەدی هاتووە. بەم جۆرەش، ناوچەکە خراوەتە ژێر کۆنترۆڵی هەژموونگەرایی سیستەمی سەرمایەدارییەوە. تەنانەت کۆماری تورکیاش کە وەک هێزێکی هەژموونگەرایی لە ئاستی خوارووودا بونیاد نراوە، گرنگترین بەشەکانی ئەو بناغەیەی لەسەری ئاوا کراوە، واتە موسڵ-کەرکووک (کوردستانی عێراق)ی ناو میساقی میللی، لێی دابڕێنراوە و هەر بەو هۆیەشەوە لە سەردەمی دامەزراندنیەوە مەحکومی ژیانێکی سەقەت و ناتەواو کراوە. بەمجۆرە بە شێوەیەکی نەخشەبۆکێشراو، لەسەر بنەمای دژایەتی و نکۆڵیکردن لە یەکتر، یەکێتی نەریتی ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا پارچەپارچە کراوە. هەروەها لە کاتێکدا هەموویەتی یان هەمەگیریی کراوەتە قوربانی ژیانی یەک چەشنیی (هۆمۆژینی) فاشیستانە، سەرجەم کولتوورە جیاوازەکانیش دووچاری نکۆڵی و قڕکردن هاتوون و ڕووبەڕووی لەناوچوون کراونەتەوە.

چینی سەرووی کوردان، واتە ئەو توێژانەی سەرقاڵی کاروبار و مەسەلەکانی دەوڵەت و دەسەڵات بوون، لە سەردەمی سوڵتان ئەلپ ئەرسەلانەوە تا دەگاتە سەردەمی مستەفا کەمال، بە کولتووری دەوڵەت و دەسەڵاتی هاوبەشەوە جووڵاونەتەوە، ئەو هەڵوێستەیان کردووە بە هەڵوێستی گەلیش. هەرچەندە پێشنەخستنی زەمانەت و ستاتۆیەک بۆ جیاوازییە کولتوورییەکەیان کە گرێدراوی بونیادە چینایەتییەکەیان بێت، بەڵام گەل هەم لە ڕووی ستراتیژی و هەمیش لە ڕووی کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە کولتووری دەوڵەتێکی هاوبەشیان بەگوێرەی بەرژەوەندیی خۆیان بینیوە. ناکرێ لەو بارەشەوە تاوانبار بکرێن. هەرچی ئەوانەی پێویستە تاوانبار بکرێن، ئەو کەس و دەوروبەرانەن کە لەجیاتیی ئەوەی ئەم بەیەکەوەژیانە مێژووییەی گەلان بە پێگەیەکی یاسایی و بەڕێوەبەرایەتییەکی دیموکراتی بگەیەنن، دووچاری نکۆڵی و قڕکردنیان کرد.

هەرچەندە PKK دواتر دانی بە هەڵەکەی خۆی دانا و لەسەر بنەمای ڕەخنە لەخۆگرتن تێی پەڕاند، بەڵام ئەوە ئاشکرایە و مایەی تێگەیشتنە کە لە سەردەمی دەرکەوتنیدا بە زەینیەتی دەوڵەت-نەتەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراو تێکۆشانی دژی کولتووری نکۆڵی و قڕکردن دەست پێکرد. هەرچەندە لە ڕوانگەیەکی سۆسیالیستانەشەوە بێت، بەڵام وەڵامدانەوەی دەوڵەت-نەتەوەی جوداخواز و جیاکار لەمیانەی دەوڵەت-نەتەوەیەکی ترەوە، کەوتنە ناو گەمەی سەرمایەداریی. لەسەر ئەو بنەمایەش، گەلانی جیهان خراونەتە ناو تەڵەی سیاسەتی ‹پەرتکە و زاڵبە›وە. هەربۆیە لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێ سۆسیالیستەکان لایەنگری دەوڵەت-نەتەوە بن و بەرگریی لێ بکەن. لەو سۆنگەو، یەکەمین و یەکێک لە سەرەکیترین پرەنسیپەکانی دژایەتی یان ڕکابەرایەتیکردنی سەرمایەداریی، پەسندنەکردنی فۆرمی دەوڵەت-نەتەوەیە، ئیتر

ئەمـە بـە نـاوی گـەل و نەتـەوە چەوسـاوەکانەوە بێـت یـان چەوسـێنەرەکان. دووەمیـن پرەنسـیپی سۆسیالیسـتبوون ئەمەیـە: بەرگـری کردنـە لـەو یەکێتـی و هەمەگیریـەی پشـت بـە کۆڵەکەکانـی کولتـووری هاوبەشـی درێژایـی مێـژووی (هـەر وەک بـە گشـتی جێگـەی باسـە) پەیوەنـدی نێـوان کـورد- تـورک دەبەسـتێت. لـە ڕاسـتیدا ئـەوەی لـە لایـەن سـیماو ڕەمـزە گرنگەکانـی ئـەو سـەردەمە لەپێـش هەمووشـیانەوە مسـتەفا کەمـال جەختـی لەسـەر کراوەتـەوە و سـەلمێنراوە کـە جگـە لـە پەیڕەوکردنـی هەڵوێسـتێکی سـتراتیژی هاوبـەش هـەر هەڵوێسـتێکی دیکـە هـەردوو گـەل بـەرەو لەناوچـوون دەبـات؛ لـە ڕاسـتیدا بـەو ئاڕاسـتەیەش لـە ڕاگەیاندنـی میسـاقی میللـی، گشـتینامەی ئاماسـیا و ئەنجوومەنـی گـەورەی میللەتـی تورکیـا بـەرەو دامەزراندنـی کۆمـار ڕۆیشـت، واتـە هـەردوو لایـەن، بەیەکـەوە و بـە شـێوەیەکی ئارەزوومەندانـە و بـە نـاوی هاوچەرخییـەوە سـتاتۆی هاوبەشیان پەسـند کـردووە. بـەڵام هەڵوێسـتە پیلانگێڕیـی و کودەتاچییەکانـی دواتـر ناتوانـن کۆتایـی بـە حەقیقەتـی سـتاتۆی هاوبـەش و ئارەزوومەندانـەی کـورد و تورکەکانـی ئەندامـە بنەڕەتیەکانـی کۆمـار بێنـن. هەروەهـا ئـەو شـێوازانەی ئاسیمیلاسـیۆن و کۆمەڵکوژیـی کولتـووری کـە بـە درێژایـی مێـژووی کۆمـار لـە لایـەن هەمـان زەینیەتـی پیلانگێـڕ و نکۆڵیـکارەوە سـەپێنران، ناتوانـێ ئـەو دۆخـە ئارەزوومەندانـە مایەپـووچ بـکات کـە بەهایەکـی مێژوویـی بەرچـاوی هەیـە و لـە یەکەمین دەسـتوور (١٩٢١)دا دەستنیشـان کـراوە.

ئـەو واقیعـە بـۆ ژیانـی کۆمەڵایەتیـی ئـەو کوردانـەش لـە جێگـەی خۆیدایـە کـە لـە پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتاندا دەژیـن. چونکـە کـوردان لـە لایـەن هیـچ دەوڵەتێکـەوە غـەزوو نەکـراون. هیـچ سـتاتۆیەکی غـەزوو، داگیرکاریـی و لکاندنیـان لـە ئـارادا نییـە. واتـە سـتاتۆکەیان لـە ڕووی سیاسـی و یاساییەوە لەسـەر بنەمـای هاوبەشـێتیی ئارەزوومەندانـە بـووە. هـەم لـە ڕووی زەینیەتـی مێژوویـی و هەمیـش کولتـوورە کۆمەڵایەتییەکەیانـەوە، ژیانیـان بەگوێـرەی نەریتێکـی لـەم جـۆرە بـە بنەمـا گرتـووە - هەرچەنـدە مۆدێرنیتـە وایکـردووە باجێکـی زۆر قـورس بـدەن بـە دەوڵەت-نەتـەوە- ئـەو نەریتـە تـا ئێسـتاش بەردەوامـە. هەربۆیـە پێویسـتە دەوڵەت-نەتـەوە پەیوەندیـدارەکان زۆر بـە چاکـی دەرک بـەو حەقیقەتـە بکـەن و واز لـە سـەپاندنی سیاسـەتی نکۆڵـی و قڕکـردن بێنـن، لەگـەڵ مێـژوو و کۆمەڵگـەدا ئاشـت ببنـەوە و بەهـا بـە حەقیقـەت بـدەن. لـە دۆخێکـی پێچەوانـەدا، هـەر وەک چـۆن لـە زووەوە ڕوون بووەتـەوە، تەنهـا بـە بەڕێوەچوونێکـی سـەقەتەوە ناوەسـتێت، بەڵکـو وەک چـۆن هـەر دەوڵەت-نەتەوەیەکـی فاشیسـت دووچـاری هاتـووە، ئـەوا بەهـۆی هەمـان ئـەو سیاسـەتەی نکۆڵـی و قڕکـردن، مەرگەسـاتی خۆشـیان دەبینـن.

لـە ئاکامـی تێگەیشـتنی ئـەو حەقیقەتـە مێژوویـی و کۆمەڵایەتییـە و دەرککردن بەو ڕاسـتینەیەی کە دەوڵەت-نەتـەوە تەڵەیەکـی سـەرمایەدارییە، KCK وەک سیسـتەمی خۆبەڕێوەبردنـی دیموکراتییانەی گـەل لـە لایـەن PKKوە ڕاگەیەنـرا. واتـە بەرامبـەر بـە دەوڵەت-نەتـەوەی دەسـەڵاتداران، KCK دەوڵەت-نەتـەوەی کـورد نییـە. چونکـە لـە ڕووی پرەنسـیپەوە ئەمـە ڕەت دەکاتـەوە. ئەگـەر لەژێـر چەتـری دەوڵەت-نەتـەوەدا بێـت (ئەگـەر پابەندبـوون بـە دیموکراسـی پەسـند بـکات) یاخـود بـە

شێوەیەکی سەربەخۆ بێت، بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەریی دیموکراتییانە ئەو سەروەریە سیاسییەیە کە گەلی کورد پەسندی دەکات. کۆما جڤاکێن کوردستان KCKش پشکێکی ئەو مۆدێلەیە کە بەر کورد کەوتووە و مانای دیموکراتیبوونی کۆمەڵگە دەبەخشێت. بە سیفەتی سیستەمیش، مانای ئاواکردنی دەسەڵاتی سیاسیی هاوبەش و ئارەزوومەندانەی خۆیان دەبەخشێت، بەبێ ئەوەی بکەونە ناو تەڵەی شۆڤێنیزمی قەومی، شەڕی سنوور، بیرۆکراسی، ناسیۆنالیزم و دەوڵەت-نەتەوەوە. تەنها بەو مەرجە ژیان لەژێر چەتری دەوڵەت-نەتەوەکاندا پەسند دەکەن کە ددان بە خۆبەڕێوەبەرایەتییەکانی خۆسەریی دیموکراتییانەدا بنرێت. هەروەها ئەو شێوازەی ژیان مانای ڕێکخستنی دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای فیدراڵی و کۆنفیدراڵیش نابەخشێت. لەسەر ئەو بنەمایەش، ڕێککەوتنی دەستووری لەگەڵ دەوڵەتەکان لە ئارادا نییە. بەڵکو لەسەر بنەمای ددانینان بە خۆسەریی دیموکراتییانەی کۆمەڵگەدا ‹ڕێککەوتنی دەستووری دیموکراتییانە› بەدی دێت. چونکە جیاوازی ڕیشەیی لە نێوان هەردووکیاندا هەیە.

وەک قەوارەیەکی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتییانە، KCK نموونەییترین ژیانی هاوبەش، یەکسان و ئازادە ئینجا لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانی تورکیا، ئێران، عێراق، سوریادا بێت یان بەرامبەر بە دەوڵەتی فیدراڵیی کوردی عێراق. وەک چۆن واقیعی کۆمەڵگەی مێژوویش سەلماندوویەتی، ئەویش لەو بڕوایەدایە کە تەنها لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتییانە دەشێت لەمیانەی ئاشتی و شێوازەکانی سیاسەتی دیموکراتییانەوە تەواوی پرسە هەڵواسراوەکانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا چارەسەر بکرێت. لەو پێناوەشدا خاوەن هۆشیاریی، بڕیار و ئامادەکارییە. ئەگەر دەوڵەت-نەتەوەکان ئەو حەقیقەتانە و ڕێگەچارەی دەستووری دیموکراتییانە پەسند نەکەن، ئەوا ئەو هێز و بڕیارەشی هەیە کە وەک هێزێکی سیاسیی خۆبەڕێوەبەرێتیی دیموکراتییانە بژی و بەرگری لە خۆی بکات.

**٤- ئاشتی، ڕێگەچارەی دیموکراتییانە و ئاواکردنی نەتەوەی دیموکرات:**

PKK لەمیانی شیکردنەوەیەکی بەرفراوانی دەوڵەت-نەتەوەوە هەوڵی تێپەڕاندنی ئەو بنبەستبوونەی دا کە لە بواری چارەسەرکردنی پرسی کورددا دووچاری هاتبوو. کاریگەریی دەوڵەت-نەتەوەی سۆسیالیستی لەسەر پێکهاتەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی PKK زیاتر لە هەڵمەتی ١٥ی ئابی ١٩٨٤دا بینرا کە شەڕی گەلی شۆڕشگێڕیی تێیدا هەڵکشا. چونکە بەبێ شیکاریکردنی ئەو کاریگەرییەی بەشێوەیەکی تەدریجی لە زیادبووندا بوو و بنبەستبوونی لێکەوتەوە، پێشکەوتن زەحمەت بوو. هەڵوەشانەوە خێراکەی سۆسیالیزمی بونیادنراو لە ١٩٩٠ـەکاندا لە باشتر تێگەیشتنی کاریگەریی ڕیشەیی قەیران و تەنگژەکەدا ڕۆڵی هەبوو. ئەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراوی هەڵوەشاندەوە، کێشەکانی دەسەڵات و دەوڵەت-نەتەوەی سۆسیالیستی بونیادنراو بوو. بە مانایەکی دیکە، هۆیەکەی بۆ کورت هێنانی شیکردنەوەکان و چارەسەرنەکردنی کێشەی

دەسـەڵات و دەوڵـەت لـە لایـەن سۆسـیالیزمەوە دەگەڕایـەوە. ئـەو کێشـەیەش کاریگەریـی لەسـەر ئـەو قەیرانانـەی سۆسـیالیزم هەبـوو کـە لـە تـەواوی جیهانـدا لـە ئـارادا بـوون. کاتێـک ناکۆکیـی دەوڵـەت و دەسـەڵات، کـە پرسـی کـورد بـە دەسـتیەوە دەناڵانـد، لەگـەڵ ئـەو قەیرانـە جیهانییـەی سۆسـیالیزمی بونیادنـراودا بـوو بەیـەک، شـیکردنەوەیەکی ڕیشـەیی بـۆ بابەتەکانـی دەوڵـەت و دەسـەڵات بـوو بـە ناچارییـەک.

هـەر بـەو مەبەسـتەش لـە بەشـێکی گرنگـی بەرگرینامەکەمـدا هەوڵـم داوە دیـاردەی دەسـەڵات و دەوڵـەت بـە درێژایـی مێـژووی شارسـتانییەت شـیکاری بکـەم. گرنگتریـن قاڵبوونەوەشـم سـەبارەت بـەو وەرچەرخانـە پیشـان دا کـە لـە چوارچێـوەی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریدا لـە دیـاردەی دەوڵـەت و دەسـەڵاتدا هاتووەتـە ئـاراوە. بـە تایبەتیـش ئـەو خاڵـەم خستەڕوو کـە وەرچەرخانـی دەسـەڵات بـۆ دەوڵەت-نەتـەوە کۆڵەکـە و بناغـەی سـەرمایەدارییە. ئـەوەش تێزێکـی گرنـگ بـوو. هەوڵـم دا ئـەو خاڵـە شـیبکەمەوە کـە: ئەگـەر دەسـەڵات بـە شـێوەی مۆدێلـی دەوڵەت-نەتـەوە ڕێـک نەخرێـت، ئـەوا سـەرمایەداری نابێـت بـە سیسـتەمێکی هەژموونگـەرا. واتـە دەوڵەت-نەتـەوە سـەرەکیترین ئامـرازە کـە هەژموونگەرایـی سـەرمایەداریی فەراهـەم دەکات. لـەو سـۆنگەیەوە، هەوڵـم دا بیسـەلمێنم کـە ئـەو سۆسـیالیزمەی خـۆی بـە شـێوەی کۆمەڵگـەی مێژوویـی دەخاتـە ڕوو و بـەو سـیفەتەی دژەسـەرمایەدارییە، ناتوانێـت پشـت بـە هەمـان مۆدێلـی دەوڵـەت ببەسـتێت، واتـە ناتوانێـت خـۆی بـە شـێوەی دەوڵەت-نەتـەوەی سۆسـیالیزمی ڕیـال (بونیادنـراو) بونیـاد بنێـت. هەروەهـا هەوڵـم دا ئـەو هەڵـە سیسـتەماتیکەی سۆسـیالیزمی زانسـتی بخەمـە ڕوو کـە دەڵێـن سۆسـیالیزمی زادەی مارکـس و ئەنگلـس تەنهـا دەشـێت لەسـەر بنەمـای زەمینـەی دەوڵەت-نەتـەوە بونیـاد بنرێـت. لـە بەرامبـەردا ئـەو تێـزەم خسـتە ڕوو کـە لەمیانـەی پشتبەسـتن بـە دەوڵـەت، بـە تایبەتیـش دەوڵەت-نەتـەوە، سۆسـیالیزم بونیـاد نانرێـت، سـووربوون لەسـەر ئـەوەش هـەر وەک لـە چەندیـن نموونـەدا بیـنرا، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە سۆسـیالیزمی بونیادنـراوی ڕووسـیا و چیـن، بـە خراپتریـن شـێوەی سـەرمایەداری ئەنجامگیـر دەبێـت. وەک پێویسـتیەکی ئـەو تێـزەش، هەوڵـم دا شـیکردنەوەیەکی بەرفراوانـی سیسـتەمی شارسـتانییەتی ناوەنـدی بـە درێژایـی مێـژوو، دەسـتەواژەی دەسـەڵات و شـێوەی دەوڵـەت و دەسـەڵاتی مۆدێرنیتـەی زاڵـی ئـەو سـەردەمەمان بخەینـە ڕوو. سـەرەکیترین ئەنجامیـش کـە بـە دەسـتم هێنـا، ئەمەیـە: پێویسـتە سۆسیالیسـتەکان پرەنسـیپێکی بـە نـاوی دەوڵەت-نەتەوەیـان نەبێـت، بەڵکـو نەتـەوەی دیموکـرات سـەرەکیترین پرەنسیپی چارەسـەرکردنی پرسـی نەتەوەیی-نیشـتیمانییە. ئەزموونـی کۆمـا جڤاکێـن کوردسـتان KCKش گوزارشـتە بەرجەسـتەکەیەتی.

دووەمیـن ڕاسـتکردنەوەی گرنگـی PKK ئەوەیـە کـە سـەبارەت بە دەسـەڵات کردوویەتـی، دەرهەق بـە بابەتێکـی بەرجەسـتەترە. چونکـە ئیـتر زۆر بـە باشـی دەرک بـەوە کـراوە کاتێـک پەیوەندییەکانـی نێـوان تورک-کـورد لـە چوارچێـوەی تێڕوانینـی قەومیـەت و دەوڵەتـدا تاوتـوێ دەکرێـن، ئەگـەر ڕایەڵـە جیۆپۆلیتیـک و جیۆسـتراتیژییەکانی ئەنـادۆڵ و میزۆپۆتامیـا ڕەچـاو نەکرێـن، ناکـرێ بـە

ڕێگەچارەیەکی ڕاست بگەین. چونکە بە درێژایی مێژوو ئاڵوگۆڕی کولتووریی بەردەوام لە نێوان ئەو جوگرافیانەدا هەبووە کە هەردوو کۆمەڵگە بە چڕی تێیدا ژیاون و هەڵوێستی جیۆپۆلیتیکی و جیۆستراتیژییان دیاری کردووە. لەو سۆنگەوە ناکرێ شیکردنەوەیەکی ڕاست بۆ ئەو پەیوەندییانە بکرێ کە چارەنووسی هەنووکە و سات دەستنیشان دەکەن، تا لەمیانەی هەڵوێستێکی یەکانگیر و هەمووێتی شیکار و چارەسەر نەکرێن. چونکە چینی سەرووی هیرارکی کورد کە زیاتر ڕووبەڕووی کێشەکانی دەسەڵات و دەوڵەت هاتووە، لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمییەکی ڕێژەیی بە درێژایی مێژوو چارەنووسی خۆیان بەو دەوڵەت و دەسەڵاتانەوە بەستووەتەوە کە لە خۆیان بەهێزتر بوون. واتە هێندە لەپێناو سیستەمی دەوڵەت و دەسەڵاتی سەربەخۆی تایبەت بە کۆمەڵگەی کورد هەوڵیان نەداوە. چونکە بە هۆی هەلومەرجە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، هەوڵێکی لەم جۆرە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا نەدەگونجا. هەر لەو ڕوانگەشەوە مێژووی هەزار ساڵەی ڕابوردوویان لەگەڵ تورکەکان هەڵسەنگاندووە. لەمیانەی شەڕی مەلازگردەوە کە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بەیەکەوە لەگەڵ ئەلپ ئەرسەلانی سوڵتانی سەلجووقی گەیشتنە سەرکەوتن، لە جوگرافیای میزۆپۆتامیا و ئەنادۆڵیشدا لەسەر بنەمایەکی ئیسلامی هاوبەشێتیی دەسەڵات و دەوڵەتێکی نوێیان کردووە. چونکە ئەو واقیعە جیۆپۆلیتیک و جیۆستراتیژییەی کە لە هەردوو جوگرافیاوە سەرچاوەی دەگرت، هاوبەشێتیی دەوڵەت و دەسەڵاتی ئیسلامیی نێوان چینی دەسەڵاتدار (سەروو)ی هەردوو قەومی کردووە بە زەرورەتێک. هەرچەندە بەرژەوەندیی گەلان لەو هاوبەشێتییەی دەوڵەت و دەسەڵاتدا لە ئارادا نەبووبێت، هەروەها ناو بە ناو لەمیانەی بەرخودانەوە ڕووبەڕووی ژیانی ژێر چەتری دەوڵەت و دەسەڵاتی هاوبەش بووبنەوە، بەڵام بە هۆی پێداویستیەکانی ژیانی هاوبەش و شەڕە ئایینی و مەزهەبیەکانی ئەو قۆناغەوە، دوودڵییان لە بەیەکەوەژیان نەکردووە. چونکە ئەو هاوبەشێتییەی چینی سەرووی کورد لەگەڵ چینی دەسەڵاتداری هیرارکی قەومی تورک لە ئارادا بووە، بەردەوام لەسەر بنەمایەکی ئارەزوومەندانە بووە. هەربۆیە دیاردەیەکی زەق بە ناوی «غەزووی کوردستان» لەنەریتی داگیرکاریی تورکەکاندا لە ئارادا نییە. هەرچی ئەو شەڕ و پەلامارانەی غەزووکردنە کە ناو بە ناو کراون، بە بەشداری خودی سەرکردە کوردەکان کراون. لەو سۆنگەیەوە، ئەو جۆرە پەلامارانەش بە غەزوو ناو نابرێن.

لەپێناو چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، تێگەیشتنێکی قووڵی ئەو واقیعە مێژووییەی پەیوەندیی نێوان کورد-تورک پێویستە. لە سیاسەتەکانی کرانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی سەردەمی سوڵتان سەلیم بەرەو خۆرهەڵات (لە نێوان ساڵانی١٥١٢-١٥٢١)، ئاواکردنی فیرقەکانی حەمیدییەی سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید (١٨٧٦-١٩٠٩)، بەشداریی ئەمری واقیعی جەمعیەتی ئیتیحاد و تەرەقی لە یەکەمین جەنگی جیهانی و بەردەوامییەکەی، گرنگترینیشیان لە شەڕی ڕزگاریی نیشتیمانیی مۆدێرندا بە سەرکردایەتیی مستەفا کەمال، ئەمانە پشتێنەی سەرەکیی ئەو پەیوەندییە مێژووییەن و ئەو واقیعە بە بنەما وەرگیراوە و

ڕۆڵێکی دیاریکەریشی لە ئەنجامدا بینیوە. بەڵام لەمیانەی پیلانگێڕیی ١٥ی شوباتی ساڵی ١٩٢٥ کە لە چوارچێوەی نکۆڵیکردن بوو لە کۆڵەکە دیموکراتییەکەی کۆمار، بۆ یەکەمین جار هەوڵ دراوە کۆتایی بەو نوێنەرایەتییە ئارەزوومەندانە و هاوبەشێتییەی دەوڵەت و دەسەڵاتە مێژوویی و جوگرافییە بهێنرێت. لێکدانەوەکانی جیاکردنەوەی کۆمار لەسەر بنەمای ئەتنیکی و کۆنترۆڵکردنی دەڤەری پەترۆڵی موسڵ-کەرکووک (کوردستانی عێراق)، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لەو پیلانگێڕییەدا بینی کە لە لایەن ئیمپراتۆریەتی ئینگلیزەوە (کە هێزی هەژموونگەرایی ئەو قۆناغە بوو) خرایە ڕوو و لە بەشە پەیوەندیدارەکانیشدا بە درێژی باسمان کردووە. بەمجۆرەش هەر وەک لە تەواوی جیهان ڕوویدا، پڕۆژەی کۆمار یاخود دەوڵەت-نەتەوەی بچووک کە لە لایەن ئینگلتەراوە خرایە ڕوو، لە جوگرافیای خۆرهەڵاتی ناوین، ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیاشدا سەرکەوتوو بوو. لە بەرامبەر ئەوەشدا سەرجەم کولتوور و گەلان، بگرە دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوینیش کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و لە ڕووی دەوڵەتیشەوە پارچەپارچە و دابەش کراون، لە ئاکامی ئەو سیاسەتەدا هێزیان لە دەست داوە، بەردەوام پارچەپارچە بوون و لە ناو خۆیاندا دووچاری شەڕ و پێکدادان هاتوون، لەسەر ئەو بنەمایەش هەژموونگەرایی ئینگلیز سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

گۆڕینی کارەکتەری کۆمار بۆ دژەکوردێتی هاوپەیمانێتییە نەریتییەکەی تێکداوە و بە تەواوی کورد لە سیستەم وەدەر نراوە. ئەو پڕۆژەی پێشکەش بە چینی دەسەڵاتدار و سەردەستی کورد کراوە، پشت بەو پرەنسیپە سەرەکییە دەبەستێت کە: لە بەرامبەر وازهێنان لە کوردایەتی و ناسنامەی کورد، دەتوانن لەسەر بنەمای تاک-هاووڵاتیی تورکێتی بوونی خۆیان بپارێزن. بگرە لەوەش زیاتر دەڕۆن، وەک ڕێگەیەکی بەدەستهێنانی هێز و بەرزبوونەوە لە سیستەمدا، جەخت لەسەر نکۆڵی و قڕکردنی کورد و شکۆدارکردن و پەرەپێدانی تورکێتیی سپی دەکەنەوە. بەم جۆرە، ‹یاسای سوور› یان هێڵی سووری بوون بە خاوەنی کەینونە لە ناو کۆماردا فۆرمیلە دەکرێت. ئەو هەڵوێستەی چینی سەروو سەرەتا بە شێوەیەکی ڕێژەیی لەمیانەی ناڕەزایی و یاخیبوونەوە پیشانی دا، دوای بزاوتە توندەکانی تەمبێکردن و نکۆڵی لێکردن (تەئدیب و تەنکیل)ی سیستەم بۆ ملکەچییەکی ماڵیکراو دەگۆڕێت. بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردەواریدا چینی دەسەڵاتدار (دۆخی هەڵاوێردە ڕێساکە تێکنادات) لە بەرامبەر پەسندکردنی نکۆڵی و قڕکردنی کۆمەڵگەکەیدا بوون و ژیانی خۆی گەرەنتی دەکات. ئیتر لە بوون و پەرەسەندنی خۆیاندا قەرزباری خزمەتکردنی تورکێتیی سپین (بە سووربوونەوە ئەو دەستەواژەیە بەکار دێنم، چونکە توێژێکن لە تورکێتیی نەریتی و کۆمەڵایەتی جیاوازن، لەمیانەی شێوازی پیلانگێڕیی هەژموونگەرایی خۆرئاواوە دەستنیشان کراون، توێژێکی سیخوڕن و لە ڕووی سەبجەکتیڤ و ئۆبجەکتیڤەوە ئامادە کراون. شێوەیەکی توندڕەوی بە لەوانتەکان [ئەوروپاییەکانی نیشتەجێی خۆرهەڵات]ن و تا ئەوپەڕی بە توندوتیژی بار کراون)، واتە بە ڕادەی خزمەتکردنیان بە تورکێتی سپی دەتوانن بوونی خۆیان بپارێزن و پەرەی پێ بدەن.

توێژەکانی دیکەی گەلیش کە بەبێ سەرۆک و ڕێزان ماونەتەوە، ئیتر لە دۆخی ئۆبجەکت و شتومەکدان کە بە ڕووی هەموو جۆرە نکۆڵی، قڕکردن و ئاسیمیلاسیۆنێکدا کراوەن. تۆزقاڵێک نزیکبوونەوە یاخود بەریەککەوتن لەگەڵ کوردێتی، مانای مردنی مسۆگەرە. لە بەرامبەردا ئیتر دەستبەردان لە کوردێتی بۆتە تاکە ڕێگەی ڕزگاربوون و ژیان. نەک تەنها وەک دیاردە، بەڵکو بە سەرجەم ناو و ڕەمزەکانیەوە هەوڵی لەناوبردنی کوردێتی دەدرێت. بەمجۆرەش تەواوی مێژووی کۆمار وەک پرۆژەیەکی شاراوەی کۆمەڵکوژیی کولتووری سەبارەت بە کوردێتی دەکەوێتەگەڕ، بە شێوەیەکی ڕۆژانە و هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێ دەکرێت (ئەو پرۆژەیە لەسەر تەواوی کولتوورەکانی دیکەش پەیڕەو دەکرێ، بەڵام لە بنەڕەتدا پرۆژەکە دژی کوردبوون ئامادە کراوە). مەبەستی سەرەکیی سەرجەم سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، گوێڕایەڵیکردن و وابەستەبوونە بەو یاسا یان هێڵە سوورە و خزمەتکردنیەتی. هەروەها لەبەر ئەوەی تا ڕادەیەکی زۆر بە نهێنی جێبەجێ دەکرێت، ئەوا ئەو پارت، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دونیای ئابووری و سیاسەت کە پەرەیان پێ دەدەین، بەبێ ئەوەی پێی بزانن کەوتوونەتە چوارچێوەی تەوەرەی ‹یاسای سوور›ەوە. ڕێکخراوە دەرەکییەکانی هاوشێوەی نەتەوەیەکرتووەکان، ناتۆ و یەکێتیی ئەوروپاش لەسەر بنەمای خزمەتکردنی هەمان ‹یاسای سوور یان پۆڵایین› تاوتوێ کراون. هەروەها ڕۆڵ و پشکی ئەو یاسایە لە سەرجەم کودەتا، پیلان، تیرۆر و هەلومەرجەکانی ئەشکەنجە و دەستگیرکردندا دیاریکەرە.

أ) لە سەردەمی دەرکەوتنی PKKدا ئاگاداری و زانیاری سەبارەت بەو واقیع و ڕاستییانە سنووردار بوون. بەپێی پێویست دەرک بە یەکانگیریی کولتووری نێوان ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا و یەکێتیی جیۆپۆلیتیک و جیۆستراتیژیک و ڕەنگدانەوەیان لەسەر پەیوەندیی نێوان کورد-تورک نەکرابوو. سیاسەتەکانی بچووکترین دەوڵەت-نەتەوە کە هێزە هەژموونگەراکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی ئینگلتەرا و ئەمریکا پەیڕەوی دەکەن، وەک چۆن کاریگەرییان لەسەر سەرجەم زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە، کاریگەرییان کردووەتە سەر سۆسیالیزمی زانستییش. پشکی PKKش دەوڵەت-نەتەوەی سۆسیالیستی خۆی بوو. واتە ئەو دەوڵەت-نەتەوەیەی لەمیانەی ڕەخنەلەخۆگرتنێکی ڕیشەییەوە تێ پەڕێنراوە، لادانێک بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی لە بزووتنەوە چەپڕەوەکانی جیهان و تورکیادا ئەو لادانە بەلاوە نەنرا، چارەنووسیان هەڵوەشانەوە بوو. هۆکاری سەرەکیی ئەو قەیرانەی ئێستاش کە سۆسیالیزم بە دەستیەوە دەناڵێنێت، ئەو بنبەستبوونەیە کە لەو بارەیەوە دووچاری هاتووە.

**ب)** PKK دوای ئەو گۆڕانکاری و وەرچەرخانەی بە خۆیەوە بینیی، ئەو مۆدێلە نوێیەی چارەسەر کە لەسەر بنەمای پرسی کورد بۆ پرسە نەتەوەیی- نیشتیمانییەکانی هێناوە، نەتەوەی دیموکراتە کە لە هەر جۆرە دەوڵەت-نەتەوەیەک داماڵراوە و پاک کراوەتەوە. چونکە شێوازی بونیادنانی نەتەوەکان لە سەرمایەداریدا ناچارە خزمەت بە یاسای بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج بکات. ڕێگەکەشی دەوڵەت-نەتەوەیە کە ئایینە نوێیەکەی مۆدێرنیتە، واتە ناسیۆنالیزم

کردوویەتی بە ئامانجی خۆی. ناسیۆنالیزم دەوڵەت-نەتەوە دەئافرێنێت، دەوڵەت-نەتەوەش ناسیۆنالیزم دەئافرێنێت. لە سەردەمەکانی قووڵبوونەوەی قەیران و تەنگژەکانی سەرمایەداریشدا ناسیۆنالیزم و دەوڵەت-نەتەوە دەبن بە فاشی. لەو سۆنگەیەوە، سۆسیالیزم تەنها بەو ڕادەیە دەتوانێت خۆی بکات بە ئەڵتەرناتیڤ و وەک سیستەمێک بەرەو پێشەوە بچێت کە ناسیۆنالیزمی دەوڵەت-نەتەوەکەی تێ بپەڕێنێت. ڕێگەی ئەوەش نەتەوەی دیموکرات و ئابووریی بازاڕی کۆمەڵایەتیی بێ قازانجە؛ پیشەسازیی ئیکۆلۆژییە لە بەرامبەر ئیندوستریالیزمی سەرمایەداری کە ئامانجەکەی بەدەستێنانی زۆرترین قازانجە.

**ج)** کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) گوزارشتی پێشنیاز و جێبەجێکردنی مۆدێلی ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکراتە کە لە دەوڵەت-نەتەوە پاک کراوەتەوە و نەک تەنها بۆ کوردان، بەڵکو بۆ سەرجەم جڤاتە نەتەوەییەکان گونجاوە و لە جێگەی خۆیدایە کە پەیوەندییان بە پرسی کوردەوە هەیە. چونکە ڕێگەچارەکانی دەوڵەت-نەتەوە کە بە درێژایی مێژووی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی لە قۆناغەکانی پرسی نەتەوەیی -نیشتیمانیدا وەک تاکە ڕێگەی چارەسەر سەپێنراون و مێژوویان کردووە بە دەریای خوێن. بە واتایەکی تر، چارەسەری دەوڵەت-نەتەوە ڕێگەی چارەسەرکردنی پرس و کێشەکان نییە، بەڵکو ڕێگەی قووڵکردنەوەی کێشەکان و توندوتیژی و برەوپێدانی شەڕە؛ لەو چوارچێوەیەدا ڕێگەی بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج و ئیندوستریالیزم و هەمیشەییکردنیانە. هەرچی ڕێگەچارەی KCKیە کە دەستبەرداربوون لەو کۆڵەکە سێیانەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری (دەوڵەت-نەتەوە، زۆرترین قازانج و ئیندستریالیزم) دا تێپەڕدەبێت، لە بەرامبەریشدا فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی دیموکراتی دەکات بە ئەڵتەرناتیڤ.

د) چارەسەرکردنی پرسی کورد لەمیانەی ڕێگەچارەی ئاشتی و دیموکراتییانەوە لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوەکانی تورک، ئێران، عێراق، سوریا و بگرە لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵیی کوردیش تەنها لە ڕێگەی پەسندکردنی مافی نەتەوەیی دیموکراتی گەلی کورد و ستاتۆی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتییانەوە بەدی دێت کە ئەنجامێکی سروشتیی ئەو مافەیە. یەکێتیی ئەورووپا کە نیشتیمانی ڕێگەچارەی دەوڵەت-نەتەوەیە، کاتێک لە ئێستاوە بەدوای ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکراتدا دەگەڕێت، هەنگاوێکی ئەرێنی و هیوابەخشە؛ لەپێناو پێشخستنی ئەو ڕێگەچارەیەدا پێویستە هەنگاو بە هەنگاو مەیدانی دەوڵەت-نەتەوە بەرتەسک بکاتەوە و مەیدان و ئاسۆی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرفراوانتر بکات. بەڕاستی ئەگەر دەوڵەت-نەتەوەکانی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا دەیانەوێت لە پرسی کورد ڕزگاریان ببێت، ئەوا وەک هەنگاوی یەکەم پێویستە ڕێچکەیەکی هاوشێوەی یەکێتیی ئەورووپا بگرنەبەر. لەسەر ئەو بنەمایەش، پێگەی KCK بۆ ئاشتی و ڕێگەچارەی دیموکراتییانە لەبار و گونجاوە. پرۆژە، سیاسەت و تاوانەکانی کۆمەڵکوژیی کولتووریی شاراوە کە ئەو دەوڵەتانە بەسەر کورددا دەیسەپێنن، کۆسپی بەردەم ئاشتی و ڕێگەچارەی دیموکراتین. لە حاڵەتێکدا دەستبەرداری ئەو داسەپاندنانە بن و شانبەشانی نەتەوەی دیموکرات ئابووریی بازاڕی کۆمەڵایەتی کە ئامانجەکەی سنووردارکردنی قازانجە و

پیشەسازیی ئیکۆلۆژی و فاکتەرە سەرەکیەکانی دیکەی مۆدێرنیتەی دیموکراتی پەسند بکەن، لە ناو سیستەمدا جێی بکەنەوە و بە پێگەیەکی (دەستووری دیموکراتی)ی بگەیەنن، ئەوا ڕێگەی ئاشتیی هەمیشەیی و ڕێگەچارەی دیموکراتییانە دەکرێتەوە.

**هـ)** ئەو ڕێگەچارەیەی هەژموونگەرایی سەرمایەداریی جیهانی لە چوارچێوەی «پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوینی مەزن»دا بەسەر دەوڵەت-نەتەوەکانی پەیڕەوکاریی کۆمەڵکوژیی کولتووریدا دەیسەپێنێت، لە دوو لایەنەوە هەوڵی پێشخستنی دەدرێت. لایەنی یەکەم، قەوارەی دەوڵەت-نەتەوەی فیدراڵیی کوردە کە ناوەندەکەی هەولێرە و وەک یەکەمین هەنگاوی ڕێگەچارەی دەوڵەت-نەتەوەی درێژخایەن جێبەجێ دەکرێت. لایەنی دووەم، ڕێگەچارەی پرسی کوردە لەسەر بنەمای ‹مافە تاکەکەسی و کولتوورییەکان› کە ناوەندەکەی ئامەد (دیاربەکر)ە. ئەو پرۆژەیەی ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا کە بە تایبەتی لەمیانەی حکومەتی ئاکەپەوە هەوڵی جێبەجێکردنی دەدەن، ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، هەوڵ دەدرێت بە شێوەیەکی هەمەگیر و تەواوکەر لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵیی کوردی هەولێردا جێبەجێ بکرێت. وەک باجێکی لەناوبردن و ڕزگاربوون لە ڕێگەچارەی دیموکراتییانە کە لە PKK و KCKدا بەرجەستەیە، ئەو دوو ڕێگەیەی ڕزگاربوون بەسەر دەوڵەت-نەتەوەکانی پەیڕەوکارانی کۆمەڵکوژیی کولتووریدا دەسەپێنێت. لەبەر ئەوەی پشتگیریی گەلی لە پشتەوە نییە، ئەو پرۆژەیەی هەژموونگەرایی سەرمایەداری جیهانی دەیسەپێنێت، دەرفەتی سەرکەوتنی کەمە.

هەر لەو ڕوانگەیەوە، هەر لە ئێستاوە لە سەدەی بیستویەکەمدا کوردستان بووە بە ناوەندی شۆڕش و دژەشۆڕش؛ لاوازترین ئەڵقەی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییە. پرسە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی گەلی کوردستان بە ڕادەیەک قورس بوون کە بە ڕەچەتە لیبراڵییەکان و دیماگۆژیەتی مافە کەسی و کولتوورییەکان پەردەپۆش ناکرێت. کاتێک پرسی کورد بابەتی باس بێت، ئیتر ڕژێمی دەوڵەت-نەتەوە کە ڕێگەی لە پێش کردەوە و تاوانگەلێک کردەوە کە بە ئاستی کۆمەڵکوژی کولتووری گەیشت، سەبارەت بە نەتەوە دەسەڵاتدارەکان بێت یاخود ژێردەستەکان، چیتر کێشەکان چارەسەر ناکات، بەڵکو لە مێژە دەوڵەت- نەتەوە خۆی بووە بە سەرچاوەی کێشەکان. ئەو دەوڵەت-نەتەوەیەی ئیتر بۆ مۆدێرنیتەی سەرمایەداریش بووە بە کێشە، تا دێت زیاتر هەڵدەوەشێتەوە. پەرەسەندنەکانی نەتەوەی دیموکرات کە میانڕەوترن، لە سەرووی پەرەسەندنە چارەسەرئامێزەکانی سەردەمەکەمانەوە دێن. مۆدێرنیتەی دیموکراتیش گوزارشتی تیۆریی و هەنگاوە کردارییەکانی ئەو جۆرە پەرسەندنانەیە. کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) بەو سیفەتەی گوزارشتی بەرجەستەی وەرچەرخانە نیشتیمانی-دیموکراتییەکانی کوردستانە، ڕێگەی ڕێگەچارەی مۆدێرنیتەی دیموکراتییانە لە خۆرهەڵاتی ناوین ڕۆشن دەکاتەوە.

و) لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا ڕێگەچارەی KCK بە دووڕیانێک گەیشتووە؛ یان چارەسەرکردنی پرسەکان لە ڕێگەی ئاشتی و سیاسەتی دیموکراتییانە، ئەویش لەمیانەی «دەستووری دیموکراتییانە» بەدی دێت؛ لە دۆخێکی وەهاشدا دەوڵەت-نەتەوە پەیوەندیدارەکان تەنها

بـە دەسـتبەردان لـە سیاسـەتی نکۆڵـی و قڕکـردن ناوەسـتن، بەڵکـو پێناسـە واقیعیەکـەی پرسـەکە پەسـند دەکـەن و لـە دەسـتووری گەردوونیـی دیموکراتیکـدا بـەدوای چارەسـەردا دەگەڕێـن، لەگـەڵ موخاتەبەکانیـان و لایەنـە پەیوەندیـدارەکان بـە یەکـەوە نـاوەڕۆک و شـێوازی دەسـتووری دیموکراتیانە دادەنێـن. ئـەو ڕێگەچارەیـەی یەکێتـی دەوڵـەت و نەتـەوەکان دەسـتەبەر دەکات، پێویسـتی بـە وەرچەرخانـی دیموکراتییانـەی ڕادیـکاڵ هەیـە. بـەڵام ئەگـەر ئـەو ڕێگەچارەیـە بـە سـووربوونەوە بەربەسـت بکرێـت، ئـەوا ڕێگـەی بونیادنـان و پاراسـتنی ئۆتۆریتـەی دیموکراتییانـە دەمێنێتـەوە کـە کەجەکـە یەکلایەنـە و بـە شـێوازێکی شۆڕشـگێڕانە بونیـادی دەنێـت. چەندیـن فاکتـەری سـەرکەوتنی ئـەو ڕێگەیـەش لـە ئـارادان. ڕێبەرنامـە ئایدیۆلـۆژی و سیاسـییە ئەزموونـداره سـی ساڵییەکەی PKK، هەروەهـا پشـتگیرییە بەهێزەکـەی گـەل بـۆ شـەڕی شۆڕشـگێڕی، لەگـەڵ هێـزە سـەربازییەکەی کـە لـە هـەر شـوێن و ناوچەیـەک بێـت توانـای بەرگریـی خۆیـی هەیـە و تـۆڕە بەرفراوانەکانـی پەیوەنـدی لـە نـاوەوە و دەرەوە دەرفـەت بـە KCK دەدەن نەتـەوەی دیموکـرات ئـاوا بـکات، بـە ڕێـوەی ببـات و بەرگریشـی لـێ بـکات. ئـەو ڕێگەیـە جارێکـی دیکـە دووچـاری ئـەو بنبەسـتبوونە نابێـت کـە پێشـتر ڕووی دابـوو. لەبـەر ئـەوەی لەجیاتیـی دەوڵەت-نەتـەوە ئامانجەکـەی نەتـەوەی دیموکراتـە، وەک چـۆن بـەردەوام لایەنگـری ئاشـتی و چارەسـەرکردنە و بـۆ دیالـۆگ و دانوسـتاندن لەگـەڵ هێزەکانـی دەوڵەت-نەتـەوەدا کراوەیـە، ئەگـەر لـەو بـوارەدا سـەرکەوتوو نەبێـت، لەسـەر ڕێگەکـەی و بـە هێـزی خۆیـی درێـژە بـە بونیادنانـی نەتـەوەی دیموکـرات دەدات و دەشـزانێت چـۆن ئاڕاسـتەی بـکات و بیپارێزێـت.

**ج- KCK و ڕەهەندەکانی نەتەوەبوونی دیموکراتی:**

لـە مافـی چـارەی خۆنووسـینی نەتەوەکانـدا، سـەبارەت بە پرسـی کـورد، کەجەکـە گوزارشـت لە ڕاڤە دیموکراتییـە نادەوڵەتیەکـەی دەکات. پێویسـتە ئەمـەش وەک گۆڕانکاریەکی ڕیشـەیی چارەسـەرکردنی پرسـی نەتەوەیی-نیشـتیمانی هەڵبسـەنگێنرێت. چونکـە ئـەو کێشـە نیشـتیمانی -نەتەوەییانـەی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری ڕێگـەی لـە پێـش کردووەتـەوە، بـەردەوام لەمیانـەی دونیابینـی و زهنیەتی میللیگەرایـی و دەوڵەت-نەتـەوەوە هەوڵـی چارەسـەرکردنیان دراوە. خـودی دەوڵەت-نەتـەوە وەک سـەرەکیترین فاکتـەری چارەسـەر خراوەتـە ڕوو. کاتێـک باسـی پرسـی نەتەوەیی-نیشـتیمانی دەکرێت، دەسـتبەجێ بۆچوونـی ‹بـا ئێمـەش ببینـە خاوەنـی دەوڵەت-نەتەوەیـەک› بـە بیـری مرۆڤـدا دێـت. تەنانـەت وای لـێ هاتـووە دەوڵـەت بـۆ هـەر ئەتنیـک و قەومیەتێـک بیـری لـێ بکرێتـەوە. ئـەوەی ئـەو تێڕوانیـن و هەڵوێستەشـی داهێنـا بـە تایبەتـی ئینگلتـەڕا بـوو کـە لەسـەر ئاسـتی دونیـا هەوڵـی هەژموونگەرایـی دەدا، دەیویسـت کۆسـپی دەوڵەتـە گەورەکانـی لـە جـۆری ئیمپراتۆریـەت و دەوڵەتـە بچووکەکانـی لـە جـۆری دەوڵەتشـار بـە لاوە بنێـت و سیاسـەتی «پەرتکـە و زاڵبـە» پەیـڕەو بـکات. چونکـە دەوڵەت-نەتـەوە ڕێکخسـتنێکی دەسـەڵاتە لەسـەر بنەمـای سیسـتەمی سـەرمایەداریی؛ گونجاوتریـن ڕێکخسـتنی دەوڵەتـە بـۆ بەدەسـتهێنانی زۆرتریـن قازانـج و ئیندوسـتریالیزم. لەپێنـاو

خوێندنـەوە و تێگەیشـتنێکی ڕاسـت دەرهـەق بـە دەوڵەت-نەتـەوەکان، پێویسـتە شـیکردنەوەیەکی ڕاسـت سـەبارەت بـە پێگەکەیـان لـە نـاو سیسـتەمی هەژموونگەرایـی و پەیوەندییەکەیـان بـە سـەرمایەداریی و پیشەسـازیگەراییەوە بکرێـت. دەوڵەتێـک بـۆ هـەر ئەتنیـک یاخـود مەزهـەب و قەومێـک بـە واتـای جیهانگیریـی سـەرمایەدارییە، لـەو سـۆنگەیەوە، مانـای کۆمەککردنـی زیادکردنـی قۆسـتنەوە و وێرانکردنـی ژینگەیـە بـۆ بەرزتریـن ئاسـت. هەربۆیـە بـە سـووربوونەوە پێداگریـمان لەسـەر ئـەو خاڵـە کـردووە کـە لـە بنەڕەتـدا ئـەو مەیلـەی کۆمەککـردن بـوو سۆسـیالیزمی بونیادنـراوی بـەرەو هەڵوەشـانەوە بـرد. هەروەهـا هەوڵـی شـیکردنەوەی ئـەو ڕاستیەشـمان دا کـە لـە ناوەڕۆکـدا ئـەو هەڵوێسـتە سـەرچاوەی بنبەسـتبوونی PKK بـوو سـەبارەت بـە پرسـی نەتەوەیـی کـە لـە سـەردەمی دەرکەوتنیـدا سۆسـیالیزمی بونیادنـراوی بـە بنەمـا گرتبـوو. ئاماژەمـان پێکـرد کـە لـەو بارەیـەوە، PKK لەمیانـەی ڕەخنـە لەخۆگرتنێکـەوە وەرچەرخانـی پێویسـتی کـرد. ڕێبـازی سـەرەکیی وەرچەرخـان سـەبارەت بـە پرسـی نەتەوەیـی، دوورکەوتنەوەیـە لـە ڕێگەچـارەی دەوڵەت-نەتـەوە و بەبنەماگرتنـی ڕێگەچـارەی دیموکراتییانەیـە وەک ئەڵتەرناتیڤێـک. خـودی ڕێگەچـارەی دیموکراتییانـە لـە دەرەوەی دەوڵـەت-نەتـەوەش گوزارشـت لـە دیموکراتیزەبوونـی کۆمەڵگـە دەکات. چونکـە وەک دەسـتەواژە دەوڵـەت-نەتـەوە و سـەرمایەداریی وەک سـەرچاوەی کێشـەکان هەڵدەسـەنگێنێت، نـەک بـۆ ڕێگەچـارەی پرسـە کۆمەڵایەتییـەکان.

بەسـتنەوەی چارەسـەرکردنی پرسـە نەتەوەیـی و کۆمەڵایەتییـەکان بـە دەوڵـەت-نەتـەوەوە زۆردارتریـن لایەنـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەدارییە. چونکـە چاوەڕوانیکردنـی چارەسـەر لـە ئامرازێـک کـە خـۆی سـەرچاوەی کێشـەکانە، ڕێگـە لـە پێـش گەورەبوونـی بێسـنووری کێشـەکان و کائیـوس دەکاتـەوە. خـودی سـەرمایەداری قەیراناویتریـن قۆناغـی سیسـتەمی شارسـتانییەتە. دەوڵـەت-نەتـەوەش کـە لـەو قۆناغـە قەیراناوییـەدا دەکەوێتـە بەرنامـەی کارەوە بەرزتریـن شـێوەی ڕێکخسـتنی توندوتیژییـە کـە بـە درێژایـی مێـژووی کۆمەڵگـە پـەرەی پـێ دراوە. مانـای گەمارۆدانـی تـەواوی کۆمەڵگەیـە لـە لایـەن توندوتیژیـی دەسـەڵاتەوە؛ ئـەو ئامرازەیـە کـە سـەرمایەداریی هـەوڵ دەدات لـە ڕێگەیـەوە ئـەو کۆمەڵگـە و ژینگەیـە کۆنـترۆڵ بـکات کـە لەمیانـەی ئیندوسـتریالیزم و زۆرتریـن قازانجـەوە هەڵـی وەشـاندوونەتەوە. ئەگـەر ڕێکخسـتنێکی توندوتیـژی لـە چەشـنی دەوڵـەت-نەتـەوە نەبێـت، یاسـاکانی کەڵەکەکردنـی سـەرمایە کار ناکـەن و ئیندوسـتریالیزمیش بـەردەوام نابێـت. لـە سـەردەمی سـەرمایەداریی فینانسـی جیهانیـدا کـە دوایـن قۆناغـە پێـی گەیشـتووین، کۆمەڵگـە و ژینگـە ڕووبـەڕووی پەرتەوازەبوونێکـی تـەواو بوونەتـەوە. ئیـتر ئـەو قەیرانانـەی سـەرەتا کاتـی و خوولـی بـوون، کارەکتەرێکـی هەمیشـەیی و بونیادییـان وەرگرتـووە. لـە دۆخێکـی وەهـادا خـودی دەوڵەت-نەتـەوەش بـووە بـە کۆسـپێک کـە بـە تەواوی سیسـتەمی قوفـڵ کـردووە. بەمجـۆرە تەنانەت سـەرمایەداریش کـە بـۆ خـۆی بونیادێکـی قەیراناوییـە، ڕزگاربوونـی لـە بەربەسـتی دەوڵەت-نەتـەوە خسـتووەتە بەرنامـەی سـەرەکیی خۆیـەوە. چونکـە باڵادەسـتی دەوڵەت-نەتـەوە تەنهـا سـەرچاوەی کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان نییـە، بەڵکـو لـە هەمـان کاتـدا سـەرەکیترین کۆسـپی بـەردەم چارەسەریشـە.

سیستەمێک کە سەبارەت بە چینی سەرمایەداریی باڵادەست بەم جۆرەیە، کاتێک وەک ئامرازێکی چارەسەر بۆ کۆمەڵگە، گەلان و ڕەنجدەران ببینرێت، پێچەوانەی سروشتی کۆمەڵگەیە، بگرە مانای نکۆڵیکردنە لە سروشتی کۆمەڵگە. هەم بە هۆی پێویستیی سروشتی کۆمەڵگە، گەلان و ڕەنجدەران، هەم بە هۆی کۆسپی دەوڵەت-نەتەوەی سیستەمی هەژموونگەرایی لە چارەسەرکردنی گرنگترین بەشی پرسە کۆمەڵایەتییەکانە، واتە لە چارەسەرکردنی پرسە نەتەوەیی-نیشتیمانییەکاندا، پێویستە مۆدێلی دیموکراتییانە بە بنەما بگیرێت.

مۆدێلی ڕێگەچارەی دیموکراتییانە تەنها ڕێگەیەکی چارەسەر نییە، بەڵکو شێوازی سەرەکیی چارەسەرە. ئەگەر سۆسیالیزم و بزاڤەکانی ڕزگاریی نیشتیمانی خوازیاری بەدەستهێنانی سەرکەوتنن، پێویستە لە دەرەوەی دیموکراسی لە ئامرازەکانی چارەسەر نەگەڕێن. چونکە هەر جۆرە مەیلێکی دیکتاتۆرییەت، ئینجا ئەوە ڕاستڕەو، چەپڕەو یان ناوەندی بێت، تەنها بێچارەیی قووڵ دەکاتەوە؛ سەرمایەداری دەکات بە تالانکار، چلێس و وەهمیتر. پێویستە مۆدێلی ڕێگەچارەی دیموکراتییانە وەک دۆخی وەرچەرخان یان گۆڕانی دەوڵەت-نەتەوەی ناوەندی بۆ شێوە فیدراڵی یاخود کۆنفیدراڵییەکان نەبینرێت. واتە دۆخی فیدراڵی و کۆنفیدراڵی دەوڵەت-نەتەوە ڕێگەچارەی دیموکراتییانە نین، بەڵکو ڕێگەچارەی شێوە جیاوازەکانی دەوڵەتن، هەر بۆیەش جگە لە قورسکردن و چڕکردنەوەی کێشەکان، ڕۆڵێکی دیکە نابینن. لەوانەیە گۆڕانی دەوڵەت-نەتەوەی ناوەندیی وشک بۆ شێوە فیدراڵی و کۆنفیدراڵییەکان لە چوارچێوەی لۆژیکی سیستەمی سەرمایەداریدا کێشەکان نەرم بکات و تا ڕادەیەکیش چارەسەر بەدی بێنێت، بەڵام ڕێگە لە پێش چارەسەری ڕیشەیی ناکاتەوە. دەکرێ شێوەکانی فیدراڵی و کۆنفیدراڵی وەک ئامرازەکانی چارەسەری نێوان هێزەکانی ڕێگەچارەی دیموکراتییانە و هێزەکانی دەوڵەت-نەتەوە تاقی بکرێتەوە. بەڵام چاوەڕوانیکردنی چارەسەرێکی ڕیشەیی لەژێر ناوی بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەدا، جارێکی دیکە خۆخەڵەتاندنە. وەک ئاگادارین، ئەو شێوە دەوڵەتەی بە دەوڵەتی ڕزگاریی نیشتیمانی یاخود دەوڵەتی سۆسیالیستیی بونیادنراو ناوی دەبەین، ئەو دەوڵەت-نەتەوەیەیە کە بە دەمامکی چەپ داپۆشراوە. چونکە ئاشکرا بووە کە ئەوانە سیستەمی لەبارن بەرەو دیکتاتۆرییەت و فاشیزم.

پێویستە بە گرنگییەوە ئاماژە بۆ ئەو خاڵە بکرێت کە مۆدێلی ڕێگەچارەی دیموکراتییانە بە تەواوی لە دەوڵەت-نەتەوە سەربەخۆ نییە. چونکە دەشێت دیموکراسی و دەوڵەت-نەتەوە وەک دوو دەسترۆیی و دەسەڵات لەژێر هەمان چەتری سیاسیدا ڕۆڵ ببینن. دەستووری دیموکراتییانە سنووری چالاکیی و نفوزی هەردووکیان دەستنیشان دەکات. لەگەڵ ئەوەی یەکێتیی ئەورووپا هەندێک هەنگاوی بەو ئاڕاستەیەدا هاوێشتووە، وەلێ لایەنە زاڵ یان باڵادەستەکە دەوڵەت-نەتەوەیە. بەڵام لە تەواوی دونیادا گوزەرکردن بە ئاڕاستەی تێپەڕاندنی دەوڵەت-نەتەوەیە. چونکە گرنگترین وەرچەرخانی دونیا پشت بە تێپەڕاندنی تیۆریی و کرداریی دەوڵەت-نەتەوە دەبەستێت. لەو سۆنگەوە ڕێگەچارەی دیموکراتییانە چەندەی بتوانێت خۆی بکات

بــە ئۆتۆنــۆم و سیســتەماتیک، بــەو ڕادەیــە دەتوانێــت کۆمــەک بــە وەرچەرخانــی سیاســی بــکات. هەروەهــا وەرچەرخانــی دەوڵەت-نەتــەوە بــە ئاڕاســتەی ئەرێنــی، لــە نزیکــەوە گرێــدراوی بەدیهاتنــی دیموکراتیزەبــوون، خۆبەڕێوەبردنــی دیموکراتییانــە، بونیادنانــی نەتــەوەی دیموکــرات، دیموکراســی خۆجێیــی و کولتــووری دیموکراســییە.

لــە پرســی کــورددا، کەجەکــە گوزارشــتی بەرجەســتەی ڕێگەچــارەی دیموکراتییانەیــە. چونکــە لــە هەڵوێســتە بــاو و نەریتییــەکان جیاوازتــرە. چارەســەر لــە وەرگرتنــی پشــک لــە دەوڵەتــدا نابینێــت. تەنانــەت بــە مانــای ئۆتۆنۆمیــش هەڵپــەی بونیادنانــی دەوڵەتــی نییــە. وەک چــۆن ئاواکردنــی دەوڵەتی فیدراڵــی و کۆنفیدراڵــی ناکاتــە ئامانجــی خــۆی، وەک ڕێگەچــارەی تایبــەت بــە خۆیشــی نایانبینێــت. بــەڵام ســەرەکیترین داواکاریەکــەی لــە دەوڵــەت، دداننانــە بــە مافــی خۆبەڕێوەبــردن و ئیــرادەی ئازادی کــوردان و بەربەســتنەکردنی کۆمەڵگەبوونــی نەتــەوەی دیموکــرات. بــە ڕاســتیش ئەگــەر دەوڵــەت-نەتــەوە دەســەڵاتدارەکان نــەک بــە زارەکــی، بەڵکــو بــە کــردەوە پابەنــدی پرەنســیپی دیموکراســی بــن، ئــەوا ئەگــەر پشتیوانیشــی لــێ نەکــەن، پێویســتە ڕێگریــی لــێ نەکــەن و قەدەغەکاریــی لــە پێــش دانەنێــن.

دەوڵــەت یاخــود حکومەتــەکان ڕێگەچــارەی دیموکراتییانــە پــەرە پێنــادەن، بەڵکــو هێــزە کۆمەڵایەتییــەکان لــە بەرامبەر چارەســەردا بەرپرســن. هەربۆیە هێــزە کۆمەڵایەتییەکان لــە چوارچێوەی دەســتووری دیموکراتییانــەدا هەوڵــی ڕێککەوتــن لەگــەڵ دەوڵــەت یاخــود حکومەتــەکان دەدەن. واتــە دابەشــکردن و هاوبەشــێتی بەڕێوەبەرایەتیــی لــە نێــوان هێــزە کۆمەڵایەتییــە دیموکراســیخوازەکان و هێزەکانــی دەوڵــەت یاخــود حکومــەت لــە ڕێگــەی دەســتوورەوە دەستنیشــان دەکرێــت. وەک چــۆن داواکردنــی بەڕێوەبەرایەتیــی ڕەهــای دەوڵــەت یــان داواکردنــی دیموکراســیی ڕەهــا واقیعــی نییــە، لەگــەڵ ڕۆحــی چارەسەریشــدا ناکۆکــە.

ڕێگەچــارەی دیموکراتییانــە لــە ناوەڕۆکــدا دیــاردەی بــوون بــە نەتــەوەی دیموکــرات و خۆبونیادنانــی کۆمەڵگەیــە بــە شــێوەی کۆمەڵگــەی نیشــتیمانی-نەتەوەی دیموکــرات. واتــە مانــای پرۆســەی نەتەوەبــوون یــان دەرچــوون لــە نەتەوەبــوون بــە دەســتی دەوڵــەت نییــە، بەڵکــو بەکارهێنانــی مافــی خۆبونیادنانــی کۆمەڵگەیــە وەک نەتەوەیەکــی دیموکــرات. لــە حاڵەتێکــی وەهــادا پێویســتە ســەرلەنوێ نەتــەوە پێناســە بکرێتــەوە. بــەر لــە هەمــوو شــتێک پێویســتە بڵێیــن کــە نەتــەوە تاکــە پێناســەیەکی نییــە. کاتێــک بــە دەســتی دەوڵەت-نەتــەوە ئــاوا بکرێــت، ئــەوا گشــتیترین پێناســەی نەتــەوە، نەتەوەی دەوڵەتــە. ئەگــەر ئابــووری فاکتــەری یەکبــوون بێــت، ئــەوا دەشــێت بــە نەتــەوەی بازاڕیــش نــاو ببرێت. هەرچــی ئــەو نەتەوەشــە کــە یاســا تێیــدا ســەروەرە، نەتــەوەی یاســایە. هەروەهــا دەکــرێ ناوەکانــی نەتــەوەی سیاســی و کولتووریــش بەکاربهێنرێــت. هەرچــی ئــەو کۆمەڵگەیــە کــە ئاییــن کــۆی دەکاتــەوە و یەکیدەخــات، بــە میللــەت (ملــة) نــاو دەبرێــت. ئوممەتیــش کــۆی ئــەو میللەتانەیــە کــە هەمــان ئاییــن کۆیــان دەکاتــەوە. هەرچــی نەتــەوەی دیموکراتــە، ئــەو کۆمەڵگــە هاوبەشــەیە کــە تــاک و جڤاتە ئــازادەکان بــە ئیــرادەی خۆیــان پێکیــان هێنــاوە. هێــزی یەکبــوون و یەکگرتــن لــە نەتــەوەی دیموکراتدا

ئیرادەی ئازادی جڤات و تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە بڕیاری ئەندامبوونی هەمان نەتەوە (ئوممە)یان داوە. هەرچی ئەو چەمکەیە کە نەتەوە بە زمان، کولتوور، بازاڕ و مێژووی هاوبەش دەبەستێتەوە، نەتەوەی دەوڵەت پێناسە دەکات و ناشێت بگشتێنرێت، واتە ناشێت وەک چەمکی یەک نەتەوە بگشتێنرێت و ڕەها بکرێت. ئەو چەمکەی نەتەوە کە سۆسیالیزمی بونیادنراویش پەسندی کردبوو، دژی نەتەوەی دیموکراتە. بە تایبەتی ئەو پێناسەیەی ستالین سەبارەت بە ڕووسیای سۆڤێتی خستیە ڕوو، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت. تا ئەو پێناسەیەی نەتەوە تێ نەپەڕێنرێت کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری کردوویەتی بە ڕەها، ئەوا بنبەستبوونی تەواوەتیی چارەسەرکردنی پرسە نەتەوەیی-نیشتیمانییەکان بەردەوام دەبێت. بەردەوامیی پرسە نەتەوەیی-نیشتیمانییە قورسەکان بە درێژایی سێ سەدە لە نزیکەوە گرێدراوی ئەو پێناسە ڕەهاو ناتەواوەیە.

ئەو جۆرە کۆمەڵگە نەتەوەییانەی مەحکومی سنوورە وشکەکانی دەوڵەت-نەتەوە کراون و دەسەڵاتیش بۆ ناو بچووکترین خانەکانیان دزەی کردووە، بەهۆی بۆردوومان کردنیان بە ئایدیۆلۆژیا میلیگەرا، ئایینگەرا، ڕەگەزگەرا و پۆزەتیڤیستەکانەوە بێهۆش کراون. واتە مۆدێلی دەوڵەت-نەتەوە بە تەواوی تەڵە و تۆڕێکی سەرکوتکردن و قۆستنەوەی کۆمەڵگەکانە. کەچی دەستەواژەی نەتەوەی دیموکرات ئەو پێناسەیە سەراوژێر دەکاتەوە. پێناسەی نەتەوەی دیموکرات گرێدراوی سنووری وشکی سیاسی، ڕاڤەی یەک زمان، یەک کولتوور، یەک ئایین و یەک مێژوو نییە، بەڵکو گوزارشت لە ژیانی هاوبەش و هاوکاریی جڤات و هاووڵاتییە ئازاد و یەکسانەکان دەکات. تەنها لەمیانەی مۆدێلێکی لەم چەشنەی نەتەوەوە کۆمەڵگەی دیموکراتی ئاوا دەکرێت. هەرچی دەوڵەت-نەتەوەیە بە حوکمی سروشتی خۆی، بەرامبەر دیموکراسی داخراوە، گوزارشت لە هیچ یەکێک لە واقیعە خۆجێیی و گەردوونییەکان ناکات؛ بە پێچەوانەوە، مانای نکۆڵیکردنە لە خۆجێیی و جیهانی. چونکە هاووڵاتێتیی کۆمەڵگەی هۆمۆژین و یەک چەشنکراو مردنی مرۆڤە. لە بەرامبەر ئەوەشدا، نەتەوەی دیموکرات دەرفەتی بونیادنانەوەی خۆجێیی و جیهانی دەڕەخسێنێت و دەرفەت بە خۆگوزارشتکردنی واقیع و ڕاستینەی کۆمەڵایەتی دەدات. سەرجەم پێناسەکانی دیکەی نەتەوە لە نێوان ئەو دوو مۆدێلە سەرەکییەدا جێگیر دەبن.

هەرچەندە مۆدێلەکانی ئاواکردنی نەتەوە پێناسەی بەرفراوانیان هەبێت، بەڵام دەکرێ پێناسەیەکی گشتیش بخرێتە ڕوو کە هەموویان بگرێتەوە؛ ئەویش ئەو پێناسەیە کە دەڵێ نەتەوە پەیوەست بە زهنیەت، هۆشیاریی و باوەڕییە. لەو حاڵەتەدا نەتەوە جڤات یان کۆی ئەو خەڵک و مرۆڤانەیە کە خاوەنی دونیایەکی زهنی هاوبەشن. لەو پێناسەیەی نەتەوەدا زمان، ئایین، کولتوور، بازاڕ، مێژوو و سنوورە سیاسییەکان بابەتی دیاریکەر نین، بەڵکو ئەوانە تەنها ڕۆڵێکی جەستەیی دەبینن. لە بنەڕەتدا، پێناسەکردنی نەتەوە لەسەر بنەمای دۆخێکی زهنی و زەینیەتە کە کارەکتەرێکی دینامیکی لە خۆ دەگرێت. لە کاتێکدا لە نەتەوەی دەوڵەتدا ناسیۆنالیزم مۆرکی خۆی لە زهنیەتی هاوبەش دەدات، لە نەتەوەی دیموکراتدا هۆشیاریی

ئـازادی و هاوکارییـه. بـەڵام ئەگـەر نەتـەوەکان تەنهـا لەمیانـەی دۆخـی زهنیـەت و زەینیەتیانـەوە پێناسـە بکرێـن، ئـەوا پێناسـەیەکی ناتـەواوە. وەک چـۆن ناشـێت زهنیـەت بەبـێ جەسـتە هەبێـت، ناکـرێ نەتەوەکانیـش بەبـێ جەسـتە هەبـن. دامـەزراوەی دەوڵـەت جەسـتەی نەتەوەکانـی خـاوەن زهنیەتـی ناسیۆنالیسـتی و میللیگەراییـن. بـەم هۆیەشـەوە، واتـە بەهـۆی ئـەو جەسـتەیانەوە، ئـەو چەشـنە نەتەوانـە بـە نەتـەوەی دەوڵـەت نـاو دەبرێـن. بـەڵام کاتێـک دامەزراوەکانـی یاسـا یاخـود ئابـووری لـە پێـش بـن، بـە ئامانجـی جیاکردنـەوەی ئـەو نەتەوانـە، دەشـێ بـە نەتـەوەی یاسـا یاخـود بـازاڕ نـاو ببرێـن. هەرچـی خۆبەڕێوەبەرێتـی (خۆسـەری)ی دیموکراتییانەیـە جەسـتەی ئـەو نەتەوانەیـە کـە خـاوەن زهنیەتـی ئـازادی و هاوکاریـن. واتـە لـە بنەڕەتـدا خۆسـەریی دیموکراتییانـە مانـای خۆبەڕێوەبردنـی ئـەو تـاک و جڤاتانەیـە کـە خـاوەن زهنیەتـی هاوشـێوە و ئیـرادەی خۆیانـن. دەشـێ ئـەوەش بـە ئۆتۆریتـە (نفـوز) یاخـود بەڕێوەبەرێتیـی دیموکراتـی نـاو بنرێـت. ئەمـەش پێناسـەیەکە بـۆ جیهانیبـوون کراوەیـە.

لەژێـر ڕۆشـنایی ئـەو پێناسـە گشـتییانە سـەبارەت بـە نەتـەوە، لـە چارەسـەرکردنی پرسـی نەتەوەیی-نیشـتیمانیی کـورددا «کەجەکـە» هەڵوێسـتەکانی نەتـەوەی دەوڵـەت ڕەت دەکاتـەوە و لەمیانـەی خۆسـەریی دیموکراتییـەوە ئاواکردنـی مۆدێلـی نەتـەوەی دیموکـرات، مافـی نەتەوەبوونـی کـوردان یاخـود وەرچەرخانـی بـۆ دیـاردەی کۆمەڵگـەی نەتەوەیی-نیشـتیمانی بـە بنەمـا دەگرێـت. لێـرەدا پێناسـەی نەتەوەیەکـی یـەک جەسـتە لـە ئارادایـە کـە لەگـەڵ نەتەوەیەکـی تـر (وەک تـورک) بـۆ پێناسـەی نەتەوەیەکـی سـەروو کراوەیـە. دەشـێ پێناسـەی نەتـەوەی سـەروو بـە شـێوازێک فـراوان بکرێـت کـە چەندیـن نەتـەوە لـە خـۆ بگرێـت. دەکـرێ ئوممەتـی ئیسـلامی وەک نموونـەی بەرایـی ئـەو پێناسـەیە وێنـا بکـرێ. ئەگەرێکـی زۆر بەهێـزە زوو بێـت یـان درەنـگ، کولتـوورە کۆمەڵایەتییـە - کۆمەڵگەییەکانـی خۆرهەڵاتـی ناویـن لـە بۆتـەی نەتەوەیەکـی هاوبـەش، واتـە ئوممەتـی نۆژەنـدا ببـن بـە یـەک.

لـە چوارچێـوەی ئـەو دەسـتەواژە سـەرەکیانەدا، دەکـرێ نەتەوەبوونـی کـورد بـەر لـە هـەر شـتێک لـە دوو ڕەهەنـددا بیـری لـێ بکرێتـەوە. یەکەمیـان، ڕەهەنـدی زهنییـە. لێـرەدا باسـی ڕەهەنـدی ئـەو بوونانـە دەکەیـن کـە بەبـێ پشتگوێخسـتنی زمـان، کولتـوور، مێـژوو، ئابـووری و چڕبوونـەوەی ژمـارەی خۆیـان، لەمیانـەی هەسـتی هـاوکاری و هاوبەشـییەوە دۆخـی هۆشـیاریی دەرهـەق بـەو بـوارە سـەرەکییانە دەکەنـە یـەک و خاوەنـی هەمـان دونیـای زهنیـن (دونیـای زهنیەتـی هاوبـەش). پێـوەری سـەرەکیی ئـەو ڕەهەنـدە هاوبەشـێتیی زهنـی پـڕۆژە یـان خەیاڵـی دونیایەکـی ئـازاد و یەکسـانی پشتبەسـتوو بـە جیاوازییەکانـە. هەروەهـا دەشـێ ئـەو دونیایـەی زهنیـەت و زەینیـەت بـە یۆتۆپیـای کۆمیناڵـی یاخـود دونیـای کۆمیناڵـی تـاک و کەسـە ئازادەکانیـش نـاو ببرێـت. ئـەوەی لێـرەدا گرنگـە، ژیانکردنـی هەمیشـەیی زهنیەتێکـی ئـازادی و یەکسـانییە لـە بـواری ڕای گشـتی و دونیـای سیاسـی و ئەخلاقیـی کۆمەڵگـە کـە جیاوازییـەکان پەسـند بـکات: واتـە ئـەوەی لێـرەدا گرنگـە بیسـتوچوار کاتژمێـر ساتبەسـات ژیانکردنـە لەگـەڵ زهنیەتـی دیموکراتیـک. ڕەهەنـدی دووەم، ئـەو

جەستەیەیە کە دونیای زهنیەت پشتی پێ دەبەستێت. مەبەست لە جەستە، ڕێکخستنەوەی بوونی کۆمەڵگەییە بەگوێرەی دونیای زهنیەت. بەگوێرەی دونیای زهنیەت و زەینیەتی ئەو نەتەوەیەی بە هاوبەشی پشکداریی تێدا دەکرێت، چۆن کۆمەڵگە ڕێک دەخرێتەوە؟ کام پێوەری پەیکەرسازی سەبارەت بە بوونە جەستەییەکەی پەیڕەو دەکرێت؟ بە کورتی، ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەی سروشتی و ژینگەکەی ڕەهەندی جەستەیی پێناسە دەکات کە لە ڕابوردوو و نەریتەوە ماوەتەوە و مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بە شێوەیەکی نەخۆش، قەیراناوی، سەرکوتکاری و قۆستنەوە بەگوێرەی ئامانجی خۆی ڕێکی خستووە یاخود ئاڵۆز و تێکەڵی کردووە (پێویستە ئەو تاوان و کردەوانەشی بخرێتە سەر کە بە کۆمەڵکوژیی کولتووری دەگەن).

لەبەر ئەوەی ڕەهەندی زهنی و زەینی هەستی هاوکاری و دونیای خەیاڵ و هزری ئەو تاک و جڤاتانە پەیوەندیدار دەکات کە خوازیارن ببن بە نەتەوە، پێویستی بە ڕێکوپێککردنێکی سنووردار هەیە. لەو پێناوەشدا برەودان بە ڕاهێنانی زانستی، فەلسەفی و هونەریی (هەروەها ئایینیش) و کردنەوەی قوتابخانەکانیان لە سەرووی کار و خەباتە کردارییەکانەوە دێن؛ پەروەردەی زهنی و هەستی نەتەوەبوون ئەرکی ئەو قوتابخانەیەیە. هەروەها بە ڕادەی گرنگیدان بە بوونی کۆمەڵایەتی و مێژوویییەوە بەڵام تەوەرەی بنەڕەتی لێرەدا دەرککردنە بەو کولتوورە کۆمەڵایەتییەی پەیوەندیی بە ئێستا و سەردەمەوە هەیە، پشکداریکردن یان هاوبەشیکردنی لایەنە ڕاست، چاک و جوانەکان لەمیانەی هەست و هزری هاوبەشەوە مەرجە. بە کورتی، سەرەکیترین ئەرکی زهنیەت لە دۆخی بەرجەستەی KCKدا وێناکردنی کوردانە بە شێوەی نەتەوەیەک لە ڕووی دونیای هەست و هزری چاک، ڕاست و جوانیدا کە سەبارەت بە بوونی خۆیان هاوبەشێتی دەکەن. بە مانایەکی تر، بەنەتەوەبوونی کوردە لەمیانەی شۆڕشی زانستی، فەلسەفی و هونەرییەوە، داهێنانی دونیای هەست و هزری ئەو نەتەوەبوونەوەیە؛ هاوبەشێتیی ئازادانەی ڕوونکردنەوەی حەقیقەتی زانستی، فەلسەفی (ئایدیۆلۆژی) و هونەری واقیع و ڕاستینەی کوردە. ڕێگەی ئەمەش: بیرکردنەوەی ڕەسەن و خۆپەروەردەکردنە، هاوبەشێتیکردنی چاکە و ژیانکردنی جوانییە. ئەو خاڵە سەرەکییەی لە ڕەهەندی زهنییەوە داوا لە دەوڵەت-نەتەوە دەسەڵاتدارەکان دەکرێت، پابەندبوونی تەواویانە بە ئازادیی فیکر و ڕادەربڕینەوە. ئەگەر دەوڵەت-نەتەوەکان دەیانەوێ لە چوارچێوەی ژیانی هاوبەش لەگەڵ کورددا بژین، پێویستە ڕێز لە کورد بگرن تا بە ئیرادەی خۆیان و لەسەر بنەمای جیاوازییەکانیان دونیای هەست و هزریان ئاوا بکەن و بە کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی-نیشتیمانیی بگەیەنن، مسۆگەر پێویستە ئازادیی هزر و ڕادەربڕین بخەنە ژێر گەرەنتی دەستوورییەوە و پابەندبوونی تەواوەتیی خۆیان پیشان بدەن. چونکە ڕێگەی پێکهێنانی نەتەوە (الامة)یەکی هاوبەش بە پابەندبوونی تەواو بە ئازادیی فیکر و ڕادەربڕینەدا تێ دەپەڕێت.

دووەمین ڕەهەندی وەرچەرخان بۆ نەتەوەی دیموکرات (نەتەوەبوونی دیموکراتیک)، ڕێکخستنەوەی گەشەکردنی ماددیی (جەستەیی)ـە. خۆسەریی دیموکراتییانە بناغەی ڕەهەندی

جەستەییە. دەشێت خۆسەریی دیموکراتییانە لە چوارچێوەی بەرتەسک و فراوانیشدا پێناسە بکرێت. بە مانا بەرفراوانەکەی، خۆسەری (خۆبەڕێوەبردن)ی دیموکراتییانە گوزارشت لە نەتەوەی دیموکرات دەکات کە ڕەهەندگەلێکی هەیە بۆ چوارچێوەی بەرفراوان دابەش بووە. هەروەها دەشێ لەمیانەی ڕەهەندە کولتووریی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی، یاسایی، دیبلۆماسیی و...هتد بە فراوانی پێناسە بکرێت. بە مانا بەرتەسکەکەشی، خۆسەریی دیموکراتییانە گوزارشت لە ڕەهەندی سیاسی دەکات، بە جۆرێک لە جۆرەکان، مانای دەسترۆیی (ئۆتۆریتە) یاخود خۆبەڕێوەبەرێتیی دیموکراتی دەبەخشێت. ڕەهەندی خۆسەریی دیموکراتییانەی نەتەوەبوونی دیموکراتیک لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوەکان زۆر بەکێشەیە، چونکە دەوڵەت-نەتەوە دەسەڵاتدارەکان بە گشتی نکوڵی لە خۆسەریی دیموکراتییانە دەکەن، ئەگەر ناچار نەبن، نایانەوێت وەک مافێک دانی پێدا بنێن. هەربۆیە پەسندکردنی خۆسەریی دیموکراتییانە بناغەی ڕێککەوتنی کوردە لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوەکان. خۆسەریی دیموکراتییانە نزمترین ئاستی مەرجی ژیانی ژێر چەترێکی سیاسیی هاوبەشە لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوەکانی ئەتنیکی دەسەڵاتداردا. هەر بژاردەیەکی لەوە کەمتر، بە واتای چارەسەرکردنی کێشەکە نییە، بەڵکو بە واتای قووڵبوونەوەی بێچارەیی و زیادبوونی پێکدادانە. پڕۆژەی ‹مافە کولتوورییە تاکەکەسیەکان›ی لیبراڵەکان کە لەو سەردەمانەی دواییدا بە ئامانجی ئاسانتر بەڕێوەبردنی چینی کرێکار و کۆڵۆنییەکانیان بە تایبەت لە لایەن سەرمایەداریی ئینگلیزەوە خرایە ڕوو، لە کۆماری تورکیاش بە دەستی ئاکەپە هەوڵی جێبەجێکردنی دەدرێت. بەڵام ئەو پڕۆژەیە کە بە کولتووری خۆرهەڵاتی ناوین نامۆیە، تەنها خزمەت بە گەورەکردن و برەوپێدانی شەڕ و پێکدادان دەکات. هەرچی خۆسەریی دیموکراتییانەیە گونجاوترین پڕۆژەی چارەسەرە کە لە دژی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت-نەتەوە نەبێت. هەر بۆچوون و ئەزموونێک لەوە کەمتر بێت، خزمەتکردنە بە هەلومەرجی شەڕ و پێکدادانە.

دەکرێ ڕێگەچارەی خۆسەریی دیموکراتییانە لە دوو ڕێگەوە جێبەجێ بکرێت: ڕێگەی یەکەم، ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوەکان بە بنەما دەگرێت و گوزارشتی بەرجەستەی خۆیشی لە ڕێگەچارەی دەستووری دیموکراتیدا دەبینێتەوە. لەو ڕێگەیەدا میراتی کۆمەڵایەتی - مێژوویی گەلان و کولتوورەکان ڕێزی لێ دەگیرێت. خۆگوزارشتکردنی ئەو میراتە و ئازادیی ڕێکخستنیان بە مافێکی بنەڕەتی دەستووری دادەنێت. خۆسەریی دیموکراتییانەش پرەنسیپی سەرەکیی ئەو مافانەیە. سەرەکیترین مەرجەکانی ئەو پرەنسیپەش ئەوەیە: دەبێ دەوڵەت-نەتەوەی دەسەڵاتدار دەستبەرداری هەر جۆرە سیاسەتێکی نکوڵی و قڕکردن بێت، نەتەوە ژێردەستەکەش دەستبەرداری فیکری ئاواکردنی دەوڵەت-نەتەوەی خۆی بێت، بە واتایەکی تر ئەگەر هەردوو نەتەوەش دەستبەرداری ئەو جۆرە مەیلە دەوڵەتگەراییانە نەبن، جێبەجێکردنی پڕۆژەی خۆسەریی دیموکراتییانە ئەستەمە. ئەو قۆناغەی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا دوای ئەزموونی سێسەد ساڵەی دەوڵەت-نەتەوەکانیان پێی گەیشتن، ئەوەیە کە خۆسەریی دیموکراتییان وەک باشترین مۆدێلی چارەسەرکردنی پرسە ناوچەیی، نەتەوەیی و کەمینەکان پەسند کردووە.

سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کوردیش سەرەکیترین ڕێگەی بەپرەنسیپ و مانادار بە پەسندکردنی خۆسەریی دیموکراتیدا تێ دەپەڕێت کە پشت بە جوداخوازی و توندوتیژی نابەستێت. جگە لەوە سەرجەم ڕێگەکانی تر یان کێشەکان پشتگوێ و دوا دەخەن و بەم جۆرەش بنبەستبوونەکە قووڵتر دەکەنەوە، یانیش بەرەو دژواربوونی شەڕ و جیابوونەوە دەچێت. مێژووی پرسە نەتەوەیی-نیشتیمانییەکان پڕن لەو چەشنە نموونانە. وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپاش کە پێشتر نیشتیمانی شەڕە نەتەوەیی-ئەتنیکییەکان بوو، بە هۆی پەسندکردنی خۆسەریی دیموکراتی و پەرەپێدانی هەڵوێست و کرداری نەرم و داهێنەرانە سەبارەت بە کێشە هەرێمی و نەتەوەیی و کەمایەتییەکان لە شەست ساڵی دواییدا، توانیویانە لەناو کەشوهەوایەکی ئاشتی، دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانیدا بژین.

بەڵام لە کۆماری تورکیادا پێچەوانەکەی ڕووی داوە. ئەو دەوڵەت-نەتەوەیەی لەمیانەی سیاسەتی نکۆڵی و قڕکردنی کوردەوە هەوڵی تەواوکردنی دراوە، کۆماری بەرەو ڕژێمێک پەلکێش کردووە کە هەرەس، گرفتی زەبەلاح و قەیرانی هەمیشەیی لە خۆ دەگرێت، دە ساڵ جارێک کودەتای سەربازی بە خۆوە دەبینێت و ڕژێمێکی شەڕی تایبەتە کە لە لایەن تۆڕی گلادیۆوە بە ڕێوە دەبرێت. تەنها کاتێک دەوڵەت-نەتەوەی تورک دەستبەرداری ئەو جۆرە سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکی و کردەوانە بێت و خۆسەریی دیموکراتییانەی سەرجەم کولتوورەکان (لە ناویشیدا کولتووری تورک و تورکمان) لە سەرووی هەمووشیانەوە خۆسەریی دیموکراتییانەی بوونی کولتووری کورد پەسند بکات، ئەوا وەک کۆمارێکی ئاسایی (یاسایی)، عەلمانی و دیموکراتیک دەتوانێت لە هەلومەرجەکانی ئاشتی، دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانیی هەمیشەییدا بژی.

دووەمین ڕێگەچارەی خۆسەریی دیموکراتییانە ئەوەیە کە پشت بە ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوەکان نابەستێت و بە شێوەیەکی یەکلایەنە پڕۆژەی خۆی جێبەجێ دەکات. ئەو پڕۆژەیە لە چوارچێوە بەرفراوانەکەیدا ڕەهەندەکانی خۆسەریی دیموکراتی جێبەجێ دەکات، مافی نەتەوەبوونی دیموکراتییانەی کوردان دەستەبەر دەکات، بێگومان شەڕ و پێکدادان لەگەڵ ئەو دەوڵەت-نەتەوە دەسەڵاتدارانە چڕ دەبێتەوە کە ڕێگەی نەتەوەبوونی دیموکراتییانەی یەکلایەنە پەسند ناکەن. لە دۆخێکی وەهادا، لە بەرامبەر هێرشی یەکە یەکەی دەوڵەت-نەتەوە دەسەڵاتدارەکان یان هێرشی هاوبەشیان، جگە لە پێگەی ‹بەرخودان و نەفیریی سەرتاسەری لەپێناو بەرگریکردن لە بوون و ژیانی ئازاد›، هیچ چارەیەکی دیکەیان نابێت. تا لە ڕێگەی شەڕەوە ڕێککەوتنێک یاخود سەربەخۆیی بە دەست دێت، ئەوا لەسەر بنەمای بەرگریی خۆیی و هێزی خۆییان پەرە بە سەرجەم ڕەهەندەکانی نەتەوەی دیموکرات دەدەن و لە جێبەجێکردنی دوا ناکەون.

**دەشێت بەم جۆرە وردەکاریی ڕەهەندەکانی ئەو نەتەوە دیموکراتە ڕیز بکرێن کە لەسەر بنەمای ئەو دوو ڕێگەیە ئاوا دەکرێن:**

**١- تاک-هاونیشتیمانیی ئازاد و ژیانی کۆمۆنەی دیموکراتی لە نەتەوەی دیموکراتدا:**

کاتێک ڕەهەندەکانی ژیانی نەتەوەی دیموکرات دەستنیشان دەکەین، بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبین، سەرەتا پێویستە هۆشدارییەک بدەین. ئەویش لەو بارەوەیە کە ژیانی نەتەوەی دیموکرات (یاخود ژیانی هەر جۆرە نەتەوەیەکی دیکە) بەردەوام هەمەگیریی و هەمووییەتیی زهنی و دامەزراوەیی لە خۆ دەگرێت. بە ئامانجی ئاسانکاریکردن، لە کاتی شیکاریکردندا کۆمەڵگەکان و بە تایبەتیش کۆمەڵگەکانی نەتەوەی دیموکرات بۆ بوار و ڕەهەندی جۆراوجۆر جیا دەکرێنەوە. بەڵام هیچ یەکێک لەو بوارە جیاوازانە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و دابڕاو لە هەمووییەتی گشتی نایەتە ئاراوە. ئەگەر کۆمەڵگەکان و بە تایبەتیش نەتەوە دیموکراتەکانی ئەو سەردەمەمان بە ئۆرگانیزمایەکی زیندوو بچوێنین، ئەوا سەرجەم بوار و ڕەهەندەکانی وەک هەمووییەتییەکی ئۆرگانیزمای زیندووی وابەستە بە یەکتر دەژین. لەو سۆنگەیەوە، هەرچەندە یەکە یەکەی ڕەهەندەکانی بە جیا تاوتوێ بکرێن، بەڵام پێویستە ئەوە لە بیر نەکەین کە هەر یەکە و بەشێکی گشتی و هەمووییەتین.

تاک-هاونیشتیمانیی نەتەوەی دیموکرات بە ڕادەی ئازادییەکەی ناچارە کۆمیناڵیش بێت. چونکە تاکە ئازادە ساختەکەی تاکگەرایی سەرمایەداری کە دژی کۆمەڵگە هان دراوە، لە ناوەڕۆکدا لە دۆخی پەرەپێدراوترین شێوەی کۆیلایەتیدا دەژی. بەڵام ئایدیۆلۆژیای لیبراڵ ئیماژێکی وەهای بۆ دروست دەکات وەک بڵێی؛ تاک لەناو کۆمەڵگەدا خاوەنی ئازادییەکی بێکۆتایە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو تاکە کۆیلەی ڕەنجی بەکرێیە و بە جۆرێک مەیلی زۆرترین قازانج بە دەست دێنێت کە لە هیچ سەردەمێکی مێژوودا بەدی نەهاتووە و بۆ سیستەمێکی هەژموونگەرایی گۆڕیوە و نوێنەرایەتی پەرەپێدراوترین شێوەی کۆیلایەتی دەکات. ئەو چەشنە تاکە لە پەروەردە و کردەوە بێ ئامانجەکانی دەوڵەت-نەتەوەوە بەرهەم دەهێنرێت. لەبەر ئەوەی ژیانی تاک بە سەروەریی پارەوە بەستراوەتەوە، سیستەمی کرێ وەک ئەو تەوقەی بە ملی سەگەوە کراوە، دەیبەستێتەوە و بەو لایەدا ئاڕاستەی دەکەن کە دەیانەوێ، چونکە لەپێناو ژیاندا هیچ چارەیەکی دیکەی نییە. تەنانەت ئەگەر ڕاشبکات (واتە ئەگەر بێکاریش هەڵبژێرێت) ئەوا بە جۆرێک لە جۆرەکان مانای گیانەڵڵایە. هەروەها تاکگەرایی یان تاکخوازیی سەرمایەداریی لەسەر بنەمای نکوڵیکردن لە کۆمەڵگە شێوەی گرتووە، لەو بڕوایەدایە کە بەو ڕادەیەی نکوڵی لە هەر جۆرە نەریت و کولتوورێکی کۆمەڵگەی مێژوویی بکات بوونی خۆی فەراهەم دەکات. بەڵام ئەوە گەورەترین شێواندن و چەواشەکاریی ئایدیۆلۆژیای لیبراڵیزمە. دروشمە سەرەکیەکەی ‹کۆمەڵگە بوونی نییە، تاک هەیە›یە. هەربۆیە لە بنەڕەتدا، سەرمایەداریی سیستەمێکی نەخۆشە و شانی داداوەتە سەر لەناوبردنی کۆمەڵگە.

لە بەرامبەر ئەوەشدا، تاک یان کەسی نەتەوەی دیموکرات ئازادیی خۆی لە کۆمۆنالیتەی کۆمەڵگە وەردەگرێت، واتە ئازادیی خۆی لە ژیانی جڤاتە بچووک و چالاکەکان وەردەگرێت. بە واتایەکی تر جڤات یاخود کۆمۆنی ئازاد و دیموکرات سەرەکیترین قوتابخانەیە کە تاکی

نەتـەوەی دیموکراتـی تێـدا پێدەگەیەنرێ یـان ئافریـدە دەکـرێ. بۆیـە ئـەوەی کۆمۆنـی نەبێـت و بـە هـەرەوەزی نـەژی، ئـەوا تاکایەتیشـی نابێـت. چونکـە کۆمۆنـەکان تـا دواڕادە هەمەڕەنگـن و لـە هـەر بوارێکـی ژیانـی کۆمەڵگـەدا لـە ئـارادان. تـاک بـە جیاوازیەکانیـەوە دەتوانێـت بـە شـێوەیەکی گونجـاو لـە چەندیـن کۆمـۆن و جڤاتـدا بەردەوامـی بـە ژیانـی خـۆی بـدات. ئـەوەی لێـرەدا گرنگـە، ئەوەیـە تـاک بتوانێـت بەگوێـرەی لێهاتوویـی، ڕەنـج و جیاوازییـەکان لـە نـاو جڤاتـی کۆمینـاڵ یـان هـەرەوەزدا بـژی. تـاک بەرپرسیارێتیی خـۆی بەرامبـەر ئـەو کۆمـۆن یاخـود یەکـە کۆمەڵایەتییـەی تێیـدا ئەندامـە، بـە سـەرەکیترین پرەنسـیپی ئەخلاقیبـوون دادەنێـت. چونکـە ئەخـلاق مانـای ڕێزگرتنـی جڤـات و ژیانـی هەرەوەزیـی و پابەندبوونـە پێیانـەوە. هەروەهـا کۆمـۆن یاخـود جڤاتیـش تـا ئەوپـەڕی خاوەنێتـی لـە تاکەکانـی دەکات، دەیانپارێزێـت و ژیانیـان دابیـن دەکات. لـە ڕاسـتیدا سـەرەکیترین پرەنسیپی دامەزراندنـی کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتـی ئـەو پرەنسـیپەی بەرپرسیارێتیی ئەخلاقییـە. هەرچی کارەکتـەر یـان خەسـڵەتی کۆمـۆن یاخـود جڤاتەکانـە ئازادیـی جڤـات دێنێتـە ئـاراوە، بـە مانایەکـی تـر، کۆمـۆن یاخـود جڤاتـی سیاسـی دەئافرێنێـت. هەربۆیـە ئـەو کۆمـۆن و جڤاتـەی دیموکـرات نەبێـت، سیاسـی نابێـت. هەروەهـا ئـەو کۆمـۆن یاخـود جڤاتـەی سیاسـیش نەبێـت، ئـازاد نابێـت. لەسـەر ئـەو بنەمایـەش هاوتابـوون و یەکسـانبوونێکی بەهێـز لـە نێـوان دیموکراتبـوون، ئـازادی و سیاسـیبوونی کۆمـۆن یـان جڤاتـدا هەیـە.

لـە دۆخێکـی وەهـادا، لـە چوارچێـوەی ئـەو تـاک و کۆمۆنـەی بـە بنەمـای وەردەگرێـت، پێویسـتە بـەم جـۆرە یەکەمیـن ڕەهەنـدی نەتـەوەی دیموکـرات پێناسـە بکرێـت. واتـە یەکەمیـن مەرجـی بـوون بـە نەتـەوەی دیموکـرات ئازادبوونـی تاکـە لەسـەر بنەمـای سیاسـەتی دیموکراتییانـە؛ ئـەو ئازادییـە لەگـەڵ کۆمـۆن یاخـود جڤاتەکـەی بـە دەسـت بێنێـت. لەبـەر ئـەوەی تاک-هاونیشـتیمانیی نەتـەوەی دیموکـرات لەگـەڵ دەوڵەت-نەتـەوەدا لەژێـر هەمـان چەتـری سیاسـیدا دەژیـن، پێناسـەکەی فراوانـتر دەبێـت. لـەو حاڵەتـەدا بـەو ڕادەیـەی لـە چوارچێـوەی ‹هاونیشـتیمانیی دەسـتووری›دا تاک-هاوواڵاتیـی نەتـەوەی دیموکراتـە، هیـی دەوڵەت-نەتەوەشـە. ئـەو خەسـڵەتەی لێـرەدا گرنـگ و بایەخـدارە، داننانـە بـە پێگـەی نەتـەوەی دیموکراتدا، واتـە خۆسـەریی دیموکراتییانە وەک سـتاتۆیەکی یاسـایی لـە دەسـتووری نیشـتیمانیدا دەستنیشـان بکرێـت. هەروەهـا سـتاتۆی نیشـتیمانی-نەتەوەیی دیموکراتـی دوولایەنـی هەیـە؛ یەکەمیـان، لـە نـاو خۆیـدا گوزارشـت لـە دەستەبەرکردنی سـتاتۆ، یاسـا یاخـود دەسـتووری خۆسـەری (خۆبەڕێوەبـردن)ی دیموکراتـی دەکات. دووەمیـان، سـتاتۆی خۆسـەری وەک بەشـێکی خواروو‌تـری پێگـەی دەسـتووری نیشـتیمانی ڕێـک بخرێـت. زۆربـەی وڵاتانـی یەکێتیـی ئەوروپـا و بگـرە جیهانیـش ئـەم جـۆرە ڕێـکار و ڕێکخسـتنانەی سـتاتۆ لـە دەسـتوورەکانیاندا هەیـە.

لەگـەڵ ئـەوەی بونیادنانـی یەکلایەنـەی نەتـەوەی دیموکـرات لەسـەر بنەمـای یەکێتیـی تاک-هاوواڵاتیـی ئـازاد و کۆمـۆن لای KCK سـەرەکییە، بـەڵام دەشـێت لـە سـتاتۆی دەسـتووری نەتـەوەی دیموکـرات و پەسـندکردنی پێگـەی خۆسـەریی دیموکراتییانـەدا لەگـەڵ دەوڵەت-نەتـەوە دەسـەڵاتدارەکاندا بـە چارەسـەر بـگات. چونکـە بونیـادی KCK پێکهاتەیەکـی کراوەیـە بـۆ هـەردوو

ژیانـی تاک-هاووڵاتیـی ئـازاد و جڤـات و گرێدانیـان بـە سـتاتۆیەکی یاسـایی و دەسـتوورییەوە.
دەکـرێ ئەندامێتـی لـە KCKدا وەک تاک-هاووڵاتیـی ئـازادی نەتـەوەی دیموکراتیـش پێناسـە بکرێـت. بـەڵام پێویسـتە ئـەو ئەندامێتـی و هاونیشـتیمانییە لەگـەڵ هاووڵاتێتیـی دەوڵەت-نەتـەوە تێکـەڵ نەکرێـت، چونکـە هاووڵاتێتـی دەوڵەت-نەتـەوە سـتاتۆی کۆیلایەتیـی مۆدێرنی سـەرمایەداریی دەستنیشـان دەکات. واتـە تاکپەرسـتی یـان تاکخوازیـی سـەرمایەداریی گوزارشـت لـە کۆیلایەتیـی ڕەها بـۆ خوداوەنـدی دەوڵەت-نەتـەوە دەکات، هەرچـی هاونیشـتیمانیی نەتـەوەی دیموکراتـە بـە مانـا ڕاستەقینەکەی وشـە، مانـای تاکـی ئـازاد دەبەخشـێت. بەمجـۆرە دەشـێت خـودی هاونیشـتیمانیبوونی نەتـەوەی دیموکراتـی کـورد لـە سـتاتۆی KCKدا بـەدی بێـت. لـەو سـۆنگەیەوە، گونجاوتـر ئەوەیـە ئەندامێتـی لـە KCKدا بـە هاووڵاتێتیـی نەتـەوەی دیموکـرات نـاو بنرێـت. بـە واتایەکـی تـر، هاونیشـتیمانیبوونی کـوردان لـە نەتـەوەی دیموکراتـی خۆیانـدا مـاف و ئەرکێکـی بنەڕەتییـە. هەرچـی هاونیشـتیمانی نەبوونـە لـە نەتـەوەی خۆتـدا گوزارشـت لـە نامۆبوونێکـی گـەورە دەکات و بـە هیـچ پاسـاوێک ناکـرێ بەرگریـی لـێ بکرێـت. ئـەو کێشـەیەی لێـرەدا ڕووبەڕوومـان دەبێتـەوە، سـەبارەت بـە چارەنووسـی هاووڵاتێتیـی دەوڵەت-نەتەوەیـە. لـە ڕاسـتیدا دەشـێت هـەردوو جـۆرە هاووڵاتیبـوون بـە شـێوەیەکی تێکهەڵکێـش بـە یەکـەوە لـە ئارادابـن. ئەگـەر لـە وڵاتـی پەیوەندیـداردا پرسـی کـورد لـە چوارچێـوەی سـتاتۆی هاووڵاتێتیـی دەسـتووریی دیموکراتیکـدا چارەسـەر بکرێـت، ئـەوا هەڵگرتنـی ناسـنامەی هـەردوو هاووڵاتێتـی لەگـەڵ واقیـع و ڕاسـتینەی کۆمەڵایەتـی گونجاوتـرە. بگـرە ئەگـەر تورکیـا ئەندامـی یەکێتیـی ئەوروپـا بێـت، ئـەوا دەرفەتـی پێناسـەی هاووڵاتیـی سـێیینە لـە ئـارادا دەبێـت. وەک چـۆن هاونیشـتیمانێتی کاتالۆنیا-ئیسـپانیا-یەکێتیی ئەوروپـا لـە ئیسـپانیا مانایەکـی سـێیینەی هەیـە، ئـەوا هاونیشـتیمانێتی کوردسـتان-تورکیا-یەکێتیی ئەوروپـاش هەمـان مانـای دەبـوو. لـە سـەردەمی KCKدا، پێویسـتە تاکـی کـورد لـە هـەر دەوڵەت-نەتەوەیەکـی پەیوەندیـداردا لـە چوارچێـوەی دوو پێناسـەی هاووڵاتی-هاونیشـتیمانیدا گرنگـی بـە پێناسـەکردنی خـۆی بـدات، لـە گرنگیـدان زیاتـر، ناسـنامەی دوو هاووڵاتێتـی بـە دەسـت بێنێـت. KCKش ناسـنامەی دوو هاونیشـتیمانێتی بـۆ ئەندامانـی نەتـەوە دیموکراتەکـەی بـە دەسـت دێنێـت؛ ئەگـەر لەمیانـەی ڕێککەوتـن ئەوەیـان بـەدی نەیـەت، ئـەوا پێویسـتە ناسـنامەی هاونیشـتیمانیی یەکانـە دەسـتەبەر بـکات. لـەو پێناوەشـدا پێویسـتە دۆخـی سـەرکوتکردن و فشـاری دەوڵەت-نەتـەوە دەسـەڵاتدارەکان ڕەچـاو بـکات، ئەرکـی خـۆی لـە بەدەسـتهێنانی ناسـنامەی نـووسراو و ئارمـی گونجـاو بـۆ هـەر تاکێـک بـە دەسـت بێنێـت.
پێویسـتە لەسـەر هـەر ئەندام-هاونیشـتیمانییەکی KCK ئـەو تاکگەراییـەی سـەرمایەداریی لـە شەخسـی خۆیـدا تـێ بپەڕێنێـت کـە لـە ڕێگـەی تاکپەرسـتی و تاکخوازییـەوە کردوویەتـی بـە هیـچ و وەك ئەندامێکـی کۆمـۆن بـژی. پێویسـتە ئـەو ڕاسـتییە وەک پرەنسـیپێکی سـەرەکیی ئەخلاقـی بزانیـن و پەسـندی بکەیـن کـە ئـەوەی ژیانـی کۆمیناڵـی نەبێـت، ناشـێت وەک تاکەکەسـیش ژیانـی هەبێـت. هەروەهـا پێویسـتە بـەردەوام ئـەو خاڵـەش ڕەچـاو بکرێـت کـە ئەندامبـوون لـە کۆمـۆن یاخـود

جڤاتێکدا لـه هەمـان کاتـدا لایەنێکـی دیموکراسـی و دیموکراسیخوازیی هەیـە. هەربۆیە هـەر کۆمۆن یاخـود جڤاتێـک تەنهـا لەمیانـەی ڕێـکاری دیموکراسییەوە دەبێـت بـە سیاسـی، لـەو سۆنگەیەشـەوە، دەشـێت ئـازاد بێـت. بـەم جـۆرەش دەرک بـەوە دەکرێـت کـە هـەر کۆمـۆن یاخـود جڤاتێـک لـە هەمـان کاتـدا یەکەیەکـی کۆمەڵگـەی ئەخلاقـی و سیاسـییە. واتـە هـەر کۆمیـن یاخـود جڤاتێکـی KCK لـە هەمـان کاتـدا پێگـەی یەکەیەکـی ئەخلاقـی و سیاسـیی هەیـە. تاک-هاووڵاتیانیشـی، تـاک-هاونیشـتیمانیی ئەخلاقـی و سیاسـین. کاتێـک باسـی کۆمـۆن یاخـود جڤاتـەکان دەکەیـن، مەبەسـتمان ئـەو گرووپـە مرۆییانەیـە کـە لـە هـەر بوارێکـی کۆمەڵگـەدا چالاکـن. بـۆ نموونـە، وەک چـۆن گوندێـک مەرجەکانـی کۆمـۆن لـە خـۆ بگرێـت کۆمیـن یاخـود جڤاتـە، دەشـێت ئـەو پێناسـەیە تـا ئاسـتەکانی گـەڕەک و شـاریش ببەیـن. دەشـێت کۆپەراتیـڤ (هـەرەوەزی)، کارگـە، کۆمەڵـە، وەقـف و ڕێکخراوێکـی مەدەنیـش کۆمـۆن بێـت. هەروەهـا بـە هـۆی پێویسـتیی دیموکراتبوونیـان، دەشـێت ئەوانـە بـە سیسـتەمی کۆمۆنـی دیموکراتیـش نـاو ببەیـن. وەک چـۆن دەشـێت کۆمـۆن بـۆ سـەرجەم بـوارە پەروەردەیـی، کولتـووری، هونـەری و زانسـتییەکانی ژیـان بگوازرێتـەوە، ئـەوا دەشـێت ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـش بکرێـت بـە کۆمـۆن و بـە ئاسـتی دیموکراتیزەبوونیـش بگەیەنرێـت. چونکـە تەنهـا لـە نـاو ئـەو ژیانـە کۆمیناڵـە دیموکراتیکـەدا تاک-هاونیشـتیمانیی ئـازاد دەئافرێـت. بـە شـێوەیەکی گشـتی، تاک-هاونیشـتیمانیی نەتـەوەی دیموکـرات، بـە تایبەتـی و بـە شـێوەیەکی بەرجەسـتەش تاک-هاونیشـتیمانیی KCK پێویسـتییەکی ئەخلاقـی، سیاسـی و بەرپرسـانەیە. پێویسـتە ئـەو زەرورەتـەش لـە هەمـان کاتـدا وەک مـاف و ئەرکێکـی سەرەکیشـمان دەرکـی پـێ بکرێـت. کاتێـک دەوڵەت-نەتـەوەکان ئـەو ئـەرک و مافـە سـەرەکیانەمان پەسـند بکـەن، ئـەوا کوردانیـش دەتوانـن مـاف و ئەرکـە سـەرەکییەکانی ئـەو دەوڵەتانـە پەسـند بکـەن.

### ٢- ژیانی سیاسی و خۆسەریی دیموکراتی لە نەتەوەی دیموکراتدا:

دەکـرێ ڕەهەنـدی سیاسـیی بونیادنانـی نەتـەوەی دیموکراتـی KCK بـە خۆسـەری (خۆبەڕێوەبردن) ی دیموکراتیـک نـاو ببرێـت. چونکـە بەبـێ خۆبەڕێوەبەرێتـی مەحاڵـە بیـر لـە نەتـەوەی دیموکـرات بکرێتـەوە. بـە گشـتی سـەرجەم شـێوەکانی نەتـەوە، بـە تایبەتیـش نەتـەوە دیموکراتـەکان قەوارەیەکـی کۆمەڵایەتیـن کـە خـاوەن کارگێڕیـی و خوبەڕێوەبەرێتیـن. ئەگـەر کۆمەڵگەیـەک لـە خۆبەڕێوەبەرێتـی بێبـەش بێـت، لـە دۆخـی نەتـەوە یـان نەتەوەبـوون دەردەچێـت. چونکـە لـە واقیعـی کۆمەڵگـەی هاوچەرخـدا ناشـێت بیـر لـە نەتەوەیەکـی بـێ خۆبەڕێوەبەرێتـی و کارگێڕیـی بکرێتـەوە. بگـرە نەتـەوە کۆڵۆنییەکانیـش ئەگـەر بنەچەشـیان بیانـی بێـت، بـەڵام دیسـان کارگێڕیـی و بەڕێوەبەرایەتییەکیـان هەیـە. تەنیـا ئـەو کۆمەڵگەیانـەی لـە قۆناغـی پەرتەوازەبوونـدان، ناشـێت بـاس لـە کارگێڕیـی و بەڕێوەبەرایەتییـان بکرێـت. تەنانـەت لـە دۆخێکـی وەهاشـدا پەرتەوازەبوونێکـی نەخشـە بـۆ دانـراوی ژێـر کۆنترۆڵـی هێـزی پەرتەوازەکـردن یاخـود بەڕێوەبەرایەتییەکـی تەسـفیەکردن لـە ئارادایـە. لـەو سـەردەمەی کـوردان ڕێکخسـتنی خۆیـان نەبـوو، لـە دۆخێکـی وەهـادا بـوون.

چونکە تەنها نەتەوەبوونیان بەربەست نەدەکرا، بەڵکو لە دۆخی کۆمەڵگەبوونیش وەدەرنران. بەڵام پێشەنگایەتیی PKK و سیاسەتی KCK تەنها بە وەستاندنی ئەو پرۆسەیە نەوەستا، بەڵکو پرۆسەیەکی دەست پێکرد کە لە کۆمەڵگەی سیاسییەوە بەرەو بوونی نەتەوەی دیموکرات دەچێت. لەو قۆناغەی پێی گەیشتووین، بەو ڕادەیەی کوردان کۆمەڵگەیەکن سیاسیبوونێکی چڕیان بە خۆیانەوە دیوە، بە هەمان ڕادەش لە دۆخێکدا دەژین کە ئەو واقیعە سیاسییە بەرەو بوون بە نەتەوەی دیموکرات ڕێکدەخەن.

لەو سەردەمەماندا بوون بە کۆمەڵگەی سیاسی بە هێڵە گشتییەکانیەوە بە دوو ڕێگەدا بەرەو نەتەوەبوون دەچێت: ڕێگە باوەکەی سەرمایەداریی ئەو ڕێگەیەیە کە بەرەو دەوڵەت-نەتەوە دەچێت. لە هەلومەرجەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا ئەگەر کۆمەڵگەیەک بێ دەوڵەت بێت، یان دەوڵەتەکەی ڕووخابێت یاخود لە دۆخی هەڵوەشانەوە و هەرەسدا بێت، ئەوا سیاسەتە میللیگەرا (ناسیۆنالیست) و ئایینگەراکان ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو بونیادنانی دەوڵەتێکی نوێ، واتە بەرەو دەوڵەت-نەتەوەی دەبەن. ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیە دەوڵەتێکی نەریتی هەبێت بەڵام لاواز بووبێت، ئەوا لەمیانەی دەوڵەت-نەتەوەیەکی بەهێزتر جێگیری دەکەن. دووەمین ڕێگەی نەتەوەبوون، ڕێگەی نەتەوەبوونی دیموکراتییە. چونکە کارەکتەری دەوڵەت-نەتەوەکان کە ئافرێنەری کێشەیە، لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا کۆمەڵگە سیاسییەکان و هێزەکانی خۆبەڕێوەبەرایەتییان بە ئاڕاستەی نەتەوەی دیموکراتدا دەخاتە جووڵە و لە ڕێگەی ڕیفۆرمەوە بێت یان شۆڕش، ناچاری وەرچەرخان بۆ نەتەوەی دیموکراتیان دەکات. لە کاتێکدا لە سەردەمی هەڵکشانی سەرمایەداریدا دەوڵەت-نەتەوە مەیلی زاڵ بوو، وەلێ لە هەلومەرجەکانی ڕۆژی ئەمڕۆماندا کە لە دۆخی داڕووخاندایە، زیاتر بە ئاڕاستەی نەتەوەی دیموکراتدا لە پەرەسەندنی تەدریجیدایە. لەو بارەیەوە هاوتانەکردنی هێزی سیاسی لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەت بایەخ و گرنگییەکی زۆری هەیە. چونکە ناکرێ و مەحاڵە سیاسەت لەگەڵ دەسەڵات و ئەو شێوەی (دەوڵەت) هاوتا بکرێت کە بووە بە خاوەن فۆرم. چونکە ئازادی لە سروشتی سیاسەتدا هەیە. بە واتایەکی تر ئەو کۆمەڵگە و نەتەوانەی بوون بە سیاسی، کۆمەڵگە و نەتەوەگەلێکی ئازادن.

وەک چۆن هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەک هێزی دەسەڵات و دەوڵەتی بە دەست هێنابێت ئازاد نەبووە، ئەگەر (ئەو دەسەڵات و دەوڵەتە) تایبەتمەندیی دیموکراتیشی هەبێت ڕووبەڕووی لەدەستدانی ئەو ئازادییەش دەبنەوە کە هەیانە. هەر بۆیەش چەندە کۆمەڵگەیەک لە دیاردەکانی دەوڵەت و دەسەڵات پاک بکەینەوە، بەو ڕادەیە بە ڕووی ئازادیدا دەیکەینەوە. وەلێ سەرەکیترین مەرجی پێویستیش بۆ ئازادکردنی ئەو کۆمەڵگە و نەتەوەیە، هێشتنەوەی بەردەوامیەتی لە پێگەیەکی سیاسیدا. چونکە کۆمەڵگەیەک کە لە دەوڵەت و دەسەڵات پاک کرابێتەوە بەڵام سیاسی نەبووبێت، دەکەوێتە دۆخی کۆمەڵگە یاخود نەتەوەیەک کە ڕادەستی ئەنارشیزم یاخود گێژاو و ئاڵۆزیی بووە. ئەگەر کۆمەڵگە و نەتەوەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لە ئەنارشیزم و کائیوس ڕزگاریان نەبێت، دەپووکێنەوە، پەرتەوازە دەبن و دەبن بە ئامرازی

دەستی هێزە بیانییەکان. چونکە کائۆس و ئەنارشیزم تەنها بە شێوەیەکی کاتی و بۆ ماوەیەکی کورت دەتوانن ڕۆڵی زایین و بەرهەمهێنەر ببینن. لەو پێناوەشدا کاراکردن و دەستبەکاربوونی دیاردەی سیاسەت مەرجە. چونکە سیاسەت تەنها کۆمەڵگە و نەتەوەکان ئازاد ناکات، بەڵکو ڕێکیشیان دەخات. واتە سیاسەت هێزێکی بێ هاوتای ڕێکخستن یان ڕێکوپێککردنە، جۆرێک لە هونەرە. نوێنەرایەتیی [لایەنە] دژەکەی ڕێکخستنی سەرکوتکاریی دەوڵەت و دەسەڵاتەکان دەکات. لە کۆمەڵگە و نەتەوەیەکدا چەندە سیاسەت بەهێز بێت، هێزەکانی دەوڵەت و دەسەڵات بەو ڕادەیە لاوازن، یان پێویستە لاواز بن. پێچەوانەکەشی ڕاستە. لە کۆمەڵگە و نەتەوەیەکدا هێزی دەوڵەت و دەسەڵات چەندە زۆر بێت، سیاسەت لاوازە، لەو سۆنگەیەشەوە؛ بەو ڕادەیەش ئازادی لاوازە.

کەجەکە (کۆما جڤاکێن کوردستان؛ واتە یەکێتی جڤاتە دیموکراتەکانی کوردستان) کە لە بونیادنانی نەتەوەی دیموکراتدا ڕۆڵی بڕبڕەی پشت دەبینێت، دەشێت وەک هاوتاکەی (موڕادف)ی خۆسەریی دیموکراتیش وەربگیرێت. بینینی ڕۆڵی ئۆرگانی سیاسەتی دیموکراتییانە لە لایەن کەجەکە وە پێویستیەکی بنەڕەتی نەتەوەبوونی دیموکراتییانەیە. بەڵام تێکەڵکردنی لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوە شێواندن و چەواشەکردنێکی بەئەنقەستە. چونکە لە ڕووی پرەنسیپەوە، KCK دەوڵەت-نەتەوەی لە چوارچێوەی ئامرازەکانی خۆی بۆ چارەسەری بەدەر ناوە. هەربۆیە نە یەکەمین و نە کۆتا هەنگاوی چوارچێوەی دەوڵەت-نەتەوە نییە. هەردووکیشیان دوو دەستەواژەی پەیوەندیدار بە دەسەڵات و ئۆتۆریتەن کە لە ماهیەت و ناوەڕۆکدا لێک جیاوازن. هەرچەندە لە ڕووی پەیکەرسازی و قاڵبی ڕێکخستنییەوە تایبەتمەندێتیی هاوشێوەی دامەزراوەبوونی دەوڵەت-نەتەوەش لە خۆ بگرێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا جیاوازە. هەرچی کۆنگرەی گەلە ئۆرگانی یاسادانان و بڕیاردانی KCKیە و مانای ئەنجوومەنی گەلە. گرنگییەکەی لەوەدایە کە گەل دەکاتە خاوەنی بڕیاری خۆی. ئەنجوومەنی گەل یاخود کۆنگرەی گەل ئۆرگانێکی دیموکراتییە. ئەڵتەرناتیڤی پەرەسەندنی نەتەوەبوونە بە پێشەنگایەتیی چینی سەروو یاخود ئەندامە بۆرژوازییەکان. چونکە کۆنگرەی گەل گوزارشت لە نەتەوەبوونێک دەکات کە بە پێشەنگایەتیی توێژەکانی گەل و چینی ڕۆشنبیر بەدی دێت. لە ناوەڕۆکدا لە سیستەمی پەرلەمانیی بۆرژوازی جیاوازترە. بەڵام بەهۆی سەرکوتکاری و فشاری دەوڵەت-نەتەوە دەسەڵاتدارەکانەوە ناچارە لە هەلومەرجی گونجاودا سیستەمی هەڵبژاردن و ناوەندی کۆبوونەوەکانی دەستنیشان بکات. هەرچی «کۆنسەی بەڕێوەبەرێتیی کەجەکە»یە گوزارشت لە هەرەمی کارگێڕیی ڕۆژانەیی چڕ و ناوەندیکراو دەکات. هەماهەنگی لە نێوان ئەو یەکانەی کار و خەبات دەکات کە لە ناو گەلدا بڵاو بوونەتەوە. بەرامبەر بە سەرپەرشتی و هەمئاهەنگی نێوان هەوڵە ڕۆژانەییە ڕێکخستنی و چالاکیەکانی نەتەوەبوونی دیموکراتی بەرپرسیارە و پێویستە بەڕێوەیان ببات و بەرگرییان لێ بکات. هەربۆیە تێکەڵکردنی کۆنسەی جێبەجێکردن لەگەڵ دەزگا حکومیەکانی دەوڵەتان ڕاست نییە. چونکە زیاتر نزیکی سیستەمی کۆنفیدراسیۆنی کۆمەڵگەی مەدەنیی دیموکراتییە. هەرچی

دەزگای سەرۆکایەتیی گشتیی کەجەکە یە کە پشت بە هەڵبژاردنی گەل دەبەستێت، گوزارشت لە بەرزترین ئاستی نوێنەرایەتیی گشتیی نەتەوەی دیموکرات دەکات. چاودێریی هەماهەنگی و تەبایی نێوان سەرجەم یەکەکانی کەجەکە و جێبەجێکردنی سیاسەتە سەرەکییەکانی دەکات.

KCK کێشەی چالاکی ئاشکرا و فەرمیبوونی لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوە دەسەڵاتدارەکاندا هەیە. وێڕای ئەوەی کەجەکە ئەولەویەت بە چالاکیی ئاشکرا دەدات، بەڵام پەسندنەکردنی لە لایەن دەوڵەت-نەتەوەکانەوە، ڕێگە لە پێش دەستڕۆیی (ئۆتۆریتە) و بەڕێوەبەرایەتییەکی دوانە لە کوردستان دەکاتەوە. چونکە ڕوون و ئاشکرایە کە هەوڵەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت و خۆبەڕێوەبەرایەتیی کەجەکە تا لەسەر هەمان زەمینەی خاک و کۆمەڵگە بە کاریگەر بن، ڕێگە لە پێش گرژیی و پێکدادان دەکەنەوە. لە حاڵەتێکدا داواکانی کارو خەباتی ئاشکرا و یاساییبوون بۆ دەوڵەتە پەیوەندیدارەکان بە ئەرێنی وەڵام نەدرێتەوە، بە پێچەوانەوە، پەنا بۆ چاودێری، دەستگیرکردن و توندوتیژی ببرێت، ئەوا ئاشکرایە کە کەجەکە ش لە پەیڕەوکردنی یەکلایەنەی دەستڕۆیی و بەڕێوەبەرایەتیی خۆی دوا ناکەوێت. چونکە ئەو دیالۆگە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیانەی لە کاتی ڕاگەیاندنی KCK لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆمان لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوە پەیوەندیدارەکان لە ئارادا بووە، تا ئێستاکەش بە چارەسەرێکی یاسایی ئەنجامگیر نەبووە. لە حاڵەتێکدا دیالۆگەکان ئەنجامێکی ئەرێنییان لێ نەکەوێتەوە، ئەوا لە قۆناغی پەیڕەوکردنی یەکلایەنەی دەستڕۆیی و هێزی بەڕێوەبەرێتی KCK لە کوردستان دەبێتە زەرورەتێکی حەتمی.

پەیڕەوکردنی یەکلایەنەی خودی KCK لە تەواوی ڕەهەندەکانی نەتەوەی دیموکرات، دەبێتە سەرەتای دەست پێکردنی قۆناغ و سەردەمێکی نوێ. ئەو سەردەمە لە قۆناغی دامەزراندن و خۆبونیادنانی PKK و هەوڵەکانی پەرەپێدانی شەڕی گەلی شۆڕشگێڕیی جیاوازتر دەبێت. چونکە لەو سەردەمەدا تەنها بەڕێوەبەرێتیی پارت و شەڕ لە ئارادا نابێت. بەڵکو لە پاڵ کار و خەباتەکانی PKK و HPG و شەڕەکانی بەرگریدا، ئەرکی سەرەکیی ئەو قۆناغە بونیادنانی سەرجەم ڕەهەندەکانی نەتەوەی دیموکرات و بەڕێوەبردنیەتی. ڕوون و ئاشکرایە کە لەو هەلومەرجە نوێیەدا کێبڕکێ، ململانێ و پێکدادانێکی مەزن لە نێوان هێز و دەزگاکانی دەوڵەت-نەتەوە و هێز و دامەزراوەکانی کەجەکە دا ڕوو دەدات. لە شار و دەڤەرە دەشتایی و شاخاوییەکاندا دەستڕۆیی و بەڕێوەبەرایەتیی جیاواز لە ئارادا دەبێت.

## ٣- نەتەوەی دیموکرات و ژیانی کۆمەڵایەتی:

لـە پرۆسـەی نەتەوەبوونـی دیموکراتـدا وەرچەرخانـی گرنـگ لـە ژیانـی کۆمەڵایەتیـدا ڕوو دەدات. چونکـە لـە سـایەی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریدا ژیانـی نەریتـی دووچـاری گۆڕانکاریـی گـەورە دێـت و کۆمەڵگـەی کـۆن گۆڕانکاریـی ڕیشـەیی بـە خۆیـەوە دەبینێـت. هەروەهـا مۆدێرنیتـە زیاتـر لـە گۆڕانکارییەکانـی ژیانـی کۆمەڵایەتیـدا خـۆی دەسـەپێنێت، کە بەشـی زۆری گۆڕانکارییەکان ڕووکەشـین و پەیوەندییـان بـە مۆدێلـەوە هەیـە. پێـوەر و خەسـڵەتە سـەرەکیەکانی شارسـتانییەت بـەردەوام دەبـن. واتـە پەرەسـەندن و وەرچەرخانـی شـار، چیـن و دەوڵـەت پەیوەندییـان بـە ناوەڕۆکـەوە نییـە. بەڵکـو لـە هـەر سـێ ئاسـت و کاتیگۆریـدا هەڵئاوسـانێکی مـەزن دێتـە ئاراوە. چونکـە لەمیانەی سیسـتەمی کەڵەکەکردنـی سـەرمایەدارییەوە بونیـادی شـاری، چینایەتـی و دەوڵەتیـی، کۆمەڵگـە دووچـاری گەورەبوونێکـی شـێرپەنجەییانە دێـت. لەگـەڵ ئـەوەی سیسـتەمی شارسـتانییەتی کـۆن بـە هـۆی ناوەڕۆکەکەیـەوە بونیادێکـی هەیـە بـەردەوام ناکۆکییەکانـی ڕێگـە لـە پێـش تەنگـژەکان دەکەنـەوە، بـەڵام ئـەو ناکۆکییانـە ماهیەتێکـی ئەوتۆیـان نییـە کـە هەمـوو پەرەسـەندنی کۆمەڵگـە بخاتـە مەترسـییەوە، هەڵـی بوەشـێنێتەوە و ڕێگـە لـە پێـش گەورەبوونـی شـێرپەنجەیی بکاتـەوە. بـەڵام شـێوازی کەڵەکەکردنـی سـەرمایەداریی وەک پێویسـتیەکی سروشـتەکەی بـۆ ئـەوەی کارا بێـت، گەورەبوونـی کۆمەڵایەتـی بـۆ شـێوازی شـێرپەنجەیی دەگۆڕێـت. ئەگـەر لـە ڕۆژی ئەمـڕۆدا تەنهـا سـەیری ئـەو گەورەشـارانە بکەیـن کـە ژمـارەی دانیشـتوانیان بیسـت ملیۆنـی تێپەڕانـدووە، کـە دەسـەڵاتی دەوڵەت-نەتـەوە تێیـدا هەتـا نـاو دەمـارە ڕیشـاڵەییەکانی کۆمەڵگـە دزەی کـردووە و ئـەو جیاوازییـە چینایەتییـە نەبینیـن کـە بـەدوای کۆمەڵگەیەکـی هۆمۆژیـن و یەکچەشـنەوەیە، بەڵکـو وەک مەیلێکـی زاڵـی ژیانـی کۆمەڵایەتـی ئاسایی ببینیـن، ئەمـە مانـای تووشـبوونە بـە شـێرپەنجەی کۆمەڵایەتیـی. سـەرجەم نیشـانە زانستییەکان پیشـانی دەدەن کـە هەسـارەکەمان، ژینگـە و کۆمەڵگـە بەرگـەی ئـەو گەورەبوونـە خێرایـە ناگـرن. لـە دۆخێکـی وەهـادا ناشـێت باسـی کۆمەڵگەیەکـی زیندوو بکەیـن کـە دەژی، بەڵکـو پێویسـتە باسـی جانـەوەر و دێوێـک بکەیـن کـە هـەر شـتێک ببینێـت لەنـاوی دەبـات. لـە کاتێکـدا لـە کۆمەڵگـەی کۆنـدا لڤیاتـان سـیفەتێک بـوو تەنهـا بـۆ دەسـەڵاتی دەوڵـەت بەکاردەهێـنرا، کەچـی خـودی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی لـە ڕۆژی ئەمڕۆمانـدا بـووە بـە دڕندەیـەک کـە تـەواوی ژیانـی زینـدوو لەنـاو دەبـات. واتـە مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی جانەوەرێکی کوشـندەیە، لڤیاتانێکـی هاوچەرخـە.

ژیانـی مۆدێرنـی زاڵ لـە دەوروبـەری کۆنتریـن کۆیلـە، واتـە لـە دەوربـەری ژن، بـە تـەواوی بـووە بـە تەڵەیـەک. چونکـە لـە سـەردەمی سـەرمایەداریدا ژن بـە دۆخێکـی ئەوتـۆ گەیەنـراوە، ئەگـەر بـە «شـاژنی کاڵاکان» وەسـفی بکەیـن لـە جێگـەی خۆیـدا دەبێـت. چونکـە تەنهـا کرێکارێـک نییـە کـە وەک «ژنـی ماڵـەوە» بەبـێ کـرێ بخرێتـە کارەوە، بەڵکـو لـە دەرەوەی ماڵیـش خـاوەن کەمتریـن هەقدەسـتە و سـەرەکیترین ئامـرازی کەمکردنـەوەی کرێیـە. سـەرەکیترین فاکتـەری کارپێکردنـی نەرمـە. ئامێرێکـی پیشەسـازیی زاوزێیـە کـە بـەردەوام نـەوەی نـوێ بـۆ سیسـتەم بەرهـەم دێنێـت،

هەروەهــا ســەرەکیترین ئامــرازی پیشەســازیی ڕێکلامــە. ئامــرازی جێبەجــێ کردنــی دەســەڵاتی نێرسـالارییە. هەروەهـا لـە ئیمپراتـۆری جیهانییـەوە تـا دەگاتـە ئیمپراتـۆرە بچووکەکـەی نـاو خێـزان، ئامــرازی دەســەڵات و ئــارەزووی سنوورنەناســی ســەرجەم پیــاوە ســتەمکار و باڵادەســتەکانە. ئــەو ئۆبجەکـت و شـتەیە کـە دەسـەڵات بـۆ ئـەو کەسـانە بـە دەسـت دێنێـت کـە هیـچ دەسـەڵاتێکیان نییــە. بەمجــۆرەش لــە هیــچ ســەردەم و قۆناغێکــی مێــژوودا وەک ســەردەمی مۆدێرنیتــەی سـەرمایەداریی ژن نەقۆزراوەتـەوە و خـراپ بـەکار نەهێـنراوە. لەبـەر ئـەوەی کۆیلایەتییەکانـی دیکـە (کۆیلایەتـی منـداڵ و پیـاوان) لەسـەر شـوێنپێی کۆیلایەتـی ژن پەرەیـان پـێ دراوە، ئـەوا لـەو ژیانـە کۆمەڵایەتییــەی ســەرمایەداریی دەیســەپێنێت، (جگــە لــە ســەردارەکان) وەک چــۆن هــەر کەســێک دەکرێـت بـە منـداڵ، دەشـکرێن بـە کۆیلـە. بـە مانایەکـی تـر ژیانـی کۆمەڵایەتـی کۆمەڵگـەی ڕۆژی ئەمڕۆمـان هاوشـێوەی بەمنداڵکردنـی بەسـاڵاچوویەک، هـەم کـراوە بـە منـداڵ و هەمیـش کـراوە بـە مێیینــە. گوتــەی «گــەلان و کۆمەڵگــەکان وەک ژنانــن، حەزیــان لــە ملکەچــی و فەرمــان وەرگرتنــە»ی هتلـەر گوزارشـت لـەو حەقیقەتـە دەکات. هەرچـی ئـەو خێزانەیـە کـە لـە تـەوەرەی ژن پێکهاتـووە و لــە کۆنتریــن دامەزراوەکانــی کۆمەڵگەیــە، دیســان لــە تــەوەرەی ژن لــە دۆخــی هەڵوەشــانەوەدایە، بـەڵام ئـەو جـارە بـە تـەواوی لـە دۆخـی هەڵوەشـانەوەدا دەژی. ئـەوەی خێـزان هەڵدەوەشـێنێتەوە شـێوازی کەڵەکەکردنـی سـەرمایەدارییە. لەبـەر ئـەوەی تەنهـا لەمیانـەی لەناوبردنـی ئـەو شـێوازەی کۆمەڵگـەوە کەڵەکەکـردن بـەدی دێـت، ئـەوا ئەنجامێکـی چاوەڕوانکـراوە کـە بـەو ڕادەیـەی خانـەی سـەرەکیی کۆمەڵگـە، کـە خێزانـە، هەڵوەشـێنێتەوە، دەتوانێـت کۆمەڵگـە لەنـاو ببـات و وەک ئەتـۆم وردوردی بــکات.

بــواری تەندروســتی و پزیشــکی هەرچەنــدەش پێشــبکەوێت، ناتوانێــت تەشــەنەکردنی بــێ ســنووری نەخۆشــییەکانی نــاو کۆمەڵگــە بوەســتێنێت. لــە ڕوانگــەی دیالێکتیکییــەوە، پەرەســەندنی خــودی بــواری پزیشــکیش بەڵگــەی ســەلمێنەری ئاســتی پەرەســەندنی نەخۆشــییەکانە. لەبــەر ئــەوەی خــودی سیســتەمی ســەرمایەداری خــۆی شــێرپەنجەیی و نەخۆشــیی دەمارییــە، خنکاندنــی تاکەکانــی کۆمەڵگــەش لــە نــاو ئــەو نەخۆشــیانەدا لەســەر دەســتی ســەرمایەداری، ئەنجامێکــی دیکــەی گرنگــی چاوەڕوانکــراوە. چونکــە میللیگەرایــی، ئایینگەرایــی، دەســەڵاتگەرایی و ڕەگەزگەرایــی لــە بــواری دامەزراوەیــی و تاکیشــدا جیناتــی هەســتی و زهنــی ســەرمایەدارین کــە بــەردەوام نەخۆشــی دەردەدەنــەوە. زیادبوونــی نەخۆشــییە بونیادیــی و جەســتەییەکان نیشــانەی نەخۆشــییە زهنــی و دەروونییەکانــە، تــەواوی ئــەو نەخۆشــیانەش ئەنجامێکــی سروشــتیی ئــەو کۆمەڵگەیەیــە کــە ســەرمایەداریی هەڵیوەشــاندووەتەوە و پەرتــەوازەی کــردووە.

ئەرکـی سیسـتەمی پـەروەردە و فێرکـردن لـە ژیانـی کۆمەڵایەتیـی مۆدێرنـدا پێگەیاندنـی شـێوەی تاکخوازیـی دژەکۆمەڵگەیـە. ئەگـەر ژیانـی تاکخوازیی لیبراڵیـزم بێـت یان ژیانـی هاووڵاتیـی دەوڵەت- نەتـەوە، بەگوێـرەی پێویسـتییەکانی سـەرمایەداری بەرنامەڕێـژ دەکرێـن و بـەم جـۆرە بونیـاد دەنرێـن. بـەو ئامانجـەش، پیشەسـازییەکی زەبـەلاح ئـاوا کـراوە کـە بـە «کەرتـی پـەروەردە و فێربـوون» نـاو

دەبرێت. چونکە لەو کەرتەدا بە درێژایی بیستوچوار کاتژمێر لە ڕووی ڕۆحی و زهنییەوە تاک دووچاری بۆردوومان دێت و دەکرێت بە بوونەوەرێکی دژەکۆمەڵایەتی و لە دۆخی سیاسی و ئەخلاقی بەدەر دەنرێت. هەروەها لە ڕێگەی ئەو تاکانەی کراون بە پارەپەرست، بەکاربەر، سێکسیت، شۆڤینی و چەلاوخۆری دەسەڵات، لە ڕەگەوە سروشتی کۆمەڵگە دەشێوێنرێ و وێران دەکرێت. بە مانایەکی تر، فێرکردن لەپێناو ڕێکاری تەندروستانەی کۆمەڵگە و کاراکردنی بەکار ناهێنرێت، بەڵکو لەپێناو ڕووخاندنی بەکار دەهێنرێت. ئەو حەقیقەتەی شیکردنەوەکانی دەرهەق بە ژیانی کۆمەڵایەتی سەلماندوویانە لە مێژە بە سنووری «یان کۆمەڵگە یان هیچ» گەیشتووە.

هەرچەندە لەژێر ناوی زانستگەراییدا درۆ و فێڵبازی لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداریدا بکرێن، بەڵام بەر لە هەموو شتێک ژیانی مرۆڤ ژیانێکی کۆمەڵایەتییە. چونکە بەر لە دەرکەوتنی دەوڵەت و سەرمایەداریش، کۆمەڵگە هەر هەبووە. مرۆڤ لەمیانەی کۆمەڵگەوە بووە بە مرۆڤ. ئەگەر کۆمەڵگەی کلان نەبوایە کە لامان پەسند نییە و ملیۆنان ساڵ بەردەوام بووە و لە خێزان یاخود ماڵباتێکی سادە دەچوو، ئەوا نە شار، نە چین، نە دەوڵەت و نە شارستانییەت، هیچ یەکێکیان نەدەبوون. بە مانایەکی تر، ئەوەی کۆمەڵگەی پەرەپێداوە، شار، چین، دەوڵەت و شارستانییەت نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە خودی کۆمەڵگەیە کە سەرجەم ئەو دیاردانەی داهێناوە. هەربۆیە لە ژیانی مرۆڤدا هیچ شتێک جێگەی کۆمەڵگە ناگرێت. دەستبەرداربوون لە کۆمەڵگە و دەرچوون لە دۆخی کۆمەڵگە و کۆمەڵگەبوون، مانای وازهێنان لە مرۆڤایەتی و دەرچوونە لە دۆخی مرۆڤبوون. هەربۆیە نەتەوەی دیموکرات بەر لە هەموو شتێک، سوورە لەسەر مانەوە لە دۆخی کۆمەڵگە و بە دروشمی «یان کۆمەڵگە یان هیچ» لە بەرامبەر مۆدێرنێتەی سەرمایەداری دەوەستێتەوە. واتە لەسەر هەمیشەییبوون و ژیاندنی واقیعی کۆمەڵایەتی و مێژوویی کۆمەڵگە سوورە کە لە چەرخی مۆدێرنێتەدا هەڵوەشێنراوەتەوە. هەرچەندە بە هۆی گرنگییەکەیەوە، لە پاڵ ئەوەی لە بەرگرینامەکەمدا ماددەیەکی تایبەت سەبارەت بە ژن و خێزان تەرخان دەکەین، بەڵام لە بنەڕەتدا پێویستە کۆمەڵگە وەک خێزانێکی مەزن تاوتوێ بکرێت. چونکە ئەوەی بە درێژایی مێژوو مرۆڤی پێکهێناوە و گەشەی پێداوە، ئەو خێزان یان ماڵباتەیە. هەرچی ئایینەکانی مۆدێرنێتەی سەرمایەدارییە هاوشێوەی پارە، دەسەڵات، سێکس، تۆپی پێ و...هتد کە لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا هەر شتێکی تێدا بچووک کراوەتەوە، زۆر دواتر پەیدا بوون و هەرگیز تاک ئاوا ناکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەناوی دەبەن.

نەتەوەی دیموکرات ئەو مۆدێرنیتە ئەڵتەرناتیڤەیە کە تاک-هاونیشتیمانیی ئازادی تێدا دەئافرێنرێت. نەتەوەی دیموکرات کۆمەڵگەی ئەڵتەرناتیڤە بەرامبەر بە پەڕاوێزکردن و بەهیچکردنی کۆمەڵگە، کۆمەڵگەی دیموکراتە بەرامبەر بە کۆمەڵگەی (یاخود بێ کۆمەڵگەیی) دەوڵەت و دەسەڵات. لە بەرامبەر ئەو پووکانەوە کۆمەڵایەتییەی هەر جۆرە نایەکسانی و کۆیلایەتییەکی تێدا پەیڕەو دەکرێت و دەرخواردی دراوە، ئەو کۆمەڵگەیەیە کە بە شێوەیەکی

ئازاد و یەکسان گەشە دەکات. کاتێک لە ڕوانگەی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە نەتەوەی دیموکرات هەڵبسەنگێنین، بە دڵنیاییەوە بەو پێناسانە دەگەین. چونکە کەینونەی کۆمەڵگەی نەتەوەی دیموکرات، لەپێشترین مەرجی ژیانی کۆمەڵگەیەکی تەندروستە. ئەو کۆمەڵگەیەی دەوڵەت-نەتەوە پووکاندبوویەوە، سەرلەنوی بۆ بنەڕەت و ڕەسەنێتیی خۆی دەگەڕێنێتەوە. کۆمەڵگەی تەندروستیش تاکی تەندروست پێ دەگەیەنێت. ئەو تاکەی بە تەندروستیی زهنی و ڕۆحی بگات، بەرگرییەکەی بەرامبەر نەخۆشییە جەستەییەکان زیاد دەبێت و نەخۆشیەکانیشی کەم دەبنەوە. لەبەر ئەوەی چەمکی پەروەردە و ڕاهێنان لە نەتەوەی دیموکرات کۆمەڵگەبوون و تاک-هاونیشتیمانیی ئازادی کردووەتە ئامانج، سەرلەنوێ دیالێکتیکی پەرەسەندنی تاک و کۆمەڵگە لەگەڵ یەکتردا بەدی دێنێتەوە. بەمجۆرەش ڕۆڵی کۆمەڵگەبوون، ئازادیخوازی و یەکسانیخوازیی زانستەکان دەگەڕێنرێتەوە. بەمجۆرەش نەتەوەی دیموکرات ڕۆحی نەتەوەبوونی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە سەبارەت بە بوونی خۆی هۆشیاریی و زانیاریی ڕاستی بە دەست هێناوە.
KCK کە ڕۆڵی بڕبڕەی پشتی وەرچەرخاندنی کۆمەڵگەی کورد بۆ نەتەوەی دیموکرات دەبینێت کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بە کەنارەکانی لەناوبردنی گەیاندووە، زامن یاخود گەرەنتیی ژیانی تاکی ئازاد و کۆمەڵگەی دیموکراتییە. کەجەکە ئامرازی سەرەکیی گەیشتنی تاک و کۆمەڵگەی کوردە بە هۆشیاریی بوونی ڕەسەنی خۆی. چونکە لەمیانە بەرەودان بە هەردوو ڕەهەندی ئەخلاقی و سیاسیی کۆمەڵگە، گەیشتنی کۆمەڵگە بە هۆشیاریی واقیعی خۆی فەراهەم دەکات. لە سەردەمی ئێستاماندا نەتەوەی دیموکرات ئەو کۆمەڵگەیەیە کە بە هۆشیاریی دەرککردن بە بوون و ژیانی خۆی گەیشتووە و لەمیانەی ئەو هۆشیارییەوە بەرگری لە خۆی دەکات. هەربۆیە کۆمەڵگەی کورد کە لەژێر مەنگەنەی دەوڵەت-نەتەوەدا دووچاری کۆمەڵکوژیی کولتووری هاتووە، تەنها لەمیانەی نەتەوەبوونی دیموکراتییەوە دەتوانێت ئەو ڕژێمەی نکۆڵی و قڕکردن تێ بپەڕێنێت کە بەسەریدا سەپێنراوە. بە واتایەکی تر نەتەوەی دیموکرات و KCK و تاکی ئازاد گشتێکی یەکانگیرن.

### ٤- هاوبەشێتی ژیانی ئازاد لە نەتەوەی دیموکراتدا:

وەک ئاگادارین، هەر یەکەیەکی ژیانی زیندوو سێ چالاکیی سەرەکیی هەیە. ئەوانەش پەیداکردنی خۆراک، پاراستنی بوون و درێژەپێدانی ڕەچەڵەکن. نەک تەنها ئەو یەکە بایۆلۆژییانەی بە ژیانی زیندوو ناویان دەبەین، بەڵکو هەر بوونەوەرێکی گەردوونی ڕۆڵێکی زیندووی تایبەت بە خۆیان هەیە و چالاکیی هاوشێوەیان هەیە. بەڵام ئەو چالاکییە سەرەکییانە لە مرۆڤدا بە ئاستێکی جیاوازتر دەگەن. چونکە لە کۆمەڵگەی مرۆڤدا ڕاسیۆناڵی بە ئاستێکی ئەوتۆی پەرەسەندن دەگات ئەگەر دەرفەتی پێ بدرێت، لەوانەیە کۆتایی بە بوونی سەرجەم زیندەوەرەکانی دیکە بێنێت. ئەگەر جیهانی بایۆلۆژی لە ئاستێکی دیاردا بوەستێنرێت، ئەوا

نابەردەوامیی جۆری مرۆڤیش لە خۆیەوە ڕوو دەدات. ئەمە پاڕادۆکس و دووفاقییەکی جدییە. جۆری مرۆڤ کە لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا ژمارەکەی بە حەوت ملیار گەیشتووە، ئەگەر بەو خێراییەی ئێستای لە زیادبووندا بەردەوام بێت، ئەوا دوای ماوەیەکی زۆر کورت ئاستی بایۆلۆژی تێ دەپەڕێنرێت و نابەردەوامیی ژیانی مرۆڤ دێتە ئاراوە. ڕاسیۆنالیستی خودی مرۆڤ ڕێگە لە پێش ئەو دۆخە دەکاتەوە. لەو سۆنگەیەوە، بەر لە گەیشتنی مرۆڤ بەو ئاستە بایۆلۆژییە، پێویستە هەمان ڕاسیۆنالیتە زیادبوونی زێدەڕۆییانەی ژمارەی جۆری مرۆڤ بوەستێنێت.

پەیدابوون و زۆربوون ڕووداوێکی زۆر سەیرە. ئەو دەزگایەی دەشێ بە ئەقڵی سروشت ناوی ببەین، بەردەوام ڕۆڵی هاوسەنگکردن دەبینێت، هاوسەنگیی نێوان بوون و زۆربوون دەپارێزێت. بەڵام بۆ جاری یەکەمین ڕاسیۆنالیستی مرۆڤ ڕووبەڕووی ئەو میکانیزمەی هاوسەنگی دەوەستێتەوە. لە ڕاستیدا دەستەواژەی ئیلاهیبوونیش زادەی ئەو ڕاسیۆنالیتەیە. چونکە لە واقیعدا خوداوەند مانای ئەو مرۆڤەیە کە لە ڕاسیۆنالیتەدا سنوور ناناسێت. بە واتایەکی تر خەسڵەتە ڕاسیۆنالیەکانی مرۆڤ ڕێگەیان لە پێش بونیادنانی خوداوەند، ئایین و سیستەمە ئافرێنەرەکانی دیکە کردووەتەوە.

خۆدوولەتکردن و زۆربوونی دەستبەجێی زیندەوەری یەکخانە (ئەمیبیا) بۆ خۆدوورگرتن لە لەناوچوون، بۆ بەردەوامیی ژیان مایەی تێگەیشتنە؛ چونکە ڕەمەکی زۆربوونی هەر بوونەوەرێک تا دەگاتە مرۆڤ، گوزارشت لە ئارەزووی ژیانی بێکۆتایی دەکات. ئارەزووی ژیانی بێکۆتاییش، ئارەزوویەکە تا ئێستا دەرکی پێ نەکراوە و توانا و لێهاتوویی تێگەیشتن لێی زۆر سنووردارە. زەرورەت یان پێویست نەبوونی تێگەیشتنی ئارەزووی ژیان گفتوگۆیەکی جیاوازە. بەڵام ئەوەش مایەی تێگەیشتنە کە دوای دەرککردن بەو ئارەزووەی ژیان، ئەو ڕاستیەش ڕوونتر دەبێ کە لەمیانەی درێژەدان بە ڕەچەڵەکەوە مانای ژیان بە دەست ناهێنرێت. چونکە ژیانی کەسێک یەکسانە بە ژیانی ملیۆنان کەس. هەربۆیە وەک چۆن زۆربوون ژیان مانادار ناکات، لەوانەیە هێزی هۆشیاریی دەرکەوتووش چەواشە و لاواز بکات. بەڵام دەرککردن یاخود پەیبردن بە خود بێگومان پەرەسەندنێکی سەمەرەی گەردوونە. هەر لە خۆیەوە نازناوی خوداوەندێتی بە باڵا نەکراوە. دوای بەدەستهێنانی هێزی هۆشیاری و پەیبردن بە خۆی، مەحاڵە پرسی سەرەکیی مرۆڤ بەردەوامیی ڕەچەڵەک بێت. بە مانایەکی تر، درێژەپێدانی ڕەچەڵەک لە لایەن ئەو مرۆڤەی هۆشیارە و دەرکی بە خۆی کردووە تەنها بە تێکدانی هاوسەنگی دژ بە زیندەوەرانی دیکە ناوەستێت، بەڵکو هێزی هۆشیاریی مرۆڤیش دەخاتە مەترسییەوە. بە کورتی، لای ئەو مرۆڤەی دەرکی بەخۆی کردووە بەردەوامیی ڕەچەڵەک پرسی سەرەکی نییە. چونکە لە مرۆڤدا سروشت بە ئاستێکی وەها گەیشتووە، درێژەپێدانی ڕەچەڵەکی خۆی لە دۆخی کێشە دەرکردووە. لەوانەیە بڵێن هاوشێوەی بوونەوەرانی دیکە، ڕەمەکی بەردەوامیی ڕەچەڵەک لە مرۆڤیشدا ئەبەدییە و هەر بەردەوام دەبێت. ڕاستە، بەڵام ئەوە غەریزەیەکە لەگەڵ هێزی هۆشیاریدا ناکۆکە. لەو سۆنگەیەوە، زەرورەتە کە لەپێشینەیی بۆ هۆشیاریی بێت. بەو ڕادەیەی

دەزانیـن ئەگـەر گـەردوون بـۆ یەکەمیـن جـار لـە مرۆڤـدا بـە بەرزتریـن ئاسـتی خۆناسـینی خـۆی گەیشـتووە، پێویسـتە جێگـەی جۆشوخرۆشـێکی مـەزن بێـت، واتـە تێگەیشـتنی گـەردوون لەوانەیـە مانـای ڕاسـتەقینەی ژیـان بێـت. ئـەوەش مانـای تێپەڕاندنـی چەرخـی ژیان-مردنـە، ناشـێت بیـر لـە خرۆشـان و جەژنێکـی تایبـەت بـە مـرۆڤ بکرێتـەوە کـە لـەوە گەورەتـر بێـت. ئـەوەش بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان گەیشـتنە بـە نیرڤانـا، فەنـا فیلـلا و هۆشـیاریی ڕەهـا، دوای ئـەوەش، نـە مانـای ژیـان دەمێنێـت، نـە پێویسـتیی بەختـەوەری!

لـە کۆمەڵگـەی کـوردا دەکـرێ پووکانـەوەی ژیـان زیاتـر لـە تـەوەرەی دیـاردەی ژن ببینرێـت. لـە کولتوورێکـی کۆمەڵایەتیـدا کـە بـە شـێوەیەکی زۆر واقیعییانـە ناوەکانـی ژن و ژیانـی کـردووە بەیـەک، کۆتاییهاتنـی ژیـان لـە ژنـدا نیشـانەی سـەرەکیی لەناوچوونـی کۆمەڵایەتیشـە. ئـەوەی لـە پاشـماوەی کولتوورێکـدا ماوەتـەوە کـە ڕێگـەی لـە پێـش کولتـووری مێخوداوەنـد کردووەتـەوە و لـە تـەوەرەی ژن بناغـەی شارسـتانییەتی دانـاوە، خراپییەکـی گـەورە و ئالوودەبوونێکـی ڕادەسـتبووی ڕەمەکەکانـە سـەبارەت بـە ژیـان لەگـەڵ ژنـدا. نەریتـەکان و ئـەو ژیانـە کۆمەڵایەتییـەی لەژێـر مەنگەنـەی نکۆڵـی و قڕکردنـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریدایە، ژیانێکـە بـە تـەواوی مەحکومـی بێچارەیـی ژن کـراوە. وەک بڵێـی دواییـن سـەنگەرە بـە دەسـتیەوە مابێتـەوە، چەمکـی پاراسـتنی نامووسـی پشتبەسـتوو بـە ژن گوزارشـت لـە دۆخێـک دەکات کـە زۆر لـەو واتایـە دوور کەوتووەتـەوە کـە نۆمـۆس (نۆمـۆس = ڕێسـا یاخـود یاسـا) دەیبەخشـێت. بـە مانایەکـی تـر ئـەو نامووسپەرسـتییە توندەی سـەبارەت بـە ژن، گوزارشـت لـە بـێ نامووسـییەکی زۆر تونـدی کۆمەڵایەتـی دەکات. دەسـتگرتن بـە نامووسـی ژنـەوە بـە هەمـان ڕادەی دوورکەوتنـەوە یـان دوورخسـتنەوە لـە شـەرەفی کۆمەڵگـە، واتـە دوورخسـتنەوە لـەو بەهـا سـەرەکییانەی بـە خۆڕاگریـی و یەکانگیریـی دەیهێڵنـەوە، دووفاقییەکـی گەورەیـە.

تێنەگەیشـتنی کـورد لـەو ڕاسـتییەی کـە دوای لەدەسـتدانی نامووسـی کۆمەڵگـە ناتوانـن نامووسـی ژن بپارێـزن، تەنهـا جەهالـەت و نەزانـی نییـە، بەڵکـو بـێ ئەخلاقییەکـە بـە نـاوی ئەخلاقـەوە دەکرێـت. ئـەو چەمکـەی نامـووس کـە لەژێـر نـاوی نامووسـی ژنـدا هەوڵـی زیندووکردنـەوەی دەدرێـت، لـە هەوڵەکانـی خۆسـەلماندنی هێـز یاخـود بـێ هێزیـی پیـاو لەمیانـەی کۆیلایەتیـی ژنـەوە سـەرچاوەی دەگرێـت: بێگومـان ئـەو پیـاوە کـوردەی لـە ڕووی ئەخلاقـی و سیاسـییەوە لەنـاو چـووە، خوازیـارە ئـازاری ئـەو ڕەفتارانـەی باڵادەسـتیی بیانـی بەسـەر خـۆی و کۆمەڵگەکەیـدا سـەپاندوویەتی، لەمیانـەی سـەپاندنی باڵادەسـتیی خـۆی بەسـەر ژنـدا هەڵبڕێژێـت. واتـە بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان، خـۆی خاڵـی دەکاتـەوە. لەگـەڵ ئـەوەی لـە تـەواوی جیهانـدا دۆخـی ژن زۆر قورسـە، بـەڵام ئاشـکرایە کـە لـە هیـچ شـوێنێکی جیهـان کۆیلایەتییەکـی قورسـی هاوشـێوەی ئـەو سـتاتۆیەی ژنـی کـورد لـە ئارادا نییـە. دیـاردەی منداڵـی زۆر کـە دۆخێکـی گشـتیی کۆمەڵگـەی کـوردە، ڕوویەکـی دیکـەی ئـەو حەقیقەتەیـە. لـە کۆمەڵگـە هاوشێوەکانیشـدا ئـەو تاکـە چارەسـەر یاخـود بێچارەییـەی لـە ئاکامـی نەزانـی و کۆیلایەتییـەوە دەرهـەق بـە بەردەوامیـی بـوون دێتـە ئـاراوە، خسـتنەوەی منداڵـی زۆرە. ئـەوەش دیاردەیەکـە لـە هـەر کۆمەڵگەیەکـدا ڕوو دەدات کـە هۆشـیاریی زاتـی (خۆیـی) تێـدا پـەرەی

نەسەندووە. دووفاقیەکە لێرەدایە، لەبەر ئەوەی فاکتەرە بنەڕەتەکانی دیکەی ژیان، واتە ئاسایش و خۆراک لە ئارادا نین، منداڵی زۆر ڕێگە لە پێش کێشەگەلێکی سەخت و گەورە دەکاتەوە. بێکاریی وەک لافاو گەورە دەبێت. لە بنەڕەتدا ئەوەی سیستەمی قازانجی سەرمایەداریی بۆ کۆیلایەتیی هەقدەستی کەم پێویستی پێیەتی، زیادبوونی زێدەڕۆیانەی ژمارەی دانیشتوانە. بەمجۆرە نەریتی شارستانییەت و مۆدێرنیتە دەستی یەکتریان گرت و بە هەموو قورساییان بەسەر سەری ژندا دادەباری.

بەردەوام دووبارەی دەکەینەوە کە ئەو هەلومەرجانەی وشەکانی «ژن و ژیان»یان تێدا بێ ناوەڕۆک کراوە داڕووخان و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگە پیشان دەدەن. سەرجەم ئەو فاکتەرانەی بە شۆڕش، پارتی شۆڕشگێڕی، پێشەنگ و تێکۆشەر ناویان دەبەین، ئەگەر ئەو حەقیقەتە شینەکەنەوە و لە ڕێگەی ئازادییدا سەفەربەری نەکەن، ناتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن. چونکە ئەوانەی خۆیان بوونەتە گرێکوێرە، ئەستەمە بتوانن گرێکوێرەی خەڵکانی دیکە چارەسەر بکەن و بە ئازادییان بگەیەنن. گرنگترین ئەنجامی PKK و شەڕی شۆڕشگێڕیی گەل سەبارەت بەو بابەتە هێناویەتە ئاراوە، ئەوەیە: ڕزگاری و ئازادیی کۆمەڵگە بە شیکردنەوەی دیاردەی ژن، ڕزگاری و ئازادبوونەکەیدا تێ دەپەڕێت. بەڵام هەر وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، پیاوی کورد نامووسە شێوێنراوەکەی خۆی (یاخود لەمیانەی پێناسەیەکی ڕاستتری زانستییەوە بێ نامووسیی خۆی) لە باڵادەستیی ڕەهای خۆی بەسەر ژندا دەبینێت. ئەوەی پێویستە شیکاری و چارەسەر بکرێت، ئەو ناکۆکییە مەترسیدارەیە.

لەبەر ئەوەی لە بەشەکانی پێشووتردا باسی ئەم جۆرە هەوڵانەمان کرد، لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە. لەمیانەی هەنگاونان بەرەو بونیادنانی نەتەوەی دیموکرات، ئەوەی پێویستە بکرێت، پێچەوانەی ئەو کار و ڕەفتارانەیە کە تا ئێستا لەژێر ناوی شەرەف و نامووسدا کراون. کاتێک باسی پیاوێتیی سەراوژێرکراوی کورد دەکەم، تۆزێکیش باسی خۆم دەکەم. کە پێویستە بەم جۆرە دابڕێژرێت: پێویستە بە تەواوی دەستبەرداری چەمکی موڵکایەتیمان بین دەرهەق بە ژن، پێویستە ژن تەنها و تەنها هیی خۆی بێت (سەربەخۆ بێ و خۆیبوون بە بنەما بگرێ). بگرە پێویستە زۆر باش بزانێت کە بێ خاوەنە و تەنیا خۆی خاوەنی خۆیەتی. هەروەها پێویستە بە هیچ هەستێکی سۆزداریی گرێدانی لە جۆری عەشق و خۆشەویستیی کوێرانەوە وابەستەی ژن نەبین. بە هەمان شێوە، پێویستە ژنیش خۆی لە دۆخی وابەستەبوون و موڵکبوون ڕزگار بکات. پێویستە یەکەمین مەرجەکانی شۆڕشگێڕیی و تێکۆشەری بەم جۆرە بێت. ئەوانەی لەو ئەزموونەدا سەرکەوتوو دەبن، بە واتایەک لە واتاکان ئەو کەسانەن کە ئازادییان لە کەسایەتی خۆیاندا دەستەبەر کردووە، دەتوانن کۆمەڵگەی نوێ و نەتەوەی دیموکرات لە کەسایەتیی ئازادی خۆیانەوە دەست پێ بکەن و بونیادی بنێن.

تەواو لەو خاڵەدا بە پێناسە ڕاستەقینەکەی عەشق دەگەین. چونکە عەشق تەنها ئەو کاتە بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی خۆی دەگات کە ئەوانەی ناتوانن هەرەس و هەڵوەشانەوەی

کۆمەڵگەکەیـان بوەسـتێنن، بـەر لـە هەمـوو شـتێک دەسـتبەرداری ئـەو چەمکـەی نامـووس بـبن (یاخـود بـە واتـا زانسـتییەکەی، دەسـتبەرداری ئـەو بـێ ناموسـییە بێـت) کـە تۆڕەکـەی لـە دەوروبـەری ژن هۆنراوەتـەوە و بـە شـێوازێکی ملیتانانـە هەنـگاو بـۆ بونیادنانـی نەتـەوەی دیموکـرات بنێـن. لـەو حاڵەتـەدا ئەگـەر زۆر سـەختیش بێـت، لەوانەیـە بـە پۆتانسـێلی بەدیهاتنـی عەشـق بـگات.

لـە پرۆسـەی نەتەوەبوونـی دیموکراتـدا ئازادبوونـی ژن بایەخێکـی زۆری هەیـە. چونکـە ژنـی ئـازاد مانـای کۆمەڵگـەی ئـازادە. کۆمەڵگـەی ئازادیـش نەتـەوەی دیموکراتـە. پێشـتر باسـی گرنگیـی شۆڕشـگێڕانەی پێچەوانەکردنـەوەی ڕۆڵـی پیاومـان کـرد. ئـەوەش مانـای ئەوەیـە لەجیاتیـی ئـەوەی لـە ڕێگـەی ژنـەوە درێـژە بـە ڕەچەڵـەک و باڵادەسـتی لەسـەر ژن بـدات، بـە هێـزی خـۆی بەردەوامـی بـە نەتەوەبوونـی دیموکراتـی بـدات، هێـزە ئایدیۆلـۆژی و ڕێکخسـتنییەکەی ئـاوا بـکات و ئۆتۆریتـەی سیاسـیی خـۆی جێگیـر بـکات؛ بـە واتایەکـی تـر ئـەوە مانـای خۆئافراندنیەتـی لـە ڕووی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـییەوە. واتـە لەجیاتیـی زۆربوونـی جەسـتەیی، پێویسـتە زیاتـر بەهێزبوونـی زهنـی و ڕۆحـی بە دەسـت بێنێـت. چونکـە ئـەو حەقیقەتانـەن کـە سروشـتی عەشـقی کۆمەڵایەتـی بـەدی دێنـن. واتـە بـە دڵنیاییـەوە پێویسـتە عەشـق بـۆ هەسـتگۆڕینەوە و کەمەندکێشـیی زایەندیـی نێـوان دوو کـەس بچـووک نەکرێتـەوە. هەروەهـا پێویسـتە گیـرۆدەی ئـەو جوانییـە ڕووکەشـییانەش نەبیـن کـە هیـچ واتایەکـی کولتووریـیـان نییـە. مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری سیسـتەمێکە لەسـەر بنەمـای نکۆڵیکـردن لـە عەشـق ئـاوا کـراوە. چونکـە نکۆڵیکـردن لـە کۆمەڵگـە، هاربوونـی تاکگەرایـی، داگیرکردنـی هـەر بوارێـک لـە لایـەن نێرسـالاریەوە، بەئیلاهیکردنـی پـارە، جێگیرکردنـی دەوڵەت-نەتـەوە لـە جێگـەی خوداوەنـد، گۆڕینـی ژن بـۆ ناسـنامەیەکی بێکـرێ یاخـود خـاوەن کەمتریـن هەقدەسـت؛ ئەمانـە هەمـووی بەڵگـەی زەمینـەی ماددیـی نکۆڵیکردنـە لـە عەشـق.

پێویسـتە زۆر بـە باشـی سروشـتی ژن بناسـین. بینینـی سەرنجڕاکێشـیی زایەندیـی ژن لـە ڕووی بایۆلۆژییـەوە و لـەو چوارچێوەیەشـدا نزیکبوونـەوە و پەیوەندیەسـتن لەگەڵیـدا، هـەر لـە سـەرەتاوە مانـای لەدەسـتدانی عەشـقە. وەک چـۆن بەیەکگەیشـتنە بایۆلۆژییەکانـی زیندەوەرانـی تـر بـە عەشـق دانانییـن، ئـەوا جووتبوونـی زایەندیـی بایۆلۆژیـی مرۆڤیـش بـە عەشـق نـاو نابەیـن. بەڵکـو دەشـێ ئـەوە بـە چالاکییـە ئاسـاییەکانی زۆربوونـی بوونـەوەران نـاو ببەیـن. تەنانـەت بـۆ ڕاپەڕاندنـی ئـەو چالاکییانـە، پێویسـت نـاکات مرۆڤیـش بیـت. لـە بنەڕەتـدا ئـەو مرۆڤـەی شـەهوەتی ئاژەڵانـەی هەیـە بـە ئاسـانترین شـێوە ئـەو کـردار یاخـود چالاکییانـە جێبەجـێ دەکـەن. هەربۆیـە ئـەوەی پەیجـووری عەشـقی ڕاستەقینەیە، پێویسـتە دەسـتبەرداری ئـەو شـێوازەی زۆربوونـی مرۆڤ-ئاژەڵییـە ببێـت. بـەو ڕادەیـەی بینیـن و هەڵسـەنگاندنی ژن وەک ئۆبجەیەکـی کەمەندکێشـی زایەنـدی تـێ بپەڕێنیـن، دەتوانیـن ژن بکەیـن بـە هـاوڕێ و هەڤاڵێکـی بەهـادار. سـەختترین پەیوەندیەکانیـش ئـەو هاوڕێیەتـی و هەڤاڵێتییـە لەگـەڵ ژنـدا کـە ڕەگەزگەرایـی (نێرسـالاریی) تێپەڕانـدووە.

تەنانـەت ئەگـەر لـە هەلومەرجەکانـی هاوبەشـێتی ژیانیـی ئازادیشـدا لەگـەڵ ژنـدا بژین، پێویسـتە بونیادنانـی کۆمەڵگـە و نەتـەوەی دیموکراتـی بناغـەی ئـەو پەیوەندییـە پێـک بێنـێ. پێویسـتە ئـەو

دۆخـە تـێ بپەڕێنیـن کـە بـەردەوام وەک سـنووره نەریتییـەکان و هاوشـێوەی مۆدێرنیتـە ژن لـە پێگـە و ڕۆڵـی خێـزان، دایـک، خوشـک و خۆشەویسـتدا ببینیـن. بـەر لـە هەمـوو شـتێک، دەبـێ پەیوەندیـی بەهێـزی مـرۆڤ لەسـەر بنەمـای یەکێتیـی مانـا و بونیادنانـی کۆمەڵگـە زاڵ بکەیـن. بـە مانایەکـی تـر ئەگـەر گـەرەک بێـت، پێویسـتە ژنێـک یاخـود پیاوێـک دەسـبەرداری هاوسـەرەکەی، منداڵەکـەی، دایـک، بـاوک و خۆشەویسـتەکەی بێـت، بـەڵام هەرگیـز دەسـتبەرداری ڕۆڵـە سیاسـی و ئەخلاقیەکـەی نەبێـت کـە لـە کۆمەڵگـەدا هەیەتـی. پیـاوی بەهێـز هەرگیـز لـە ژن ناپاڕێتـەوە، دوای ناکەوێـت، لێـی نـادات، جنێـوی پـێ نـادات و ئیرەییشـی پـێ نابـات. تەنانـەت ئەگـەر هاوژیـن و خۆشەویسـتەکەی خۆشـی بێـت، کاتێـک داوای جیابوونـەوە بـکات، پەنجەیەکیشـی بـۆ نابـات. بگـرە ئەگـەر ڕەخنەشـی هەبێـت، دوای ئاراسـتەکردنی ڕەخنەکانـی لـە بەسـەربردنی ژیانـی خوازراویشـیدا هـاوکاری دەکات. ئەگـەر بیەوێـت پەیوەندییەکـی لەگـەڵ ژنـدا هەبێـت کـە بنەمـا ئایدیۆلۆژیـی و کۆمەڵایەتییەکـەی بەهێـز بێـت، پێویسـتە مافـی دەسـت نیشـان کـردن و بڕیـاردان بـۆ ژن جـێ بهێڵێـت. چونکـە چەنـدە ئاسـتی ئازادیـی ژن، بڕیـاری ئـازاد و توانـای بزاوتـی پشتبەسـتوو بـە ئیـرادەی خۆیـی پـەرە بسـەنێت، ئـەوا بـەو ڕادەیـە دەتوانێـت بـە شـێوەیەکی جـوان و واتادارتـر لەگـەڵ ئـەو ژنـەدا بـژی.

نموونەییتریـن هاوبەشـێتی ژیانیـی ئـازادی نێـوان ژن و پیـاو لـە هەلومەرجـی ڕۆژی ئەمڕۆمـان و واقیعـی کۆمەڵایەتیمانـدا ئـەو کاتـە بـەدی دێـت کـە سـەرکەوتنی مـەزن لـە کار و خەباتـە قورسـەکانی بونیادنانـی نەتـەوەی دیموکراتـدا بـە دەسـت بهێنرێـت. لـە کوردسـتانی ڕۆژی ئەمڕۆمانـدا دیالێکتیکـی عەشـقێکی مانـادار لـە واقیعـی کۆمەڵگـەی کـورددا تـا ڕادەیەکـی زۆر پێویسـتە پلاتۆنیـک بێـت. عەشـقی پلاتۆنیکیـش عەشـقی فیکـر و کـردارە. هـەر بۆیـە ئـەو عەشـقە بەهـادارە. وەلـێ ساتبەسـات ژیانێکـی بـەردەوام لەگـەڵ ژنێکـی شـاجوانی جیهانـدا عەشـق نییـە. هەڵبەتـە لەبـەر ئـەوەی عەشـق نییـە، دوای ماوەیەکـی کـورت لـە بەیەکەوەبـوون دووڕوویـی دەردەکەوێـت. چونکـە لـە پەیوەندییەکـەوە سـەرچاوە دەگرێـت کـە بێواتـا ئـاوا کـراوە، یاخـود بنەماکـەی جەسـتەییە. لـە بەرامبـەر ئەوەشـدا، لـە ئەزمـوون و پراکتیکـی PKK و KCKدا چەندیـن کـوڕ و کچـی لاو کـە کۆیلـەی دوێنـێ بـوون، بـەڵام بەبـێ ئـەوەی بەیەکـەوە بـن و جـووت بـن، لەمیانـەی عەشـقێکی پلاتۆنییـەوە کاری گەورەیـان لـە بونیادنانـی نەتـەوەی دیموکراتـی گەلەکەیانـدا کـردووە و بەهێزیـی کەسـایەتیی خۆشـیان سـەلماندووە. لـەو بارەیـەوە بـە سـەدان شـەهیدی هێـژا و قارەمانمـان هەیـە. ئەوانـە ئـەو گـەورە لەهەنگانـەن کـە بوونەتـە مـەم و زیـن.

بـەو بۆنەیـەوە ئاماژەکـردن بـە ئەزموونەکانـی خـۆم بـە قەرزێکـی سەرشـانم دەزانـم. ئەوەنـدەی لـە یادمـە، هـەر لـە تەمەنـی منداڵیـدا یاریکردنـم لەگـەڵ کیـژۆڵان بـە یەکێـک لـە زەرورەتەکانـی ئـازادی دانابـوو. لـە کاتـی شـووکردنیان، هەسـتێکم لا دروسـت ببـوو وەک بڵێـی هەموویانـم لـە دەسـت داوە، بـۆ خوشـکە گەورەکانیشـم بیرکردنـەوەم هاوشـێوە بـوو. بـەڵام کـە تۆزێـک گەورەتـر بـووم و ڕێسـا و ئەخلاقـە وشـکەکانی نامووسـی کۆمەڵگـەم لـە بەرامبـەر خـۆم بینیـەوە، بـە تـەواوی پاشەکشـێم کـرد. بـەڵام ئـەوە پاشەکشـێیەک بـوو کـە بـە دڵشـکاوی بەسـەر چـوو. هێـدی هێـدی

تـێ دەگەیشـتم کـە لـە مێـژە ژنانمـان لـە دەسـت داوە. هەرگیـز لـەو سـتاتۆیە ڕازی نەبـووم کـە لـە نێـوان ژن و پیـاودا دروسـت کرابـوو. بـەردەوام گومانـم هەبـوو کـە ئـەو سـتاتۆیە لەسـەر هەڵـە بونیـاد نـراوە. هەربۆیـە سـتاتۆیەک بـوو هەرگیـز پەسـندم نەکـرد. هیـچ کاتێـک خوازیـار نەبـووم لەمیانـەی پشتبەسـتن بـەو سـتاتۆیەوە لەگـەڵ ژنـدا بژیـم. لـەو بڕوایـەدام دایکـم هـەر لـە تەمەنـی منداڵیمـەوە دەرکـی بـەو دۆخـەم کردبـوو، هـەر بۆیـەش پێـی گوتبـووم: «بـەو دۆخەتـەوە ناتوانیـت لەگـەڵ ژنـدا بیـت.» لـە ڕاسـتیدا منیـش هیـچ کاتێـک نەمویسـتووە ببمـە خـاوەن ژنێـک. بگـرە ئەگـەر بشمویسـتایە، نەمدەزانـی چـۆن لەگەڵیـدا بژیـم. بەمجـۆرەش چەنـدە گـەورە دەبـووم، دەبـووم بـە منداڵێکـی زەبـەلاح لـە کاتێکـدا پیاوەکانـی تەنیشـتم هەریەکـە و ببـوون بـە گورگـی ژنـان، منیـش وەک دامـاو و بەلەنگازێـک لـەو نێوانـەدا مابوومـەوە. وەک خەیاڵێـک گرنگـی پێـدان و هۆگریـی ژنانم بەرامبـەر خـۆم بـە بیـر دێتـەوە. لەوانەیـە وەك «بوویەرێکـی بـێ هیـوا» سـەیری منیـان کردبێـت. بـە مانایەکـی تـر، ئـەو هەسـتەیان پیشـان دەدام کـە: کەسـێکی خۆشەویسـتی، بـەڵام بەگوێـرەی سـەردەم و ڕۆژگار نیـت. لـە کاتێکـدا هـەر کـەس هاوسـەر و خۆشەویسـتێکی بـۆ خـۆی دەدۆزییـەوە، لـەو بارەیـەوە توانـای هەناسەدانیشـم نەبـوو. هەروەهـا عەشـقێکی هاوشـێوەی عەشـق بـۆ خوداوەنـد یـان عەشـق بـۆ شـتی دیکـەم نەبـوو. تاکـە مەسـەلە کـە هۆگـری ببـووم، بەدەستهێنانی هاوڕێیەتیـی بـاش بـوو.


بـەر لـە دەسـت پێکردنـی ئـەو بوویەرە پووچـەی هاوسـەرگیری کـە لـە نـاکاو ڕووی دا، مەیلگەلێکم هەبـوو کـە دەشـێت بـە عەشـقی پلاتۆنیکـی نـاوی ببـەم. چەنـدە جوانییـە ئیلاهییـە شـاراوەکەی ژنـم بـۆ ڕوون دەبوویـەوە، دەکەوتمـە ژێـر کاریگەرییەکەیـەوە. بـەڵام ئـەو هێـز و خواسـتەم نەبـوو بـە لایەنـی بەرامبـەری ڕابگەیەنـم. بـەردەوام نیشـتیمانی لەدەسـتدراو، کوردسـتان و ناسـنامەی ونبـووی کـوردم لـە پشـت ئـەو عەشـقە پلاتۆنییـەوە دەبینـی. بـە بڕوای مـن، ئـەوەی نیشـتیمان و ناسـنامەکەی لـە دەسـت داوە، مەحاڵـە عەشـقێکی بەهێـز، ئارەزوومەندانـە و بەئیـرادە و کردەیـی هەبێـت. چەنـدە جێگـەی داخ و ئێـش و ئـازارە کـە ئـەو چەسـپاندنەم ڕاسـت بـوو. ئەگـەر بڵێـم هەسـت لـە پشـت هاوسـەرگیرییە پـووچ و مەترسـیدارەکەمەوە نەبـوو، ڕاسـت نابێـت. ئەگـەر بشـڵێم تەنهـا بـە ئامانجـی سیاسـی بـوو، دەبێتـە دووڕوویـی. چونکـە هەسـت و ئامانجـی سیاسـی هەردووکیـان هەبـوون. نازانـم مـن بـووم کـە یەکـەم جـار لـە دەرگام دا یاخـود ئـەو بـوو. ئەگـەر بڵێـم ڕێکـەوت بـوو، واقیعـی نابێـت. بـە بـڕوای مـن، تاکـە ڕوونکردنـەوەی ئـەو پەیوەندییـە ئەمەیـە: کەسـێك وڵاتـی ون کردبێـت و ناسـنامەی کۆمەڵایەتیـی لـە دەسـت دابێـت عەشـقەکەی سـەرناگرێت. ڕووداوەکانیـش ئـەو حەقیقەتەیـان سـەلماند. چونکـە ئـەو سـاڵانە سـاڵانێک بـوون کـە هەرگیـز عەشـق سـەری نەدەگـرت.

لـە ڕاسـتیدا پارچـە گۆرانـی و مۆسـیقاکەی ئارامیـش کـە ئـەو کاتـە گوێـم لێـی بـوو، باسـی ئـەو دۆخـە مەحاڵـەی دەکـرد. پێویسـتە ئامـاژە بـۆ ئـەو خاڵـەش بکـەم کـە ئـەو ڕقـە گەورەیـەی بەرامبـەر سـەرنەگرتنی عەشـق لام دروسـت بـوو، ڕۆڵـی لـە هەنگاونانـم هەبـوو بـۆ دامەزراندنـی PKK و شـەڕی شۆڕشـگێڕیی گـەل. کاتێـک ژمارەیەکـی زۆری کچـان و ژنـان بەشـداری کارو خەباتەکانـم

بـوون، عەشـقێکی جڤاتـی لەگەڵیانـدا هەبـوو. چونکـە هەلومەرجەکانـی عەشـقی تاکەکەسـی لـە ئـارادا نەبـوو. بـە هیـچ جۆرێـک بوێریـی ئەزمـوون کردنـی عەشـقی تاکەکەسـیم پیشـان نـەدا کـە جگـە لـە مـن، لـە نـاو PKK و دەرەوەش کەسـانێکی زۆر تاقییـان کردووەتـەوە. جارێکـی تـر تـرس دای گرتبـووم. بـە واتایەکـی دیکـە، بـەردەوام بیـرم لـە مەحاڵبوونـی ئـەو جـۆرە عەشـقانە دەکـردەوە. ئـەو بیرکردنەوەیەشـم ڕاسـت بـوو. ئـەو کاتـە بـەردەوام فیکـری «بووکـی کوردسـتان»م بـە خەیاڵـدا دەهـات. هـزری «بووکـی مـن» هەرگیـز لای مـن لـە ئـارادا نەبـوو. بـە سـەدان کـچ هەبـوون کـە لـە مـن بوێرتـر و ژیرتـر بـوون. بەشـێکی زۆریـان شـەهید بـوون. بـەردەوام هەوڵـم دەدا پێیـان بڵێـم؛ کـە هیـی ئەوانـم و لایەنگریانـم. بـەڵام ئـەوە هەوڵێکـی بـێ ئـاکام بـوو.

لـە حاڵەتـی وەهـادا پێویسـتە ئازادیـی نیشـتیمان، ڕزگاریـی کۆمەڵگـە و نەتەوەیـەک لـە تـاک و فاکتەرەکانـی عەشـقدا ڕەنـگ بدەنـەوە یـان نوێنەرایەتـی بکرێـن. ئـەوەش پێویسـتی بـە تێکۆشـانێکی بەهێـزی سـەربازیی و سیاسـی هەیـە، پێویسـتی بـە هێزێکـی گـەورەی سیاسـی و ئەخلاقـی هەیـە. هەروەهـا بـێ ئیسـتاتیکایی و بێبەشـبوون لـە جوانـی پەسـند نـاکات. ئەوانـەی ئیدیعـای عەشـقی پلاتۆنییـان هەیـە، کاتێـک عەشـقەکەیان تایبـەت دەکـەن و دەیانـەوێ بەرجەسـتەی بکـەن، پێویسـتە تـەواوی ئـەو مەرجانـە جێبەجـێ بکـەن. ئەگـەر هێزەکەیـان توانـای جێبەجێکردنـی ئـەو مەرجانـەی نەبێـت، پێویسـتە درێـژە بـە عەشـقی پلاتۆنیـی خۆیـان بـدەن. بـەڵام ئەگـەر هێزەکەیـان بەشـی ئـەوەش نـەکات و واتـای پـێ نـەدەن، ئـەوا هاوسـەرگیری شارسـتانییەت (نەریتـی) و مۆدێرنیتـە لـە ئـارادا دەبێـت کـە ڕێسـا بایۆلۆژییـەکان یاخـود بەیەکەوەبوونـی زایەندیـی کۆیلانـە لـە ئارادایـە. عەشـقی ئـازاد و هاوسـەرێتیی بایۆلۆژی-کۆیلایەتـی یـان پەیوەندییەکانـی دەرەوەی هاوسـەرێتی بەیەکـەوە نابـن. چونکـە یاسـای عەشـق بەرگـەی ئـەو جـۆرە پەیوەندییانـە ناگرێـت.

لـە گـەورە شـەهیدە ژنـەکان و ئـەو بەهـا شـکۆدارانەوە فێـر بـووم کـە ژن کەینونەیەکـی هێـژا و بەهـادارە. چونکـە ئـەوەی لەگەڵیانـدا هاتووەتـە ئـاراوە، بەدەسـتهێنانەوەی ئازادانـەی عەشـقی وڵاتـی ونکـراو و ناسـنامە کۆمەڵایەتییـە لەدەسـتدراوەکە بـوو. لـە ڕاسـتیدا ئـەوەش خـودی عەشـقێکی زۆر بەهـادار، شـکۆمەند و ڕاسـتەقینەیە. هەروەهـا عەشـقێک بـوو کـە خائیـن و دووڕووەکانیشـی زۆر بـوون. بـەم جـۆرە، منیـش بیرەوەریـی مـەم و زینـم زینـدوو دەکـردەوە و بەدیـم دەهێنـا.



# شەڕی شۆڕشگێڕی گەل

عەبدوڵڵا ئۆجەلان

ئێستاش لەو بڕوایەدام ئەگەر لەسەر بنەمای سیاسەتی دیموکراتییانە پەرە بە ڕێگەچارەیەک نەدرێت، ئەوا ناچارین ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕیی گەل وەک ئامرازی سەرەکیی بەدەستهێنانی ناسنامە و ئازادی تاقی بکەینەوە. لەو بڕوایەدام کە چارەسەر لە ڕێگەی سیاسەتی دیموکراتییانەوە بەدی دێت. تاکە مەرجی پێویست لەو پێناوەدا ئەوەیە کە حکومەتەکانی تورکیا، سوریا و ئێران (هێزە دیاریکەرەکانی دەسەڵات) ئیرادەی ڕێگەچارەی سیاسییانە پیشان بدەن. لە دۆخێکی پێچەوانەدا، ئەوەی دەکەوێتە ڕۆژەڤەوە، چالاکیی شۆڕشگێڕانەی گەل و پێشکەوتووترین شێوەکەی شەڕی شۆڕشگێڕیی گەلە کە کۆنە، بەڵام تا ئێستاش نۆژەنبوونی خۆی دەپارێزێت. چونکە شەڕی شۆڕشگێڕیی گەل کە لە ڕابوردوودا لەمیانەی تەکتیکە ئاساییەکانەوە سەرکەوتنی خۆی سەلماندووە، دوای ئەو هەموو ئەزموونە، سەرنەکەوتنی چاوەڕواننەکراوە

(کۆکراوە لە مانیفێستۆی شارستانیتی دیموکراتی - پەرتوکی پێنجەم)

ناوەندی راگەیاندنی پەژاک
زستان ٢٠٢٥